# کۆیە لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا
# (١٩٦١- ١٩٧٥)

زامدار ئەحمەد

لە بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان
هەولێر- ٢٠٢٣

**ناوی کتێب:** کۆیە لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا (١٩٦١- ١٩٧٥)
**نووسەر:** زامدار ئەحمەد (خوێندکاری دکتۆرا)
**پێداچوونەوە:** پ. ی. د. هۆشمەند عەلی مەحموود
**دیزاینی ناوەوە:** ز. ئـ
**دیزاینی بەرگ:** ئەنجام ئەنوەر
**سەرپەرشتی چاپ:** مستەفا نەجم فەیلی
**ساڵی چاپ و شوێن:** ٢٠٢٣- هەولێر
**چاپخانە:** دانیشفەر
**تیراژ:** ١٠٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان،
ژمارە سپاردنی (١١٧٣)ی ساڵی (٢٠٢٣)ی پێدراوە.

## ناوەرۆك


| بابەتەکان | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ٩ |
| **بەشی یەکەم**<br>**پوختە مێژوویەکی کۆیە و شۆڕشی ئەیلوول** | |
| باسی یەکەم: کورتەیەك سەبارەت بە شاری کۆیە | ٢١ |
| أ- لایەنی جوگرافی کۆیە | ٢١ |
| ب- مێژووی کۆیە | ٢١ |
| پ- لایەنی کارگێڕی کۆیە | ٢٣ |
| ت- بزاڤی خوێندن و ڕۆشنبیری کۆیە | ٢٥ |
| ج- دانیشتووان و پێکهاتەی کارگێڕی کۆیە | ٢٧ |
| باسی دووەم: کۆیە بەر لە شۆڕشی ئەیلوول | ٣١ |
| باسی سێیەم: زەمینەسازی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول لە کوردستان (١١ی ئەیلوولی ١٩٦١) | ٤١ |
| پەراوێزەکانی بەشی یەکەم | ٥١ |
| **بەشی دووەم**<br>**پێگەی کۆیە لە شۆڕشی ئەیلوولدا**<br>**(١١ی ئەیلوولی ١٩٦١- ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣)دا** | |
| باسی یەکەم: شۆڕشی ئەیلوول لە کۆیە (١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ تا ٨ی شوباتی ١٩٦٣) | ٧٩ |
| باسی دووەم: بارودۆخی کۆیە لە کوودەتای یەکەمی بەعسییەکان (٨ی شوباتی ١٩٦٣- ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣) | ٩١ |
| یەکەم: وەرگرتنی دەسەڵات لە لایەن بەعسییەکان | ٩١ |
| دووەم: کۆیە لە دوای کوودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ی بەعسییەکان | ٩٦ |
| سێیەم: کۆنگرەی کۆیە | ١٠٥ |

| | |
|---|---|
| چوارەم: بارودۆخی کۆیە لە سەردەمی حەرەس قەومی | ١٠٧ |
| ١- حەرەس قەومی | ١٠٧ |
| ٢- بارودۆخی کۆیە لە سەردەمی حەرەس قەومیدا | ١١٠ |
| ٣- کوشتن و فیشەك باران کردنی خەڵکی کۆیە لە لایەن حەرەس قەومی | ١٢١ |
| پێنجەم: شەڕی هەیبەت سوڵتان | ١٣٩ |
| شەشەم: ڕۆڵی شیوعییەکانی کۆیە لە شۆڕشی ئەیلوولدا | ١٤٣ |
| حەوتەم: بارودۆخی مەسیحییەکان لە کاتی هاتنی حەرەس قەومی | ١٥٠ |
| پەراوێزەکانی بەشی دووەم | ١٥٤ |
| بەشی سێیەم<br>بارودۆخی کۆیە لە ١٨ی تشرینی ١٩٦٣ تا ١١ی ئازاری ١٩٧٠ | |
| باسی یەکەم: ڕووداوەکانی کۆیە لە ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ تا ١٣ی نیسانی ١٩٦٦ | ٢٠٩ |
| یەکەم: کوودەتای ١٨ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٣ | ٢٠٩ |
| دووەم: کۆیە لە ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ تا ١٣ی نیسانی ١٩٦٦ | ٢١٤ |
| باسی دووەم: کۆیە لە ١٧ی نیسانی ١٩٦٦ تا ١٧ی تەممووزی ١٩٦٨ | ٢٢٥ |
| یەکەم: وەرگرتنی دەسەڵات لە لایەن عەبدولڕەحمان عارف | ٢٢٥ |
| دووەم: کۆیە لە ١٧ی نیسانی ١٩٦٦ تا ١٧ی تەممووزی ١٩٦٨ | ٢٣١ |
| باسی سێیەم: بارودۆخی کۆیە لە کوودەتای ١٧ی تەممووزی ساڵی ١٩٦٨ تا ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ | ٢٣٧ |
| یەکەم: وەرگرتنەوەی دەسەڵات لە لایەن بەعسییەکانەوە | ٢٣٧ |
| دووەم: کۆیە لە ماوەی دەسەڵاتی دووەمی بەعسییەکان (١٧ی تەممووزی ساڵی ١٩٦٨ تا ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠) | ٢٤٢ |
| پەراوێزەکانی بەشی سێیەم | ٢٤٧ |
| بەشی چوارەم<br>بارودۆخی کۆیە لە ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ تا ڕێککەوتننامەی جەزائیر | |
| باسی یەکەم: بارودۆخی کۆیە لە کاتی ئاشتی و سەقامگیریدا (١١ی ئازاری ١٩٧٠- ١١ی ئازاری ١٩٧٤) | ٢٧٧ |

| | |
|---|---|
| یەکەم: ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ | ٢٧٧ |
| دووەم: کۆیە لە ماوەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ تا ١١ی ئازاری ١٩٧٤ | ٢٨٣ |
| باسی دووەم: ڕۆڵی کۆیە لە دەست پێ کردنەوەی شۆڕش (١١ی ئازاری ١٩٧٤ تا ڕێککەوتننامەی جەزائیر) | ٢٨٩ |
| یەکەم: کۆتایی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازار و دەست پێ کردنەوەی شەڕ | ٢٨٩ |
| دووەم: چالاکییەکانی کۆیە لە کاتی دەست پێ کردنەوەی شەڕ | ٢٩٢ |
| پەراوێزەکانی بەشی چوارەم | ٢٩٧ |
| ئەنجام | ٣١١ |
| لیستی سەرچاوەکان | ٣١٥ |
| لیزگەی ناوەکان (ئیندێکس) | ٣٤٣ |
| پاشکۆکان | ٣٦٧ |

## پێشەکی

مێــژووی کــورد و کوردســتان چەنــدین بــزووتنەوە و شــۆڕش و هەوڵــدانی بــۆ ســەربەخۆیی کــورد تێــدایە. شۆڕشــی ئەیلــوول لە مــاوەی نێــوان ســاڵانی (١٩٦١-١٩٧٥) یەکــێکە لە هەوڵە گەورەکــانی کــورد بــۆ بە دەســت هێنــانی مــافە ڕەوا نەتەوەییەکــان، ئەگەرچــی ئەو قۆنــاغە لە مێــژووی عێــراق چەنــدین دەســەڵاتی جیاجیــا فەرمانڕەوایەتییــان کــردووە، بەڵام ســەرکردایەتی کــورد لە ســەر مــافی نەتەوەکەیــان پێــداگر بــوون و تــا ئەو کــاتەی حکــومەت ویســتوویەتی مــاف و داواکارییەکــانی کــورد جێبەجــێ بکــات، لەگەڵ ئاشــتی و ســەقامگیریدا بــووە، بەڵام کاتێك داواکارییەکانیان جێبەجێ نەکراوە، بە شەڕ بەرگرییان لە خۆیان کردووە.

لە نێــوان ســاڵانی (١٩٦١- ١٩٧٥) عێــراق بە دۆخێکــی هەســتیار تێــدەپەڕی، چــونکە لەو مــاوەیەدا چەنــدین کوودەتــا کــرا و حکــومەت گــۆڕدرا، کەچــی ســەرکردایەتی شــۆڕش لە مــاوەی دەســەڵاتدارییەتی عەبــدولکەریم قاســم (١٤ی تەممــووزی ســاڵی ١٩٥٨- ٨ی شــوباتی ســاڵی ١٩٦٣) بە هەمــوو شــێوەیەك هەوڵــی دەدا مافەکــانی کــورد وەربگرێــت، بەڵام بە هــۆی هەنگــاو نەنــانی قاســم بەرەو ئاشــتی و ڕێککەوتــن لەگەڵ کــورد، هــیچ ئەنجــامێکی نەبــوو. دواتــر و لە کوودەتــای یەکەمــی بەعســییەکان (٨ی شــوباتی ســاڵی ١٩٥٨- ١٨ی تشرــینی دووەمــی ١٩٦٣)، بە هەمــان شــێوە ویســت و خواســتی ڕاگرتنــی شــەڕ و ڕێککەوتــن لە لایەن کوردەکــانەوە هەبــوو، کەچــی بەعســییەکان بە پــێچەوانەوە هێزێکــی میلیشــیاییان بە نــاوی حەرەس قەومــی دروســت کــرد و بە هەمــوو شــێوەیەك کەوتــنە دژایەتــی کــردن و ســەرکوت کــردن و کوشــتن و گــرتن و ئــازار و ئەشــکەنجەدانی کــورد، بە شــێوەیەك بە یەکێك لە ماوە خوێناوییەکانی عێراق بەرانبەر بە کورد دادەنرێت.

پــاش ئەوەی عەبدولســـەلام عــارف (١٨ی تشرــینی دووەمــی ١٩٦٣- ١٣ی نیســانی ١٩٦٦) كۆتــایی بە بەعســییەكان هێنــا و دەســەڵاتی گــرتە دەســت، چەنــدین هەوڵ لەم پێنــاوە درا، تەنــانەت ڕێككەوتننــامەی ١٠ی شــوباتی ســاڵی ١٩٦٤ لە نێــوان حكــومەت و ســەركردایەتی كــورد واژۆ كــرا، بەڵام بە هــۆی نەبــوونی ویســتی جێبەجــێ كردنــی ئەو ڕێككەوتننــامەیە لە لایەن حكــومەتی عێــراقییەوە بە شــەڕ كۆتایی هات.

لە دوای كۆتــایی دەســەڵاتی عەبدولســەلام عــارف بە هــۆی كەوتنە خــوارەوە لە فــڕۆكە، عەبــدولڕەحمان عــارفی بــرای (١٧ی نیســانی ١٩٦٦- ١٧ی تەممــووزی ١٩٦٨) دەســەڵاتی گــرتە دەســت، ئەگەرچــی لە دوای مــاوەیەكی كەم لە وەرگرتنــی دەسەڵات شەڕ و پێكــدادان لە نێوان كــورد و حكــومەتی عێــراق دروســت بــوو، بەڵام لە ٢٩ی حــوزەیرانی ســاڵی ١٩٦٦ ڕێككەوتنێــك لە نێــوان هەردوولا واژۆ كــرا، كەچــی بە هــۆی جێبەجــێ نەكردنــی بەنــد و مــادە و بڕگەكــانی نێــو ڕێككەوتنــامەكە، گــرژی و نــاكۆكی كەوتەوە نێــوان هەردوولا، تــا ئەو كــاتەی بــۆ جــاری دووەم بەعســییەكان لە ڕێككەوتــی ١٧- ٣٠ی تەممــووزی ســاڵی ١٩٦٨ كوودەتایــان كــرد و دەســەڵاتیان وەرگــرتەوە، هەر لەگەڵ هــاتنەوە ســەر دەســەڵات، ڕایانگەیانــد كە پابەنــدی نــاوەرۆكی ڕێككەوتننــامەی ٢٩ی حــوزەیرانی ســاڵی ١٩٦٦ دەبــن، ئەم ڕاگەیانــدراوەیان تەنیــا قســە بــوو، چــونكە بە كــردەوە هــیچ هەوڵێكیــان بــۆ جێبەجــێ كردنــی نەدا، لەبەر ئەوە جــارێكی دیــكە ناخۆشــی و پێكــدادان لە نێــوان كــورد و حكــومەتی عێــراق دروســت بــووەوە. بەعســییەكان پێشــتر دەورێكــی دیــكەی دەســەڵاتیان لە عێــراق هەبــوو، تــا ڕادەیەك باشــتر لە بــارودۆخەكە دەگەیشــتن، دەیــانزانی لە ڕێــگەی شــەڕ و هێرشــەوە نــاتوانن كۆتــایی بە بــزووتنەوەی ڕزگــاریخوازی كــورد بهێــنن، بــۆیە پەنایــان بــردە بەر دانوســتان و گفتوگــۆ، لە ئەنجامــدا ڕێككەوتنــامەی ١١ی ئــازاری ١٩٧٠ی لــێ كەوتەوە، كە لە نێــوان مســتەفا بــارزانی و ســەددام حوســێن جێگــری ســەرۆكی ئەنجــوومەنی ســەركردایەتی عێــراق واژۆ كــرا و مــاوەی چــوار ســاڵ بەردەوام بــوو، لەو كــاتەدا بەعســییەكان لە هەوڵــی خــۆ بەهێزكــردن و پتەوكردنــی دەسەڵاتەكەیان بــوون، بــۆیە لە كۆتاییــدا پاشــگەز بــوونەوە و ئامــادە نەبــوون نــاوەڕۆكی ڕێككەوتنــامەكە جێبەجــێ بــكەن، ئەمەش ســەرەتای

قۆنـــاغێکی دیـــکەی شـــەڕ و پێکـــدادانی نێـــوان حکـــومەت و پێشـــمەرگە بـــوو، ئەنجامەکەشـــی بە هـــۆی ڕێککەوتننـــامەی جەزائیـــرەوە دوویـــارە دروســـت بـــوونەوەی شـــەڕ بـــوو. دیـــارە کـــورد لەو قۆنـــاغەدا و بە هـــۆی شـــەڕ و پێکـــدادانەوە هەزاران پێشمەرگەی لێ شەهید کرا.

ئەو بـــارودۆخەی لە نێـــوان ســـاڵانی (١٩٦١- ١٩٧٥) لە عێـــراق و کوردســـتان هـــاتە ئـــاراوە، کـــاریگەری ڕاســـتەوخۆ و ناڕاســـتەوخۆی بە ســـەر شـــاری کـــۆیەوە هەبـــوو، لەم پێنـــاوەدا کـــۆیە و کۆیییەکـــان هەر لە ســـەرەتای دەســـتپێکی شـــۆڕش بەشـــداری کارایـــان هەبـــــووە، هەم لە هەڵگیرســـــــانی شـــــــۆڕش و هەم لە بەرگـــــــری کـــــــردن و ڕووبەڕووبـــوونەوەی حکـــومەتە جیاوازەکـــانی عێـــراق، تەنـــانەت قوربـــانی زۆریشـــی بـــۆ شۆڕشی ئەیلوول داوە.

لە دوای کوودەتـــای یەکەمـــی بەعســـییەکان کـــۆیە ڕووبەڕووی هێرشـــی دڕنـــدانەی هێـــزی حەرەس قەومـــی بـــووەوە و دەیـــان کەســـی کـــۆیە و دەورووبەریـــان دەســـتگیر کـــرد و لە نـــاو بـــازاڕی شـــاری کـــۆیە بە دینگەیـــان بەســـتنەوە و گوللەبارانیـــان کـــردن، بـــۆ ئەوەی تـــرس و دڵەڕاوکـــێ بـــخەنە نێـــو دڵـــی خەڵکـــی شـــارەکە و دەورووبەری، هاوکـــات خەڵکـــی دیـــکەی مەدەنییـــان لە ســـنوورەکە شـــەهید کـــردووە، هەروەهـــا بە ســـەدان کەســـیان لە خەڵکـــی شـــارەکە دەســـتگیر کـــردووە و ڕەوانەی زینـــدانەکانی باشـــووری عێراق کردووە و نزیکەی شەش مانگ لەوێ ماوەنەتەوە.

لەو مـــاوەیەدا چەنـــدین ڕووداوی گرنـــگ لە شـــارەکەدا ڕووی داوە، بـــۆ نمـــوونە: بەســـتنی کـــۆنگرەی گشـــتی کـــۆیە لە ١٨- ٢٢ی ئـــازاری ســـاڵی ١٩٦٣، شـــەڕی هەیـــبەت ســـوڵتان لە حـــوزەیرانی ســـاڵی ١٩٦٣ و ... هەروەهـــا کەســـایەتییەکانی کـــۆیە هەمیشـــە بەشـــێك بـــوونە لە ئەنـــدامانی لیـــژنەی دانوســـتان و گفتوگـــۆ لەگەڵ حکـــومەتە جیاوازەکـــانی عێـــراق، بـــۆیە لە کـــاتی ڕێککەوتننـــامەی ١١ی ئـــازاری ســـاڵی ١٩٧٠ خەڵکـــی کـــۆیە کـــراوە بە وەزیـــر لە حکـــومەتی عێـــراق. جێـــی ئامـــاژەیە کە ئەو ڕووداوانەی لە نێـــوان ســـاڵانی (١٩٦١- ١٩٧٥) ڕوویـــداوە، ڕەنگـــدانەوەی شۆڕشـــی ئەیلووله لە شاری کۆیە.

**ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە هاوکات لەگەڵ نووسینەوەی ڕووداوە مێژووییەکان دەخوازێت ڕۆڵ و پێگەی ئەو شارە لە شۆڕشی ئەیلوول، دەور و نەخشی کەسایەتییەکانی و دواجار پێگە جەماوەرییەکەی بخاتە بەرباس و بە پشتبەستن بە سەرچاوە مێژووییەکان شرۆڤەیان بکات. هەروەها کاریگەری شۆڕشی ئەیلوول بە شاری کۆیە و چالاکییەکانی بە وردی بخاتە بەر باس.

**میتۆدی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دراوە پشت بە میتۆدی توێژینەوەی زانستیی مێژوویی ببەسترێت، لە ژێر بنەمای وەرگرتنی زانیاری و گێڕانەوەی مێژوو و شیکردنەوە و هەڵهێنجان و بەراورد کردن و هەڵسەنگاندن لە ڕێی سەرچاوەکانی پەیوەست بە شۆڕشی ئەیلوول و سەردەمەکە.

**گرفتەکانی توێژینەوە:**

لە نووسینی هەر توێژینەوەیەکی زانستیدا، چەند گرفت و بەربەستێك دێنە بەردەم توێژەر، ئەم توێژینەوەیەش لەمە بەدەر نییە، کە دەکرێت کۆی گرفتی توێژینەوەکە لە سێ خاڵ چڕ بکەینەوە، یەکەم: کەمی و نەبوونی زانیاری پێویست سەبارەت بە ڕووداوەکانی پەیوەست بە چوارچێوەی توێژینەوە، بە تایبەتی لە سەرچاوە مێژووییە باوەڕپێکراوەکان، ئەمەش پەیوەندی بە نەنووسینەوەی تۆمارە مێژووییەکانەوە هەیە. دووەم: جیاوازی لە ڕووداو و ڕێککەوتی ڕووداوەکان و نووسینەوەیان، بە شێوەیەك تاکوو ئێستا چەند بابەتێکی زۆر گرنگ یەکلایی نەبووەتەوە و بۆچوون و زانیاری جودای لە سەرە، لە کاتێکدا هێشتا ٦٢ ساڵ بە سەر دەستپێکی ڕووداوەکاندا تێنەپەڕیوە. سێیەم: مردن و نەمانی بەشێك لەو کەسانەی بە تایبەتی لە ڕووداوەکانی سەرەتای شۆڕش بەشدار بوون و ڕۆڵ و کاریگەرییان هەبووە، بە دڵنیاییەوە ئەگەر زووتر ئەم توێژینەوەیە بنووسرایە دەکرا سوود لە زانیاری بەشێك لە بەشداربووانی شۆڕش وەربگیرێت و بەشێکی بۆشاییەکانیش پڕ بکرێتەوە.

**پرسیاری توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت وەڵامی چەند پرسیارێکی بداتەوە، لەوانە: کاریگەری شۆڕشی ئەیلوول لە سەر شاری کۆیە چ بووە؟ ڕۆڵ و پێگەی کۆیە لە شۆڕشی ئەیلوول چی بووە و چۆن بووە؟ کەسایەتی و کارەکتەرە سیاسییەکانی کۆیە لە کوێی ئەو شۆڕشەدا بوونە؟ تا چەند کۆییەکان بەشدارییان لە دانوستان و گفتوگۆکانی نێوان سەرکردایەتی شۆڕش و حکومەتەکانی عێراق هەبووە؟ کوودەتا و گۆڕانکاری لە حکومەتی عێراقیدا تا چەند کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی بە سەر شاری کۆیەوە هەبووە؟ کۆیە بۆ ئەنجامە دیاری کراوەکانی شۆڕشی ئەیلوول چ قوربانییەکی داوە و چی بەسەرهاتووە؟

**سەرچاوەکانی توێژینەوە:**

لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا پشت بە چەندین سەرچاوەی جیاواز و هەمەجۆر بەستراوە، لەوانە: توێژینەوە، کتێب، گۆڤار، ڕۆژنامە، دەستنووس و... هتد، گرنگترین ئەو سەرچاوانەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە، ئەمانەن:

**کتێبەکان:**

- کتێبی بارزانی مستەفا و دۆزی کورد لە عێراق (١٩٣١- ١٩٧٥)، لە نووسینی دکتۆر عەبدولخالق ناسر ئەلعامری، ٢٠٢١.
- کتێبی بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد (شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، لە نووسینی مەسعوود بارزانی، ٢٠٠٤.
- کتێبی بارودۆخی سیاسی کوردستان- عێراق (١١ی مارتی ١٩٧٠- ١١ی مارتی ١٩٧٤) لە نووسینی فەرەیدوون عەبدولڕەحیم عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨.
- کتێبی بیرەوەرییەکانم (لە کۆیەوە بۆ لەندەن)، لە نووسینی دکتۆرە عەتیە حەمەسەعید ساڵحی، ٢٠٢٢.
- کتێبی تێکۆشانی شیوعییەکانی کۆیە، لە نووسینی عەبدولمەسیح سلیمان سوور، ٢٠٢١.

- کتێبی کۆیە ۱۹۱۸- ۱۹۵۸ (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە)، لە نووسینی جەمال فەتحوڵڵا تەیب، ۲۰۰۸.
- کتێبی کۆیە لە ڕەوتی شارستانیەتدا، لە نووسینی کەریم شارەزا، نازم حەوێزی، عوسمان مستەفا خۆشناو، مەجید ئاسنگەر، ۲۰۰۹.
- کتێبی کۆیە... ناودارانی، لە نووسینی عەبدولخالق عەلائەدین، ۲۰۱٤.
- کتێبی مێژووی هەرمۆتە، لە نووسینی هاوژین سلێوە، ۲۰۱۳.
- کتێبی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕەشی ئەیلوول لە کوردستان-عێراق (توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسی گشتی ۱۹٦٤- ۱۹۷۰)، لە نووسینی دکتۆر شێرزاد زەکەریا محەممەد، ۲۰۲۱.

**بیرەوەرییەکان:**

- بیرەوەری ئەحمەد دڵزار، بە ناونیشانی بیرەوەریی ڕۆژانی ژیانم، ۲۰۱۹.
- بیرەوەری حەسەن کاکە، بە ناونیشانی هەورازەکانی کاروانی تەمەنم، ۲۰۱۳.
- بیرەوەری حەمید ڕەشاد، بە ناونیشانی حەمید ڕەشاش و تولە ڕێیەکانی کوردایەتی، لە ئامادەکردنی ستار محەممەد ئەمین، ۲۰۲۲.
- بیرەوەری کەمال محێدین، بە ناونیشانی بۆ ئەوەی ڕاستییەکان ون نەبن، لە ئامادەکردنی ستار محەممەد ئەمین، ۲۰۲۲.
- بیرەوەری موحسین دزەیی، بە ناونیشانی وێستگەکانی ژیانم (بەشی دووەم)، وەرگێرانی: ئیسماعیل بەرزنجی، ۲۰۰۹.
- بیرەوەری مەسعوود محەممەد، بە ناونیشانی گەشتی ژیانم، ۲۰۰۹.
- بیرەوەری مەلا محەممەد بەحرکەیی، بە ناونیشانی کوردایەتی و کۆڵنەدان (ژیاننامە و بەشێك لە بیرەوەری و ڕووداوە سیاسییەکانی ژیانم)، ۲۰۲۲.

**نامەی ئەکادیمی بڵاونەکراوە:**

- دکتۆرانـــامەی ڕۆڵـــی حیزبـــی شـــیوعی عێـــراق لە شۆڕشـــی ئەیلـــوول ١٩٦٣-١٩٧٠ (تـــوێژینەوەیەک لە مێـــژووی سیاســـی)، لە نووســـینی ڕەفیـــق ڕەحـــمان مام خول، کۆلێژی ئاداب، بەشی مێژوو، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٢٢.

**گۆڤارەکان:**

- وتـــاری هێرشـــی حەرەس قەومـــی بـــۆ شـــاری کـــۆیە و دەوروبەری لە ســـاڵی ١٩٦٣دا (تـــوێژینەوەیەکی مێـــژوویییە)، وتـــاری دکتـــۆر جەمـــال فەتحـــوڵڵا تەیب، ٢٠١٥.
- وتاری ڕۆژێك لە مێژووی شاری کۆیە، لە نووسینی فازیل شەوڕۆ، ٢٠١٦.
- وتـــاری ڕۆژێـــك لە مێـــژووی شـــاری کـــۆیە (ســـووتاندنی شـــاری کـــۆیە)، لە نووسینی فازیل شەوڕۆ، ٢٠١٨.
- وتـــاری ڕۆژێـــك لە مێـــژووی شـــاری کـــۆیە (دیســـان لە دینگەپێچـــان و گوللەبارانکردن) لە نووسینی فازیل شەوڕۆ، ٢٠١٧.

جێـی خـۆیەتی ئامـاژە بە گۆڤـاری کەکـۆن بـدرێت، کە زۆربەی ژمارەکـانی بـابەتی بەپێـزی پەیوەسـت بە تـوێژینەوەکەی تێـدا بـوو و سـوودی لـێ وەرگیـراوە. جـوودا لەمـانە چەنـد چـاوپێکەوتنێکی گرنـگ بـۆ وەرگرتنـی زانیـاری و پشتڕاسـتکردنەوەی ڕووداوە مێژووییەکـــان لەگەڵ ئەو کەســـانە ئەنجـــام دراوە، کە کـــاتی خـــۆی کارەکتەرێکی نێو ڕووداوەکان بوون، یاخود لە نزیکەوە ئاگادار بوون.

**ناوەڕۆکی توێژینەوە:**

ئەم تـــوێژینەوەیە لە پێشـــەکی و چـــوار بەش و ئەنجـــام و لیســـتی ســـەرچاوە پێکهاتووە، بەم شێوەیە:

بەشـی یەکەم بە ناونیشـانی: پـوختە مێژوویەکـی کـۆیە و شۆڕشـی ئەیلـوول، سـێ باسـی لەخۆگرتـووە، لە باسـی یەکەمـدا بە ناونیشـانی: کـورتەیەك سـەبارەت بە شـاری کـۆیە، کە پـوختەیەك سـەبارەت بە مێـژووی شـارەکە و بەشـێك لە ڕووداوەکـان و

شـوێنەوارە مێژووییەکـانی تێـدا بـاس کـراوە. باسـی دووەم لە ژێـر نـاوی: کـۆیە بەر لە شۆڕشـــی ئەیلـــوول، تێـــدا جەخـــت لە ســـەر ڕۆڵـــی کـــۆیە لەو مـــاوە مێـــژووییە کـــراوەتەوە، بە تـــایبەتی لە دامەزرانـــدنی کـــۆمەڵە و ڕێکخـــراو و گـــرووپ و پـــارتی سیاســـی. لە باســـی ســـێیەمدا، بە خێرایـــی بـــاس لە هۆکارەکـــان و زەمینەســـازی هەڵگیرســـان و دەســـتپێکی شۆڕشـــی ئەیلـــوول لە کـــۆیە کـــراوە، لە ژێـــر نـــاوی: زەمینەسازی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول لە کوردستان (١١ی ئەیلوولی ١٩٦١).

بەشـی دووەمـی تـوێژینەوە لە ژێـر نـاوی: پـێگەی کـۆیە لە شۆڕشـی ئەیلـوولدا (١١ی ئەیلـــوولی ١٩٦١- ١٨ی تشرـــینی دووەمـــی ١٩٦٣)دا، بە ســـەر دوو بـــاس دابەش کـــراوە. باســـی یەکەم بە ناونیشـــانی: شۆڕشـــی ئەیلـــوول لە کـــۆیە (١١ی ئەیلـــوولی ١٩٦١ تـــا ٨ی شـــوباتی ١٩٦٣)، کە ڕۆڵـــی کـــۆیە و کۆییەکـــان لە شۆڕشـــی ئەیلـــوول و ڕووداوەکـــانی ئەو مـــاوەیەی لەخۆگرتـــووە. باســـی دووەم لە ژێـــر ناونیشـــانی: بـــارودۆخی کـــۆیە لە کوودەتـــای یەکەمـــی بەعســـییەکان (٨ی شـــوباتی ١٩٦٣- ١٨ی تشرـینی دووەمـی ١٩٦٣)، کە دەکرێـت وەك دڵـی تـوێژینەوەکە نـاوی بهێنرێـت، چـونکە مـاوەی یەکەمـی بەعسـییەکان ڕووداوی زۆر و تراژیـدیا لە شـارەکە ڕووی داوە، کە تێیـــدا بـــاس لە وەرگرتنـــی دەســـەڵات لە لایەن بەعســـییەکان و دامەزرانـدنی حەرەس قەومـی و هێرشـی بـۆ سـەر شـاری کـۆیە کـراوە، هەروەهـا کـۆنگرەی کـۆیەی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان و شـەڕی هەیـبەت سـوڵتانی بە وردی تێـدا خـراوەتە ڕوو، لە هەمـان کاتـدا تەواوی ڕووداوەکـانی ئەو کـاتە شرۆڤە کـراوە، لە کۆتاییشـدا بـاس لە بـارودۆخی مەسـیحییەکان لە کـاتی هێرشـی حەرەس قەومی کراوە.

بەشـی سـێیەم، تـایبەتە بە: بـارودۆخی کـۆیە لە ١٨ی تشرـینی ١٩٦٣ تـا ١١ی ئـازاری سـاڵی ١٩٧٠، کە لە سـێ بـاس پێـك هـاتووە، باسـی یەکەم بە ناونیشـانی: ڕووداوەکـانی کـۆیە لە ١٨ی تشرـینی دووەمـی ١٩٦٣ تـا ١٣ی نیسـانی ١٩٦٦، کە تێیـدا بـاس لە کوودەتـای ١٨ی تشرـینی دووەمـی سـاڵی ١٩٦٣ و کـۆیە لەو مـاوەیەدا کـــراوە و ڕووداوەکـــانی ئەو ســـەردەمەی تێـــدا خـــراوەتە ڕوو. باســـی دووەمـــی تـوێژینەوەکەش بە نـاوی: کـۆیە لە ١٧ی نیسـانی ١٩٦٦ تـا ١٧ی تەممـووزی ١٩٦٨دا،

کە لە سەرەتادا وەرگرتنی دەسەڵات لە لایەن عەبدولڕەحمان عارف و دواتر کۆیە لە ١٧ای نیسانی ١٩٦٦ تا ١٧ی تەمموزی ١٩٦٨ی تێدا خراوەتە ڕوو. لە باسی سێیەمیشدا وەرگرتنەوەی دەسەڵات لە لایەن بەعسییەکانەوە و کۆیە لە ماوەی دەسەڵاتی دووەمی بەعسییەکان (١٧ی تەمموزی ساڵی ١٩٦٨ تا ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠) لە ژێر ناونیشانی: بارودۆخی کۆیە لە کوودەتای ١٧ی تەمموزی ساڵی ١٩٦٨ تا ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ی جێ کراوەتەوە.

بەشی چوارەم و کۆتایی توێژینەوەکە تایبەتە بە: بارودۆخی کۆیە لە ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ تا ڕێککەوتننامەی جەزائیر، کە لە دوو باس پێك هاتووە، باسی یەکەم بە ناونیشانی: بارودۆخی کۆیە لە کاتی ئاشتی و سەقامگیریدا (١١ی ئازاری ١٩٧٠- ١١ی ئازاری ١٩٧٤) تێیدا باس لە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ کراوە، هەروەها کاریگەری ئەو ڕێککەوتننامەیە بە سەر شاری کۆیە خراوەتەڕوو. باسی دووەمیش لە ژێر ناوی: ڕۆڵی کۆیە لە دەست پێ کردنەوەی شۆڕش (١١ی ئازاری ١٩٧٤ تا ڕێککەوتننامەی جەزائیر)، کە جەخت کراوەتەوە لە سەر کۆتایی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازار و دەست پێ کردنەوەی شەڕ و چالاکییەکانی کۆیە لە کاتی دەست پێ کردنەوەی شەڕ. لە کۆتاییشدا ئەنجامی توێژینەوە و لیستی سەرچاوەکان دانراوە.

هیوادارم ئەم توێژینەوەیە بەشێك لە بۆشاییە مێژووییەکانی ئەو قۆناغەی پڕ کردبێتەوە و دەروازە و سەرەتایەکیش بێت بۆ بابەتی دیکەی هاوسەردەم.

زامدار ئەحمەد

کۆیە، ٨ی شوباتی ٢٠٢٣

# بەشی یەکەم

# پوختە مێژوویەکی کۆیە و شۆڕشی ئەیلوول

## باسی یەکەم

## کورتەیەك سەبارەت بە شاری کۆیە

## باسی دووەم

## کۆیە بەر لە شۆڕشی ئەیلوول

## باسی سێیەم

## زەمینەسازی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول لە کوردستان

## (١١ی ئەیلوولی ١٩٦١)دا

# بەشی یەکەم: پوختە مێژوویەکی کۆیە و شۆڕشی ئەیلوول

## باسی یەکەم: کورتەیەك سەبارەت بە شاری کۆیە

### أ- لایەنی جوگرافی کۆیە

شـاری کـۆیە دەکەوێـتە بـاکووری ڕۆژهەڵاتـی عێـراق، لە نێـوان هەر سـێ پارێزگـای هەولێــر و کەرکـــووک و ســـلێمانیدایە، لە ڕووی کـــارگێڕییەوە ســـەر بە پارێزگـــای هەولێــرە و بە دووری ٧٥ کیلــۆمەتر کەوتــووەتە بەشــی ڕۆژهەڵاتیــیەوە، ســـنووری کــارگێڕی بــریتییە لە: قەزای شــەقڵاوە لە بــاکوور، کەرکــووک لە باشــوور، سـلێمانی لە ڕۆژهەڵات و هەولێـر لە ڕۆژئـاوا. سـنووری سروشـتی شـارەکەش بـریتییە لە: نـاوچەی خۆشـناوەتی لە بـاکوور، زێـی بچـووک (زێـی کـۆیە) لە باشـوور، دەشـتی بیتـوێن و دۆڵـــی خەلەکـــان لە ڕۆژهەڵات، بەســـتی شـــەلغە (شرغە) و بەرزاییەکـــانی (دێـدەوان[1]) لە ڕۆژئـاوا، لە هەمـان کاتیشـدا زێـی بچـووك لە بەشـی باشـوورییەوە لە هەردوو پارێزگـای کەرکـووك و سـلێمانی جیـا دەکـاتەوە، بـۆیە لە ڕووی جـوگرافییەوە کـۆیە بە پێگەیەکـی گرنـگ لە سـەر ئاسـتی عێـراق و کوردسـتان دادەنرێـت، بەرزی ڕووی شـارەکە ٦٢٥ مەتـر، (قشـڵە[2])ی کـۆیە ٦٤٧ مەتـر، چیـای بـاواجی ١٢٦٠ مەتـر، هەیبەت سوڵتان ١٠٩٢ مەتر لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزن[3].

### ب- مێژووی کۆیە

ســەرچاوە مێژوویــیەکــان ئامــاژە بەوە دەکەن کە لە کــۆنەوە کــۆیە شــوێنی ژیــان بــووە، لە چــاخە کۆنەکانــدا بــنکەی فەرمــانڕەوا و ژیــاری نەتەوەیەکــی ئــاری بــووە بە نــاوی گــوتی، کە لە دەوروبەری زێــی کــۆیە ژیــاون، دەوری ڕووبــاری کــۆیە مەڵبەنــدی ســەرەکی گووتییەکــان بــووە، کە لە ناوەڕاسـتی سـەدەی ٢٦ پـێش زایـین توانیویــانە دەســت بەســەر ناوچەکــانی ئەکەد و سـۆمەردا بگـرن. لە لایەکـی دیـکەوە پـتر لە دوو هەزار سـاڵ بەر لە زایـین، ئاشـورییەکان دەسـەڵاتی خۆیـان بەسـەر ئەم نـاوچەیەدا

ســەپاندووە. دواتــر نــاوچەکە کەوتــووەتە ژێــر دەســتی کاشــیەکان (١٥٩٥- ١١٦٢) پــێش زایــین، دوای ئەوانــیش کەوتــووەتە ژێــر فەرمــانڕەوایی میتانییەکــان، کە دەســەڵاتیان لە دەریــاچەی وان لە بــاکوور و دەریــای ناوەڕاســت لە ڕۆژئــاوا، تــا کەرکــووک و دەشــتی هەولێــر لە باشــوور. بەڵام میــدییەکان توانیــان لە ســاڵی ٦١٢ پــێش زایــین دەســت بەســەر نــاوچەکەدا بگــرن، بەمەش ڕۆژهەڵات و باشــووری کوردســتان و بەشــی هەرە زۆری بــاکووری کوردســتان کەوتە ژێــر ڕکێفیــان، کــۆیە و دەوروبەری بوو بە بەشێک لە ئیمپراتۆریەتی میدیا[٤].

ئەوەی گــوترا بەشــێك لە مێــژووی گشــتی شــارەکە بــوو، بە گــوێرەی هەنــدێك جــێماوەی شــوێنەواری کە دۆزراونەتەوە، دەری دەخەن کە لە کــۆیەوە ئــاوەدانی و ژیــان لە نــاوچەکەدا هەبــووە[٥]، تەنــانەت چەنــد قەڵا و پەرســتگایەکیش دۆزراونەتەوە، وەك: قەڵای (شــیلە[٦])، کە دەکەوێــتە باشــووری ئێســتای شــارەکە، یــاخود باشــووری گونــدی (هەرمــۆتە[٧])، یــان شــوێنەواری ســاتوقەڵا، لە گونــدی ساتوقەڵا، کە کەوتووەتە بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری کۆیە[٨].

ســەبارەت بە نــاوی کــۆیە، ژمــارەیەك بیــروڕای جیــاواز هەیە[٩]، کە زۆرینەیــان لە یەکــدیەوە نــزیکن، کە دەشــێت نــاوەکە لە کۆبــوونەوە هاتبێــت، بە شــێوەیەك کۆمەڵێــك خێــزان لە شــوێنێك کۆبــوونەتەوە و خانوویــان دروســت کــردووە، ئەوجــا وردە وردە شارەکە دروست بووە[١٠].

دیــارە شــاری کــۆیە هەر لە کــۆنەوە ڕۆڵێکــی ئــابووری و ڕوونــاکبیری باشــی لە باشــووری کوردســتاندا گێــڕاوە، لە لایەک جەمســەر و چەقــی ســەرە ڕێــی کــاروانی بازرگــانی نێــوان شــارە گەورەکــانی شــام و عێــراق و شــارەکانی ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان، وەک ســابڵاغ تــا دەگــاتە تەورێــز بــووە و پــڕ بــووە لە کاروانســەرا، چــونکە شــوێنی جــوگرافی کــۆیە وای کــردووە وەک کاروانســەرایەک بێــت، بــۆیە لە هەمــوو لایەکــی کوردســتانەوە خەڵکــی ڕوویــان تێکــردووە و لەو شــارەدا مــاوەتنەوە، تەنــانەت عەشــیرەتی گەورە لە ناوچەکــانی دیــکەی کوردســتانەوە هــاتوونەتە کــۆیە و لەو شارەدا ماونەتەوە[١١].

لە ڕاستیدا کـۆیە بە یەکێـك لە دەوڵەمەنـدترین شـارەکانی کوردسـتانی تـایبەت بە نـاوچە شـوێنەواری و کەلەپوورییەکـان دادەنرێـت، کە ژمارەیـان نـزیکەی ٢٠٠ نـاوچەی شـوێنەواری و کەلەپـوورییە، کە لە: گـردی شـوێنەواری، گۆڕسـتان، قەڵا، شـوێنی نیشـتەجێ بـوون، مـزگەوت، دێـر، خـان، خـانووی کەلەپـووری، ئاشـی ئـاو و ئـاگر و پەرسـتگا و ... هتـد پێـك دێـت. بە گـوێرەی تـوێژینەوە بەردەسـتەکان مێـژووی نـاوچە شـوێنەوارییەکانی سـنووری کـارگێڕی قەزای کـۆیە بە سـەردەمە کۆنەکـانی وەکـوو چـاخی بەردینـی نـوێ دەسـت پـێ دەکـات و بە دیـاری کـراویش لە هەزارەی ١١ی پـێش زایـین و بە زنجیـرەی مێژوویـی تـاکوو چـاخە ئیسـلامییەکان بە سـەردەمەکانی میرنشـینە کوردییەکـان و عوسـمانییەکان کۆتـایی دێـت[١٢]. ئەمـانەش بەڵگە و گەواهیدەی لە مێژینەیی کۆیە نیشان دەدات.

لە ئێستاشـدا چەنـدین شـوێنەواری مێژوویـی لە شـارەکەدا بوونیـان مـاوە، بـۆ نمـوونە: شـوێنەواری سـاتوقەڵا، قەڵای شـیلە، مەڕبێـنە قەدیشـە (شـێخ محەمـمەدی دێـرێ)، مزگەوتـی گەورە، قەیسـەری کـۆن، خـانی قەیسـەرییان، خـانی مەحمـوود ئاغـا (خـانی گەورە)، قشـڵەی کۆیـە، قەیسـەری نـوێ، قەڵای ئـاوەگرد، شـوێنەوارەکانی گونـدی سـوێرەڵە، شـوێنەواری بۆگـد، قەڵات قەسرێ، قشـڵەی کـۆیە، شـوێنەواری قەیسـەرییان. هەروەهـا چەنـد شـوێنەوارێکی دیـکەی ئـابینی، کە بە چـاوێکی پیـرۆز سـەیر دەکـرێن بوونیـان مـاوە، لەوانە: مەڕبـێن قەدیشـە، هەیـبەت سـوڵتان، گۆڕستانی ئەسحابان[١٣].

## پ- لایەنی کارگێڕی کۆیە

لە سـاڵی ١٨٤٣ تـا کۆتـایی جەنگـی یەکەمـی جیهـان، کـۆیە لە ڕووی کـارگێڕییەوە کەوتبـووە ژێـر فەرمـانڕەوایی دەوڵەتـی عوسـمانی[١٤]، بـۆیە زۆربەی فەرمـانبەرە گەورەکـان تـورك بـوون[١٥]، هەروەهـا پێویسـتە بگوترێـت کە لە پـاش نەمـانی حـوکمی میرنشـینە کوردییەکـان، کـۆیە و ورانەکەی کەوتە ژێـر دەسـەڵاتی حـوکمی ڕاسـتەوخۆی دەوڵەتـی عوسـمانی و هەمـوو کاربەدەسـتانی ئەو ناوچـانە ڕاسـتەوخۆ لە لایەن عوسـمانییەکانەوە دادەنـران، هەروەهـا پۆلیسـی ئەو دەوڵەتە کە پێـی

دەگـوترا هەیـتە، بە شـار و دێهاتەکـانی بڵاوبووبـوونەوە و زوڵـم و زۆردارییەکـی لە ڕادەبەدەریـان لە خەڵـکەکەی دەکـرد، تەنـانەت چەنـد جـارێکیش هەڵمەتـی سـەربازی ئەو دەوڵەتە کـراوەتە سـەر کـۆیە، بۆنمـوونە: یەك لەو هەڵمەتـانە بە سـەرکردایەتی تەقـیەدین پاشـای والـی بەغـدا بـوو، چەنـد کەسایەتییەکیان لە خەڵکـی شـارەکە و دەوروبەری کوشـت و زەرەرێکـی زۆریـان لە خەڵـکەکەدا و بـاج و خەراجێکـی زۆریـان خسـتە سـەر دانیشـتووانی ئەو ناوچـانە و ئەشـکەنجەی خەڵکەکەیـان دەدا، بە تـایبەتی ئەوانەی بـۆنی بەرهەڵسـتکارییان لێهاتبـا، لە هەمـان کاتدا گەندەڵی کارگێڕی لە ڕادەبەدەر بڵاوبووەوە[١٦].

لـە بەڵگەنامەیـەکی عوسـمانیدا کـە لـە سـاڵانی (١٨٥٩- ١٨٦٠)دا دەرچـووە، ئامـاژە بـەوە دراوە، کە قـەزای کـۆیە (کۆیسـنجاق) وەکـوو قـەزای هـەولێر، یەکێکـە لـە ناوچـە هەسـتیارەکان، شـوێنی کۆبوونـەوەی هۆزەکانـە، جگـە لەمـەش لەگـەڵ ئێـران هاوسـنوورە، بۆیـە ئـەو بەڕێوەبـەرەی بـۆی دادەنرێـت، دەبێـت کەسـێکی لێهـاتوو و بـەتوانا و شـارەزا بێـت، چونکـە ئـەو ناوچەیـە لـە ڕووی داهاتـەوە داهـاتێکی زۆری هەیـە، دەبێـت بـەگوێرەی ویسـتی بابولعـالی هەڵسـوکەوت بکرێـت، هـەروەها ئـەو کەسـەی بـۆ ئـەو شـوێنە دوورە هەڵـدەبژێردرێت، دەبێـت کەسـێکی بـە کێشـە و گیروگرفـت نـەبێت، بـە ناچـاری ئەرکەکـەی وەرنـەگرتبێت، پاشـان ئەگـەر زانـرا کەسـەکە بـەتوانا و شـارەزا بـوو ئـەوا مووچەکـەی لـە ٣٠٠٠ (قرووشـەوە[١٧]) بـۆ ٤٠٠٠ قـڕووش زیـاد دەکرێـت، لەگـەڵ پێـدانی ٢٠٠٠ قـڕووش لـە داهـاتی بەڕێوەبەرایـەتی قـەزای نـاوبراو. هـەر کـاتێکیش کەسـێك وەك قایمقـام، یـاخود بەرپرسـی شـاری کـۆیە دادەنـرا، دەبووایـە پەیوەنـدی لەگـەڵ سـەرۆك هـۆز و دەسـەڵاتدارانی شـار خـۆش بێـت، ئەگەرنـا بـە بیـانووی خـراپ بـەڕێوەبردنی شـار دەکەوتنـە دژایـەتی کردنـی، ئەگەرچـی بەشـێکیش لـەو قایمقامانـەی بـۆ شـارەکە دەهـاتن هـەر خـەریکی گەنـدەڵی و دزی بـوون، تـەنیا بە مەبەسـتی خـۆ دەوڵەمەنـدکردن چووبـوونە شـارەکە، چـونکە هـیچ بایـەخیان بـە بـواری کـارگێڕی و ئاوەدانکردنـەوەی شـارەکە نـەدەدا، جێـی خـۆیەتی بگوترێـت کە دەسـەڵاتدارانی عوسـمانیش بەشـێکی کـەمی بودجەیان بۆ شارەکە تەرخان دەکرد[١٨].

لە ڕاستیدا بەراورد بە شارەکانی دیکە، کۆیە زووتر دامودەزگای میری لێ دامەزراوە، بۆ نموونە: ساڵی ١٨٧٥ فەرمانگەی تاپۆی لێ دانراوە و وەقفی مزگەوتەکانیش دیاری کراوە، لەگەڵ دەستنیشانکردنی سەرپەرشتیار، کە ئەرکی کۆکردنەوەی داهاتەکانی لە ئەستۆدا بووە. هەروەها ساڵی ١٨٨٠ فەرمانگەی پۆستەی لێ دامەزرا و هێڵی تەلەفۆنی بۆ ڕاکێشرا. دواتر دەزگای گومرگ و دارایی بۆ دانرا، ئەوجا فەرمانگەی ڕێژی (انحصار)ی لێ دامەزراوە، چونکە ناوچەیەکی گرنگی کۆکردنەوەی تووتن بوو، کە ڕەوانەی بەغدا دەکرا. لە پاشان شارەوانی دامەزرا، کە خەڵکی دەستڕۆیشتوو بە سەرۆک دادەنرا، لە لایەکی دیکەوە لە ساڵی ١٨٧٧ دادگای بۆ کراوەتەوە و قازی و موفتی هەبووە[١٩].

## ت- بزاڤی خوێندن و ڕۆشنبیری کۆیە

لە سەدەی نۆزدەدا شاری کۆیە ناوەندێکی ئاوەدان بووە، هەتا دروستکردنی شاری سلێمانی و گەشەکردنی لە سەدەی نۆزدەدا، کۆیە لە ڕووی فەرهەنگی و خوێندنەوە لە باشووری کوردستاندا لە ئاستی یەکەمدا بووە، ئاوەدانی و زۆری ژمارەی دانیشتووانیشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە[٢٠]. هەروەها بزاڤی خوێندن و خوێندەواری بە بەراورد بە شوێنەکانی دیکەی کوردستان لە ئاستێکی باش بووە، مەڵبەندێکی ئایینی گرنگیش بووە، لە سەرەتای سەدەی هەژدە و نۆزدەدا بووژانەوەیەکی زانستی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە. هەر بە هۆی پێگەی گرنگی کۆیەوە چەند بنەماڵەیەکی زانستی لەو شارەدا دەرکەوتوون، وەک: بنەماڵەی خەتیب، ئیمام، دایە خەجێ، خادیم، تەیب، نازەنینی، جەلیزادە[٢١]، لە هەمان کاتدا لە زۆر شوێنی کوردستانەوە زانایان و قوتابییانی زانست ڕوویان لەو شارە کردووە و لە زانستی زاناکان و قوتابخانەکانی سوودیان وەرگرتووە، بەتایبەتی کاتێک ئەو شارە دەکەوێتە ژێر قەڵەمڕەوی (بابانەکانەوە[٢٢]) لە سەدەی نۆزدەی زایینییەوە، کە سەردەمی دەست پێ کردنی ژیان و زانستی و خوێندنی (حاجی قادر[٢٣])ە، میرانی بابان چەند قوتابخانە لەو شارەدا بنیات دەنێن و گرنگی زۆر بە ژیانی ڕۆشنبیری دەدەن، مامۆستا بۆ خوێندنگەکانی دابین دەکەن و کتێبیان

بـۆ وەقـف دەکەن و هـانی زاناکـانی دەدەن لە سـەر دانـانی کتێـب و نووسـینەوەی دانراوە بەنرخەکان[٢٤].

تەنـانەت شـاری کـۆیە مەڵبەنـدی ڕۆشـنبیری و شـوێنی ڕێزگرتنـی هەمـوو خوێنـدەوارێکی دڵسـۆز بـووە. زۆربەی پاشـاکانی بابـان کە پۆسـتی پاشـایەتیان وەرگرتـووە، زەماوەنـدی گەورەیـان لە باغەکـانی کـۆیەدا ئەنجـام دراوە، لەگەڵ چوونیـان بـۆ شـارەکە بە دەیـان کتێبـی چـاک و نایابیـان لەگەڵ خۆیـان بـردووە و بەسـەر خوێنـدەوارەکانی دابەشـیان کـردووە، لە هەمـان کاتـدا لەبەر ئەوەی ئەو کـاتە مزگەوتەکـان مەڵبەنـدی زانسـت بـوون، عەبـدوڵڵا پاشـای بابـان فەرمانیـدا مزگەوتێکـی گەورە لە کـۆیە دروسـت بکرێـت، کە بە نـاوی (حـاجی مەلا ئەسـعەد[٢٥]) نـاسراوە، لە ڕاسـتیدا ئەمەش قوتابخـانەیەکی گەورە بـووە، چـونکە دەیـانی وەک حـاجی قـادر و (حـاجی مەلا عەبـدوڵڵا[٢٦])و (شـێخ ڕەزای تاڵەبـانی[٢٧]) و (کەیفـی جـوانڕۆیی[٢٨]) تێیـدا دەرچـوون و بـوونەتە مامۆسـتا و بە هەمـوو شـارەکانی کوردسـتان و عێـراق و ئەسـتەنبوڵ و شـام و میسـر بڵاوبـوونەتەوە. کەواتە لە سـەردەمی بابـانەکانـدا بـزووتنەوەی ڕۆشـنبیری لە کـۆیە بـووژاوەتەوە و چەنـدین زانـای بـۆ ڕەوانە کـراوە و بـووەتە ناوەنـدێکی زانسـتی لە نـاوچەکەدا. هەروەهـا یەکەم قوتابخـانە لە کـۆیە لە سـاڵی ١٨٨٥دا کـراوەتەوە، بەڵام سـاڵێکی تەواو نەکـرد و داخـرا، دواتـر سـاڵی ١٩٠٠ قوتابخـانەیەکی سـەرەتایی لـێ کـرایەوە، بەڵام ئەویـش تەمەنـی درێـژ نەبـوو[٢٩]، لەبەر ئەوە ژمـارەیەک لە خوێنـدکارانی کـۆیە چـوونە مووسڵ و ئەستەنبوڵ بۆ خوێندن[٣٠].

هەروەهـا جێـی خـۆیەتی بگوترێـت کە شـاری کـۆیە لە دێـر زەمـانەوە چەنـدین کەمیـنەی ئـایینی وەك جـوولەکە و مەسـیحی لەخۆگرتـووە، کە زۆر بە ئـازادانە ژیـاون و ڕێوڕەسـمە ئایینیەکـانی خۆیـان لە کەنیشـتە و کڵێسـای خۆیـان ئەنجـام داوە، تەنـانەت گەڕەکـی تـایبەت بە خۆیـان هەبـووە، بـۆ نمـوونە: جوولەکەکـان لە گەڕەکـی بەفـری قەنـدی ژیـاون، مەسـیحییەکانیش لە گەڕەکـی دیایـانی شـاری کـۆیە و گوندی هەرمۆتەی نزیك کۆیە ژیاون[٣١].

ئەمانە هەموو هۆكار بوونە بۆ ئەوەی كۆیە ژمارەی دانیشتووانی زۆر بێت، بۆ نموونە: **بە گوێرەی ئاماری ساڵی ١٩٤٧ كۆیە گەورەترین قەزای كورد بووە،** هەروەها لە دوای نەجەف گەورەترین قەزای عێراقیش بووە، كەچی لە ساڵی ١٩٥٢ ناحیەی شەقڵاوە كە سەر بە كۆیە بوو كرا بە قەزا و خرایە سەر پارێزگای هەولێر[٣٢].

**ج- دانیشتووان و پێكهاتەی كارگێڕی كۆیە**

ڕووبەری قەزای كۆیە لە ساڵی ١٩٥٧دا ١٩٨٤ كیلۆمەتر دووجا بووە، كەچی لە ساڵی ١٩٦٥ دادەكشێت بۆ ١٩٣٧ كیلۆمەتر دووجا، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٧دا هەڵدەكشێت و دەگاتە ٢٠٦٤ كیلۆمەتر دووجا و لە ساڵی ١٩٨٧دا لە ئەنجامی گۆڕینی قەزاكە بۆ ناحیە ڕووبەرەكەی كەم دەكات بۆ ١٩٩٤ كیلۆمەتر دووجا، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٢ جارێكی دیكە ڕووبەرەكەی هەڵدەكشێت و دەگاتە ٢٠٥٢ كیلۆمەتر دووجا و زیاتر لە ١٤%ی سەرجەم ڕووبەری پارێزگای هەولێر پێك دەهێنێت[٣٣]، هەروەها لە ساڵی ٢٠٢٠ ڕووبەرەكەی زیاد دەكات و دەبێتە ٢٠٦٩ كیلۆمەتر دووجا، یەكەكانیشی هەر وەك خۆی دەمێنێتەوە[٣٤].

كۆیە سنووری كارگێڕی لەگەڵ ١١ ناحیەی جیاوازدا هەیە، ژمارەیەكیان سەر بە پارێزگای هەولێرە و ئەوانی دیكە سەر بە پارێزگای سلێمانی و كەركووكن[٣٥]. ڕووبەری یەكە كارگێڕییەكەی قەزای كۆیە، لە ساڵی ١٩٥٧دا تەنیا لە دوو یەكە پێكهاتووە، ئەوانیش: ناحیەكانی سەنتەر و (تەقتەقە[٣٦])، كەچی لە ساڵی ١٩٧٧ لە ئەنجامی ئەو گۆڕانە كارگێڕییانەی قەزاكە بە خۆوەی بینی، ژمارەی یەكەكانی بووە سێ یەكە، ئەوانیش ناحیەكانی شۆڕش، تەقتەق و سەنتەرن. ساڵی ١٩٨٧دا لە ئەنجامی كردنەوەی هەردوو ناحیەی تەقتەق و شۆڕش بە گوند، ناحیەی سەنتەر بە تەنیا ١٠٠%ی سەرجەم ڕووبەری پێك دەهێنا، بەڵام لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ی باشووری كوردستان و ئاسایی بوونەوەی باروودۆخی ڕامیاری ناوچەكە، هەر یەك لە تەقتەق و شۆڕش كرانەوە بە دوو ناحیەی سەر بە كۆیە[٣٧]، هەروەها ساڵی ١٩٩٩ بڕیاری دروست كردنی ناحیەی (ئاشتی[٣٨]) درا

و خرایه سەر قەزای کۆیە[٣٩]، دواتر و له ساڵی ٢٠٠٦ به بڕیارێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دوو ناحیه به ناوەکانی (سێگردکان[٤٠]) و سکتان بۆ سەر کۆیه زیاد کرا[٤١].

ناحیەی ئاشتی له بەشی ڕۆژهەڵات و ناحیەی تەقتەق له بەشی باشوور و ناحیەی شۆڕش له بەشی ڕۆژهەڵات، ناحیەی سکتان له بەشی باکووری سنووری کۆیەن، واته ئێستا له ڕووی کارگێڕییەوه له شەش یەکەی کارگێڕی پێکهاتووه، که ئەمانەن: ناحیەی ناوەند (سەنتەر)، ناحیەی تەقتەق، ناحیەی شۆڕش، ناحیەی ئاشتی، ناحیەی سێگردکان و ناحیەی سکتان[٤٢].

**باسی دووەم: کۆیە بەر لە شۆڕشی ئەیلوول**

لە دوای جەنگی یەکەمی جیهان، ڕووداوە مێژووییەکان هاوشێوەی زۆربەی ناوچەکانی دیکە کاریگەرییان لە سەر کۆیە هەبوو، هەر بۆیە ئینگلیزەکان چوونە شارەکە و چەندین بڕیاریاندا.

ڕاستەوخۆ لە دوای ڕووداوەکانی جەنگی یەکەمی جیهان ئینگلیزەکان ڕوویان لە کۆیە کرد، هەڵبەت پێشتر لە ڕێگەی بروسکەیەکەوە زانیارییان لە بارەی کۆیەوە بەدەست گەیشتبوو. (کاپتن هەی[٤٣]) لە ڕێککەوتی ١٥ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩١٨ لەگەڵ چەند سەربازێکی ئینگلیز گەیشتنە شاری کۆیە، دوای گەیشتنیان چوونە ناو سەرای کۆیە، لەوێدا کۆبوونەوەیەک ساز کرا و مەلا محەممەدی جەلیزادە (مەلا گەورە[٤٤]) بە ناوی دانیشتووانی شارەوە بەخێرهاتنی کاپتن هەی کرد[٤٥].

لە کاتی چوونی کاپتن هەی شاندێکی گەورە لە کەسایەتییەکانی کۆیە لە پێشوازییاندا بوون، لەوانە: (حەمە ئاغای غەفووری[٤٦])، (عەوڵا ئاغای حەوێزی[٤٧])، مەلا محەممەدی جەلیزادە و حاجی عەبدوڵڵا بەگی میران. یەکەمین کاری کاپتن هەی دامەزراندنی کاروباری حوکمڕانی کۆیە بوو، لە هەمان کاتدا فەقیرخانەیەکی کردەوە، کە ڕۆژانە ٣٠٠٠ کەس، کە زۆربەیان هەتیو بوون، سێ ژەمە خواردنیان بۆ دابین دەکرا و جلی تایبەتیان پێ دەدرا، ئەم کارەش بووە هۆی سووک کردنی بەشێک لەو قەیرانە ئابوورییەی کە ڕووبەڕووی کۆیە بووبووەوە[٤٨].

بۆیە دوای تێگەیشتنی باری کۆمەڵایەتی و عەشایری شاری کۆیە، چەشنە ئیدارەیەکییان بەم شێوەیە دامەزراند: حەمە ئاغای غەفووری، حاکمی ئیداری کۆیە و ناوچەکە. (جەمیل ئاغای حەوێزی[٤٩])، جێگری حاکمی ئیداری. مەلا محەممەدی جەلیزادە، قازی شەرعی. (حاجی مەلا ئەحمەد ئاغا سمایل ئاغای

غەفووری[٥٠])، حاکمی سولح. عەبدولفەتاح ئاغای حەوێزی، سەرۆکی شارەوانی. حاجی عەبدوللا بەگ (لە بنەماڵەی قوچ پاشا)، بەڕێوەبەری ئەوقاف. (مەلا سدیقی نازەنینی[٥١])، بەڕێوەبەری تاپۆ. (مەلا حەوێز ئاغا غەفووری[٥٢])، بەڕێوەبەری پۆلیسی پیادە. حاجی جەلیل ئاغای حەوێزی، بەڕێوەبەری پۆلیسی سوارە[٥٣].

لە ڕاستیدا کاپتن هەی حاکمی سیاسی و سەربازی شاری کۆیە و دەوروبەری بوو، کە سنوورەکەی درێژ دەبووەوە بۆ ناوچەی خۆشناوەتی، بیتوێن، ڕانیە و پشدەر، ئەوەی زیاتر جێگەی بایەخی ئەم حاکمە بوو، دووبارە ڕێکخستنەوەی ئیدارەی کۆیە و ناوچە شێواوەکەی بوو، کە بە هۆی ململانێی عەشایرییەوە، بە تایبەتی لە نێوان هەردوو بنەماڵەی حەوێزی و غەفووری کە خاوەنی ژمارەیەکی زۆری گوندەکانی دەوروبەری شارەکە بوون، شڵەژابوو[٥٤]. ئەمەش دەروازە و سەرەتایەك بوو بۆ باشتر کردنی بارودۆخی هەمەلایەنی سنووری کۆیە.

جێی ئاماژەیە بگوترێت کە تا ئەو کاتە هەولێر قەزایەك بوو سەر بە پارێزگای مووسڵ، بەڵام لەوە بە دواوە هەولێر کرایە پارێزگایەکی سەربەخۆ بە ناوی پارێزگای هەولێر، لە هەمان کاتدا هەر یەك لە کۆیە و ڕواندز وەکوو دوو قەزا خرایە سەر پارێزگای هەولێر، هەرێمی کۆیەش لەو تەشکیلاتەدا کرا بە دوو بەشی سەرەکی، بەشی کۆیە و بەشی شەقڵاوە، بەشی یەکەمیان سنووری خوارووی زێی کۆیە لە لای ڕۆژهەڵاتی زنجیرە چیای هەیبەت سوڵتان، بەشی دووەمیش کە شەقڵاوەیە دەکەوێتە نشێوەکانی دامێنی چیای سەفین. بە گوێرەی ئاماری ئەوسا کۆیە بەراورد بە ڕواندز، شەقڵاوە، مەخموور و کۆپری ژمارەی دانیشتووانی زۆر زیاتر بووە، بەم شێوەیە: دانیشتووانی هەولێر ١٤٠٠٠ چواردە هەزار کەس بووە، دانیشتووانی کۆیە ٥٠٠٠ پێنج هەزار کەس بووە، دانیشتووانی شەقڵاوە ٣٠٠٠ سێ هەزار کەس بووە، دانیشتووانی کۆپری ٢٠٠٠ دوو هەزار کەس بووە، دانیشتووانی ڕواندز ١٥٠٠ هەزار و پێنج سەد کەس بووە، دانیشتووانی مەخموور ١٠٠٠ هەزار کەس بووە[٥٥].

دەکرێت بڵێین: تا حەمە ئاغا لە ژیاندا مابوو بارودۆخی کۆیە بە گشتی ئارام بوو، بەڵام لە دوای مردنی، کە ئینگلیزەکان بە ڕەسمی بەشداری ناشتنیان کرد، ڕەوشەکە بە تەواوی شڵەژاو تێکچوو، پاشان جەمیل ئاغای حەوێزی کە جێگری بوو، وەکوو قایمقام لە جێگەی دانرا، ئەم بڕیارەش غەفووریەکانی نیگەران کرد، چونکە پایەی قایمقامیان بە هی خۆیان دەزانی. پێویستە بگوترێت دوای مردنی حەمە ئاغا هەندێك لە کۆنەخواز و ژمارەیەک لە ئاغای پیلانگێڕ خەریکی دروست کردنی ئاژاوە بوون، ئەمەش هەڕەشە بوو لە سەر ئاسایشی شارەکە، ئەو کاتەش یاریدەدەری حاکمی سیاسی لە کۆیە ئەو هێزەی نەبوو کە بتوانێت ڕووبەڕوویان بێتەوە. نەك ئەمە بەڵکوو لە پاش کۆچی دوایی حەمە ئاغا، ئەندامانی (بەلشەفیک[٥٦]) لە ساڵی ١٩٢٠دا هێرشیان کردە سەر قشڵەی کۆیە و دەستیان بە سەریدا گرت، پاش ئەوە جێگری حاکمی سیاسی کۆیە شارەکە بەجێ دێڵێ و بەرەو هەولێر دەچێت[٥٧].

سەبارەت بە بەشداربووانی بەلشەفیك لە کۆیە (تاهیر ئەحمەد حەوێزی[٥٨]) ئەم کەسانە بە ئەندام لەو کۆمەڵەیە دادەنێت. ڕەسووڵ ئاغای حاجی جەلیل ئاغای حەوێزی، عومەر ئاغای حەمەد مستەفا ئاغای غەفووری، عەدەی دورسن، ساڵح ئاغای عەولا ئاغای غەفووری، عەدەی مام شێخ، سمایلی ڕەسووڵ کێشکەیی، کەریمی گۆدە، حەسەنە خڕە، مەعرووفە سوور، ڕەزا فەقێ عەبدوڵڵا، فەتاح فەقێ عەبدوڵڵا، ڕەشید شەوگێڕی، لەگەڵ چەند لاوێکی دیکە[٥٩].

لە بەرانبەردا سەبارەت بەو چالاکییە (کازم عومەر دەباغ[٦٠]) دەڵێت: نزیکەی ١٨ کەس هێرشیان کردە سەر قشڵە و ژمارەیەك سەربازیان کوشت و بریندار کرد، هەندێك هەڵاتن و چوونە ماڵی جەمیل ئاغای قایمقام و لای عەوڵا ئاغای حەوێزی، ئەو کەسانە لەگەڵ بوون، ئەمانەن: حاجی میرزا عەبدوڵڵا خادم، سەرۆك. حاجی تاهیر دارۆ ئاغا، جێگری سەرۆك. مام حەمەدەمین حاجی ساڵح دارۆ ئاغا، نووسەر و کاتب. مەلا تەهای نانەوا، عەدەی مام شێخ، حاجی فەقێ قەڵادزەیی، مام ڕەزا قەڵادزەیی، مام فەتاح قەڵادزەیی[٦١]، مام کەریم گۆدەی، عەدە قەوان، حەمە قەوان، مام سۆفی سەعدوڵڵا، حەمەدەمین شاڵ قیت[٦٢].

ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە شاری کۆیە بە درێژایی مێژوو شارێکی زیندوو بووە و هەمیشە ڕۆڵی پێشەنگی بینیوە لە دەرکەوتنی بیروباوەڕی چەپ و مارکسیشدا پێش شارەکانی دی کەوتووە، ئەگەر بە شێوەیەکی سەرەتاییش بێت[٦٣].

دەکرێت بڵێین بە گوێرەی کات و سەردەم، خەڵکی کۆیە بەشدارییان لە بزووتنەوە و جووڵانەوە و ڕێکخراو و گرووپە جیاوازەکاندا کردووە و ڕۆڵی خۆیان تێدا گێڕاوە، هەڵبەت هەندێك جاریش بوونەتە هۆی دروست بوونی کۆمەڵە و ڕێکخراو و گرووپ و ... هتد. بۆ نموونە ماوەیەك بوو، ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕووناکبیر و هەڵگرانی بیری نەتەوەیی لە کۆیە، خولیای دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی سیاسی بوون، تا بتوانن لە چوارچێوەیەکدا درێژە بە خەباتی نەتەوایەتی خۆیان بدەن، لە ئەنجامدا دامەزراندنی کۆمەڵەی منەوەرانی لە ساڵی ١٩٣١ لێکەوتەوە، کە خەڵکی کۆیە پێیان دەگوت کۆمەڵەی ڕۆشنبیرانی کۆیە، دواتر بووە بەشێک لە کۆمەڵەی لاوان، کە بنکەکەی لە بەغدا بوو، لەم کۆمەڵەیەدا ژمارەیەک کەسایەتی نیشتمانپەروەر کاریان تێدا دەکرد وەک: (شاکر فەتاح[٦٤])، (حامید فەرەج[٦٥]) و (ئیبراهیم ئەحمەد[٦٦]). هەروەها کۆمەڵەی منەوەران ژمارەیەک لە کەسایەتی نیشتمانپەروەری کۆیی لەخۆدەگرت لەوانە: (کاکە زیاد[٦٧])، (زەکی ئەحمەد هەناری[٦٨])، (تاهیر تۆفیق[٦٩])، سابیر ئیسماعیل، سەید ئەحمەد مەلا وەلی، (عوسمان عەونی)[٧٠]، (محەممەد تۆفیق وردی[٧١])، (سامی عەوداڵ[٧٢])، ئەحمەد حەمە مەلا، ئەحمەد ئاغای باخچەوان، مام وەیسی باخچەوان، عومەر مام عەبدوڵڵا، حەمەد بەگی موختار، هەروەها (دڵدار[٧٣])ی شاعیر کە بچووکترین ئەندامی کۆمەڵەکە بوو. هەروەها ژمارەیەک خەڵکی دی لەم کۆمەڵەیەدا ئەندامی چالاک بوون، لەوانە: ڕەشید عارف سەقا، عەبدولسەمەد بەننا، تاهیر سادق، ئەمانە بە گشتی پەرۆشی مەسەلەی نەتەوەیی کورد بوون و بۆ دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکانی لە هەوڵی بەردەوام دابوون. کۆیە وەک ناوچەیەکی دیار دانیشتووانەکەی هەڵگری بیری نەتەوەیی بوون، هەر بۆیە زوو خۆیان لە شێوەی گرووپ و کۆمەڵە و پارتی نەتەوەیی و نیشتمانیدا ڕێکخست. ئەم شارە بە درێژایی مێژوو ڕۆڵی کاریگەری لە گۆڕەپانی خەباتدا بینیوە[٧٤].

هەروەهــــا لە دامەزرانــــدنی (کــۆمەڵەی دارکەر[٧٥]) لە ســــاڵی ١٩٣٧دا دڵـــدار بە دامەزرێـــنەر و کەســـی یەکەمـــی ئەو کــۆمەڵەیە دادەنرێـــت، ئەو کەســـانەی لەو کــۆمەڵەیەدا بەشــدار بــوون، هیچیــان تەمەنیــان لە بیســت ســاڵ زیــاتر نەبــوو، هەمووشــیان دامەزرانــدنی کــۆمەڵەکە بــۆ ئەوە دەگەڕێنــنەوە کە کــورد چەوســاوە بــووە، کــورد پــارچە پــارچە کــراوە. دیــارە دارکەر تایبەتمەنــدییەکی جیــاوازی هەبــووە، چــونکە بــۆ یەکەم جــار ســنووری ناوچەکــان بەزێــنرا و خەڵکــی هەمــوو ناوچەکــانی لە خــۆی کــۆکردنەوە، واتە ئەو ســنوورە دەشــکێنێت کە پێشــووتر هەبــووە. دڵــدار کە ســـــکرتێر بــــووە، لە هەموویـــان زیـــاتر کـــاریگەری هەبـــووە لە کـــۆکردنەوەی ئەنـــدامەکانی، ئەمە بە شـــایەتی هەمـــوو ئەوانەی کە لەگەڵیـــدا بـــوون، زۆربەشـــی ئامـــاژە بەوە دەدەن کە لە ڕێگـــای دڵـــدارەوە پەیوەنـــدییان کـــردووە، یەک لەوانە (دڵزار[٧٦])ی شاعیر بووە، بەشداربووەکانی دیکەش هەمان شتیان گوتووە[٧٧].

کـــۆمەڵەی دارکەر لە مـــاوەی ســـاڵانی (١٩٣٧- ١٩٣٨) بە هـــۆی هـــاتنە نـــاوەوەی ژمـــارەیەکی بەرچـــاو لە لاوانـــی ڕۆشـــنبیری هەولێـــر، کـــۆیە و ســـلێمانی و شـــارەکانی دیـکەی کوردســـتان ژمـارەی ئەنـدامەکانی زیـادی کـرد، ئیـدی دڵـدار پێشـنیازی چەنـد کەســـــایەتییەك دەکـــــات بـــــۆ ئەوەی بکـــــرێتە ســـــەرۆکی کـــــۆمەڵەکە، دوای هەڵســـەنگاندنی تەواو بڕیـــاری ئەوە درا (ڕەفیـــق حیلمـــی[٧٨]) بکـــرێتە ســـەرۆك، لە کەرکـــووك کۆبـــوونەوە لەگەڵ ڕەفیـــق حیلمـــی دەکرێـــت و بـــاس لە گـــۆڕینی نـــاوی کـــۆمەڵەکە بـــۆ نـــاوی (هیـــوا[٧٩]) کـــرا، کە هەمـــوو گەلـــی کـــورد کـــۆ بکـــاتەوە مـــافی چـارەنووس بـۆ گەلـی کـورد دابـین بکـات و دەوڵەتێکـی یەکگرتـووی کـوردی دروسـت بکات[٨٠].

هەرچـــی پەیوەنـــدی بە حیزبـــی ڕزگـــاری نیشـــتمانی هەیە، کە لە ســـاڵی ١٩٤٥ هەمـوو لایەنەکـان لە سـەر پرسـی کـۆکردنەوەی هەمـوو هێـزە نیشـتمانی و گـرووپە سیاســـییە پێشـــکەوتنخوازەکانی کوردســـتانی عێـــراق لە یەك بەرەی نیشـــتمانیدا یەك دەنـــگ بـــوون، ئامـــانجی ئەو بەرەیە بریتـــی بـــوو لە خەبـــات دژی ئیمپریـــالیزم و کۆنەپەرســـتی و دەرەبەگـــایەتی و بەدەســـتهێنانی مـــافی چارەنووســـی و ڕزگـــاری کوردســـتان، بە هاوبەشـــی لەگەڵ کـــۆمەڵانی خەڵکـــی عێـــراقدا کە گـــرووپ و هێـــزە

نیشـــتمانییەکان نوێنەریـــانن، دڵـــدار یەکێـــك دەبێـــت لەو کەســـانەی کە لە دوای هەڵوەشـانەوەی پـارتی هیـوا پەیوەنـدییان پێـوە دەکـات و دەبێـتە یەکێـك لە ئەنـدامە چالاکەکانی پارتەکە[٨١].

هەروەهـا لە ڕێککەوتـی ١٦ی ئـابی سـاڵی ١٩٤٦ لە مـاڵی سـەعید فەهـیم سـەلیم ئاغـای حەوێـزی کۆبـوونەوە کـراوە و پـارتی دیمـوکراتی کـورد- عێـراق لەدایکبـوو، دوای هەڵوەشـانەوەی هەردوو پـارتی (شـۆڕش و ڕزگـاری)، لە ئەنجامـدا ئەنـدامانی پـارتی ڕزگـاری و ژمـارەیەکیش لە ئەنـدامانی شـۆڕش چـوونە نێـو ڕیزەکـانی پـارتی دیمـوکراتی کـورد، دەسـتەی سـەرکردایەتی پـارتی کە لە یەکەم کـۆنگرەدا دەستنیشـان کـران، ژمـارەیەکی بەرچـاوی خەڵکـی کـۆیەی لەخۆگرتـووە، پێکهـاتەی سـەرەوەش بەم جـۆرە بـوو: (مەلا مسـتەفا بـارزانی[٨٢])، سـەرۆکی پـارت. شـێخ لەتیـف شـێخ مەحمـوود[٨٣]، جێگـری یەکەمـی سـەرۆک. کـاکە زیـاد حەمە ئاغـای غەفـووری، جێگری دووەم.

کەواتە بە درێژایـی مێـژووی نـوێ و هـاوچەرخ ڕۆڵـی کـۆیە لە بـواری خەبـاتی نەتەوەییـدا دیـار و بەرچـاو بـووە، هۆکـاری ئەمەش بـۆ کۆمەڵێـک فـاکتەر دەگەڕێـتەوە لەوانە: کـاریگەری هـۆنراوە نەتەوەییەکـانی هـونەری گەورەی کـورد حـاجی قـادری کـۆیی، کە یەکێـک بـووە لە هـونەرە هەرە گەورەکـانی ڕێبـازی کوردایەتی، سـەرتاپای ژیـانی خـۆی بـۆ خـزمەت کردنـی نەتەوەکەی تەرخـان کردبـوو و هەمـوو هەوڵەکـانی چـڕ کردبـووەوە بـۆ هۆشـیارکردنەوەی گەلەکەی و دەستنیشـان کردنـی ئەو کۆسـپانەی کە لەبەردەم دروسـت بـوونی قەوارەیەکـی سیاسی نەتەوەییدا بووبوونە ڕێگر[٨٤].

هەروەهـا پێویسـتە بگوترێـت کە دانیشـتووانی کـۆیە و دەوروبەری بە سـەرکەوتنی شۆڕشـی ١٤ی تەممـووزی ١٩٥٨ شـادمان بـوون و بە دەسـتکەوتێکی خۆیـان دەزانـی و چـاوەڕوانی دەسـتکەوتی گەورەیـان بـۆ کـورد لـێ دەکـرد، هەر بـۆیە خەڵـک پێشـوازییەکی گەرمیـان لـێ کـرد. بـۆ وێـنە لە نێـو شـاری کـۆیەدا دوای ڕاگەیانـدنی سـەرکەوتنی شۆڕشـی ١٤ی تەممـووزی، بـوو بە شـایی و زەماوەنـد و

سەرکردەی شۆڕشەکەیان کە (عەبدولکەریم قاسم[٨٤]) بوو بە سەرکردەیەکی لێهاتوو و دڵسۆز دەزانی، ئەمەش بۆ خۆی قۆناغێکی نوێ بوو لە ژیانی کورد، ئیتر دەروازەی ئازادی واڵا کرا کە پێشتر دووچاری سیاسەتی چەوسانەوە بوون و کوردیش بە پێی سەنگ و قەبارەی خۆی بەشداری سەرکەوتنی ئەم شۆڕشەی کرد[٨٦].

کەواتە دەکرێت بڵێین کۆیە لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩١٨- ١٩٦١)دا لە زۆربەی قۆناغەکاندا و بە گوێرەی ڕووداوەکان بەشداری کارا و چالاکییان لە ڕووداو و پێشهاتەکان هەبووە و دانەبڕاون، هەروەها لە کۆمەڵە و پارت و ڕێکخراو و گرووپە جیاوازەکانی کوردستانیش ئەندامی چالاکیان هەبووە و هەمیشە لە هەوڵی بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کورد بوونە.

گرنگە لایەنێکی گرنگی ئەو قۆناغە باس بکرێت، ئەویش فەرهەنگ و ئەدەب و کولتووری لە شاری کۆیە، چونکە خاڵێکی جیاوازی کۆیە لەگەڵ هەندێك لە شارەکانی دیکە پێکهاتەی چینەکان و ڕۆڵ و پێگەی ئەو چینانەیە، بۆ نموونە: چینی ئاغاکانی کۆیە، زۆر جیاواز بوونە لە ئاغاکانی ناوچەکانی دیکە، چونکە لە کۆیە دیوەخانی ئەوان بووە بە مەڵبەند و بنکەی ڕۆشنگەریی، بۆ نموونە دیوەخانی حاجی بەکر ئاغا و ئەمین ئاغا (ئەختەر[٨٧]) بووەتە مەڵبەندێکی گەورەی ئەدەبی و شیعر و هونەر و ڕۆشنبیری، بە جۆرێك دیوەخانەکەی مەڵبەندێکی ئەدەب و هونەر بووە، بە گشتی ئەختەر دەورێکی گرنگی بووە لە ژیانی خوێندەواری کۆمەڵی کۆیە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم، ئەو نەك بۆ خۆی شاعیر بووە و هانی شیعری داوە و دیوەخانەکەی بووە بە شوێنی شەڕە شیعر و بە یەك گەیشتنی بیروبۆچوونە جیاوازەکان و شوێنی گەنگەشە و داهێنان و وەرگرتنی شتی تازە لە یەکدی، بەڵکوو بە لایەنی ماددیش دریغی نەکردووە و سەروەتێکی زۆری خۆی خستووەتە خزمەتی ئەو بوارە، بەتایبەتیش دوای ئەوەی لە تەمەنی پازدە ساڵیدا ناچار دەبێت دەست لە خوێندن هەڵبگرێ، بە هۆی مردنی باوکییەوە و لە جێی ئەو دابنیشێت، بەم جۆرە دەبێتە سەرۆکی بنەماڵەی حەوێزییان و دیوەخانەکەی بە تایبەتی وەك ناوەندێکی ئەدەبی و لەو

ڕۆژگـارەدا خـۆی دەنوانـد. لەو دیوەخـانە و دیوەخانەکـانی دیـکەی کـۆیەش چەنـدین کـاری لە شـانۆ چـوو ئەنجـام دراوە و هانـدەر بـووە بـۆ ئەوەی خەڵکـی بیـر لە شـتێك بـکەنەوە کە خۆیـانی پـێ دڵخـۆش بـکەن و ئەوەش جۆرێـك لە هـونەر و ئەدەب و تەکنیکـی تێـدا بـووە، چـونکە هەنـدێك پیـاوی گـاڵتەچی لە دیوەخانەکـان هەنـدێك خۆنواندنی جەفەنگیان کردووە بۆ پێکەنین و شەو بەڕێ کردن[٨٨].

لێـــرەدا ئەو ڕاســـتییە دەردەکەوێـــت کە کـــۆیە ســـەردەمانێک پێشـــەنگ و ســـەرقافڵەی قەتـارەی ئەدەب و هـونەر بـووە و وەک مەڵبەنـدێکی بەرچـاو و دیـاری ڕۆشـنبیری نـاسرابوو، ئەوەتـا دەیـان کەڵە پیـاوی بـواری ئەدەب و هـونەر و هـزر و ڕۆشـنبیری کە تـا دونیـا دونیـایە ئەسـتێرەی داهێنـان و کـارە ناوازەکانیـان و شـاکاری بیرەکانیان لە ئاسمانی هزری نەتەوەکەیان هەر دەدرەوشێتەوە.

## باسی سێیەم: زەمینەسازی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول لە کوردستان (١١ی ئەیلوولی ١٩٦١)

ساڵی ١٩٥٤ هێزە سەربازییەکانی لایەنگری حیزبە سیاسییە نەتەوەییە دیموکراتەکان و حیزبی بەعس ڕێکخراوێکیان بە ناوی ڕێکخراوی ئەفسەرانی سەربەست دامەزراند و ڕایانگەیاند کە مەبەستی ئەو ڕێکخراوە ڕووخاندنی ڕژێمی پاشایەتی دەسەڵاتداری عێراقە، کە بە تەواوی لە ژێر دەسەڵاتی ئینگلیزدایە، لە ئەنجامدا سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ هەندێك لەو ئەفسەرانە کوودەتایەکی سەربازییان بەڕێوەبرد و لە ئەنجامی ئەو کوودەتایەدا ڕژێمی پاشایەتی ڕووخا و ڕژێمی کۆماری دەسەڵاتی گرتە دەست[٨٩].

شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ وەچەرخانێکی مێژوویی بوو لە مێژووی عێراقی هاوچەرخدا، کۆمەڵگاکەشی لە ناخەوە هەژاند و سەرجەم ناکۆکییە سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیرییەکانیشی تەقاندەوە، چونکە شۆڕشەکە ڕاستەوخۆ دوای داڕمانی سیستەمی پادشایەتی بەرپا کرا (کە ٣٧ ساڵ (١٩٢١- ١٩٥٨) لە دەسەڵاتدا بوون)، بۆ ئەوەی لە شوێنیدا لەدایکبوونی کۆماری عێراق ڕابگەیەنرێت[٩٠].

لە هەفتەکانی یەکەمی دوای ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ پارتی دیموکراتی کوردستان چەندین شانەی لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان ڕێکخست و شاندی کوردستان بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم ئەحمەد بەرەو وەزارەتی بەرگری لە بەغدا بەڕێ کەوتن، لەوێدا سەرۆکی شاندەکە وتارێکی خوێندەوە، کە تێدا پشتگیری گەلی کوردی بۆ ڕژێمی کۆماری دووپات کردەوە[٩١].

وەك گـــوترا هەر لە دوای ڕوودانـــی شۆڕشـــی ١٤ی تەممـــووزی ســـاڵی ١٩٥٨ و هـاتنە سـەر دەسـەڵاتی عەبـدولکەریم قاسـم، پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان پیرۆزبـایی و پشـتیوانی بـۆ قاسـم دەربـڕی، هاوکـات بـزووتنەوەی کـوردی و گەلـی کـورد لەگەڵ سـەرجەم هێـزە نیشـتمانی و نەتەوەییەکـان هاریکـار بـوون لە پاڵپشـتیکردنی ئەم شۆڕشـە، چـونکە ڕاسـتەوخۆ لە کـاتی هەڵگیرسـانی شـۆڕش گەلـی کـورد ئومێـدی خێـری بەم گۆڕانکـارییە نوێیـانە هەبـوو، بەو هیـوایە بـوو بگـات بە مـافە نەتەوەییـیە ڕەواکـانی گەلەکەی. هەروەهـا لە ڕۆژی یەکەمـی شۆڕشـدا جەمـاوەری کـورد و ئەنـدامانی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان لەگەڵ سـەرجەم هێـزە نیشـتمانییەکانی تـردا بەشـدار بـوون لە خۆپیشـاندانەکانی پشـتگیری کـردن لە شـۆڕش، لای خۆشـییەوە پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان لە ١٦ی تەممـووزی هەمـان سـاڵدا لە کۆبـوونەوەیەکی نائاسـاییدا لە کەرکـووك بەیاننـامەیەکی بڵاوکـردەوە بـۆ پشـتگیری لە کۆمـارە نـوێیەکە، هەمـوو توانـایەکی خۆیـان خسـتە ژێـر دەسـەڵاتی سـەرکردایەتی شۆڕشـی ١٤ی تەممـووز و لایەنگرانـی شۆڕشـەکە، لە بەیاننـامەکەدا هـاتبوو: "پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان، پێشـەنگی بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی کـورد، بە ڕاشـکاوی ئاشـکرای کـرد، گەورەبـوونی هێـزی بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازیی عەرەب و سـەرکەوتنەکانی و ڕزگـار کردنـی عێـراق لە دەسـەڵاتی پادشـایی دیکتـاتۆری بێـزراو و پێکهێنـانی دەسـەڵاتێکی کۆمـاری ڕزگـاریخواز و پاشەکشـەکردنی عێـراق لە پەیمانـی بەغـدا، کە دڵـی کـوردی پێکـا بـوو، هەمـوو ئەمـانە تـۆکمەترین بنچینـەن بـۆ ڕۆنـانی تەلاری ژیـانێکی پـڕ لە بەخـتەوەری و ئـازادی و یەکسـانی بـۆ هەردوو نەتەوەی کـورد و عەرەب." هەروەهـا لە بەشـێکی دیـکەی بەیاننـامەکەدا هـاتبوو: "حیـزب بڕیـاری داوە بە هەمـوو توانـایەکییەوە خەبـات بکـات بـۆ بەرگـری کـردن لە کۆمـارەکە و گەشـەپێدانی، بـۆ جێبەجـێ کردنـی ئەم ئامـانجە سـەرجەم ئەنـدامانی و لایەنگرانـی وەك خۆبەختکـار لەم کۆمـارەدا دادەنێـت، هەروەهـا بە گـژ هەمـوو پیلانگێڕییەکـی داگیرکەر و پاشکۆکانیدا دەچێتەوە[٩٢]."

لای خۆشـییەوە مەلا مسـتەفای بـارزانی هەر لە ڕۆژانـی یەکەمـی شـۆڕش تەلەگرافێکـی پیرۆزبـایی بـۆ سـەرکردایەتی شۆڕشـەکە نـارد و لایەنگـری و پشـتیوانی

خـۆی بـۆ دەربـڕی و داوای کـرد ڕێگـای بـدەن بـۆ خزمەتـی جمهـوریەت بگەڕێـتەوە عێـــراق، ڕۆژنـــامە کوردییەکـــانی ئەو کـــاتە بروســـکەکەیان بڵاوکـــردەوە، هەروەهـــا نوێنەرەکـــانی پـــارتی: ئیبراهـــیم ئەحـــمەد و (عەلـــی عەبـــدوڵڵا[93]) لە ســـەردانی کاربەدەســـتانی عێـــراقدا داوای ئـــازاد کردنـــی بـــارزانی‌یە گیراوەکـــان و گێـــڕانەوەی ئەوانەی دەرەوەیـــان کردبـــوو، لە ئەنجامـــدا ســـەران و دەســـەڵاتدارانی شۆڕشـــی ١٤ی تەممـــووز لێبـــوردنی گشـــتییان بـــۆ هەمـــوو بارزانی‌یەکـــان دەرکـــرد، چ ئەوانەی لە زینـــدان بـــوون و چ ئەوانەی لە دەرەوە پەنـــابەر بـــوون[94]. لەم نێـــوەدا بە هەفـــتەیەك لە دوای بەیاننـــــامەکە و لە ڕێککەوتـــــی ٢١ی تەممـــــووزی ســـــاڵی ١٩٥٨ (شـــێخ ئەحمەدی بارزانی[95]) لە دوای ١٢ ساڵ زیندانی ئازاد کرا[96].

دوای پەیـــامەکەی مســـتەفا بـــارزانی، عەبـــدولکەریم قاســـم داواکـــاری بـــارزانی قبـــووڵ کـــرد، بـــۆیە لە ڕۆژی ٧ی تشرـــینی یەکەمـــی ســـاڵی ١٩٥٨ گەڕایەوە بەغـــدا[97]. هەلـــومەرجە سیاســـییەکەی پـــاش ســـەرکەوتنی کۆمـــار، دەرفەتێکـــی باشـــی بـــۆ پـــارتی دیمـــوکراتی کوردســـتان ڕەخســـاند، تـــا ویســـتەکانی خـــۆی بە بەرنـــامە و شـــێوەیەکی چڕتـــر ئامـــادە بکـــات، تەنـــانەت لە ١٠ی تشرـــینی دووەمـــی ســـاڵی ١٩٥٨ فشـــاری خســـتە سەر حکومەت تا یاسای بنەڕەتی هەمیشەیی دابڕێژێت[98].

دوای شۆڕشـــەکە بە ئاراســـتەی دیمـــوکراتی و پێکەوەژیـــانی ئاشـــتییانە کۆمەڵێـــك کـــاری گرنـــگ کـــران، هەروەهـــا لە ١١ی کـــانوونی دووەمـــی ســـاڵی ١٩٥٩ پـــارتی دیمـــوکراتی کوردســـتان مـــۆڵەتی یاســـایی دەرکردنـــی ڕۆژنـــامەی (خەبـــات/ نضـــال[99])ی وەرگـــرت، لە لایەکـــی دیـــکەوە دوای دەرچـــوونی یاســـای مـــۆڵەتی پارتەکـــان، داواکـــاری مـــۆڵەت وەرگرتنـــی حیزبـــی پێشـــکەش بە حکـــومەت کـــرد، لە ٩ی شـــوباتی ســـاڵی ١٩٦٠ پـــارتی مـــۆڵەتی وەرگـــرت و وەك پـــارتێکی یاســـایی کارەکـــانی دەســـت پـــێ کـــرد، ســـەرەڕای ئەو دەســـتکەوتانە، کـــورد چەنـــدین دەســـتکەوتی دی لە ئاســـتی نـــاوخۆ و لە ئاستی دەرەوە بە دەست هێنا و ئاسۆیەکی نوێ بۆ گەلی کورد کرایەوە[100].

دوای گەڕانەوەی بـــارزانی پارســـەنگی هێـــز لە بەرژەوەنـــدی کـــورد شـــکایەوە، ژمـــارەی ئەنـــدامانی پـــارتی زۆر زیـــادی کـــرد، کەچـــی حکـــومەت هەنگـــاوی پێویســـتی بە

ئاراستەی باشترکردنی باری کۆمەڵایەتی و ئابووری کوردستان نەگرتەبەر، ئەمەش بووە مایەی نائومێدبوونی کورد. ئەو سیاسەتە ئابوورییەی حکومەت پەیڕەوی دەکرد، ئەنجامەکانی خراپ بوو، چونکە لە پلانە پێنج ساڵییەکەی (١٩٥٩-١٩٦٣)دا هیچ پرۆژەیەکی بە بایەخ بۆ کوردستان تەرخان نەکرابوو، تەنانەت پرۆژەی کارگەی شەکر لە سلێمانی و کارگەی ڕستنی لە هەولێر گواستەوە بۆ شارەکانی کوت و دیوانیە لە ناوەڕاستی عێراق[١٠١].

لەگەڵ دەستپێکی ساڵی ١٩٦٠ ساردوسڕی باڵی بە سەر پەیوەندی نێوان عەبدولکەریم قاسم و سەرکردایەتی کورد کێشا، بە شێوەیەك داواکارییەکانی کورد توندتر و هەڵوێستەکانی حکومەتیش زبتر بوونەوە، پاش سەرکەوتنی قاسم لە کەمکردنەوەی دەسەڵاتی حیزبی شیوعی کە وای لێ کرد هەست بە توانا و هێزی خۆی بکات، لە سەر ئەنجامدانی هەمان کار لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان بەردەوام بوو، هەوڵی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی پارتی دەدا، بەرەبەرە گرنگی کەمتری بە سەرۆکی حیزب واتە مەلا مستەفا دەدا، کەچی ڕێزێکی زۆری لە ئاغا و دەرەبەگەکان دەگرت، هەروەها عەبدولکەریم قاسم بە بێ ئەوەی هۆکارەکەی باس بکات، بڕیاریدا کۆنگرەی مامۆستایانی کورد، کە بڕیار بوو لە شوباتی ساڵی ١٩٦٠ لە شەقڵاوە ببەسترێت، هەڵبوەشێنێتەوە. هەروەها کاتێك مستەفا بارزانی لە ٧ی ئایاری ١٩٦٠ خەریکی بەستنی کۆنگرەی پێنج بوو لە بەغدا، عەبدولکەریم قاسم پێشوازی لە شاندێکی خێڵەکی کرد، کە دوژمنانی سەرسەختی بزووتنەوەی کوردیان تێدا بوو، هەروەها چەك و پارەی بەسەر ئەو خێڵانە بەخشییەوە کە دژی سەرکردایەتی پارتی بوون، لە بەرانبەردا پارتی بە خۆڕاگری و بە دەسەڵات مایەوە، بەردەوام داوای چاکسازی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە کوردستان دەکرد، یاخود داوای پێویستی جێبەجێ کردنی مادەی سێی (دەستووری کاتی عێراق[١٠٢]) دەکرد، ئەویش بە پێدانی مافە نەتەوایەتییەکان و هەڵوەشاندنەوەی حوکمە عورفییەکان و کۆتاییهێنان بە قۆناغی ڕاگوزەری[١٠٣].

ئەگەرچی بۆ دوورخستنەوەی شەڕ و خوێنڕشتن هەوڵی زۆر لەگەڵ حکومەتی عێراقی درا، تەنانەت پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆنگرەی پێنجەم لە بەغدا،

بـۆ ڕازی کردنـی وەزارەتـی نـاوخۆی عێـراقی هەنـدێك گۆڕانکـاری لە بەنـد و مـاددەی پەیـڕەوی نـاوخۆ و بەرنـامەی کـاری خۆیـدا کـرد، وەك گـۆڕینی نـاوەرۆکی بـڕگەی ٢٣، کە تـایبەت بـوو بە مـافی سـەربەخۆیی کـورد لە هەمـوو پارچەکـانی دی کوردسـتان، لە جێگـای ئەو بـڕگەیەدا ئەو دەقە دانـرا: "ئـێمە هەوڵـی پشـتیوانی کردنـی بـرا کوردەکانمـان دەدەیـن لە هەر کـوێیەك بـن لە تێکۆشـاندا بـۆ بەدەسـتهێنانی مـافە نەتەوەییەکانیـان و ڕزگاربوونیـان، هەروەهـا هەوڵـی پشـتیوانی مـاددی و مەعـنەوی عێراقی‌یـان بـۆ دەسـتەبەر دەکەیـن." بەڵام ئەمـانە و زۆر هەنگـاوی دیـکەی نەیتـوانی هەڵوێسـتی دەسـەڵاتدارانی عێـراق بگـۆڕن، کەچـی لە بەرانـبەردا عەبـدولکەریم قاسـم کەوتە هانـدان و دەسـت لە پشـتدانی هەنـدێك لە سـەرۆك تیـرە و هـۆزە کوردییەکـان بـۆ دژایەتـی کردنـی بـارزانی و پـارتی دیمـوکراتی کوردستان(١٠٤).

لەو سـەروبەندەی کە ناکۆکییەکـان تـا ڕادەیەك بەرەو قـووڵتر دەچـوو، بـارزانی لەسـەر بانگهێشـتی سـۆڤیەت بـۆ سـەردانی مۆسـکۆ، بە بـۆنەی ئـاهەنگی یـادی شۆڕشـی ئۆکتـۆبەر لە تشرـینی یەکەمـی سـاڵی ١٩٦٠ بەغـدای جـێ هێشـت و لە کـانوونی دووەمـی سـاڵی ١٩٦١ گەڕایەوە بەغـدا، هەر لەگەڵ هـاتنەوەی هەوڵیـدا چـاوی بە عەبـدولکەریم قاسـم بکەوێـت، بەڵام بە هـۆی بە دەنـگەوە نەهـاتنی قاسـم تـا مـانگی شـوبات نەیتـوانی چـاوی پـێ بکەوێـت، دواتـر هەوڵـی ئاسـایی کـردنەوەی پەیوەنـدییەکانی لەگەڵیـدا، بەڵام بـێ ئەنجـام بـوو، بـۆیە لە مـانگی ئـازاری سـاڵی ١٩٦١ گەڕایەوە بـارزان(١٠٥). هەروەهـا ڕۆژی ٣ی ئـازاری سـاڵی ١٩٦١ بڕیـاری دەسـتگیرکردنی ئیبراهـیم ئەحـمەدی سـکرتێری پـارتی بە تـۆمەتی کوشـتنی سـدیق میـران سـەرۆك عەشـیرەتی خۆشـناو دەرچـوو، هەر لە مـانگی ئـازاری سـاڵی ١٩٦١ حـاکمی گشـتی سـەربازی لە بەغـدا فەرمـانی دەسـتگیرکردن بـۆ هەر یەك لە (جەلال تاڵەبـانی(١٠٦)) و (عـومەر مسـتەفا(١٠٧)) ئەنـدامانی مەکتەبـی سیاسـی دەکـرد و لە هەمـان مانگیشـدا دەسـەڵاتدارانی حکـومەت (سـاڵح یووسـفی(١٠٨)) بەرپرسـی لقـی یەکی پارتی دیموکراتی کوردستانیان لە مووسڵ دەستگیر کرد(١٠٩).

هەمـوو ئەو دەسـتکەوتانەی کـورد لە سـەردەمی عەبـدولکەریم قاسـم بەدەسـتی هێنـابوو، کە بەشـێکی لە دەسـتووری عێـراق دانـی پێـدانرابوو، بەڵام جێبەجـێ

نەکرابوو، هەر وەك لە لە دەستووری کاتی عێراقی ساڵی ١٩٥٨دا، لە دەروازەی یەکەم/ کۆماری عێراق/ ماددەی سێیەمدا هاتبوو: "قەوارەی عێراق بنیات دەنرێت لەسەر بنەمای هاوکاری لە نێوان سەرجەم هاووڵاتییان بە ڕێزگرتنی مافەکانیان و پاراستنی ئازادییەکانیان، عەرەب و کورد بە هاوبەشی دادەنرێت لەم وڵاتە و ئەم دەستوورە دان دەنێت بە مافە نەتەوەییەکانیاندا لە چوارچێوەی یەکێتی عێراقدا[١١٠]".

هەروەها ئەو دەستکەوتانەی کورد لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسم بەدەستی هێنابوو، هێدی هێدی لە کورد دەسەنرایەوە، لەوانە: ڕۆژنامەی خەبات داخرا و کەوتنە ڕاوەدوونانی ئەندام و لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان. ئەمانە وای مەلا مستەفا کرد کە خۆی بۆ قۆناغێکی نوێ ئامادە بکات، لە بەرانبەردا عەبدولکەریم قاسمیش نەیتوانی چارەسەرێکی دیموکراسییانە بۆ پرسی کورد بدۆزێتەوە[١١١].

مانگی ئایاری ساڵی ١٩٦١ کاتێك بارودۆخ بەرەو ئاڵۆزی دەچوو، پارتی دیموکراتی کوردستان چووە قۆناغی کارکردنی نهێنییەوە، لەو کاتەشدا پارتی دوو یاداشتی ئاراستەی حکومەتی عەبدولکەریم قاسم کرد، بە هۆی ئەو گرژی و تەنگەژە سیاسییانەی حکومەتەکەی قاسم هێنابوویە ئاراوە، بەم شێوەیە:

- **یاداشتی یەکەم:**

لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦١ تاوتوێی بارودۆخی سیاسی عێراق بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی کرا، هەروەها داوای مافە ڕەواکانی گەلی کوردی تێدا کرابوو، لە هەمان کاتیشدا لەم یاداشتەدا هاتبوو، کە وا پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵسەنگاندن بۆ ئەم بارودۆخە دەکات، لە بڕیارێکیشدا هاتووە: هەرچەندە هێشتا کاتی شۆڕش نەهاتووە، دەبێت بۆ دواخستن خۆی بۆ ئامادە بکرێت، بایەخی زۆریش بە کۆکردنەوەی چەك بدرێت، گەلی کورد تێکڕا چەکدار بکرێت و لە باری دەروونییەوە

ئامـادە بکرێـت لەگەڵ پابەنـد بـوونی بە وریـایی خۆپاراسـتن و ئامـادەیی بـۆ ڕووبەڕووبـوونەوەی هەر هێرشـێکی حکـومەت بـۆ سـەر هەر شـوێنێکی کوردستان.

– **یاداشتی دووەم:**

لە ٢٠ی تەمموززی سـاڵی ١٩٦١ پێشـکەش کـرا، کە تێیـدا ئامـاژە بە ترسـناکی بـارودۆخەکە و تەواو تێکچـوونی ڕەوشـەکە کرابـوو، هەروەهـا ئەو سیاسـەتە جیـاخوازەی کە کوردسـتانی گرتبـووەوە لەگەڵ مەترسـی ئەگەر هەڵگیرسـانی جەنگـی نـاوخۆیی، وە هەوڵـدان بـۆ گەڕانەوەی پرەنسـیپەکانی شۆڕشـی تەممـووز و جێبەجـێ کردنـی مـاددەی ٣ لە دەسـتووری کـاتی و فەراهەم کردنی ئازادییەکان.

لە بەرانـبەردا عەبـدولکەریم قاسـم هـیچ گـوێی بـۆ پێشـنیازەکانی نێـو یاداشـتەکانی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان نەدا، بەڵکـوو بڕیاریـدا کە پێشـوازی لە هـیچ شـاندێکی کـورد نەکـات، داواشـی لە وەزارەتـی بەرگـری کـرد کە بە هـیچ شێوەیەك یاداشت لە کورد وەرنەگرێت کە ئاراستەی حکومەت دەکرێت(١١٢).

لە کۆتـایی تەممـووزی ١٩٦١دا، حکـومەت بە نهێنـی لیژنەیەکـی ئاسایشـی بـۆ لێکـۆڵینەوە لە دۆخـی کوردسـتان و پێشکەشـکردنی پـلان و ڕێـگە چـارەیەك بـۆ لەنـاوبردنی چـالاکی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان و سـەرۆکەکەی مسـتەفا بـارزانی و دەسـتگرتن بە سـەر کوردسـتاندا نـارد، لیـژنەکە لە ١٢ی ئابـدا ڕاپـۆرتێکی گشـتگیری سـەبارەت بە پشـێوییەکانی کوردسـتان پێشـکەش کـرد و شـیوعییەکانی بە هانـدانی یـاخیبووان تۆمەتبـار کـرد، ڕاپـۆرتەکە بە تونـدی هێرشـی کـردە سـەر بـارزانی و پێشـنیازی بەکارهێنـان و نـاردنی هێـزی چەکـداری و هێرشـکردنە سـەر نـاوچەکەی کرد(١١٣).

لە بەرانـبەردا بـارزانی هەوڵـی دەدا بـارودۆخەکە بە ئاراسـتەی شـەڕ و پێکـدادان نەڕوات و بـۆ ڕێـگە چـارە دەگەڕا، بـۆیە کەسـایەتییە نیشـتمانی و نەتەوەییـیە

دیموکراتییەکان لە ناوەوە و دەرەوەی عێراق ڕاسپارد تا هەوڵی ناوبژیوانی لەگەڵ حکومەتی عەبدولکەریم قاسم بدەن و نەهێڵن کورد تووشی شەڕ بێت، بۆ ئەو مەبەستەش لە هاوینی ساڵی ١٩٦١ (عەزیز شەریف[١١٤]) هەوڵێکی زۆریدا و چەند جارێك سەردانی بارزانی کرد، بەڵام هەوڵەکان لەگەڵ قاسم بێ ئاکام بوو[١١٥].

ئەگەرچی لە سەرەتادا کورد بەشداری لە حکومەتی تازەی عەبدولکەریم قاسمدا کرد، بەڵام تا دەهات حکومەت چاودێری سەر پارتی و سەرۆکەکەی توندتر دەکرد، تەنانەت دەستی کرد بە گۆڕینی تابلۆی ناوی قوتابخانە و دووکان و شەقامەکان کە بە کوردی نووسرابوون و دانانی تابلۆی عەرەبی لە جێگەیاندا، بۆیە سەرکردایەتی کورد چەند یاداشتێکیان بۆ عەبدولکەریم قاسم نارد، بەڵام هیچ وەڵامێکی گەشبینانەیان نەدایەوە و ڕەوشەکە بە ئاراستەی دوورکەوتنەوەی نێوان سەرانی کورد و حکومەتی عێراق دەڕۆیشت[١١٦].

بەم شێوەیە پەیوەندی نێوان مەلا مستەفای بارزانی و عەبدولکەریم قاسم بە یەکجاری تێکچوو، ئەگەرچی مەلا مستەفاش دەیویست عەبدولکەریم قاسم ناچار بکات کە پەیوەندی لەگەڵ باش بکات، بەڵام بە ئەنجام نەگەیشت. لەو سەروبەندەشدا سەرۆك خێڵەکان خۆپیشاندانی چەکدارییان دەست پێ کرد، ئەمەش بووە دەروازەیەك بۆ پێکدادانی چەکداری، تا وای لێهات چەکدار لە هەموو شوێنە گرنگەکانی کوردستان کۆبوونەوە، بۆیە عەبدولکەریم قاسم لە ٩-١١ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١دا فەرمانی ڕووبەڕووبوونەوەیدا و شەڕ هەڵگیرسا و شۆڕشی ئەیلوول دەست پێ کرد[١١٧].

## پەراوێزەکانی بەشی یەکەم

(١) بەرزایی دێدەوان یەکێکە لە بەرزاییەکانی قەزای کۆیە، دەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوای قەزاکە و ئاراستەی بەرزاییەکە لە باکوورەوە بۆ باشوورە، لە نزیک گوندی دەربەندی گۆمەسپان ئەو چیایە دەست پێ دەکات بە ئاراستەی ڕۆژهەڵات، دواتر لە نزیک دێگەڵە ئاراستەکەی بەرەو باشوور دەڕوات تا دەگاتە زێی بچووک، درێژی ئەو بەرزاییە ٥.٤٤ کیلۆمەترە و ١١٦٠ مەتر لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە، چیاکە دەورە دراوە بە گوندەکانی بانەمورد لە ڕۆژهەڵات، بەلەبان لە باکووری ڕۆژهەڵات، حەسەن موترب لە باکووری ڕۆژئاوا، ڕولکە لە ڕۆژئاوا، سۆفی برایم لە باشووری ڕۆژئاوا، گوندی چل بەسەر دەکەوێتەی باشووری ڕۆژهەڵاتی، دانیشتووانی گوندی بانەمورد لە هۆزی شێخانین، گوندی چل بەسەر سەیدن، دانیشتووانی چوار گوندەکەی دیکە لە هۆزی مەنتکن. گوندی بانەمورد گەورەترینە، سنوورەکەی بە ئەندازەی سنووری هەموو گوندەکانی دی دەبێت. وەرگیراوە لە: (پ. ی. د. هۆشمەند عەلی مەحمود، مەحموود حەمەد شێخانی (دەنگێکی ڕەسەنی ون ١٩٢٦- ١٩٩٤)، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٩، ل ١٢٣).

(٢) قشڵە، وشەیەکی تورکییە، لە فەرمانی (قاشلاغ) وەرگیراوە، واتە (المشتی)، بە واتای ئەو بینایە دێت کە سەربازەکان لە وەرزی زستاندا لە ناویدا دەمێننەوە، پێی دەگوترێت شوێنی سەربازەکان. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (زێدان برادۆستی، قشڵەی کۆیە (لێکۆڵینەوەیەکی بیناسازی و مەیدانی)، ژمارە ١، کانوونی یەکەمی ٢٠٠٧، ل ٢٧- ٢٨).

(٣) جەمــال فەتحــوڵا تەیــب، کــۆیە ١٩١٨- ١٩٥٨ (لێکــۆڵینەوەیەکی مێژوویــی سیاســییە)، چــاپی دووەم، چاپخــانەی شــەهاب، هەولێــر، ٢٠٠٨، ٢٣؛ ئــالان غەفــووری، بونیــادی کــۆمەڵایەتی کــۆیە (تــوێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلــۆژی کــۆمەڵایەتییە)، چــاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٥، ل ٩- ١٠.

(٤) جەمال فەتحوڵا تەیب، کۆیە (١٩١٨- ١٩٥٨)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢- ٣٤.

(٥) لە ڕاسـتیدا جیـاوازی لە شـوێنگەی شـارەکەدا هەبـووە. بـۆ زانیـاری زیـاتر بـڕوانە: (جەمال فەتحوڵا تەیب، کۆیە (١٩١٨- ١٩٥٨)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠).

(٦) گونـدی شـیلە بە دووری ١٠ کیلـۆمەتر دەکەوێـتە باشـووری کـۆیە، بە نزیکەیــی ٧٦ کیلـــۆمەتر لە ڕۆژهەڵاتـــی شـــاری هەولێـــر دوورە، لەگەڵ هەر یەك لە گونـــدەکانی: هەرمـــۆتە لە بـــاکوور، عەودالان و یـــارەمیش لە ڕۆژهەڵات، داربەڕوو لە باشـــوور، مـــام قلیـنج لە ڕۆژئـاوا هاوسـنوورە. وەرگیـراوە لە: (هـێمن نەعـمان کـاوێس، شـوێنەواری قەڵای شیلە و پەرستگا زەردەشتییەکەی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢).

(٧) هەرمـۆتە گونـدێکی دێرینـی مەسـیحییەکانە، دەکەوێـتە باشـووری کـۆیە، لە کۆنـدا نـزیکەی ٣ کیلـۆمەتر لێـیەوە دوور بـووە، بەڵام ئێسـتا بە هـۆی فراوانبـوونی شـاری کـۆیە، تەواو لێـك نزیـك بـوونەتەوە و تەنیـا چەمێـك سـنووری جیاکەرەوەیـانە. وەرگیـراوە لە: (هــاوژین صــلیوە، مێــژووی هەرمــۆتە، چــاپی یەکەم، چاپخــانەی زانــا، ســلێمانی، ٢٠١٣، ل ٣٤- ٣٥؛ هـێمن مەولـوود، فەرهەنگـی جوگرافیـای کـۆیە ١٢ (گونـدی هەرمـۆتە)، گۆڤـاری کەکۆن، ژمارە ٤٨، ئایاری ٢٠١٧، ل ٢٥).

(٨) مەهــدی عوســمان هەروتــی، نادیــاریی مێــژووی کــۆیە لە ســەرچاوەکانی ســەدەکانی ناوەڕاســت (تــوێژینەوەیەکی شرۆڤەکــارییە)، کۆنفرانســی نێــودەوڵەتی کــۆیە لە ڕەوتــی شارستانییەتدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٩، ل ٧٥.

(٩) بـۆ وردەکـاری لە بـارەی پەیـدابوون و سـەرهەڵدانی نـاوی کـۆیە بـڕوانە: (جەمـال فەتحوڵا تەیب، کۆیە (١٩١٨- ١٩٥٨)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦- ٣٢).

(١٠) هاوژین صلیوە، مێژووی هەرمۆتە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١.

(١١) ئـاراس محمـد صـالح (دکتـۆر)، بزاڤـی خوێنـدن و زانسـتی شـاری کـۆیە لە سـەدەی نـۆزدەدا، کۆنفرانسـی کـۆیە لە ڕەوتـی شارسـتانییەتدا، چـوارەمین کۆنفرانسـی نێـودەوڵەتی ناودارانی کۆیە، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٩، ل ١٤٣.

(١٢) هـێمن نعـمان كـاوێس، بینـا كەلەپووریيەكـانی كـۆیە: گرفـت و ئاسـتەنگەكانی بـرەو پێـدانیان، كۆنفرانسـی كـۆیە لە ڕەوتـی شارسـتانییەتدا، چـوارەمین كۆنفرانسـی نێـودەوڵەتی ناودارانی كۆیە، چاپی یەكەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٩، ل ٥٧.

(١٣) لــوقمان وســو عــومەر، توانســتە جــوگرافییە گەشــتوگوزارییەكانی قەزای كــۆیە، ماســتەرنامەیەكی بڵاونەكــراوەیە و پێشكەشــی كــۆلێژی پەروەردە، بەشــی جوگرافیــای زانكۆی كۆیە كراوە، ٢٠٠٦، ل ١٥٣- ١٦٨.

(١٤) كــۆیە لە ســاڵانی ١٨٥٦- ١٨٥٧ تــاكوو ســاڵی ١٩١٨ بە بەردەوامــی قایمقــامی هەبــووە، لەو ماوەیەشــدا ٣٧ كەس لەو پۆســتەدا بــوون، بەم شــێوەیە: ســەلیم ئاغــا، عەبــدولكەریم ئاغــا، زەینــەڵ ئاغــا، سـامی ئەفەنـدی، ئـەمین ئەفەنـدی، ئەحمـەد ئاغـای قـەپوچی باشـی، قوجـە مسـتەفا پاشـا، عومـەر ئەفەنـدی، ئیسـماعیل حـەقی ئەفەنـدی، سالم ئەفەنــدی، عــەلی ڕەزا ئەفەنــدی، عەبــدوڵڵا ئەفەنــدی، جــەمال ئەفەنــدی، محەمــەد نەشـئەت ئەفەنـدی، عـەباس ئەفەنـدی، محەممـەد سـەعدی ئەفەنـدی، حوسـێن ئەفەنـدی، عەبـدولرەحمان بـەگ، محەممــەد ئـەمین ئەفەنـدی، سـەعید بـەگ، محەممــەد سـەعید ئەفەنـدی، محەممـەد خورشـید ئەفەنـدی، ئیبراهـیم خـەلیل بـەگ، خـەلیل سـامی ئەفەنـدی، عەبــدوڵڵا مــوخلیس بــەگ، عەبدولســتار ئەفەنـدی، ئیبراهــیم نــەجاتی ئەفەنـدی، حــاجی حەســەن، ئیبراهــیم ئەدهــەم بــەگ، عــەلی عوســمان، حیلمــی ئەفەنــدی، حــەقی بــەگ، نەسـیب بـەگ، نەسـعەف بـەگ، نەشـئەت بـەگ، شـێخ عوسـمانی سـەرگەڵو، حەمـەئاغا غــەفووری. وەرگیــراوە لە: (جەمــال فەتحــوڵڵا تەیــب (دكتــۆر) و زانــا تەیفــور عەبدولســەمەد، پێكهــاتەی كــارگێڕیی پۆســتی قایمقــامیەت لە قەزای كۆیســنجاق- لە ناوەڕاسـتی سـەدەی نـۆزدەیەم تـا كۆتـایی جەنگـی یەكەمـی جیهـانی (لێكـۆڵینەوەیەكی مێژوویی بەڵگەنامەییە)، توێژینەوەیەكی بڵاونەكراوە، ٢٠٢٢، ل ١٣- ١٤).

(١٥) جەمال فەتحولڵا تەیب، كۆیە (١٩١٨- ١٩٥٨)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١.

(١٦) كەریـم شـارەزا، نـازم حەوێـزی، عوسـمان مسـتەفا خۆشـناو، مەجیـد ئاسـنگەر، كـۆیە لە ڕەوتــی شارســتانیەتدا، بەڕێــوەبەرایەتی گشــتی ڕۆژنامەنووســی و چــاپ و بڵاوكــردنەوە، چاپی یەكەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ، ٢٠٠٩، ل ١١٢- ١١٣.

(١٧) پارەیـەكی بیـانی بـوو لـە لایـەن دەوڵـەتی عوسـمانییەوە بـەكارهێنراوە، دوو جـۆری هەیـە، وەك قرووشـی زێـڕ و قرووشـی زیـو، لـە لایـەن هەنـدێك وڵاتـی ئـەورووپییـەوە بــەكارهــاتووە، كێشــەكە بــەگوێرەی ســەردەمەكانی گــۆڕاوە، ســەرەتا كێشــی ٦ دەرهــەمی

هـەبوو. وەرگیـراوە لە: (جەمـال فەتحـوڵڵا تەیـب (دکتـۆر) و زانـا تەیفـور عەبدولسـەمەد، پێکهـاتەی کـارگێڕیی پۆسـتی قایمقـامیەت لە قەزای کۆیسـنجاق- لە ناوەڕاسـتی سـەدەی نۆزدەیەم تا کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥).

(١٨) جەمـال فەتحـوڵڵا تەیـب (دکتـۆر) و زانـا تەیفـور عەبدولسـەمەد، پێکهـاتەی کـارگێڕیی پۆسـتی قایمقـامیەت لە قەزای کۆیسـنجاق- لە ناوەڕاسـتی سـەدەی نـۆزدەیەم تـا کۆتـایی جەنگی یەکەمی جیهانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥- ٦.

(١٩) جەمال فەتحولڵا تەیب، کۆیە (١٩١٨- ١٩٥٨)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣.

(٢٠) بە هـۆی ئەوەی کـۆیە لە لایەك کەوتبـووە سـەر ڕێگـای نێـوان ئازەربایجـان و هەولێـر و مووسـڵ، لە لایەکـی دیـکەوە ڕێگـایەکی سـەرەکی بـووە بـۆ کەرکـووك و کفـری و بەغـدا، ژمـارەی دانیشـتووانی لە چـاو شـوێنەکانی دیـکە زیـاتر بـووە، مێژوونووسـەکان لە سـەردەمانی زوودا ژمـارەی ماڵەکـانی کۆیەیـان بە ٤٠٠٠ هەزار مـاڵ مەزەنـدە کـردووە. بـۆ زانیـاری زیـاتر بـڕوانە: (کەریـم شـارەزا، نـازم حەوێـزی، عوسـمان مسـتەفا خۆشـناو، مەجیـد ئاسنگەر، کۆیە لە ڕەوتی شارستانیەتدا، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦- ١٧).

(٢١) ئەم شـارە لە سـەدەی یـازدەی کـۆچی بەدواوە گەشـانەوەیەکی زانسـتی بەرچـاوی بە خـۆیەوە بینیـوە، ژمـارەیەکی زۆر کتێـب و دەستنووسـی ئەو مـاوە مێـژووییە ئێسـتا مـاوەتەوە، کە زانایـان و فوتابییـانی ئەو شـارە نووسـیویانەتەوە. بـۆ زانیـاری زیـاتر بـڕوانە: (ئـاراس محمـد صـالح (دکتـۆر)، بزاڤـی خوێنـدن و زانسـتی شـاری کـۆیە لە سـەدەی نـۆزدەدا، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٢).

(٢٢) بـۆ وەرگرتنـی زانیـاری لە بـارەی میرنشـینی بابـان بـڕوانە: (کـامەران بابـانزادە، میرنشـینی بابـان (لە ناوەڕاسـتی سـەدەی ١٥ەوە بـۆ کۆتـایی سـەدەی ١٨)، بڵاوکـراوەی زانکۆی سلێمانی، چاپخانەی ناوەندی ڕێنوێن، ٢٠٢١).

(٢٣) حـاجی قـادر کـوڕی مەلا ئەحـمەد کـوڕی مەلا سـاڵح کـوڕی مەلا ئەحـمەدی گەورە، سـاڵی ١٨١٦ (١٨١٥- ١٨١٧) لەدایکبـووە، دایکـی نـاوی فـاتمەیە، سـەرەتا لە لای بـاوکی خوێنـدوویەتی، ئەوجـا چـووەتە کـۆیە و لە لای مەلا ئەحـمەدی خـاڵۆزی کە ئومەرگـومبەتی بـووە، ئیمامـی مزگەوتـی مـوفتی بـووە خوێنـدوویەتی، دواتـر لەگەڵ مەلا عەبـدوڵڵای جەلـیزادە چـووەتە خۆشـناوەتی و باڵەکـایەتی، لەوێـوە حـاجی قـادر چـووەتە لاجـان، شـنۆ، سـابڵاغ و سەردەشـت و لە حوجرەکـانی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان خوێنـدوویەتی و ئیجـازەی مەلایەتـی وەرگرتـووە، دواتـر گەڕاوەتەوە کـۆیە، لە پاشـان بە

هــۆی نــاکۆکی لەگەڵ شـێخەکان ڕووی کــردووەتە ئەســتەنبوڵ و ســاڵی ١٨٩٧ لەوێ کــۆچی دوایــی کــردووە و لە بەری ئۆســکودار لە گۆڕســتانی قەرەج ئەحــمەد بە خــاك ســپێردراوە. وەرگیــراوە لە: (جەمــال محەمــمەد فەقێ ڕەسـووڵ بــاجەلال (دکتـۆر)، حــاجی قــادر کــۆیی و گوڵچنێــك لە هەڵوێســتە جوامێرەکــانی، کۆنفرانســی نێــودەوڵەتی یــادی دووســەد ســاڵەی لەدایکبــوونی حــاجی قــادری کــۆیی (١٨١٦-٢٠١٦)، بڵاوکــراوەی زانکــۆی کــۆیە، چــاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٦، ل ٢١- ٢٢).

(٢٤) ئــاراس محمــد صــالح (دکتــۆر)، بزاڤــی خوێنــدن و زانســتی شــاری کــۆیە لە ســەدەی نۆزدەدا، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٢.

(٢٥) حــاجی مەلا ئەســعەد کــوڕی مەلا عەبــدولڕەحمانی جەلــیزادەیە، ســاڵی ١٨١١ لەدایکبــووە، بــۆ خوێنــدن چەنــد شــوێنی کــردووە، بــۆ نمــوونە لە لای مەلا محەمــمەدی خەتــێ لە ڕوانــدز خوێنــدوویەتی، هەروەهــا لە لای مەلا عەبــدولڕەحمانی ڕۆژبەیــانی لە بەغــدا ئیجــازەی گــوتنەوەی هەمــوو زانستەکانی وەرگرتــووە، دواتــر گەڕاوەتەوە بــۆ کــۆیە و خەریکــی دەرس گــوتنەوە بــووە، لە ســاڵی ١٨٧٢ کــۆچی دوایــی کــردووە. بــۆ زانیــاری زیــاتر بــڕوانە: (مەلا عەبــدولکەریم مــودەڕیس، بنەمــاڵەی زانیــاران، چــاپی یەکەم، بڵاوکــراوەی کتێبــی کــانی، سـنە، ٢٠٠٥، ل ٤٣٠- ٤٣٢؛ جــواد فقــي عــلي (دکــتر)، کاکــە خــان نصرــ الــدين آمــين، احمــد عمــر حســن، الحــاج مــلا أسـعد جليــزاده وفتــاواه في موضــوع الطــلاق (دراســة وتحليل)، گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە، بەرگی ١، ژمارە ٧، ٢٠٢٢، ل ٧٥).

(٢٦) حــــاجی مەلا عەبــــدوڵڵا کــــوڕی مەلا ئەســــعەد کــــوڕی مەلا عەبــــدولڕەحمانی جەلــیزادەیە، ســاڵی ١٨٣٥ لە کــۆیە لەدایکبــووە، بــاوکی مەلای گەورەیە، بــۆ خوێنــدن چەنــدین شــوێن گەڕاوە، یەکێــك لە مەلا دیارەکــانی ســەردەمی خــۆی بــووە، ســاڵی ١٩٠٨ کــۆچی دوایــی کــردووە و لە گۆڕســتانی دەروێــش خــدر بە خــاك ســپێردراوە. بــۆ زانیــاری زیــاتر بــڕوانە: (کەریــم شــارەزا، نــازم حەوێــزی، عوسـمان مســتەفا خۆشــناو، مەجیــد ئاســنگەر، کــــۆیە لە ڕەوتــــی شارســــتانیەتدا، ســــەرچاوەی پێشــــوو، ل ٢٥٤- ٢٥٦؛ عەبــــدولخالق عەلائەدین، کۆیە... ناودارانی، چاپی یەکەم، بێ شوێنی چاپ، ٢٠١٤، ل ١٢- ١٦).

(٢٧) ڕەزا کــوڕی شــێخ عەبــدولڕەحمان کــوڕی شــێخ ئەحــمەد کــوڕی مەلا مەحمــوود، نــــاسراو بە شــــێخ ڕەزای تاڵەبــــانی ســــاڵی ١٨٣٧ لە گونــــدی قــــرخ لە لای چەمچەمــــاڵ لەدایکبــــووە، یەکــــێکە لە شــــاعیرە دیارەکــــانی کــــورد، شــــێخ ڕەزا ســــاڵێك لە لای مەلا ئەســعەدی جەلــیزادە لە کــۆیە مــاوەتەوە و (نحــو، صرف و بەلاغە)ی خوێنــدووە، لە ٢٠ی کــانوونی دووەمــی ســاڵی ١٩١٠ کــۆچی دوایــی کــردووە و لە گۆڕســتانی شــێخ عەبــدولقادری

گەیلانــی بە خــاك ســپێردراوە. بــۆ زانیــاری زیــاتر بــڕوانە: (دیــوانی شــێخ ڕەزای تاڵەبــانی، کــۆکردنەوە و ســاغکردنەوەی: شــێخ محەمــمەد خــاڵ و ئومێــد ئاشــنا، دەزگــای چــاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٣، ل ٢٨- ٣٠).

(٢٨) فەتحــوڵڵا جــوانرۆیی، نــاسراو بە کەیفــی جــوانرۆیی، ســاڵی ١٨٣٩ لە شــارەزوور لەدایکبــووە، ســاڵی ١٨٦٣ لە کــۆیە لای حــاجی مەلا عەبــدوڵڵای جەلــیزادە وەك موستەعید خوێنـدنی ئـایینی و فیقهـی وەرگرتـووە، هەروەهـا لە دیوەخـانی ئەمـین ئاغـای ئەخـتەر لەگەڵ شـێخ ڕەزای تاڵەبـانی و حـاجی مەلا عەبـدوڵڵا و چەنـد شـاعیرێکی دیـکە کـۆڕی ئەدەبییـان بەسـتووە، سـاڵی ١٨٨٣ کـۆچی دوایـی کـردووە. وەرگیـراوە لە: (کەریـم شـارەزا، نـازم حەوێـزی، عوسـمان مسـتەفا خۆشـناو، مەجیـد ئاسـنگەر، کـۆیە لە ڕەوتـی شارستانیەتدا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨١- ٢٨٢).

(٢٩) یەکەم قوتابخـانە بە نـاوی ئـولای یەکەم، سـاڵی ١٩٢٠ لە شـاری کـۆیە کـرایەوە، ئەو قوتابخــانەیە تــایبەت بــوو بە خوێنــدنی کــوڕان، بەڵام بە هــۆی چــوونی نەجیــبە جەلــیزادەی کچــی مەلای گەورە بــۆ ئەو قوتابخــانەیە، بــووەتە قوتابخــانەی تــێکەڵاو، تــاکوو ئێسـتا خوێنـدن تێیـدا بەردەوامە. بـۆ زانیـاری زیـاتر بـڕوانە: (مـام هەژار، چەپکـێ حـاجیلەی دەشـتی هـاموون، لە بڵاوکراوەکـانی سـەنتەری لێکـۆڵینەوە و پەخشـی کـۆیە، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، ٢٠١٣، ل ١٤).

(٣٠) جەمال فەتحوڵا تەیب، کۆیە (١٩١٨- ١٩٥٨)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٢- ٦٤.

(٣١) جەمـال فەتحـوڵڵا تەیـب (دکتـۆر)، پـێکەوە ژیـانی ئایینەکـان لە کـۆیە (مووسـڵمان و دیان و جوولەکە)، گۆڤاری شارەوان، ژمارە ١، ٢٠١٢، ل ١٥.

(٣٢) چــاپوك مســتەفا، لە ئامــاری ســاڵی ١٩٤٧ کــۆیە گەورەتــرین قەزا بــووە، گۆڤــاری کەکۆن، ژمارە ٥٠، تشرینی یەکەمی ٢٠١٧، ل ٢٤.

(٣٣) کــامەران تــاهیر ســەعید، کــۆیە (لێکــۆڵینەوەیەك لە جوگرافیــای هەرێمــی)، بڵاوکـراوەی مەڵبەنـدی کوردۆلـۆجی، چـاپی یەکەم، چاپخـانەی تیشـك، سـلێمانی، ٢٠٠٨، ل ١٥؛ ڕۆسـتەم سـەلام عەزیـز، دابەشـبوونی جـوگرافی نشـینگە گونـدییەکان لە قەزای کـۆیە و کـاریگەری لە سـەر کـرداری پەرەپێـدان، بڵاوکـراوەی سـەنتەری لێکـۆڵینەوەی پەخشـی کۆیە، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٢١.

(٣٤) ڕۆژان كـــامەران كەریـــم، كـــامەران تـــاهیر ســـەعید (دكتـــۆر)، شـــیكردنەوەی جـــوگرافیی شارنشـــینی لە قەزای كـــۆیە لە نێـــوان ســـاڵانی (١٩٥٧- ٢٠٢٠)، لێكـــۆڵینەوە لە جوگرافیـــای شار، گۆڤاری زانكۆی ڕاپەڕین، ژمارە ٣، بەرگی ٩، ٢٠٢٢، ل ٢٩٢.

(٣٥) زامـــدار ئەحـــمەد مەلا ڕەســـووڵ، نـــاحیەی ئاشـــتی و گونـــدەكانی (تـــوێژینەوەیەكی مێژوویـــی كـــۆمەڵایەتیی مەیـــدانییە)، چـــاپی یەكەم، چاپخـــانەی ڕۆژهەڵات، هەولێـــر، ٢٠١٥، ل ١٥.

(٣٦) دوای هـــاتنی ئینگلیـــز لە ســـاڵی ١٩١٨ بـــۆ كـــۆیە، بڕیـــاری بە نـــاحیە كردنـــی تەقتەق درا، لە هەمـــان كاتـــدا و لە كۆبـــوونەوەیەك لەگەڵ ئینگلیزەكـــان بڕیـــار درا بە دانـــانی حەمە ئاغـــای گەورە وەك قایمقـــامی كـــۆیە و عەبـــدوڵڵا ئاغـــای حەوێـــزی وەك بەڕێـــوەبەری نـــاحیەی تەقتەق و مەلا حەوێـــز ئاغـــای فەغـــووریش وەك مەئمـــووری بـــنكەی پۆلیســـی تەقتەق، واتە لەو ســـاڵەدا تەقتەق كـــراوە بە نـــاحیە. وەرگیـــراوە لە: (ئـــاراس ئیلنجـــاغی، تەقتەق پەلـــكە زێـــڕینەی كەنـــار زێـــی بچـــووك (لێكـــۆڵینەوە)، چـــاپی یەكەم، چاپخـــانەی یـــاد، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ١١٥- ١١٦).

(٣٧) كـــامەران تـــاهیر ســـەعید، كـــۆیە (لێكـــۆڵینەوەیەك لە جوگرافیـــای هەرێمـــی)، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥.

(٣٨) بە نـــووسراوی ئەنجـــوومەنی وەزیـــران (ئیـــدارەی ســـلێمانی)/ وەزارەتـــی نـــاوخۆ/ بەڕێـــوەبەرایەتی گشـــتی دیـــوان/ بەڕێـــوەبەرایەتی خـــۆیەتی، بە ژمـــارە ٣٢٨ی ڕێككەوتـــی ٤ی شـــوباتی ســـاڵی ١٩٩٩ بڕیـــاری دامەزرانـــدنی یەكەیەكـــی كـــارگێڕی تـــازە بە نـــاوی نـــاحیەی ئاشـــتی لە چوارچێـــوەی ســـنووری قەزای كـــۆیە درا، كە لە ڕووی ئیـــدارییەوە ٢٣ گونـــدی لەســـەرە. بەم شـــێوەیەش یەكە كارگێڕییەكـــانی كـــۆیە لە ســـێ یەكەوە بـــووە چـــوار یەكە: ســـەنتەر، تەقتەق، شـــۆڕش و ئاشـــتی. وەرگیـــراوە لە: (زامـــدار ئەحـــمەد مەلا ڕەســـووڵ، ناحیەی ئاشتی و گوندەكانی، سەرچاوەكانی پێشوو، ل ٢٥).

(٣٩) بنـــار عەبـــدولخالق بەكـــر، دەرامەتە سروشـــتییە ســـەرەكییەكانی قەزای كـــۆیە (گرفـــت و چارەســـەرەكان)، بڵاوكـــراوەی ســـەنتەری لێكـــۆڵینەوە و پەخشـــی كـــۆیە، چـــاپی یەكەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٠، ٢٨.

(٤٠) بە فەرمـــانی كـــارگێڕی ژمـــارە ٢٢٥ لە ڕێككەوتـــی ٢٨ی نیســـانی ســـاڵی ٢٠٠٥ نـــاحیەی ســـێگردكان دروســـت كـــرا، وەك یەكەیەكـــی ســـەر بە قەزای كـــۆیە، كە ٩ گونـــدی ڕۆژئـــاوای نـــاحیەی تەقتەقی خـــراوەتە ســـەر، ســـێگردكان بە دووری ٣٠ كیلـــۆمەتر كەوتـــووەتە

ئەوپەڕی باشووری ڕۆژئاوای قەزای کۆیە و بە دووری ٥٦ کیلۆمەتر لە باشووری ڕۆژهەڵاتی هەولێرە. وەرگیراوە لە: (ئاراس ئیلنجاغی، سێگردکان و سێبەرنشینەکانی (لێکۆڵینەوەی مەیدانی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١٤، ل ١٥- ١٦).

(٤١) ئالان غەفووری، بونیادی کۆمەڵایەتی کۆیە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤.

(٤٢) کامەران تاهیر سەعید، کۆیە (لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای هەرێمی)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢.

(٤٣) کاپتن دەبلیو. کی. هی، ئەفسەرێکی بەریتانییە لە کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی سەرکردایەتی داگیرکردنی شاری هەولێری کردووە، لە سالانی (١٩١٨- ١٩٢٠) وەك حاکمی سیاسی فەرمانڕەوایی ئەو شارەی کردووە، کۆیەش لە ژێر ئیدارەی هەولێر بووە، دوای ئەو ماوەیە کتێبێکی بە ناونیشانی (دوو ساڵ لە کوردستان) نووسی. وەرگیراوە لە: (موحسین دزەیی، وێستگەکانی ژیانم، وەرگێڕانی: ئیسماعیل بەرزنجی، بەشی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٣٥؛ دبلیو ئار هی، دوو ساڵ لە کوردستان، وەرگێڕانی: لوقمان باپیر، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٦).

(٤٤) مەلا محەممەد کوڕی مەلا عەبدوڵلا کوڕی مەلا ئەسعەد کوڕی مەلا عەبدولڕەحمان کوڕی مەلا عەبدوڵلا کوڕی مەلا محەممەد کوڕی مەلا ئیبراهیم کوڕی شێخ حەسەنە، دایکی ناوی عائیشەی کچی حاجی بەکر ئاغای حەوێزییە، بە مەلا محەممەدی کۆیی و مەلای کۆیە و مەلای گەورە و مەلای گەورەیی کۆیی ناسراوە، ساڵی ١٨٧٦ لە شاری کۆیە لە بنەماڵەی جەلیزادە لەدایکبووە. لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا لە لایەن باوکییەوە ئیجازەی مەلایەتی پێدراوە. مەلای گەورە، لە ماوەی ژیانیدا زۆر پلە و پۆستی سیاسی و ئیداری وەرگرتووە، ڕۆڵی زۆری هەبووە لە هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵگەی کوردی، لەم چوارچێوەیەدا نەجیبەی کچی لەگەڵ کوڕان ناردووە بۆ قوتابخانە. لە بواری نووسینیشدا دەستێکی باڵای هەبووە و ٢٢ کتێبی بە زمانی کوردی و عەرەبی بڵاو کردووەتەوە، ناوبراو لە ١٢ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٤٣ کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی دەروێش خدر بە خاك سپێردراوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (زامدار ئەحمەد، مەلای گەورە و هەوڵە ڕیفۆرمخوازییەکانی، گۆڤاری خاڵ، گۆڤارێکی هزریی ڕۆشنبیرییە، ژمارە ٧، تشرینی یەکەمی ٢٠١٦، ١٣٤- ١٣٥؛

زامـــدار ئەحـــمەد، مەلای گەورە و مەســـعوود محەمـــمەد لە چەنـــد دیدارێکـــدا، چـــاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٢١، ل ١٢- ١٥).

(٤٥) جەمال فەتحوڵا تەیب، کۆیە (١٩١٨- ١٩٥٨)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٠.

(٤٦) حەمە ئاغـــای گەورە، (حەمە ئاغـــای غەفـــووری)، ســـاڵی ١٨٣٦ لە نـــاو بنەمـــاڵەی غەفووریەکـان لە کـۆیە لەدایکبـووە، یەکـێکە لە کەسـایەتییە دیارەکـانی شـارەکە، سـاڵی ١٩١٨ بـــووەتە قایمقـــامی کـــۆیە، لە ٢ی ئـــابی ســـاڵی ١٩٢٠ کـــۆچی دوایـــی کـــردووە و لە گۆڕسـتانی کەکـۆن بە خـاك سـپێردراوە. بـۆ زانیـاری زیـاتر بـڕوانە: (مەسـعوود محەمـمەد، حەمەغـــای گەورە، چـــاپی دووەم، چـــاپ و بڵاوکـــردنەوەی ئـــاراس، هەولێـــر، ٢٠١٠، ل ١١- ٢٢).

(٤٧) عەبـدوڵڵا ئاغـا کـوڕی تـاهیر ئاغـا کـوڕی حـاجی بەکـری ئاغـای حەوێـزی، لە شـاری کـــۆیە لەدایکبـــووە، ســـەرەتای خوێنـــدنی لە ســـوختەخانە و لای مەلاکـــانی کـــۆیە بـــووە، لە کـاتی چـوونی ئینگلیزەکـان و پێکهێنـانی ئیـداری کـۆیە کـراوە بە مـدیر نـاحیەی تەقتەق. وەرگیـــراوە لە: (عەبـــدولخالق عەلائەدیـــن، کـــۆیە... نـــاودارانی، ســـەرچاوەی پێشـــوو، ل ٥٨- ٥٩).

(٤٨) جەمال فەتحوڵا تەیب، کۆیە (١٩١٨- ١٩٥٨)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٠.

(٤٩) جەمیـل ئاغـا کـوڕی ئەسـعەد ئاغـا کـوڕی حـاجی بەکـری ئاغـای حەوێـزی، سـاڵی ١٨٧٩ لە کـــۆیە لەدایکبـــووە، لە تەمەنـــی حەوت ســـاڵیدا چـــووەتە مزگەوتـــی گەورە، قورئـــان، گوڵســـتان و بوســـتانی خوێنـــدووە، مـــاوەیەك ســـەرۆکی شـــارەوانی کـــۆیە بـــووە، لە دوای حەمە ئاغـــا بـــووەتە قایمقـــامی کـــۆیە، ســـاڵی ١٩٤٦ کـــۆچی دوایـــی کـــردووە. وەرگیـــراوە لە: (کەریـم شـارەزا، نـازم حەوێـزی، عوسـمان مسـتەفا خۆشـناو، مەجیـد ئاسـنگەر، کـۆیە لە ڕەوتـــی شارســـتانیەتدا، ســـەرچاوەی پێشـــوو، ل ١٥٥- ١٥٦؛ عەبـــدولخالق عەلائەدیـــن، کۆیە... ناودارانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨- ٣٠).

(٥٠) مەلا ئەحـمەد ئاغـا کـوڕی سـلێمان ئاغـا کـوڕی حـاجی فەتـاح ئاغـا، لە سـاڵی ١٨٦٦ لە کـــۆیە لەدایکبـــووە، خوێنـــدنی ئـــایینی لە مزگەوتەکـــانی کـــۆیە بـــووە، مـــاوەیەك ســـەرۆکی شـارەوانی و مـاوەیەك لە دادگـا بـووە، سـاڵی ١٩٢٨ کـۆچی دوایـی کـردووە و لە گۆڕسـتانی کەکـۆن بە خـاك سـپێردراوە. وەرگیـراوە لە: (عەبـدولخالق عەلائەدیـن، کـۆیە... نـاودارانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥١- ٥٢).

(٥١) مەلا سـدیق کـوڕی مەلا عەبـدوڵڵا نـازەنینی یەکـێکە لە کەسـایەتییە دیارەکـانی بنەمـاڵەی نـازەنینی، لە لای بـاوکی دەرسـی ئـایینی خوێنـدووە، جیـا لە کـارکردنی لە تـاپۆی کـۆیە، مـاوەیەك دەکـرێتە حـاکم لە ئـاکرێ، سـاڵی ١٩٥١ خانەنشـین دەکرێـت، سـاڵی ١٩٥٦ کـۆچی دوایـی کـردووە. وەرگیـراوە لە: (کەریـم شـارەزا، نـازم حەوێـزی، عوسـمان مسـتەفا خۆشـناو، مەجیـد ئاسـنگەر، کـۆیە لە ڕەوتـی شارسـتانیەتدا، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ١٧٤-١٧٥).

(٥٢) حەوێـز ئاغـا کـوڕی مەحمـوود ئاغـا، سـاڵی ١٨٦٩ لە کـۆیە لەدایکبـووە، چـونکە دەرسـی ئـایینی خوێنـدووە بە مەلا حەوێـز ئاغـا ناودەبرێـت، لە دوای کـۆچی دوایـی حەمە ئاغـای مـامی دەبێـتە گەورە پیـاوی غەفـوریەکـان، لە سـەردەمی پاشـایەتی بـۆ دوو دەورە نـوێنەری کـۆیە بـووە لە پەرلەمـان، هەروەهـا لە شۆڕشـی ئەیلـوول بەشـدار بـووە، سـاڵی ١٩٧٧ کـۆچی دوایـی کـردووە. وەرگیـراوە لە: (عەبـدولخالق عەلائەدیـن، کـۆیە... نـاودارانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٣- ٥٥)

(٥٣) کەریـم شـارەزا، کـۆیە و شـاعیرانی، بەرگـی دووەم، بڵاوکـراوەی سـەنتەری لێکـۆڵینەوە و پەخشی کۆیە، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٣، ل ١٤.

(٥٤) جەمال فەتحوڵا تەیب، کۆیە (١٩١٨- ١٩٥٨)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٠.

(٥٥) کەریـم شـارەزا، نـازم حەوێـزی، عوسـمان مسـتەفا خۆشـناو، مەجیـد ئاسـنگەر، کـۆیە لە ڕەوتی شارستانیەتدا، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٢- ١١٣.

(٥٦) بەلشـەفیك لە وشـەی ڕووسـی (bolshe) هـاتووە، کە بە مانـای زۆریـنە دێـت، بەڵام بەرەبەرە لە چوارچێـوەی ئەم مانـایە دەرچـووە و لە بـوارە سیاسـییەکاندا بەکارهـاتووە، هەرچەنـدە لەمەوپـێش کەسـانی دیـکەش ئەم زاراوەیـان بەکارهێنـاوە، بەڵام لێنـین ئەم زاراوەیەی هەڵبـژارد و پـاش ئەو بەکارهێنـانی پەرەی سـەند، بەلشـەفیك نـاوی ژمـارەیەکی زۆر لە ئەنـدامانی حیزبـی سۆسـیال دیمـوکراتی کرێکـارانی ڕووسـیا بـوو، کە پـاش هەڵبژاردنەکـانی دووەمـین کـۆنگرەی حیزبـی لە سـاڵی ١٩٠٣دا زۆریـنەی دەنگیـان بەدەسـت هێنـابوو، لەم کۆبـوونەوە حیـزبییەدا، لێنـین و لایەنگرانـی کە زۆرینەیـان بەدەسـتهێنابوو، بە بەلشـەفیك ناویـان دەرکـرد، مـارتۆڤ و لایەنگرانیشـی بە کەمیـنە (مەنشـەڤیك) نـاسران. لە ڕوانـگەی لایەنگـرانییەوە تایبەتمەنـدی بەلشـەفیزم بـریتییە لە لایەنگـری کـردن لە مارکسـیزم- لینیـزم، بەلشـەفییەکان لە سـاڵی ١٩١٧دا لە ڕووسـیا بە شـێوەیەکی فەرمـی دەسـەڵاتیان گـرتە دەسـت، هەر بـۆیە نـاوی حیزبەکەیـان گـۆڕی بە

حیزبی کۆمۆنیستی بەلشەفیكی ڕووسیا، بەڵام لە کۆنگرەی نۆزدەیەمی حیزب لە ساڵی ١٩٥٢دا وشەی بەلشەفیكیان هەڵگرت و لە بری ئەوە پارتی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەتیان هەڵبژارد. وەرگیراوە لە: (سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر (دکتۆر)، حزبی شیوعیی عێراق و مەسەلەی کورد (١٩٣٤- ١٩٧٥) (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی- سیاسییە)، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٩، ل ٦٥).

(٥٧) جەمال فەتحوڵا تەیب، کۆیە (١٩١٨- ١٩٥٨)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٢.

(٥٨) تاهیر ئەحمەد حەوێزی، ساڵی ١٩١٩ لە کۆیە لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لە کۆیە و ناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە. ساڵی ١٩٤٠ بووەتە بەڕێوەبەری قوتابخانەی ماوەت، ساڵی ١٩٥١ چووەتە قوتابخانەی ئولای یەکەم، ساڵی ١٩٧٠ خۆی خانەنشین کردووە، چەندین کتێبی سەبارەت بە کۆیە و کولتوور و شارستانیەتی ئەو شارە نووسیوە، بۆ نموونە: مێژووی کۆیە، بەرگی یەکەم و بەرگی دووەم، ئەمین ئاغای حەوێزی (ئەختەر)، پیشەسازی لە کۆیە و هەندێ زاراوەی تایبەت بە ئاژەڵ و باڵندە، یاری کوردەواری، پەندی پێشینان و مەتەڵ، شەوچەرە، بەرگی یەکەم و بەرگی دووەم و بەرگی سێیەم، ناوبراو لە ١ی تەمموزی ساڵی ٢٠٠٠ کۆچی دوایی کردووە. وەرگیراوە لە: (تاهیر ئەحمەد حەوێزی، مێژووی کۆیە، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی کاروان، ٢٠٠٧، ل ١٥٨).

(٥٩) تاهیر ئەحمەد حەوێزی، مێژووی کۆیە، بەرگی دووەم، بەشی یەکەم، چاپخانەی نەمیر، چاپی یەکەم، بەغدا، ١٩٨٤، ل ١٤٣.

(٦٠) کازم عومەر دەباغ، ساڵی ١٩٥٤ لە شاری کۆیە لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە کۆیە تەواو کردووە، لە قۆناغی ئامادەیی پەیوەندی بە یەکێتی قوتابییانی کوردستان کردووە، کۆلێژی ئاداب/ بەشی دیراساتی کوردی لە زانکۆی سلێمانی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوولەوە کردووە. ساڵی ١٩٧٦ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی وەرگرتووە و بووەتە مامۆستا، ساڵی ٢٠١٧ خانەنشین بووە. وەرگیراوە لە: (کازم عومەر دەباغ، شارستانیەتی کۆیە لە مێژوودا، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، ٢٠٢٠، ل ٢٤٤- ٢٤٥).

(٦١) ئەم سێ کەسەی نازناوی قەڵادزێییان هەڵگرتووە، لە بنەچەدا خەڵکی کۆیەن، بەڵام لەبەر ئەوەی لە قەڵادزێ نیشتەجێ بوون، پاشناوی قەڵادزێییان وەرگرتووە.

وەرگیراوە لە: (کازم عومەر دەباغ، شارستانیەتی کۆیە لە مێژوودا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٥).

(٦٢) کازم عومەر دەباغ، شارستانیەتی کۆیە لە مێژوودا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٥-٢٢٦.

(٦٣) سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر (دکتۆر)، بزووتنەوەی بەلشەفیکی لە کۆیە (١٩٢٠)، کۆنفرانسی نێودەوڵەتی کۆیە لە ڕەوتی شارستانییەتدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٩، ل ١٦٩.

(٦٤) شاکر فەتاح، ساڵی ١٩١٤ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتای لە سلێمانی و قۆناغی دوا ناوەندی لە بەغدا تەواو کردووە، ساڵی ١٩٣٣ لە کۆلێژی ماف (حقوق)ی بەغدا وەردەگیرێت. لە ماوەی ژیانیدا زۆر پلە و پۆستی ئیداری وەرگرتووە، بۆ وێنە: ساڵی ١٩٣٦ بەڕێوەبەری ناحیەی مزوری، ساڵی ١٩٣٨ بەڕێوەبەری ناحیەی زڕباتە، ساڵی ١٩٣٩ بەڕێوەبەری ناحیەی قەرەحەسەن، ساڵی ١٩٤٠ بەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵ بووە، دواتر بەڕێوەبەری ناحیەی پێباز و قادرکەرەم بوو. ساڵی ١٩٤٤ قایمقامی ڕانیە، ساڵی ١٩٤٦ قایمقامی چەمچەماڵ، ساڵی ١٩٤٧ قایمقامی هەڵەبجە، ساڵی ١٩٤٨ قایمقامی سەنتەری سلێمانی، دواتر قایمقامی شێخان، ئاکرێ، ئامێدی، شەقڵاوە و زاخۆ بووە، ساڵی ١٩٦٣ خانەنشین کراوە، ساڵی ١٩٧٠ بووەتە ئەندام و جێگری سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کورد- لقی سلێمانی، ساڵی ١٩٧١ بووەتە ئەندامی کۆری زانیاری کورد و دواجار ساڵی ١٩٧٧ کراوەتە جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی یاساداناني ناوچەی کوردستان. شەوی ١٨ لەسەر ١٩ی ئازاری ساڵی ١٩٨٨ دەستگیر دەکرێت، دوای سێ مانگ لە بێسەروشوێن بوونی لە ٢٧ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٨ لە بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی هەولێر لە سێدارە دەدرێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (بەهادین ئەحمەد (دکتۆر)، شاکر فەتاح (ژیان و بەرهەمە ڕۆژنامەنووسییەکانی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٨؛ زامدار ئەحمەد، شاکر فەتاح لە چەند دیدارێکدا، دەستنووس، بڵاونەکراوە، ٢٠٢٢، ل ٩- ١٠).

(٦٥) حامید فەرەج، ساڵی ١٩١١ لە شاری سلێمانی لە بنەماڵەیەکی بازرگان لەدایکبووە، سەرەتا لە حوجرەی مەلا فاتم خوێندوویەتی، دواتر چووە بۆ خوێندنی فەرمی، تا پۆلی دووەمی ناوەندی لە سلێمانی دەخوێنێت، دواتر دەچێتە بەغدا و ساڵی ١٩٣٤ (دار المعلمین) تەواو دەکات و دەبێتە مامۆستا، دواتر واز لە مامۆستایی

دەهێنێـت و لە سـاڵی ١٩٣٥ دەچێـتە کـۆلێژی سـەربازی و لە سـاڵی ١٩٣٦ بـووەتە ملازمـی دووەم، سـاڵی ١٩٣٨ بـووەتە یاریـدەدەری پۆلیسـی عەمـمارە، لە مـاوەی ژیانیـدا زۆر شـوێنی کـردووە و گەیشـتووەتە بە پـلەی عەقیـد، جـوودا لە کـاری سـەربازی خـاوەنی ئەلفـوبێی کـوردییە، سـاڵی ١٩٩٥ کـۆچی دوایـی کـردووە، وەرگیـراوە لە: (حامیـد فەرەج پیاوێك لە ڕەنگی خاك، ئامادەکردنی جەمال لۆلۆ، دۆکیۆمێنتاری، یوتوب:
https://www.youtube.com/watch?v=bGuAy٠MPAA٤
(٦٦) ئیبراهـیم ئەحـمەد فەتـاح مسـتەفا ڕەشـید غەفـوور حوسـێن، سـاڵی ١٩١٤ لە گەڕەکـی گـۆیژەی شـاری سـلێمانی لەدایکبـووە، سـەرەتا لە حـوجرە خوێنـدوویەتی، سـاڵی ١٩٢٢ چـووەتە قوتابخـانەی نمـوونەیی سـەعادەت، سـاڵی ١٩٢٣ چـووەتە قوتابخـانەی لەتیفیـیە، هەروەهـا چەنـد قوتابخـانەیەکی دیـکەی کـردووە تـا پـۆلی دووەمـی ناوەنـدی لە سـلێمانی تەواو دەکـات، دواتـر لە بەغـدا درێـژە بە خوێنـدن دەدات و سـاڵی ١٩٣٧ کـۆلێژی یاسـای لە بەغـدا تەواو کـردووە و بـووەتە پـارێزەر، یەکێـك بـووە لە کەسـایەتییە دیارەکـانی کوردسـتان، هاوکـات لە بـواری ڕۆژنـامەگەری ڕۆڵـی گەورەی لە پێشخسـتنی ڕۆژنـامەگەری کوردیـدا بینیـوە، لە هەمـان کاتـدا چەنـدین بەرهەمیشـی نووسـیوە، نـاوبراو لە ٨ی نیسـانی سـاڵی ٢٠٠٠ کـۆچی دوایـی کـردووە. بـۆ زانیـاری زیـاتر بـڕوانە: (ئامـانج حەسـەن ئەحـمەد، بـرایم ئەحـمەد ڕۆڵـی لە بزافـی ڕزگـاریخوازی و ڕووناکبیریی گەلـی کـورددا، بڵاوکـراوەی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ١٣- ٢٠).
(٦٧) کـاکە زیـاد کـوڕی حەمە ئاغـای کـوڕی مەحمـوود ئاغـایە، سـاڵی ١٩١٤ لە بنەمـاڵەی غەفووریەکـان لەدایکبـووە، یەکـێکە لە کەسـایەتییە دیارەکـانی نێـو پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان و جێگـری دووەمـی مەلا مسـتەفا بـارزانی بـووە، سـاڵی ١٩٤٨ ئەنـدامی پەرلەمـانی عێـراق بـووە، سـاڵی ١٩٥٢ جـارێکی دیـکە وەکـوو پەرلەمانتـار هەڵـدەبژێردرێتەوە، هەروەهـا کـۆنگرەی چـوارەمی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان لە ڕێککەوتـی ٤-٧ی تشرـینی یەکەمـی سـاڵی ١٩٥٩ لە مـاڵی کـاکە زیـاد لـە شـاری بەغـدا بەسـترا. لە ڕێککەوتـی ١٤ی نیسـانی سـاڵی ١٩٩٢ لە شـاری نەغەدەی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان کـۆچی دوایـی کـردووە، دواتـر تەرمەکەی دەگەڕێنـنەوە شـاری کـۆیە و لە گۆڕسـتانی کەکـۆن بە خـاکی دەسـپێرن. بـۆ زانیـاری زیـاتر بـڕوانە: (عەبـدولخالق عەلائەدیـن، کـۆیە... نـاودارانی، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ٧٢- ٧٦؛ مەولـوود ژاکـاو، کۆییـاتی و خۆییـایەتی ٢٦ (کـاکە زیـادی حەماغـا، گۆڤـاری کەکـۆن، ژمـارە ٥٥، تشرـینی یەکەمـی

٢٠١٨، ل ٤٠؛ پوختەیـــەك دەربـــارەی پـــارتی دیمـــوكراتی كوردســـتان، مـــاڵپەڕی پـــارتی دیموكراتی كوردستان.

https://www.kdp.info/p/p.aspx?p=٦&l=١٣&s=٠١٠٠٠٠&r=٣٤٧

(٦٨) زەكـی كـوڕی ئەحـمەدی كـوڕی عوسـمانی كـوڕی ڕەسـووڵ، نـاسراو بە زەكـی هەنـاری، سـاڵی ١٩٠٩ لە شـاری كـۆیە لەدایكبـووە، خوێنـدنی سـەرەتایی لە كـۆیە تەواو كـردووە، دواتـر (دار المعلمـین الاولیـة)ی تەواو كـردووە و بـووەتە مامۆسـتا، لە مـاوەی ژیانیـدا وەكـوو مامۆسـتا زۆر شـوێنی كـردووە، لەوانە: شـەقڵاوە، هەولێـر، مەجیـداوە... لە سـەردەمی ڕژێمـی بەعـس بەر شـاڵاوی ڕەشـبگیری دەكەوێـت و دەخـرێتە زینـدانەوە. نـاوبراو لە ڕێككەوتـی ٩ی تەممـووزی سـاڵی ١٩٦٧ كـۆچی دوایـی كـردووە. بـۆ زانیـاری زیـاتر بـڕوانە: (كەریـم شـارەزا، كـۆیە و شـاعیرانی، بەرگـی دووەم، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ٣٧- ٤٣؛ عەبدولخالق عەلائەدین، كۆیە... ناودارانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩١- ٢٩٤).

(٦٩) تـاهیری كـوڕی تـۆفیقی كـوڕی ئـاوڕەحمانی كـوڕی حەمەدی شـێخانی‌یە، سـاڵی ١٩٢٢ لە گەڕەكـی بەفـری قەنـدی شـاری كـۆیە لەدایكبـووە، سـاڵی ١٩٢٩ چـووەتە سـوختەخانەی مەلای ڕەش، لەوێ قورئـان و گوڵسـتان و بوسـتانی تەواو كـردووە، سـاڵی ١٩٣٢ چـووەتە قوتابخـانە، سـاڵی ١٩٣٦ دەسـتی بە گـۆرانی گـوتن كـردووە و تـا كۆتاییەكـانی تەمەنیشـی بەردەوام بـووە. نـاوبراو لە ڕێككەوتـی ٢٠ی تشرـینی یەكەمـی سـاڵی ١٩٨٧ كـۆچی دوایـی كـردووە و لە گۆڕسـتانی شـەهیدان بە خـاك سـپێردراوە. بـۆ زانیـاری زیـاتر بـڕوانە: (حوسـێن حـاجی قـادر- ئـاری، ژیـان و بەسـەرهات و هەنـدێ گـۆرانی هونەرمەنـدی گەل تـایەر تۆفیـق، بڵاوكـراوەی سـەنتەری لێكـۆڵینەوە و پەخشـی كـۆیە، چـاپی سـێیەم، چاپخـانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٤، ل ٣٤).

(٧٠) عوسـمان كـوڕی حەبیـب كـوڕی عەبـدوڵلا كـوڕی محەمـمەد كـوڕی عەبـدوڵڵا، لە ڕێككەوتـی ١ی تەممـووزی ١٩١١ لە شـاری كـۆیە لەدایكبـووە، تـاكوو پـۆلی پێنجەمـی خوێنـدووە، دواتـر بە هـۆی كـۆچی دوایـی بـاوكییەوە وازی لە خوێنـدن هێنـاوە، دواتـر لە مزگەوتـی حەتـك لە لای مەلا محەمـمەدی مەلا بـرایمی عەوداڵان هەنـدێك دەرسـی ئـایینی خوێنـدووە، پەیوەنـدی كـۆمەڵایەتی فراوانـی لەگەڵ شـاعیرانی هاوسـەردەمی خـۆی هەبـووە، لە مـاوەی ژیانیـدا وەكـوو كەسـێكی سیاسـی و شـاعیر نـاسراو بـووە. لە ڕێككەوتـی ٢٠ی تەممـووزی ١٩٩٢ كـۆچی دوایـی كـردووە و لە گۆڕسـتانی شـەهیدان بە خـاك

سپێرراوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (دیوانی عەونی، چاپی یەکەم، بێ شوێنی چاپ، ۱۹۹۷، ل ۲۱- ۲۳)

(۷۱) محەممەد کوڕی تۆفیق قەساب کوڕی ڕەشیدە فەندی کوڕی فەرهاد ئاغای دیاربەکرییە، ساڵی ۱۹۲۳ لە گەڕەکی بایزاغای شاری کۆیە لەدایکبووە، قۆناغەکانی خوێندنی بڕیوە و ساڵی ۱۹٤٤ خانەی مامۆستایانی سەرەتایی لە ئەعزەمییە تەواو کردووە و بووەتە مامۆستا، ساڵی ۱۹٤۲ لەگەڵ چەند کەسێکی کۆیی کۆمەڵەی دەنگ دادەمەزرێنن، زۆربەی تەمەنی بە نووسین و سیاسەت بەسەر بردووە، لە ساڵانی (۱۹٥٥- ۱۹۷٥) ۱۹ نامیلکەی بە عەرەبی چاپ کردووە و ٦۲ دەستنووسیشی لە دوا بەجێماوە، لە ۲ی کانوونی یەکەمی ساڵی ۱۹۷٥ کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی شهدا لە بەغدا نێژراوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (ڕەهبەر سەید برایم، سایەی هەیبە سوڵتان، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، ۲۰۰۸، وتاری تۆفیق وردی؛ ڕەهبەر سەید برایم، دەستنووسەکانی ووردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، ۲۰۲۰، ل ۳- ۸).

(۷۲) مەلا حوسێن بابە ڕەسووڵ، ناسراو بە سامی عەوداڵ، ساڵی ۱۹۱۰ لە کۆیە لەدایکبووە، لە سەرەتای تەمەنییەوە هاموشۆی تەکیەکانی گوندی عەودالانی کردووە، ساڵی ۱۹٤۲ بە هۆی بێکاری و برسییەتی دەچێتە تەقتەق و خەریکی چایچییەتی بووە، ساڵی ۱۹٤٥ بە نیازی تووتنەوانی بە خێزانەوە دەچنە بیتوێن، ساڵی ۱۹٥۰ تا ساڵی ۱۹۷۲ لە هەولێر خەریکی پینەدۆزی بووە، دواتر دەگەڕێتەوە کۆیە و لەسەر کارەکەی بەردەوام بووە، ناوبراو لە ڕێککەوتی ۲۰ی کانوونی یەکەمی ۱۹۸٥ کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی دەروێش خدر لە کۆیە بە خاک سپێردراوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (جەواد حەمەد بەگ، بەشێکی تر لە شیعرەکانی سامی عەوداڵ، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەنجەرە، تاران، ۲۰۱٥، ل ٦- ۱۰).

(۷۳) دڵدار، ناوی یوونس ڕەئووف مەحموود مەلا سەعدە، لە ۲۰ی شوباتی ساڵی ۱۹۱۸ لە بنەماڵەی خادم سوجادە لە شاری کۆیە لەدایکبووە، لە تەمەنی ۹ ساڵیدا چووەتە بەر خوێندن، خوێندنی سەرەتایی لە کۆیە و ڕانیە تەواو کردووە، ناوەندی لە هەولێر و ئامادەیی لە کەرکووك خوێندووە، ساڵی ۱۹٤٥ کۆلێژی یاسای لە زانکۆی بەغدا تەواو کردووە، لە ۱۲ی تشرینی دووەمی ساڵی ۱۹٤۸ لە تەمەنی ۳۰ ساڵیدا لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە و لەوێ بە خاك سپێردراوە، دواتر گۆڕەکەی دەگەڕێننەوە شاری کۆیە و لە گۆڕستانی کەکۆن، لە تەك قشڵەی کۆیە بە خاك سپێردرا. (عەبدولواحید ئیدریس شەریف، ڕەنگدانەوەی بیری ناسیۆنالیستی و نەتەوەیی

پێشـكەوتخواز لە سروودەكـانی دڵـداردا، دڵـدار شـاعیر ڕەسـەنایەتی زمـان و شـیعری هـزری نەتەوەیـی، سـێیەمین كۆنفرانسـی نـاودارانی كـۆیە، یـادی سـەد سـاڵەی لەدایكبـوونی دڵـدار (١٩١٨- ٢٠١٨)، بڵاوكـراوەی زانكـۆی كـۆیە، چـاپی یەكەم، چاپخـانەی ڕۆژهەڵات، هەولێـر، ٢٠١٨، ل ٥٠٣).

(٧٤) جەمـال فەتحـوڵا تەیـب، كـۆیە (١٩١٨- ١٩٥٨)، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ١١٧- ١١٨؛ قارەمـان نـادر محەمـەد، بەشـداری دڵـدار لە پـارت و كـۆمەڵە سیاسـییە كوردییەكانـدا ١٩٣٦- ١٩٤٨ (تـوێژینەوەیەكی مێژوویـی سیاسـییە، دڵـدار شـاعیر ڕەسـەنایەتی زمـان و شـیعری هـزری نەتەوەیـی، سـێیەمین كۆنفرانسـی نـاودارانی كـۆیە، یـادی سـەد سـاڵەی لەدایكبـوونی دڵـدار (١٩١٨- ٢٠١٨)، بڵاوكـراوەی زانكـۆی كـۆیە، چـاپی یەكەم، چاپخـانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٨، ل ٢١٧.

(٧٥) ناونـانی كـۆمەڵەی داركەر لە ژێـر كـاریگەری نـاوی كـۆمەڵەی كاربۆنـاری (ڕەژوكەران) ئیتـاڵی ئەو ناوەیـان لە كـۆمەڵەكە نـا، لە نیـوەی یەكەمـی سـەدەی نـۆزدەیەم لە ئیتاڵیـا دامەزرابـوو، كە كاریـان بـۆ ڕزگـار كردنـی ئیتاڵیـا لە دژی داگیـركەر دەكـرد، دڵـدار و هاوڕێكـانی مێـژووی ئەو كۆمەڵەیـان خوێنـدبووەوە و كەوتبـوونە سـەر بیـری ئەوەی بە شـێوەی ئەوان كوردسـتان ڕزگـار بـكەن. (زانـا تەیفـور عەبدولسـەمەد، ڕۆڵـی یـوونس ڕەئـووف (دڵـدار) لە دامەزرانـدنی كـۆمەڵەی داركەر ١٩٣٧ (لێكـۆڵینەوەیەكی مێژوویـی سیاسـییە)، دڵـدار شـاعیر ڕەسـەنایەتی زمـان و شـیعری هـزری نەتەوەیـی، سـێیەمین كۆنفرانسـی نـاودارانی كـۆیە، یـادی سـەد سـاڵەی لەدایكبـوونی دڵـدار (١٩١٨- ٢٠١٨)، بڵاوكراوەی زانكۆی كۆیە، چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٨، ل ٢٣٨).

(٧٦) دڵـزار، نـاوی ئەحـمەد مسـتەفا ئاغـای حەمە ئاغـای حەوێـزییە، سـاڵی ١٩٢٠ لە كـۆیە لەدایكبـووە، سـاڵی ١٩٢٧ لە سـوختەخانەی مەلا ئەسـعەدی ئـاكۆ و مەلا حەبیـب قورئـان و بنچیـنەی خوێنـدنەوە فێـر بـووە، سـاڵی ١٩٢٩ چـووەتە قوتابخـانە و قۆناغەكـانی سـەرەتایی و ناوەنـدی لە كـۆیە خوێنـدووە، لە سـەرەتای چلەكانـدا بـووەتە ئەنـدامی حیزبـی هیـوا و سـاڵی ١٩٤٦ بـووەتە ئەنـدام لە حیزبـی ڕزگـاری نیشـتمانی، سـاڵی ١٩٤٩ پەیوەنـدی بە حیزبـی شـیوعییەوە كـردووە. بـۆ زانیـاری زیـاتر بـڕوانە: (ئەحـمەد دڵـزار، بیرەوەریـی ڕۆژانـی ژیـانم، وەزارەتـی ڕۆشـنبیریی و لاوان، چـاپی یەكەم، چاپخـانەی شـەهاب، هەولێـر، ٢٠١٩؛ كەریـم شـارەزا، كـۆیە و شـاعیرانی، بەرگـی دووەم، سـەرچاوەی

پێشـــوو، ل ١٢٣- ١٢٤). نـــاوبراو لە ڕێککەوتـــی ١٠ی نیســـانی ســـاڵی ٢٠٢١ کـــۆچی دوایـــی کرد و لە گۆڕستانی دەروێش خدر بە خاك سپێردرا.

(٧٧) زامـــدار ئەحـــمەد، ســـێوە و دڵـــدار لە چەنـــد دیدارێکـــدا، چـــاپی یەکەم، چاپخـــانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٢١، ل ٨٥- ٨٧.

(٧٨) ڕەفیـــق حیلمـــی محەمـــمەد ســـاڵح ئامـــان، ســـاڵی ١٨٩٨ لە کەرکـــووك لەدایکبـــووە، ســـەردەمی منـــداڵی لە کەرکـــووك و کفـــری و ســـلێمانی بەســـەربردووە، یەکـــێکە لە کەسـایەتییە سیاسـییەکانی کـورد و سـەرۆکی حیزبـی هیـوا بـووە، لە ڕێککەوتـی ٤ی ئـابی ســـاڵی ١٩٦٠ بە نەخۆشـــی کـــۆچی دوایـــی کـــردووە و لە گۆڕســـتانی گـــردی ســـەیوانی ســـلێمانی بە خـــاك ســـپێردراوە. بـــۆ زانیـــاری زیـــاتر بـــڕوانە: (ناهیـــدە ڕەفیـــق حیلمـــی، بەســـەرهاتی ڕەفیـــق حیلمـــی، بەڕێـــوەبەرایەتی گشـــتی چـــاپ و بڵاوکـــردنەوە، چـــاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٢٣).

(٧٩) ســـەبارەت بە حیزبـــی هیـــوا بۆچـــوونی جیـــاواز لە بـــارەی شـــوێنی دامەزرانـــدنی هەیە، بەشـــێك باوەڕیـــان وایە لە کەرکـــووك و بەشـــێکی دیـــکە باوەڕیـــان وایە لە هەولێـــر دامەزراوە، ئەوەی گـــرنگە حیزبـــی هیـــوا ســـنووری کارکردنیـــان فـــراوان بـــوو، بە شـــێوەیەك گەیشـــتووەتە ئێـــران و تورکیـــا، پەیوەنـــدی لەگەڵ ڕێکخـــراو و گـــرووپە سیاســـییەکانی ئەو دوو وڵاتە هەبـــووە، هەر یەك لە ڕەفیـــق حیلمـــی وەك ســـەرۆك و نـــووری شـــاوەیس وەك جێگـــری ســـەرۆك و دڵـــدار وەك ســـکرتێری حیـــزب کاریـــان کـــردووە. لە دوای مـــاوەیەکی کەم ژمـــارەی ئەنـــدامانییان زۆر بـــووە، هەر کەســـێك بووبـــووایە ئەنـــدام لە حیزبـــی هیـــوا دەبـــوو ســـوێند بە قورئـــان بخـــوات، بە مەرجێـــك لە کـــاتی ســـوێند خـــواردنەکەی دوو کەس لە ئەنـــدامە کۆنەکـــانی حیـــزب ئامـــادە بـــن. وەرگیـــراوە لە: (محەمـــمەد فـــاتیح، حیـــزب و ڕێکخـــراوە سیاســـییە عێراقییەکـــان (١٩١٠- ٢٠١٠)، بڵاوکـــراوەی ئەکادیمیـــای هۆشـــیاری و پێگەیاندنی کادیران، چاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٢، ل ٩٩- ١٠٠).

(٨٠) زانـــا تەیفـــور عەبدولســـەمەد، ڕۆڵـــی یـــوونس ڕەئـــووف (دڵـــدار) لە دامەزرانـــدنی کۆمەڵەی دارکەر ١٩٣٧، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٨.

(٨١) قارەمـــان نـــادر محەمـــمەد، بەشـــداری دڵـــدار لە پـــارت و کـــۆمەڵە سیاســـییە کوردییەکاندا ١٩٣٦- ١٩٤٨، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٥.

(٨٢) مســـتەفا کـــوڕی شـــێخ محەمـــمەد کـــوڕی شـــێخ عەبدولســـەلام کـــوڕی شـــێخ تـــاجەدینە، نـــاسراو بە مەلا مســـتەفا بـــارزانی، لە ١٤ی ئـــازاری ســـاڵی ١٩٠٣ لە نـــاوچەی بـــارزان

هـاتووەتە دونیـاوە، یەكـێكە لە ڕابەرە دیارەكـانی كـورد، تەمەنـی بـۆ بەدەسـتهێنانی مـافە ڕەواكـانی كـورد و بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی كـورد تەرخـان كـردووە، ڕابەرایەتـی شۆڕشـی ئەیلـــوولی كـــردووە لە نێـــوان ســـاڵانی (١٩٦١- ١٩٧٥)، ڕۆژی ١ی ئـــازاری ســـاڵی ١٩٧٩ كــۆچی دوایــی كــرد. بــۆ زانیــاری زیــاتر بــڕوانە: (تــاڤگە حەمكــۆ عەبــدوڵڵا، بــارزانی و بارزانییەكــان (كاریگەرییــان لە پێشــهاتە سیاســییەكانی كوردســتان و عێــراق)، چــاپی یەكەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٩، ل ٣٥- ٥١).

(٨٣) شـێخ لەتیـف شـێخ مەحمـوود شـێخ سـەعید شـێخ مـارف، سـاڵی ١٩١٧ لە سـلێمانی لەدایكبــووە، كــوڕی شــێخ مەحمــوودی حەفیــدە، دوای بە دیــل گیرانــی بــاوكی ڕوویــان لە ڕۆژهەڵاتـــی كوردســـتان كـــردووە و لای ســـمكۆی شـــكاك مـــاوەتەوە، لە دامەزرانـــدنی كۆمـاری مەهابـاد بەشـدار بـووە، بە هـۆی بـوونی لە بنەمـاڵەیەكی نیشـتمانپەروەر ڕۆڵـی كـاری لە بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی كـورد بینیـوە، لە دوای دامەزرانـدنی پـارتی دیمـوكراتی كوردسـتان بـووەتە جێگـری یەكەمـی ئەو حیـزبە، سـاڵی ١٩٥٦ ئەو كـاتەی نـووری سـەعید ســەرۆك وەزیرانــی عێــراق بــوو، شــێخ لەتیـــف دەســـتگیر دەكرێـــت، لە دوای ١٤ی تەممـــووزی ســـاڵی ١٩٥٨ ئـــازاد كـــراوە. نـــاوبراو لە ڕێككەوتـــی ١٢ی ئـــاداری ســـاڵی ١٩٧٢ كــۆچی دوایــی كــرد. وەرگیــراوە لە: (ئەحـمەد حەمەدئەمـین، چەنـد لاپەڕەیەك لە مێــژووی نــوێ و هـــاوچەرخی عێـــراق، ســـەرچاوەی پێشـــوو، ل ١٧١؛ ویكیپیـــدیا: شـــێخ لەتیفـــی حەفید).

https://ckb.wikipedia.org/wiki/%D%AB%٤DBA%E%D%AAE_%D%A٤%٩DB%٩٥%D%AAA%DBA%C%D%A١%٩DBA%C_%D%AAD%DB%٩٥%D%A١%٩DBA%C%D%AAF

(٨٤) جەمـــال فەتحـــوڵا تەیـــب، كـــۆیە (١٩١٨- ١٩٥٨)، ســـەرچاوەی پێشـــوو، ل ١٠٨- ١٠٩- ١٨٩.

(٨٥) عەبـدولكەریم قاسـم محەمـمەد، سـاڵی ١٩١٤ لە گەڕەكـی مەهــدیەی شـاری بەغــدا لەدایكبـــووە، ســـاڵی ١٩٣١ قۆنـــاغی ئامـــادەیی تەواو كـــردووە و بـــووە بە مامۆســـتای سـەرەتایی لە قوتابخـانەی شـامیە و مـاوەی سـاڵێك مامۆسـتا بـووە، دواتـر چـووەتە كـۆلێژی ســەربازی و لە ١٥ی نیســـانی ســـاڵی ١٩٣٤ بـــووە بە مـــلازم لە ســـوپای عێـــراق، لە ١١ی كـانوونی یەكەمـی سـاڵی ١٩٤١ كـۆلێژی ئەركـانی تەواو كـردووە، سـاڵی ١٩٥٥ گەیشـتووەتە پـــلەی زەعـــیم ڕوكـــن، لە دوای ١٤ی تەممـــووزی ســـاڵی ١٩٥٨ بـــووەتە ســـەركردەی گشـــتی

ســوپا و ســەرۆك وەزیــران و وەزیــری بەرگــری، لە ٦ی کــانوونی دووەمــی ســاڵی ١٩٦٣ بــووەتە فەریــق ڕوکــن، لە زۆر شــەڕ و چــالاکی ســەربازی وەك: فەلەســتین و فــورات و بــارزان و زرێبــار بەشــداری کــردووە، لە ئەنجــامی کوودەتــای ٨ی شــوباتی ســاڵی ١٩٦٣دا لە ڕێککەوتــی ٩ی شــوباتی هەمــان ســاڵ بە دەســتی بەعســییەکان لە بەغــدا گوللەبــاران کــرا. وەرگیــراوە لە: (مســتەفا ئیبراهــیم زەلمــی، کــاروانی ژیــانم، چــاپی ســێیەم، نووســینگەی تەفســیر بــۆ چــاپ و بڵاوکــردنەوە، هەولێــر، ٢٠١٣، ل ٥٢٥- ٥٢٨؛ ســەروەر عەبــدولڕەحمان عــومەر (دکتــۆر)، حزبــی شــیوعیی عێــراق و مەســەلەی کــورد (١٩٣٤- ١٩٧٥) (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی- سیاسییە)، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٦).

(٨٦) جەمال فەتحوڵا تەیب، کۆیە (١٩١٨- ١٩٥٨)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٠.

(٨٧) ئەمــین ئاغــا کــوڕی حــاجی بەکــر ئاغــا کــوڕی محەمــمەد ئاغــا کــوڕی حەوێــز ئاغــای حەوێــزی، نــاسراو بە ئەخــتەر، ســاڵی ١٨٣٨ (١٨٣٩) لە کــۆیە لەدایکبــووە، لە کــۆیە دەســتی بە خوێنــدنی ئــایینی کــردووە، لە تەمەنــی ١٥ ســاڵیدا لە جێــی بــاوکی دادەنیشــێت، جــوودا لەوەی شــاعیر بــووە، دیوەخــانی تــایبەتی بە ئەدەب هەبــووە و کــۆڕی شــیعری و ئەدەبــی لــێ ئەنجــام دراوە. نــاوبراو لە ســاڵی ١٨٨٨ کــۆچی دوایــی کــردووە. بــۆ زانیــاری زیــاتر بــڕوانە: (تــاهیر ئەحــمەد حەوێــزی، ئەمــین ئاغــای حەوێــزی (ئەخــتەر)، بڵاوکــراوەی زانکــۆی کــۆیە و چــــاپی یەکەم، ســــەنتەری لاس- کــــۆیە، ٢٠٢٠؛ دەریــــا جەمــــال حەوێــــزی (دکتــــۆر)، دەروازەیەك بــۆ ئەختەرناســی (ئەمــین ئاغــای حــاجی بەکــر ئاغــای حەوێــزی ١٨٣٨- ١٨٨٨)، سەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشی کۆیە، چاپی یەکەم، ٢٠٢٢).

(٨٨) کەیفــی ئەحــمەد عەبــدولقادر، مێــژووی هــونەری شــانۆی کــۆیە لە دەســتپێکەوە تــا ١٩٨٠، کۆنفرانســـی نێـــودەوڵەتی کـــۆیە لە ڕەوتـــی شارســـتانییەتدا، چاپخـــانەی شـــەهاب، هەولێر، ٢٠١٩، ل ٢٦١.

(٨٩) فەرەیــدوون نــووری (دکتــۆر)، بزاڤــی بــارزانی، چــاپی یەکەم، دەزگــای چــاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ٢٤٧.

(٩٠) شــیرزاد زکریــا محمــد (دکتــۆر)، ئەنجــوومەنی ســەرکردایەتی شۆڕەشــی ئەیلــوول لە کوردســتان- عێــراق (تــوێژینەوەیەکی مێژوویــی سیاســی گشــتی ١٩٦٤- ١٩٧٠)، وەرگێڕانــی: هەنــدرێن شــێرزاد، بڵاوکــراوەی ئینســکلۆپیدیای پــارتی دیمــوکراتی کوردســتان و زانکــۆی دهۆك، چاپی یەکەم، بێ شوێنی چاپ، ٢٠٢١، ل ٢١.

(٩١) فەرەیــدوون عەبــدولڕەحیم عەبــدوڵڵا، بــارودۆخی سیاســی کوردســتان- عێــراق (١١ی مــارتی ١٩٧٠- ١١ی مــارتی ١٩٧٤)، چــاپی یەکەم، چاپخــانەی منــارە، هەولێــر، ٢٠٠٨، ل ٢١- ٢٢.

(٩٢) ســەروەر عەبــدولڕەحمان عــومەر (دکتــۆر)، حزبــی شــیوعیی عێــراق و مەســەلەی کــورد (١٩٣٤- ١٩٧٥) ســەرچاوەی پێشــوو، ل ٥٨- ٦١؛ عەبــدولخالق ناســر ئەلعــامری (دکتــۆر)، بــارزانی مســتەفا و دۆزی کــورد لە عێــراق (١٩٣١- ١٩٧٥)، وەرگێڕانــی: ئەرکــان شــارباژێری، بڵاوکــراوەی ئینســکلۆپیدیای پــارتی دیمــوکراتی کوردســتان و زانکــۆی دهــۆک، چــاپی یەکەم، بێ شوێنی چاپ، ٢٠٢١، ل ١٣٧.

(٩٣) عەلــی عەبــدوڵڵا ئەمــین، ســاڵی ١٩٢٦ لە شــاری کــۆیە لەدایکبــووە، بەکالۆریۆســی ئەنــدازیاری بیناســازی لە کــۆلێژی ئەنــدازیاری بەغــدا وەرگرتــووە، ســاڵی ١٩٤١ لە کــۆیە پەیوەنــدی بە ڕیزەکــانی حیزبــی هیــوا کــردووە، ســاڵی ١٩٤٣ لە ڕیــزی کــۆمەڵەی میللەتــدا خەبــاتی کــردووە، ســاڵی ١٩٤٤ ئەنــدامی یەکێتــی تێکۆشــین (وحــدە النضــال) بــووە، ســاڵی ١٩٤٤ ئەنــدامی دەســتەی نووســەرانی گۆڤــاری یەکێتــی تێکۆشــین بــووە، ســاڵی ١٩٤٥ ئەنــدامی مەکتەبــی سیاســی حیزبــی شــۆڕش بــووە، هەروەهــا ســکرتێری حیزبــی ڕزگــاری کــورد بــووە، لە نێــو پــارتی دیمــوکراتی کوردســتان زۆر پــلە و پۆســتی وەرگرتــووە، دوا ئەنــدامی ســەرکردایەتی کــۆنگرەی یەکەم بــوو، کە ٧١ ســاڵ لە ڕیزەکــانی پارتیــدا ســەرکردایەتیی کــرد، نــاوبراو ٢٤ی تشرــینی یەکەمــی ٢٠١٧ لە شــاری هەولێــر کــۆچی دوایــی کــردووە. بــۆ زانیــاری زیــاتر بــڕوانە: (وتــاری عەلــی عەبــدوڵڵا ئەمــین (١٩٢٦- ٢٠١٧)، ماڵپەڕی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، ٢٠٢٢).

https://t.ly/bPQL

(٩٤) نەوشــیروان مســتەفا ئەمــین، پەنجەکــان یەکــتری ئەشــکێنن (دیــوی نــاوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٩- ١٩٨٣)، بێ شوێنی چاپ، ١٩٩٧، ل ٥٥.

(٩٥) شــێخ ئەحــمەد کــوڕی شــێخ محەمــمەد کــوڕی شــێخ عەبدولســەلام، ســاڵی ١٨٩٢ لەدایکبــووە، لە تشرــینی دووەمــی ســاڵی ١٩١٤ لە دوای لەســێدارەدانی شــێخ عەبدولســەلامی دووەمــی بــرای دەســەڵاتی تەواوی نــاوچەی زێبــار دەگــرێتە ئەســتۆ، مێــژووی شــێخ ئەحــمەد بــارزانی پــڕە لە ململانــێ و شــۆڕش دژ بە دەســەڵاتی عێــراق، دوای کۆتــایی شۆڕشــی یەکەمــی بــارزان لە مــانگی حــوزەیرانی ســاڵی ١٩٣٢ پەنــای بــردووەتە بەر تورکیــا، پاشــان لە ســاڵی ١٩٣٤ گەڕاوەتەوە بــۆ عێــراق، ســاڵی ١٩٤٣ جــارێکی دی لە

سەروبەندی شۆڕشی دووەمی بارزان دژی حکومەت ڕاپەڕی و لە تشرینی سالّی ١٩٤٥ پەنای بردووەتە بەر ئێران، دوای شۆڕشی سالّی ١٩٥٨ وازی لە کاری سیاسی هێناوە، لە ١١ی کانوونی دووەمی سالّی ١٩٦٩ کۆچی دوایی کردووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (مستەفا محەمەد کەریم (دکتۆر)، پێشهاتە سیاسییەکانی دەڤەری بارزان لە ماوەی سالّانی ١٩٠٢- ١٩٣٢، بلاّوکراوەی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆکسانا، هەولێر، ٢٠٢٢، ل ٤٠).

(٩٦) سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر (دکتۆر)، حزبی شیوعیی عێراق و مەسەلەی کورد (١٩٣٤- ١٩٧٥) سەرچاوەی پێشوو، ل ٦١.

(٩٧) فەرەیدوون نووری (دکتۆر)، بزاڤی بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٥.

(٩٨) فەرەیدوون نووری (دکتۆر)، بزاڤی بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٧.

(٩٩) ڕۆژنامەی خەبات لە دوای ڕۆژنامەی ڕزگاری بە دووەم ئۆرگانی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق دادەنرێت، کە لە ٤ی نیسانی سالّی ١٩٥٩ تاکوو ٢٨ی ئازاری سالّی ١٩٦١ بە ئاشکرا دەرچووە، تا ئەو ڕۆژەی داخرا ٤٦٢ ژمارەی لێ دەرچووە، ڕاگرتنی خەبات پەیوەندی بە کێشەکانی نێوان حکومەتی عەبدولکەریم قاسم و کورد هەبوو، بۆیە کێشەیان بۆ ڕۆژنامەکە دروست کرد. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (نەوزاد عەلی ئەحمەد، خەبات: ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان (نیسانی ١٩٦٢- کانوونی دووەمی ١٩٦٤)، لە بلاّوکراوەکانی بنکەی ژین، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٩- ١٤).

(١٠٠) ڕێباز دلاوەر عومەر، پێگەی باڵەکایەتی لە شۆڕشی ئەیلوولدا (١٩٦١- ١٩٧٥)، بلاّوکراوەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان و زانکۆی دهۆك، چاپی یەکەم، بێ شوێنی چاپ، ٢٠٢١، ل ٦١- ٦٢.

(١٠١) ڕەفیق ڕەحمان مام خول، ڕۆڵی حیزبی شیوعی عێراق لە شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦٣- ١٩٧٠ (توێژینەوەیەک لە مێژووی سیاسی)، تێزێکی دکتۆرای بلاّونەکراوەیە و پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر کراوە، ٢٠٢٢، ل ١٩.

(١٠٢) دەستووری کاتی ٢٧ی تەممووزی سالّی ١٩٥٨، لە دوای کوودەتای ١٤ی تەممووزی سالّی ١٩٥٨ نووسراوە، کە لە ٤ دەروازە و ٣٠ مادده پێکهاتووە، هەروەها لە پێشەکی دەستوورەکەدا هاتووە: "ئەو جووڵانەوە نیشتمانییانەی سوپای عێراق پێی

هەســـتا بە پاڵپشـــتی و پشـــتیوانی گەل لە ١٤ی تەممـــووزی ســـاڵی ١٩٥٨ ئامـــانجی ســەروەری گەل و کــار کــردن بــوو لە ســەر ڕێگــری کردنــی لە دەســتدرێژی کــردنە ســەری و دەســتەبەری مافەکـــانی هاووڵاتییـــان و پاراســـتنی، لەبەر ئەوەی دەســـەڵاتی پێشـــوو لە وڵاتــدا، کە تــوانرا لە نــاو ببرێــت، کە لە ســەر بنەمــای گەنــدەڵی سیاســی بنیــات نرابــوو، بە شــێوەیەك دەســەڵاتەکە لە لایەن ئەو تاکــانەوە داگیــر کرابــوو کە وڵاتیــان بەڕێــوە دەبــرد، لە ســـەر بنەمـــای پـــێچەوانەی ویســـتی زۆریـــنە و لە دژی بەرژەوەنـــدی گەل بە شـــێوەیەك ئامـــانجی دەســـەڵات لەوەدا هێنـــانەدی ســـوودی خۆیـــان و پاراســـتنی بەرژەوەنـــدییەکانی داگیـــرکەران و جێبەجـــێ کردنـــی مەبەســـتەکانی بـــوو، هەر وەك لە بەیـــانی یەکەمـــدا هـــاتووە، کە بــۆ خەڵــك بڵاوکــرایەوە لە ڕۆژی ١٤ی تەممــووزی ســاڵی ١٩٥٨، لە ســەرەتای جـــووڵانەوەی نیشـــتمانی کە ڕووخـــانی ڕژێمـــی دەســـەڵاتی پاشـــایەتی و دامەزرانـــدنی کۆمـــاری عێـــراق لەخۆدەگرێـــت. ئـــێمە بە نـــاوی گەلەوە لەکـــارکەوتنی یاســـای بنەڕەتـــی عێـــراقی و ســـەرجەم هەموارکراوەکـــانی ڕادەگەیەنـــین لە ١٤ی تەممـــووزی ســـاڵی ١٩٥٨ەوە و لە ئارەزوومــان بــۆ جێگیــر کردنــی بنەماکــانی دەســەڵات و ڕێکخســتنی مــاف و ئەرکەکــان بــۆ هەمــوو هاووڵاتییــان جــاڕی ئەم دەســتوورە کــاتییە دەدەیــن بــۆ کــارپێکردن بە دادکارییەکــانی لە مــاوەی گواســتنەوە تــاکوو دەســتوورێك دادەنرێــت" (دەســتووری کــاتی عێـراق، ١٩٥٨). هەڵــبەت ئەم دەســتوورە بەردەوام بــوو، تــا دەرچــوونی دەســتووری کــاتی لە ٢٩ی نیسانی ساڵی ١٩٦٤ (دەستووری کاتی عێراق، ١٩٦٤).

(١٠٣) عەبــدولخالق ناســر ئەلعــامری (دکتــۆر)، بــارزانی مســتەفا و دۆزی کــورد لە عێــراق (١٩٣١- ١٩٧٥)، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٧.

(١٠٤) ســەنگەر ئیبراهــیم خۆشــناو (مــوقەدەم ڕوکــن)، ڕووداوە ســەربازییەکانی شۆڕشــی ئەیلـــوول (١٩٧٠- ١٩٧٥)، بڵاوکـــراوەی دەســـتەی ئینســـکلۆپیدیای پـــارتی دیمـــوکراتی کوردستان، چاپخانەی دانیشفەر، هەولێر، ٢٠٢٢، ل ٧- ٨.

(١٠٥) لە نـــووسراوێکی نهێنـــی ئەمنـــی هەولێـــر لە ١٦ی شـــوباتی ١٩٦١دا ئامـــاژە بەوە کــراوە، کە بــارزانی شــەوی ١٥-١٦ی شــوباتی ســاڵی ١٩٦١ گەیشــتووەتە هەولێــر و شــەو لە مـــاڵی عەلـــی عەبـــدوڵلا مـــاوەتەوە، دوای چـــاوپێکەوتنی عەلائەدیـــن مەحمـــوود (١٩٥٨- ١٩٦٢)ی موتەســـەریفی هەولێـــر، ســـەر لە بەیـــانی ڕۆژی ١٦ی شـــوبات ڕووی کـــردووەتە بــارزان تــا مــانگی ڕەمەزان لەوێ بەســەر ببــات. وەرگیــراوە لە: (بورهــان حــاتەم گۆمەتــاڵی (دکتـــۆر)، مســـتەفا بـــارزانی لە بەڵگەنـــامە نهێنییەکـــانی حکـــومەتی عێـــراقدا (١٩٤٧-

١٩٧٠)، بڵاوکراوەی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی دانیشفەر، ٢٠٢٢، ل ١٨).

(١٠٦) جەلال شێخ حیسامەدین، ناسراو بە جەلال تاڵەبانی (مام جەلال)، ساڵی ١٩٣٢ لە خانەوادەی شێخەکانی تاڵەبانی لە گوندی کەلکان لەدایکبووە، لە تەمەنی چوار ساڵیدا ماڵیان چووەتە کۆیە، ساڵی ١٩٤٧ بووە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان، ساڵی ١٩٥٩ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە کۆلێژی حقوق بەدەست هێناوە، یەکێکە لە کەسایەتییە دیارەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ڕابەرایەتی شۆڕشی نوێی کوردی کردووە... لە ١ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ دەستەیەك لە هاوڕێیانی لە دیمەشق یەکێتی نیشتمانی کوردستانی دامەزراندووە، لە دوای کۆتایی ڕژێمی سەددام حوسێن بۆ دوو خول سەرۆك کۆماری عێراق بووە. ڕۆژی ٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧ کۆچی دوایی کرد و لە سلێمانی بە خاك سپێردرا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (خەلیل عەبدوڵڵا، تاڵەبانی جۆرج واشتنۆن عێراق، بڵاوکراوەی مەکتەبی بیر و هۆشیاری یەکێتی نیشتمانی کوردستان، چاپی دووەم، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٧- ١٩؛ ڕەهبەر سەید برایم، سێوەکەی دڵ (مام جەلال) نامە و وێنە ١٩٣٢- ٢٠١٧، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، ٢٠١٩، ل ٨- ٢٩).

(١٠٧) عومەر مستەفا، ناسراو بە عومەر دەبابە، لە ١٦ی ئابی ساڵی ١٩٢٣ لە شاری کۆیە لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە کۆیە و ئامادەیی لە کەرکووك تەواو کردووە، ئەو کاتەی خوێندکار بووە، بووەتە ئەندامێکی چالاکی حیزبی هیوا، دواتر لە بەغدا کۆلێژی یاسای تەواو کردووە، یەکێکە لە سەرکردە دیارەکانی شۆڕشی ئەیلوول و بزاڤەکانی دیکەی ڕزگاریخوازی کورد. ناوبراو لە ڕێککەوتی ٢٩ی کانوونی دووەمی ١٩٩٢ کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی کەکۆن بە خاك سپێردرا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (کاکە مەم بۆتانی، کاکی کاکان لە یادەوەری هاوەڵانیدا، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٧، ل ٧- ١٦؛ کەریم شارەزا، تێکۆشەری کوردپەروەر عومەر دەبابە (١٩٢٣- ١٩٩٢)، قامووسی ناوە نەمرەکان، ئامادەکردن و سەرپەرشتی مومتاز حەیدەری، هێرش سنجاوی، کاروان قاسم، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٤، ل ٣٤٨- ٣٤٩).

(١٠٨) ساڵح کوڕی عەبدوڵڵا کوڕی نەجمەدین، ناسراو بە سەیدا ساڵح یووسفی، ساڵی ١٩١٨ لە گوندی بامەڕنێی سەر بە قەزای ئامێدی لەدایکبووە، کۆلێژی شەریعەی لە

بەغـدا تەواو کـردووە، یەکـێکە لە دامەزرێنەرانـی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان، زۆربەی تەمەنـی لە نێـو سیاسـەتدا بەسـەر بـردووە، سـاڵی ١٩٤٥ یەکێـك بـووە لە دامەزرێنەرانـی پـارتی ڕزگـاری کـورد و دامەزرێـنەری بـزووتنەوەی سۆسیالیسـت، هەروەهـا لە کـۆمەڵەی بروسـك و دارکەران و هیـوا کـاری کـردووە، لە هەمـان کاتـدا لە بـواری ڕۆژنامەگەریشـدا کـاری کـردووە، نـاوبراو لە ٢٥ی حـوزەیرانی سـاڵی ١٩٨١ لە ڕێـگەی نـامەیەکی مینرێژکـراو لە بەغـدا تیـرۆر کـرا. بـۆ زانیـاری زیـاتر بـڕوانە: (زوزان صـالح الیووسـفي، صـالح الیووسـفي (١٩١٨- ١٩٨١) صـفحات مـن حیاتـة ونضـاله الـوطني مـع دیـوانه الشـعري الکامـل، طبعـة اول، مطبعة هاوار، دهوك، ٢٠٠٩، ص ١٥- ٣٠).

(١٠٩) فـارووق محەمـمەد محەمـمەد ئەمـین، شۆڕشـی ئەیلـوول لە ململانێـی هەرێمـی و نێودەوڵەتیـدا (١٩٦١- ١٩٧٥)، شۆڕەشـا ئەیلـوولێ وەرچەرخـانەك د دیرۆکـا سیاسـی یـا کوردیـدا، کۆنفرانسـا هەڤـبەش یـا دەسـتەیا ئینسـکلۆپیدیا پارتیـا دیموکراتـا کوردسـتانێ و زانکۆیا دهۆکی، چاپی یەکەم، بێ شوێنی چاپ، ٢٠٢١، ل ١٠٥- ١٠٦.

(١١٠) دەستووری کاتی عێراق، ١٩٥٨.

(١١١) نەوشـیروان مسـتەفا ئەمـین، پەنجەکـان یەکـتری ئەشـکێنن (دیـوی نـاوەوەی ڕووداوەکـانی کوردسـتانی عێـراق ١٩٧٩- ١٩٨٣)، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ٥٩؛ کەوسـەر عەزیـز گەلاڵـی، باشـووری کوردسـتان لە سـاڵی (١٩٥٨)ەوە تـا ئەمـڕۆ، چـاپی یەکەم، چاپخانەی کاروان، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٣٣.

(١١٢) تـاڤگە حەمکـۆ عەبـدوڵڵا، بـارزانی و بارزانییەکـان (کاریگەرییـان لە پێشـهاتە سیاسییەکانی کوردستان و عێراق)، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٦- ١٨٧.

(١١٣) ڕەفیـق ڕەحـمان مـام خـول، ڕۆڵـی حیزبـی شـیوعی عێـراق لە شۆڕشـی ئەیلـوول ١٩٦٣- ١٩٧٠، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١.

(١١٤) عەزیـز شـەریف، سـاڵی ١٩٠٩ لە شـارۆچکەی (عـانە)ی سـەر بە پارێزگـای ڕومـادی لەدایکبـووە، سـاڵی ١٩٣٦ بـووەتە ئەنـدامی پەرلەمـانی عێـراق، لە کەسـایەتییە یەکەمەکـان بـووە کە پەیوەنـدی بە حیزبـی شـیوعی عێـراق و ڕێکخـراوی ئیسـلاح کـردووە، لە سـییەکاندا کـۆلێژی مـافی تەواو کـردووە و بـووە بە حـاکمی بەسـڕە، دواتـریش بـووە بە ئەنـدامی دادگـای تێهەڵچـوونەوە، سـاڵی ١٩٤٦ پـارتێکی بە نـاوی (حیـزب ئەلشـەعب) دامەزرانـدووە، سـاڵی ١٩٦٠ خەڵاتـی لینینـی لە پـای تێکۆشـانی بـۆ بەرقەرار کردنـی ئاشـتی پێـدراوە، لە سـاڵانی (١٩٦٣- ١٩٧٠) لە ڕیزەکـانی پێشـمەرگەی کوردسـتان بـۆ مـاوەیەکی

درێـــژ مـــاوەتەوە، لە کۆتاییەکـــانی ســـاڵی ١٩٦٩ بـــووەتە وەزیـــری داد، یەکێـــك لەو کەســـایەتییانە بـــووە کە هەوڵـــی هێنـــانە ئـــارای بەیاننـــامەی ١١ی ئـــازاری ســـاڵی ١٩٧٠ی داوە، ســـاڵی ١٩٩٠ کـــۆچی دوایـــی کـــردووە. وەرگیـــراوە لە: (فەرەیـــدوون عەبـــدولڕەحیم عەبـــدوڵڵا، بـــارودۆخی سیاســـی کوردســـتان- عێـــراق (١١ی مـــارتی ١٩٧٠- ١١ی مـــارتی ١٩٧٤)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠).

(١١٥) ڕەفیـــق ڕەحـــمان مـــام خـــول، مســـتەفا بـــارزانی (ڕۆڵ و هەڵوێســـتی لە پێشـــهاتە سیاســـییەکاندا ١٩٥٨- ١٩٧٠)، چـــاپی دووەم، چاپخـــانەی شـــەهاب، هەولێـــر، ٢٠١٣، ل ١٠٩.

(١١٦) عەبـدولخالق ناسـر ئەلعـامری (دکتـۆر)، بـارزانی مسـتەفا و دۆزی کـورد لە عێـراق (١٩٣١- ١٩٧٥)، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٤.

(١١٧) نەوشـیروان مسـتەفا ئەمـین، پەنجەکـان یەکـتری ئەشـکێنن (دیـوی نـاوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٩- ١٩٨٣)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٠- ٦١.

# بەشی دووەم

## پێگەی کۆیە لە شۆڕشی ئەیلوولدا

## (١١ی ئەیلوولی ١٩٦١- ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣)

### باسی یەکەم

### شۆڕشی ئەیلوول لە کۆیە

### (١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ تا ٨ی شوباتی ١٩٦٣)

### باسی دووەم

### بارودۆخی کۆیە لە کوودەتای یەکەمی بەعسییەکان

### (٨ی شوباتی ١٩٦٣- ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣)

**بەشــی دووەم: پــێگەی کــۆیە لە شۆڕشــی ئەیلــوولدا (١١ی ئەیلــوولی ١٩٦١- ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣)دا**

**باســی یەکەم: شۆڕشــی ئەیلــوول لە کــۆیە (١١ی ئەیلــوولی ١٩٦١ تــا ٨ی شــوباتی ١٩٦٣)**

لە کۆتــایی ســاڵی ١٩٦٠ و ســەرەتای ســاڵی ١٩٦١ بــارودۆخی کــۆیە بەرەو هەڵــدێر دەچــوو، ڕەشــبینییەك لە نــاو خەڵکــدا پەیــدا بووبــوو، چــونکە هەواڵــی هــاتنی ســوپای عێــراق و داگیــر کردنــی کــۆیە لە ئــارادابوو[١]. هەر لەو ســەروبەندەدا و لە هــاوینی ســاڵی ١٩٦١ لە قەزاکــانەوە لیــژنە بــۆ تەخمینــی بەرهەمــی کشــتوکاڵ دەچــوونە ناوچەکــان، دەشــتی کــۆیەش لە لایەن بەڕێــوەبەری نــاحیەی تەقتەقەوە دەفرســا، لەو کــاتەدا (مەحمــوودی کــاکە زیــادی غەفــووری[٢]) بــێ پرســی بــاوکی لیــژنەکەی ڕاونــا و بەرەو تەقتەق گەڕانەوە، خۆشــی بە تاقمێــك چەکــدارەوە چــووە چیــا[٣]، ئەوجــا ئاغاکــانی پشــدەر و ڕانــیە پشــتگیرییان کــرد و ســەر لەبەری نــاوچەکە خەریکــی خــۆ تەیــار کــردن و خــۆ ڕێــك خســتن بــوون[٤]. دەکرێــت بڵێــین کــاردانەوەی مەحمــوودی کــاکە زیــادی کــۆیە، پەیوەنــدی بەو بــارودۆخە گشــتییەی کوردســتانەوە هەبــوو، چــونکە لەو ســەردەمەدا پەیوەنــدی نێــوان ســەرکردایەتی کــورد و حکــومەتی عێــراق لە قۆنــاغێکی ئــاڵۆزدا بــوو، لە ســەرجەم نــاوچە و شــارەکانی کوردســتان خەڵــك خەریکــی خــۆ ئامــادە کــردن و خــۆ ڕێکخســتن بــوون، تــا ڕووبەڕووی حکــومەتی عێــراق ببــنەوە، ئەمەش بــووە دەروازەیەك بــۆ ئەوەی مەحمــوودی کــاکە زیــاد لە ژێــر کــاریگەری بــارودۆخی ئەوســای کــورد لە کــۆیەوە ڕووبەڕووی حکــومەتی عێــراق ببێــتەوە، کە دواجــار بــووە دەســتپێك و ئامادەکــاری شــۆڕش، چــونکە عەبــدولکەریم قاسم کاردانەوەی لە بەرانبەردا نواند.

لەو کاتانەشــدا مەکتەبــی سیاســی پــارتی دیمــوکراتی کوردســتان، پێشــنیازی کــرد، کە لە سەرتاســەری کوردســتاندا مــانگرتن لە شــارەکان دەســت پــێ بکــات و خەبــات

بگــوازرێتەوە بــۆ شــارەکان، لە جیــاتی ئەوەی لە دەســت لادێــدا بێــت، بــۆیە لە ٦ی ئەیلــوول لە ســەر داوای پــارتی، لە شــارەکانی: کەرکــووك، ســلێمانی، هەولێــر، کــۆیە، ڕانـیە، زاخـۆ، دهـۆك، ئامێـدی و شـێخان، ئەتـروش و هەمـوو شـارەکانی دی کوردسـتان مــانگرتنێکی گشــتی ســەرکەوتوو ئەنجــام درا، جەمــاوەر لە شــارەکاندا چالاکیــان لە شــێوەی مــانگرتن و خۆپیشــاندان دەنوانــد، داخوازییەکانیــان بە شــێوەی عەریــزە و بروسـکە بـۆ حکـومەت لە بەغـدا بەرز کـردەوە[٥]. بەڵام ئەمە هیچـی ئەرێنـی بەدوادا نەهــات و عەبــدولکەریم قاســم لەســەر بــاوەڕی خــۆی پێــداگر بــوو. جێــی خــۆیەتی بگوترێـــت ئەم پشـــتگیری و پاڵپشـــتییەی خەڵکـــی شـــارەکانی کوردســـتان، بـــووە هۆکارێـك بـۆ ئەوەی سـەرکردایەتی کـورد پـتر جەخـت لە سـەر داخوازییەکـانی گەلـی کـورد بــکەنەوە، چــونکە دڵنیــا بــوونەوە لەوەی کە خەڵکــی کوردســتانیش دەیانەوێــت لە ژێر ئەو دەسەڵات و بارودۆخە ڕزگاریان بێت.

عەبــدولکەریم قاســم جموجۆڵەکــانی بــۆ هێــرش کــردن دەســت پــێ کــرد و بەر لەوەی حکـومەتی عێـراق بگـاتە کـۆیە، ڕۆژانە بە فـڕۆکە دەوروبەری شـار و گونـدی بۆردوومــان دەکــرد، بەم هــۆیەوەش زۆر هــاووڵاتی مەڕ و ماڵاتیــان لە نــاو چــوون، لە هەمــان کاتــدا خەڵکــیش دەترســا لەوەی ڕۆژێــك بە چەنــد فــڕۆکەیەك قــڕان بــۆ خەڵکــی شــارەکەش بێــت، بــۆیە لە ترســان و بــۆ خۆشــاردنەوە لە فڕۆکەکــانی حکـومەت ڕووە شـاخ بەڕێ کەوتـن و مـاوەیەك لە ئەشـکەوت و شـاخ مـانەوە[٦]. لە ڕاسـتیدا خەڵـك هەڵسـوکەوتی نەیـاران و دوژمنـانی کوردیـان ئەزمـوون کردبـوو، تـا ڕادەیەك لەوە دڵنیـا بـوون، کە لە کـاتی هـاتنی حکـومەتی عێـراق بـۆ کوردسـتان، بە تووندی ڕووبەڕووی خەڵـك دەبـنەوە، هەم لە ئـازاردان، هەم لە چەوسـاندنەوە، تەنانەت کوشتنیش.

تەنیـا بەسـاڵاچووان و ژمـارەیەك لەو فەرمـانبەرانە مـابوونەوە کە بژێـوی ژیانیـان دەیخواسـت بێنـنەوە، لە هەمـان کاتـدا فـڕۆکە ڕێگـا دەرەکییەکـانی کـۆیە، بەتـایبەتی ڕێگـای ڕانـیەی بۆردوومـان کـرد و دەسـتی لە خەڵکـی مەدەنـی و خێـزان نەپاراسـت، لە ئەنجــامی بۆردوومانــدا ژمــارەیەکی زۆر لە خەڵکــی پیــر و منــداڵ و ئــافرەت بەرکەوتن، تەنانەت هەندێك لە شۆفێرانی ئۆتۆمبێلی کرێش بریندار بوون[٧].

ڕۆژێك بەر لە دەستپێكی شۆڕشی ئەیلوول لە كوردستان، واتە ڕۆژی ١٠ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ دوو فڕۆكەی جەنگی نەشرەی[٨] پڕ هەڕەشە و گوڕەشەیان بەسەر شاری كۆیەدا بڵاوكردەوە[٩]. ڕۆژێك دواتریش هێرشێكی لەناكاوی بە فڕۆكەی جەنگی كردە سەر پێشمەرگە لە كۆیە، گەڵی زاخۆ، دەربەندیخان، دەربەندی بازیان و چەند شوێنێكی دی[١٠]. ئەو هێزەی سوپای عێراقی بە سەركردایەتی موقەددەم (كافی نەبەوی[١١]) لە كەركووكەوە ڕووی كردە كۆیە[١٢].

لە كاتی هاتنی سوپای سەربازی حكومەت بۆ كۆیە، هەر لە لای گوندی شیواشۆكەوە دوو فڕۆكە دەستیان بە بۆردوومان كرد، ئەوجا چەند قومبەلەیەكییان فڕێدا، هەروەها كرێكارێكی لاوی كوشت، كە لە ناو ئۆتۆمبیلێكدا بەرەو كار دەچوو، هاوكات (حەمە بەگرەز[١٣])یش لە لای گوندی (تۆپزاوا[١٤]) بریندار بوو[١٥]. واتە حەمە بەگرەز، یەكەمین برینداری پێشمەرگەیە لە شۆڕشی ئەیلوولدا، كە لە لایەن فڕۆكە جەنگییەكانی سوپای ئەو كاتی عێراق بە سەختی بریندار بوو[١٦]. هەر لەو ڕۆژەشدا كەسێكی گوندی چنارانی بناری كۆسرەت بە ناوی بایز ئاغای چناران بریندار دەبێت[١٧]. دەستپێكی ئەم ڕووداوانە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوولەوە هەیە، چونكە ئەگەر شۆڕش نەبووایە حكومەت هێرشی نەدەكردە سەر ناوچە كوردنیشنەكان، بەو مانایەی ئەمەی ڕوویدا پەیوەندی بە پاڵپشتی خەڵكی كۆیە بۆ شۆڕش هەبوو.

ئەو كاتەی حكومەتی عێراق بە هێزی زەمینی و ئاسمانی گەیشتبوونە كۆیە، لۆرییەكی پڕ لە كرێكار كە هەموویان خاكەنازیان پێ بوو، بە مەبەستی چاككردنی ڕێگا بەرەو هەیبەت سوڵتان دەچوون، بەڵام لە لایەن فڕۆكەكانی حكومەتی عێراقەوە بۆردوومان كران، لە ئەنجامدا كەسێك شەهید بوو و چەند كەسێكیش بریندار بوون[١٨]. ئەگەرچی حكومەتی عێراق بە مەبەستی پێشگرتن لە چالاكی و جموجۆڵەكانی شۆڕشی ئەیلوول هاتبوونە شارەكە و ویستی ڕێگرییان لە پێشمەرگە هەبوو، بەڵام بە هۆی بۆردوومان كردنی ئەو كرێكارانە دەردەكەوێت، كە حكومەت ویستی لە ناوبردنی خەڵكی مەدەنیشی هەبووە، بۆ

پاڵپشتی ئەم بڕوایەش دەکرێت بۆردوومان کردنی شارەکە بە نموونە بهێنینەوە، لە کاتێکدا خەڵکی شارەکە هاووڵاتی مەدەنی بوون.

لە لایەکی دیکەوە کاتێك چەند پێشمەرگەیەك لە دیوی چنارۆکەوە دەیانەوێت بچنە کۆیە تا هاوکاری پێشمەرگە بکەن، کاتێك دەگەنە سەر چیای هەیبەت سوڵتان فڕۆکە دەبینن، ئەوانیش لە ئۆتۆمبێلەکە دادەبەزن و تەقە لە فڕۆکە دەکەن، لە بەرانبەردا فڕۆکەکە بۆردوومانی ناوچەکە دەکات و ئۆتۆمبێلەکە دەسووتێت[١٩]. ئەمە ئیرادە و بەهێزی پێشمەرگە لەو سەردەمەدا نیشان دەدات، چونکە پێشمەرگە بە چەکەوە ڕووبەڕووی فڕۆکەی حکومەتی عێراق دەبنەوە و شەڕیان لەگەڵدا دەکەن، لە کاتێکدا تەنیا چەکی سووکیان لا بووە.

سەبارەت بە دەستپێکی شۆڕشی ئەیلوول لە کۆیە (مەسعوود محەممەد[٢٠]) کە خۆی لە نێو ڕووداوەکاندا بووە، دەڵێت: "ڕۆژی ١٠ی ئەیلوول دەمە و عەسر فڕۆکەیەکی مۆدێل کۆنی تەنبەڵ بەسەر شاردا تێپەڕی و بەیاننامەیەکی هەڕەشەی بە هەزاران نوسخە فڕێدا، کە وا سبەینێ لەشکر بەرەو کۆیە دێت، هەر بەرهەڵستی و دەست کردنەوەیەک بەرانبەر لەشکر بکرێت شارەکە کاول دەبێت، بەیانی ڕۆژی ١١ی مانگ لە بانی کۆشک بە جارێ بە سەر چارپاوە ڕاکشابووم، ڕۆژیش گزنگی نەدابوو دیتم لە لای ڕۆژئاوای جنوبییەوە دوو فڕۆکە وەکوو دوو برا داهاتنە زەوی و دووکەڵی تەمەنیشیان بە دوایانەوە شریتەی پێچەڵ پێچی دەکێشا. زانیم ئەم هێرشە بۆ سەر نوختەی تەفتیشی چەکدارەکان بوو، کە لە سێ کیلۆمەتری شارەوە بە سەر سێ ڕێیانی هەولێر و کەرکووک و کۆیەوەیان ساز دابوو. یەکسەر ڕاست بوومەوە، دەنگی خەڵقمدا کە لە سەربانان نەمێنن، نەکا بێلزووم ببنە ئامانجی شەستیری فڕۆکەی گێچەڵاوی. نەختێک بێباکی وەیا نە شارەزایی سەری کێشایەوە بۆ ئەوەی پیکەپێکی کۆمەڵە کرێکارێکی سواربوو بوو لە ڕۆخ شارەوە بۆ سەر ئیشی خۆیانی دەبردن فڕۆکەیان گەیشتێ و گوللەبارانی کردن و کرێکارێک کوژرا[٢١]."

هەروەها (حەمید ڕەشاش[٢٢]) کە ئەو کاتە لە کۆیە بووە، لەم بارەیەوە دەڵێت: "شەوی ١١ی ئەیلوول نامەیەکم بە دەستی شێخ ئەحمەد شێخ عەبدولکەریم بۆ عەریف سلێمان و حەمید کاوانی نارد، ئاگادارم کردنەوە کە بەیانی فەوجی ٣ی لیوای ٣ بە پاڵپشتی فڕۆکە و تۆپی گەورەوە بەرەو کۆیە بەڕێ دەکەوێت، بۆیە ئاگادار بن ئەندامانی حیزب لە ناو فەوجەکە ئاگادار کراوەتنەوە، ئەگەر بووە شەڕ تەقەتان لێ نەکەن و تەقەکان ڕوو لە ئاسمان دەکەن، لە کاتی خۆبەدەستەوەدانیش پەڕۆی سپی بەرز دەکەنەوە، ئەو هێرشە بووە ڕۆژی یەکەمی دەست پێ کردنی شۆڕشی ئەیلوول، ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی زۆر ناخۆش بوو، فەوجەکەی ئێمە سەر لە بەیانی ڕۆژی ١١ی ئەیلوول بەرەو کۆیە بەڕێکەوت، پێش ئێمە فڕۆکەکان ڕێگایان پاك کردەوە، بە بەردەوامی لە ئاسمانی نێوان هەولێر و کۆیە هاتووچۆیان دەکرد، تۆپە گەورەکانیش چیاکانیان تۆپباران دەکرد، فەسیلی ئێمە پێشەنگی فەوجەکە بوو، ئەو ڕۆژە تا ئێوارە هەر بە ڕێگاوە بووین، بەڵام تووشی شەڕ نەبووین، ئەو کاتە فڕۆکە لە قوتابخانەیەکی دابوو. ئێمە ماوەی ٣ ڕۆژ لە کۆیە ماینەوە، ڕۆژانە چەند جار فڕۆکەکان بۆردوومانی شاخی هەیبەت سوڵتانیان دەکرد[٢٣]." ئەمەش ئەو ڕاستییە دووپات دەکاتەوە کە تەنیا خەڵکی مەدەنی هاوکاری پێشمەرگەیان نەکردووە، بەڵکوو بەشێك لە کوردانەی لە نێو سوپای عێراقدا بوون هەماهەنگیان لەگەڵ پێشمەرگە هەبووە، بە مەبەستی سەرخستنی بەرەوپێشبردنی شۆڕش.

لە سەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول گوند و ناوچەکانی کۆیە بەشداری چالاکانەیان لە شۆڕشەکە کرد[٢٤]. هەروەها لە سەرەتاوە مەحموود ئاغای کاکە زیاد ئاغا و چەندین کەسی دی بارەگایان لە هەیبەت سوڵتان و لە زۆر شوێنی دی دانابوو، ئەمەش بە نامە و ڕاسپاردەی مەلا مستەفا بوو[٢٥]، بەڵام دواتر پێشمەرگە بارەگایان لە هەیبەت سوڵتانەوە گواستەوە ڕۆژئاوای کۆیە، بۆ لای هەرمۆتە و تۆپزاوا[٢٦]، بەدەر لە هێزی مەحموود ئاغای کاکە زیاد[٢٧] و هێزی (کوێخا مەمەند[٢٨])، هێزی (عەباس مامەند ئاغا[٢٩])، هێزی عەلی ئاغای مەنگوڕ، هێزی هەمزاغای مەنگوڕ، هێزی سمایل سوار ئاغای بلباس و هێزی شێخ ڕەزای

وەرانگە ڕوویان لە تۆپزاوا کرد، لە دوای کۆبوونەوەی ئەو هەموو هێزەی پێشمەرگەی بەشدار لە شۆڕشی ئەیلوول، فڕۆکەی حکومەت هات و تۆپبارانی تۆپزاوای کرد، لەبەر فشار خستنە سەر ئەو ناوچەیە، تەواوی هێزەکە ناوچەکەیان جێ هێشت و ڕووە و هەیبەت سوڵتان گەڕانەوە[٣٠].

لە بەرانبەردا کافی نەبەوی بۆ بەهێزکردنی پێگەی هێزەکەی بە پێویستی زانی چیای هەیبەت سوڵتان کۆنترۆڵ بکات، بۆیە هێرشی کردە سەر چیای هەیبەت سوڵتان[٣١]، هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش بە ناچاری شاخی هەیبەت سوڵتانیان جێ هێشت و ڕووە و دۆڵی ئاکۆیان ڕۆیشتن و لە گوندی سەرکەپکان گیرسانەوە، بە تایبەتی لە ئەشکەوتی عەلی گاوان و ئەشکەوتی پاش قۆتەڵ، لە ناوچەیەك کە پێی دەگوترێت دۆڵەڕەقە، پاش ماوەیەك مانەوەیان لەوێ هێزەکەی کۆیە گەڕایەوە بۆ زنجیرە شاخی کۆسرەت، لە بناری شاخی گوندی چناران[٣٢]. دەکرێت بڵێین کاتێك پێشمەرگە فشاری زۆریان لە سەر بووە و توانای ڕووبەڕووبوونەوەی هێزی بێ شوماری حکومەتیان نەبووە، پاشەکشەیان کردووە، بەڵام لە دوای ماوەیەك بە هەمان بیروباوەڕ و هەستەوە گەڕاوەتنەوە و دووبارە لە پێناو ئامانجەکانیان تێکۆشاون.

جێی خۆیەتی بگوترێت لە دوای بۆردوومان کردنی هێزەکانی عەشایری لە لایەن حکومەتی عەبدولکەریم قاسم، لە ڕۆژی ١١ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ لە ناوچەکانی دۆڵی خەلەکان، چنارۆك، دێگەڵە، دەربەندی بازیان و دەربەندیخان و هەروەها کشانەوەی هێزی پێشمەرگە لە چیای سەفین بۆ دۆڵە ڕەقە، لەبەر برسییەتی و نەبوونی فیشەك و بەردەوامی شەڕ لە وەرزی زستاندا، حکومەت وای زانی کورد چەکداری نەماوە و توانای شۆڕشی نییە و ئەوانەی ماویشن بڵاوەی پێ دەکەن، دانیشتووانی کوردستانیش سارد بوون و باوەڕیان بەوە نەبوو کە شۆڕش درێژەی پێ بدرێت[٣٣]. کەچی لە بەرانبەردا پێشمەرگە وەك وەڵامدانەوەیەك چالاکی دیکەیان نواند و عومەر دەبابە و هاوڕێکانی چوونە کۆمپانیای نەوتی شیواشۆك و دەستیان بەسەردا گرت و ئۆتۆمبێلەکانیان هێنایە دوو ڕیانی ڕێگای گۆپتەپە- هەولێر و لەوێ سووتاندیان، تاکوو خەڵك بزانێت کە پێشمەرگە لە شۆڕش بەردەوامە[٣٤].

درێژەدان و بەردەوامی شۆڕشی ئەیلوول پێویستی بە یارمەتی دارایی بوو، لەبەر ئەوە بە مەبەستی پەیدا کردنی داهات بۆ شۆڕش، پەلێکی پێشمەرگە لە لای گوندی شێخەروان بۆسەیەکیان لە سەر ڕێگای کۆیە- هەولێر دانا، کە پارەی بۆ کۆیە دەهێنا، لەوێدا دەستیان بەسەردا گرت، بەڵام لە پێکدادانەکەدا کەسێك بە ناوی زرار چایچی کوژرا و پۆلیسەکان زامدار بوون، دواتر تاهیر عەبدوڵلای لێپرسراوی ئەو پارەیە بۆ ماوەیەك بەند کرا، چونکە ئەندامی پارتی بوو[٣٥].

لەم بارەیەوە جەلال تاڵەبانی دەڵێت: "لەگەڵ ٢٠ تا ٣٠ پێشمەرگە چووینە کۆیە، لەوێ (دکتۆر خالید[٣٦]) لەگەڵمان هات، ڕۆژی ٢٥ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٦١ لە ڕێگای کۆیە- هەولێر بۆسەیەکمان بۆ ئەو پارەیە دانا[٣٧]، کە مودیر مالییەی کۆیە تاهیر عەبدوڵلا لە هەولێرەوە دەیهێنا، ئێمە خۆمان ئامادە کردبوو، ئاگادارم کردن، ئەگەر من یەکەم تەقەم کرد، ئەوجا هێرش بکەن، چونکە ئۆتۆمبێلێکی چەکدار و ٦ پۆلیسیان لەگەڵدا بوو، ئۆتۆمبێلەکە ڕەشاشێکی لەسەر بوو، من یەکەم فیشەکم نا بە دەستی ئەو پۆلیسەی ڕەشاشەکەی گرتبوو، ئیدی تەقە کرا و پۆلیسێکی کۆیی بە ناوی زرار ئەمین و عەریف و نائیب عەریفێکی دیکەش کوژران و ئەوانی دی گیران، ئەو پارەی لەوێدا دەستمان کەوت ٣٠ هەزار دینار بوو، ١٠ هەزار دینارمان ناردە مەکتەبی سیاسی، ١٠ هەزار دیناری دیکەشمان بۆ مەلا مستەفا نارد، ١٠ هەزار دینارەکەی دیکەشمان بۆ خۆمان دانا، لای خۆمانەوە قاتمان بۆ پێشمەرگە دروست کرد و پێڵاومان کڕی و یەکی ٣ دینارمان دانێ[٣٨]." ئەم چالاکییەی پێشمەرگە جودا لەوەی ئامانجی پەیداکردنی داهات بوو بۆ شۆڕش، دەکرێت ئامانجێکی دیکەشی پێکابێت، بەوەی کە شۆڕش لە خەبات بەردەوامە و لە هەر کات و شوێنێکدا کە بیەوێت دەتوانێت ڕووبەڕووی حکومەتی عێراق ببێتەوە.

جێی خۆیەتی بگوترێت کە ڕۆڵی ژنانی ئەندام و لایەنگری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە شۆڕشی ئەیلوولدا کاریگەر بووە و چەندین کاریان بە شێوازی نهێنی لە ئەستۆ گرتووە، لەوانە: پڕوپاگەندە کردن و چالاك کردنی ڕێکخستن لە ناو شارەکان یان کۆکردنەوەی کەلوپەل و خۆراك و ناردنی بۆ پێشمەرگە،

ئەنجامدانی ئەرکی تەنەر بۆ گەیاندنی پەیام و بەیاننامە و ڕۆژنامە و گۆڤاری شۆڕش و بڵاوکردنەوەی لە ناو ڕێکخستنەکان و گەیاندنەوەی وەڵام و زانیاری بۆ پێشمەرگە[٣٩].

دیارە لە سەرەتای دەست پێ کردنی شۆڕش، مستەفا بارزانی، جەلال تاڵەبانی وەکوو نوێنەری خۆی ناردە پشدەر و ڕانیە و داوای لە جەماوەری ناوچەکە کرد بە شەڕی پارتیزانی ڕووبەڕووی هێز و لەشکری عێراق ببنەوە، هەروەها لە دوای بۆردوومان کردنی ناوچەی بارزان و پشدەر، جەلال تاڵەبانی و عومەر دەبابە داوایان لە سەرۆك هۆز و عەشیرەتەکانی ئەو ناوچەیە کرد کە ئامادەکاری بکەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سوپا و لەشکری حکومەتی عێراق[٤٠]. هاوکات عەلی عەبدوڵلا، لە ساڵی ١٩٦١دا سەرپەرشتی گشت چالاکییە سەربازییەکانی هێزی پێشمەرگەی ناو شاری هەولێری کردووە و هانی ئەفسەر و پلەدارانی پارتی ناو سوپای عێراقی داوە تا بچنە پاڵ هێزی پێشمەرگە، جوودا لەمەش لە ڕێککەوتی ٨ی ئابی ساڵی ١٩٦١ پلانی دەست بەسەر داگرتنی جبەخانەی سەرای پۆلیسی هەولێری داوە تێیدا سەرکەوتوو بووە[٤١].

لە لایەکی دیکەوە لە ساڵی ١٩٦٢ شەڕێك لە نێوان پێشمەرگە و حکومەتی عێراقی لە ناوشاخانی نزیك گوندی پیرەر ڕوو دەدات، حکومەت بە تانك و زرێپۆش هێرش دەکات، هاوکات بە فڕۆکەش بۆمبارانی ئەو ناوچەیە دەکات، لەو شەڕەدا (حاجی سمکۆ حاجی فەرەج[٤٢]) بریندار دەبێت و سەید ڕەشاش بە ڕەشاشەوە هەڵدەدێرێ و بریندار بوو، بۆیە ناوی لێ دەنێن سەید ڕەشاش، پێشمەرگەکان پێك هاتبوون لە کوێخا مەمەند، مەلای مەلا قادر، خاڵە دێوەی کانی کوردە، (سدیقی کوێخا تەهای کانی کوردەیی[٤٣]) و کوێخا ڕەشیدی بانەگوڵانی، پاشەکشە دەکەن و دەگەڕێنەوە کۆیە[٤٤].

هەروەها (خالید دلێر[٤٥]) لە ناوەڕاستی مانگی نیسانی ساڵی ١٩٦٢ لە گرتووخانەی تسن زیندان بووە، بەڵام دوای دەست پێ کردنی گفتوگۆ لە نێوان کوودەتاچییەکان و کورد، هەموو ئەوانەی لە سەر مەسەلەی کورد دەستگیر

کرابوون، له ٢٠ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ ئازاد کران، دوای ئازاد بوونی به چەند ڕۆژێك پەیوەندی به هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکات و وەك کادیرێك ڕۆڵی خۆی بینیوە[٤٦].

کاتێکیش بارزانی له شوباتی ساڵی ١٩٦٢ له بناری زاخۆوە بەرەو خوار مەخفەرەکانی پۆلیسی یەکە یەکە چەك کرد و بەر له ناوەڕاستی ئەو ساڵە زۆربەی زۆری ناوچەی بادینانی خستە ژێر دەسەڵاتی شۆڕشی کوردستانەوە. دواتر و له مانگی تشرینی دووەمی هەمان ساڵ له کۆیه کۆبوونەوەیەکی چەند هەزار کەسی لەسەر شەقامی حاجی قادر بەرانبەر کتێبخانەی گشتی کۆیه ڕێکخرا، لەوێدا سەلاح مەلا ئەحمەدوتارێکی خوێندەوە، که دروشمی ڕاگرتنی شەڕ و چارەسەر کردنی دۆزی کورد به ئاشتی و دیموکراتییانەی تێدا بوو[٤٧].

له لایەکی ترەوە به هۆی سانسۆر و ڕێگرییەکانی حکومەت ئازادی و چالاکی ڕێکخراوەکان تەواو سنووردار کراوە، هەر بۆیه کاتێك له ساڵی ١٩٦٢دا ڕێکخراوی یەکێتی قوتابییانی پارتی دیموکراتی کوردستان له ئەشکەفت خەجۆر، که دەکەوێتە دامێنی چیای باواجی، ئاهەنگی نەورۆزیان ئەنجامداوە، ڕێژەیەکی زۆر له کچان و کوڕان تێیدا بەشدار بوون، تاك تاك و دوور له چاوی سیخوڕەکانی دەسەڵات بۆ ئاهەنگەکه ڕۆیشتوون، ئێوارەش به دەم سروودی نیشتمانی و چەپڵە لێدان بەرە و کۆیه گەڕاوەتەوە[٤٨].

دیارە کۆییەکان هەمیشه له نزیکی بارزانی بوون، بۆ نموونه له نووسراوێکی عەبدولقادر نەجدیی بەڕێوەبەری پۆلیسی لیوای هەولێر، له ٢١ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٢دا بۆ موتەسەریفی لیوای هەولێر نێردراوە، ئاماژە بەوە کراوە که له ٢٠ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٢ هێزەکانی پێشمەرگه له ناوچەی برادۆست له دوو شوێندا کۆبوونەتەوە، شوێنی یەکەمیان له بێشێ به سەرکردایەتی مەلا مستەفا بارزانی، شوێنی دووەمیشیان له ناوچەی ڕۆستێ به سەرکردایەتی مەلا تەها و عومەر دەبابە و ئیسماعیل سەرهەنگ و مەحموود کاکه زیاد، وەك له بەڵگەنامەکه ئاماژەی پێ کراوە، مەبەستیان لەم ئامادەکاری و کۆبوونەوانە هێرش کردنه سەر ناوچەی برادۆستە[٤٩].

هەروەها لە کۆتایی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٢[٥٠] ئێران لە ڕێگەی هەر یەك لە عومەر دەبابە، (عەلی عەسکەری[٥١]) و (عەبدولڕەحمانە ڕووتە[٥٢]) بەشێکی زۆری داودەرمانی وەکوو هاوکاری و کۆمەك بۆ بەرەکانی شەڕ نارد، ئەو ناوچانەی بنکە و بارەگای سەرەکی پێشمەرگەی تێدا بوو، دەرمان و کەرەستەکانی پزیشکی زۆری بۆ دابین کرا[٥٣].

ڕووداوەکانی شۆڕشی ئەیلوول لە کۆیە تا ڕادەیەك پچڕ پچڕ بووە، بۆ نموونە: لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٢ بەڕێوەبەری ناحیەی تەقتەق لە دووکانی دووکانداریکی کۆیی دەستدرێژی گوللەی لێ کرا و کوژرا[٥٤].

بە هۆی چالاکییەکانی کۆیە و کۆییەکان، ناوی کۆیە دەیان جار لە لایەن حکومەتی عێراقەوە هاتووە، کە چالاکی تێدا ئەنجام دراوە، هەر وەك لە بروسکەیەکی موتەسەڕیفی لیوای هەولێر لە ٤ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٢ بۆ وەزارەتی ناوخۆ بەرز کراوەتەوە، ئاماژە بەوە کراوە کە هێزەکانی پێشمەرگە سێ ڕۆژ لەمەوبەر لە ناوچەکانی کۆیە و ڕانیە و بالیسانەوە ڕوویانکردووەتە چیای سەفین و ناوچەی خۆشناو، ئەمەش بۆ پتەوکردنی ئەو هێزەی کە لەوێیە، مەبەستیشیان ئەنجامدانی چالاکی سەربازییە لە نێوان شەقلاوە و مەسیف سەلاحەددین، ئەندامانی پارتی لە کۆبوونەوەیەکی نهێنیدان و تا ئێستا شوێنی کۆبوونەوەکە و بڕیارەکانیان نەزانراوە[٥٥].

دوای هەوڵە زۆر و فراوانەکانی حکومەتی عەبدولکەریم قاسم بۆ کۆتایی و لە ناوبردنی شۆڕش و چەکدارانی کورد، کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شوباتی ساڵی ١٩٦٢دا لە گوندی عەوداڵانی دەشتی کۆیە کۆبووەوە و بڕیاری درێژەپێدانی بە شۆڕشدا و دروشمی دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی هەڵگرت[٥٦]، کەچی ئیبراهیم ئەحمەد دەڵێت: "لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٦١دا کە کۆمیتەی ناوەندی لە کۆبوونەوەی گوندی عەوداڵان بڕیاریدا نەك هەر پشتی شۆڕش بگرێت، بەڵکوو ئەرکی ڕێکخستن و هەڵسووڕاندنیشی بگرێتە ئەستۆی خۆی و هێزێکی چەکداری ڕێکوپێك دروست

بکات بە ناوی پێشمەرگە بۆ پاراستنی گەل و دەستخستنی دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، لەو ڕۆژەوە عومەر دەبابە بووە یەکێک لە سەرکردە ئازا و هێمن و فیداکارەکانی ئەو هێزە، دەستێکی باڵاشی هەبوو لە ڕێکخستن و بەرز کردنەوەی ورە و هەست و هۆشی کوردایەتی و مرۆڤایەتی ئەو هێزە[٥٧]."
کۆبوونەوەی گوندی عەوداڵان و بەشداری کۆییەکان تێیدا، جەخت کردنەوە بوو لە بەدەستهێنانی ئامانجەکانی شۆڕش و بەدیهێنانی داواکارییەکانی سەرکردایەتی کورد، تا لەم ڕێگەیەوە کورد مافە ڕەواکانی خۆی بەدەستبهێنێت.

**باسی دووەم: بارودۆخی کۆیە لە کوودەتای یەکەمی بەعسییەکان (٨ی شوباتی ١٩٦٣- ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣)**

**یەکەم: وەرگرتنی دەسەڵات لە لایەن بەعسییەکان**

بارودۆخی عێراق دوای پێنج ساڵ لە بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ زۆر تێکچووبوو، لە لایەنی ئابوورییەوە قورسایی گوزەران لە سەر چینە ڕەنج کێشەکان زۆر زیادی کردبوو، ئەو پلانە ئابوورییەی کە دیراسە کرابوو، هیچ جۆرە ئەنجامێکی لێ نەکەوتەوە، ئەو چاکسازییە کشتوکاڵییەی کە شۆڕش ڕای گەیاندبوو جێبەجێ نەکرا، لە بواری سیاسیشدا ئازادی و دیموکراتییەت خەفە کرابوو، هیچ یەکێک لەو بەڵێنانەی کە بە کورد درابوو، نەهاتەدی، تەنانەت تا دەهات دەسەڵاتی سەربازی زیاتر دەبوو[٥٨]. بۆیە لە بەرەبەیانی ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ بەعسییەکان لە ڕێگەی کوودەتایەکی سەربازی خوێناوییەوە کۆتاییان بە حکومەتی عەبدولکەریم قاسم هێنا، بەمەبەش سەرەتای فەرمانڕەواییەکی کەمتر لە دە مانگەیان دەستی پێ کرد[٥٩].

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ڕووخانی حکومەتی عەبدولکەریم قاسم بریتی بوو لە نەگرتنەبەری ڕێگە چارەی ئاشتییانە و دیموکراتییانە بۆ دۆزی نەتەوەیی گەلی کورد و سوور بوون لە سەر بەکارهێنانی ڕێوشوێنی زەبر و زەنگ و سەرکوتکردنی سەربازی، بە جۆرێک کە تا ساتی ڕووخانی ئەو حکومەتە کێشمەکێشی سەربازی لە کوردستاندا درێژەی هەبوو[٦٠].

ئەو کاتەی کوودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ ڕوویدا، ساڵێك و ٥ مانگ بوو شەڕ لە نێوان حکومەت و جووڵانەوەی کورد لە باشووری کوردستان هەڵگیرسابوو، بۆیە کورد بە کوودەتای ٨ی شوبات خۆشحاڵ بوو، چونکە پێیان وا بوو دەبێتە مایەی گەیشتن بە ڕێگە چارەیەك و کۆتایی هێنان بەو ڕەوشە ناهەموارەی هەیە[٦١]. چونکە پێش ئەنجامدانی کوودەتاکە، حیزبی بەعس لەگەڵ

سـەرکردایەتی شۆڕشـی ئەیلـوول دەسـتیان بە دانوسـتاندن کردبـوو، بەعسـییەکان لە ئەگەری سـەرکەوتنی کوودەتاکەیـان بەڵێنیـان بە کـورد دابـوو، کە دان بە مافەکـانی گەلـی کـورد دەنـێن، بە مەرجێـك کـورد هاوکاریـان بکـات و شـەڕ بوەسـتێنێت. لە دوای ڕەزامەنـدی سـەرکردایەتی شۆڕشـی ئەیلـوول و مەکتەبـی سیاسـی پـارتی، لە ١٨ی نیسـانی سـاڵی ١٩٦٢دا ئیبراهـیم ئەحـمەد سـکرتێری پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان لە نامەیەکـدا هەڵویسـتی پـارتی بـۆ حیزبـی بەعـس لە بەرانـبەر حکـومەتی عەبـدولکەریم قاسـم ڕاگەیانـد و تێیـدا ئامـاژەی بەوەدا بـوو، کە ئامانجەکـانی شۆڕشـی ئەیلـوول بـریتییە لە ڕووخـانی دەسـەڵاتی عەبـدولکەریم قاسـم و بەدیهێنـانی مـافی ئۆتۆنـۆمی بـۆ کوردسـتان و هێنـانە کـایەی ڕژێمێکـی نـوێی دیموکراتی بۆ عێراق[٦٠].

ئێـوارەی ٨ی شـوبات و لە دوای ڕاگەیانـدنی ڕووخـانی عەبـدولکەریم قاسـم، مەلا مسـتەفا بـانگەوازی ڕاگرتنـی شـەڕی کـرد، پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتانیش بە فەرمـی پێشـوازی لە کوودەتـاکە کـرد و دووپـاتەی بـانگەوازەکەی بـارزانی کـردەوە، دوای ڕاگەیانـدنی ئـاگربڕی یەکـلایەنە لە لایەن بـارزانییەوە، کـورد چـاوەڕێی بەیاننـامەی ئۆتۆنـۆمی بـوون لە لایەن دەسـەڵاتی نـوێی عێـراق، بەڵام لە بەیاننامەکانـدا هـیچ باسـێکی ئۆتۆنـۆمی تێـدا نەبـوو، بـۆیە مسـتەفا بـارزانی لە ڕۆژی ١٩ی شـوباتی سـاڵی ١٩٦٣ جەلال تاڵەبـانی و سـاڵح یووسـفی نـاردە بەغـدا بـۆ گفتوگـۆ کـردن لەگەڵ حکـومەتی نـوێ، لە کۆبـوونەوەدا وەفـدی حکـومەتی عێـراقی پاسـاو بـۆ ئەو پەیـمان و بەڵێنـانە دەهێنـنەوە کە بە کـورد دراون و جێبەجـێ نەکـراون، ئەمەش دەگەڕێـتەوە بـۆ ئەوەی کە ژمـارەیەك کەسـی ناسیۆنالیسـت هاتوونەتە ناو ئەنجوومەنەکە و پێیان خۆش نییە ئۆتۆنۆمی بە کورد بدرێت[٦١].

لە کاتێکـدا کوودەتاچییەکـان هەر زوو ڕاگەیانـدراوی ژمـارە یەکـی کوودەتاکەیـان بە نـاوی بەیـانی ژمـارە یەکـی شـۆڕش خوێنـدەوە و کۆتـایی حـوکمڕانی عەبـدولکەریم قاسـم ڕاگەیەنـرا و ئەنجوومەنێـك بە نـاوی ئەنجـوومەنی سـەرکردایەتی شـۆڕش دامەزرا، کە لە بەیـانەکەدا هـاتبوو: "حـوکمەت کـار دەکـات بـۆ واڵاکردنـی ئـازادییە دیموکراسـییەکان و پاڵپشـتی کردنـی سـەروەری یاسـا و هێنـانە کـایەی یەکێتـی

نیشتمانی گەل بەو شێوەیەی کە پتەوکردنی برایەتی عەرەب و کورد دەیخوازێت و دەستبەرداری بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانیان و خەباتی هاوبەشییان دژی ئیمپریالیزم بەهێز بکات و ڕێز لە مافی کەمینەکان بگیرێت..."[٦٤].

بە پێچەوانەی ڕاگەیاندراوی ژمارە یەکی بەعسییەکان، هەر لە دوای کوودەتاکەوە میلیشیای پاسەوانی نەتەوەیی (حەرەس قەومی) لە بەغدا و ناوچەکانی دیکە دەرکەوتن و هەڵمەتێکی گەورەی کوشتن و گرتن و ڕاوەدوونانیان لە شار و شارۆچکەکانی عێراق دەست پێ کرد، بەتایبەتی دژ بە ئەندامانی حیزبی شیوعی عێراق و هاووڵاتییانی کورد، کە تا کۆتایی ماوەی یەکەمی دەسەڵاتی بەعس بەردەوام بوو، لەو ماوەیەدا بە هەزاران کەس کوژران و بە دەیان هەزار کەسی دیکەش دەستگیرکران و ئەشکەنجە دران[٦٥]. لە دواتردا بە وردی ئاماژە بە هاتنیان بۆ کۆیە و ئەو تاوان و کوشتارانەی ئەنجامیاندا دەکەین.

دیارە لە دوای کوودەتای ٨ی شوبات، ڕۆژانی ڕەشی شیوعی دەستی پێ کرد، کەوتنە وێزەی ئەندامان و کادیران و لایەنگرانی حیزبی شیوعی، ڕەشبگیر دەستی پێ کرد و شیوعییەکان بوون بە ئاردی ناو دڕك، زیندان پڕ کرا لە شیوعی و پەتیان بۆ هەڵواسین و سێدارەیان بۆ دامەزراندن، بە واژۆی (عەقید ڕەشید موسڵیح تکریتی[٦٦]) حاکمی سەربازی گشتی، بەیانی ژمارە ١٣ دەرکرا، بە پێی ئەو بەیاننامە و سوپا و پۆلیس و حەرەس قەومی دەستکراوە بوون لەوەی کە لە هەر کوێیەك شیوعییەك بیترا سەری پان بکرێتەوە[٦٧].

بەعسییەکان لە سەرەتای کوودەتاکەیاندا بە پلەی یەك سەرقاڵی لەناوبردنی نەیارەکانیان بوون، پێکدادان و شەڕی شەقامەکان لە نێوان یەکەکانی حەرەس قەومی و شیوعییەکان و پشتیوانانی عەبدولکەریم قاسم بە شێوەیەکی توندوتیژ ڕوویدا، ئەمەش وای کرد بەعسییەکان تەنیا بیر لە پرسی گێڕانەوەی سەقامگیری و ئاسایش و چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆیان بکەنەوە، دوای چەسپاندنی حوکمڕانییان پرسی گرنگی وەك دۆزی کورد فەرامۆش بکەن و وەکوو پرسێکی تەکتیکی و لاوەکی هەژماری بکەن[٦٨].

بۆ سەرکردایەتی شۆڕشی کورد ڕوون بووەوە کە دانوستان لەگەڵ ڕژێمێکدا کە بە نیازی لێکتێگەیشتن نییە هیچ ئومێدێکی لێ ناکرێت، بەڵێنەکانی پێش کوودەتاش بۆ ئەوە بوو کە شۆڕشی کورد لە کاتی کوودەتاکەدا بێلایەن بێ، دیارە کە سەرکردە سەربازییەکانی حکومەتی عێراق باوەڕیان بە دانوستان لەگەڵ کورددا نەبووە، بۆیە دەسەڵات لە کۆتایی هێنانی ململانێکانی کوردستان پەنای بۆ ئامرازی سەربازی بردووە[٦٩].

نەبوونی جددیەت و خاوەخاو کردنی حکومەت لە دانوستان سەبارەت بە هێنانەدی داواکارییەکانی کورد، سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و مستەفا بارزانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بارودۆخەکە و ڕێگاچارەی دروست بڕیاری بەستنی کۆنگرەی میللیاندا، کە لە شاری کۆیە بەسترا[٧٠]. لە دواتردا بە وردی باسی لێوە دەکەین.

لەمیانی زنجیرەیەك گفتوگۆ لە نێوان نوێنەری کورد و نوێنەرایەتی حکومەتی عێراق، سەرکردایەتی شۆڕشی کورد زۆر جەخت لەسەر ئۆتۆنۆمی دەکردەوە، لە کاتێکدا حکومەت زۆر داکۆکی لە سەر جێبەجێ کردنی لامەرکەزیەتی کارگێڕی دەکردەوە، گفتوگۆ لە نێوان کورد و بەعس ئەنجامێکی باشی نەبوو، تەنانەت لە ٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣دا دەسەڵاتدارانی بەغدا ئەندامانی نوێنەرایەتی کوردیان لە سەربازگەی ڕەشید دەستبەسەر کرد و ڕووبەڕووی سووکایەتی پێکردن و ئازار و ئەشکەنجەدان بوونەوە، لە هەمان ڕۆژدا پۆلیس و ئاسایش کەوتنە دەستگیرکردنی کورد لە ناوچەکانی دەوروبەری شاری بەغدا، هەروەها وەزیری ناوخۆ و جێگری سەرۆك وەزیران (عەلی سالح سەعدی[٧١]) کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی بەست، کە لە شێوەی ڕاگەیاندنی جەنگ بوو، چونکە تەنیا مۆڵەتی ٢٤ کاتژمێری بە کورددا بۆ تەسلیم بوونەوە، بەم جۆرەی پرۆسەی گفتوگۆ کردن و هەوڵی چارەسەر کردنی کێشەی کورد بە بنبەست گەیشت[٧٢].

هەروەها ئەنجوومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش لە عێراق لە ١٠ی حوزەیران ١٩٦٣ بەیاننامەیەکی درێژی دەرکرد لە بارەی نیازی حکومەت بۆ لێدان

له شۆڕشـــی كـــورد، بەیاننـــامەكە كوردســـتانی بە نـــاوچەی جـــووڵانەوەی كـــرداری لە قەڵەم دابـــوو، پاشـــان بەیاننـــامەی ژمـــارە چـــواری دەركـــرد، بە پێـــی ئەم بەیاننـــامەیە لە شـــارە كوردییەكـــانی وەك كەركـــووك و ســـلێمانی هـــاتووچۆی قەدەغە كـــرد، هەروەهـــا ســـەركردە ســـەربازییەكانی زیـــاتر دەســـتكراوە كـــرد، بە شـــێوەیەك مـــافی ئەوەی پێـــدان لە ناوچەكانی چالاكییان دادگای سەربازی پێك بهێنن[٧٢].

**دووەم: کۆیە لە دوای کوودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ی بەعسییەکان**

لە دوای ٨ی شـــوباتی ســـاڵی ١٩٦٣ و وەرگرتنـــی دەســـەڵات، بەعســـییەکان ویســـتیان بە فەتـــوا خـــوێنی کـــورد حەڵاڵ بـــکەن، بە پاســـاوی ئەوەی لە دیـــن لایـــان داوە، لەم بـــارەیەوە (مســـتەفا زەڵمـــی[٧٤]) دەڵێـــت: "ســـاڵی ١٩٦٣ لە پـــاش کوودەتـــا بەســـەر عەبـــدولکەریم قاســـم، عەبدولســـەلام عـــارف هـــاتە ســـەر حـــوکم و داوای لە موحســـین حەکـــیم کردبـــوو، کە فەتـــوایەك بـــۆ حەڵاڵکردنـــی خـــوێنی ڕۆڵەکـــانی گەلـــی کـــورد دەربکـــات، لەبەر ئەوەی لە دیـــن وەرگەڕاون، لە ســـەر ڕاســـپاردەی مەلا مســـتەفا، مـــن و دکتـــۆر محەمـــمەد شـــەریف و کـــاك حەمە عەلـــی محەمـــمەد ڕەئـــیس چـــووین بـــۆ لای ســـەید موحســـین حەکـــیم تـــا تێـــی بگەیەنـــین کە ئـــێمەی کـــورد زۆر پەیوەنـــدییمان بە ئـــایینی ئیســـلامەوە هەیە و هـــیچ گۆڕانکـــاری و لادانـــێکمان نەبـــووە لە ئایینی ئیسلامدا[٧٥]."

لەگەڵ کۆتـــایی هـــاتنی حکـــومەتی عەبـــدولکەریم قاســـم، پێشـــمەرگە چـــووەوە نـــاو شـــار و کـــۆیە ئـــازاد کـــرا[٧٦]. لە کـــاتی دەرکەوتنـــی پێشـــمەرگە خەڵکـــی کـــۆیە بە درێژایـــی ڕێگـــای نـــاو بـــازاڕ لە لای ڕاســـت و چەپ لە پێشـــوازی پێشـــمەرگەدا بـــوون، لە لایەکـــی دیـــکەوە ژنـــانیش لە ســـەر بانەکـــانەوە لە خۆشـــیان هەلهەلەیـــان لێـــداوە[٧٧]. ئەو هەڵوێســـتەی خەڵکـــی کـــۆیە، بە ســـەرجەم چـــین و توێژینەکـــانییەوە لە پێشـــوازی کردنـــی پێشـــمەرگە، ئەنجـــامی ئەو پەیـــام و ئامـــانجەی ســـەرکردایەتی کـــورد بـــوو، کە هەوڵی بۆ دەدا و لە پێناویدا خەباتی دەکرد.

ســـەبارەت بە ڕووداوەکـــانی ئەوســـای کـــۆیە (موحســـین دزەیـــی[٧٨]) کە خـــۆی لە کـــۆیە بـــووە، نووســـیویەتی: "لە دوای کوودەتـــای ٨ی شـــوباتی ســـاڵی ١٩٦٣ و دوای بڵاوبـــوونەوەی بەیاننـــامەی ئەنجـــوومەنی نیشـــتمانی ســـەرکردایەتی شـــۆڕش، ئیبراهـــیم

تائی بەرپرسی بنکەی پۆلیسی کۆیە، بە بێ بەرگری کردن یەکسەر تەسلیم بوون، سەرجەم چەك و کەلوپەل و ئامێرەکانی گەیاندنی تەسلیم کرد و پۆلیسەکان کە ژمارەیان ٣٠ کەسی کورد بوو، هاتنە ڕیزی پێشمەرگەوە... هەروەها کاتێك بارزانی لە بروسکەیەکدا فەرمانیدا سەرجەم هێزەکانی پێشمەرگە بەرگری لە شوێنەکانیان بکەن و بە ڕووی ئەو هەڵمەتە دڕندانەیە بوەستن، من کە لە کۆیە بووم بینیم هێزە بەرگریکارەکان بەسەر ئەو ڕێگەیە دابەش بوون کە لە هەولێرەوە بەرەو کۆیە دەهات[٧٩]."

لە بەرانبەردا حەمید ڕەشاش بۆچوونێکی دیکەی هەیە و دەڵێت: "دوای کوژرانی عەبدولکەریم قاسم و هاتنە سەر دەسەڵاتی عەبدولسەلام عارف، مەلا عەوڵا (مەلا ماتۆڕ[٨٠]) لەگەڵ شەش پێشمەرگە شاری کۆیەیان گرت، پۆلیسەکانیش لە ترسان چوونە ناو مەرکەزەوە و دەرگاکانیان لە سەر خۆیان داخست[٨١]." کەچی سەلاح شێخ شەرەف کە ئەو کاتە لە کۆیە بووە و لە نزیکەوە ئاگادار بووە، دەڵێت: "من لە لای دیواری مزگەوتی گەورەی کۆیە وەستابووم، لە پڕدا هەندێك چەکدار پەیدا بوون، لە نێویاندا مەلا ماتۆ وتاریدا و گوتی: ئێمە هاتووینە شار و دەسەڵاتمان بە سەر شاردا هەیە، داوا لە قایمقام و بەڕێوەبەری پۆلیس دەکەم لە شوێنی خۆیان نەیەنە دەر و هەر لە سەرا بمێننەوە، بەڵام پێشتر چووبوونە قشڵە و پۆلیسەکانی قشڵەیان چەك کردبوو[٨٢]."

لە دوای گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ شاری کۆیە، کۆیە ئازاد کرا، بۆیە لیژنەی ئیداری لە شارەکە دامەزرا، کە عومەر دەبابە بەرپرسی بوو، دکتۆر خالید بەرپرسی سەربازی بوو، (مەلا مەعسووم هەورامی[٨٣]) بەرپرسی کاروباری ئایینیی بوو، عەبدوڵلا کانی مارانی بەرپرسی قەزایی قانوونی بوو، (کەمال محێدین[٨٤]) بەرپرسی لیژنەی محەلی کۆیە بوو، ئەم لیژنەیە لە دوای ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ تا هاتنی حەرس قەومی بەردەوام بوون[٨٥].

عەبدولکەریم قاسم لە سەر دەسەڵات نەمابوو، لە بەرانبەردا دەسەڵاتی نوێی بەعسییەکان هاتبوونە سەر دەسەڵات لە عێراقدا، لەبەر ئەوە چاوەڕوان کراو بوو،

که حکـــومەتی بەعســـییەکان بە مەبەســـتی بەهێـــز کردنـــی پـــێگە تـــازەکەی هەوڵـــی لەنـــاوبردنی نەیـــارانی خـــۆی بـــدات، لە لایەکـــی دیـــکەوە هەنگـــاو بنێـــت بـــۆ ڕێگـــرتن و کۆتـــایی هێنـــانی شۆڕشـــی کـــورد، جـــا بە هەر ڕێـــگەیەك بێـــت، دواجـــاریش هەمـــان کـــاری کرد.

مـــانەوەی هێـــزی پێشـــمەرگە لە نـــاو شـــاری کـــۆیە زۆری نەخایانـــد، چـــونکە حیزبـــی بەعـــس لە ڕێککەوتـــی ١٠ی ئـــازاری ســـاڵی ١٩٦٣ هێرشـــێکی گەورەی کـــردە ســـەر کوردســـتان و دەســـتی کـــرد بە کوشـــتن و گـــرتن و وێرانکـــردن، لە هەمـــان ڕۆژدا ســـوپای عێـــراق گەیشـــتە شـــاری کـــۆیەش، بەڵام ئەو کـــاتە خەڵـــك لە ترســـی بۆمببـــارانی هێـــزی حکـــومەت شـــارەکەی چـــۆڵ کردبـــوو[٨٦]. تـــرس و دڵەڕاوکێـــی هـــاووڵاتی مەدەنـــی شـــاری کـــۆیە چـــاوەڕوان کـــراو بـــوو، چـــونکە دوو ســـاڵ پێشـــتر و لە کـــاتی هێرشـــی عەبـــدولکەریم قاســـم بـــۆ ســـەر کـــۆیە، بە تونـــدی دژی خەڵکـــی مەدەنـــی شـــارەکە وەستایەوە، تەنانەت چەندین کەسی بێ تاوان لەو نێوەدا بوونە قوربانی.

لە دوای گەیشـــتنی هێـــزی حکـــومەت بـــۆ شـــاری کـــۆیە، حکـــومەت دوو بڵاوکـــراوەی کـــاغەزی لە لە ١٢ی ئـــازاری ســـاڵی ١٩٦٣ بە ســـەر شـــاری کـــۆیەدا بڵاوکـــردەوە، کە لە لایەن ســـەرکردەی قیـــادەی فیـــرقەی دووەمـــی ســـوپای عێـــراق چـــاپ کـــرا بـــوو، کە ئەوســـا قایـــد فیـــرقە (ســـەعید حەمـــۆ[٨٧]) بـــوو، لەگەڵ حـــاکمی عەســـکەری گشـــتی کە نـــاوی (عەمیـــد ڕوکـــن ســـەعید فەتحـــی ســـەقیلی) بـــوو، کاغەزێکیـــان بە ناونیشـــانی (عەفووکردنی گشتی بۆ هەموو براکانمان لە شیمالی نیشتمان) لێی نووسرابوو:

> ســـیادەتی ســـەرۆك وەزیـــران و ســـەرکردەی گشـــتی هێـــزی چەکـــدار زەعـــیم ڕوکـــن عەبـــدولکەریم قاســـم فەرمانیـــدا بە بـــۆنەی هـــاتنی جەژنـــی ڕەمەزانـــی پیـــرۆزەوە بە عەفـــووکردنی هەمـــوو ڕۆژەکـــانی مـــیللەت بە گشـــتی بە بـــێ قەیـــد و شـــەرت لە شـــیمالی نیشـــتمان، وە داوای لە هەمـــوو یەکێکیـــان کـــرد کە ئـــازا و جەســـوور بێـــت و بچێـــت

بۆ نزیکترین سولّتەی ئیداری یان عەسکەری، وە ناوی خۆی لە سجلی جیهاد و شەرەف بنووسێ بۆ بەرگری نیشتمان بەرانبەر ئیستیعمار وە بۆ جەنگین بەرانبەر بە داگیرکەران و تەماعکاران کە خەریکی نانەوەی موئامەرات و دەسیسەن تا دووبەرەکی بنێنەوە لە ناو هاووڵاتییەکان و ئیمانیان بێ هێز بکەن، بەڵام گەلی عێراقی قارەمان دەزانێت چۆن بە سەر موئامەرەکانی ئیستیعمار زاڵ دەبێت و ماوەی سەرکەوتنی ئەدات بە عەزم و ئیمانی پتەو، وە خودای گەورە لەگەڵ دڵسۆزەکانیانەوە و جمهوریەتی عێراقی نەمر سەر دەخات، با هەموو کەسێك دڵنیا بێت و بیروباوەڕ و کە هیچ کەسێکیان هیچیان لێ ناکرێت، هەموو یەکێکیان لە ئەمان و ئیتمینان وە گوێ نەدەنە قسەی مشاغیب و دساسەکان.

براکان، ڕۆڵە بە حورمەتەکانی میللەت سیادەتی زەعیمی ئەمین داواتان لێ دەکات کە یەك بگرنەوە و ڕیزەکانتان پتەو بکەن و واز لە دوو دڵی و ناکۆکی و قینە بێنن، وە هەمووتان بێنەوە بە برایی هاوخێری یەکتری بۆ ئەوەی ئارام و ئیستیقرار بنج هێشت و ببێ و بۆ ئەوەی ماوە ببێت بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵات و سیادەتیان ئەمریان کرد بە دامەزراندنی لیژنەیەك کە دەست بەجێ بگەڕێت بەو ناوچانەدا کە دەستی وێران کاری تێ کەوتووە لە ڕێی بیناکردنەوەی ئەو دێیانەدا کە وێران بوون لە ڕێی خێر و خۆشی و کامەرانی و هاووڵاتییەکان بە گشتی وە لە دواییدا سیادەتیان داوای شوکر و شانازی و بەرزی و بۆ

هەموو ڕۆڵەکانی میللەت دەکات وە لە خودای گەورە داوا دەکەین برایەتی و ئاسایش و دڵ و دەروون پاکی هەموو لایەك بگرێتەوە.

قیادەی فیرقەی دووەم

١٩٦٣/٣/١٢[٨٨].

هەروەها کاغەزی دووەم بە ناونیشانی (عەفووکردنی گشتی بۆ هەموو براکانمان لە شیمالی نیشتمان[٨٩])، لێی نووسرابوو:

سیادەتی سەرۆك وەزیران و سەرکردەی گشتی سوپا لیوا ڕوکن عەبدولکەریم قاسم بە بۆنەی هاتنی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆزەوە فەرمانی دەکرد بە عەفووکردنی گشتی و بە بێ قەید و شەرت بۆ هەموو ڕۆڵەکانی میللەت لە شیمالی نیشتمان، وە داوای لە هەموو یەکێکیان کرد کە جەسوورانە بچێت بۆ نزیکترین سوڵتەی ئیداری، یا عەسکەری، وە ناوی خۆی بنووسێت لە سجلی موجاهیدەکان بۆ جەنگین بەرانبەر ئیستیعمار، چونکە تەماحکاران و ئیستعمارییەکان تەڵەکەبازی دەکەن و خەریکی فێڵ و فەرجن بۆ نانەوەی دووبەرەکی لە بەینی میللەت بۆ ئەوەی زەبوون بن و ئیمانیان بێ هێز بێت، بەڵام گەلی عێراقی قارەمان چاك لە موئامەرەکانی ئیستعمار گەیشتووە و بە ئیمانی ئەو ڕێ لە ئیستعمار دەبڕێت.

براکانمان، ڕۆڵە بە غیرەتەکانی گەلەکەمان سیادەتی زەعیم داواتان لێ دەکات کە یەك بگرن و ڕیزەکانتان پتەو بکەن و یارمەتی یەکتری بدەن، بەربەرەکانی دوژمنەکانی نیشتمان وە پێویستە دوو دڵ و قینەبەرایەتییتان لە ناو نەمێنێت، هەروەها فەرمانی دەرکردووە بە دامەزراندنی لیژنەیەك بۆ ئەوەی دەست بە جێ بە ناوچەی شیمال بگەڕێ کشوف و مواستەفات ڕێك بخات بۆ ئاوەدانکردنەوەی هەموو ئەو گوندانەی کە وێرانن لە ڕێی خێر و خۆشی و کامەرانی هەمووان و بۆ ئەوەی دڵنیا و پڕ ئارام بن، هەروەها داوای سەرکەوتن و شکوا و شانازی دەکات بۆ هەموو ڕۆڵەیەکی گەلەکەمان.

سەرکردەی فیرقەی دووەم

١٩٦٣/٣/١٢[٩٠].

لە دوای ئەو دوو ئاگاداریی نامەیە، مەلا مستەفا لە ڕێککەوتی ١٦ی ئازاری ساڵی ١٩٦٣ لەگەڵ هاوەڵەکانی چوونە شاری کۆیە[٩١]، هەروەها لە ڕۆژی ٢١ی ئازاری ساڵی ١٩٦٣ ئاهەنگێکی گەورەی نەورۆز ساز کرا، کە یەکەم جار سەرکردایەتی کورد داخوازییە ڕەواکانی کوردیان بەرانبەر خەڵکێکی زۆر ڕاگەیاند و خوێندەوە[٩٢]، هەر لەو نەورۆزەدا (هەژار موکریانی[٩٣]) شیعری (کاوەی مەزن[٩٤])ی خوێندووەتەوە، دیارە هەژار موکریانی لە ڕۆژی ٢٧ی ئازاری هەمان ساڵ لە کۆیە شیعری (بۆ پێشەوە پێشمان کەوە بارزانی)ی نووسیوە[٩٥].

لە لایەکی دیکەوە لە نەورۆزی ساڵی ١٩٦٣دا مەجیدی حاجی عەبدو، کە کرێکارێکی خەڵکی کۆیە بوو و لە کۆمپانیای نەوتی کەرکووك کاری دەکرد، بە دەستی پیاوانی بەعس سەر بڕدرا[٩٦].

هەروەها لە دوای نەمانی عەبدولکەریم قاسم، مەلا مەعسووم بە ماڵ و خێزانەوە کۆیە بەجێ دەهێڵێت و دەچێتە پاڵ شۆڕش و ڕوو دەکاتە بێتواتە، کە لە ژێر دەسەڵاتی شۆڕشدا بوو، لەوێ لە لایەن (عەلی شەعبان[٩٧])، ئامر هێزی ناوچەکە و ئەنوەر بەگ، سەرۆك عەشیرەتی خۆشناو پێشوازی لێ کراوە، بەمەش بووە یەکەمین مەلای ناودار و ناسراوی کوردستان کە پەیوەندی بە پێشمەرگە و شۆڕشی ئەیلوولەوە کوردەوە کردووە و لە لایەن مەلا مستەفای بارزانییەوە ڕێزێکی تایبەتی لێ گیراوە[٩٨]. پەیوەندی کردنی مەلایەکی دیاری وەك مەلا مەعسووم بە شۆڕشی ئەیلوول، گرنگی تایبەتی خۆی هەبوو، چونکە لەو سەردەمەدا کارەکتەری دیار و سەرەکی کۆمەڵگەی کوردەواری، مامۆستای ئایینی بوو، بە جۆرێك قسەی ڕەت نەدەکرایەوە، قسە و هەڵوێست و بۆچوونەکانی ڕێزلێگیراو و جێبەجێ کراو بوو. دەکرێت بڵێین پەیوەندی مەلا مەعسووم بە شۆڕشەوە هاندانی پتری پێشمەرگە بووە، بۆ ئەوەی زیاتر جەخت لە سەر ویست و ئامانجەکانی شۆڕش بکەنەوە.

جێی ئاماژەیە لە دوای دەستپێکی شۆڕشی ئەیلوول، شۆڕش پێویستی بە دادگا هەبوو، بۆیە داوا لە (عومەر حەبیب[٩٩]) دەکەن ببێتە دادوەر، تا کێشەی هاووڵاتییان بە شێوەیەکی یاسایی یەکلایی بکاتەوە، بۆیە ئەویش بە خێزانەوە دەچێتە ژێر دەسەڵاتی شۆڕش و بەتایبەتی بارەگای دادگای شۆڕش لە ماوەت، لەوێ وەکوو سەرۆکی دەستەی باڵای دادگا دەستبەکار دەبێت و هەر یەك لە: موحسین دزەیی، ڕۆبیتان ئەمین عەلی جاف و حەسەن سەید ئەحمەد ئەندامی دەستەی دادگاکە دەبن[١٠٠].

چەندین کەسایەتی سەربازی کۆیە لە شۆڕشی ئەیلوول بەشدارییان کردووە و ڕۆڵی بەرچاویان لە شەڕەکاندا هەبووە، لەم بارەیەوە (کەریم ئەحمەد[١٠١]) لە وتارێکدا لە بارەی ڕۆڵی (عەلی مەولوود[١٠٢]) بە ناونیشانی (تێکۆشەری کۆچکردوو عەلی مەولوود) دەنووسێت: "عەلی مەولوود لە هەر شوێنێك بووایە وەرەی پێشمەرگەکانی بەرز دەکردەوە، لە ناخۆشترین و سەختترین ڕۆژانی پێشمەرگایەتی، هەروەها فاتمە خانی خێزانی خەریکی بەخێو کردن و گەورە کردنی منداڵەکانی بوو[١٠٣]."

هەروەهــا عەمیــد (نــامیق عەبــدوڵلا[١٠٤])، کە یەکێــك بــووە لە ســەرکردە ســەربازییەکانی حکــومەتی عێــراق، لە دوای کوودەتــای ســاڵی ١٩٦٣ی بەعســییەکان دەچێــتە پــاڵ شۆڕشــی ئەیلــوول و دەبێــتە جێگــری ســەرکردەی لەشــکری پێشــمەرگە، لە ژێــر فەرمانــدەی گشــتی جەلال تاڵەبــانی دەبێــت، هاوکــات (نــافیز جەلال[١٠٥])یــش یەکێــك لە ســەرکردە ســەربازییەکانی حکــومەتی عێــراق بــوو، بەڵام لە دوای شۆڕشــی ئەیلــوول دەگەڕێــتەوە کوردســتان و لە کــۆیە پەیوەنــدی بە ســەرکردایەتی شۆڕشــی کوردســتان دەکــات و وەکــوو ئەفســەرێکی شــۆڕش وەردەگیرێــت و تــا بەهــاری ســاڵی ١٩٦٣ لە کۆیە دەمێنێتەوە[١٠٦].

جێــی خــۆیەتی بگوترێــت کە بەشــێك لە ســەرباز و حەرەس قەومــی بە مەبەســتی بردنــــی گەنــــم و بەرهەمەکــــانی ئەو نــــاوچەیە چووبــــوونە گونــــدی سێوەســــان، پێشــــمەرگەش بەو هەواڵە دەزانێــــــت، بــــۆیە خۆیــــان ئامــــادە دەکەن بــــۆ ڕووبەڕووبوونەوەیــان، پێشــمەرگەکانی ئەو نــاوچەیە بە سەرپەرشــتی مــلازم تــاریق شــەڕ لەگەڵ هێزەکــانی حکــومەتی عێــراق دەکەن، لەو شــەڕەدا حکــومەت شکســت دەهێنێــت و دەگەڕێــنەوە کــۆیە[١٠٧]. لەم بــارەیەوە حــاجی ســمکۆ فەرەج ســەعیدی مەتمــی، ئەو کــاتە بەشــداری ئەو شــەڕەی کــردووە، لەم بــارەیەوە دەڵێــت: "ئەو کــاتە لە دەشــتی کــۆیە بــووین، مــلازم تــاریق کە سەرپەرشــتیاری شــەڕەکە بــوو، لەگەڵ نــزیکەی ٧٠ بــۆ ٨٠ چەکــدار، ئاگــادار کــراینەوە کە ســبەینێ عەســکەر و حەرەس قەومــی هێــرش دەکەنە ســەر گونــدی سێوەســەن و دەوروبەری، بــۆیە زوو هەمــوو خەڵکــی گونــدمان ئاگــادار کــردەوە و گونــدەکان چــۆڵ کــران، هەر تــاقە ژنێــك بە نــاوی مــونیرە ڕەش مــابووەوە، کە نــانی بــۆ دەهێنــاین، ئــێمەی چەکــدار بە نەخشــە و پــلان ســەنگەرمان لە هێــز و ســوپا گــرت، مــولازم تــاریق بــۆ خــۆی ڕەشــاش برێنێکــی پــێ بــوو، ئەوە بــوو لە ســبەینەی ســاڵحانەوە شــەڕ و تەقە دەســتی پــێ کــرد، بەڵام شــەڕێکی زۆر قــــورس، وەك گەڵای داران کەلاشــــی عەســــکەر و حەرەس قەومــــی لەمــــلاولای جــادە کەوتبــوو، دەمەو عەسر ســوپا شــکا و گەڕایەوە کــۆیە و مەیتەکانیــان بــردەوە، ئــــێمەش دوو شــــەهید و چــــوار برینــــدارمان هەبــــوو، شــــەهیدێکمان خەڵکــــی خۆشــناوەتی بــوو، لە چەکــدارەکان هەر ئەو نــاوانەم بیــر مــاوە: مــولازم تــاریق

سەرپەرشتیار، عەلی مام ڕەشید سەر لق، مەجید کوردە، عارف حەوێز، سەر دەستە، سدیق کوێخا تەها (حەمە سوور کانی کوردەیی)، چەتۆ کەریمە سوور، سەید ئاغای کانەبی، حەمید ئاغای چایەچی، خاڵە دێوە و جەوهەر گەزنەیی[١٠٨]".

**سێیەم: کۆنگرەی کۆیە**

دوای بەیاننامەی ئەنجوومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش[١٠٩]، مستەفا بارزانی وای بە باش زانی پرس و ڕاوێژ لەگەڵ مەکتەبی سیاسی و ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردە نیشتمانپەروەرە دڵسۆزەکاندا بکات، بۆ ئەو مەبەستە کۆبوونەوەیەکی بەربڵاو کرا کە هەموو لایەنە گەلی و سیاسی و پیشەییەکانی گرتە خۆی، هەموو ڕێکخراو و نەقابە و ئامۆژگا زانستییەکان نوێنەریان تێدا هەبوو، بانگ ڕاهێڵ بۆ هەموو لایەکی کوردستان نێردران بۆ ئەوەی خەڵکەکە نوێنەری خۆیان هەڵبژێرین بۆ ئەو کۆبوونەوەیە[١١٠].

لە ڕێککەوتی ١٦ی ئازاری ساڵی ١٩٦٣ نوێنەرانی تەواوی چین و توێژە جیاکانی کۆمەڵگا، بە نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانەوە، سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، فەرماندەی یەکەکانی هێزی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و سەرۆک هۆزە شۆڕشگێڕەکان گەیشتنە شاری کۆیە[١١١].

دوای تەواو بوونی کاروباری خۆئامادەکردن بۆ کۆنگرە و ئامادەکردنی پێویستییەکان، بارزانی چوارقوڕنەی جێ هێشت و لە ١٦ی ئازاری ساڵی ١٩٦٣ گەیشتە شاری کۆیە[١١٢] و لە ماڵی کاکە زیادی حەمە ئاغای بوو، ئەویش ماڵەکەی خۆی خستە ژێر دەستی بارزانی و هەموو ئەرکێکی میوانداری کردنی بارزانی و هەر کەس لەگەڵی بوو تا لە کۆیە بن گرتە ئەستۆی خۆی[١١٣].

کۆنگرە لە ڕۆژانی ١٨ تا ٢٢ی ئازاری ساڵی ١٩٦٣، بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی، لە ژێر چەتری هێزی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و لە ماڵی کاکە زیاد ئاغای کۆیە، بە ئامادەبوونی ٢٠٠٠ تا ٢٥٠٠ کەس ساز درا کە ٢٠٠ کەسیان مافی دەنگدانیان هەبووە. مەبەستی ئەم کۆنگرەیە گەڵاڵەکردنی داخوازییەکانی کورد بوو لە حکومەتی عێراق[١١٤].

کۆنگرە شەوان دەستبەکار دەبوو و بە ڕۆژ ئەندامانی کۆنگرە بڵاوەیان دەکرد، ئەوەك حکومەت نیازی خراپی هەبێت و بۆردوومانی شوێنی کۆنگرە بکات،

چـونكە بەعسـيیەكان جـێگەی مـتمانەی كـورد نەبـوون، لەو كـۆنگرەیەدا بـارزانی لە هەمـــوو دانیشـــتنەكان ئامـــادە دەبـــوو و بەشـــداری هەمـــوو قســـەكانی دەكـــرد، هەروەهـــا ئەنـــدامانی مەكتەبـــی سیاســـی و لیـــژنەی مەركەزی هەموویـــان بەشـــدار بـوون، سـەر لەشـكر و ئـامر هێزەكـان، سـەرۆك هۆزەكـانی دۆسـتی شـۆڕش بەشـدار بـوون، لەوانە: عەباسـی مامەنـد ئاغـا، سـمایلی سـوارە، شـێخ حوسـێنی بۆسـكین، كوێخـا سـمایلی تەلان، حـاجی بـرایمی چەرمەگـا، مەجیـد ڕۆسـتەم، عەولاَئاغـای مـاوەت، واحیـدی حـاجی مەلـۆ، ئەحـمەد حەمەدەمـین دزەیـی و ڕەشـید ئاغـای دۆسـكی، لەگەڵ چەنـد كەسـایەتییەكی نیشـتمانپەروەری بـێلایەن، وەك مەسـعوود محەممەد[١١٥].

(ئەحـمەد شـەریف لەك[١١٦])، كە وەكـوو نـوێنەری حیـزب و پێشـمەرگە لە كـۆنگرەی كـۆیە بەشـدار بـووە، دەڵێـت: "لەو كـۆنگرەیەدا بە زەقـی دیـار بـوو كە بۆچـوونی جیـاواز لە نێـوان بـارزانی و مەكتەبـی سیاسـی هەبـوو، لە سـەر دانـانی سـەرۆكی وەفـدی كـوردی بـۆ بەغـدا، بـارزانی دەیویسـت و مەبەسـتی بـوو مەسـعوود محەمـمەد سـەرۆكی وەفـد بێـت، مەكتەبـی سیاسـی سـوور بـوون لە سـەر جەلال تاڵەبـانی، لە ئەنجامـدا ڕای مەكتەبـی سیاسـی سـەركەوتوو بـوو و جەلال تاڵەبـانی كرا بە سەرۆكی وەفد و هەموو دەسەڵاتێكی لەم بارەیەوە پێدرا[١١٧]."

دوای كۆبـوونەوەكە یاداشـتێكیان بە حكومەتـدا، كە بڕیارەكـانی كۆنگرەكەیـان تێـدا نووسـیبوو، وەفدێكیشـیان بە سـەرۆكایەتی جەلال تاڵەبـانی هەڵبـژارد، ئەویـش پـرۆژەكەی لەگەڵ خـۆی بـرد بـۆ بەغـدا[١١٨]. شـاندەكە بە سـەرۆكایەتی جەلال تاڵەبـانی لەم ئەنـدامانە پێـك هـاتبوون: سـاڵح یووسـفی، مەسـعوود محەمـمەد، حوسـێن خانەقـا، سـەمەد محەمـمەد، (حەبیـب محەمـمەد كەریـم[١١٩])، عەگیـد سـدیق، شـاخەوان نـامیق، بـابەكر ڕەسـووڵ، مسـتەفا عەزیـز و ئیحسـان شـێرزاد، لە مـانگی ئـازاری سـاڵی ١٩٦٣دا شـاندەكە ڕەوانەی بەغـدا كـرا، بەڵام دانوسـتاندنەكان بـێ ئاكـام بـوون، دواتـر و لە سـەرەتای مـانگی حـوزەیرانی سـاڵی ١٩٦٣دا، شـەڕی یەكـلایەنە و كتـوپڕ لەلایەن سـوپای عێـراقەوە بـۆ سـەر كوردسـتان دەسـتی پێكردەوە[١٢٠].

**چوارەم: بارودۆخی کۆیە لە سەردەمی حەرەس قەومی**

**١- حەرەس قەومی**

حەرەس قەومی ڕێکخراوێکی سەربازی بوو، حیزبی بەعسی عێراق دروستی کرد، عەلی سالح سەعدی سەرپەرشتی دەکرد، لە بنەچەدا میلیشیا بوون، لە پێناو چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆیان بەکاریان دەهێنان، لە بەرەبەیانی ڕۆژی کوودەتای ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ بە گوێرەی بەیانی ٣ و ٤ی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی نیشتمانی شۆڕش پێك هات، کە ڕۆڵی زۆریان لە ڕاوەدوونان و گرتن و ئەشکەنجەدانی نیشتمانپەروەران و لایەنگرانی لایەنەکانی دیکەی وەك حیزبی شیوعی و پارتی دیموکراتی کوردستان هەبوو[١٢١].

ئەو میلیشیایە سەربازییە، بە فەرمانی کۆماری ژمارە ٣٥ لە ٢ی ئازاری ساڵی ١٩٦٣ ڕەوایەتی یاسایی و دەستووری پێدابوو، کە لە بەشێکی ناوەڕۆکی فەرمانەکەدا هاتبوو: "بە گوێرەی یاسای دەستووری ئەنجوومەنی نیشتمانی شۆڕش و لە سەر پێشنیازی سەرۆک وەزیران و ڕەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران و پشت ڕاستکردنەوەی لە لایەن ئەنجوومەنی نیشتیمانی و سەرکردایەتی شۆڕش پەسند کرا." دیارە ئەم یاسایە چەندین ماددەی لەخۆگرتبوو، لە ماددەی یەکەمدا هاتبوو: "دامەزراندنی ڕێکخراوێکی جەماوەری کە بە حەرەس قەومی ناسراوە و خاوەنی سەرکردایەتییەکی سەربەخۆیە و پەیوەستە بە سوپا سالارەوە." لە ڕاستیدا دامەزراندنی میلیشیای حەرەس قەومی کە لە سەرەتادا ژمارەیان کەم بوو، بەڵام دوای بە دامەزراوەیی کردنی، ژمارەکەی بۆ ٢١٠٠٠ کەس بەرز بووەوە، لە ئابی ساڵی ١٩٦٣دا ژمارەیان گەیشتە ٣٤٠٠٠ کەس. بەمەش بووە هێزێکی گەورە و خاوەن دەسەڵاتێکی ڕەها، کە توانی هەموو کاروباری کارگێڕی و سەربازی عێراق کۆنترۆڵ بکات و سیاسەتێکی توندوتیژانەیان لە بەرامبەر هاووڵاتییانی عێراقدا پەیڕەو دەکرد، بەردەوام خەریکی ئەشکەنجەدانی هاووڵاتییان و زیندانی کردن و کوشتنیان بوون، جگە لەوەی هیچ ڕێزێکیان بۆ بەها کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان دانەدەنا[١٢٢].

له ڕاسـتیدا دامەزراندنی حەرەس قەومی زیاتر بۆ پارێزگاری کردن له دەسەڵاتی خۆیان بەکاردەهێنران، بۆ لەناوبردنی نەیارەکانیان و دابین کردنی هەلومەرجی بەردەوامبوونی فەرمانڕەوایەتیان له عێراق و جێبەجێ کردنی پرۆسەی بە عەرەب کردن بوو، هەر بۆیە هەندێك کەسیان دەستنیشان کرد تا سەرکردایەتییان بکات، که هەڵگری بیری نەتەوە پەرستی عەرەب بوون، لەوانە: مونزر مەنداوی تکریتی، که ئەفسەری هێزی ئاسمانی بوو، پیاوی عەلی ساڵح سەعدی بوو، حەرەس قەومی دەسەڵاتی ڕەهای پێدرابوو له مامەڵە کردنی لەگەڵ هاووڵاتییاندا، مافی دەستگیرکردن و زیندانی کردن و کوشتنی هەموو کەسێکی هەبوو، که هەڕەشە بووایە بۆ سەر دەسەڵات، به تایبەتی مافی کوشتنی شیوعییەکانی به شێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەبوو. بەمەش ژمارەیەکی زۆر له شیوعییەکان دەستگیر کران و به سەدانیان لەسەر شەقامەکان کوژران، جگه لەوەی ئازاری منداڵانیان دەدا و دەستدرێژییان دەکردە سەر ئافرەتان[١٢٤].

ئەو هێزه جلوبەرگی تایبەتییان لەبەر دەکرد بۆ ئەوەی له هێزی پۆلیس و سوپا جیا بکرێتەوە، کەچی دواتر وای لێ هات هیچ حیسابیان بۆ بڕیارەکانی سەروو خۆیان نەدەکرد، بەو مانایەی خۆیان له سەرووی یاسا دادەنا[١٢٥].

له لایەکی دیکەوە له دوای دەرکردنی بەیانی ژمارە ١٣ له لایەن بەعسییەکانەوە هێزەکانی حەرەس قەومی ئەو دەسەڵاتەیان پێدرابوو، که به بێ دادگایی کردن هەر کەسێکی سەر به حیزبی شیوعی بێت، له هەر شوێنێك دەستگیر کرا، له هەمان شوێن گوللەباران بکرێت[١٢٥].

له دوای کوودەتاکەیان بەعسییەکان فیرقەی دوویان ڕێك خست، که ئەرکی پەلاماردان و داپڵۆسینی کەرکووك و هەولێر و سلێمانی بوو به هەموو ناوچەکانیانەوە، به مەرسوومێکی جمهووری عەمید ڕوکن ئیبراهیم فەیسەڵ ئەنساری کرا به فەرمانی فیرقەی دوو، هەروەها عەقید سەعید حەمۆ کرا به فەرماندەی لیوای پێنجی فیرقەی دوو، عەمید ڕوکن سەعید فەتحی سقلی کرا به حاکمی عەسکەری، زەعیم سدیق مستەفا کرا به فەرماندەی ٢٠، تەها شەکرچی که ئەفسەرێکی مووسڵاوی بوو له فەوجێکی لیوای ٥ دامەزرا[١٢٦].

بە مەبەستی کۆتایی هێنان بەو بارودۆخەی لە کوردستان دەگوزەرا، حکومەتی عێراق لە ڕێی بەکارهێنانی سوپا و حەرەس قەومی هێرشێکی بەربڵاویان بۆ سەر کوردستان لە سێ قۆڵەوە دەست پێ کرد، یەکەمیان بەرەو هەولێر و ڕواندز، دووەمیان بەرەو شاری کۆیە و ڕانیە، سێیەمیان بەرەو شاری ئامێدی و دەوروبەری[١٢٧].

لە ڕۆژانی ٩ و ١٠ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣دا حەرەسی قەومییەکان پەلاماری کوردستانیاندا و نزیکەی ٢٦٧ کەس لە سلێمانی و ٢٥ کەس لە کۆیە و دەوروبەری ٧٣ کەس لە بیتوێن بە بێ هیچ تاوانێك دەستگیر کران، لە دوای ئازار و ئەشکەنجەدان، بە بێ دادگایی گوللەباران کران[١٢٨].

کاتێك سوپا لە هەولێرەوە بەرەو کۆیە جووڵا، بە درێژایی ئەو ڕێگایە شەڕێکی خوێناوی کرا، دوای دوو سێ ڕۆژ، شەڕی توند کەوتە دەربەندی گۆمەسپان و دێگەڵە، لەوێ شەڕ ١٢ ڕۆژی خایاند، سەرەڕای جیاوازی نێوان دوژمن و پێشمەرگە لە ڕووی چەك و ژمارەوە، دوژمن زیانێکی زۆری بەرکەوت[١٢٩].

موقەددەم ڕوکن تەها شەکرچی سەرکردایەتی هێزی سەربازی و سوپای عێراق و حەرەس قەومییەکانی لە کۆیە دەکرد، کە هەر لە سەرەتاوە فەرمانبەرەکانی کۆیەی دەستگیر کرد، هەروەها خەڵکێکی زۆریشی لە کرێکار و کاسبکار و خەڵکی دیکەی دەستگیر کرد و ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆری دەستگیرکراوانیان دابوو، بە شێوەیەك ماڵەکانی نزیك سەرای کۆیە گوێیان لە ناڵە و هاواری ئەو کەسانە بووە کە لە زیندانەوە ئازار و ئەشکەنجە دراون[١٣٠].

لە باسەکانی دواتردا بە وردی باس لە کردەوە و تاوانەکانی هێزی میلیشیای حەرەس قەومی لە کۆیە و دەوروبەری دەکەین.

**٢- بارودۆخی کۆیە لە سەردەمی حەرەس قەومیدا**

بـارودۆخی سیاسـی کوردسـتان بە گشـتی و شـاری کـۆیە بەتـایبەتی، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو گـرژی و ئـاڵۆزی دەچـوو، لە بـری ئەوەی حکـومەتی بەعـس دان بە مـافە ڕەواکـانی کـورد دابنـێ، خـۆی سـازدا بـۆ پەلامـاردانی سـەربازی، حکـومەتی عێـراق لە ڕێـی بەکارهێنـانی سـوپا و حەرەس قەومـی هێرشـێکی بەربڵاویـان بـۆ سـەر کوردسـتان لە سـێ قـۆڵەوە دەسـت پـێ کـرد، یەکەمیـان بەرەو هەولێـر و ڕوانـدز، دووەمیـان بەرەو شـاری کـۆیە و ڕانـیە، سـێیەمیان بەرەو شـاری ئامێـدی و دەوروبەری. کاتێـک هەواڵـی هێرشـی سـەربازی سـوپای عێـراق و میلیشـیای حەرەس قەومـی گەیشـتە بەر گـوێی بەرپرسـانی کـورد لە کـۆیە، عـومەر دەبـابە و هـاوەڵانی بڕیاریانـدا ڕووبەڕووی ئەو هێرشـانە ببـنەوە، بەڵام پێیـان بـاش بـوو نـاو شـاری کـۆیە چـۆڵ بـکەن و هێـزی بەرگـری لە چیـای هەیـبەت سـوڵتان و بـاواجی دابنـێن، ئەمەش بـۆ پاراسـتنی گیـانی هاووڵاتییـانی کـۆیە بـوو، هەر بـۆ ئەو مەبەسـتەش بانگەوازێکیـان لە بڵنـدگۆی مزگەوتـی گەورەی نـاو شـاری کـۆیە بڵاوکـردەوە و ڕایانگەیانـد کە پێویسـتە هاووڵاتییـان بە زوویـی شـاری کـۆیە چـۆڵ بـکەن، لەبەر ئەوە ڕۆژی ٣[١٢١]ی حـوزەیرانی سـاڵی ١٩٦٣ لە کـاتژمێر ١٢ی شـەو هەمـوو خەڵکـی کـۆیە شـاریان چـۆڵ کـرد، بەرەو دەشـت و دەر، ڕانـیە و قەڵادزێ و گونـدەکانی دەوروبەری کـۆیە کـرد[١٢٢]. لەم بـارەیەوە کەمـال محێـدین دەڵێـت: "مـن و دکتـۆر خالیـد و عـومەر دەبـابە لە کـۆیە مـاینەوە، کە دڵنیـا بـووین لەوەی کەس لە کـۆیە نەمـاوە، ئـێمەش لە بـن شـاخی هەیـبەت سـوڵتانەوە چـووینە سـوێرەڵە و مقەرێکـی سـەرەتاییمان دانـا[١٢٣]." ڕۆیشـتنی هاووڵاتییـانی مەدەنـی شـارەکە بـۆ دەرەوەی شـار چـاوەڕوان کـراو بـوو، چـونکە هەر لەگەڵ هـاتنی بەعسـییەکان بـۆ سـەر دەسـەڵات و دامەزرانـدنی هێـزی حەرەس قەومـی، هێـزەکە دەسـتی کـرد بە کوشـتن و بـڕین و لەنـاوبردنی نەیـارانی بەعسـییەکان، تەنـانەت زۆر بە تونـدی دژی شـیوعییەکان و دۆسـت و لایەنگرانـی عەبـدولکەریم قاسـم و نەیـارانی دیـکە بـوونەوە، بەشـێکی زۆری هاووڵاتییانیـان دەسـتگیر کـرد و خـرانە زینـدانەوە، هەروەهـا خەڵکێکـی زۆریـان کوشـت، ئەم شـێوازە مـامەڵە کـردنەی حەرەس قەومییەکـان بە نـاو خەڵکـدا

بڵاوبوونەوە و ترسیان خستووەتە نێو دڵی هاووڵاتییان، لەبەر ئەوە بە زوویی شارەکەیان چۆڵ کرد.

حکومەتی بەعس لە ٦ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣ بە فڕۆکە کۆیە و بەشی زۆری شارەکانی کوردستانی بۆردوومان کرد، بە دوو لیوا سەرباز و تانك و تۆپ و فڕۆکە هێرشی بردە سەر شاری کۆیە[١٢٤]. هەروەها پێش گەیشتنیان بۆ ناو شاری کۆیە ژمارەیەک لە فڕۆکەکانی حکومەتی عێراق بڵاوکراوەیەکیان بەسەر خەڵکی شاری کۆیە بڵاوکردەوە، کە تێیدا هاتبوو: "هەموو هاووڵاتییان لێخۆشبوونی گشتیان بۆ دەرچووە، ئەم لێخۆشبوونەش لە لایەن سەرۆک وەزیران و سوپا سالاری عێراقەوە دەرچووە و بە سەر تەواوی هاووڵاتییان بە بێ جیاوازی جێبەجێ دەکرێت، هەر بۆیە پێویستە هاووڵاتییان گوێڕایەڵی فەرمانەکانی حکومەتی عێراق بن و کرداری گێرەشێوێنی ئەنجام نەدەن[١٢٥]."

حەرەس قەومی لە ڕێککەوتی ١٠[١٢٦]ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣ لە هەموو لایەکەوە هێرش و پەلاماریان بۆ سەر کوردستان دەست پێ کرد[١٢٧]، ڕۆژی ١٥ی حوزەیران لیوای پێنج و جاشەکان گەیشتنە دێگەڵە، بەڵام لەوێ پێشمەرگە پێشیان پێ دەگرن و دوو سریەی ئەو لیوایە دەشکێنن و زیانی مادی و گیانییان لێ دەدەن، دواتر حکومەتی عێراق ڕێگای خۆی بۆ باشووری دێگەڵە دەگۆڕێ و بە دەشتایی بەرەو گوندی تەکەوڵ دەڕۆن، ماوەیەك لەوێ بنکەی سەربازی دادەنێن، دواتر لەوێوە بەرەو گوندی تۆپزاوا بەڕێ دەکەون، دوای بۆردوومانێکی چڕی فڕۆکە و گەیشتنی هێزێکی دیکە لە کەرکووك بە ڕێگای تەقتەق بۆ چوار ڕیانی تۆپزاوا، دەتوانن لە ٢٢ی حوزەیران بگەنە گوندی هەرمۆتە، لەوێشدا سەربازگەیەکی کاتی دادەنێن، ڕۆژی دواتریش، واتە ٢٣ی حوزەیران دەگەنە ناو شاری کۆیە[١٢٨]، هەر کە سوپا گەیشتە شاری کۆیە، خەڵکێکی زۆر بە قورئانەوە بەرەو پیریان چوون، بۆ ئەوەی شارەکە و خەڵکەکە پارێزراو بن[١٢٩]، بەڵام لەگەڵ گەیشتنیان بۆ ناو شار، فەرمانی گرتن و کوشتنی ژمارەیەک لە دانیشتووانی شارەکەیاندا، بێ ئەوەی ڕووبەڕووی لێپێچینەوە ببنەوە، ئەم شاڵاوە سنووری شاری کۆیەی بەزاند و بەرەو گوندەکانی تۆپزاوا، هەرمۆتە، عەودالان، سماقووڵی

گەلــی و ســکتان هەنگاویــان نــا و دەســتیان کــرد بە تاڵانکــاری و ســەپاندنی ئــابلۆقەی ئـــابووری بەســـــەر شـــــاری کـــۆیە و دەوروبەری، تەنـــــانەت چەنـــــد گونـــــدێکیش ســـووتێنران[١٤٠]. ئەمە قوربانیـــدانی کـــۆیە و دەوروبەرییەتـــی بـــۆ شۆڕشـــی ئەیلـــوول، چـــونکە ئەگەر بەشـــداری کـــاری خەڵکـــی ئەو شـــارە لە شۆڕشـــدا نەبـــووایە، حکـــومەتی عێـــراق، وردتـــر بڵێـــین حەرەس قەومییەکـــان بەم شـــێوەیە مامەڵەیـــان لەگەڵ خەڵکـــی شارەکەدا نەدەکرد.

هێـرش و پەلامـاری حەرەس قەومـی بە هاوکـاری هێـزی ئاسـمانی عێـراق بـۆ سـەر شـاری کـۆیە دەسـتی پـێ کـرد، پـێش گەیشـتنیان بـۆ نـاو شـار، ژمـارەیەک لە فڕۆکەکـانی حکـــومەتی عێـــراق بڵاوکراوەیەکیـــان بەســـەر دانیشـــتووانەکەی بڵاوکـــردەوە، کە تێیـــدا هـــاتبوو: "هەمـــــوو هاووڵاتییـــــان لێخۆشـــــبوونی گشـــــتیان بـــــۆ دەرچـــــووە و ئەم لێخۆشـــبوونەش لە لایەن ســـەرۆک وەزیـــران و ســـوپا ســـالاری عێـــراقەوە دەرچـــووە و بەســـەر تەواوی هاووڵاتییـــان بە بـــێ جیـــاوازی جێبەجـــێ دەکرێـــت، هەر بـــۆیە پێویســـتە هاووڵاتییـــان گـــوێڕایەڵی فەرمانەکـــانی حکـــومەتی عێـــراق بـــن و کـــرداری گێرەشـــێوێنی ئەنجـــام نەدەن. بەڵام لە کـــاتی هاتنیـــان بەم شـــێوەیە نەبـــوو، بەڵکـــوو بە تەواوی لە دژی دانیشـــتووانی خەڵکـــی کـــۆیە و هەرمـــۆتە وەســـتانەوە[١٤١]." هەروەهـــا ڕایانگەیانـــد ئەو کەســـانەی لە دەرەوەی شـــارن، ئەگەر لە مـــاوەی ســـێ ڕۆژدا نەگەڕێـــنەوە نـــاو شـــار و ماڵەکانیـــان، خـــانوو و موڵکیـــان دەســـتی بەســـەردا دەگیرێـــت و دەســـووتێنرێت، بـــۆیە زۆربەی خەڵکەکە دەگەڕێنەوە[١٤٢].

هێرشـــە ســـەربازییەکەی حکـــومەتی بەعـــس بـــۆ ســـەر کـــۆیە بە پاڵپشـــتی هەزاران حەرەس قەومـــی و جـــاش بـــوو، لە کـــاتی هاتنیـــان بـــۆ کـــۆیە، هەوێـــز بە هەوێـــز، تەویـــلە بە تەویـــــلە... دەگەڕان، ئەوەی بە کەڵـــــك هاتبـــــا دەیـــــانبرد و فەرهوودیـــــان دەکـــــرد، دەیـــان هەزار مەڕ و بـــزن و گـــا و گوێلـــك و ئەســـپ و هێرســـتر و شـــتی دیکەیـــان بـــرد، تەنانەت مزگەوتیشیان وێران کرد[١٤٣].

هەڵــبەت لەو ســـەروبەندەدا لە کـــاتژمێر ٣ی شـــەودا، دائیـــرەی ئینحســـاری تـــووتنی کـــۆیە بە دەســـتی پێشـــمەرگە ئـــاگر درا و مـــاوەی ســـێ شـــەو و ڕۆژ دەسووتا[١٤٤].

لە ســـەرەتای هێرشـــی حەرەس قەومـــی بـــۆ ســـەر گوندنشـــینەکانی دەشـــتی کـــۆیە، هێـــزی پێشـــمەرگە بەرگرییەکـــی ئەوتـــۆی نەکـــرد، چـــونکە حەرەس قەومـــی، فـــڕۆکە و تانـــك و زرێپۆشـــێکی زۆری هەبـــوو، هێـــزی پێشـــمەرگەش چەکیـــان کەم بـــوو، بـــۆیە شەڕەکە نا بەرانبەر دەبوو[١٤٥].

دوای داگیرکردنـــی چیـــای هەیـــبەت ســـوڵتان لە کۆتاییەکـــانی مـــانگی حـــوزەیران، هێرشـــیان کـــردە ســـەر گونـــدەکانی دەشـــتی کـــۆیە، بە تـــایبەتی سێوەســـەن و (حـــاجی قەڵا[١٤٦])، چـــونکە پێشـــمەرگە لەوێ بـــنکەی ســـەربازی هەبـــوو و خۆیـــان بـــۆ شـــەڕ ئامـــادە کردبـــوو، لەوێـــدا هێزەکـــانی پێشـــمەرگە ڕووبەڕووی هێـــزی حکـــومەت بـــوونەوە، لە شـــەڕەکەدا هێـــزی حکـــومەت چەنـــد کەســـێکیان لـــێ کـــوژرا و چەنـــدی دیکەشـــیان لـــێ برینـــدار بـــوو، ئەمەش بـــووە هـــۆی ئەوەی هێـــزەکەی حکـــومەت پاشەکشە بکات و بگەڕێتەوە کۆیە[١٤٧].

حەمیـــد ڕەشـــاش، نووســـیویەتی: "ســـاڵی ١٩٦٣ لە کـــاتی هێرشـــی حەرەس قەومـــی بـــۆ ســـەر کـــۆیە لە حـــاجی قەڵا بـــووم، (شـــێخ جەنگـــی بورهـــان[١٤٨]) ٣٠ چەکـــداری کۆکردبـــووەوە و بەرگریـــان لە گونـــدەکانی کـــۆیە کـــرد، لە کاتێکـــدا حکـــومەتی عێـــراق ئـــاوی بەنـــداوی دووکـــانی گرتبـــووەوە تـــا بتوانێـــت بە ئاســـانی هێـــزەکەی بپەڕێنێـــتەوە، بەڵام ئەوان بەرپەرچیان دانەوە و بواریان نەدان ناوچەکە داگیر بکەن[١٤٩]."

هەروەهـــا لە هەڵمەتێکـــی دیـــکەدا حەرەس قەومـــی لە بەری زێـــی بچـــووکەوە لە لای گونـــدی بۆڵقـــامیشەوە هێـــرش دەکەنە ســـەر گونـــدەکانی کـــانی بـــی و (بۆگـــد[١٥٠]) و کڵێســـە، بەڵام لە لایەن پێشـــمەرگەوە بەرپەرچیـــان دەدرێـــتەوە و چەنـــد کەســـێك لە هێـــزی حکـــومەتی عێـــراق دەکوژرێـــت[١٥١]. هێرشـــی حەرەس قەومـــی لەوبەری زێـــی بچـــووکەوە بـــۆ ســـەر گونـــدی بۆگـــد پەیوەنـــدی بە چالاکییەکـــانی هێـــزی پێشـــمەرگە لە سنوورەکە هەبوو.

له کۆتـایی مـانگی حوزەیرانـدا حەرەس قەومـی جـارێکی دیـکە هێرشـی بـردە سـەر گونـدەکانی یـارەمیش و شـەوگێڕ لە دەشـتی کـۆیە، بە مەبەسـتی کـۆنترۆڵ کـردن و تـاڵانکردنی نـاوچەکە، بەڵام لەوێـدا ١٠ پێشـمەرگە لە گـردی قـوچێ (لە نێـوان گونـدی شـەوگێڕ و کفـرە دۆڵ)، بۆسـەیان بـۆ هێـزی عێـراق دانـایەوە، لە کاتێکـدا نیـوەی پێشـمەرگەکان بـێ چەک بـوون، لە کـاتی پێشـڕەوی کردنـی هێـزەکە پێشـمەرگەکان تەقە دەکەن و سـێ کەس دەکـوژن، بـۆیە هێـزەکە دەگەڕێـتەوە کـۆیە و جـارێکی دیـکە نـاچنەوە ئەو نـاوچەیە. لەم ڕووبەڕووبـوونەوەیەدا نـافیز جەلال و کوێخـا مەمەنـدی کوێخـا فەرەج، فەیـزوڵڵا ئاغـای جەلال حەوێـزی و نەزەنـد خـانی ماماغـای غەفـووری و هەردوو کوڕەکەیـان: موشـیر و ئەمیـر ڕۆڵـی دیاریـان هەبـوو، ڕێگریـان لە پەلامـاری سـەر گونـدی یـارەمیش کـرد، هەروەهـا بەشـداری نەزەنـد خـانی غەفـووری وەك ژنێکـی ئـازا و خـۆڕاگر، بـووە یەکەم ژنە شـەڕکەری شۆڕشـی ئەیلوول[١٦٣].

(کـاوە کوێخـا مەمەنـد[١٦٤])، لە کتێبـی کوێخـا مەمەنـدی کـۆیە، جـوامێری، چـاکەخوازی، بەخشـندەیی و ئاشـتەوایی، (١٩٢٠- ١٩٩٥)، سـەبارەت بە ڕووبەڕووبـوونەوەی حەرەس قەومییەکـان لە لای گونـدی یـارەمیش، دەڵێـت: "کاتێـك حەرەس قەومـی ویسـتوویانە دەغـڵ و دانـی نـاوچەکە بسـووتێنن و مەڕومـاڵاتی خەڵـکە بـبەن، بە تـایبەتتر لە مـانگی حـوزەیرانی سـاڵی ١٩٦٣ کاتێـك حەرەس قەومـی ڕووە و گونـدی یـارەمیش ڕۆیشـتوون بە مەبەسـتی تـاڵانکردنی مەڕومـاڵاتی فەیـزوڵڵا جەلال، لەو کـاتەدا کوێخـا مەمەنـد، حـاجی سـمکۆ، (حـاجی ڕەفیـق[١٦٩])، کەریـم خـدر، لەگەڵ نـافیز جەلال، فەیـزوڵڵا جەلال، مـوشـیر ئاغـا، ئەمیـر ئـاغـا، زرار ناوێـك بەیەکەوە بـوونە و تفەنگیـان لا بـووە، لەوێ شـەڕ لە نێـوان ئەو چەنـد کەسـە و حەرەس قەومییەکـان دروسـت بـوو، کە تێیـدا سـێ چـوار سـەربازی حەرەس قەومـی کـوژران، بەم هۆیەشـەوە حەرەس قەومییەکـان شـکان و پاشەکشـەیان کـرد، بەم شـێوەیە سـەرکەوتن و فەیـزوڵڵا جەلال مەڕوماڵاتەکـانی بـۆ ڕزگار کرا[١٦٥]."

لە درێــژەی هێــرش و پەلامارەکــانی حەرەس قەومــی بــۆ ســەر گونــدەکانی دەوروبەری کــۆیە، مــاڵی ئاغــای مەلا ئەحــمەد ئاغایــان لە گونــدی داربەڕوو تــاڵان کــرد و ســووتاندیان و ئاشەکەشــیان بە تــی ئــێن تــی تەقانــدەوە[١٦٦]، هەروەهــا هێرشــیان بــردە ســەر گونــدی حەمەبــایزان و ســووتاندیان، لەو هێرشــەی ســەر گونــدی حەمەبــایزان دوو کەس برینــدار بــوون، بــۆیە گونــدەکە چــۆڵ کــرا، هەمــوو خەڵکــی حەمەبایزان ڕوویان لە شاری کۆیە کرد[١٦٧].

لە لایەکــی دیــکەوە لە دوای هــاتنی حەرەس قەومــی، لە هــاوینی ســاڵی ١٩٦٣دا لەگەڵ هێــرش کــردنە ســەر کوردســتان حەرەس قەومــی لە هەمــوو دەروازەکــانی هەولێــر خــاڵی پشــکنینیان دانــا و دەســتیان کــرد بە گرتنــی هەمــوو ئــاژەڵە باربەرەکــان، بە بیــانووی ئەوەی لە گواســتنەوەی ئــازووقە و کەلــوپەل لە هەولێــرەوە بــۆ نــاوچە ئازادکراوەکــانی ژێــر دەســتی پێشــمەرگە ســوودیان لــێ وەرگیــراوە، بــۆ نمــوونە: لە خــاڵێکی پشــکنینی شــاری کــۆیەدا دەیــان ئــاژەڵی بارەبەریــان گــرت و لە مەیــدانێکی نزیــك خــاڵەکە بارەبەرەکانیــان بەســتنەوە، ئەوە بــوو بــۆ مــاوەی چەنــد ڕۆژێــك بــارگرانی و نــاڕەحەتی بــۆ خاوەنەکانیــان دروســت بــوو، چــونکە لەو شــارە دەمــانەوە و پەیداکردن و گواستنەوەی ئالیك و ئاو بۆ ئاژەڵەکانیان سەخت بووبوو[١٦٨].

هاوکــات فەرمانــدەی ســوپای عێــراق مەنعــی تەجەولــی لە شــاری کــۆیە ڕاگەیانــد و بە ســەدان ســەرباز و حەرەس قەومــی ڕژانە تێکــڕای کــووچە و کۆڵانەکــانی هەمــوو گەڕەکەکــانی شــار، خەڵکــی مەدەنیــی بــێ دەســەڵات کەوتە بەر شــەق و داپڵۆســین و ئــازاردان بە بــێ هــیچ تاوانێــك، مــاڵ بە مــاڵ، ژوور بە ژوور، کەوتــنە پشــکنینەوەی هەمــوو شــارەکە، بە بیــانووی گەڕان بە دوای چەك، هەروەهــا پــتر لە ٢٠٠ هــاووڵاتی دەســتگیر کــران و بــۆ شــەو و ڕۆژێــك لە ســەربازگەی هەیــبەت ســوڵتان بــێ نــان و ئــاو ســزا دران[١٦٩]. ڕەشــبگیری پــتر لە ٢٠٠ هــاووڵاتی شــاری کــۆیە بە بــێ هــیچ تاوانێــك، تــاوان بــوو بەرانــبەر خەڵکــی مەدەنــی شــارەکە، ئامــانج لێــی تەنیــا بڵاوکــردنەوەی تــرس و دڵەڕاوکــێ بــوو لە نێــو دانیشــتووانی شــارەکە، بــۆ ئەوەی بە هــیچ شــێوەیەك یــارمەتی پێشــمەرگە نەدەن، تەنــانەت بیریشــی لــێ نەکەنەوە، بەڵام هەوڵەکــانی حکومەت لەم ڕێگایەوەش سەرکەوتوو نەبوو، چونکە شۆڕش بەردەوام بوو.

بەعس بڕیاری دابوو کۆیە بگرێت و وێرانی بکات، بۆیە بەشێك لە خانووەکانی کۆیەی سووتاند[١٦٠]، لە پێش هەمووشیانەوە خانووەکەی کاکە زیادی وێران کرد، چونکە بارزانی لەوێ کۆنگرەی بەستبوو[١٦١]. شێوازی سووتاندنی خانووەکانیش بە دوو جۆر بوون، بەشێکیان کە ئیخباریان لێ کرا بوو و ماڵە پێشمەرگە بوون، بەس چۆڵ بوو، لەو کاتەدا یەکسەر نەوتیان پێدا دەکرد و دەیان سووتاند، بەشێکی دیکەشیان لە سەرەتادا تاڵانیان دەکرد، ئەوجا ئاگریان تێبەردەدا، ئەو ڕۆژەی کۆیە سووتێنرا شار یەك پارچە دووکەڵی ڕەش بوو، کۆڵان نەبوو دووکەڵی لێ هەڵنەستێت، بە پلەی یەکەم زۆربەی ماڵە سووتێنراوەکان لە گەڕەکی قەڵات و بایزاغا بوون[١٦٢]. ئەم کردەوەی حکومەتی عێراق هەوڵێکی دیکە بوو لە بەرانبەر خەڵکی شارەکە، بەوەی ئەگەر هاتوو لە داهاتوودا یارمەتی شۆڕش بدەنەوە، بە هەمان شێوە، بەڵکوو خراپتریش بەسەر خەڵکی شارەکەدا دێت.

(فازیل شەوڕۆ[١٦٣])، بەشێك لە گوتارەکانی تایبەتە بە هێرشی حەرەس قەومی بۆ سەر شاری کۆیە، لە زاری کەسێکی بینەری ڕووداوەکانەوە نووسیویەتی: "کاتێك حەرەس قەومی و سەرباز لە دەرگای ماڵێکیان دەدا، ئەگەر زوو نەیانکردبایەوە، یا چۆڵ بووایە، ئەوە بە پێلەقە دەرگایان دەشکاند و هەرچی شتومەك هەبوو تاڵانیان دەکرد، بەم شێوەیە: یەکەم جار سەربازەکان دەچوونە ژوورەوە بە سەربان و بن بانی ئەو ماڵەدا بڵاوەدەبوونەوە، هەرچی شتومەك هەیە، بە نوێن و قاپ و قاچاخ و کۆڵیتی مریشك و ناو داروچیلکەی سەربانیشیان دەڕۆنی و بە دوای چەك دەگەڕان، ئەوجا دەستە دەستە حەرەس قەومییەکان بەو ماڵانە وەردەبوون، لە پێشدا شتە بە کەڵك و بە نرخەکانیان دەبرد، وەك زێڕ و زیو و ڕادیۆ و کاتژمێر و فەرشی باش و کەلوپەلی جوان. دواتر تاقمێکی دی دەهات ئەو شتانەیان دەبرد کە مابووەوە، وەك نوێن و قاپ و قاچاخ و عەلەشیش و مریشك و جوجکەشیان نەدەبوارد، ئەوجا تاقمی سێیەم بە ئۆتۆمبێلی سەربازییەوە دەهاتن و بە پاچ و تۆخماغ و نوێڵ و بێڵ دەکەوتنە دەرهێنانی دەرگا و پەنجەرە و دارەڕێ و شێلمانی خانووەکان و دەیانبردە

سەربازگەی هەیبەت سوڵتان (گەڕەکی ئازادی ئێستا) و بۆ خۆیان خانوویان پێ دروست دەکرد، ئەوجا خانووە چۆڵەکەیان دەسووتاند[١٦٤]."

لەگەڵ ئەمەشدا هەندێك جار بەرپرسانی حەرەس قەومی هاتوونەتە ژێر باری بەرتیل وەرگرتن و دڵنەرم بوون لە بەردانی گیراوانی کورد، بۆ نموونە: لە سەرەتای هاوینی ساڵی ١٩٦٣دا دەرچوویەکی زانکۆ بە ناوی ڕەسووڵ عەبدوڵلا دەباغ لە لایەن چەکدارەکانی تەها شەکرچی لە کۆیە دەستگیر دەکرێت، بۆیە کەسوکاری گیراوەکە پەنا دەبەنە بەر دۆستێکی لێپرسراوی حەرەس قەومی بە ناوی سەید جەلالی سەید حەمەدی دووکاندار، ئەم لێپرسراوە فریای گیراوەکە دەکەوێت و بۆ ئێوارەی هەمان ڕۆژ گیراوەکە ئازاد دەکرێت[١٦٥]. هەروەها ئەو خێزانانەی کە کوڕیان، یا باوکیان پێشمەرگە بوو، بەڵامماڵیان چۆڵ نەکردبوو و هەر لە ناو شاردا مابوونەوە، پارەیان لێ دەسەندن، بۆ ئەوەی ماڵەکەیان نەسووتێنن، ئەمە ڕێککەوتنێك بوو لە نێوان مودیر ئەمن و مودیر شورتە و جاشەکانی کۆیە، جاشەکان ناوی ماڵە پێشمەرگەکانیان پێ بوو، ماڵ بە ماڵ دەگەڕان و ئاگاداریان دەکردنەوە کە ئەگەر پارەیان نەدەنێ، حکومەت خانووەکەیان دەسووتێنێت، شێوەی وەرگرتنی پارەکەش بەم شێوەیە بوو: ماوەی ٣ ڕۆژ نوێنەرێکی جاشەکان لە ژوورێکی هۆتێل چناروك تا لای نیوەڕۆ دادەنیشت، دەبوایە خێزانەکانی ماڵە پێشمەرگەکان بۆ خۆیان پارەکە ببەنە ئەم هۆتێلە و تەسلیمی ئەو جاشەی بکەن، بۆ نموونە ٥٠ دیناریان لە ڕەسووڵی باوکی فاتیح و عەبدولکەریم وەرگرت، کە لە چیا بوون. هەروەها کاتێك حەرەس قەومی ویستوویانە دەرگای ماڵی کەریم سەلیم بشکێنن و خانووەکە بسووتێنن، دراوسێیەکیان پێ ڕادەگات و ١٥ دینار بەرتیل بە سەربازەکان دەدات، بۆیە خانووەکە ناسووتێنن[١٦٦].

لە لایەکی دیکەوە ڕۆژی ٢٠ی تەمموزی ساڵی ١٩٦٣ سوپای حەرەس قەومی لە یەکێک لە چایخانەکانی هاوینە هەواری چناروک ١٥ سەربازی هەڵاتوویان دەستگیر کرد و هەر لەوێدا و بە فەرمانی تەها شەکرچی چایخانەکەیان بەسەردا ڕووخاندن و زیندەبەچاڵیان کردن[١٦٧]. لەم بارەیەوە

موحسـین دزەیـی دەڵێـت: "شـوێنێك لە گونـدی بێسـتانە کرابـووە چایخـانە، لەگەڵ دەسـت پـێ کردنـی شـەڕ ئەو شـوێنە چـۆڵ کرابـوو، دوای ئەوەی سـوپا لە هەیـبەت سـوڵتان دابەزیـن لەو چایخـانەیە گردبـوونەوە، تەهـا شـەکرچی فەرمانیـدا سـەرجەم ئەو (زابـط سـف)ە کـوردانەی کە لەگەڵ هێزەکەیـدا بـوون، کە ژمارەیـان ١٢ کەس بـوو کـۆیکرێنەوە، هەموویـان بـردە نـاو چایخـانەکە و ئاگربارانیـان کـردن و پاشـان چایخانەکەیان بەسەردا ڕووخاندن[١٦٨]."

حەرەس قەومـی بە تونـدی مامەڵەیـان لەگەڵ کەسـوکاری پێشـمەرگە دەکـرد، تەنـانەت لە ڕۆژی ٣٠ی ئـابی سـاڵی ١٩٦٣ بە فەرمـانی تەهـا شـەکرچی بـۆ یەکەم جـار زۆربەی ژن و منـداڵی مـاڵە پێشـمەرگەکانی کـۆیە بە لێـدان و سـووکایەتی لە دەرکی خۆشناوانەوە لە شار دەرکران[١٦٩].

هەروەهـا لە سـەرەتای مـانگی تشرـینی یەکەمـی سـاڵی ١٩٦٣ نـافیز جەلال بە وەکـالەت لە شـوێنی عـومەر دەبـابە کـرا بە فەرمانـدەی هێـز[١٧٠]، هەر لەو سەروبەندەشـدا شـەڕێك لە لای خەلەکـان لە نێـوان پێشـمەرگە و هێـزی حکـومەت ڕوویـدا، کە ژمـارەیەك لاوی شـاری کـۆیە تێیـدا بەشـدار بـوون و کـوژران[١٧١]، کەمـال محێـدین کە خـۆی لە نێـو شـەڕەکەدا بـووە، لە نامەیەکـدا کە بـۆ بـاوکی شـنۆی نـاردووە، وردەکـاری شـەڕەکەی خسـتووەتەڕوو و دەڵێـت: ڕۆژی ١٧ی تشرـینی یەکەمـی سـاڵی ١٩٦٣ چـووینە خەلەکـان بـۆ سەرپەرشـتی هێزەکەمـان، لە کـاتژمێر ٥:٣٠ی بەیـانی هێـزی دوژمـن لە چنـارۆکەوە بە دیـار کەوت، نـزیکەی ٣٥٠ ئۆتۆمبێـل و ٤ بـۆ ٨ تانـك بـوون، ئـێمەش خۆمـان بـۆ شـەڕ ئامـادە کـرد، بەڵام ئەو ڕۆژە هێـزی حکـومەت پێشـڕەوی نەکـرد، لە نێـوان بێسـتانە و بـاداوان مـانەوە، ڕۆژی دواتـر هێـزەکەی حکـومەت پێشـڕەوی کـرد، لە ئەنجامـدا لە نزیـك گونـدی شـێخ مەسـوریان بـووە لێـدان، لە کـاتژمێر ٦ی بەیـانی تـا کـاتژمێر ٣ی دوا نیـوەڕۆ، نـاوچەکە بـووە ئـاگر، حکـومەت بە تـۆپ و فـڕۆکە و تانـك و زرێپـۆش شـەڕی دەکـرد، بەڵام بە شـکاوی کشـانەوە چنـارۆك، دوای ئەوەی ٢ زابـت و یەك ڕەیـس عورەفـای لـێ کـوژران لەگەڵ ١٠٠ عەسـکەر و جـاش، ٣ کلاشـینکۆف و یەك مەخزەنـی دیکتـاریۆف و هەنـدێك فیشـەك دەسـتکەوت بـوو. ڕۆژی ١٩ی هەمـان مانـگ، دیسـانەوە دوژمـن

پێشــڕەوی کــرد، دوای کوشــتارێکی زۆر پێشــمەرگە بەرەو دووکــان پاشەکشــەی کــرد، لە کاتێکــدا لە لای دووکــانەوە حکــومەت بــۆ یــارمەتی ئەو قــافڵەیە هــاتبوو. شــەڕەکە درێــژەی کێشــا، ڕۆژی ٢٠ی تشرــینی یەکەم شــەڕێکی شــەش کــاتژمێری لە نێــوان پێشــمەرگە و حکــومەت بەردەوام بــوو، ٨٠ کەســی حکــومەت کــوژران، ئــێمەش ٥ شەهید و ٢ برینداری سووکمان هەبوو[١٧٢].

هاوکــات شــەوی ١٨ لەســەر ١٩ی تشرــینی یەکەمــی ســاڵی ١٩٦٣ پێشــمەرگەکانی دەشــتی کــۆیە هێرشــیان بــردە ســەر کــۆیە و تــا بەیــانی تەقەیــان لە هێــزی حکــومەت کــرد، شــەوێك دواتــریش دیســان پێشــمەرگە هێرشــی بــردە ســەر حکــومەت لە کــۆیە و ٢ کەسیان لێ کوژرا و چەند کەسیشیان لێ بریندار بوو[١٧٣].

لە لایەکــی دیــکەوە، لە دوای هــاتنی حەرەس قەومــی بــۆ کوردســتان، یەکێــك لە حەرەس قەومییەکــــانی خەڵکــــی مەخمــــوور لە لایەن پێشــــمەرگەوە دەســــتگیر دەکرێــت و دەکوژرێــت، بــۆیە حەرەس قەومــی دەســت دەکەن بە دەســتگیر کردنــی خەڵــك، لەم بــارەیەوە (مەولــوود ژاکــاو[١٧٤]) دەڵێــت: "لە مــانگی نیســانی ســاڵی ١٩٦٣، ئەو کــاتەی حەرەس قەومیــــیەکەی مەخمــــوور دەســــتگیر کردنــــی، عــــومەر دەبــــابە حــاکمی گشــتی پێشــمەرگە بــوو، کاتێــك حەرەس قەومیــیەکە کــوژرا، لە هەولێــر بــووە کــۆیی دەســتگیر کــردن، ئەوەی لە بــازاڕ و هۆتێــل بــوو دەســتگیر کــرا، دواتــر هــاتنە بەشــە نــاوخۆیی خــانەی مامۆســتایان، کە مــن ئەو کــاتە لەوێ خوێنــدکار بــووم، لە بەشــە نــاوخۆییەکە خەڵکــی دەوروبەری هەولێــر، شــەقڵاوە، ڕوانــدز و بادینانمــان لەگەڵ بــوو، هەمــوو خوێنــدکارەکانیان ڕیــز کــرد و هەویەیــان لــێ وەرگــرتین، ئەوەی خەڵکــی کــۆیە بــوو، جیاجیــان کــردەوە، لەوانە: جەمــال خــدر، دڵشــاد نەجیــب، هۆشــیار کەریــم، ســابیر حەمەدەمــین و ســێ چــوار کەســی دیــکە بــووین، ئێمەیــان یەکڕاســت بــردە قوتابخــانەیەك، چــونکە بەنــدیخانە جێگــای نەمــابوو، قوتابخــانەکەش پــڕ بــوو لە خەڵــك، دوای شــەش بــۆ حەوت ڕۆژ ئێمەیــان خســتە نــاو زیلێکــی عەســکەری و بەرەو مووســڵ بردیــانین، هەر لەو کاتەشــدا ئاگادارییــان بــۆ مووســڵ نــاردبوو کە پێشــمەرگەیان دەســتگیر کــردووە و دەیــانهێننە مووســڵ، کاتێــك ئــێمە گەیشــتینە مووســڵ خەڵکێکــی زۆر لە ســەر ڕێگــا وەســتابوون، لەو نزیکــانەش خــانوو

دروست دەکرا و چەوی لێ ڕۆکرابوو، چەند گەنجێکی مووسڵاوی ئێمەیان دایە بەر بەردان و مامۆستا گیو موکریانی کە لەگەڵ ئێمە دەستگیر کرابوو، بەردی بە سەری کەوت و برینداربوو، لە کۆتاییدا ئێمەیان بردە قوتابخانەیەك و شەوێك لەوێ ماینەوە، لەوێ مەسیحێکی کۆیەی بە ناوی ئیسحاق سەلمان لێ بوو، کاتێك سەربازێك ناوی دەخوێندەوە، بە هەڵە گوتی ئیسحاق سلێمان، لە بەرانبەر ئیسحاق گوتی: سەیدی (مو ئیسحاق سەلمان، ئیسحاق سلێمان)، لەبەر ئەوە سەربازەکەش زللەیەکی زۆر بەهێزی لە ئیسحاقدا. بەیانییەکەی ئێمەیان خستە ناو زیلێکی داپۆشراو و بەرەو موسەیبەیان بردین و لە سەربازگەیەکیان کردین، کە پڕ بوو لە خەڵك، پتر لە چوار مانگ لەوێ ماینەوە، لە کاتێکدا کە ئێمە دەستگیر کراین لە کۆتایی ساڵ نزیك دەبووینەوە و تاقیکردنەوەمان لە پێش بوو، بەڵام تاقیکردنەوەکانمان لە دەست چوو. لە مانگی ئەیلوول لە زیندانی موسەیبەوە نامەیەکمان بۆ بەدرەدین عەلی موتەسەریفی هەولێر نارد و باسی حاڵی خۆمان کردبوو، داوامان کرد کە ڕێگە چارەیەکمان بۆ بدۆزنەوە، تا تاقیکردنەوەی خولی دووەممان لە دەست نەچێت. ئەویش بڕیاریدا بگوازرێینەوە بۆ هەولێر، ئێمەیان بەرێی کەرکووك بەڕێ کرد، شەو لە کەرکووك ماینەوە، ئەو شەوە زۆر ناخۆش بوو، چونکە هاواری خەڵك دەهات، دیوار بە خوێن بوو، وەهەرحاڵ ڕۆژ بووەوە و ئێمەیان بردە هەولێر و لەوێ بە کەفالەت ئازاد کراین[١٧٥]."

لە ڕاستیدا ئەو شاڵاوە بێ ئامانەی سوپای عێراق لە ساڵی ١٩٦٣ کردییە سەر کوردستان بۆ ئەوە نەبوو شارە ئازاد کراوەکان لە دەست هێزی پێشمەرگە دەربهێنێت و ئەمن و ئاسایش بۆ هەرێمەکە بگەڕێنێتەوە، بەڵکوو ئەوان بە ڕەفتار و گوفتار نیشانیاندا کە بۆ قڕ کردنی کورد و وێرانکردنی کوردستان هاتوون، حەرەس قەومی هیچ نەما تالان و فەرهوودی نەکەن و لە نێو ماڵ و مەڕوماڵات و ئاژەڵ و دانەوێڵە و تووتن و بەرهەمی کشتوکاڵی و...[١٧٦].

**٣- کوشتن و فیشەك باران کردنی خەڵکی کۆیە لە لایەن حەرەس قەومی**

حەرەس قەومــی هەر بە ســووتان و وێــران کردنــی بەشــێك لە گونــد و ماڵەکــانی کــۆیە نەوەســتان، بەڵکــوو چەنــدین کەســیان لە نــاو شــاری کــۆیە فیشــەك بــاران کــرد و کوشتیان.

لە مــانگی تەممــووزی ســاڵی ١٩٦٣ لە چاپخــانەیەکی نــاو شــاری ســلێمانی ســەربازێك دەکوژێــت، چەنــد ڕۆژێــك دوای کــوژرانی ســەربازەکە، ســەربازەکانی تەهــا شــەکرچی لە نــاو شــاری کــۆیە تەقەیــان لە خەڵــك کــرد، چەنــد کەســێك کــوژران و چەندین هاووڵاتی مەدەنی دیکە بریندار بوون[١٧٧].

لە بــارەی ڕووداوەکــانی ســەرەتای مــانگی تەممــووز، حەمە ســوور حــاجی ڕەســووڵ، کە ئەو کــاتە لە نــاو بــازاڕی کــۆیە دووکــانی هەبــووە و لە نــزیکەوە ئاگــادار ڕووداوەکــان بــووە، دەڵێــت: "لەگەڵ دەنگــی تەقەکــان لە دووکــان هــاتمە دەرەوە و تەماشــام کــرد وەســتا حەمیــد نەجــاری دراوســێم لە ســەر زەوی کەوتــووە و خــوێنی لە بەر دەڕوات و خەڵــــکەکە وەکــــوو ڕۆژی حەشر هەر یەکە و بــــۆ لایەك ڕادەکەن، بەڵام هــیچ دەرفەتــی دەرچوونیــان نیــیە، چــونکە هەمــوو ســەرە کــۆڵان و شــەقامەکان گیرابــــوون، مــــن هەر ئەوەنــــدەم پێکــــرا خــــۆم بــــگەیەنمە مــــاڵی دراوســــێ مەســیحییەکەمان، کە باوکیشــم لەوێ بــوو، هێنــدەی نەبــرد تانکێــك گەیشــتە پــێش دووکــانەکەی مــن و ڕووی لــوولەکەی بــۆ نــاوەوەی شــەقامەکە نــزم کــردەوە، ئەوجــا عەســکەر وەك ســەگی هــار کەوتــنە گەڕان و پشــکنینی مــاڵ بە مــاڵی ئەو گــوزەرە، مــن و بــاوکم و ئەو مەســیحەی لە مــاڵەوە بــووین، بە شــەق و قۆنــداغە تفەنــگ ڕاپــێچ کــراین و ئێمەیــان گەیانــدە فلــکەی گەڕەکــی جوولەکــان، لەوێــش تانکێــك وەســتابوو، لە مــاوەی کەمــتر لە کاتژمێرێــك نــزیکەی ٤٠٠ تــا ٥٠٠ پیــاو و مێردمنــداڵی مەدەنییــان هێنــایە ئەو گۆڕەپــانە و دەوریــان گــرتین، هەمــوو خەڵــك پەشــۆکا و شــێواو بــوون، ئەو چەنــد مــاڵەی لــێمانەوە نزیــك بــوون ویســتیان ئاومــان بــۆ بهێــنن، بەڵام ســەربازەکان لەو ژنانەشــیان ڕاخــوڕی و ڕەوانەی ژوورێیــان کــردنەوە، هێنــدەی نەبــرد ئەفســەرێك هــات و چــووە ســەر تــانکەکە و گــوتی: ئێســتا ئەگەر هەمووتــان لێــرە گوللەبــاران بــکەم، چ پیاوێــك دێــتە هاوارتــان؟ فەرمــانم پێــیە کە هەمووتــان لێــرە ڕمــی بــکەم، ئێــوە

لە گـوێی گـادا نووسـتوون، چـۆن دەرەقەتـی ئـێمەی ٢٠٠ ملیـۆن دێـن؟ ئێـوە چیتـان پـێ دەکرێـت؟ ئێسـتا بە چـاوی خۆتـان دەبیـنن چیتـان لـێ دەکەیـن. ئەوجـا لە تـانکەکە هـاتە خـوارەوە و کەوتـنە پـۆلین کردنـی خەڵـکەکە، هەنـدێك پیرەمێـرد و منـداڵیان نـاردەوە مـاڵ، بە شـەق و مەتـرەقیش ئەو خەڵکەیـان بە پـێش خۆیانـدا و ئێمەیـان بـردە معەسـکەر[١٧٨]، کە لە بنـاری هەیـبەت سـوڵتان بـوو، سـێ شـەو و سـێ ڕۆژان بە بـێ نـان و ئـاو لە بەر هەتـاوی چـلەی هـاوین لەو معەسـکەرە گەرم و ناخۆشـە بەنـد کـراین و بەردەوام ئـازار و ئەشـکەنجەیان دەدایـن، لە سـێیەمین ڕۆژ بە بـێ پرسـیار کـردن و تـوێژینەوە و دادگـایی، چەنـد کەسـێکیان لە ئـێمە هەڵبـژارد و جیایـان کـردینەوە، نەمـانزانی مەسـەلە چیـیە، ئەو کـات چەنـد سـەرۆك جاشـێکی دەشـتی هەولێـر لە کـۆیە بـوون، بە پـارە و بەرتیـل ژمـارەیەك خەڵکیـان لە معەسـکەرەکە بـردە دەرەوە، بە ڕاسـتی مـن و بـاوکم دەترسـاین، چـونکە مـام جەلال تاڵەبـانی خـاڵی ڕاسـتەقینەی بـاوکمە، دەمـانگوت بەوە بـزانن دەرچووینمـان نیـیە و دەمـانکوژن. ڕۆژی ٦ی مـانگی تەممـووز ٩٣ کەسـیان لە ئـێمە سـواری سـێ زیلـی عەسـکەری کـرد و بردنیـانین بـۆ گرتووخـانەی (معتقـل) معەسـکەری کەرکـووك، لەوێـش بینـیمان بە سـەدان کـوردی دیـکە لەو نـاوە کەوتـوون و بـێ ڕەحـمانە دارکارییـان دەکەن، ئێمەشـیان دایە بەر شـەق و دار و کێبـڵ، لە چەنـد شـوێنەوە سـەرم شـکا، سـەرتاپای لەشـمان خـوێن بـوو، لەوێـدا بینـیم کە بە ٥٠ کەس کەوتبـوونە سـەر یەك کەس و دارکارییـان دەکـرد، لە هەمـان کاتـدا خـواردن و خواردنەوەشـمان هەر سـەمموونی ڕەقـی عەسـکەری و ئـاوی گەرم بـوو. دواتـر نـزیکەی ١٠٠ کەسـیان لە ئـێمە نـاونووس کـرد، بە قەرەپەسـتە و پاڵنـان ئێمەیـان خزانـدە نـاو چەنـد زیلێـك و لە بەردەم وێسـتگەی شـەمەندەفەری کەرکـووك هەر بە لێـدان ئێمەیـان هێنـایە خـوارەوە، لە نێـوان ئـێمە و دەرگـای شـەمەندەفەرەکە لیـتە قـوڕێکی زۆر گیرابـووەوە، دەبـوو بە نـاو ئەو قـوڕ و چڵپـاوە بـڕۆین بـۆ نـاو شـەمەندەفەرەکە، بـۆیە ئەفسـەری نـاو شـەمەندەفەرەکەش گـوتی: مـن ئەوانە وەرنـاگرم، هەمـوو لەش و گیانیـان خـوێنە و قـوڕاوین، دەمـرن و بەسـەر منـدا سـاغ دەبـنەوە، بەڵام سـەری نەگـرت و بە دارکـاری ئێمەیـان خزانـدە نـاو شـەمەندەفەر، پـاش چەنـد کاتژمێرێـك بە هـۆش هـاتینەوە لە شـاری موسـەییەب بـووین، لە پادگـانی فیرقەیەکـی سـەربازییان فڕێـداین، کە چـۆڵ

بوو، چونکە حکومەت تەواوی لەشکری خۆی بۆ هێرشی کوردستان نارد بوو، نزیکەی ٦ مانگ بەو چەرمەسەرییە لەو گرتووخانە بووین، دواتر حەوێزی مام یەحیا هات و ٧٨ کەسی لە زیندان دەرهێنا و بردینی بۆ هەولێر، دوو شەو ماینەوە تا کەفالەتمان بۆ کرا، کە دژی حکومەت هیچ کار و چالاکییەك ئەنجام نەدەین[١٧٩]."

شەهیدانی مانگی تەمموزی ساڵی ١٩٦٣ لە ئەنجامی تەقە کردنی هێزەکانی حکومەت لە هاووڵاتی مەدەنی شارەکە و دەستگیر کردن و لە دینگە بەستانەوەی هاووڵاتییان، ئەم کەسانە شەهید بوون:

- **مەلا تاهیر حوسێن محەممەد (مەلای شێخ تایەر)[١٨٠]:**

مەلا تاهیر لەگەڵ حەسەنی برای لە کورەی گەچی لای زرێبار (نزیك حەماموك) کاریان کردووە، دوای تەواو بوونی کارەکەیان گەڕاوەتەنەوە کۆیە، بەڵام مەلا تاهیر بۆ پشوودان ڕوو دەکاتە چایخانەی سلێمان حەمەد قاوەچی لە ناو بازاڕی کۆیە، لەو کاتەشدا دوو سەربازی حکومەتی عێراقی خەریکی یاری کردن دەبن، لە سەر یاری دەبێتە دەمەقاڵێیان و دەمانچە دەردەهێنن، لەو نێوەدا فیشەکێك دەتەقێت، دەستبەجێ حەرەس قەومی لە دەرەوەی چایخانەکەوە دەچنە ناو چایخانەکە و دەستڕێژی گوللە دەکەن، لەو دەستدرێژییە مەلای شێخ تاهیر فیشەکی بەر دەکەوێت، دواتر بە برینداری تا ئاستی دەرگای قەیسەری ئێستای ناو بازاڕی شاری کۆیە دەڕوات، لەوێدا حەرەس قەومییەکی دیکە دەیبینێت و دەیەوێت فیشەکێکی لێ بدات، بەڵام مەلای شێخ تاهیر دەڵێت: منداڵم وردە، مەمکوژە! دوای تاوێك دەیخەنە ناو عەرەبانەیەك و ڕووەو خەستەخانەی دەبەن، بەڵام شەو لە خەستەخانە گیان لەدەست دەدات[١٨١].

له ڕاسـتیدا له زۆربەی سـەرچاوەکان ڕۆژی ٤ی تەممـووزی سـاڵی ١٩٦٣ بە ڕۆژی شـەهید کردنـی مەلای شـێخ تـاهیر دانـراوە، بەڵام بە گـوێرەی بەڵگەنـامەی مردن (صورة قيد وفاة) دەردەکەوێت کە ڕۆژی ٦ی تەمموز شەهید کراوە[١٨٢].

- **حەمید ئیسماعیل ڕەسووڵ (حەمید فەقێ سمایل)[١٨٣]:**

حەمیـد ئیسـماعیل ڕەسـووڵ، له نـاو بـازاڕی شـاری کـۆیە دووکـانی دارتاشـی هەبـووە (له ناوەڕاسـتی بـازاری کـۆیە بە لای دەسـتە چەپ)، کاتێـك دەبێـتە تەقە و هەرا، خەڵـك ڕا دەکـات، حەمیـدیش دەیەوێـت دووکـانەکەی دابخـات و بـڕوات، لەو کـاتەدا سـەربازانی حکـومەتی عێراقـی دەیـان بینێـت، ئەویـش ڕادەکـات، بـۆیە سـەربازەکان بە دوای دەکەون، له لای مزگەوتـی حەتـك له پشـتەوە دوو فیشـەکی لـێ دەدەن و دەسـتبەجێ گیـان لەدەسـت دەدات[١٨٤]. بە گـوێرەی گێرانەوەکـان بێـت، پـێ دەچێـت حەمیـد ئیسـماعیل هاوشـێوەی مەلای شـێخ تـایەر له ڕۆژی ٦ی تەمموز شەهید کرابێت.

- **جەلال سمایل ئەحمەدە سوور[١٨٥]:**

بنەمـاڵەی سـمایل ئەحـمەدە سـوور، له بـازاڕی کـۆیە له بەرانـبەر دەرگـای قەیسـەری کـۆیە دووکانیـان هەبـووە، جەلال جاروبـار سـەردانی ئەو دووکـانەی کـردووە، ڕۆژی ٦ی تەممـووزی سـاڵی ١٩٦٣ سـمایل لەگەڵ مەجیـدی بـرا گەورەی له دووکـان بـووە، له کـاتی داخسـتنی دووکانەکەیـان له لایەن حەرەس قەومـی دەسترێژ گولله دەکرێت و سمایل ئەحمەد بەردەکەوێت و شەهید دەکرێت[١٨٦].

- **مونیرە مەلا تاهیر ئەحمەد جەلیزادە[١٨٧]:**

مـونیرە مەلا تـاهیر جەلـیزادە، یەکێکـی دیـکەیە له شـەهیدکراوانی کـۆیە بە دەسـتی هێـزی حکـومەتی عێراقـی و حەرەس قەومـی، تـاکوو ئێسـتا ڕۆژی ٤ی تەممـووزی سـاڵی ١٩٦٣ بە ڕۆژی شـەهید کردنـی مـونیرە دانـراوە، بەڵام (مـاهیە

سابیر ڕەئووف[١٨٨]ی کچی لەم بارەیەوە دەڵێت: "ئێمە ماڵمان لە گەڕەکی بایزاغا بوو، لە بازاڕی کۆیە زۆر نزیك بووین، دوای ئەوەی دەمەقاڵێ و ناخۆشی لە چایخانەی سلێمان حەمەدی قاوەچی دروست دەبێت، خەڵك شپرزە دەبێت و هەر یەکە بۆ لایەك هەڵدێت، حەرەس قەومی و سەربازی حکومەتی عێراقی بە دوای خەڵك دەکەون و دێنە گەڕەکی ئێمە، بە شەق و پێلەقان لە دەرگای ماڵان دەدەن و دەی شکێنن." بە پشت بەستن بەم گوتانەی ماهیەی کچی مونیرە، دەردەکەوێت کە ڕۆژی شەهیدکردنی مونیرە هاوکاتە لەگەڵ ڕۆژی شەهیدکردنی مەلای شێخ تایەر، بە گوێرەی بەڵگەنامەی مردنی مەلای شێخ تایەریش دەردەکەوێت کە ڕۆژی ٦ی تەمموز گوللە باران کراوە.

لە گەڕەکی بایزاغای کۆیە، هەمان ئەو گەڕەکەی ماڵی مونیرەی لێ بووە[١٨٩]، سەربازێکی خڕیلەی دەمووچاو کون کوناوی لە دەرگای ماڵی مونیرە دەدات، ئەویش دەرگا دەکاتەوە و سەربازەکە دەچێتە ژوورەوە، لەو کاتەشدا سابیری هاوژینی و زاهیری برای هاوژینەکەی لە ماڵ دەبن، ئەوانیش دەڵێن: هەرچی دەکەیت لێرە و لە ناو ماڵ و منداڵ مەیکەن، بە هەردوو برا پاڵ بە سەربازەکەوە دەنێن تا سەر دەرگای ماڵەکەیان، لەوێوە ڕادەکەن و دەچنە لای باخچەکانی لای گۆڕستانی دەرەوێش خدر، مونیرەش دەرگای ماڵەکە دادەخات و دەچێتەوە ژوور و شوانی کوڕی لە باوەش دەکات، ئەوجا بەرەو لای دەرگای دەرەوە دەچێتەوە و لە کوونی دەرگاوە سەیری دەرەوە دەکات، تا بزانێت سەربازەکە لەوێ ماوە، یا ڕۆیشتووە، لەو کاتەدا سەربازەکە فیشەك دەتەقێنێت و بەر مونیرە دەکەوێت و پارچەی دەرگاکەش بەر شوان دەکەوێت، دوای تاوێك هەردووکیان دەبەنە خەستەخانە و لە دوای ڕۆژێك مونیرە گیان لەدەست دەدات، دوای گیان لەدەستدانی لە لایەن کارمەندانی نەخۆشخانەوە بە کەسوکاری مونیرە ڕادەگەیەنن کە دووگیان بووە[١٩٠].

- **شوان سابیر مەلا ڕەئووفی جەلیزادە:**

شـوان سـابیر مەلا ڕەئـووف، لە سـەرەتای مـانگی شـوباتی سـاڵی ١٩٦٣ لە کـۆیە لەدایکبـووە، لە باوەشـی دایکیـدا بـووە کاتێـك تەقەیـان لـێ دەکرێـت، دە ڕۆژی دوای ئەوەی دەبـرێتە نەخۆشـخانەی کـۆیە گیـان لەدەسـت دەدات[١٩١]. جێـی ئامـاژە بگوترێـت لە ڕێککەوتـی ٨ی تشرـینی دووەمیـی سـاڵی ٢٠٢١ پەیـکەری مـونیرە و شـوانەی کـوڕی لە نـاو بـاخچەی خوشـکە فریشـە لە دەروازەی بـازاڕی کـۆیە دانرا[١٩٢].

سسـتەر مـریەم مەسـیحی، لە کـاتی تەقەکانـدا لە مـاڵی ژنێکـی نەخـۆش هـاتووەتە دەر و بەرەو نەخۆشـخانەی کۆمـاری گەڕاوەتەوە، لەو کـاتەدا لە نزیـك مزگەوتـی مەلا مەعسـووم چەنـد پیـاوێکی دیـوە کە عەرەبـانەیەکی دوو تایەیـان پـاڵ داوە، کە مـونیرەی جەلـیزادەی لەسـەر درێـژ کـراوە و هەمـوو هەنـاوی هـاتووەتە دەر و خوێنی لێ چۆڕاوە[١٩٣].

هەروەهـا (ڕەهـبەر سـەید بـرایم[١٩٤])، سـەبارەت بە ڕووداوەکەی تەممـووز و بە تـایبەتی کوشـتنی مـونیرە مەلا تـاهیری جەلـیزادە و شـوانی کـوڕەی نووسـیویەتی: "ئەو کـاتەی مـونیرە بەر فیشـەك دراوە، دووگیـان بـووە، شـوانیش یەکەم شـەهیدی منـداڵی شۆڕشـی ئەیلـوولە، دیـارە حـاجی سـابیر مەلا ڕەئـووفی جەلـیزادەی هـاوژینی مـونیرە، هـاوڕێ و دۆسـتی (سـەید بـرایم[١٩٥])ی شـاعیر بـووە، بـۆیە سـەید بـرایم بـۆ ئەو ڕووداوە شـیعرێکی نووسـیوە و لە سـەر گڵکـۆی شـەهید مـونیرە دانراوە:

کۆرپەکەم لە باوەش شەهیدیان کردین
گوناهمان نەبوو بەس هێندە کوردین
ئێمە هاتینە ڕیزی شەهیدان
بۆ ڕزگار بوونی کورد و کوردستان[١٩٦]."

هەڵـبەت بۆچـوونی جیـاواز لە بـارەی ڕۆژ و شـێوازی دەسـتگیر کـردن و گـوللە باران کردن و شەهید کردنی ئەو کەسانە بەردەستە[١٩٧].

کوشتنی هەڕەمەکی ئەم کەسانەی کۆیە، لە بەرانبەر بەشداری کردنی خەڵکی شارەکە بوو لە شۆڕشی ئەیلوولدا، ڕۆڵی کارای کۆییەکان لە شۆڕشدا هۆکار بوو بۆ گوللەباران کردنی ئەم کەسانەی کۆیە.

لە دوای ئەو ڕووداوانە ڕووداوی تراژیدیتر لە کۆیە ڕوویدا، بۆیە ڕۆژی ٧ی تەمموزی ساڵی ١٩٦٣ لە نێو خەڵکی کۆیەدا بە ڕۆژێکی ڕەش و شوماوی دادەنرێت، چونکە لەو ڕۆژەدا چەند کەسی کۆیە لە دینگەی ناو بازاڕی شاری کۆیە بەسترانەوە و فیشەك باران کران.

لەو سەروبەندەدا جارێکی دیکە قەدەغەی هاتووچۆ لە ناو شاری کۆیە ڕاگەیەنرا[١٩٨] و بازگەیەکی سەربازی لە بناری هەیبەت سوڵتان دانرا، هەروەها بە سەدان سەربازی دیکە چوونە ناو شاری کۆیە و دەستیان کرد بە گرتنی هاووڵاتییان بە بێ جیاوازی، ئەوجا لە بازگەیان دانان بێ نان و ئاو، ئەوجا لە ڕێککەوتی ٧ی تەمموزی ١٩٦٣[١٩٩] چەند کەسێکیان هەڵبژارد و بە پشتێنی خۆیان لە دینگەکانی ناو بازاڕی شاری کۆیەیان بەستنەوە و لە پێش چاوی هاووڵاتییان گولله باران کران، تا ترس بخەنە ناو دڵی خەڵك، لە کاتێکدا ئەوانەی شەهید کران گشتیان بێ تاوان بوون[٢٠٠].

کاتێك ویستوویانە ئەو کەسانە گولله باران بکەن، مەلایان بانگ کردووە تا بە زیندوویی تەڵقینیان بدەن[٢٠١]. ئەو کەسانەی ئەو ڕۆژە لە ناو بازاڕ فیشەك باران کران، ئەمانە بوون:

- **سولەیمان محەممەد سولەیمان (سولەیمان حەمەد قاوەچی)**[٢٠٢]:

سولەیمان محەممەد سولەیمان، لە بازاڕی کۆیە (سەر دەرگای ئێستا قەیسەری) چاپخانەی هەبووە، زۆربەی جار سەربازانی حکومەتی عێراقی لەو چاپخانەیە لایانداوە و پشوویان داوە، بەڵام لە سەرەتای مانگی تەمموزی ساڵی ١٩٦٣ لە لایەن سەربازەکانی حکومەتی عێراقی دەستگیر دەکرێت و ڕۆژی ٧ی تەمموزی ساڵی ١٩٦٣ لەگەڵ پێنج کەسی دیکە لە دینگەکانی ناو بازاڕی شاری

کۆیەیـان دەبەسـتنەوە و گـوللە بارانیـان دەکەن. خالیـدی بـرای لە بـارەی کـاتی گـوللە بـارانی کردنـی ئەو کەسـانە دەڵێـت: "لە دوای نـوێژی عەسر بەرەو ئێـوارە گـوللە باران کراون"[204].

— **حەمەد ئەمین ئەحمەد ئاغای غەفووری[204]:**

ئەحـمەد ئاغـای بـاوکی حەمەد ئەمـین، بـاغێکی گەورەی لە لای فەرمـانگەی تـووتن تـا نزیـك قایمقـامیەتی ئێسـتا هەبـووە، حەمەد ئەمـین لە بـاخچەکەی خۆیـان ئـیش دەکـات، دوای نیـوەڕۆیەك لە دوای تەواو کردنـی ئیشـەکانی دێـتە دەرەوە، لەو کاتەشـدا سـەربازێکی حکـومەتی عێراقـی لە سەرشـوران (نزیـك سـەرا) دەبێـت، کاتێـك حەمەد ئەمـین دەبینێـت دەسـتبەجێ دەسـتگیری دەکـات و لێـی دەدات، ئەوجـا دەیبـاتە مەرکەزی پـۆلیس و دوای مـاوەیەکی کەم دەیگـوازنەوە سـەربازگەی حکـومەت لە هەیـبەت سـوڵتان، مـاوەیەك لەوێ دەمێنێـتەوە، ڕۆژی ٧ی تەممـووزی سـاڵی ١٩٦٣ لەگەڵ پێـنج کەسـی دیـکە لە دینگەکـانی نـاو بـازاڕی شـاری کـۆیەی دەبەستنەوە و گوللە باران دەکرێن[205].

— **حەننا یووسف تۆما[206]:**

حەننـا یووسـف تۆمـار، یەکـێکە لە مەسـیحییەکانی کـۆیە، کارمەنـدی قوتابخـانەی هەرمـۆتە بـووە، بەڵام چـونکە لایەنگـری پێشـمەرگە بـووە و یـارمەتی داون و لە مـاڵی مـاوەتەوە، ڕۆژی ١ی تەممـووزی سـاڵی ١٩٦٣ لە لایەن بەعسـەوە دەسـتگیر دەکرێـت و ڕۆژی ٧ی تەممـووزی سـاڵی ١٩٦٣ لە نـاو بـازاڕی کـۆیە لە دیـنگەی دەبەسـتنەوە و گـوللە بـاران دەکرێـت، سـڵێوەی کـوڕی لە بـارەی گـوللە بـاران کردنـی بـاوکی دەڵێـت: کاتێـك گـوێم لە تەقەکـان بـوو، لە ئاشـی کـۆیە بـووم، خێـرا ڕامکـرد، ئەوجـا زانـیم باوکیشـم گـوللە بـاران کـراوە، بەڵام ئـێمە سـەرمان بەرزە، چـونکە بـاوکم لە کـاتی گـوللە بـاران کـردن هـاواری کـردووە، بـژی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان، بـژی مەلا مستەفای بارزان[207].

- **یووسف حەننا عەبدولکەریم**[٢٠٨]:

یووسـف حەنـنـا عەبـدولکەریم، یەکێکـی دیـکەیە لە مەسـیحییەکانی شـاری کـۆیە، بە پیشـەی بەرگـدوورییەوە خەریـك بـووە، چـونکە جلـوبەرگی بـۆ پێشـمەرگە دووریـوە لە لایەن حەرەس قەومـی دەسـتگیر کـراوە و ڕۆژی ٧ی تەممـووزی سـاڵی ١٩٦٣ گوللە باران کراوە[٢٠٩].

- **شەفیق حەمەد ئۆمەر چاپەچی**[٢١٠]:

شـەفیق حەمەد ئـۆمەر، نـاسراو بە (شـەفیق حەمەد چـاپەچی)، لە نـاو بـازاڕی شـاری کـۆیە چاپخـانەی هەبـووە (لە بەرانـبەر دەرگـای قەیسـەری ئێسـتا، تەنیشـت کـۆلانی دیانـان)، کاتێـك لە سـەرەتای مـانگی تەممـووز دەبێـتە تەقە و هەرا، ئەویـش دووکـانەکەی دادەخـات و ڕووەو فلـکەی گـردی دەڕوات، لە نزیـك فلـکەکە لە لایەن چەکـدارەکانی حکـومەتی عێراقـی دەسـتگیر دەکرێـت و دەبـرێتە سـەربازگەی لای هەیـبەت سـوڵتان، ڕۆژی ٧ی تەممـووزی سـاڵی ١٩٦٣ لەگەڵ پێـنج کەسـی دیـکە لە دینگەکانی ناو بازاڕی شاری کۆیەیان دەبەستنەوە و گوللە باران دەکرێن[٢١١].

- **محەممەد عەبدولوەهاب ئاغای حەوێزی**[٢١٢]:

محەمـمەد عەبـدولوەهاب جەمیـل ئەسـعەد حەوێـزی لەگەڵ بـراکەی بە نـاوی فوئـاد عەبـدولوەهاب لە لایەن سـەربازانی حکـومەتی عێراقـی دەسـتگیر دەکـرێن و دەبـرێنە سـەربازگەی حکـومەتی عێـراق لە هەیـبەت سـوڵتان، دوای مـاوەیەك محەمـمەد لەگەڵ ژمـارەیەك کەسـی دیـکە لە ڕۆژی ٧ی تەممـووزی سـاڵی ١٩٦٣ لە دینگەکانی ناو بازاڕ دەبەسترێنەوە و گوللە باران دەکرێن[٢١٣].

لە ڕاسـتیدا لە دیـنگە بەسـتانەوە و گوللەبـاران کردنـی ئەم کەسـە بـێ تاوانـانەی کـۆیە لە چوارچێـوەی هێـرش و ڕووبەڕووبوونەوەکـانی حکـومەتی عێـراق بـوو لە بەرانـبەر شۆڕشـی ئەیلـوول و هەوڵـدان بـۆ ڕێگـری کـردن و کۆتـایی هێنـان بە شۆڕشەکە.

- **کەمال ڕەشاد ئاغا[٢١٤]:**

کەمال ڕەشاد ئاغا، مامۆستا و کادیرێکی حیزبی شیوعی بوو، یەکێك بووە لەو کەسانەی پەیوەندی باشی لەگەڵ جووتیاران هەبووە[٢١٥]، کاتێك بەعسییەکان دێنە شاری کۆیە، دەچێتە دەرەوەی شار، دوای ماوەیەك دەگەڕێتەوە شاری کۆیە، هەمان کات هەواڵی لێ دەدرێت و بۆ بەیانی ڕۆژی دواتر لە لایەن بەعسییەکانەوە دەستگیر دەکرێت، لەم بارەیەوە ئاواز کەمال ڕەشادی کچی دەڵێت: "باوکم شەو گەڕایەوە ماڵ، هەمان کات هەواڵی لێ دەدرێت، بۆیە بەیانییەکەی زوو چەکدارانی حکومەتی عێراقی دێنە سەر ماڵەکەمان لە گەڕەکی قەسرێ و باوکم بە جلی ماڵەوە لەگەڵ خۆیان دەبەنە قشڵەی کۆیە، دواتر بەرەو سەربازگەی لای هەیبەت سوڵتانی دەبەن، هاوکات ماڵەکەی تالان دەکەن، دوای چەند ڕۆژێك و لە ڕێککەوتی ١٧ی تەمموزی ساڵی ١٩٦٣ لە لای پردی ئازادی[٢١٦]، ئێستا گوللە بارانی دەکەن، دواتر لە لایەن چەکدارەکانی حکومەتەوە دەشاردرێتەوە، بەڵام لە دوای نزیکەی سێ مانگ گۆڕەکەی دەگوازرێتەوە بۆ گۆڕستانی شەهیدان[٢١٧]."

- **حاجی عەبدولباقی ساڵح[٢١٨]:**

لە ڕاستییدا خەڵکی کۆیە لە شارەکانی دیکەش لە کاتی هێرش حەرەس قەومی لەنێو بران، لەوانە: حاجی عەبدولباقی ساڵحە، کە لە سلێمانی مامۆستا بووە، لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣ دەرگای ماڵیان دەگرن و ماڵەکەیان دەپشکنن، جگە لە جلوبەرگ و پەرتووك و چەند شتێکی دیکەی ناو ماڵ نەبێت، هیچی دیکەی لێ نەبووە، بەڵام لە کاتی گەڕان دووربینێکی مام ناوەندی دەدۆزنەوە، بە گوێرەی لێکدانەوەی حەرەس قەومی پاساو هێنانەوەی بۆ نەبوو، بۆیە دەستگیری دەکەن و ڕۆژی ٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣ لەگەڵ ژمارەیەکی دیکە گوللەباران دەکرێت[٢١٩].

حەرەس قەومییەکان بەوەندەش نەوەستان و بەردەوام بوون لە کوشتن و لەناوبردنی خەڵکی شارەکە، لە ڕێککەوتی ٣٠ی تەممووزی ساڵی ١٩٦٣ وەك جاری پێشوویان، بە فەرمانی تەها شەکرچی چەند کەسێکی[٢٢٠] دیکەی سڤیلیان لە هەمان ئەو دینگانە بەستەوە کە پێشتر چەند کەسێکی دیکەیان لێ بەستابوونەوە و گوللەباران کرابوون، کە ئەمانە بوون:

— **عەبدولڕەحیم کوێخا عەلی حەمەد[٢٢١]:**

عەبدولڕەحیم کوێخا عەلی کێلەسپی، یەکێك بووە لە جووتیارەکانی گوندی کێلەسپی، لە مانگی تەممووزی ساڵی ١٩٦٣ لە گوندەوە باراشی بۆ ئاشی مام خدری کۆیە هێناوە، لەو کاتەشدا دەچێتە ناو بازاڕی شاری کۆیە، بەڵام لەوێدا دەستگیر دەکرێت و لە ڕۆژی ٣٠ی تەممووزی ساڵی ١٩٦٣ گوللە باران دەکرێت[٢٢٢].

(ئازاد مەلا عەلی[٢٢٣])، لە گوتارێکدا لە بارەی ڕەحیم کوێخا عەلی دەڵێت: "ڕەحیم کوێخا عەلی کوێخا حەمەد، یەکێکە لەوانەی کە لە ٣٠ی تەممووزی ١٩٦٣ لە دینگەکانی کۆیە ڕژێمی بەعس گوللەبارانی کردن لەگەڵ چەند کەسێکی دی، ئێستا ناوی هەیە و نووسراوە لەسەر دینگەکانی ناو بازاڕ، ماڵ و منداڵی نەبووە و بە گەنجی شەهید بووە[٢٢٤]."

— **ڕەفیق ئەحمەد مستەفا[٢٢٥]، حەسەن شەریف ئیبراهیم[٢٢٦]، حوسێن شەریف ئیبراهیم[٢٢٧]، عومەر شەریف ئیبراهیم[٢٢٨]:**

هەر یەك لە ڕەفیق ئەحمەد مستەفا و سێ برا بە ناوەکانی حەسەن، حوسێن و عومەر یەك ڕووداو و سەرگوزەشتەی مێژووییان هەیە. وەك لە پێشتر باسمان کرد، حەرەس قەومی دەیەوێت گوندی سێوەسەن تاڵان بکەن، بەڵام دوای ئەوەی دەشکێن بەرەو کۆیە دەگەڕێنەوە، لە دەوروبەری کاتژمێر یەکی نیوەڕۆ دەگەنە گوندی مزگەوتۆرە (مزگەفتۆرە)، لەوێدا ئەو چوار کەسە دەستگیر دەکەن و

لەگەڵ خۆیـان دەیـانبەنە کـۆیە و دەسـتبەجێ لە دینگەکـانی نـاو بـازاڕی شـاری کۆیەیان دەبەستنەوە و گوللە بارانیان دەکەن[329].

سـەبارەت بەم ڕووداوە (حەمەدەمـین ڕەفیـق ئەحـمەد[330]) کـوڕی یەکێـك لەو کەسـانەی گـوللە بـاران کـراوە، ئەو کـاتە تەمەنـی تەنیـا دە سـاڵ بـووە، بە چـاوی خـۆی دەسـتگیر کردنـی بـاوکی و سـێ بـرایەکەی بینیـووە، لەم بـارەیەوە دەڵێـت: لە بـنەچەدا ئـێمە خەڵکـی گونـدی قەیسـەریی دەشـتی کـۆیەین، هەروەهـا دۆسـتایەتی و ئاشـنایەتیمان لەگەڵ بنەمـاڵەی شـەریف ئیبراهـیم (بـاوکی سـێ بـرا شـەهیدەکە) هەیە، چـونکە پێشـتر مـاوەیەك لە گونـدی قەیسـەری ژیـاون. کاتێـك حەرەس قەومـی هـاتە کـۆیە و بەشـێك لە گونـدەکانی سـووتاند، گونـدی ئـێمەش سـووتێنرا، بـۆیە چـووینە گونـدی مزگەوتـۆرە، چـونکە نەسـووتێنرابوو و تەنیـا مـاڵی شـەریف ئیبراهـیم لەوێ بــوون، واتە ئــێمە بەیەکەوە بــووین. لەو سەروبەندەشــدا حکــومەت لە هێرشـێکی بـۆ سـەر گونـدی سێوەسـەن و گونـدەکانی دەوروبەری تێـك شـکابوو، ئەو کـاتەش فـاتمەی دایکـم (فـاتە لـۆری) لە کـۆیە بـوو، بیسـتبووی کە حکـومەت شـکاوە و دەگەڕێـتەوە کـۆیە، بـۆیە دایکـم خێـرا دەگەڕێـتەوە مزگەوتـۆرە و بە ڕەفیـقی بـاوکم دەڵێـت حکـومەت شـکاوە و بەم نـاوەدا دەگەڕێـتەوە هەسـتن بـڕۆن، لە کاتێکـدا ڕەفیـقی بـاوکم و حەسـەن و عـومەر و عوسـمان بەیەکەوە بـوون، باوکیشـم دەڵێـت: باشـە، چـایەکمان پـێ بـدەن ئەوجـا دەڕۆیـن، بەر لەوەی چـایەکە ئامـادە بێـت نـزیکەی ١٥ بـۆ ٢٠ سـەربازی حکـومەتی عێـراق هـاتنە گونـد و بەسـەر مـاڵەکەی ئـێمەی دادا، هەر یەك لە ڕەفیـقی بـاوکم و حەسـەن و عـومەر دەسـتگیر دەکەن، بەڵام عوسـمان ڕادەکـات، ئەگەرچـی چەنـد فیشـەکێکی بـۆ دەتەقێـنن، بەڵام نـاگەڕێتەوە، لەو کـاتەی سـەربازەکان دەیانویسـت ئەو سـێ کەسـە بـخەنە نـاو ئۆتـۆمبێلەوە حوسـێن (کـوڕێکی دیـکەی شـەریف ئیبراهـیم بـوو)، کە لە شـاری کـۆیە دەگەڕایەوە گەیشـتەوە نـاو گونـد، بـۆیە ئەویـش دەسـتگیر دەکەن، ژنەکـانیش دەسـتیان کـرد بە هاتوهـاوار و قیـژان و گریـان، هەر لە دوای بردنـی ئەو چـوار کەسـە دایکـم گـوتی تـۆ مەڕوماڵاتەکـان بـبە کـارێزان، منـیش دەچـمە شـاری کـۆیە بـۆ ئەوەی هەواڵـی ئەو کەسـانە وەرگـرم، کاتێـك گەیشـتمە لای کـارێزان، چەنـد کەسـێکی

دیـکەی لـێ بـوو، ئەوانـیش مەڕوماڵاتیـان پـێ بـوو، یەکیـان بە هاوڕێکـانی گـوت یەك لەو کەسـانەی ڕمـی کـراون بـاوکی ئەو منـداڵەیە، ئەو کـاتە مـن نەمـدەزانی ڕمـی کـردن چییـە، لێـی تێنەگەیشـتم، کاتێـك گەڕامەوە گونـد، دایکیشـم گەڕابـووەوە، بە گریـانەوە گـوتی خـۆت ئامـادە بـکە دەچیـنە شـاری کـۆیە، گـوتم: ئەدی بـاوکم؟ گـوتی: کـوژرا!"[٢٢١]. بە خوێنـدەوە بـۆ شـێواز و کـاتی دەسـتگیر کردنـی ئەم چـوار کەسـە، کە سـێ کەسـیان بـرا بـوون، دەردەکەوێـت کە دەسـتگیر کردنەکەیـان ڕاسـتەوخۆ پەیوەنـدی بە شکسـتی حکـومەت بـووە لە شـەڕێکی دەشـتی کـۆیە، چـونکە لە کـاتی شـکان و پاشەکشـەی هێـزەکە بـۆ کـۆیە، لە ڕێگـا و لە کـاتی گەڕانەوەیـان دەسـتگیریان کـردوون، هەروەهـا لە دینگەبەسـتانەوە و گوللەبـاران کردنیـان کاردانەوەیەك بووە لە بەرانبەر شکستەکەیان لە بەرانبەر شەڕی پێشمەرگە.

عەبـدولڕەحیم کوێخـا عەلـی کە چەنـد ڕۆژێـك پێشـتر دەسـتگیر کـراوە، لە زینـدانەوە بردوویـانە و لەگەڵ ئەو چـوار کەسـە لە دینگەکـانی کۆیەیـان بەسـتووەتەوە و گـوللە بـاران کـراون، حەمەدەمـین ڕەفیـق بە دڵنیـاییەوە دەڵێـت کە بـاوکم و هاوڕێکـانی کۆتـا وەجـبە بـوون[٢٢٢] کە لە دیـنگە بەسـترانەوە و گـولله بـاران کران[٢٢٣].

لە دوای گوللەبـاران کـردن، تەرمەکانیشـیان بـۆ مـاوەی ٤٨ کـاتژمێر بە دینگەکـانی نـاو بـازاڕی کـۆیە هێشـتەوە بە مەبەسـتی تۆقانـدنی هاووڵاتییـان[٢٢٤]، هەڵـبەت حوسـێن خـاوەن پێداویسـتی تـایبەت بـوو، وەك پێویسـت نەی دەتـوانی قسـە بکات[٢٢٥].

ئەمیـر حوسـێن، لە زنجیـرە وتـارێکی بیرەوەرییـدا، سـەبارەت بەم ڕووداوە دەڵێـت: "بە چـاوی خـۆم دیـتم بە سـەیارەیەکی زیـل، کە ٥ کەسـیان گرتبـوو، هەر ٥ کەسـیان هێنـایە خـوارەوە و دەسـت و چاویـان بەسـتبوون، سـەریان تـاشرا بـوو، هەمـووان لە دیـنگە بەسـترانەوە، ئەوجـا تەهـا شـەکرچی کـاغەزێکی دەرهێنـا و گـوتی: بە بڕیـاری قایـد فیـرقەی ٢ی کەرکـووك، بڕیـاردرا بە گوللەبـاران کردنـی ئەم ٥ تاوانبـارە، کە ئەمەی خوێنـدەوە، هەموویـان هـاواری خودایـان کـرد و سـەڵاوات و

شەهادەیان هێنا، ئەوجا شەکرچی بە سەربازەکانی گوت: تفەنگەکانتان ڕاکێشن و ١٥ فیشەك بتەقێنن، دوای گوللەباران کردن، تەها شەکرچی بانگی دکتۆرێکی کرد و وتی: پشکنینیان بۆ بکەن دوای پشکنین دەستی بۆ یەکێکیان ڕاکێشا و گوتی: ئەم کەسە ماوە و نەمردووە، بۆیە تەها شەکرچی فەرمانیدا کە ١٥ فیشەکی دیکە لەو کەسە بدرێت، کە گیانی لەدەست نەداوە. جۆگەلەی خوێن لە تەنیشت شۆستەکە بۆ خوارەوە دەڕۆیشت. باوکی ئەو ٣ برایەم بینی کە بەیەکەوە گوللەباران کران، جادە و جادە دەڕۆیشت، بەڵام نەیوێرا بەرەو جەنازەی کوڕەکان بڕوات، دەستەسڕێکی زەردی دەرهێنا و فرمێسکی لە چاوەکانی دەسڕییەوە، لەوەش دەترسا ئەگەر بزانن باوکی ئەو ٣ کەسەیە بیگرن و بیکوژن، شەو و ڕۆژێك ئەو شەهیدانە بە دینگەکان مانەوە، دوای ٤٨ کاتژمێر شارەوانی عەرەبانەیەکی دوو تایەیان هێنا و هەر ٥ کەسیان بردە گۆڕستان و ناشتیان[٢٢٦]."

هەر پەیوەست بەم ڕووداوە، عوسمانی برای ئەو سێ شەهیدەی گوندی مزگەوتۆرە دەڵێت: "چەند ڕۆژێك بەر لە ڕەمی کردنەکە، حەرەس قەومی زۆربەی گوندەکانی دەشتی کۆیەیان تاڵان کرد، هەرچی مەڕ و ماڵات و ئاژەڵ و بەرهەم و ناو ماڵ بوو فەرهوودیان کرد، ئەو ڕۆژە بەیانییەکەی عەسکەر و حەرەس قەومییەکی زۆر پەلاماری گوندی سێوەسەن و قەیسەرییاندا، بەڵام پێشمەرگە لێیان وە دەست هاتن و سوپای عێراقیان شکاند و پاشەکشەیان پێکردن و گەڕانەوە کۆیە. شەریف ئیبراهیمی باوکم لە گوندی مزگەوتۆرە فەلاحەتی دەکرد و مەڕدار بووین، باوکم ٥ کوڕی هەبوو، بە ناوەکانی: حوسێن، حەسەن، عومەر، عەلی و عوسمان، لەگەڵ ئامینەی خوشکم، کە ئەو کات ١٤ ساڵ دەبوو، حاڵمان باش بوو، ٧٠ بۆ ٨٠ سەر مەڕمان هەبوو، لە خدرانێش ساڵی ٤٠ بۆ ٥٠ فەردە توتنمان دەکرد، من شوانی مەڕەکان بووم، یەکێك لە گوندەکەی ئێمە بە ناوی مام نەجیمی موختار، کە دەستی لەگەڵ حکومەت تێکەڵ کردبوو، لە ڕێی ژنێکی ڕوو ڕەشەوە ئیخباری کراین، کە لە ماڵی باوکم چەند تەنەکەیەك بەنزین شاردراوەتەوە، هەر ئەو عەسرە جەیش هێرشی کردە

سـەر گونـدەکەمان، مـن لەو بەری جـادەکە بـووم، تـازە عـومەری بـرام هـاتبووەوە گونـد و ئیجـازە بـوو، ئەو پێشـمەرگەی مەحمـوود ئاغـا بـوو لە خـدران، هـاوارم کـرد عـومەر هەڵـێ، ڕاکە، وا جەیـش هـات، لە گونـد بـوو بە هـاوار هـاوار و ڕاکـردن، کەس ئاگـای لە کەس نەمـا، مـن زانـیم کە ڕەفیـقی قەیسـەرییان دەسـتگیر کـردووە، حوسـێنی براشـم تـازە لە کـۆیە گەڕابـووەوە و نەیزانـی بـوو چ قەومـاوە، ئەو زوو گیـرا، نەمزانـی عـومەر چـی لـێ بەسـەر هـات و نەمزانـی دوایـی چ ڕوویـدا، بە ڕاکـردن هەڵاتـم تـا گەیشـتمە سـەر ئـاوی خێراتـی گونـدی شـەوگێر، بەردەوام تەقەشـم لە سـەر بـوو، لە ئاسـمانیش کـۆپتەر وازی لـێ نەهێنـام، تـا گۆپـاڵەکەم فـڕێ نەدا. زۆر مانـدوو بـووم، کـاروانچی لە کـۆیەوە هـاتن و گوتیـان: کـوڕە ئەوە تـۆ لێـرە چ دەکەی؟ وا لە کـۆیە سـێ بـرای تۆیـان ڕەمـی کـرد، عەسـکەر بەنزینـی لە مـاڵی ئێـوە دۆزیـوەتەوە و هەمووتـان گیـراون، ئەو دەمە بـاوکم و عەلـی بـرام لە کـۆیە بـوون، تـا ئێـوارە نەگەڕانەوە گونـد، نەیـانزانی کە سـێ بـراکەم حوسـێن و حەسـەن و عـومەر ڕەمـی کـراون، ئـامینەی خوشکیشـم بـۆ شـاخ هەڵاتبـوو، براکـانم شـەو و ڕۆژێـك بە دیـنگە مـانەوە، تـا مەلای مزگەوتـی گەورەی کـۆیە شـەفاعەت دەکـات تـا بیـان نێـژن، بـاوکم بەیـانی زوو خـۆی گەیانـدە کـۆیە و چـووە لای عـومەر سـیدی و داوای لـێ کـرد کە جەنازەکـان بشـارێتەوە، عـومەر سـیدی چـاودێری شـارەوانی کـۆیە بـوو، ئەویـش دەڵێـت: مـامە هـیچ خەمـت نەبێـت، تـۆ بـڕۆ، خـۆت بـزر بـکە، بـا تـۆش ڕەمـی نەکەن، ئەوانە کـوڕی خـۆمن، وەك بیلبـیلەی چـاوم پارێزگـاری لە جەنازەکانیـان دەکەم، خەمـت نەبێـت، زۆر جـوامێرانە عـومەر سـیدی لە گۆڕسـتانی شـەهیدان جەنازەکـان دەنێژێـت، بـاوکم دیسـان دەچێـتەوە لای عـومەر سـیدی و پـارەی دەداتـێ کە کێـل و قەبریـان بـۆ هەڵبەسـتێت، ئەویـش کـارەکە دەکـات، بەڵام پـاش پێـنج ڕۆژ مەفرەزەیەکـی عەسـکەر و جـاش پەلامـاری گۆڕەکـان دەدەن و تێکیـان دەدەن، دەڵێـت: ئەوانە مـوخەرین نابێـت گۆڕیـان هەبێـت، کەسـێك بە نـاوی حەمەدی وردیـل بە پشـتی خـۆی کێلەکـان دەبـاتە لای ماڵەکـانی گەڕەکـی جـوان، دوای دوو سـێ مانـگ بـاوکم چـوو بە دزیـیەوە گۆڕەکـانی دەرهێنـا و لە گۆڕسـتانی حەمەدی کێلـێ، لە گونـدی سێوەسـەن بە خـاکی سـپاردنەوە، بەڵام ئێسـتا هـیچ ئەسـەرێکی

گۆڕەکـان نەمـاون[٢٣٧]." لای خۆشـیانەوە بنەمـاڵەی ڕەفیـق ئەحـمەد لە سـاڵی ١٩٧٣ گۆڕی ڕەفیق ئەحمەدیان گواستەوە گۆڕستانی دەروێش خدر[٢٣٨].

جێـی ئامـاژەیە بگوترێـت، ڕۆژی دووشـەممە، ڕێککەوتـی ٢١ی کـانوونی یەکەمـی سـاڵی ٢٠٠٩، کـاتژمێر ١٠:٣٠ خـولەکی بەیـانی پەردە لە سـەر تـابلۆی شـەهیدانی سـاڵی ١٩٦٣ی کـۆیە لە شـەقامی گشـتی بـازاڕی کـۆیە هەڵـدرایەوە، وێنەکانیـان لەسەر هەمان ئەو دینگانە دانران، کە لێی شەهید بووبوون[٢٣٩].

## – عەبدولڕەحمان ئەسعەد خدر چەلەبی[٢٤٠]:

لە دوای هەڵگیرسـانی شۆڕشـی ئەیلـوول عەبـدولڕەحمان ئەسـعەد چەلەبـی و خـانەوادەکەی ڕووەو قەڵادزێ دەڕۆن، دوای مـاوەیەك دەگەڕێـنەوە گونـدی سـماقووڵی، چـونکە زەوی و موڵکیـان لەوێ هەبـووە، لە سـەرەتاکانی مـانگی ئـابی سـاڵی ١٩٦٣ هێزێکـی حەرەس قەومـی دەچـنە نـاوچەکە، لەوێـدا تەقە لە عەبـدولڕەحمان و (جاسـم[٢٤١])ی کـوڕی دەکەن و هەردووکیـان شـەهید دەبـن، سـالار عەزیـزی نەوەی بـاوەڕی وایە کە بـاپیری بەتـایبەت دیـاری کرابـوو تـا شـەهیدی بـکەن، چـونکە پەیوەنـدی و دۆسـتایەتی لەگەڵ مەلا مستەفای بـارزان خـۆش بـووە و هاوکاری شۆڕشی کردووە[٢٤٢].

لەم بـارەیەوە موحسـین دزەیـی دەڵێـت: "دانیشـتووانی کـۆیە ڕوویـان لە گونـدە شـاخاوییەکانی دەوروبەر کـرد، چـونکە لەو بـڕوایەدا نەبـوون کە سـوپا بگـاتە ئەو شـوێنانە، بەڵام لە کـاتی سـووڕانەوەی مەفرەزەیەکـی سـوپا لە گونـدە نزیکەکـانی کـۆیە عەبـدولڕەحمان حـاجی ئەسـعەد بە خێـزان و منـداڵەوە دەدۆزنەوە و قۆڵبەسـتیان دەکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی عەبـدولڕەحمان قەڵەو بـوو و بە زەحـمەت دەیتـوانی بـڕوات، کـوڕەکەی کە نەگەیشـتبووە ٢٠ سـاڵ ویسـتبووی یـارمەتی بـدات، کەچـی مەفـرەزەکە تەقەیـان لـێ دەکەن و هەردووکیـان گیـان لەدەسـت دەدەن[٢٤٣]."

هەروەهـــا (دکتـــۆرە عەتـــیە حەمەســـەعید ســـاڵحی[٢٤٤]) کە خزمایەتییـــان لەگەڵ عەبـــدولڕەحمان چەلەبـــی هەیە، لە بیرەوەرییەکانیـــدا دەڵێـــت: "مـــاوەیەکی زۆر بـــوو هەواڵـــی مـــاڵ و کەســـوکارم لە کـــۆیە بـــۆ نەدەهـــات، چـــونکە وڵات لە هەمـــوو لایەکەوە گۆشـــەگیر بوویـــوو. ســـوپای عێـــراق بە نـــاحەق دوو وەجـــبە خەڵکـــی مەدەنـــی، بـــێ ســـووچ و قەبـــاحەت، لە دێنگـــان پێچـــا بـــوو و گولـــلەبارانیان کردبـــوون. دوای مـــاوەیەك بیســـتمان لە ڕۆژی ١٢ی ئـــابی ســـاڵی ١٩٦٣، مـــامە عەبـــدولڕەحمان چەلەبـــی و جاســـمی کـــوڕی لە دۆڵـــی ســـماقووڵی، لە گونـــدی کورتەجـــۆ ئەودیـــوی هەیـــبەت ســـوڵتان، تەهـــا شـــەکرچی بە نـــاهەق ڕەمـــی کردبـــوون، منـــداڵەکان و دایکیشـــیان پەرت و بـــڵاو بـــوون. ئەم هەواڵە بـــۆ ئـــێمە تـــا بڵێیـــت دڵـــتەزێن بـــوو، وامـــان گومـــان کـــرد مـــاڵی ئێمەش لەنێو چووبن، بۆیە ڕۆژانە کار و پیشەمان گریان بوو[٢٤٥]."

لە بەرانـــبەر کردەکـــانی حەرەس قەومـــی لە شـــاری کـــۆیە، (دیـــاری[٢٤٦])ی شـــاعیری کـــۆیە، لە شـــیعرێکدا کە لە ســـاڵی ١٩٦٣ لە ژێـــر ناونیشـــانی (کـــورد) نووســـیویەتی، باســـــی نەهـــــامەتی و دەردەســـــەرییەکانی خەڵکـــــی کـــــۆیە بە دەســـــت حەرەس قەومییەکان دەکات، کە دەڵێت:

ئەی نەتەوەی کورد سەرت چەنـد ڕەقە
گشـت ماڵـت ڕۆیـی لەسـەر ئەم حەقە
بۆ تـوو دەرنەچـوو یەك کەوچـکە ڕەقە
خـانووەکەت سـووتا نەمـا یەك تـاقە
جـوان تەمەشـای کە بەو چـاوە زەقە
چـوار دەورت گیـرا لە ملـت تەوقە
منداڵ لە سـەرمان ڕەق بـوون مەتـرەقە
لە زیـڕەی ژنـان فـڕۆکە و تەقە[٢٤٧]

هەروەهـا لە شـیعرێکی دیـکەدا بە ناونیشـانی (کوردسـتان)، کە لە هەمـان سـاڵی هێرشی حەرەس قەومییەکان نووسیویەتی، باس لە بـارودۆخی کـورد و سروشـتی نـاوچەکە دەکات، هەروەها ئیرادە و بەهێزی و توانای کورد دەخاتە ڕوو، هەر وەك دەڵێت:

چیــای کوردســـتان بــۆچی واکــزی
دەڵێـی ڕێـی مەڕی هەردەم بە تـۆزی
ڕاوچیـــت لەدوایە تـــۆ لەو قەفەزی
تەقەت لە ســـەرە بـــۆ تـــۆ مـــامزی
لە نــاو وڵاتــان زۆر جــوان و بەرزی
ڕووت لە خودا بێ هەر دەت پارێزی
کورد ڕەگی درێژە هەر وەك و فریـزی
دوژمـــــن خەریـــــکە بە درۆ و دزی
بێـــتە خـــاکی کـــورد پـــرا تـــۆ دزی
بـــۆ چـــاوی دوژمـــن بـــبە دڕك و زی
دوژمــن بێـتە خـاك لێـدە بە گـورزی
پشتیوان بە خـودا بـیخەنە ئەرزی(٢٤٨)

حکـــومەتی عێـــراق، بەتـــایبەتی حەرەس قەومییەکـــان باوەڕیـــان وا بـــوو بەم شـێوەیە و لە ڕێـگەی تونـدوتیژی و گوللەبـاران کـردن و دەسـتگیر کردنـی هـاوولاتی مەدەنـی و ڕەشـبگیری دەتوانێـت بیروبـاوەڕی خەڵکـی بگۆڕێـت لە هەمـبەر ئەو ئامـانجەی شـۆڕش خەبـاتی بـۆ دەکـرد، بەڵام سـەرکەوتوو نەبـوو و خەڵکـی شـارەکە وەك پێشـتر هاوکـار و هەمـاهەنگی شـۆڕش بـوو، بگـرە لە کۆتاییەکـانی ئەو سـاڵەی دەسەڵاتییان گرتە دەست، کۆتایی بە دەسەڵاتی خۆیان هات.

**پێنجەم: شەڕی هەیبەت سوڵتان**

لەگەڵ گەیشتنی هێزەکانی سوپا لە هەولێرەوە بۆ شاری کۆیە، چەند یەکەیەکی سەربازی و میلیشیای حەرەس قەومی لە کەرکووکەوە گەیشتنە شارەکە[٢٤٩]، ئەوجا هەوڵی دەستبەسەردا گرتنی شاخی هەیبەت سوڵتانیاندا، چونکە هێزەکانی پێشمەرگە لەوێ بنکە و بارەگای سەربازییان دانابوو. ئەم ئەرکەش بە لیوای پێنجی فیرقەی دوو سپێردرا، فەرماندەی لیواکەش عەقید سەعید حەمۆ بوو، لە بەرانبەریشدا پارێزگاری کردن لە شاخی هەیبەت سوڵتان بە عومەر دەبابە سپێردرا بوو، کە ژمارەیەك پێشمەرگەی لە ژێر دەستدا بوو، لەگەڵ ئەمەشدا هێزی (عەبدوڵڵا ئاغای پشدەری[٢٥٠]) هێزەکەی هەیبەت سوڵتانی پتەوتر کرد[٢٥١].

موحسین دزەیی کە ئەو کاتە لە کۆیە بووە، لەم بارەیەوە دەڵێت: "سپێدەی ١٠ی حوزەیرانی ١٩٦٣ زوو لە خەو ڕابووین، هێزەکانی پێشمەرگە لە کۆیە و کادیرانی حیزب لە بارەگای ناوچەی پارتی کۆبوونەوە، عومەر دەبابە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی ئەو ناوچەیە لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەك ئامادە بوون، لەگەڵ مەحموود کاکە زیاد چوومە ڕیزی ئەو هێزانەوە بە پێ ڕوومان لە ناوچەیەکی شاخاوی ڕۆژئاوای شارەکە کرد، تا لە هێرشی فڕۆکەکان بە دوور بین، چونکە لە بەیانییەوە بە ئاسمانی شارەکەدا دەسووڕانەوە و ڕێگای هەولێر-کۆیەیان بۆردوومان کرد، لە شەوەوە فەرمان بە پێشمەرگەکانی دیکە درابوو کە لە ڕێگاکەدا سەنگەر بگرن[٢٥٢]".

لە سەر هەمان بابەت مەسعوود بارزانی دەڵێت: "لە ٢٥ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣ هێزی حکومەت بە یارمەتی هێزێکی هەزار کەسی جاش و چەند یەکەیەکی زرێپۆش و کەتیبەیەکی تۆپخانە دەستی دایە پەلاماردانی هێزەکانی هەیبەت سوڵتان و بۆمبارانی ئاسمانیش دەکرا، شەڕ تا ئێوارە بەردەوام بوو،

ئەنجامەکەشی شکست بوو بۆ سوپای عێراق و زەرەر و زیانیشیان بەرکەوتبوو، ئیدی مەیدانی شەڕیان جێ هێشت، هێزەکانی پێشمەرگەش شەهیدێك و سێ برینداریان هەبوو، کە لە نێویاندا عەبدوڵڵا ئاغای پشدەری تێدا بوو. هەروەها دوای ئەو سەرکەوتنە عومەر دەبابە بروسکەیەکی بۆ مستەفا بارزانی و مەکتەبی سیاسی نارد، باسی شەڕەکە و ئەنجامەکەی کردبوو، لە درێژەی نامەکەشیدا ڕای گەیاندبوو، کە زۆر پێویستییان بە فیشەکە[٢٥٣]."

موحسین دزەیی لە درێژەی گێڕانەوە مێژووییەکەی ڕووداوەکەی کۆیە دەڵێت: "هێرشەکان هەفتەیەك بەردەوام بوون، لەو کاتەدا پەلێکی دەشتی هەولێر هاتنە پاڵ هێزەکانمان کە پەلی (فارس باوە[٢٥٤]) بوو، ئەو پەلە ئازایەتییەکی پاڵەوانانەیان نواند لە بەرگری کردن لە چیای هەیبەت سوڵتان، سەرەڕای ئەوەی کە یەکەم ئەزموونی شەڕی ناو چیایان بوو[٢٥٥]."

عومەر دەبابە، بەرپرسی ئەو میحوەرە بوو و ڕۆڵی گەورەی لە ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی حەرەس قەومی هەبوو، سەبارەت بە ڕۆڵی عومەر دەبابە (گەلاوێژ[٢٥٦]) دەڵێت: "عومەر دەبابە ئازایانە و بێ وەستانەوە خەریکی پەلاماردان و چالاکی بوو لەگەڵ هێزەکەی، لە بیرمە کە بۆ چەند ڕۆژێك لە شاخی هەیبەت سوڵتان عومەر دەبابە و هێزەکەی لە لایەن عەسکەر و هێزی حکومەتەوە ئابلۆقە دران و بۆ چەند ڕۆژ نان و خواردنیان لێ بڕا بوو، بەڵام قارەمانانە توانییان ئابلۆقەکە بشکێنن و خۆیان ڕزگار بکەن[٢٥٧]."

هەر سەبارەت بە ڕۆڵی عومەر دەبابە لەو شەڕەدا، (فوئاد مەعسووم[٢٥٨]) لە وتارێکدا بە ناونیشانی (کاکی کاکان، کاکی هەمووان) نووسیویەتی: "ساڵی ١٩٦٣ بەعسییەکان نەخشەیەکیان بۆ پەلاماردانی شاری کۆیە بە سەرۆکایەتی تەها شەکرچی بۆ گرتنی چەندین کەسی ناوداری کۆیە، لەوانە باوکم و سووتاندنی ماڵەکەمان، کاك عومەر دەبابە هاتبووە لای باوکم و پێی ڕاگەیاندبوو بە گوێرەی زانیارییەکانمان خەتەرە بۆ جەنابت لە کۆیە بمێننەوە، ئێمە لە هەولێرەوە تا کۆیە بەرگری دەکەین، بەڵام مسۆگەر نییە بتوانین ڕایان بگرین و نەگەنە کۆیە، دیارە

بریاری بۆردوومانی کۆیەش هەیە. ئەو شەوە عومەر دەبابە خۆی سەرپەرشتی شەڕەکانی کردبوو، بە سەیارەکەی خۆشی مەلا مەعسووم و خانەوادەکەی گەیاندبووە تۆپزاوا، بۆ سبەینێ فڕۆکە بۆردوومانی شاری کۆیەی کردبوو، سوپاش بەرەو کۆیە پێشڕەوی دەکرد، پێشمەرگە شەڕێکی سەختیان کرد، بەتایبەتی لە دێگەڵە، بەڵام نەیانتوانی تا سەر ڕێگەیان لێ بگرن، چونکە جیاوازییەکی زۆر هەبوو لە ژمارە و چەك و تفاقی شەڕدا[٢٥٩]."

هەروەها هەر یەك لە مەلا عەولاً و نافیز جەلال، ڕۆڵی گەورەیان لە شەڕی هەیبەت سوڵتان بینی و شکستیان بە هێرشەکەی حەرەس قەومی هێنا[٢٦٠]. سەبارەت بە بەشداری ئەم کەسانە موحسین دزەیی دەڵێت: "هەر یەك لە موقەدەم نافیز جەلال و موقەدەم نامیق عەبدوڵڵا هاتنە بارەگاکەمان، کە لە دوای کوودەتای ٨ی شوبات پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کردبوو، گوتبوویان بۆ هەر کار و ئەرکێك ئامادەین، عومەر دەبابە داوای لێکردن کە شوێنەکانی بەرگریمان لە چیای هەیبەت سوڵتان بەسەر بکەنەوە، بۆ ئەوەی بزانین تا چەند بەرانبەر هێزی دوژمن توانای بەرگریمان هەیە، دوای ئەوەی شوێنەکەیان بەسەرکردەوە، زۆر لێی ڕازی ببوون[٢٦١]."

پاش ماوەیەك دوژمن هێزەکانی خۆی ڕێك خستەوە و دوو فەوجی سەربازیی پیادەشی بۆ یارمەتی بۆ هات و هەستی کرد کە وا دەتوانێت دیسانەوە هەستێتەوە و شەڕێکی تازە بکات، بە شێوەیەك لە یەکەم جار توندوتیژتر دەستی دایەوە پەلاماردان[٢٦٢]، بەڵام ئەم جارە یەکەیەکی سوپا بە هاوکاری جاش بە لا ڕێگەیەکی شاخدا توانییان بچنە سەر شاخی هەیبەت سوڵتان، ئەمەش شڵەژانی خستە ناو هێڵەکانی بەرگری هێزی پێشمەرگە، دوای شەڕێکی سەخت، سوپای عێراقی توانییان دەست بەسەر ڕارەوی سەرەکی و لایەکی چیاکەدا بگرن، بۆیە هێزەکان ناچار بوون لە شوێنەکانی خۆیان پاشەکشە بکەن و بکشێنەوە[٢٦٣]. هەڵبەت لە جاری کۆتاییدا ئیبراهیم فەیسەڵ ئەنساری خۆی هاتە شاری کۆیە و سەرپەرشتی هێرشەکەی کرد[٢٦٤].

دواجـار بە هـۆی چـڕی بۆمببـاران و تۆپبـاران بە سـەر سـەنگەرەکانی پێشـمەرگە و شـوێنەکانیاندا، پێشـمەرگەکان وایـان بە بـاش زانـی بەرەو بێتـواتە و ڕانـیە بکشـێنەوە، پـاش ئەمە ئیـتر شـەڕێکی ئەوتـۆ لەم بەرەیەدا ڕووی نەدا، حکـومەتیش بەوەنـدە دەستبەردار بوو کە شاخەکەی گرتبوو[٢٦٥].

لە ڕاسـتیدا هەڵـکەوتەی جـوگرافی چیـای هەیـبەت سـوڵتان وای کـردووە، کە لە کـاتی شـەڕ و پێکـدادان لە نێـوان پێشـمەرگە و حکـومەتە جیاوازەکـانی عێـراق، وەکـوو شـوێنێکی سـتراتیژی گرنـگ سـەیری بکرێـت، چـونکە کەوتـووەتە بەشـی ڕۆژهەڵاتـی شـارەکە و جیـاکەرەوەیە لەگەڵ بیتـوێن و پشـدەر، لە لایەکـی دیـکەوە لە سـەر چیـای هەیـبەت سـوڵتانەوە تەواوی شـارەکەت لێـوە دیـارە و دەتوانیـت بە سەریدا زاڵ بیت.

دوای نـزیکەی دوو هەفـتە هەیـبەت سـوڵتانیـش گیـرا[٢٦٦]، پێشـمەرگەکانی عەبـدوڵڵا ئاغـای پشـدەر لە چیـای هەیـبەت سـوڵتانەوە بەرەو ڕانـیە و دەشـتی بیتـوێن ڕۆیشـتین، دواجـار چـوونە پـاڵ ئەو هێـزانەی لە نـاوچەی مێرگەسـۆر و سـپیلك بوون[٢٦٧].

هەروەهـا هێـزەکەی دەشـتی کـۆیەش کە ١٠٠ کەس دەبـوون[٢٦٨]، ڕووەو گونـدی (سـوێرەڵە[٢٦٩]) و و حـاجی قەلا ڕۆیشـتن، لە شـوێنێك دەمـانەوە بە نـاوی سـماقان، عومەر دەبابەش چووە مەکتەبی سیاسی لە بیتوێن[٢٧٠].

پێشـمەرگە لە شـەڕی هەیـبەت سـوڵتان ٤ شـەهیدی هەبـوو[٢٧١]، هێزەکـانی حکومەتیش ١٤ کوژرا و ٢٣ بریندارییان هەبوو[٢٧٢].

جێـی ئامـاژەیە بگوترێـت لە کتێبـی (مەحمـوود حەمەد شـێخانی)دا هـاتووە: کە (مەحمـوود حەمەد شـێخانی[٢٧٣]) و (حەسـەن حەیـران[٢٧٤]) لە شـەڕی هەیـبەت سوڵتان پێکەوە لاوك و حەیرانیان گوتووە[٢٧٥].

**شەشەم: ڕۆڵی شیوعییەکانی کۆیە لە شۆڕشی ئەیلوولدا**

حیزبی شیوعی عێراق، لە دوای هێرشی عەبدولکەریم قاسم بۆ سەر کوردستان، هێرشەکەی ڕیسوا کرد و لە ماوەی مانگێکدا بە دەیان یاداشتی بە حکومەتدا، هەروەها لە بەغدا ٥٠٠٠٠ ئیمزای کۆکردەوە، لە ژێر ناوی: ئاشتی لە کوردستاندا بە ڕێگایەکی دیموکراتییانە دابین بکرێت، مافی ڕەوای کورد لە قۆناغی ئەمڕۆ ئۆتۆنۆمییە، جێبەجێ بکرێت"، وەفدێکی گەورە لە هەموو چین و توێژەکان پێك هات و پێشکەشی عەبدولکەریم قاسم کرا[٢٧٦].

کاتێکیش بەعسییەکان هاتنە سەر دەسەڵات، حیزبی شیوعی کەوتە دۆخێکی ناهەموارەوە، دەکرێت بڵێین زەرەرمەندی یەکەم لە کوودەتای ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ ئەندام و کادیران و لایەنگری حیزبی شیوعی عێراق بوون، بۆیە سەرکردایەتی حیزبی شیوعی بڕیاریدا بە کشانەوەی کادیر و ئەندامانی حیزب بۆ ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشی ئەیلوول، لە کوردستان و نزیك ناوچە شاخاوییەکان گیرسانەوە، دواتر لە گوندی کەلەکە سماقی سەر بە قەزای دووکان، کە خانەقای کاکە حەمەی مامە ڕەزای ڕابەری بزووتنەوەی هەقەی لێ بوو، پێشوازییەکی باشیان لێکرا، دوای ئەوە سەرکردایەتی حیزب هەولیدا چەك پەیدا بکەن، پاشان لق و بەتالیۆنیان دروست کرد و شانبەشانی پێشمەرگەی کوردستان دەستیان بە خەباتی چەکداریی کرد[٢٧٧].

یەکێك لەو شوێنانەی شیوعییەکان ڕوویان تێ کرد، کۆیە بوو، تەنانەت شیوعییەکانی هەولێریش کە هەڵدەهاتن دەچوونە شاری کۆیە[٢٧٨]، لەم بارەیەوە کەریم ئەحمەد دەڵێت: "پاش کوودەتای شوباتی ساڵی ١٩٦٣ حیزبی شیوعی چووە ناو شۆڕشی کوردستان، یەکەم هەنگاو بەرەو شاری کۆیە بوو، کە عومەر دەبابە مەسئولی پێشمەرگەی کۆیە بوو، زۆر بە گەرمی باوەشمان لێکدا و گوتی: باشتان کرد هاتنە ناو شۆڕشی کوردستان، بەو قسانە زۆر دڵخۆش بووم[٢٧٩].

له دوای هـاتنی شـیوعییەکان بـۆ کوردسـتان بـارزانی ڕای گەیانـد کە داڵـدەی شـیوعییەکان بـدەن، بەڵام چـونکە بە تەواوی جێبەجـێ نەکرابـوو، لە سـەرەتای مـانگی ئـازاری سـاڵی ١٩٦٣ ئەحـمەد دڵـزار و کەریـم ئەحـمەد بـۆ دیـدەنی بـارزانی بەرەو قـولەی کـانیی مـاران دەچـن، لەم بـارەیەوە ئەحـمەد دڵـزار دەڵێـت: لەوێ بـارزانی گـوتی: ئێسـتا دوای ئەوەی کە حیزبـی شـیوعی بـووە بە ئۆپۆزیسـیۆن ئەرکەکەمـان گەورەتـر بـووە، پێشـتر بریتـی بـوو لە دابینکردنـی ژیـانی سـەربەرزی و دیمـوکراتی بـۆ کوردسـتانی سـەر بە عێـراق، بەڵام ئێسـتا دەبێـت بـۆ ئـازادی و دیمـوکراتی و مـافی ڕەوای سـەرتاپای عێـراق هەوڵ بـدەین. هەروەهـا بـارزانی ڕووی لە مـن کـرد و گـوتی: کـێ مەسـئولی پێشـمەرگەی کـۆیەیە؟ گـوتم: سـەعید مەسـیفی، لە وەڵامـدا گـوتی: نـامەیەك بـۆ سـەعید دەنووسـین و پێـی دەڵێـین دڵـزار هەر نوێنەرێـك دابنێـت ئەو نـوێنەرە، ئەم کەسـە سـەر بە ئـێمەیە و ئێـوە دەبێـت دەمـودەس داڵـدەی بـدەن و ڕێـی بـۆ بـکەنەوە، ئەگەر چەکـداریش بێـت. ئەحـمەد دڵـزار دەشـڵێت: کە چـووینەوە کـۆیە نـامەکەی مەلا مسـتەفام دایە سـەعید مەسـیفی، ئەویـش زۆر بەڕێـز و قەدرەوە وەری گـرت و گـوتی: فەرمـانی بـارزانی لەسـەر چـاو و لەسـەر سـەرم، ئێـوە چـۆن ئـارەزوو دەکەن، ئـێمەش وا دەکەیـن... ئەوجـا بـۆ ڕۆژی دواتـر شـەش پێشـمەرگەمان کـۆکردەوە و شـەش تفەنگـی ئاسـاییمان بـۆ پەیـدا کـردن، نـوێن و کەلـوپەلی پێویسـتیان هێنـا، مـام نـادری مـام سـمایل کـرایە لێپرسراویـان و بە ئۆتۆمبێلێـك چـووینە دێـگەڵە و پێشـمەرگەکانمان لای عەریـف سـەمەد جـێ هێشـت و ئـێمە گەڕاینـەوە کـۆیە. لە دوای دیـدارەکەی مەلا مسـتەفا نێوانمـان لەگەڵ پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان باشـتر بـوو، بەتـایبەتی لەگەڵ سـەعید مەسـیفی و پێشـمەرگەکانی فـرە گونجـاو و تەبـا بـووین، هەر کێشـەیەك بهاتـایە پـێش، دەمودەسـت چارەسـەرمان دەکـرد. هەروەهـا خـانوویەکی گەورەمـان بە کـرێ گـرت و بنکەیەکـی دەوڵەمەنـدمان دروسـت کـرد، ڕێکخـراوی کـۆمەڵەی مـافی ئافرەتـانیش لە کـۆیە چـالاکییەکی زۆریـان نوانـد، بە گـونییە سـاوار و بـرنج و ئـارد و تەنـانەت شـەکر و چایـان کـۆدەکردەوە، نەك بـۆ بـنکەکە و بەس، بەڵکـوو بـۆ بـنکەی کەلـکە سـماقیـش، هەروەهـا لیـژنەی قەزای کـۆیەش دەورێکـی بـاش و لەخۆبوردووانەیـان گێـڕا و چەنـد کەسـێك ئیشـوکاری بنکەکەیـان ڕادەپەڕانـد[٢٨٠]. بە

هۆی ئەم سەردانەی ئەحمەد دڵزار و کەریم ئەحمەد بۆ لای بارزانی کێشەی شیوعییەکان جێبەجێ کرا.

جێی خۆیەتی بگوترێت لە پێش کوودەتای عەبدولکەریم قاسم بە فەرمی کەس نەیگوتووە و نەیوێراوە بڵێ من پارتی، یا شیوعیم، بەڵام لە دوای کوودەتاکە بە ئاشکرا دەردەکەوتن، لەوانە: عەلی مەولوود و (فاتیح ڕەسووڵ[٢٨١]) لە شیوعییە دیار و بەرچاوەکان بوون، هەروەها لە دەشتی کۆیەش ڕەحمان مەلا عوسمان لە شیوعییە دیارەکان بووە[٢٨٢].

حیزبی شیوعی دوای پەیوەندی کردنی بە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان چەند بنکەیەکی چەکدارییان لە ئاوەگرد و چیای باواجی و گوندی کەلکە سماق کردەوە[٢٨٣]، کە هێزێکی چل بۆ پەنجا کەسی چەکداری حیزبی شیوعی لە کەلکە سماق بوون، لە لایەن کاکە حەمەی مامە ڕەزا و براکانی: حامید و ئەحمەد زۆر هاوکاری کراون، ئەو هێزە تا مانگی حوزەیران لەوێ ماوەتەوە، ئەو کاتەی لە کەلکە سماق بوون، لە کۆیەوە ئازووقەیان بۆ چووە، شێخ جەنگیش بە خۆڕایی ئارد و جارجارە باراشی بۆ ناردوون[٢٨٤].

لە ١٠ی ئازاری ساڵی ١٩٦٣ حیزبی بەعس هێرشێکی گەورەی کردە سەر کوردستان، لەو کاتەدا شیوعییەکان ڕوویان لە شاخ کرد، هەندێکیان چوونە گوندی کەلکە سماق، هەروەها لە چیای باواجی بنکەیەکی دیکەیان هەبوو، کە کەریم ئەحمەد سەرپەرشتی دەکرد، دواتر چوونە ئاوەگرد و بنکەیەکی پتەویان دروست کرد، کە تۆفیق ئەحمەد (هەژار) و کەمال خدر دەستنیشانیان کرد، ئەوجا دەستیان کرد بە دروستکردنی خانوو و پێداویستییەکانی ژیان و دانانی سەنگەر، ڕۆژانە لە کۆیە و شارەکانی دیکە ئازووقەیان بۆ دەچوو[٢٨٥]، دیارە بارەگای گەورەی حیزبی شیوعی لە چیای ئاوەگرد بوو، ژمارەی پێشمەرگەکانیان بە هۆی فشار و تۆقاندن و ڕاوەدوونانی بەعس لە زیادبووندا بوو[٢٨٦].

سەبارەت بە بنکەکانی حیزبی شیوعی لە دەوروبەری کۆیە، ئەحمەد دڵزار دەڵێت: لە باواجی بنکەیەکمان هەبوو، کەریم ئەحمەد سەرپەرشتی دەکرد،

چەند ڕۆژێك لەوێ ماینەوە، بەڵام لە ڕۆژی ٢٣ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣ کەلوپەلمان لە چەند ولاغ بار کرد و بەرەو ئاوەگرد چووین[٢٨٧]، لە هەمان ڕۆژیشدا سوپای عێراق گەیشتە کۆیە، کە چووینە ئاوەگرد تەنیا یەك چاوە کۆڵیتی لێ بوو، ئێمەش دوازدە خانوومان لێ بنیات نا، جگە لە حەمامێك و چەند توالێتێك، لە هاوین و پاییزی ساڵی ١٩٦٣ زیاتر سەرقاڵی دروست کردنی خانوون بووین، سێ چوار سەنگەرمان دروست کردبوو، یەکێك لە پێشەوە کە ئەوەڵ جار سەر دەکەوێت، دوو سێیەکی دیکەشمان لەوپەڕ و لە ناوەڕاستی ناوچەکە دانابوو، ژوورێك بۆ بێ تەل ئامادە کرابوو، یەکێك بۆ کۆگای خۆراك و ئازووقە، یەکێك بۆ دەرمانخانە، یەکێك بۆ چێشتخانە، ئەوانی دیکەش بۆ نووستنی پێشمەرگەکانمان، کتێبخانەیەکیشمان هەبوو[٢٨٨].

گرنگە بگوترێت لە دوای خۆ ڕێکخستن و دانانی بنکە و بارەگا لە لایەن شیوعییەکانەوە، ژنێك لە کۆیە بە ناوی (خوشکە فریشتە[٢٨٩]) چەکی پێشمەرگایەتی لە شان کردووە و چووەتە سەنگەری هاوڕێ شیوعییەکانی لە شاخ[٢٩٠].

لە بارەی بەشداری پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعی (حەسەن کاکە[٢٩١])، لە بیرەوەرییەکان دەڵێت: "لە دوای هاتنی حەرەس قەومییەکان بۆ کۆیە، ئەندامانی حیزبی شیوعی هاوشانی پێشمەرگە بەرەو شاخی هەیبەت سوڵتان ڕۆیشتن، کە ٢٠٠ تا ٣٠٠ کەسێك دەبوون، بەڵام پێشمەرگەی چەکدار کەم بوو[٢٩٢]".

(کافیە ڕەشید[٢٩٣])ی خێزانی (عەزیز محەممەد[٢٩٤]) لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣ ب بۆ ماوەیەك لە کۆیە بووە، لەم بارەیەوە دەڵێت: ٧ی حوزەیرانی ١٩٦٣ گەیشتمە کۆیە، هەوڵی ئەوەیاندا کۆیە داگیر بکەن، بێگومان برادەران ڕۆیشتن و ئێمەش ڕۆیشتین و هەموو کۆیە چوونە دەرەوەی شار، لە ئەشکەوتەکان و لە دەرەوە مانەوە، ئەوە بوو کۆیە داگیر کرا، دوایی حکومەت بەیانێکی دەرکرد، کە هەر کەس بگەڕێتەوە ماڵی خۆی هیچ کێشەیەك نییە. بێگومان من نەمدەتوانی بچمەوە ئەو ماڵەی لێی بووم، منیان لە ماڵی مەلایەك

دانـا، گوتـاربێژی مـزگەوت بـوو، چەنـد ڕۆژێـك لەوێ مـامەوە، شـەوان دەیـانگوت لەگەڵ کچەکـان لە مـزگەوت بـخەون باشـترە لەو جێگـایەی نـوێژی لـێ دەکەن، دواتـر زانـیم برادەرێکـی ژنـم لێـرەیە، نـامەیەکم بـۆ نووسـی گـوتم شـتێکی وا هەیە، هەمـان ڕۆژ هـات و منـی بـردە مـاڵی بـاوکی، دوای دوو ڕۆژ منیـان بـردە ماڵێـك، گوتیـان ئەمە کەسـێکە هەم لەگەڵ حکـومەتە هەم لەگەڵ پێشـمەرگەیە و هـیچ زیـانێکی نیـیە و لێـرە بمێـنەوە، لێـرەوەش دەتـوانی دەربچیـت، دواتـر ئایشـە گـوڵ هـات، گـوتی: مێـردەکەم لە دەرەوەی کـۆیە ڕەزی هەیە، سـبەی زوو دەتـبەمە نـاو ڕەزەکە، ئینجـا بـۆ کـاتژمێر ١٠ دەتبەیـنە دەرەوەی کـۆیە، خێزانێـك هەیە لەگەڵ ئەوان بمێـنەوە، بەیـانی ئایشـە گـوڵ هـات و منـی بـردە لای مێـردەکەی، ئەوجـا بەڕێ کەوتـین. کـاتژمێر ٦ گەیشـتینە گونـدێك، گوتیـان ئێـرە مەترسـی لە سـەر نەمـاوە، چـونکە حکـومەت تۆپبـارانی کـردووە، بەس یەك ژوور مـاوە و چەنـد کەسـێکیش لەوێ بـوون. کـاتژمێر ٣ی بەرەبەیـان برادەرێـك هـات، گوێـدرێژێکی پـێ بـوو، منـی بـردە جێگـایەك، دوایـی گـوتی ئەمە بنـاری سـەفینە، لە ڕێگـا نـزیکەی کـاتژمێر ٨ گەیشـتینە خێزانێکـی کـورد، کە بە ڕۆژ نەیانـدەتوانی لە گونـد بـن لەبەر بۆردوومـانی فـڕۆکە، دەهـاتنە نێـو ڕەز و باخەکـان، کـاتژمێر ١٢ بـوو گەیشـتمە جێگـایەك پێیـان دەگـوت کـانی هەرمـێ، کەریـم ئەحـمەد بە خێـزانەوە لەوێ بـوون، شـەوانە لەگەڵ خەڵکـی گونـدەکە دەچـووینە سـەر تەپۆڵەکـان دەخەوتـین و کـاتژمێر ٤ دەهـاتینە خـوارەوە لەبەر بۆردوومـانی فـڕۆکە، بە ڕۆژیـش لە ژێـر دارەکـان بـووین، لەگەڵ هەتـاو جێگـای خۆمان دەگۆڕی، تاکوو کۆتایی مانگی ئەیلوول لەوێ مامەوە[٢٦٥].

هەروەهـا ئەحـمەد دڵـزار سـەبارەت بە قوربانیـدانی خـۆی و بنەمـاڵەکەی بـۆ شـۆڕش دەڵێـت: لە دوای گوللەبـاران کردنـی چەنـد کەسێکی سـڤیلی کـۆیە، دەنگـۆی ئەوە بڵاوبـووەوە ئەو کەسـانەش دەگـرن، کە کەسـێکیان لە نـاو پێشـمەرگەیە، بـۆیە ئـازادی کـوڕم هـاتە لام لە ئـاوەگرد، هەروەهـا کەسوکارەکەشـمیان لە کـۆیە دەرکـرد و گوتبوویـان بچـنە لای دڵـزار، لە لایەکـی دیـکەوە ڕۆژی ٤ی تەممـووزی سـاڵی ١٩٦٣ نەنکمیـان لە نـاو جێـی نەخۆشـی ڕاسـت کـردەوە و هەمووانیـان لە مـاڵ وەدەرنـا و ئاگریان لە خانووەکە بەردا، تا خانووەکە داڕما[٢٦٦].

له لایەکی دیکەوە لە کۆتایی مانگی ئابی ساڵی ١٩٦٣ هێزێکی زۆری جاش لە کۆیەوە هێرشی بردە سەر گوندی سماقووڵی گەلی و سووتاندییان، ئەو کاتە پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعی لە سەر ئاوەگرد بوون، بۆیە بەرەو گوندەکە دەچن، بەڵام تا پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعی دەگەنە ناو گوند هێزی حکومەت پاشەکشە دەکات، بەڵام لەوێ ئاگرەکە دەکوژێننەوە. کاتێک عەلی مەولوود دەبیستێت هێزی حکومەت هێرشی کردووەتە سەر سماقووڵی گەلی، لەگەڵ ژمارەیەك پێشمەرگە و برینپێچێك لە ئاوەگردەوە بە هاواری ئەو گوندە دەچن و لەوێ دوو برینداره‌کەیان تیمار کردووە[٢٩٧].

دیارە حکومەتی بەعس بە هەموو شێوەیەك و بە وردی بەدواداچوونی بۆ حیزبی شیوعی عێراقی و پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە، لە نامەیەکی قایمقامی قەزای کۆیە کە بۆ موتەسەریفی هەولێر نێردراوە[٢٩٨]. ڕوونتر دەردەکەوێت، کە تێیدا هاتووە: لیستێکی ناوی ئەو کەسانەتان بۆ دەنێرین کە پەیوەندییان بە حیزبی شیوعی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە[٢٩٩].
لە نامەکەدا ناوی ئەو ١٢ کەسە هاتووە:

| ژ | ناوەکان | ئیشەکانیان |
|---|---|---|
| ١ | ئەحمەد مستەفا (دڵزار) | بێکار |
| ٢ | غەفوور حاجی یەحیا | کاسب |
| ٣ | حەسەن کاکە | کاسب |
| ٤ | بەکر محەممەد ئەمین | وێنەگر |
| ٥ | عەلی سلێمان | بەرگدروو |
| ٦ | نادر ئیسماعیل | جووتیار |
| ٧ | قادر حەمەد بەگ | موختاری گەڕەکی سەرباغ |
| ٨ | کەریم ڕەسووڵ | خاوەن کۆگا (صاحب مخزن) |
| ٩ | فاتیح ڕەسووڵ | فرۆشیار (عەتار) |

| | | |
|---|---|---|
| ١٠ | سەید حەمید سلێمان | حەمباڵ/ کرێکار |
| ١١ | ڕەفیق تاهیر | کاسب |
| ١٢ | عەزیز مەغدید | قەساب |
| ١٣ | عەلی مەولوود | جووتیار |

**حەوتەم: بارودۆخی مەسیحییەکان لە کاتی هاتنی حەرەس قەومی**

لە کاتی هێرش و پەلامارەکانی حەرەس قەومی بۆ ناو شاری کۆیە، مەسیحییەکانی کۆیە و بەتایبەتی مەسیحییەکانی گوندی هەرمۆتەشی گرتەوە، بە شێوەیەك گوندەکەیان تالان کرا و خەڵکیشیان لێ شەهید کرا.

دیارە لە شۆڕشی ئەیلوولدا چەندین کەس لە مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە بوون بە پێشمەرگە و یارمەتی پێشمەرگەشیان داوە، تەنانەت قوربانیشیان بۆ داوە[٣٠٠]. تەنانەت دوای بڵاوبوونەوەی بەیاننامەی ئەنجوومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش و کوودەتای ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ کاتێك بنکەی پۆلیسی کۆیە تەسلیم بوون، کەسێك بە ناوی تۆما مەسیح، گوتبووی: چەکداریم پێ ناکرێت، بەڵام دەمەە چێشتلێنەرێکی باش بۆ پێشمەرگە[٣٠١].

پێش گەیشتنی سوپای عێراق بۆ کۆیە، هاووڵاتییان لە شاخەکان و هەورازەکانی دەوروبەر تونێلی بچووکیان لێدابوو، لە ترسی بۆردوومان کردن کە پێی دەگوترا کونە تەیارە، لە نزیك کارێزی هەرمۆتە چەند کونە تەیارەیەك هەبوو بۆ خۆشاردنەوە، یەك لەو کونانە کونە تەیارەی ماڵی مام دنحا عیسای ڕەبەن بوو، بەڵام لە ٧ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣ لە ناکاو بەسەریاندا دەڕووخێت و لە ئەنجامدا بووە هۆی مردنی ٩ کەسی خێزانەکەی بە ناوەکانی: نەسرین عیسا حەنای خوشکی، وەردێ عیسا شابیلەی دایکی و حەوت منداڵی بە ناوەکانی: مەجید، بنیامین، جەمیل، بارزان، وارینە، ئەدیبە، زەکی[٣٠٢].

لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣ کاتێك حەرەس قەومییەکان هاتنە کۆیە، تالانێکی زۆر کرا، لەم تالان و کوشتن و دزین و بردنە گوندی هەرمۆتەشی گرتەوە، بۆیە لە ترسی حەرەس قەومییەکان بەشێك لە دانیشتووانی گوندی هەرمۆتە چوونە کەونەپرد، لەوێوە بۆ کۆیە، هەروەها بەشێك لە ماڵاتی هەرمۆتە براوەتە گوندی شەوگێر[٣٠٣].

بە هۆی بڵاوبوونەوەی ترس و دڵەڕاوکێ لە شێوازی ڕەفتار و مامەڵەکردنی حەرەس قەومی، بەشێکی دیکە لە هاووڵاتییانی گوندی هەرمۆتە بەرەو گوندی شیواشۆك ڕۆیشتن، یەکێك لەوانە بنەماڵەی فەرەنسیس عیسا بوو، کە بە ماڵ و منداڵەوە چووبوونە شیواشۆك، کەچی لە ٢١ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣ لە کاتی هێرشی حەرەس قەومی فەرەنسیس عیسا شەهید دەکرێت، دیارە ناوبراو گوێی گران بووە، لەو کاتەی سەربازەکان بانگیان کردووە، گوێی لە ڕادیۆ گرتووە، لەبەر ئەوە گوێی لە دەنگی سەربازەکان نەبووە، بۆیە لەوێ کوشتوویانە، ئەوجا ڕادیۆکەی دەستیان بردووە. بە هۆی خراپی بارودۆخەکەوە فەرەنسیس هەر لەوێ بە خاك سپێردرا، بەڵام دوای نۆ مانگ تەرمەکەیان گواستەوە گۆڕستانی گوندی هەرمۆتە[٣٠٤]. ئەگەرچی بەشێك لە مەسیحییەکانی کۆیە لە شۆڕشدا پێشمەرگە بوون و بەشێکی دیکەش بە شێوازی جیاواز هاوکاری و یارمەتی شۆڕشیان داوە، کەچی حەرەس قەومی هێرشی کردووەتە سەر هاووڵاتی مەدەنی، لەو نێوەشدا بەشێکیان کوژران، بەشێکی دیکەیان خانوویان لێ ڕووخێنراوە و مەڕوماڵاتیان براوە.

لە لایەکی دیکەوە حەرەس قەومی جگە لە مەڕ و ماڵات، هەرچی ڕەشە وڵاغ و ئاژەڵ هەبوو بردیان، هەروەها گوارەیان لە گوێی ژنان دەپچڕاند و گیرفانی خەڵکیان دەبڕی و پێڵاوەکانیان لێ دەسەندن، تەنانەت ڕەفتاری دیکەی زۆر سەیریان دەکرد، بۆ نموونە: لە نێو پاشماوە (زبڵخانە) دەگەڕان بۆ ئەوەی بزانن چ شتێکی بە نرخی تێدا هەیە، تا بیبەن[٣٠٥]، تەنانەت دەغڵ و دانیان هەموو ئاگر تێبەردا[٣٠٦].

حەرەس قەومی لە کاتی هێرشکردنە سەر هەرمۆتە نەك هەر لە پیاوان، بەڵکوو لە ژنانیشیان داوە، ئەوجا هەر شتێك بە نرخ بووایە دەیانبرد، نزیکەی ٥٠٠ بۆ ٦٠٠ مەڕی ماڵی مام مووسا حەننایان برد، مەڕوماڵاتەکەی بردیان هێندە زۆر بوو، کە خەڵك شینی بۆ دەکرد و دەیانگوت:

"تۆزێ میگەڵێ بوو بە گەواڵا
لە مەڕیان دەرکرد نێریە ڕەشتاڵا
شینێ دەگێڕێ خاتوو خەزاڵا[٣٠٧]".

هەروەهـــا لەگەڵ چـــوونی حەرەس قەومییەکـــان بـــۆ گونـــدی هەرمـــۆتە و دەسـتپێکی تاڵانکـاری، خەڵکـی گونـدەکە زەخیرەیـان (گەنـم، سـاوار، بـرِوش، نیسـك و نـۆ) بردبـووە نـاو حەوشـەی کەنیسـە، چـونکە باوەڕیـان وا بـووە کە حەرەس قەومـی هێـرش نـاکەنە سـەر کەنیسـە، بەڵام کاتێـك دەچـنە نـاو کەنیسـە هەمـوو زەخیرەکـان تـێکەڵ دەکەن، بـۆ ئەوەی نەتوانرێـت سـوودی لـێ وەربگیرێـت. هەروەهـا لە نـاو کەنیسـە چەنـد ئینجیـل و دەستنووسـێکیان بردبـوو، خەڵکـی گونـدەکە نەیـانتوانی بـوو بەرگـری بـکەن، چـونکە هـاووڵاتی سـڤیل بـوون و چەکیـان نەبـوو، لە بەرانـبەردا سەربازەکان چەکی بڕنەو و کلاشینکۆفی ئینگلیزی و پۆلۆنییان پێ بووبوو[٣٠٨].

تەنـانەت کاتێـك خەڵکـی کـۆیە ڕەشـبگیر کـران و بـران بـۆ باشـووری عێـراق چەنـــدین مەســـیحییان لەگەڵ بـــووە. هەروەهـــا لە گرتووخـــانەی (معتقـــل) معەسکەری کەرکووك چەندین مەسیحی تێدا بووە[٣٠٩].

لە باســـی پێشـــتردا باســـمان لەوە کـــرد کە حەنـــا یووســـف تۆمـــا، لە ١ی تەممـــووزی ســـاڵی ١٩٦٣ لە لایەن ڕژێمـــی بەعـــس دەســـتگیر کـــرا و ڕۆژی لە ٧ی تەممـــووزی ســـاڵی ١٩٦٣ لەگەڵ یووســـف حەنـــا عەبـــدولکەریم و چەنـــد کەســـێکی دیـــکە لە دینگەکـــانی نـــاو بـــازاڕی شـــاری کـــۆیە بەســـترانەوە و گوللەبـــاران کـــران[٣١٠]، ســـڵێوەی کـــوڕی حەنـــا یووســـف، کە بـــاوکی گوللەبـــاران کـــراوە، گوتـــوویەتی: "دوای ئەوەی هەواڵیـــان پێـــداین کە بـــاوکم گوللەبـــاران کـــراوە، بەرەو کـــۆیە ڕۆیشـــتین، دواتـــر تەرمـــی باوکمیـــان لە لای فلـــکەی کـــۆمەڵەی ســـەوز فڕێـــدا، ئـــێمەش لەوێـــوە بردمـــانە کەنیســـەی کـــۆیە، لە پاشـــان بردمـــانە گۆڕســـتان و بە خـــاکمان ســـپارد[٣١١]. گـــرنگە بگوترێـت بەر لەوەی گوللەبـاران بکـرێن قەشـە سـلێمان شـێخۆیان ناچـار کـرد، تـا بە زیندوویی تەڵقینی دوو کەسە مەسیحییەکە بدات[٣١٢].

هەروەهـــا بـــاس لەوە دەكرێـــت كە لە شـــاری ســـلێمانی و كـــۆیە حەرەس قەومـــی دەســـتدرێژییان كـــردووەتە ســـەر كـــچ و ژنـــانی گەنجـــی كـــۆیە[٣١٣]. ئەمە بـــۆ گونـــدی هەرمـــۆتە دروســـتە، چـــونكە دەكرێـــت بڵێـــین گونـــدی هەرمـــۆتە بە تەنیـــا ڕووبەڕووی تـــاڵان و ســـووتاندن نەبـــووەوە، بەڵكـــوو ڕووداوێكـــی جیـــاوازی تراژیـــدی لەوێ ڕوویـــدا، ئەویـــش ئەوە بـــوو كە ئـــافرەتێكی مەســـیحی نێـــو گونـــدی هەرمـــۆتە، لە لایەن ســـەربازێكی حەرەس قەومـــی دەســـتدرێژی سێكســـی دەكـــرێتە ســـەر، بەم هـــۆیەوە زۆر ترســـا بـــوو و كـــاریگەری دەروونـــی زۆر بە زەبـــری لەســـەر جـــێ هێشـــت بـــوو، كـــاتێكیش خەڵـــك ئەم هەواڵەی زانـــی، لە داخ و مەراقـــان خـــۆی كوشـــت. لێـــرەدا ڕەفتـــارە دزێـــو و بەدڕەوشـــتییەكانی حەرەس قەومـــی بەدیـــار دەكەوێـــت، كە نەســـڵەمینەوەیە لە ئەنجامـــدانی گەورەتـــرین تـــاوان كە دەســـتدرێژی سێكســـی بووە[٣١٤].

لە ڕاســـتیدا مەســـیحییەكانی كـــۆیە بە بەشـــێكی جیـــانەكراوەی دانیشـــتووانە موســـڵمانەكان دادەنـــرێن، لە هەمـــان كاتیشـــدا لە دیرۆكـــی ژیـــان و مانەوەیـــان لەو شـــارەدا بە خەڵكـــی هـــێمن و ئـــارام و گونجـــاو نـــاوبراون، بەڵام ئەو هـــێمن و ئـــارامییەی مەســـیحییەكان نەبـــووە هۆكارێـــك بـــۆ ئەوەی ڕێـــگە لە هێرشـــی حەرەس قەومییەكـــان بگرێـــت، بە پـــێچەوانەوە ئەوانـــیش بە هـــۆی شۆڕشـــی ئەیلـــوولەوە قوربانییانـــدا و ماڵیان تاڵانكرا و سووتێنرا.

## پەراوێزەکانی بەشی دووەم

---

(١) بـاکووری، بە بـۆنەی یـۆبیلی زێڕینـی تیپـی مۆسـیقای بـاواجی کـۆیە لە ١٩٥٧- ٢٠٠٨، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٢٢٦.

(٢) مەحمـوود کـاکە زیـادی حەمە ئاغـای غەفـووری، سـاڵی ١٩٣٠ لە کـۆیە لەدایکبـووە، لە شۆڕشـی ئەیلـوول یەکەمـین مەفـرەزەی پێشـمەرگەی سـنووری کـۆیە بـووە، بەشـداری لە شـۆڕش و خەبـاتی کـوردایەتی کـردووە و تـا سـاڵی ١٩٨٩ بەردەوام بـووە، لەو کـاتە بەدواوە چـووەتە ئەورووپـا و لە وڵاتـی سـوید نیشـتەجێ بـووە، ڕۆژی ١٣ی کـانوونی دووەمـی سـاڵی ٢٠١٢ کـۆچی دوایـی کـرد و لە گۆڕسـتانی کەکـۆن بە خـاك سـپێردرا. وەرگیـراوە لە: (دێـدەوان یەعقـووب، تەرمـی مەحمـوود ئاغـا بە خـاك سـپێردرا، گۆڤـاری کەکـۆن، ژمـارە ٢٠، ئازاری ٢٠١٢، ل ٤).

(٣) مەسـعوود محەمـمەد بـاوەڕی وایە: کە ئەم ڕووداوە بـووە سـەرەتایەک بـۆ بە کـردار بـوونی ناخۆشـییەکانی نێـوان عەبـدولکەریم قاسـم و کوردەکـان، چـونکە دواتـر خەبەر بڵاوبـووەوە کە دۆخـی وڵات شـێواوە و هەمـوو عەشـیرەتەکان لە حکـومەت پشـت ڕێ بـوون و ڕێ و بانیـان لە ڕووی حکـومەت بەسـتووە، بەڵام ئەوەی دەسـتی هەبـوو لە تیژکـردنەوەی چەرخـی چەخماغـی سـەبیل کەمـالی عوسـمان ئاغـا بـوو، کە خـۆی بە بەرپرسـی کاروبـاری کـوردەواری دەزانـی، دەزانـم بە ئاسـانی نـاچێتە دڵانەوە بڕیـاری وەهـا گرنـگ و پەیوەسـت بە چارەنووسـی وڵاتـێکەوە بە لێـک خشـاندنی دوو چـیلکەی نـاو دەسـتی کەمـالەوە پرووشـکی سـووتێنەری لـێ هەڵبەزێـتەوە بـۆ گەلە خەرمـانی وڵاتێکـی وەک عێـراق، بەم شـێوەیە هێـدی هێـدی هەراکە گەورە بـوو و لە ڕۆژی ١١ی ئەیلـوولی ١٩٦١ لەشـکر بـزووت و بۆردوومـان دەسـتی پـێ کـرد (مەسـعوود محەمـمەد، گەشـتی

ژیـــانم، بڵاوکـــراوەی ســـەنتەری لێکـــۆڵینەوە و پەخشـــی کـــۆیە، چـــاپی ســـێیەم، چاپخـــانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٣٦٠- ٣٦٦).

(٤) مەسعوود محەممەد، گەشتی ژیانم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥٧.

(٥) ســـەڵاح ڕەشـــید، مـــام جەلال- دیـــداری تەمەن- لە لاوێتیـــیەوە بـــۆ کۆشـــکی کۆمـــاری، بەشی یەکەم، چاپی چواردەیەم، ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان، ٢٠١٩، ل ١٨١- ١٨٢.

(٦) ئەمیـر حسـێن، شـاری کـۆیە و بیرەوەرییەکـانم، بەشـی دووەم، گۆڤـاری کەکـۆن، ژمـارە ١٨، تشرینی دووەمی ٢٠١١، ل ٢٦.

(٧) موحســـین دزەیـــی، وێســـتگەکانی ژیـــانم، وەرگێڕانـــی: ئیســـماعیل بەرزنجـــی، بەشـــی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٤٢.

(٨) بۆ دەقی نووسراوەکە بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١).

(٩) فازیـــل شـــەوڕۆ، کڕۆنۆلۆژیـــای کـــۆیە یـــان مێـــژووی ڕووداوەکـــان لە ١٩١٨/٠٢/٢٠ تـــا ١٩٦٣/٤/٢٥، بەشی یەکەم، گۆڤاری کەکۆن، ژمارە ١١، کانوونی یەکەمی ٢٠١٠، ل ٢٠.

(١٠) ئەحمەد دڵزار، بیرەوەریی ڕۆژانی ژیانم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٦.

(١١) کـــافی محەمـــمەد نەبەوی، ســـاڵی ١٩٢٤ لە شـــاری هەولێـــر لەدایکبـــووە، قۆناغەکـــانی خوێنـــدنی ســـەرەتایی و ناوەنـــدی لە هەولێـــر تەواو کـــردووە، ســـاڵی ١٩٤٤ پەیوەنـــدی بە کـــۆلێژی ســـەربازی کـــردووە و بەکالۆریۆســـی لە زانســـتە ســـەربازییەکان وەرگرتـــووە و پـــلەی ملازمـــی دووەمـــی پێـــدراوە. ســـاڵی ١٩٥٤ لە کـــۆلێژی ئەرکـــان ماســـتەری لە زانســـتە ســـەربازییەکان بەدەســـتهێناوە، ســـاڵی ١٩٦٠ لە کـــۆلێژی ئەرکـــانی ســـۆڤیەتی بەشـــداری لە خـــولێکی ســـەربازی کـــردووە، چەنـــدین پـــلەی ســـەربازی جیاجیـــای وەرگرتـــووە، لەوانە: بەرپرســـی فەوجـــی ســـێی ســـەر بە لیـــوای پیـــادەی ســـێ لە هەولێـــر، سوپاســـالاری فیـــرقەی یەك، دوای کوودەتـــای ٨ی شـــوباتی ســـاڵی ١٩٦٣ پەیوەنـــدی بە شۆڕشـــی ئەیلـــوولەوە کـــردووە و چەنـــدین پـــلە و پـــایەی لە نـــاو شۆڕشـــدا وەرگرتـــووە، لە گفتوگـــۆ و دانوســـتانەکانی ١٠ی شـــوباتی ســـاڵی ١٩٦٤ ڕۆڵـــی نـــاوبژیوانی لە نێـــوان حکـــومەت و ســـەرکردایەتی شۆڕشـــی ئەیلـــوولدا بینیـــوە، لە ســـەرەتای ســـاڵی ١٩٦٥ گەڕاوەتەوە بەغـــدا، ســـاڵی ١٩٧٠ خانەنشـــین کـــراوە، لە ڕۆژی ٢٥ی تەممـــووزی ســـاڵی ٢٠٠٤ کـــۆچی دوایـــی کـــردووە. وەرگیـــراوە لە: (بورهـــان حـــاتەم گۆمەتـــاڵی (دکتـــۆر)، مســـتەفا بـــارزانی لە بەڵگەنـــامە نهێنییەکـــانی حکومەتی عێراقدا (١٩٤٧- ١٩٧٠)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٣).

(١٢) شـــيلان تـــاهير ســـالّح، كـــۆيە لە نێـــوان ســـاڵانی ١٩٥٨- ١٩٧٥ (لێكـــۆڵینەوەیەكی مێژوویـــی سیاســـییە، ماســـتەرنامەیەكی بڵاونەكـــراوەیە و پێشكەشـــی كـــۆلێژی زانســـتە كۆمەڵایەتییەكانی زانكۆی كۆیە كراوە، ٢٠٠٨، ل ٦٤.

(١٣) حەمەغەریـــب حەمەد حەمە، نـــاسراو بە حەمە بەگـــرەز، ســـاڵی ١٩٢٧ لە كـــۆیە لەدایكبـوووە، مـاوەیەك لە حـوجرە خوێنـدوویەتی، هەروەهـا تـا پـۆلی پێنجەمـی سـەرەتای لە قوتابخـــانە خوێنـــدوویەتی، لە گەنجیـــدا پەیوەنـــدی بە ڕیزەكـــانی پـــارتی دیمـــوكراتی كوردســتان كــردووە، مــاوەیەك ڕۆژنــامەی خەبــاتی لە كــۆیە بڵاوكــردووەتەوە، ســاڵی ١٩٦١ لە لای گونـــدی تـــۆپزاوا بە هـــۆی بۆمبـــارانی حكـــومەتی عێراقـــی برینـــدار بـــووە، دوای چـــاكبوونەوەی دیســـان پەیوەنـــدی بە شۆڕشـــی ئەیلـــوول كـــردووە، لە كۆتاییەكـــانی شـــۆڕش ئـــاوارەی ئێـــران بـــووە. جیـــا لە پێشـــمەرگایەتی هونەرمەنـــدیش بـــووە. نـــاوبراو لە ڕێككەوتـــی ٧ی تەممـــــووزی ســـــاڵی ٢٠١٨ كـــــۆچی دوایـــــی كـــــردووە. (چـــــاوپێكەوتن لەگەڵ ئـــــاكۆ حەمەغەریـــب حەمەد، كـــوڕی حەمە بەگـــرەز، كـــۆیە، ڕێككەوتـــی ٢٥ی كـــانوونی دووەمـــی ساڵی ٢٠٢٣).

(١٤) گونـدی تـۆپزاوا، بە دووری ٤ كیلـۆمەتر دەكەوێـتە بـاكووری ڕۆژئـاوای شـاری كـۆیە، هاوســـنوورە لەگەڵ هەر یەك لە گونـــدەكانی: كێلەخـــوارە لە ڕۆژهەڵات، كـــرۆژ لە بـــاكوور، هەرمـــۆتە لە باشـــوور، شـــێخەروان لە ڕۆژئـــاوا، هەروەهـــا بەشـــێكی كەمـــی لەگەڵ گونـــدی مـــام قلیـــنج هاوســـنوورە، لە ئێســـتادا نـــزیكەی ٧٠ خێزانـــی تێـــدا دەژی. بـــۆ زانیـــاری زیـــاتر بـــڕوانە: (هـــێمن مەولـــوود، فەرهەنگـــی جوگرافیـــای كـــۆیە ٢١ (گونـــدی تـــۆپزاوا)، گۆڤـــاری كەكۆن، ژمارە ٥٧، ئازاری ٢٠١٩، ل ٤٣).

(١٥) ئەحمەد دڵزار، بیرەوەریی ڕۆژانی ژیانم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٦.

(١٦) كەكـۆن، حەمە بەگـرەز، یەكەمـین برینـداری شۆڕشـی ئەیلـوول بە بـۆنەی ٥٠ سـاڵەی برینـــداربوونی چەپـــكە گـــوڵی (ی. ن. ك)ی پێشـــكەش كـــرا، گۆڤـــاری كەكـــۆن، ژمـــارە ١٨، تشرینی دووەمی ٢٠١١، ل ١.

(١٧) چـــاوپێكەوتن لەگەڵ ســـەلاح شـــێخ شـــەرەف، كـــۆیە، ڕێككەوتـــی ٢٩ی كـــانوونی دووەمـی سـاڵی ٢٠٢٣. سـەلاح شـێخ شـەرەف، سـاڵی ١٩٤٨ لە گونـدی كەلكـان لەدایكبـووە، ئـــامۆزای جەلال تاڵەبـــانییە، قۆنـــاغی ســـەرەتایی و ناوەنـــدی لە كـــۆیە خوێنـــدووە، ســـاڵی ١٩٦٨ پەیمانگـــای مامۆســـتایانی لە ســـلێمانی تەواو كـــردووە، ســـاڵی ١٩٧٠ بـــووەتە مامۆســـتا و لە چەنـد شـوێنی جیـاوازی كوردسـتان مامۆسـتایەتی كـردووە و تـا سـاڵی ١٩٨٧ بەردەوام

بـووە، سـاڵی ١٩٦٨ بـووەتە ئەنـدامی سـکرتاریەتی قوتابییـانی کوردسـتان و بەرپرسـی لقـی سـلێمانی، سـاڵی ٢٠٠٠ تـا ٢٠٠٣ قایمقـامی کـۆیە بـووە، لە سـاڵی ٢٠٠٣ تـا سـاڵی ٢٠٠٥ پارێزگـاری هەولێـر لە کـۆیە بـووە، چەنـد کتێبێکـی چـاپ و بڵاوکـردووەتەوە و سەرپەرشـتی سەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشی کۆیە دەکات.

(١٨) ئەمیـر حسـێن، شـاری کـۆیە و بیرەوەرییەکـانم، بەشـی دووەم، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ٢٦.

(١٩) چاوپێکەوتن لەگەڵ سەلاح شێخ شەرەف، سەرچاوەی پێشوو.

(٢٠) مەسـعوود کـوڕی مەلا محەمـمەد کـوڕی مەلا عەبـدوڵڵا کـوڕی مەلا ئەسـعەد کـوڕی مەلا عەبـدولڕەحمان کـوڕی مەلا عەبـدوڵڵا کـوڕی مەلا محەمـمەد کـوڕی مەلا ئیبراهـیم کـوڕی شـێخ حەسـەنە. سـاڵی ١٩١٩ لە هـاوینە هەواری چنـارۆك/ کـۆیە لەدایکبـووە، یەکـێکە لە کەسـایەتییە دیارەکـانی کـورد، لە بـواری ڕۆشـنبیری بە پێشـەنگ دادەنرێـت، کە سـاڵی ١٩٢٥ لە کـۆیەوە دەسـتی بە خوێنـدنی سـەرەتایی کـردووە، قۆناغەکـانی دواتـری لە شـاری هەولێـر خوێنـدووە، سـاڵی ١٩٤٥ لە بەغـدا کـۆلێژی حقـوق (مـاف)ی تەواو کـردووە. سـاڵی ١٩٥٢ لە سـلێمانی دەبێـت بە دادوەر و سەرپەرشـتی دادگـای چوارتـا دەکـات، سـاڵی ١٩٥٣ وەکـوو نـوێنەری شـاری کـۆیە دەچێـتە پەرلەمـانی بەغـدا، هەروەهـا سـاڵی ١٩٦٤ دەبێـتە وەزیـری دەوڵەت بـۆ ئـاوەدانکردنەوەی بـاکوور، جـگە لە کـاری سیاسـی، ٢٣ کتێـب و پـتر لە ٥٠ وتـاری هەیە، نـاوبراو لە ١ی نیسـانی سـاڵی ٢٠٠٢ لە نەخۆشـخانەی ڕزگـاری بە هـۆی نەخۆشـییەوە کـۆچی دوایـی دەکـات و لە گۆڕسـتانی دەروێـش خـدر لە کـۆیە بە خـاك دەسـپێردرێ. بـۆ زانیـاری زیـاتر بـڕوانە: (زامـدار ئەحـمەد، مـرۆڤ و مێـژوو لە گۆشـەنیگای مەسـعوود محەمـمەدەوە، چـاپی یەکەم، چـاپ و بڵاوکـردنەوەی چـوار چـرا، سلێمانی، ٢٠١٧، ل ٢٤- ٣٦).

(٢١) مەسعوود محەممەد، گەشتی ژیانم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٥- ٦٦.

(٢٢) حەمیـد حوسـێن ئەهـا، نـاسراو بە حەمیـد ڕەشـاش، سـاڵی ١٩٣١ لە گونـدی قەیبـاشی خـوار شـارۆچکەی پـردێ لەدایکبـووە، لە بـنەچەدا خۆشـناوە و خەڵکـی بالیسـانە، سـاڵی ١٩٥٦ پەیوەنـدی بە پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان کـردووە، لە ١٦ی ئەیلـوولی سـاڵی ١٩٦١ پەیوەنـدی بە ڕیزەکـانی پێشـمەرگەی کوردسـتان کـردووە، یەکێـك بـووە لە پێشـمەرگەکانی شۆڕشـی ئەیلـوول و لە بەشـێکی ناوچەکـانی کوردسـتان پێشـمەرگایەتی کـردووە. هاوکـات یەکـێکە لەو کەسـانەی کە لە بـواری کولتـوور شـارەزایی باشـی هەیە و چەنـد کتێبێکـی

چـــاپکراوی هەیە. بـــۆ زانیـــاری زیـــاتر بـــڕوانە: (حەمیـــد ڕەشـــاش، ژیـــانی کـــوردەواری، بڵاوکـــراوەی ئەکادیمیـــای کـــوردی، چـــاپی یەکەم، چاپخـــانەی حـــاجی هاشـــم، هەولێـــر، ٢٠١١، ل ٢٠٥). ناوبراو لە ٢١ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٢٢ کۆچی دوایی کرد.

(٢٣) حەمیـــد ڕەشـــاش، بیرەوەرییەکـــانم لەگەڵ شـــارە دێـــرینەکەی کـــۆیە، گۆڤـــاری کەکـــۆن، ژمارە ٢٢، تەممووزی ٢٠١٢، ل ١٣.

(٢٤) بورهـــان حـــاتەم عوســـمان، پرۆســـەی ڕاگواســـتن و وێرانکردنـــی گونـــدەکانی شـــارۆچکەی کـــۆیە لە ســـاڵی ١٩٨٧دا (لێکـــۆڵینەوەیەکی بەڵگەنـــامەییە)، گۆڤـــاری ئەکادیمیـــای کـــوردی، ٢٠٢١، ژمارە ٤٨، ل ١٦٢.

(٢٥) ســـەڵاح ڕەشـــید، مـــام جەلال- دیـــداری تەمەن-، بەشـــی یەکەم، ســـەرچاوەی پێشـــوو، ل ١٨٠.

(٢٦) عەبـــدولکەریم عەبـــدوڵلا حەوێـــزی (مامۆســـتا)، شۆڕشـــی ئەیلـــوول لە کـــۆیەوە دەســـتی پێ کردووە، گۆڤاری کەکۆن، ژمارە ٢٨، ئەیلوولی ٢٠١٣، ل ١٣.

(٢٧) لە ســـەروبەندی شۆڕشـــی ئەیلـــوول کـــاکە زیـــاد لە زینـــدان بـــووە، لەم بـــارەیەوە قـــادر شـــۆڕش لە بیرەوەرییەکانیـــدا دەڵێـــت: "١٢ی ئەیلـــوولی ســـاڵی ١٩٦١ کەفـــیلەکەم گـــوتی: بەدوایـــان نـــاردووم و گوتوویـــانە ئەگەر قـــادر شـــۆڕش نەیەت ئـــێمە تـــۆ دەگـــرین، ئیـــدی مـــن بەرەو دائیـــرەی ئەمـــن ڕۆیشـــتم، منیـــان خســـتە بەنـــدیخانەوە، لەوێ هەنـــدێك گیـــراوی خەڵکـــی کـــۆیەی لـــێ بـــوو، لە نێویانـــدا کـــاکە زیادیشـــی تێـــدا بـــوو، ڕۆژی ١٤ی ئەیلـــوول ١٠٠ کەســـیان جیـــاکردەوە بردنیـــان بـــۆ وێســـتگەی شـــەمەندەفەر کـــاکە زیادیـــان بە زنجیرێـــك لە پەنـــجەرەی شـــەمەندەفەر گرێـــدا، لە هەولێـــر." وەرگیـــراوە لە: (شـــاخەوان شـــۆڕش، قـــادر شـــۆڕش (چـــل ســـاڵ خەبـــات و تێکۆشـــان، دیـــوی نـــاوەوەی هەنـــدێ لایەنـــی مێژوویـــی خەبـــاتی نەتەوەیـــی کـــورد لە نێـــوان ســـاڵانی ١٩٤٦- ١٩٨٣)، چـــاپی یەکەم، چاپخـــانەی خۆیبـــوون، دانیمارك، ٢٠٠١، ل ٣٦- ٣٧).

(٢٨) مەمەنـــد فەرەج ســـەعید بـــارام هەیـــاس، نـــاسراو بە کوێخـــا مەمەنـــد، ســـاڵی ١٩٢٠ لە گونـــدی حەمەبـــایزانی بنـــاری هەیـــبەت ســـوڵتانی نزیـــک شـــاری کـــۆیە لە نێـــو عەشـــیرەتی مەنمـــی لەدایکبـــووە، پیـــاوێکی کـــۆمەڵایەتی بـــووە و یەکێـــک بـــووە لە کەســـایەتییە دیارەکـــانی ســـنوورەکە، لە ئاشـــتەوایی کۆمەڵایەتییـــدا نـــاودێر بـــوو، لە شۆڕشـــی ئەیلـــوول بەشـــدار بـــووە و لە ڕاپەڕینـــی شـــاری کـــۆیەش ڕۆڵـــی بەرچـــاوی هەبـــووە. بـــۆ زانیـــاری زیـــاتر بـــڕوانە: (کـــاوە کوێخـــا مەمەنـــد، کوێخـــا مەمەنـــدی کـــۆیە، جـــوامێری، چـــاکەخوازی، بەخشـــندەیی و ئاشتەوایی، (١٩٢٠- ١٩٩٥)، دەستنووس، بڵاونەکراوە، ٢٠٢٢، ل ٤٣- ٥٣.

(٢٩) عەباسـی مامەنـد ئاغـا، سـاڵی ١٩٢٢ لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لەدایکبـووە، بەڵام لە بنەڕەتـدا خەڵکـی سـەرکەپکانە، سـەرۆکی عەشـیرەتی ئـاکۆ بـووە، سـاڵی ١٩٦١ پەیوەنـدی بە ڕیزەکـانی هێـزی پێشـمەرگەوە کـردووە، هەروەهـا لە ڕووی مـادییەوەش هاوکـاری شۆڕشـی کـردووە، یەکێك بـووە لەو کەسـانەی ڕەتـی کـردووەتەوە چـاوی بە عەبـدولکەریم قاسـم بکەوێـت، سـاڵی ١٩٦٤ بـووەتە ئەنـدامی ئەنجـوومەنی سـەرکردایەتی شـۆڕش لە کوردسـتان، لە ١ی تەممـووزی سـاڵی ١٩٦٦ بە هـۆی نەخۆشـییەوە کـۆچی دوایـی کـردووە. وەرگیـراوە لە: (ڕاهـی مەزهەر ئەلعـامری (دکتـۆر)، ڕۆڵـی سیاسـی مەسـعوود محەمـمەد لە عێـراقدا (١٩١٩- ١٩٦٨)، وەرگێڕانـی: د. محەمـمەد تاتـانی، بڵاوکـراوەی زانکـۆی کـۆیە، چـاپی یەکەم، چاپخـانەی سـەنتەری لاس، کـۆیە، ٢٠١٨، ل ١٤٧؛ عەبـدوڵڵا ڕەحـمان مەلازادە، شـێوەی پێکهـاتەی سـەربازی شۆڕشـی ئەیلـوولی مەزن (کـورتە باسـێکە لە سـەر پێکهـاتەی عەسـکەری لەشـکری شۆڕشـگێڕی کوردسـتان لە سـاڵی ١٩٦٥ تـا سـاڵی ١٩٧٥)، بڵاوکـراوەی ئینسـکلۆپیدیای پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان و زانکـۆی دهـۆك، چـاپی یەکەم، بێ شوێنی چاپ، ٢٠٢١، ل ٣٤).

(٣٠) کاوە کوێخا مەمەند، کوێخا مەمەندی کۆیە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١١.

(٣١) شـیلان تـاهیر سـاڵح، کـۆیە لە نێـوان سـاڵانی ١٩٥٨- ١٩٧٥، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ٦٤.

(٣٢) کاوە کوێخا مەمەند، کوێخا مەمەندی کۆیە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٢- ١١٣.

(٣٣) سـتار محەمـمەد ئەمـین، حەمیـد ڕەشـاش و تـولە ڕێیەکـانی کـوردایەتی، لە بڵاوکراوەکـانی ناوەنـدی هەولێـری مەکتەبـی ڕاگەیانـدنی یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان، چاپی یەکەم، ٢٠٢٢، ل ٢٤١.

(٣٤) عەبـدولکەریم عەبـدوڵڵا حەوێـزی (مامۆسـتا)، شۆڕشـی ئەیلـوول لە کـۆیەوە دەسـتی پێ کردووە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣.

(٣٥) عەبـدولکەریم عەبـدوڵڵا حەوێـزی (مامۆسـتا)، شۆڕشـی ئەیلـوول لە کـۆیەوە دەسـتی پێ کردووە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣.

(٣٦) خالیـد سـەعید ئەسـعەد، نـاسراو بە (دکتـۆر خالیـد)، سـاڵی ١٩٣٣ لە بنەمـاڵەی غەفووریەکـان لە شـاری کـۆیە لەدایکبـووە، خوێنـدنی سـەرەتایی و ناوەنـدی و ئامـادەیی لە کـۆیە تەواو کـردووە، سـاڵی ١٩٥٥ پەیمانگـای پزیشـکی لە کەرکـووك تەواو کـردووە و لە خەسـتەخانەی کەرکـووك و دواتـر لە خەسـتەخانەی کـۆیە بـووە، سـاڵی ١٩٥٣ بـووەتە

ئەنــدامی یەکێتــی قوتابییــان و ســاڵی ١٩٥٤ پەیوەنــدی بە پــارتی دیمــوکراتی کوردســتان کــردووە، دوای شۆڕشــی ١٤ی تەممــووزی ســاڵی ١٩٥٨ بــووەتە ئەنــدامی لیــژنەی نــاوچەی کــۆیە. ســاڵی ١٩٦١ لەگەڵ عــومەر دەبــابە و مەلا مــاتۆڕ یەکەم بــنکەی شــۆڕش لە گونــدی بێتــواتە دادەمەزرێــنن، دواجــار لە کارەســاتی هەکــاری ســاڵی ١٩٧٨ شــەهید دەکرێــت. بــۆ زانیــاری زیــاتر بــڕوانە: (عەبــدولخالق عەلائەدیــن، کــۆیە... نــاوداران، ســەرچاوەی پێشــوو، ل ٢١٧- ٢١٩؛ ســتار محەمــمەد ئەمــین، بــۆ ئەوەی ڕاســتییەکان ون نەبــن لە زاری کەمــال محــیەدین، لە بڵاوکراوەکــانی ناوەنــدی هەولێــری مەکتەبــی ڕاگەیانــدنی یەکێتــی نیشــتمانی کوردستان، چاپی یەکەم، بێ شوێنی چاپ، ٢٠٢٢، ل ١٢٦- ١٣١).

(٣٧) کەمــاڵ محــیەدین، یەکێــك لە کەســە دیارەکــانی شۆڕشــی ئەیلــوول لە ســنووری کــۆیە، لەم بــارەیەوە دەڵێــت: ڕێککەوتــی ٢٩ی تشریــنی دووەمــی ســاڵی ١٩٦١ مــام جەلال و دکتــۆر خالیــد لەگەڵ مەفــرەزەیەك پێشــمەرگە دەچــنە گونــدی پیــرەر و بۆســە دادەنێــنەوە، کــاتژمێر ١١ی نیــوەڕۆ مســەلەحەکە دەگــات و دەکەوێــتە بۆســە، ئۆتــۆمبێلەکە دەســووتێنن. وەرگیــراوە لە: (ســتار محەمــمەد ئەمــین، بــۆ ئەوەی ڕاســتییەکان ون نەبــن لە زاری کەمــال محیەدین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤).

(٣٨) ســەڵاح ڕەشــید، مــام جەلال- دیــداری تەمەن-، بەشــی یەکەم، ســەرچاوەی پێشــوو، ل ١٨٦.

(٣٩) هەوریــن عەلــی تۆفیــق، جەمــال فەتحــوڵلا تەیــب (دکتــۆر) ڕۆڵــی سیاســی ژنــانی کــۆیە (١٩٥٨- ١٩٩١)، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، بەرگی ٩، ژمارە ٢، ٢٠٢٢، ل ٥٦٨.

(٤٠) قارەمــان حەیــدەر ڕەحــمان، شــەڕی پــارتیزانی لە مــاوەی شۆڕشــی ئەیلــوولدا، گۆڤــاری مێژوو، ساڵی چوارەم، ژمارە ١٤، ٢٠١٠، ل ٢٤- ٢٥.

(٤١) وتــاری عەلــی عەبــدوڵلا ئەمــین (١٩٢٦- ٢٠١٧)، مــاڵپەڕی ئینســکلۆپیدیای پــارتی دیموکراتی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٢٢.

(٤٢) ســمکۆ فەرەج ســەعید بــارام هەیــاس، نــاسراو بە حــاجی ســمکۆ، ســاڵی ١٩٣٠ لە گونــدی حەمەبــایزان لەدایکبــووە، لە شۆڕشــی ئەیلــوول بــووە بە پێشــمەرگە و تــا ســاڵی ١٩٧٥ چەکــی پێشــمەرگایەتی لە شــان بــووە، ســاڵی ١٩٦٣ لە ســەری ســەرای هەیــبەت ســوڵتان برینــدار بــووە. نــاوبراو لە ٣٠ی تشریــنی دووەمــی ســاڵی ٢٠٢٠ بە هــۆی تــووش بــوونی بە ڤایرۆســی کۆرۆنــا گیــانی لەدەســتدا. وەرگیــراوە لە: (کــاوە کوێخــا مەمەنــد، کوێخــا مەمەندی کۆیە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦١).

(٤٣) سدیق کوێخا تەها کانی کوردە، ساڵی ١٩٤٢ لە گوندی کانی کوردە لەدایکبووە، ساڵی ١٩٥٨ بووەتە ئەندامی ناوچەی پارتی لە کۆیە، لە کۆتایی ساڵی ١٩٦١ بووەتە پێشمەرگە و تا کۆتایی شۆڕشی ئەیلوول بەردەوام بووە، دوای کۆتایی شۆڕش چووەتە ئێران و خۆی تەسلیم بە حکومەتی عێراقی نەکردوە، ساڵی ١٩٧٦ گەڕاوەتەوە باشووری کوردستان و بووەتەوە بە پێشمەرگە، خاوەنی ٣ کوڕ و هەشت کچە، لە ڕێککەوتی ٣ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٢ کۆچی دوایی کرد. وەرگیراوە لە: (ئاکۆ محەممەد کۆیی، حەمەسوور کێخوا تەها لووتکەیەك لە نەبەزی، گۆڤاری چیا (کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان دەریدەکات)، ژمارە ٤٧، تەمموز و ئابی ٢٠١٢، ل ١٧؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕزگار سدیق کوێخا تەها کانی کوردەیی، ناسراو بە (ڕزگار حەمەسووری کوێخا تەهای کانی کوردەیی)، کۆیە، ڕێککەوتی ١٥ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٢٣). ڕزگار سدیق کوێخا تەها کانی کوردەیی، ناسراو بە (ڕزگاری حەمەسووری کوێخا تەهای کانی کوردەیی)، ساڵی ١٩٦٣ لە گوندی کانی کوردە لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندی بۆگد تەواو کردووە، لە کۆیەش تاکوو پۆلی دووی ناوەندی خوێندووە، ساڵی ١٩٨٢ بووە بە پێشمەرگە، لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و کۆڕەو ئاوارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە، ئێستا خانەنشینە و لە کۆیە دادەنیشێت.

(٤٤) کاوە کوێخا مەمەند، کوێخا مەمەندی کۆیە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٣- ١١٤.

(٤٥) خالید عەبدولواحید ئەحمەد سلێمان، ناسراو بە خالید دلێر، ٢٠ی ئابی ١٩٣٣ لە شاری کۆیە لەدایکبووە، ساڵی ١٩٤٧ ئەو کاتەی خالید دلێر پۆلی پێنجی سەرەتایی دەبێت لەگەڵ چەند خوێندکارێکی دیکە کۆمەڵگەی پێشکەوتنی خوێندەواری دادەمەزرێنن (K. P. X)، ئەمەش دەبێتە سەرەتایەك بۆ دروست بوونی یەکێتی قوتابییانی کوردستان، ئەو کاتەی لە زیندان دەبێت شیعری: پێشمەرگە، ئێمە ڕۆڵەی کوردین دەنووسێت، دوای دەستپێکی شۆڕشی ئەیلوول دەبێتە پێشمەرگە، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٠ تا ساڵی ١٩٩١ لە کاری پارتایەتی دووردەکەوێتەوە، نەك کوردایەتی، بەڵکوو لەو ماوەیە لە ڕێگەی ئەدەبەوە هەڵوێستە نیشتمانییەکانی خۆی دەردەبڕێت، لە ١٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠١١ کۆچی دوایی دەکات و ڕۆژێك دواتر لە کۆیە بە خاك دەسپێررێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (عەبدولواحێد ئیدریس شەریف (دکتۆر)، خالید دلێر باوەڕێکی نەگۆڕ (ئەدەب، هونەر، سیاسەت)، بێ شوێنی چاپ، ٢٠٢٠، ل ١٦- ٢٦.

(٤٦) عەبدولواحیـد ئیـدریس شـەریف (دکتـۆر)، خالیـد دلێـر بـاوەڕێکی نەگـۆڕ، سـەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨.

(٤٧) ئەحمەد دڵزار، بیرەوەریی ڕۆژانی ژیانم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٧.

(٤٨) هەوریـن عەلـی تۆفیـق، جەمـال فەتحـوڵلا تەیـب (دکتـۆر) ڕۆڵـی سیاسـی ژنـانی کـۆیە (١٩٥٨- ١٩٩١)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٦٧.

(٤٩) بورهـان حـاتەم گۆمەتـاڵی (دکتـۆر)، مسـتەفا بـارزانی لە بەڵگەنـامە نهێنییەکـانی حکومەتی عێراقدا (١٩٤٧- ١٩٧٠)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥.

(٥٠) کەمـال محێـدین، لەم بـارەیەوە دەڵێـت:" لە دوای کوودەتـای بەعسـییەکان، لە ئێـرانەوە بە ژمـارەیەکی بـاش چەك و تەقەمەنـی گەڕاوەتـنەوە کـۆیە. (کەمـال محێـدین، کـاك عـومەر لە مێـژووی ڕامیـاری کوردسـتاندا، کـاکی کاکـان لە یـادەوەری هـاوەڵانیدا، ئامـادەکردنی: کـاکەمەم بۆتـانی، بەرگـی دووەم، چـاپی یەکەم، چاپخـانەی شـەهاب، هەولێر، ٢٠١٧، ل ٦٣).

(٥١) عەلـی عەبـدوڵلا عەسـکەری، سـاڵی ١٩٣٧ لە گونـدی عەسـکەری سـەر بە پارێزگـای کەرکـووك لەدایکبـووە، لە لاویەتیـیەوە پەیوەنـدی کـردووە بە یەکێتـی قوتابییـانی کوردسـتان، سـاڵی ١٩٥٩ لە کـۆنگرەی چـوارەمی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان بـووە بە ئەنـدامی لیـژنەی چـاودێری پشـکنین، سـاڵی ١٩٦٠ لە کـۆنگرەی پێنجەمـی پـارتی بـووە بە ئەنـدامی کـۆمیتەی ناوەنـدی، لەگەڵ دەسـت پـێ کردنـی شۆڕشـی ئەیلـوول تـا سـاڵی ١٩٦٢ بـووە بە لێپـرسراوی پێشـمەرگە لە بادینـان، سـاڵی ١٩٦٤ بـووەتە ئـامر هێـزی خەبـات، سـاڵی ١٩٧٤ و لەگەڵ دەسـت پـێ کـردنەوەی شـەڕ و کۆتـایی بەیاننـامەی ١١ی ئـازاری سـاڵی ١٩٧٠ ڕۆڵـی گەورەی بینیـوە، دوای کۆتـایی شـۆڕش بـۆ باشـووری عێـراق دوور خـراوەتەوە، لەدوای دروسـت بـوونی یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان و یەکەمـین کۆبـوونەوە کـراوە بە ئەنـدامی مەکتەبـی سیاسـی و فەرمانـدەی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان، سـاڵی ١٩٧٨ لە کـاتی هەکـاری بە دیلـی شـەهید دەکرێـت. بـۆ زانیـاری زیـاتر بـڕوانە: (ژمـارەیەك نووسـەر، پیاونـامە (گـوڵبژێرێکی ژیاننـامەی شـەهیدی نەمـر عەلـی عەسـکەرییە)، ئامـادەکردنی: حەمە نووری تۆفیق، چاپی یەکەم، بێ شوێنی چاپ، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ٢٨- ٣١).

(٥٢) عەبـدولڕەحمان ئیسـماعیل ڕەسـووڵی کێشـکەیی، نـاسراو بە عەبـدولڕەحمانە ڕووتە، سـاڵی ١٩١٧ لە گونـدی سوسـێی بنـاری چیـای سـەفین لەدایکبـووە و لە کـۆیە ژیـاوە، لە تەمەنـی ٧ سـاڵیدا لە سـوختەخانە قورئـان و بنەماکـانی خوێنـدنەوە فێربـووە،

مـــاوەیەکیش لە قوتابخـــانە خوێنـــدوویەتی، لەگەڵ دامەزرانـــدنی پـــارتی دیمـــوکراتی کوردســـتان بـــووەتە ئەنـــدامی ئەو حیـــزبە، ســـاڵی ١٩٦١ بەشـــداری لە شۆڕشـــی ئەیلـــوول کـــردووە، جیـــا لە سیاســـەت ڕووتە شـــاعیرێکی دیـــار بـــووە و شـــیعری نەتەوایەتـــی نووســـیوە. نـــاوبراو لە ڕێککەوتـــی ١٨ی حـــوزەیرانی ســـاڵی ١٩٩٣ کـــۆچی دوایـــی کـــردووە. وەرگیـــراوە لە: (کەریم شارەزا، کۆیە و شاعیرانی، بەرگی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩١).

(٥٣) قارەمـــان حەیـــدەر ڕەحـــمان، شـــەڕی پـــارتیزانی لە مـــاوەی شۆڕشـــی ئەیلـــوولدا، ســـەرچاوەی پێشـــوو، ل ٢٧؛ کەمـــال محێـــدین، کـــاك عـــومەر لە مێـــژووی ڕامیـــاری کوردســـتاندا، کـــاکی کاکـــان لە یـــادەوەری هـــاوەڵانیدا، ئامـــادەکردنی: کـــاکەمەم بۆتـــانی، بەرگی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٣.

(٥٤) مەسعوود محەممەد، گەشتی ژیانم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦٩.

(٥٥) بورهـــان حـــاتەم گۆمەتـــاڵی (دکتـــۆر)، مســـتەفا بـــارزانی لە بەڵگەنـــامە نهێنییەکـــانی حکومەتی عێراقدا (١٩٤٧- ١٩٧٠)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦.

(٥٦) مســـعود بـــارزانی، بـــارزانی و بـــزووتنەوەی ڕزگـــاریخوازی کـــورد (شۆڕشـــی ئەیلـــوول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەرگـــی ســـێیەم، بەشـــی یەکەم، چـــاپی یەکەم، چاپخـــانەی وەزارەتـــی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤، ل ٨٨.

(٥٧) ئیبراهـــیم ئەحـــمەد، تـــوێژێ لە خەبـــاتی کـــاکە عـــومەر دەبـــابە، کـــاکی کاکـــان لە یـــادەوەری هـــاوەڵانیدا، ئامـــادەکردنی: کـــاکەمەم بۆتـــانی، بەرگـــی دووەم، چـــاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٧، ل ١٢.

(٥٨) ســـۆزان کەریـــم مســـتەفا، بەعســـیزم و کـــورد ١٩٤٧- ١٩٧٥ (تـــوێژینەوەیەکی مێژوویـــی سیاســـییە)، بڵاوکـــراوەی مەکتەبـــی بیـــر و هۆشـــیاری یەکێتـــی نیشـــتمانی کوردســـتان، چـــاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ١٧٢.

(٥٩) بورهـــان حـــاتەم عوســـمان (دکتـــۆر) و نەهـــرۆ محەمـــمەد عەبـــدولقادر (دکتـــۆر)، هەڵمەتـــی ڕەشـــبگیری بەعســـییەکان لە دوای کوودەتـــای ٨ی شـــوباتی ١٩٦٣ لە شـــاری هەولێـــر (لێکـــۆڵینەوەیەکی بەڵگەنـــامەییە)، گۆڤـــاری قەڵای زانســـت، بەرگـــی ٦، ژمـــارە ٢، بەهـــاری ٢٠٢١، ل ٢٥٣؛ واحێـــد عـــومەر محێـــدین، دانوســـتانەکانی بـــزووتنەوەی ڕزگـــاریخوازی نەتەوەیـــی کـــورد و حکومەتەکـــانی عێـــراق (١٩٢١- ١٩٦٨) لێکـــۆڵینەوەیەکی

مێژوویـــی سیاســـییە، چـــاپی یەکەم، ســـەنتەری لێکـــۆڵینەوەی ســـتراتیجی کوردســـتان، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ١٢٣.

(٦٠) واحیّـد عـومەر محیّـدین، دانوسـتانەکانی بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی نەتەوەیـی کـورد و حکومەتەکـــانی عێـــراق (١٩٢١- ١٩٦٨) لێکـــۆڵینەوەیەکی مێژوویـــی سیاســـییە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٣.

(٦١) شـیرزاد زکریـا محمـد (دکتـۆر)، ئەنجـوومەنی سـەرکردایەتی شۆڕەشـی ئەیلـوول لە کوردسـتان- عێـراق (تـوێژینەوەیەکی مێژوویـی سیاسـی گشـتی ١٩٦٤- ١٩٧٠)، سـەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠

(٦٢) ڕەفیـق ڕەحـمان مـام خـول، ڕۆڵـی حیزبـی شـیوعی عێـراق لە شۆڕشـی ئەیلـوول ١٩٦٣-١٩٧٠، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٤.

(٦٣) سـۆزان کەریـم مسـتەفا، بەعسـیزم و کـورد ١٩٤٧- ١٩٧٥ (تـوێژینەوەیەکی مێژوویـی سیاسییە)، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٩- ١٨٠.

(٦٤) ئیســـماعیل محەمـــمەد حەســـاف و شـــوان محەمـــمەد ئەمـــین تەهـــا خۆشـــناو، هەڵوێسـتی لیـوای هەولێـر بەرانـبەر کوودەتـای یەکەمـی بەعـس (٨ی شـوباتی ١٩٦٣)، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ٣٢، ٢٠١٥، ل ٣٦٨- ٣٦٩.

(٦٥) بورهـــان حـــاتەم عوســـمان (دکتـــۆر) و نەهـــرۆ محەمـــمەد عەبـــدولقادر (دکتـــۆر)، هەڵمەتـــی ڕەشـــبگیری بەعســـییەکان لە دوای کوودەتـــای ٨ی شـــوباتی ١٩٦٣ لە شـــاری هەولێر (لێکۆڵینەوەیەکی بەڵگەنامەییە)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٣- ٢٥٤.

(٦٦) عەقیـد ڕەشـید موسـڵیح، لە تکریـت لەدایکبـووە، لە کوودەتـای ٨ی شـوباتی سـاڵی ١٩٦٣ کـرا بە حـاکمی گشـتی سـەربازی عێـراق، خـاوەنی فەرمـانی قڕکردنـی شـیوعی و چەپەکـانی عێـراقە، لە کـۆنگرەی حەوتـی پـارتی بەعسـی سۆسیالیسـت عێـراق، کە لە ڕۆژی ١٣ی شـوباتی ١٩٦٤ لە دیمەشـق بەسـترا، لەگەڵ ئەحـمەد حەسـەن بەکـر، سـەددام حوسـێن، عەبـدولکەریم ئەلشـێخلی، حەردان تکریتـی، ع. عەریـم، تـاهیر یەحیـا، دکتـۆر فـواد شـاکر، کـرا بە ئەنـدامی سـەرکردایەتی هەرێمـی عێـراق، لە دوای سـاڵی ١٩٦٨ کە بەعسـییەکان گەڕانەوە سـەر دەسـەڵات، ڕەشـید موسـڵیح دەسـتگیر کـرا و خـرایە زینـدانەوە بە تـاوانی جاسووسـی بـۆ ئیمپریـالیزم و دواتـر لە سـێدارەیاندا. وەرگیـراوە لە: (فـاتیح ڕەسووڵ، بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ لە کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣٦).

(٦٧) بیرەوەرییەکـــانی محەمـــەد ئەمـــین پێنجـــوێنی، ئامـــادەکردنی: خەڵات عـــومەر، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٢١، ل ١١٩- ١٢٠.

(٦٨) ڕەفیـق ڕەحـمان مـام خـول، ڕۆڵـی حیزبـی شـیوعی عێـراق لە شۆڕشـی ئەیلـوول ١٩٦٣- ١٩٧٠، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٨.

(٦٩) عەبـدولخالق ناسـرِ ئەلعـامری (دکتـۆر)، بـارزانی مسـتەفا و دۆزی کـورد لە عێـراق (١٩٣١- ١٩٧٥)، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٩.

(٧٠) شـیرزاد زکریـا محمـد (دکتـۆر)، ئەنجـوومەنی سـەرکردایەتی شۆڕەشـی ئەیلـوول لە کوردسـتان- عێـراق (تـوێژینەوەیەکی مێژوویـی سیاسـی گشـتی ١٩٦٤- ١٩٧٠)، سـەرچاوەی پێشوو، ل ٣١.

(٧١) عەلـی سـاڵح سـەعدی، سـاڵی ١٩٢٨ لە خێزانێکـی کـوردی بە عەرەب بـوو لە بەغـدا لەدایکبـووە، سـاڵی ١٩٥٥ کـۆلێژی بازرگـانی و ئـابووری زانکـۆی بەغـدای تەواو کـردووە، یەکـێکە لە کەسـە دیارەکـانی نێـو مێـژووی بەعـس لە عێـراقدا، لە زۆربەی ڕووداوەکانـدا ڕۆڵـی هەبـووە، لە ناوەڕاسـت سـاڵی ١٩٦٠دا جـێگەی فوئـاد ڕیکـابیی گـرتەوە وەك سـکرتێری حیزبـی بەعـس، یەکێـك بـووە لەو کەسـانەی بەشـداری لە ڕووخـانی دەسـەڵاتی عەبـدولکەریم قاسـمی کـردووە و یەکێـك بـووە لە داکۆکیکـارانی لەسـێدارەدانی عەبـدولکەریم قاسـم، جێگـری سـەرۆك وەزیـران و وەزیـری نـاوخۆ بـووە، نـاوبراو سـاڵی ١٩٧٧ لە لەنـدەن کـۆچی دوایـی کـردووە. بـۆ زانیـاری زیـاتر بـڕوانە: (فـاتیح ڕەسـووڵ، بنچینـەی مێـژووی بیـرۆکەی چەپ لە کوردسـتان، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ٣٢٨؛ سـیف الـدین الـدوري، عـلي صـالح السـعدي (نائـب رئـیس الـوزراء ووزيـر الداخليـة وسـلطة البعـث الأولى في العراق ١٩٦٣)، الطبعة الاول، الدار العربية للموسوعات، ٢٠١٠).

(٧٢) هیـوا عەزیـز سـەعید (دکتـۆر)، مێـژووی بەعسـیزم لە عێـراق، بڵاوکـراوەی ڕێکخـراوی کوردسـتان دیـالۆگ (KDO)، چـاپی یەکەم، چاپخـانەی کـارۆ، سـلێمانی، ٢٠٢٢، ل ١٠٨- ١٠٩.

(٧٣) عەبـدولخالق ناسـرِ ئەلعـامری (دکتـۆر)، بـارزانی مسـتەفا و دۆزی کـورد لە عێـراق (١٩٣١- ١٩٧٥)، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٣

(٧٤) مسـتەفا ئیبراهـیم حەمەد ئەمـین، نـاسراو بە مسـتەفا زەڵمـی، سـاڵی ١٩٢٤ لە گونـدی زەڵـم ی هەورامـان لەدایکبـووە، سـاڵی ١٩٣٤ چـووەتە حـوجرە و (نحـو، صرف، المنطـق، البلاغـة، ڕیاضـیات، الفلکیـات)ی لە لای چەنـد مامۆسـتایەکی ئێـران و عێـراق خوێنـدووە،

ساڵی ١٩٤٦ ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە، زۆربەی تەمەنی بە خوێندن بەسەربردووە و چەندین بڕوانامەی زانستی وەرگرتووە، بۆ نموونە: ساڵی ١٩٦٤ ماستەری لە شەریعەی ئیسلامی وەرگرتووە، ساڵی ١٩٧١ ماستەری (فقه المقارن)ی لە زانکۆی ئەزهەر بە دەست هێناوە، ساڵی ١٩٧٣ لە یاسادا ماستەری لە زانکۆی قاهیرە وەرگرتووە، ساڵی ١٩٧٥ دکتۆرای لە (فقه المقارن)ە لە زانکۆی قاهیرە بە دەست هێناوە، ساڵی ١٩٨٧ بووەتە پرۆفیسۆر، ساڵی ٢٠٠٥ لە یاسادا دکتۆرای لە زانکۆی ئەزهەر وەرگرتووە. لە زۆر زانکۆ و ناوەندی ئەکادیمی دەرسی گوتووەتەوە، لەوانە: زانکۆی موستەنسەریە، زانکۆی بەغدا، زانکۆی نەهرەین... خاوەنی پتر لە ١٠٠ توێژینەوە و پتر لە ٥٠ کتێبە، بەشێك لە کتێبەکانی لە چەند زانکۆیەکی جیهان دەخوێندرێت. ناوبراو لە ڕێککەوتی ٤ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٦ کۆچی دوایی کرد. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (مستەفا ئیبراهیم زەڵمی، کاروانی ژیانم، سەرچاوەی پێشوو).

(٧٥) مستەفا ئیبراهیم زەڵمی، کاروانی ژیانم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٥٥.

(٧٦) فازیل شەوڕۆ، کرۆنۆلۆژیای کۆیە یان مێژووی ڕووداوەکان لە ٢٠/٠٢/١٩١٨ تا ٢٥/٤/١٩٦٣، بەشی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠

(٧٧) ستار محەمەد ئەمین، حەمید ڕەشاش و تولە ڕێیەکانی کوردایەتی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٩- ١١٠.

(٧٨) موحسین حەمەدەمین حاجی بایز حەوێز، ناسراو بە موحسین دزەیی، ساڵی ١٩٣٢ لە گوندی دووگردکان، لە ڕۆژئاوای ناحیەی قوشتەپە لەدایکبووە، ژیانی پڕە لە هەوراز و نشێو، لە شۆڕشی ئەیلوول بەشدار بووە، لە کاتی هاتنی حەرەس قەومی بۆ کۆیە لەو شارە بووە، لە ماوەی ژیانیدا زۆر پلە و پۆستی هەبووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: موحسین دزەیی، وێستگەکانی ژیانم، بەشی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو).

(٧٩) موحسین دزەیی، وێستگەکانی ژیانم، بەشی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠- ٤٢.

(٨٠) عەوڵا کوڕی حاجی سمایل کوڕی ئەحمەد، ساڵی ١٩٢٧ لە گوندی حەسەن بلباس، لە دەڤەری کەندێناوە لەدایکبووە، لە مزگەوت و حوجرەدا خوێندوویەتی، ساڵی ١٩٥٠ پەیوەندی بە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە، لەبەر ئەوەی بڵاوکراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی لە قەراج و کەندێناوە بە ماتۆڕ بڵاوکردووەتەوە، بە (مەلا ماتۆڕ) ناسرا، ساڵی ١٩٥٤ ئەندامی لیژنەی ناوچەی هەولێری

پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان بـووە. سـاڵی ١٩٥٦ سەرپەرشـتیاری ڕێکخسـتنەکانی پـارتی بـووە لە مووسـڵ و بادینـان. سـاڵی ١٩٥٩ سـەرۆکی لیـژنەی ئامادەکـاری (کـۆنگرەی چـوارەم)ی پـارتی بـووە لە شـاری بەغـدا، کە لەو کـۆنگرەیەدا بـووە ئەنـدامی لیـژنەی ناوەنـدی پـارتی. سـاڵی ١٩٦٠ لە بادینـان هێـزی فریـاکەوتنی میللـی دامەزرانـدووە بـۆ ڕووبەڕووبـوونەوەی هەر هێرشـێکی دوژمـن بـۆ سـەر نـاوچەکە. سـاڵی ١٩٦١- ١٩٦٤ وەکـوو فەرمانـدەیەکی سـەربازی شۆڕشـی ئەیلـوول دەرکەوتـووە و لە داسـتان و ڕووبەڕووەکـانی دەشـتی هەولێـر و دۆڵـی خۆشـناوەتی و قەڵادزێ و سـیدەکان و لـۆلان و خواکـورک بەشـدار بـووە. سـاڵانی (١٩٧٤- ١٩٨٨) پۆسـتی وەزیـری لە حکـومەتی عێـراق پێـدراوە، سـاڵی ١٩٨٩ خانەنشـینکراوە، لە ڕێککەوتـی ٢٤ی نیسـانی سـاڵی ٢٠٠٠ کـۆچی دوایی کردووە. وەرگیراوە لە: کوردیپێدیا، مەلا ماتۆڕ.

https://kurdipedia.org/default.aspx?q=٢٠٢٢٠١٠٥١٤٣٤٢٨٤٠٠٤٦٣&lng=١٠

(٨١) سـتار محەمـەد ئەمـین، حەمیـد ڕەشـاش و تـولە ڕێیەکـانی کـوردایەتی، سـەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٩- ١١٠.

(٨٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ سەلاح شێخ شەرەف، سەرچاوەی پێشوو.

(٨٣) مەلا مەعسـووم کـوڕی مەلا خـدر کـوڕی مەلا حەسـەن کـوڕی مەلا حوسـێن کـوڕی مەلا حامیـد کـوڕی مەلا مسـتەفا کـوڕی مەلا خـدرە، سـاڵی ١٩٠٠ لە کەرکـووك لەدایکبـووە، لە بـنەچەدا دەگەڕێـنەوە بـۆ گونـدی خەرپـانی هەورامـان، یەکێـك بـووە لە مەلا دیارەکـانی کوردسـتان و لە سـەر دەسـتی مەلای گەورە ئیجـازەی مەلایەتـی وەرگرتـووە. سـاڵی ١٩٦٣ پەیوەنـدی بە شۆڕشـی ئەیلـوولەوە کـردووە. نـاوبراو دووچـاری نەخۆشـی شـێرپەنجە دەبێـت، بەو هـۆیەوە لە ٨ی کـانوونی یەکەمـی سـاڵی ١٩٦٤ کـۆچی دوایـی دەکـات و لە گۆڕسـتانی کـۆیە بە خـاك دەسـپێردرێت. بـۆ زانیـاری زیـاتر بـڕوانە: (عوسـمان دەشـتی (دکتـۆر)، مەلا مەعسـومی هەورامـی (مەلا و زانـا و وڵاتـپەروەر)، چـاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٥).

(٨٤) کەمـال محێـدین، سـاڵی ١٩٣٦ لە کـۆیە لەدایکبـووە، قۆناغەکـانی خوێنـدنی لە کـۆیە تەواو کـردووە، سـاڵی ١٩٦٠ بڕوانـامەی بەکالۆریۆسـی لە کـۆلێژی مـاف لە بەغـدا وەرگرتـووە، سـاڵی ١٩٤٨ بـووە بە ئەنـدامی ڕێکخـراوی قوتابییـان (K. P. X)، سـاڵی ١٩٥٣ بـووە بە ئەنـدامی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان، سـاڵی ١٩٦٤ ئەنـدامی کۆنفرانسـی مـاوەت بـووە، هەر لەو سـاڵەدا بـووە بە لێپـرسراوی لقـی دووی هەولێـر بە نهێنـی، سـاڵی ١٩٦٧

بـووەتە لێپـرسراوی لقـی ٥ لە بەغـدا، سـاڵی ١٩٦٧ بـووەتە ئەنـدامی مەکتەبـی سیاسـی پـارتی، سـاڵی ١٩٧٥ بـۆ خـوارووی عێـراق دوورخـراوەتەوە، سـاڵی ٢٠٠٤ بـووەتە لێپـرسراوی مەکتەبـی پەیوەنـدییەکانی یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان لە بەغـدا، سـاڵی ٢٠٠٥ بـووەتە ئەنـدامی ئەنجـوومەنی نـوێنەرانی عێـراق. ئێسـتا لە هەولێـر دادەنیشـێت. (چـاوپێکەوتن لەگەڵ کەمال محێدین، هەولێر، ٢٨ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٣).

(٨٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ کەمال محێدین، سەرچاوەی پێشوو.

(٨٦) عەبدوڵەسـیح سـلیمان سـوور، تێکۆشـانی شـیوعییەکانی کـۆیە، چـاپی یەکەم، چاپخانەی ئازادی، ٢٠٢١، ل ٦٢- ٦٣.

(٨٧) لە بـارەی سـەعید حەمـۆ، مەسـعوود بـارزانی دەڵێـت: "عەقیـد سـەعید حەمـۆ بە درۆ و سـاختە نـاوی دەرکردبـوو، گـوایە کـاری گرنگـی زۆری کـردووە و سـەرکەوتنی فـرەی وە دەسـت هێنـاوە، بەڵام لە ڕاسـتیدا هـیچ بنەمـایەکی دروسـتی نەبـوو. وەرگیـراوە لە: (مسـعود بـارزانی، بـارزانی و بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی کـورد (شۆڕشـی ئەیلـوول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٢).

(٨٨) ئـاراس عەبـدولخالق عەبدوڵەجیـد (مـافپەروەر)، کوودەتـایە شـوومەکەی بەعـس و ئاسمانی شاری کۆیە، گۆڤاری کەکۆن، ژمارە ٦، شوباتی ٢٠١٠، ل ٤.

(٨٩) بۆ دەقی نووسراوەکە بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٢).

(٩٠) ئـاراس عەبـدولخالق عەبدوڵەجیـد (مـافپەروەر)، کوودەتـایە شـوومەکەی بەعـس و ئاسمانی شاری کۆیە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤.

(٩١) هۆشـیار محەمـمەد ئەمـین کـۆیی، کـۆیە لە سـاڵی ١٩٦٣دا، ئینسـکلۆپیدیای هەولێـر، بەرگـی چـوارەم (مێـژووی هـاوچەرخ)، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ١٨٩٤؛ ڕەهـبەر سـەید بـرایم، دەشـێت لە شۆڕشـی ئەیلـوول یەکەم ژنە شـەهید و یەکەم کـۆرپەی شـەهید و یەکەم شێرە ژنی شەڕکەر کۆیی بوو بێت، گۆڤاری کەکۆن، ژمارە ٧، ئاباری ساڵی ٢٠١٠، ل ٢.

(٩٢) فازیـل شـەورۆ، کرۆنۆلۆژیـای کـۆیە یـان مێـژووی ڕووداوەکـان لە ١٩١٨/٠٢/٢٠ تـا ١٩٦٣/٤/٢٥، بەشی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠.

(٩٣) عەبـدولڕەحمان کـوڕی مـەلا محەممـەد کـوڕی مسـتەفا، نـاسراو بـە (هـەژار/ هەژار موکریـانی/ مامۆسـتا هەژار)، لە ڕێککەوتـی ٩ی تەممـووزی سـاڵی ١٩٢١ لە گـەڕەکی خـڕێی مـەهاباد لـەدایکبووە، دایکـی سـەیزادە فـاتم کچـی حـاجی سـەید حەمەدەمینـی سـارەوانان بـووە، دوو سـاڵ لە دوای لەدایکبـوونی دایکـی کـۆچی دوایـی دەکـات، هەژار لـە

تەمەنی پێنج ساڵییەوە لە لایەن باوکییەوە دەرسی ئەلفوبێ و جزمی عەممەی خوێندووە، ماوەیەکیش لە خانەقای شێخی بورهان بووە، لە ماوەی خوێندن لەگەڵ هێمن موکریانی ئاشنا دەبێت، بە هۆی نووسینی شیعرەوە لەگەڵ هێمن نازناوی شاعیری میللییان پێ داوە. هەژار جوودا لە شیعر و ئەدەبیات زۆربەی تەمەنی لە نێو ڕێکخراو و حیزبە سیاسییەکان بووە، لەوانە: پارتی ئازادی کوردستان، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژ. ك) و کۆماری کوردستان، لە دوای ڕووخانی کۆمار و لە ساڵی ١٩٤٧ ئاوارەی عێراق دەبێت، ماوەیەکی زۆر لە بەغدا دەبێت، لە دوای گەڕانەوەی بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەتەوە دەچێتە لای بارزانی و یەکێك بووە لە کەسە نزیکەکانی، دوای نزیکەی ٢٨ ساڵ مانەوەی هەژار لە ئاوارەیی عێراق و باشووری کوردستان، بە هۆی کۆتایی شۆڕشی ئەیلوول دەگەڕێتەوە ئێران و لە کەرەج نیشتەجێ دەبێت، زۆربەی کاتەکانی بە نووسین و وەرگێڕان بەسەربردووە، ناوبراو لە ڕۆژی یەکشەممە، ٢٢ی شوباتی ساڵی ١٩٩١ کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی باغی فیردەوس (گردی شاعیران/ مقبرة الشعراء) لە مەهاباد ئەسپەردەی خاك کرا. وەرگیراوە لە: (زامدار ئەحمەد، هەژار موکریانی (ژیان و ڕەنگدانەوەی مێژوو لە بەرهەمەکانیدا)، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیریی مەم و زین، هەولێر، ٢٠٢٣، ل ٢٥- ٥٦).

(٩٤) سەبارەت بەم شیعرە هەژار موکریانی دەڵێت شیعری (کاوەی مەزن)م لە حەمامۆك بۆ بارزانی خوێندووەتەوە. (هەژار موکریانی، چێشتی مجێور، پەخشانگای ئانا، سنە، ١٣٩٢، ل ٣٣١). دەکرێت بەر لەوەی هەژار شیعرەکەی لە نەورۆزی کۆیە خوێندبێتەوە، بۆ بارزانی خوێندبێتەوە. لە بەشێکی شیعرەکەدا هاتووە:

جێژنی سەرساڵ کە نەورۆزە
زۆر لە ناو کوردا پیرۆزە
جێژنی کۆنە و بۆمان ماوە
بۆی داڕژتین کوتکی کاوە
مێشک خۆری کوردی مراند
ئاڵای لەسەر گۆڕی چەقاند
ئاڵای کاوەی کورد هەڵ کرا
ئەو ڕۆژە بە نوێ نێو نرا

بۆ خوێندنەوەی تەواوی شیعرەکە بڕوانە: (هەژار موکریانی، بۆ کوردستان، پەخشانگای پانیز، سنە، ١٣٩٣، ل ١٠٥- ١٠٨).

(٩٥) ڕەهـــبەر ســـەید بـــرایم، دەشــێت لە شۆڕشـــی ئەیلـــوول یەکەم ژنە شـــەهید و یەکەم کۆرپەی شەهید و یەکەم شێرە ژنی شەڕکەر کۆیی بوو بێت، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢.

(٩٦) حەســـەن کـــاکە، هەورازەکـــانی کـــاروانی تەمەنـــم، داڕشـــتنەوەی فازیـــل شـــەورۆ، بڵاوکـــراوەی ســـەنتەری لێکـــۆڵینەوە و پەخشـــی کـــۆیە، چاپخـــانەی شـــەهاب، هەولێـــر، ٢٠١٣، ل ٤٥.

(٩٧) عەلـــی شـــەعبان ئیســـماعیل، ســـاڵی ١٩٢٩ لە گونـــدی هەســـنکا/ مێرگەســـۆر لەدایکبـــووە، یەکـــێکە لە کەســـایەتییە ســـەربازییەکانی بـــزووتنەوەی ڕزگـــاریخوازی کـــورد، ســـاڵی ١٩٦٣ لە لایەن مەلا مســـتەفای بـــارزان ئەرکـــی بەرپرســـیاریەتی بەڕێـــوەبەرایەتی گشـــتی بارەگـــای پـــارتی دیمـــوکراتی کوردســـتانی لە گونـــدی بێتـــوانە پـــێ ســـپێردراوە، فەرمانـــدەی هێـــزی بێتـــوانە بـــووە لە ســـنووری خۆشـــناوەتی و بیتـــوێن، بەشـــداری لە ڕاپەڕینـــی ســـاڵی ١٩٩١ی کـــردووە، ســـاڵی ١٩٩٥ کـــۆچی دوایـــی کـــردووە. وەرگیـــراوە لە: (عەبـــدوڵڵا ڕەحـــمان مەلازادە، شـــێوەی پێکهـــاتەی ســـەربازی شۆڕشـــی ئەیلـــوولی مەزن (کـــورتە باســـێکە لە ســـەر پێکهـــاتەی عەســـکەری لەشـــکری شۆڕشـــگێڕی کوردســـتان لە ســـاڵی ١٩٦٥ تـــا ســـاڵی ١٩٧٥)، ســـەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤).

(٩٨) عەبـــدولخالق عەلائەدیـــن، کـــۆیە... نـــاودارانی، ســـەرچاوەی پێشـــوو، ل ٤٥؛ عوســـمان دەشـــتی (دکتـــۆر)، مەلا مەعســـومی هەورامـــی (مەلا و زانـــا و وڵاتـــپەروەر)، ســـەرچاوەی پێشوو، ل ٥١.

(٩٩) عـــومەر حەبیـــب عەبـــدوڵڵا، ســـاڵی ١٩٢٣ لە شـــاری کـــۆیە لەدایکبـــووە، خوێنـــدنی ســـەرەتایی و ناوەنـــدی و ئامـــادەیی لە کـــۆیە خوێنـــدووە، ســـاڵی ١٩٤٣ کـــۆلێژی یاســـای لە بەغـــدا تەواو کـــردووە، ســـاڵی ١٩٤٧ بـــووەتە بەرپرســـی پـــارتی دیمـــوکراتی کوردســـتان لە نـــاوچەی کـــۆیە، ســـاڵی ١٩٥٧ دەکـــرێتە دادوەری دادگـــای پێنجـــوێن، ســـاڵی ١٩٥٨ کـــراوەتە دادوەر لە دادگـــای ســـلێمانی، لە دوای دەســـت پـــێ کردنـــی شۆڕشـــی ئەیلـــوول بـــووەتە دادوەر لە شـــۆڕش، نـــاوبراو لە ١٨ی ئـــابی ١٩٧٦ لە هەولێـــر کـــۆچی دوایـــی کـــردووە. وەرگیـــراوە لە: (عەبـــدولخالق عەلائەدیـــن، کـــۆیە... نـــاودارانی، ســـەرچاوەی پێشـــوو، ل ١٢٠- ١٢٢).

(١٠٠) عەبدولخالق عەلائەدین، کۆیە... ناودارانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٢.

(١٠١) کەریـــم ئەحـــمەد، ســـاڵی ١٩٢٢ لە هەولێـــر لەدایکبـــووە، خوێنـــدنی ســـەرەتایی و ناوەنـــدی لە هەولێـــر تەواو کـــردووە، ســـاڵی ١٩٤٤ ئەنـــدامیەتی حیزبـــی شـــیوعی پـــێ

بەخشراوە، ساڵی ١٩٥٣ گەیشتووەتە پلەی سکرتێری حیزبی ناوبراو. زیاتر لە جارێک گیراوە، ساڵی ١٩٦٢ تاکوو ١٩٩٢ ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزب بووە، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی حیزبی شیوعی کوردستان، پاشان سکرتێری حیزب بووە. ناوبراو لە رێککەوتی ١٤ی تەمموزی ساڵی ٢٠٢٢ کۆچی دوایی کرد. وەرگیراوە لە: رەفیق رەحمان مام خول، رۆڵی حیزبی شیوعی عێراق لە شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦٣- ١٩٧٠، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤.

(١٠٢) عەلی مەولوود، ساڵی ١٩٢٥ لە گوندی داربەسەری کۆیە لەدایکبووە، یەکێك بووە لە کادیرەکانی حیزبی شیوعی، ساڵی ١٩٦٧ حیزبی شیوعی لە ماڵی عەلی مەولوود لە گوندی داربەسەر کۆنفرانسی سێیەمی بەست، ساڵی ١٩٧٠ عەلی مەولوود و ئەحمەد دڵزاری شاعیر و چەند هاوڕێیەکی دیکەی حیزبی شیوعی عێراقی لە ڕێی دیمەشقەوە بەرەو مۆسکۆ بەڕێ دەکەون و ساڵێك هەشت ڕۆژ لە مۆسکۆ و شارە گەورەکانی دیکەی یەکێتی سۆڤیەت بەشداری خولی جیاواز دەکەن. ناوبراو لە ٢٨ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٧٤ بە هۆی هێرشی فڕۆکەوە لە پردی گەلاڵە شەهید کراوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (فازیل شەوڕۆ و هاوژین سلێوە، ئاگردانێك بەقەد نیشتمان (ژیاننامەی فارووقی عەلی مەولوود)، چاپی دووەم، چاپخانەی تاران، ٢٠٢١، ل ٧٠- ٩٠).

(١٠٣) فازیل شەوڕۆ و هاوژین سلێوە، ئاگردانێك بەقەد نیشتمان (ژیاننامەی فارووقی عەلی مەولوود)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠١.

(١٠٤) نامیق عەبدوڵلا تاهیر ئاغای حەوێزی، ناسراو بە عەمید نامیق عەبدوڵلا، ساڵی ١٩٢١ لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لە کۆیە و دواناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە، ساڵی ١٩٣٩ لە کۆلێژی سەربازی بەغدا وەردەگیرێت، یەکێك بووە لە بەشداربووانی شۆڕشی ئەیلوول، لە ڕێککەوتی ٢٤ی تەمموزی ساڵی ٢٠٠١ لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (عەبدولخالق عەلائەدین، کۆیە... ناودارانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٧- ١٠٩).

(١٠٥) نافیز جەلال ئەسعەد حاجی بەکر ئاغای حەوێزی، ساڵی ١٩٢١ لە شاری کۆیە لەدایکبووە، جەلال ئاغا کە نۆ ژنی هەبووە، هەر یەك لە نافیز، فەیزوڵلا، زاهیر، بەهیە لە ژنی چوارەمە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی ئولا و ناوەندی لە هەولێر تەواو دەکات، قۆناغی ئامادەییش لە بەغدا تەواو دەکات، ساڵی ١٩٤١ دەچێتە ئامادەیی

ســوپایی لە بەغــدا، دواتــر لە کــولیەی ســەربازی بەشــی تۆپخــانە وەردەگیرێــت و ســاڵی ١٩٤٦ کــۆلێژی ســەربازی لە بەغــدا تەواو دەکــات و بە پــلەی مــولازمی دووەم دەردەچێــت، ســاڵی ١٩٤٨ بەشــداری لە شــەڕی فەلەســتین دەکــات، ســاڵی ١٩٥٥ بەشــداری لە خــولێکی بەرگــری تانــك لە بەریتانیــا دەکــات، یەکێــك بــووە لە کەســایەتییە دیارەکــانی نێــو شۆڕشــی ئەیلــوول. ڕۆژی ٧ی تەممــــووزی ســــاڵی ١٩٧٢ لە بەغــــداوە بەرەو هەولێــــر دەڕوات بــــۆ ئەوەی بگــاتە شــەنگاڵ و لە ئەنجــامی کوشــتنی قایمقــامی شــارەکە، چــونکە هێزەکــانی حکــومەت و هێــزی پێشــمەرگە لە ســەنگەردا بــوون، بەڵام لە ڕێگــادا بە پلانێکــی دانــراو لە نزیــك دارەمــان ســەیارەیەکی ئامــادەکراو خــۆی پێــدا دەکێشــێ، خــۆی و شــۆفێرەکەی بە ســەختی برینــدار دەبــن، لە کۆتاییــدا لە ١٠ی هەمــان مانــگ کــۆچی دوایــی کــردووە و ڕۆژی دواتــر لە گۆڕســتانی گــردی عارەبییــان بە خــاك ســپێردراوە. وەرگیــراوە لە: (ئــاراس عەبــــدولخالق عەبدوڵەجیــــد، نــــافیز جەلال حەویــــزی مەردێکــــی جــــوامێر و بە ئەمەك (١٩٢١- ١٩٧٢)، گۆڤــــاری کەکــــۆن، ژمــــارە ٢٠، ئــــازاری ٢٠١٢، ل ٢٨- ٣٠؛ عەبــــدولخالق عەلائەدین، کۆیە... ناودارانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٣- ١٠٦).

(١٠٦) عەبدولخالق عەلائەدین، کۆیە... ناودارانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٤- ١٠٨.

(١٠٧) چاوپێکەوتن لەگەڵ سەلاح شێخ شەرەف، سەرچاوەی پێشوو.

(١٠٨) فازیــل شــەوڕۆ، ڕۆژێــك لە مێــژووی شــاری کــۆیە (٣)، دیســان لە دینگەپێچــان و گوللەبارانکردن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤- ٣٥.

(١٠٩) بەیاننــامەی ئەنجــوومەنی نیشــتمانی ســەرکردایەتیی شــۆڕش لە بــارەی جێبەجــێ کردنی ئامانجەکانی هاووڵاتییە کوردەکان:

کــــورد و عەرەب بە برایەتــــی ژیــــاون، یەك خــــاك و یەك بــــاوەڕ و یەك بەرژەوەنــــدی پــــێکەوەی بەنــــد کــــردووە و لە ئیمپریــــالیزم و نــــۆکەران بەو لاوە کەس ڕوونیــــی ئەم برایەتییەی لێڵ نەکردووە.

شۆڕشــی ١٤ی تەممــووز بــۆ ئــازادکردنی گەل هــات، یەکێــك لەو شــتانەی ئەم شۆڕشــە دووپــاتی کــردنەوە برایەتــی عەرەب و کــورد بــوو، وەك دەســتووری کــاتی بــێ پێچوپەنــا دەیڵــێ. بەڵام لادان و تیــرۆر لە چەرخــی ســتەمکار عەبــدولکەریم قاســم کوردیشــی گــرتەوە وەك عەرەبیشــی گــرتەوە، ئــاژاوەی خســتە جێــی پــێکەوە ژیــان و گومــانی خســتە جێــی بــڕوا و مــتمانە، مەینەتــی بە ســەر وڵاتــدا هێنــا. شۆڕشــی ١٤ی ڕەمەزانــی پیــرۆزیش بــۆ ئەوە بەرپــا بــوو، ئەو لادانە لابــدا و جەخــت لە ســەر بنەماکــانی ئــازادی و دادپەروەری بکــاتەوە،

شۆڕشـــی ١٤ی ڕەمەزان لای وایە هاوکـــاریی عەرەب و کـــورد و نەتەوەکـــانی تـــر بنەمـــای یەکێتـــی عێـــراقە. جـــا لەبەر ئەوە کە یەکێـــك لە بایەخـــدارترین ئامانجەکـــانی ئەم شۆڕشـــەش دامەزرانـــدنی دەزگـــایەکی هـــاوچەرخی وەهـــایە باشـــترین شـــێوەی بەڕێـــوەبەرێتی و حـــوکمڕانی بگـــرێتەبەر، لەبەر ئەوەش کە شـــێوەی لامەرکەزیـــیە (نـــا ناوەنـــدییەتی) شـــێوەیەکە ســـوودی لە جێبەجـــێ کردنـــدا لە گۆشـــە و کەنـــارە جیاجیاکـــانی جیهانـــدا دەرکەوتـــووە، لەبەر ئەوە و بـــۆ گـــرتنەبەری ئەم شـــێوەیە و بە هەنگـــاو هەڵهێنـــانەوە لە بنەماکـــانی شۆڕشـــەوە کە لە بەیاننـــامەی یەکەمیـــدا جـــاڕی پەتەوکـــردن و بەتینترکردنـــی برایەتـــی عەرەب و کـــوردی داوە و بە جۆرێـــك کە بەرژەوەنـــدییە نەتەوەییەکـــانی ئەم بـــرایەتییە مســـۆگەر و دابـــین بکـــات و خەبـــاتی پێکەوەیـــان لە دژی ئیمپریـــالیزم بەهێـــز و تـــین بکـــات و ڕێـــز لە مـــافە نەتەوەییەکـــانی کەمایەتییەکـــانی تـــریش بگرێـــت و دەرفەتـــی ئەوەیـــان بـــۆ بڕەخســـێنێ کە بەشـــداری لە ژیـــانی نیشـــتمانیدا بـــکەن... لەبەر ئەمە ئەنجـــوومەنی نیشـــتمانی ســـەرکردایەتی شـــۆڕش لە ســـەر بنەمـــای نـــا ناوەنـــدییەتی دان بە مـــافە نەتەوەییەکـــانی گەلـــی کـــورددا دەنێـــت، ئەم بنەمـــایەش لەمەو پـــاش لە کـــاتی دانـــانی دەســـتووری کـــاتی و هەمیشـــەییدا دەخـــرێتە ناویـــان، هەروەهـــا لیژنەیەکـــی تـــایبەتیش لەمەو پاش پێك دەهێنرێت بۆ دانانی هێڵە پانەکانی نا ناوەندییەتی.

ئەنجوومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش

١٩٦٣/٣/١١

وەرگیـــراوە لە (مســـعود بـــارزانی، بـــارزانی و بـــزووتنەوەی ڕزگـــاریخوازی کـــورد (شۆڕشـــی ئەیلـــوول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەرگـــی ســـێیەم، بەشـــی یەکەم، ســـەرچاوەی پێشـــوو، ٢٠٠٤، ل ١٠٧.

(١١٠) مســـعود بـــارزانی، بـــارزانی و بـــزووتنەوەی ڕزگـــاریخوازی کـــورد (شۆڕشـــی ئەیلـــوول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٧- ١٠٨.

(١١١) وتـــاری کـــۆنگرەی گشـــتی کۆیـــە (١٩٦٣)، مـــاڵپەڕی ئینســـکلۆپیدیای پـــارتی دیمـــوکراتی کوردستان، ٢٠٢٢.

https://t.ly/rINV

(١١٢) هەژار موکریـــانی دەڵێـــت: "مەلا مســـتەفا لە گونـــدی تـــۆپزاوا لە نزیـــک شـــار، مەنزڵـــی گـــرت. ڕۆژانە دەچـــووە ســـەر ئـــاوی حەمـــامۆک. ئەگەر کارێـــک هەبـــووایە دەهـــاتە مـــاڵی کاکە زیاد لە شار." (هەژار، چێشتی مجێور، پەخشانگای ئانا، سنە، ١٣٩٢، ل ٣٣٠).

(١١٣) مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد (شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٨.

(١١٤) دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ. د. ك)، مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان (کۆنگرە و کۆنفرانس/ پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ)، بەرگی یەکەم، بڵاوکراوەی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٢١، ل ١٧٥؛ ستار محەممەد ئەمین، بۆ ئەوەی ڕاستییەکان ون نەبن لە زاری کەمال محیەدین، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٩.

(١١٥) ئەحمەد شەریف لەك (دكتۆر)، شرۆڤەی ڕووداوە مێژووییەکان (چەند لاپەڕەیەك لە مێژوویی نەتەوەیەك)، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٦، ل ١٢٨.

(١١٦) ئەحمەد شەریف عەلی برایم قادر چیمەنی لەك، ساڵی ١٩٤٢ لە دووبز لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە، کۆلێژی یاسای لە بەغدا تەواو کردووە، ساڵی ١٩٥٧ چووەتە ڕیزی یەکێتی قوتابییانی کوردستان، ساڵی ١٩٦١ بووەتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان و پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول، ساڵی ١٩٦٢ بووەتە لێپرسراوی ناوچەی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان، ساڵی ٢٠٠٢ بووەتە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، دواتر بڕوانامەی ماستەری لە زانکۆی سلێمانی و دکتۆرای لە زانکۆی کۆیە وەرگرتووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (ئەحمەد شەریف لەك (دكتۆر)، شرۆڤەی ڕووداوە مێژووییەکان (چەند لاپەڕەیەك لە مێژوویی نەتەوەیەك)، بەرگی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦٤).

(١١٧) ئەحمەد شەریف لەك (دكتۆر)، شرۆڤەی ڕووداوە مێژووییەکان (چەند لاپەڕەیەك لە مێژوویی نەتەوەیەك)، بەرگی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٨.

(١١٨) مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد (شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٨.

(١١٩) حەبیب محەممەد کەریم، ساڵی ١٩٣١ لە شارۆچکەی زڕباتییەی سەر بە لیوای واسیت لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی و دواتریش کۆلێژی یاسای لە بەغدا تەواو کردووە، ساڵی ١٩٥٢ پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە، لە کاتی لێکترازانەکەی پارتی لە ساڵی ١٩٦٤ ڕۆڵی نێوەندگیری گێڕاوە، لە کۆنگرەی شەشەم وەك سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردرا، دوای ساڵی

١٩٧٥ ماوەیەك لە لەندەن و قاهیرە نوێنەری مەكتەبی پەیوەندییەكانی پارتی بووە، دواتر حكومەت لێخۆشبوونی بۆ دەركرد و گەڕایەوە بەغدا و پۆستی بەڕێوەبەری پارێزگای ناسریەی پێدرا، دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی گەلی كوردستان بووەتە سەرنووسەری ڕۆژنامەی خەبات، ڕۆژی ٣١ی تەمموزی ٢٠١٣ لە بەیرووت گیانی لەدەستدا. وەرگیراوە لە: (بورهان حاتەم گۆمەتاڵی (دكتۆر)، مستەفا بارزانی لە بەڵگەنامە نهێنییەكانی حكومەتی عێراقدا (١٩٤٧- ١٩٧٠)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٩).

(١٢٠) ستار محەممەد ئەمین، بۆ ئەوەی ڕاستییەكان ون نەبن لە زاری كەمال محیەدین، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٠- ١٨١؛ وتاری كۆنگرەی گشتی كۆیە (١٩٦٣)، ماڵپەڕی ئینسكلۆپیدیای پارتی دیموكراتی كوردستان، سەرچاوەی پێشوو.

(١٢١) ڕەفیق ڕەحمان مام خول، ڕۆڵی حیزبی شیوعی عێراق لە شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦٣- ١٩٧٠، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧.

(١٢٢) جەمال فەتحوڵلا تەیب (دكتۆر): هێرشی حەرەس قەومی بۆ شاری كۆیە و دەوروبەری لە ساڵی ١٩٦٣دا (توێژینەوەیەكی مێژووییە)، بەشی دووەم، گۆڤاری كەكۆن، ژمارە ٣٨، ٢٠١٥، ل ١٢- ١٤.

(١٢٣) جەمال فەتحوڵلا تەیب، (دكتۆر): هێرشی حەرەس قەومی بۆ شاری كۆیە و دەوروبەری لە ساڵی ١٩٦٣دا (توێژینەوەیەكی مێژووییە)، بەشی یەكەم، گۆڤاری كەكۆن، ژمارە ٣٧، ٢٠١٥، ل ١٠.

(١٢٤) مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد (شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەرگی سێیەم، بەشی یەكەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١١- ١١٢؛ مەهدی محەممەد قادر، هەولێر لە ماوەی یەكەم حوكمڕانی بەعسدا (٨ی شوباتی ١٩٦٣- ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣)، گۆڤاری ئەكادیمیای كوردی، ٢٠١٢، ژ ٢٢، ل ٤٣٧).

(١٢٥) ڕەفیق ڕەحمان مام خول، ڕۆڵی حیزبی شیوعی عێراق لە شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦٣- ١٩٧٠، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧.

(١٢٦) هۆشیار محەممەد ئەمین كۆیی، كۆیە لە ساڵی ١٩٦٣دا، ئینسكلۆپیدیای هەولێر، بەرگی چوارەم (مێژووی هاوچەرخ)، ٢٠٠٩، ل ١٨٩٣.

(١٢٧) جەمال فەتحوڵلا تەیب، (دكتۆر): هێرشی حەرەس قەومی بۆ شاری كۆیە و دەوروبەری لە ساڵی ١٩٦٣دا (توێژینەوەیەكی مێژووییە)، بەشی یەكەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١.

(١٢٨) جەمـــال نەبەز، كوردســـتان و شۆڕشـــەكەی، وەرگێڕانـــی: كـــوردۆ، چـــاپی ســـێیەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ١٥٠.

(١٢٩) موحسین دزەیی، وێستگەكانی ژیانم، بەشی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١.

(١٣٠) عەبـــدولكەریم شـــێخانی، تاوانەكـــانی تەهـــا شـــەكرچی لە ٧ی حـــوزەیرانی ١٩٦٣ لە شاری كۆیە، گۆڤاری كەكۆن، ژمارە ٣٧، ٢٠١٥، ل ٢٧- ٢٨.

(١٣١) ئەحـــمەد دڵـــزار لە بیرەوەرییەكانیـــدا دەڵێـــت: ڕۆژی ١٠ی حـــوزەیرانی ســـاڵی ١٩٦٣ خەڵـك لە ترسـی پەلامـاردانی فـڕۆكە جەنگییەكـانی دوژمـن و پەلامـاردانی لە ناكـاو بە خـاو خێـــزانەوە بە نـــاو باغەكـــانی كـــۆیە و قەراغ و ڕووبـــارەكەی بڵاوبـــوونەوە، تـــا چەمـــبەرە و لـوولەی زاییـری چـوون. (ئەحـمەد دڵـزار، بیرەوەریـی ڕۆژانـی ژیـانم، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ٢٣٢).

(١٣٢) فازیـــل شـــەوڕۆ، كرۆنۆلۆژیـــای كـــۆیە یـــان مێـــژووی ڕووداوەكـــان لە ١٩٦٣/٠٦/٠٣ تـــا ٢٠٠٨/٧/٢٤، بەشـــی دووەم، گۆڤـــاری كەكـــۆن، ژمـــارە ١٢، شـــوباتی ٢٠١١، ل ١٨؛ حەســـەن كـــاكە، هەورازەكـــانی كـــاروانی تەمەنـــم، ســـەرچاوەی پێشـــوو، ل ٤٢- ٤٣؛ جەمـــال فەتحـــوڵڵا تەیـــب، (دكتـــۆر): هێرشـــی حەرەس قەومـــی بـــۆ شـــاری كـــۆیە و دەوروبەری لە ســـاڵی ١٩٦٣دا (توێژینەوەیەكی مێژوویییە)، بەشی یەكەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣.

(١٣٣) چاوپێكەوتن لەگەڵ كەمال محێدین، سەرچاوەی پێشوو.

(١٣٤) كەمـــال محێـــدین، كـــاك عـــومەر لە مێـــژووی ڕامیـــاری كوردســـتاندا، ســـەرچاوەی پێشوو، ل ٦٥.

(١٣٥) دكتـــۆر جەمـــال فەتحـــوڵڵا تەیـــب، هێرشـــی حەرەس قەومـــی بـــۆ شـــاری كـــۆیە، بەشـــی یەكەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢.

(١٣٦) هۆشـــیار محەمـــمەد ئەمـــین كـــۆیی ســـەبارەت بەم ڕێككـــەوتە دەڵێـــت: "ڕاســـتی ڕۆژی ٦ی حـــوزەیرانی ســـاڵی ١٩٦٣ لە قـــۆڵی هەولێـــر پەلامـــاری نـــاوچەی دیـــبەگە و چیـــای قەرەچـوغیانـدا، دوای ئەوە پەلامـار لە ٩ی حـوزەیران بـۆ سـەر شـاری سـلێمانی دەسـتی پـێ كـــرد، ئەوجـــا لە ١١ی حـــوزەیران بە فەرمانـــدەیی ســـەعید حەمـــۆ پەلامـــاری كـــۆیە درا. وەرگیـــراوە لە: (هۆشـــیار محەمـــمەد ئەمـــین كـــۆیی، كـــۆیە لە ســـاڵی ١٩٦٣دا، ئینســـكلۆپیدیای هەولێر، بەرگی چوارەم (مێژووی هاوچەرخ)، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٩٥).

(١٣٧) فــاتیح ڕەســووڵ، بنچیــنەی مێــژووی بیــرۆکەی چەپ لە کوردســتان، چــاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٢٤٠.

(١٣٨) هۆشــیار محەمــمەد ئەمــین کــۆیی، کــۆیە لە ســاڵی ١٩٦٣دا، ئینســکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی چوارەم (مێژووی هاوچەرخ)، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٩٦.

(١٣٩) فازیـل شـەوڕۆ، ڕۆژێـك لە مێـژووی شـاری کـۆیە (سـووتاندنی شـاری کـۆیە)، گۆڤـاری کەکۆن، ژمارە ٥٦، کانوونی یەکەمی ٢٠١٨، ل ٢٠.

(١٤٠) شـیلان تـاهیر سـاڵح، کـۆیە لە نێـوان سـاڵانی ١٩٥٨- ١٩٧٥، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ٧٨- ٧٩؛ بورهـــان حـــاتەم عوســـمان، پرۆســـەی ڕاگواســـتن و وێرانکردنـــی گونـــدەکانی شارۆچکەی کۆیە لە ساڵی ١٩٨٧دا، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٧.

(١٤١) جەمــال فەتحــوڵڵا تەیــب، (دکتــۆر): هێرشــی حەرەس قەومــی بــۆ شــاری کــۆیە و دەوروبەری لە ســاڵی ١٩٦٣دا (تــوێژینەوەیەکی مێــژوویییە)، بەشــی یەکەم، ســەرچاوەی پێشوو، ل ١٤.

(١٤٢) هۆشــیار محەمــمەد ئەمــین کــۆیی، کــۆیە لە ســاڵی ١٩٦٣دا، ئینســکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی چوارەم (مێژووی هاوچەرخ)، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٩٦.

(١٤٣) فازیــل شــەوڕۆ، ڕۆژێــك لە مێــژووی شــاری کــۆیە (ســووتاندنی شــاری کــۆیە)، ســەرچاوەی پێشــوو، ل ٢٠؛ فازیــل شــەوڕۆ و هــاوژین ســلێوە، ئاگردانێــك بەقەد نیشــتمان (ژیاننامەی فارووقی عەلی مەولوود)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٩- ٦٠.

(١٤٤) فازیــل شــەوڕۆ، کرۆنۆلۆژیــای کــۆیە یــان مێــژووی ڕووداوەکــان لە ١٩٦٣/٠٦/٠٣ تــا ٢٠٠٨/٧/٢٤، بەشــی دووەم، ســەرچاوەی پێشــوو، ل ١٨؛ حەســەن کــاکە، هەورازەکــانی کاروانی تەمەنم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢- ٤٣.

(١٤٥) حەســەن کــاکە، هەورازەکــانی کــاروانی تەمەنــم، ســەرچاوەی پێشــوو، ل ٤٢- ٤٣؛ جەمـال فەتحـوڵڵا تەیـب، (دکتـۆر): هێرشـی حەرەس قەومـی بـۆ شـاری کـۆیە و دەوروبەری لە ساڵی ١٩٦٣دا (توێژینەوەیەکی مێژوویییە)، بەشی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣.

(١٤٦) ســنووری نــاوچەی شــاخاوی گونــدەکانی حــاجی قەڵا، شیوەشــان و ســویرەڵە، بە هــۆی بــوونی ئەشــکەوتی گەورە و بــاش ناوەنــدێکی گرنــگ بــوو بــۆ مــانەوەی پێشــمەرگە لێــی و دانــانی بــنکەی ســەربازی تێیــدا. یەکەم جــاریش لە دوای شــەڕی هەیــبەت ســوڵتان پێشــمەرگە ڕووەو شــاخی حــاجی قەڵا و ســوێرەڵە چــوون. (چــاوپێکەوتن لەگەڵ کەمــال محێدین، سەرچاوەی پێشوو).

(١٤٧) جەمـــال فەتحـــوڵڵا تەیـــب، (دکتـــۆر): هێرشـــی حەرەس قەومـــی بـــۆ شـــاری کـــۆیە و دەوروبەری لە ســـاڵی ١٩٦٣دا (تـــوێژینەوەیەکی مێـــژووییە)، بەشـــی یەکەم، ســـەرچاوەی پێشوو، ل ١٣.

(١٤٨) شـــێخ جەنگـــی شـــێخ بورهـــان شـــێخ نـــووری، ســـاڵی ١٩٢٤ لە گونـــدی کەلکـــان لەدایکبـــووە، لە دایـــکەوە بـــرا گەورەی جەلال تاڵەبـــانییە، ســـاڵی ١٩٢٦ ماڵیـــان دەچێـــتە کـــۆیە، ســـاڵێك دواتـــر دەچێـــتە قوتابخـــانەی ئـــولا و تـــاکوو پـــۆلی پێنجەمـــی ســـەرەتایی تەواو دەکـــات، بەڵام بە هـــۆی بـــارودۆخی ئەوســـا کوردســـتان واز لە خوێنـــدن دەهێنێـــت و دەچـــنە گونـــدی قزڵـــوو. بـــۆ زانیـــاری زیـــاتر بـــڕوانە: (عەبـــدولخالق عەلائەدیـــن، کـــۆیە... نـــاودارانی، ســـەرچاوەی پێشـــوو، ل ١٥١- ١٥٢). نـــاوبراو لە ڕێککەوتـــی ٤ی شـــوباتی ســـاڵی ٢٠١٦ کۆچی دوایی کرد و لە تەکیەی تاڵەبانی لە شاری کۆیە بە خاك سپێردرا.

(١٤٩) جەمـــال فەتحـــوڵڵا تەیـــب (دکتـــۆر): هێرشـــی حەرەس قەومـــی بـــۆ شـــاری کـــۆیە و دەوروبەری لە ســـاڵی ١٩٦٣دا (تـــوێژینەوەیەکی مێـــژووییە)، بەشـــی دووەم، ســـەرچاوەی پێشـــوو، ل ١٣؛ ســـتار محەمـــمەد ئەمـــین، حەمیـــد ڕەشـــاش و تـــولە ڕێیەکـــانی کـــوردایەتی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٦- ٩٧.

(١٥٠) گونـــدی بۆگـــد، ســـەر بە نـــاحیەی ئاشـــتییە، کەوتـــووەتە بەشـــی ڕۆژهەڵاتـــی کـــۆیە، نـــزیکەی ٣٥ کیلـــۆمەتر لە کـــۆیەوە دوورە، لەگەڵ هەر یەك لە گونـــدەکانی: کلێســـە، کـــانی ســـوور، ئیلەڵڵا، کـــانی کـــوردە، کێلەزینـــدان، ئەلیاســـە ســـوور، کـــانی بـــی دراوســـێیە. بـــۆ زانیـــاری زیـــاتر بـــڕوانە: (هـــێمن مەولـــوود، فەرهەنگـــی جوگرافیـــای کـــۆیە ١٣ (گونـــدی بۆگـــد)، گۆڤـــاری کەکۆن، ژمارە ٤٩، تەمموزی ٢٠١٦، ل ٢٤).

(١٥١) چـــاوپێکەوتن لەگەڵ حـــاجی عەلـــی حـــاجی ســـمایل، کـــۆیە، ڕێککەوتـــی ٢٥ی کـــانوونی دووەمـــی ســـاڵی ٢٠٢٣. حـــاجی عەلـــی حـــاجی ســـمایل حـــاجی ســـۆفی حەمەدەمـــین کـــانی کـــوردەیی، ســـاڵی ١٩٥١ لە گونـــدی کـــانی کـــوردەی دەشـــتی کـــۆیە لەدایکبـــووە، زۆربەی ژیانی بە کشتوکاڵی بەسەر بردووە، ئێستا خانەنشینە و لە ناحیەی ئاشتی دادەنیشێت.

(١٥٢) ڕەهـــبەر ســـەید بـــرایم، دەشـــێت لە شۆڕشـــی ئەیلـــوول یەکەم ژنە شـــەهید و یەکەم کـــۆرپەی شـــەهید و یەکەم شـــێرە ژنـــی شـــەڕکەر کـــۆیی بـــوو بێـــت، ســـەرچاوەی پێشـــوو، ل ٢؛ ئـــاراس عەبـــدولخالق عەبدولمەجیـــد، نـــافیز جەلال حەوێـــزی مەردێکـــی جـــوامێر و بە ئەمەك (١٩٢١- ١٩٧٢)، ســـەرچاوەی پێشـــوو، ل ٢٨؛ جەمـــال فەتحـــوڵڵا تەیـــب (دکتـــۆر): هێرشـــی

حەرەس قەومـــی بـــۆ شـــاری کـــۆیە و دەوروبەری لە ســـاڵی ١٩٦٣دا (تـــوێژینەوەیەکی مێژووییە)، بەشی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤.

(١٥٣) کـاوە کوێخـا مەمەنـد کوێخـا فەرەج، سـاڵی ١٩٧٧ لە کـۆیە لەدایکبـووە، قۆناغەکـانی خوێنـدنی لە شـاری کـۆیە تەواو کـردووە، ئەنـدامی سـەرکردایەتی یەکگرتـووی ئیسـلامییە، هاوکـات بەرپرسـی کـۆیەی یەکگرتـووی ئیسـلامی کوردستانیشـە. (چـاوپێکەوتن لەگەڵ کاوە کوێخا مەمەند، کۆیە، ٢٣ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٢٣).

(١٥٤) ڕەفیـق فەرەج سـەعید بـارام هەیـاس، نـاسراو بە حـاجی ڕەفیـق، سـاڵی ١٩٣٧ لە گونـدی حەمەبـایزان لەدایکبـووە، سـاڵی ١٩٦١ پەیوەنـدی بە شۆڕشـی ئەیلـوولەوە کـردووە و تـا کۆتـایی بەشـدار بـووە، سـاڵی ١٩٧٦ لە لایەن حکـومەتی عێـراقەوە دەسـتگیر کـرا و ڕەوانەی هەیـئەی کەرکـووك کـرا و ٤ مانـگ لە زینـدان بـووە، دواتـر خەریکـی کشـتوکاڵی بـووە، نـاوبراو لە ٢٦ی حـوزەیرانی سـاڵی ١٩٧٩ کـۆچی دوایـی کـرد و لە گۆڕسـتانی دەروێـش خـدر بە خـاك سـپێردرا. (چـاوپێکەوتن لەگەڵ ئـاکۆی حـاجی ڕەفیـق، کـۆیە، ڕێککەوتی ٢٦ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٢٣).

(١٥٥) کاوە کوێخا مەمەند، کوێخا مەمەندی کۆیە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣١.

(١٥٦) فازیـل شـەوڕۆ، ڕۆژێـك لە مێـژووی شـاری کـۆیە (سـووتاندنی شـاری کـۆیە)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢.

(١٥٧) کاوە کوێخا مەمەند، کوێخا مەمەندی کۆیە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٠.

(١٥٨) ڕەسـووڵ محەمـمەد ڕەسـووڵ خەلیفـانی (دکتـۆر)، ڕەوشـی زینـدانیانی کـورد لە عێـراق لە سـەردەمی حەرەس قەومـی (٨-٢-١٩٦٣ تـا ١٩٦٣/١١/١٨)، گۆڤـاری تـوێژەر، بەرگی ٤، ژمارە ٢، پاییزی ٢٠٢١، ل ٥٤٠.

(١٥٩) فازیـل شـەوڕۆ، کرۆنۆلۆژیـای کـۆیە یـان مێـژووی ڕووداوەکـان لە ١٩٦٣/٠٦/٠٢ تـا ٢٠٠٨/٧/٢٤، بەشـی دووەم، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ١٨؛ فازیـل شـەوڕۆ، ڕۆژێـك لە مێژووی شاری کۆیە (سووتاندنی شاری کۆیە)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١.

(١٦٠) بەشـێك لە مـاڵە سـووتێنراوەکانی کـۆیە ئەمـانە بـوون: قەسری کـاکە زیـادی حەمەئاغـای غەفـووری لە گەڕەکـی قەڵاتـی سـەر ڕێـی حەمـامۆك، یەکەم مـاڵ بـوو کە تـاڵان کـرا و بەشـێکی زۆری سـووتێنرا. مـاڵی مەلا ئەحـمەد ئاغـای غەفـووری و مـاڵی نـافیع ئاغـای کـوڕی مەلا ئەحـمەد ئاغـای غەفـووری کە لە گەڕەکـی خورخـوری بـوون، کە تـاکوو ئێسـتا ئاسـەواری ئەم خـانووە سـووتاوانە مـاوە. مـاڵی مەحمـوود ئاغـای غەفـووری، مـاڵی مەلا

حەویـز غەفـووری، مـاڵی ئەحـمەد دڵـزاری شـاعیر لە گەڕەکـی هەواوان، مـاڵی عەلـی عەبـدوڵڵا و عـومەری بـرای لە خـوار قـازیلان (لە لای حەمـامی حەسـەن ئاغـا، لای مزگەوتـی مەحمـوود ئاغـا)، مـاڵی عەلـی مـام ڕەشـید لە کـۆڵانەی مزگەوتـی منـارەی بە لای خورخـوری‌دا، مـاڵی سـەمەدە سـووری بـاخچەوان لە تەنیشـت حەمـامی ناوەنـدێ، مـاڵی مـام ڕەسـووڵی، مـاڵی واحیـد ئاغـا لە تەنیشـت مـاڵی بایزاغـای غەفـووری، مـاڵی بـاقی ئاغـای ڕەشـید ئاغـای غەفـووری، مـاڵی واحیـدی ڕەسـووڵ ئاغـا، مـاڵی عاسـیە شـەل، مـاڵی بـرای حـاجی جەلال لە گەڕەکـی بایزاغـا، هەرچەنـدە ئەو مـاڵە کەسـیان پێشـمەرگە نەبـوو، بەڵام چـونکە خـانووەکە چـۆڵ بـوو سـووتاندیان، هەروەهـا مـاڵی ڕەشـیدی پۆلیسـی بـاوکی مامۆسـتا عەبـدوڵڵا لە گەڕەکـی بایزاغـا. وەرگیـراوە لە: (فازیـل شـەوڕۆ، ڕۆژێـك لە مێـژووی شاری کۆیە (سووتاندنی شاری کۆیە)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١- ٢٢).

(١٦١) کـازم عـومەر دەبـاغ، لە یـادی ڕەشـەکوژییەکەی تەممـووزی (١٩٦٣)ی شـاری کـۆیە!!، گۆڤـاری کەکـۆن، ژمـارە ١٥، حـوزەیرانی ٢٠١١، ل ٢٨؛ ئەمیـر حسـێن، شـاری کـۆیە و بیرەوەرییەکـانم، بەشـی دووەم، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ٢٧؛ کەمـاڵ محێـدین، کـاك عومەر لە مێژووی ڕامیاری کوردستان‌دا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٥.

(١٦٢) فازیـل شـەوڕۆ، ڕۆژێـك لە مێـژووی شـاری کـۆیە (سـووتاندنی شـاری کـۆیە)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١.

(١٦٣) فـازیـل حەمەد عەبـدوڵڵا چەیـدی، نـاسراو بە مامۆسـتا فازیـل شـەوڕۆ، سـاڵی ١٩٥١ لە شـاری کـۆیە لەدایکبـووە، سـاڵی ١٩٧٥ بڕوانـامەی بەکالۆریۆسـی لە زمـان و ئەدەبـی ئینگلیـزی لە کـۆلێژی ئـادابی زانکـۆی بەغـدا وەرگرتـووە. سـاڵی ١٩٧٢ یەکەم شـیعری لە ڕۆژنـامەی (هاوکـاری) بڵاوکـردووەتەوە. سـاڵی ٢٠٠٢ خەڵاتـی شـانۆگەریی (شـەهید)ی لە شـاری سرتـی لیبیـا پـێ بەخشـرا. سـاڵی ٢٠٠٤ خەڵاتـی شـاری دبلنـی خزمەتگـوزاری لە (کۆمـاری ئایرلەنـدای خـواروو) پێـدرا. سـاڵی ٢٠١٠ خەڵاتـی (سـەید بـرایم)ی پـێ بەخشـراوە، سـاڵی ٢٠١٣ خەڵاتـی (فێسـتیڤاڵی شـیعری نەتەوەیـی کـوردی)ی لە هەولێـر پـێ درا، سـاڵی ٢٠١٥ خەڵاتـی باشـترین لێکـۆڵینەوەی ئەدەبـی ١٩ەمـین فیسـتڤاڵی گەلاوێـژی پـێ بەخشـرا. ئەنـدامی یەکێتیـی نووسـەرانی کـوردە. لە بـواری نووسـین و تـوێژینەوە چـێ دەسـتی دیـارە، پـتر لە دە کتێبـی بڵاوکـردووەتەوە، هاوکـات لە گۆڤارەکـانی: کلتـووری کـورد، شـارەوان، کەکـۆن و ژیـان، وەک سەرنووسـەر و بەڕێـوەبەری نووسـین و ئەنـدامی

نووســەران بەشــدار بــووە و كــاری كــردووە. (چــاوپێكەوتن لەگەڵ فازیــل شــەوڕۆ، ٢٠ی كانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٢٣.

(١٦٤) فازیــل شــەوڕۆ، ڕۆژێــك لە مێــژووی شــاری كــۆیە (ســووتاندنی شــاری كــۆیە)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١.

(١٦٥) ڕەســووڵ محەمــەد ڕەســووڵ خەلیفــانی (دكتــۆر)، ڕەوشــی زینــدانیانی كــورد لە عێــراق لە ســەردەمی حەرەس قەومــی (٨-٢-١٩٦٣ تــا ١٩٦٣/١١/١٨)، ســەرچاوەی پێشــوو، ل ٥٦٩.

(١٦٦) فازیــل شــەوڕۆ، ڕۆژێــك لە مێــژووی شــاری كــۆیە (ســووتاندنی شــاری كــۆیە)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢.

(١٦٧) جەمــاڵ فەتحــوڵڵا تەیــب (دكتــۆر): هێرشــی حەرەس قەومــی بــۆ شــاری كــۆیە و دەوروبەری لە ساڵی ١٩٦٣دا بەشی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢- ١٤.

(١٦٨) موحسین دزەیی، وێستگەكانی ژیانم، بەشی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦.

(١٦٩) فازیــل شــەوڕۆ، كرۆنۆلۆژیــای كــۆیە یــان مێــژووی ڕووداوەكــان لە ١٩٦٣/٠٦/٠٢ تــا ٢٠٠٨/٧/٢٤، بەشی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨.

(١٧٠) موحسین دزەیی، وێستگەكانی ژیانم، بەشی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٩.

(١٧١) شــیلان تــاهیر ســاڵح، كــۆیە لە نێــوان ســاڵانی ١٩٥٨- ١٩٧٥، ســەرچاوەی پێشــوو، ل ٩٧.

(١٧٢) ســـتار محەمـــەد ئەمـــین، بـــۆ ئەوەی ڕاســـتییەكان ون نەبـــن لە زاری كەمـــاڵ محیەدین، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٣- ١٣٤.

(١٧٣) ســـتار محەمـــەد ئەمـــین، بـــۆ ئەوەی ڕاســـتییەكان ون نەبـــن لە زاری كەمـــاڵ محیەدین، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٤.

(١٧٤) مەولــوود حوســێن مەولــوود، نــاسراو بە مەولــوود ژاكــاو، ســاڵی ١٩٣٩ لە گونــدی ئەشــكەوت ســەقای نزیــك كــۆیە لەدایكبــووە، خوێنــدنی ســەرەتایی و ناوەنــد لە كــۆیە تەواو كــردووە، ســاڵی ١٩٦٤ خــانەی مامۆســتایانی لە هەولێــر تەواو كــردووە، هەمــان ســاڵ بــووەتە مامۆســتا لە گونــدی ئیلنجــاغ، ســاڵی ١٩٦٥ چــووەتە گونــدی گۆمەشــینی شــێخان و مــاوەی ١٠ ســاڵ لەوێ مــاوەتەوە، دواتــر گەڕاوەتەوە كــۆیە، ســاڵی ٢٠٠٦ خانەنشــین بــووە، لە بــواری نووســیندا جــێ دەســتی دیــارە، لە گۆڤــار و ڕۆژنامەكــان گوتــاری بڵاوكــردووەتەوە و ٣ كتێبــی چــاپ كــردووە. (چــاوپێكەوتن لەگەڵ مەولــوود ژاكــاو، كــۆیە، ڕێككەوتــی ٢٧ی كانوونی دووەمی ٢٠٢٣).

(١٧٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ مەولوود ژاکاو، سەرچاوەی پێشوو.

(١٧٦) فازیل شەورۆ، ڕۆژێك لە مێژووی شاری کۆیە (٣)، دیسان لە دینگەپێچان و گوللەبارانکردن، گۆڤاری کەکۆن، ژمارە ٤٧، ئازاری ٢٠١٧، ل ٣٤.

(١٧٧) ئەمیر حسێن، شاری کۆیە و بیرەوەرییەکانم، بەشی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧.

(١٧٨) لای خۆیەوە فەتاحی موزەمید دەڵێت: خەریکی دەستەبەرکردنی سرنجەکەم بوو، تا دەرزییەك لە نەخۆشێك بدەم، ئەوەندەم زانی عەریف حەسەن و سەربازەکانی یاوەری منیان دایە بەر قۆنداغە سەمینۆفان و یەکسەر ڕاپێچیان دام و تا نێو تەویلەی وڵاغان لە سەرای کۆیە ڕانەوەستان، چونکە ژووری زیندان و ژوورەکانی دی پڕ بوون لە خەڵکە گیراوەکانی دی کۆیە، ئێمە ١٠٣ کەس لەم تەویلە کراین، ٤٥ شەو لەوێ مامەوە، بەڵام من زووتر ئازاد کرام، چونکە (موستخدەم) بووم. وەرگیراوە لە: (فازیل شەورۆ، ڕۆژێك لە مێژووی شاری کۆیە (سووتاندنی شاری کۆیە)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠- ٢١).

(١٧٩) فازیل شەورۆ، ڕۆژێك لە مێژووی شاری کۆیە، گۆڤاری کەکۆن، ژمارە ٤٥، تشرینی دووەمی ٢٠١٦، ل ١٨- ٢٠.

(١٨٠) مەلا تاهیر حوسێن محەمەد، ساڵی ١٩١٩ لە شاری کۆیە لەدایکبووە، ژیانی هاوبەشی لەگەڵ ناجیە عەزیز زینل پێك هێناوە، دوو کوڕی بە ناوەکانی فەرهاد و تەیموور و کچێکی بە ناوی حەبسە هەبووە، ڕۆژی ٦ی تەمموزی ساڵی ١٩٦٣ لە لایەن حەرەس قەومی دەستدرێژی گوللەی لێ دەکرێت و شەو بە خاکی دەسپێرن. (چاوپێکەوتن لەگەڵ تەیموور مەلا تاهیر حوسێن محەمەد، کوڕی شەهید، کۆیە، ڕێککەوتی ٣٠ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٢٣). تەیموور مەلا تاهیر حوسێن، ساڵی ١٩٥٩ لە کۆیە لەدایکبووە، بە هۆی شەهید بوونی باوکی، تەنیا پۆلی یەکی سەرەتایی خوێندووە، دواتر بە هۆی خراپی بارودۆخیانەوە دەچنە کەرکووك، ساڵی ١٩٨٩ ژیانی هاوبەشی پێك هێناوە، ئێستاش شۆفێری تەکسییە و لە کۆیە دادەنیشێت.

(١٨١) چاوپێکەوتن لەگەڵ تەیموور مەلا تاهیر حوسێن محەممەد، سەرچاوەی پێشوو.

(١٨٢) بۆ دەقی بەڵگەنامەی مردن (صورة قید وفاة) بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٣).

(١٨٣) حەمید ئیسماعیل ڕەسووڵ، ناسراو بە (حەمید فەقێ سمایل)، ساڵی ١٩٢٩ لە کۆیە لەدایکبووە، پیشەی دارتاش بووە، ژیانی هاوبەشی پێك نەهێناوە، لە سەرەتایی

تەممووزی ساڵی ١٩٦٣ بە دەستی سەربازانی حکومەتی عێراقی شەهید کراوە و لە گۆڕستانی شەهیدان بە خاك سپێردراوە. (چاوپێکەوتن لەگەڵ شێروان هەمزە ڕەسووڵ، ئامۆزای شەهید، لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی، ڕێککەوتی ٢ی شوباتی ساڵی ٢٠٢٣).

شێروان هەمزە ڕەسووڵ، ساڵی ١٩٥٥ لە کۆیە لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە کۆیە تەواو کردووە، ساڵی ١٩٧٧ خانەی مامۆستایانی لە هەولێر تەواو کردووە، هەمان ساڵ لە سەرکەپکان بووەتە مامۆستا و تا ساڵی ١٩٨١ بەردەوام بووە، دواتر دەچێتە دەرەوەی وڵات، ئێستا لە سوید نیشتەجێیە.

(١٨٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ شێروان هەمزە ڕەسووڵ، ئامۆزای شەهید، سەرچاوەی پێشوو.

(١٨٥) جەلال سمایل ئەحمەد، ساڵی ١٩٤٦ لە کۆیە لەدایکبووە، لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا بە دەستی حەرەس قەومییەکان لە کۆیە شەهید دەکرێت و لە گۆڕستانی دەروێش خدر بە خاك دەسپێردرێت. (چاوپێکەوتن لەگەڵ کاوە سمایل ئەحمەد، برای شەهید سمایل، کۆیە، ڕێککەوتی ٣١ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٢٣). کاوە سمایل ساڵی ١٩٧٧ لە کۆیە لەدایکبووە، تا پۆلی شەشی ئامادەیی خوێندووە، لە ئێستادا کارمەندی ئاگرکوژێنەوەی کۆیەیە و لە کۆیە دادەنیشێت.

(١٨٦) چاوپێکەوتن لەگەڵ کاوە سمایل ئەحمەد، برای شەهید سمایل، سەرچاوەی پێشوو.

(١٨٧) مونیرە مەلا تاهیر ئەحمەد جەلیزادە، ساڵی ١٩٣٢ لە کۆیە لەدایکبووە، ساڵی ١٩٥٣ ژیانی هاوبەشی لەگەڵ سابیر مەلا ڕەئووفی جەلیزادە ئامۆزای پێك هێناوە، چوار کچی بە ناوەکانی ماهیە، ژیان، بەیان، پەخشان و کوڕێکی بە ناوی شوان هەبووە، ڕۆژی ٦ی تەممووزی ساڵی ١٩٦٣ گوللە باران کراوە. (چاوپێکەوتن لەگەڵ ماهیە سابیر مەلا ڕەئووفی جەلیزادە، کۆیە، ڕێککەوتی ٣١ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٢٣).

(١٨٨) ماهیە سابیر مەلا ڕەئووفی جەلیزادە، ساڵی ١٩٥٤ لە گەڕەکی بایزاغای کۆیە لەدایکبووە، تاکوو پۆلی ٣ی ناوەندی خوێندووە، ساڵی ١٩٧٣ ژیانی هاوبەشی لەگەڵ جەواد حەمەد بەگ پێك هێناوە، ساڵی ١٩٩٤ لە چاودێری کۆمەڵایەتی کۆیە بووەتە فەرمانبەر و ساڵی ٢٠١٧ خانەنشین بووە، ئێستا لە کۆیە دادەنیشێت. (چاوپێکەوتن لەگەڵ ماهیە سابیر مەلا ڕەئووفی جەلیزادە، سەرچاوەی پێشوو).

(١٨٩) كـۆیە.. پەیـكەری نـۆبەرەی شـەهیدان دانـرا، مـاڵپەڕی یوتیـوب، كەنـاڵی كوردسـتان ٢٤.

https://www.youtube.com/watch?v=٤mUXU٤ptba٤

(١٩٠) چـاوپێكەوتن لەگەڵ مـاهیە سـابیر مەلا ڕەئـووفـی جەلـیزادە، سـەرچاوەی پێشـوو؛ چـاوپێكەوتن لەگەڵ دڵشـاد ئیسـماعیل نـووری جەلـیزادە، ئـامۆزای مـونیرە مەلا تـاهیر، كـۆیە، ڕێككەوتـی ٣١ی كـانوونی دووەمـی سـاڵی ٢٠٢٣. دڵشـاد ئیسـماعیل نـووری جەلـیزادە، سـاڵی ١٩٤٩ لە شـاری كـۆیە لەدایكبـووە، خوێنـدنی سـەرەتایی و ناوەنـدی لە كـۆیە تەواو كـردووە، سـاڵی ١٩٧١ بەشـی زمـانی ئینگلیـزی/ ئـاداب لە بەغـدا تەواو كـردووە، هەمـان سـاڵ لە ناوەنـدی كـۆیە بـووەتە مامۆسـتا، سـاڵی ٢٠١٢ خانەنشـین بـووە، ئێستا لە كۆیە دادەنیشێت.

(١٩١) چاوپێكەوتن لەگەڵ ماهیە سابیر مەلا ڕەئووفـی جەلیزادە، سەرچاوەی پێشوو.

(١٩٢) چـاوپێكەوتن لەگەڵ نـالی جەواد حەمەد، نەوەی مـونیرە مەلا تـاهیر، كـۆیە، ڕێككەوتـی ٣١ی كـانوونی دووەمـی سـاڵی ٢٠٢٣. نـالی جەواد حەمەد، سـاڵی ١٩٨٢ لە شـاری كـۆیە لەدایكبـووە، خوێنـدنی سـەرەتایی و ناوەنـدی و ئامـادەیی لە كـۆیە تەواو كـردووە، سـاڵی ٢٠٠٤ بەكالۆریۆسـی لە زانكـۆی سـەلاحەددین بەشـی جوگرافیـای وەرگرتـووە، سـاڵی ٢٠٠٩ ماسـتەر و سـاڵی ٢٠١٣ دكتـۆرای لە جوگرافیـا لە زانكـۆی كـۆیە بەدەست هێناوە، ئێستا پرۆفیسۆری یاریدەدەرە و مامۆستای زانكۆی كۆیەیە.

(١٩٣) فازیل شەوڕۆ، ڕۆژێك لە مێژووی شاری كۆیە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩.

(١٩٤) ڕەهـبەر سـەید بـرایم حـاجی سـەید سـەعیدی سـەید بـرایمە فەنـدی، لە ڕێككەوتـی ٢٧ی تەممـووزی سـاڵی ١٩٥٧ لە گەڕەكـی بایزاغـای كـۆیە لەدایكبـووە، سـاڵی ١٩٧٩ بـووەتە پێشـمەرگە و لە هەمـان سـاڵدا بـووەتە ئەنـدام نـاوچە، سـاڵی ١٩٨١ بـووەتە لێپـرسراوی نـاوچەی كـۆیەی یەكێتـی نیشـتمانی كوردسـتان، سـاڵی ١٩٨٤ بـووەتە سـەرتیپی ٩٣ی كـۆیە، سـاڵی ١٩٨٩ بـووەتە ئەنـدامی فەرمانـدەیی گشـتی هێزەكـانی پێشـمەرگەی كوردسـتان تـا ڕاپەڕیـن، سـاڵی ١٩٩٢ بـووەتە قایمقـامی شـەقڵاوە، لە كـۆنگرەی سـێی یەكێتـی نیشـتمانی كوردسـتان بـووەتە ئەنـدامی سـەركردایەتی، بەكالۆریۆسـی لە ڕۆژنـامەگەری وەرگرتـووە. بـۆ زانیـاری زیـاتر بـڕوانە: (ڕەهـبەر سـەید بـرایم، شـنەی شـاخ، بەرگـی یەكەم، چـاپی یەكەم، چاپخـانەی پەیوەنـد، بـێ شـوێنی چـاپ، ٢٠١٣، ل ٢٣٥-٢٣٦).

(١٩٥) سەید برایم کوڕی حاجی سەید سەعیدی کوڕی سەید برایم، ناسراو بە بڕژاو، ساڵی ١٩٢٦ لە شاری کۆیە لەدایکبووە، خوێندنی قورئانی لە لای مەلا حەبیب و مەلا کەمال تەواو کردووە، تا پۆلی شەشەمی خوێندووە، بەڵام بە هۆی بارودۆخی ئەوسای کوردستان لە خوێندن دابڕاوە و بووەتە سەرباز، ساڵی ١٩٤٨ چووەتە مەیدانی سیاسی لە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کاری کردووە و تاکوو ساڵی ١٩٦٥ بەردەوام بووە، جیا لە کاری سیاسی شاعیریش بووە، ناوبراو ساڵی ١٩٩٨ کۆچی دوایی کردووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (کەریم شارەزا، کۆیە و شاعیرانی، بەرگی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٢- ١٤٩)

(١٩٦) ڕەهبەر سەید برایم، پرشنگەکانی کەکۆن، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٤، ل ٥٤- ٥٥؛ ڕەهبەر سەید برایم، مونیرە خانی جەلیزادە: یەکەمین شەهیدی ژنی دووگیان و کۆرپەی لە باوەش، ماڵپەڕی کوردستانی نوێ، ٢٠٢١.

https://t.ly/R٢wg

(١٩٧) ئەمیر حسێن، سەبارەت بە ناوەکان بۆچوونێکی دیکەی هەیە و دەڵێت: چەند ڕۆژێک بەر لە ڕووداوی گوللەباران کردنی ئەو ٥ کەسە، لە چایخانەی سلێمانی حەمەی قاوەچی سەربازێك دەکوژرێت، دوای کوژرانی سەربازەکە، سەربازەکانی تەها شەکرچی ڕوویان لە شار کرد و تەقەیان لە خەڵك دەکرد، ئەو ڕۆژەش ٥ کەسیان لە جادەی کۆیە کوشت و چەندین هاووڵاتی بریندار بوون، ئەو کەسانەی کوژران: جەلال سمایل ئەحەسوور، مەلای شێخ زاهیر، مەجیدی دارتاش، مونیرە لەگەڵ کۆرپەکەی، خێزانی حاجی سابیری چنارۆك، هەروەها پتر لە ٢٥٠ کەس دەست بەسەر کران و ڕەوانەی شاری موسەیبیان کردن و زۆریش ئەشکەنجە و ئازاریان دابوون، دوای ٦ مانگ ئازاد کران. (ئەمیر حسێن، شاری کۆیە و بیرەوەرییەکانم، بەشی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧).

(١٩٨) جەمال فەتحوڵڵا تەیب (دکتۆر): هێرشی حەرەس قەومی بۆ شاری کۆیە و دەوروبەری لە ساڵی ١٩٦٣دا (توێژینەوەیەکی مێژووییە)، بەشی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤.

(١٩٩) سەبارەت بە ڕێککەوتی لە دینگەبەستانەوە و گوللەباران کردنی ئەو کەسانەش بۆچوونی جیاواز هەیە، حەسەن کاکە دەڵێت: " بە مەبەستی پتر بڵاوکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێ لە نێو خەڵکی شاری کۆیەدا، لە ڕێککەوتی ١ی تەمموزی ساڵی ١٩٦٣ بە

فەرمانی تەها شەکرچی ئامر لیوای ١٤ی سوپای عێراق ٩ کەسی مەدەنی شاری کۆیە لە دینگەکانی کۆیە بەسترانەوە و گوللەباران کران، کە ئەمانە بوون: حەمەدەمین ئەحمەد عومەر ئاغا، محەممەد قاوەچی، محەممەد عەبدولوەهاب حەوێزی، حەننا عەبدولکەریم، یووسف حەننا عەبدولکەریم، حوسێن شەریف ئیبراهیم، ڕەفیق ئەحمەد مستەفا میرە" (حەسەن کاکە، هەورازەکانی کاروانی تەمەنم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥).

(٢٠٠) لە ڕاستیدا ناڕوونی و تێکەڵاوییەکی زۆر سەبارەت بە ڕۆژ و ناوی شەهیدانی دەستی حەرەس قەومی لە کۆیە هەیە، بۆ نموونە: دکتۆر هاوژین سڵیوە، لە کتێبی مێژووی هەرمۆتەدا و لە باسی هەرمۆتە لە سەردەمی حەرەس قەومییدا دەڵێت: "ڕۆژی ٧ی تەممووزی ساڵی ١٩٦٣ حەوت کەس بە ناوەکانی: حوسێن شەریف ئیبراهیم، حەسەن شەریف ئیبراهیم، محەممەد عەبدولوەهاب حەوێزی، ڕەحیم کوێخا عەلی، یووسف حەنا عەبدولکەریم، حەنا یووسف تۆما، سلێمان محەممەد قاوەچی گوللەباران کران (هاوژین صلیوە، مێژووی هەرمۆتە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٩). هەروەها عەبدولمەسیح سلیمان سوور، لە کتێبی تێکۆشانی شیوعییەکانی کۆیەدا دەڵێت: " سولەیمان حەمەد قاوەچی، حەمەد ئەمین ئەحمەد ئاغای غەفووری، حەننا یووسف مەتی، یووسف حەننا عەبدولکەریم، شەفیق حەمەد، محەممەد عەبدولوەهاب گوللەباران کران" (عەبدولمەسیح سلیمان سوور، تێکۆشانی شیوعییەکانی کۆیە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٣- ٦٤). بەڵام حەسەن کاکە لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەڵێت: "ڕۆژی ١ی تەممووزی ساڵی ١٩٦٣ نۆ گەنج و پیری سڤیلی دەفەری کۆیە لە دینگەکانی شەقامەکانی شارەکە بەستران و گوللەباران کران، شەهیدەکان بریتی بوون لە: حەمەدەمین ئەحمەد عومەر ئاغا، محەممەد قاوەچی، محەممەد عەبدولوەهاب حەوێزی، حەننا، عەبدولکەریم، یووسف حەننا عەبدولکەریم، حوسێن شەریف ئیبراهیم، ڕەفیق ئەحمەد مستەفا میرە. سەبارەت بە گوللەباران کردنی ڕۆژی ٣٠ی تەممووزیش دەڵێت: "عومەر شەریف ئیبراهیم، حوسێن شەریف ئیبراهیم، حەسەن شەریف ئیبراهیم، ڕەحیمی کوێخا عەلی گوللەباران کران" (حەسەن کاکە، هەورازەکانی کاروانی تەمەنم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥- ٤٦). ئەگەرچی بۆچوونەکان جیاوازن، لە هەمان کاتدا حەسەن کاکە حوسێن شەریف ئیبراهیمی دوو جار و لە دوو شوێن و ڕێککەوتی جیاواز داناوە، کە گوللەباران کراوە.

(٢٠١) فازیل شەورۆ، ڕۆژێك لە مێژووی شاری كۆیە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩.

(٢٠٢) سولەیمان محەمەد سولەیمان، ناسراو بە (سولەیمان حەمەد قاوەچی)، ساڵی ١٩٢٥ لە گەڕەکی هەواوانی شاری کۆیە لەدایکبووە، لە بنەچەدا خەڵکی شکارتەی لای بێتوێنن، لە ناو بازاڕی شاری کۆیە چاپخانەی هەبووە، ڕۆژی ٧ی تەمموزی ساڵی ١٩٦٣ بە دەستی بەعسییەکان گوللە باران دەکرێت، دواتر لە گۆڕستانی دەروێش خدر بە خاکی دەسپێرن. (چاوپێکەوتن لەگەڵ خالید محەممەد سولەیمان، برای شەهید، کۆیە، ڕێککەوتی ٢ی شوباتی ساڵی ٢٠٢٣). خالید محەممەد سولەیمان، ساڵی ١٩٤٦ لە گەڕەکی هەواوانی شاری کۆیە لەدایکبووە، دواتر و لە ساڵی ١٩٤٩ لەگەڵ دایکی چووەتە دیوانیە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە دیوانیە تەواو کردووە، ساڵی ١٩٨٦ کۆلیەی سەربازی لە سەربازگەی ڕەشید لە بەغداد تەواو کردووە، دواتر بووە بە زابت ئیداری لە عەمارە، دواتر خانەنشین بووە، ساڵی ١٩٩٦ گەڕاوەتەوە کۆیە، ئێستا لە کۆیە نیشتەجێیە.

(٢٠٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ خالید محەممەد سولەیمان، برای شەهید، سەرچاوەی پێشوو.

(٢٠٤) حەمەد ئەمین ئەحمەد ئاغای غەفووری، ساڵی ١٩٣٩ لە شاری کۆیە لەدایکبووە، کوڕی شەشەمی ئەحمەد ئاغا بووە، لە دوای هاتنی حەرەس قەومی و حکومەتی عێراقی بۆ کۆیە دەستگیر دەکرێت و ڕۆژی ٧ی تەمموزی ساڵی ١٩٦٣ گوللە باران دەکرێت. (چاوپێکەوتن لەگەڵ ئارام ساڵح ئەحمەد ئاغای غەفووری، برازای شەهید، کۆیە، ڕێککەوتی ٢ی شوباتی ساڵی ٢٠٢٣). ئارام ساڵح ئەحمەد، ساڵی ١٩٦١ لە گەڕەکی قەڵات لەدایکبووە، قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و لە کۆیە خوێندووە، ساڵی ١٩٨٠ ئامادەیی پیشەیی لە سلێمانی تەواو کردووە، لە دوای ڕاپەڕینەوە دەستی کردووە بە کاری ڕۆژنامەوانی، لە ساڵانی نەوەدەکان بۆ ماوەی دە ساڵ بەرنامەی ئەدەبی و هونەری لە تەلەڤزیۆنی کۆیە پێشکەش کردووە، ساڵی ١٩٩٣ تا ساڵی ٢٠١٤ مامۆستا و یاریدەدەری بەڕێوەبەر بووە لە دواناوەندی مەهاباد و ئامادەیی پیشەیی کۆیە، ساڵی ٢٠٠٨ بەشی یاسای زانکۆی کۆیەی تەواو کردووە، ساڵی ٢٠١٤ بووەتە بەڕێوەبەری کتێبخانە گشتییەکانی کۆیە و تا ئێستا بەردەوامە، هەشت بەرهەمی چاپکراوی هەیە.

(٢٠٥) چـــاوپێکەتن لەگەڵ ئـــارام ســـاڵح ئەحـــمەد ئاغـــای غەفـــووری، بـــرازای شـــەهید، سەرچاوەی پێشوو.

(٢٠٦) حەنـــا یووســـف تۆمـــا، ســـاڵی ١٩٢٠ لە گونـــدی هەرمـــۆتە لەدایکبـــووە، ســـاڵی ١٩٤٨ بـــووە بە کـــارگوزار لە قوتابخـــانەی ســـەرەتایی گونـــدی هەرمـــۆتە، ٧ی تەممـــووزی ســـاڵی ١٩٦٣ گـــولله بـــاران کـــراوە. وەرگیـــراوە لە: (هـــاوژین صـــلیوە، مێـــژووی هەرمـــۆتە، ســـەرچاوەی پێشوو، ل ١١٩).

(٢٠٧) هاوژین صلیوە، مێژووی هەرمۆتە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٩- ١٢٠.

(٢٠٨) یووســـف حەنـــا عەبـــدولکەریم، ســـاڵی ١٩٣٣ لە گەڕەکـــی دیانـــانی شـــاری کـــۆیە لەدایکبـــووە، ڕۆژی ٧ی تەممـــووزی ١٩٦٣ گـــولله بـــاران کـــراوە. وەرگیـــراوە لە: (هـــاوژین صلیوە، مێژووی هەرمۆتە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٧).

(٢٠٩) هاوژین صلیوە، مێژووی هەرمۆتە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٧.

(٢١٠) شـــەفیق حەمەد ئـــۆمەر، نـــاسراو بە (شـــەفیق حەمەد چـــاپەچی)، ســـاڵی ١٩٣٣ لە کـــۆیە لەدایکبـــووە، لە نـــاو بـــازاڕی شـــاری کـــۆیە چایخـــانەی هەبـــووە، لە ڕێککەوتـــی ٧ی تەممـــووزی ســـاڵی ١٩٦٣ لە لایەن بەعســـییەکانەوە گـــولله بـــاران کـــراوە و لە گۆڕســـتانی شـــەهیدان بە خـــاک ســـپێردراوە. (چـــاوپێکەوتن لەگەڵ جەعـــفەر ئـــۆمەر حەمەد ئـــۆمەر، بـــرازای شـــەهید، کـــۆیە، ڕێککەوتـــی ٢ی شـــوباتی ســـاڵی ٢٠٢٣). جەعـــفەر ئـــۆمەر حەمەد ئـۆمەر، سـاڵی ١٩٥٧ لە کـۆیە لەدایکبـووە، تـاکوو پـۆلی سێی ناوەنـدی لە کـۆیە خوێنـدووە، دواتـــر چایخانەیـــان دانـــاوە و لەگەڵ بـــاوکی بـــووە، ســـاڵی ٢٠٠٤ بـــووەتە فەرمـــانبەر لە نووســـینگەی پۆســـتە و گەیانـــدنی کـــۆیە، ســـاڵی ٢٠٢٠ خانەنشـــین بـــووە، ئێســـتا لە کـــۆیە دادەنیشێت.

(٢١١) چـاوپێکەوتن لەگەڵ جەعـفەر ئـۆمەر حەمەد ئـۆمەر، بـرازای شـەهید، سـەرچاوەی پێشوو.

(٢١٢) محەمـــمەد عەبـــدولوەهاب جەمیـــل ئەســـعەد حەویـــزی، ســـاڵی ١٩٣٩ لە گەڕەکـــی هەواوان لەدایکبـــووە، قۆنـــاغی ســـەرەتایی و ناوەنـــدی لە کـــۆیە خوێنـــدووە، دواتـــر چـــووەتە ئامـــادەیی پیشەســـازی کەرکـــووک، بەڵام بە هـــۆی چـــالاکی سیاســـی لەوێ فەســـڵ کـــراوە، لە ٧ی تەممـــووزی ســـاڵی ١٩٦٣ بە دەســـتی بەعســـییەکان گـــولله بـــاران کـــرا و لە گۆڕســـتانی دەروێـــش خـــدر بە خـــاک ســـپێردرا. (چـــاوپێکەوتن لەگەڵ ئەمـــجەد ئەرشـــەد عەبـــدولوەهاب، نـــاسراو بە (شـــەماڵ حەویـــزی) بـــرازای شـــەهید، هەولێـــر، ڕێککەوتـــی ٢٨ی کـــانوونی دووەمـــی

ساڵی ۲۰۲۳). ئەمجەد ئەرشەد عەبدولوەهاب، ناسراو بە (شەماڵ حەویزی)، ساڵی ١٩٥٤ لە کۆیە لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لە کۆیە و ناوەندی لە هەولێر خوێندووە، ساڵی ١٩٧٥ بەشی کشتوکاڵی لە زانکۆی بەغدا تەواو کردووە، ساڵی ۲۰۰۲ ماستەری لە هەمان بوار لە زانکۆی سەلاحەدین وەرگرتووە، ساڵی ۲۰۰۹ لە زانکۆی نیکرای سلۆڤاکیا دکتۆرای بەدەست هێناوە، ساڵی ١٩٧٨ تا ساڵی ١٩٩١ پێشمەرگە بووە، ساڵی ١٩٩٣ بووەتە بەڕێوەبەری گشتی ڕاگەیاندن لە وەزارەتی ڕۆشنبیری، ساڵی ١٩٩٦ بووەتە بەڕێوەبەری گشتی خزمەتگوزارییە کشتوکاڵییەکان لە وەزارەتی کشتوکاڵ، ساڵی ۲۰۰۲ بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری و هونەر بووە، ساڵی ۲۰۱۹ خانەنشین کراوە، ئێستا لە هەولێر دادەنیشێت.

(۲١٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەمجەد ئەرشەد عەبدولوەهاب، ناسراو بە (شەماڵ حەویزی)، برازای شەهید، سەرچاوەی پێشوو؛ عەبدولمەسیح سلیمان سوور، تێکۆشانی شیوعییەکانی کۆیە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٣- ٦٤؛ ڕەهبەر سەید برایم، پرشنگەکانی کەکۆن، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ۲۰١٤، ل ٥٣؛ فازیل شەوڕۆ، کرۆنۆلۆژیای کۆیە یان مێژووی ڕووداوەکان لە ١٩٦٣/٠٦/٠٣ تا ۲۰۰٨/٧/۲٤، بەشی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨؛ کازم عومەر دەباغ، لە یادی ڕەشەکوژییەکەی تەمووزی (١٩٦٣)ی شاری کۆیە!!، سەرچاوەی پێشوو ل ۲٨.

(۲١٤) کەماڵ ڕەشاد ئاغا، ساڵی ١٩۲٩ لە گەڕەکی بەفری قەندیی لە کۆیە لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە کۆیە تەواو کردووە، ساڵی ١٩٥۲ خانەی مامۆستایانی لە بەغدا تەواو کردووە، وەکوو مامۆستا لە چەندین شوێنی جیاواز بووە، سەرەتای دامەزراندنیشی لە گوندی میرزا ڕۆستەم بووە، ژیانی هاوبەشی پێك هێناوە و خاوەنی دوو کوڕ و دوو کچ بووە، لە ١٧ی تەمووزی ساڵی ١٩٦٣ لە لایەن بەعسییەکان گوللە باران دەکرێت. (چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاواز کەماڵ ڕەشاد، کچی شەهید، هەولێر، ڕێککەوتی ۲٨ی کانوونی دووەمی ساڵی ۲۰۲۳). ئاواز کەماڵ ڕەشاد، ساڵی ١٩٥٤ لە گەڕەکی بەفری قەندیی شاری کۆیە لەدایکبووە، قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی لە کۆیە خوێندووە، ساڵی ١٩٧٧ ئامادەیی پیشەیی/ بەشی کارەبای تەواو کردووە، ساڵی ١٩٧٩ بووەتە فەرمانبەر و ساڵی ۲۰۲۰ خانەنشین بووە، ئێستا لە هەولێر دادەنیشێت.

(٢١٥) عەبدوملەسیح سلیمان سوور، تێکۆشانی شیوعییەکانی کۆیە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٢

(٢١٦) دکتۆر جەمال فەتحوڵڵا، لەبارەی شوێنی چۆنیەتی کوژران و شوێنەکەی دەڵێت: مامۆستا کەمال ڕەشید ئاغا لە کاتی وانە گوتنەوەدا گوللەباران کراوە. (جەمال فەتحوڵڵا تەیب (دکتۆر)، هێرشی حەرەس قەومی بۆ شاری کۆیە و دەوروبەری لە ساڵی ١٩٦٣دا (توێژینەوەیەکی مێژووییە)، بەشی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤). هەروەها ئەمیر حسێن دەڵێت: لە ژێر پردی معەسکەری کۆیە گوللەباران کران. (ئەمیر حسێن، شاری کۆیە و بیرەوەرییەکانم، بەشی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧). لای خۆشییەوە کازم عومەر دەباغ دەڵێت: کەمال ڕەشید ئاغای حەویزی لە ژێر پردەکانی بناری شاخی هەیبەت سوڵتان زیندەبەچاڵ کرا. (کازم عومەر دەباغ، لە یادی ڕەشەکوژییەکەی تەمووزی (١٩٦٣)ی شاری کۆیە!!، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨).

(٢١٧) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاواز کەمال ڕەشاد، کچی شەهید، سەرچاوەی پێشوو.

(٢١٨) حاجی کوڕی عەبدولباقی کوڕی ساڵح، ناسراو بە مامۆستا حاجی باقی، ساڵی ١٩٢٤ لە گەڕەکی بایزاغای کۆیە لەدایکبووە، قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی ئولای کۆیە و قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی لە شاری هەولێر تەواو دەکات، ساڵی ١٩٤٩ خانەی مامۆستایانی باڵا (دار المعلمین العالیة) لە بەغدا تەواو دەکات و ساڵی ١٩٥٠ دەبێتە مامۆستا لە شاری فەلوجە، ساڵێك دواتر دەگوازرێتەوە بۆ سلێمانی، ئەگەرچی زەمالەی خوێندنی لە ئەمریکا بۆ دەردەچێت، بەڵام لەبەر کەمی مامۆستا پەروەردەی سلێمانی ڕێگای ڕۆیشتنی پێ نادات، لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣ لە لایەن حەرەس قەومی دەستگیر دەکرێت و لە ٩ی هەمان مانگ گوللەباران دەکرێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (ئاراس عەبدولخالق عەبدوملەجید، شەهید مامۆستا حاجی عەبدولباقی و هەڵوەستەیەك (١٩٢٤- ١٩٦٣)، گۆڤاری کۆیە، ژمارە ٢٢، تەمووزی ٢٠١٢، ل ٢٥- ٢٦.

(٢١٩) ئاراس عەبدولخالق عەبدوملەجید، شەهید مامۆستا حاجی عەبدولباقی و هەڵوەستەیەك (١٩٢٤- ١٩٦٣)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦.

(٢٢٠) بۆچوونی جیاواز لەم بارەیەوە هەیە، بۆ نموونە دکتۆر جەمال فەتحوڵڵا لە وتاری هێرشی حەرەس قەومی بۆ شاری کۆیە و دەوروبەری لە ساڵی ١٩٦٣دا، دەڵێت: " ٣٠ی تەمووزی ساڵی ١٩٦٣ هەر یەك لە: ڕەحیم کوێخا عەلی حەمەد، ڕەفیق

ئەحـــمەد و مســـتەفا میـــرە گوللەبـــاران کـــران. ڕۆژی دواتـــریش هەر یەك لە: حەســـەن شـــەریف ئیبراهـــیم، حوسـێن شـــەریف ئیبراهـــیم، عـــومەر شـــەریف ئیبراهـــیم گوللەبـــاران کـــران. (جەمـــال فەتحـــوڵڵا تەیـــب (دکتـــۆر): هێرشـــی حەرەس قەومـــی بـــۆ شـــاری کـــۆیە و دەوروبەری لە ســـاڵی ١٩٦٣دا بەشـــی دووەم، ســـەرچاوەی پێشـــوو، ل ١٢- ١٤). هەرچـــی عەبدوڵەســـیح ســـلیمان ســـوورە دەڵێـــت: ڕۆژی ٣٠ی تەممـــووز هەر یەك لە عـــومەر شـــەریف ئیبراهـــیم، حوسـێن شـــەریف ئیبراهـــیم، حەســـەن شـــەریف ئیبراهـــیم و ڕەحیمـــی کوێخا عەلی (خەڵکی گوندی کێلە سپی بوو)، گوللەباران کران.

(٢٢١) عەبـــدولڕەحیم کوێخـــا عەلـــی کوێخـــا حەمەد، ســـاڵی ١٩٤٣ لە گونـــدی کێلەســـپی لەدایکبـــووە، لە ڕۆژی ٧ی تەممـــووزی ســـاڵی ١٩٦٣ لەگەڵ چەنـــد کەســـێکی دیـــکە گـــوللە بـــاران کـــراوە. (چـــاوپێکەوتن لەگەڵ چـــاوپێکەوتن لەگەڵ نەریـــمان عـــومەر کوێخـــا عەلـــی، بـــرازای عەبـــدولڕەحیم کوێخـــا عەلـــی، کـــۆیە، ڕێککەوتـــی ٣١ی کـــانوونی دووەمـــی ســـاڵی ٢٠٢٣). نەریـــمان عـــومەر کوێخـــا عەلـــی، ســـاڵی ١٩٥٩ لە گونـــدی کێلەســـپی لەدایکبـــووە، ســـاڵی ١٩٨٥ ماڵیـــان هـــاتووەتە کـــۆیە، ســـاڵی ١٩٨٦ بـــووەتە کارمەنـــدی فەرمـــانگەی کارەبـــا کۆیە و تا ئێستا بەردەوامە و لە کۆیە دادەنیشێت.

(٢٢٢) چـــاوپێکەوتن لەگەڵ چـــاوپێکەوتن لەگەڵ نەریـــمان عـــومەر کوێخـــا عەلـــی، سەرچاوەی پێشوو.

(٢٢٣) ئـــازاد عەلـــی تۆفیـــق، نـــاسراو بە ئـــازاد سەرسپی (ئـــازاد مەلا عەلـــی)، ســـاڵی ١٩٥٠ لە گونـــدی نـــازەنین لەدایکبـــووە، قۆناغەکـــانی خوێنـــدنی ســـەرەتایی، ناوەنـــدی و دواناوەنـــدی لە کـــۆیە تەواو کـــردووە، ســـاڵی ١٩٧٥ پەیمانگـــای کشـــتوکاڵی لە بەغـــدا تەواو کـــردووە. پێشـــمەرگەی دێرینـــی نەپســـاوەیە و لە ڕێکخســـتنە نهێنییەکـــانی کـــۆمەڵەدا کـــاری کـــردووە، هەروەهـــا مـــاوەی دوو ســـاڵ ســـەرۆکی شـــارەوانی کـــۆیە بـــووە، لە بەشـــێك لە گۆڤارەکـــان بە تـــایبەتی گۆڤـــاری کەکـــۆن گوتـــار لە بـــارەی بنەماڵەکـــانی کـــۆیە دەنووسـێت. (چـــاوپێکەوتن لەگەڵ ئازاد عەلی تۆفیق (ئازاد سەرسپی)، کۆیە، ڕێککەوتی ١ی شوباتی ساڵی ٢٠٢٣).

(٢٢٤) ئـــازاد مەلا عەلـــی، مەمـــی (بنەماڵەکـــانی کـــۆیە)، بەشـــی دووەم، گۆڤـــاری کەکـــۆن، ژمارە ٢٦، نیسانی ساڵی ٢٠١٣، ل ٤٢.

(٢٢٥) ڕەفیـــق ئەحـــمەد مســـتەفا، ســـاڵی ١٩٢٩ لە گونـــدی قەیســـەری دەشـــتی کـــۆیە لەدایکبـــووە، لە مـــاوەی ژیانیـــدا بە کشـــتوکاڵی و مەڕداریـــیەوە خەریـــك بـــووە، لە ســـەرەتای

سـاڵی ١٩٥٠ ژیـانی هاوبەشـی پێـك هێنـاوە، سـێ کـوڕی بە ناوەکـانی: حەمەدەمـین، تۆفیـق و گڵـوك، کچێکــی بە نــاوی لایەق هەبــووە، ســاڵی ١٩٦٣ لە لایەن بەعســییەکانەوە لە نــاو بــازاڕی شــاری کــۆیە گــوللە بــاران کــراوە. (چــاوپێکەوتن لەگەڵ حەمەدەمــین ڕەفیــق ئەحمەد، کوڕی شەهید، کۆیە، ڕێککەوتی ٣١ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٢٣).

(٢٢٦) حەســەن شــەریف ئیبراهــیم، ســاڵی ١٩٢٣ لە گونــدی مزگەوتــۆرەی دەشــتی کــۆیە لەدایکبــووە، خــاوەنی چــوار بــرا بە ناوەکــانی عــومەر، حوســێن، عوســمان، عەلــی و خوشــکێن بە نــاوی ئــامین بــوو، خێزانــدار بــوو، ســاڵی ١٩٦٣ لە لایەن بەعســییەکانەوە لە ناو بازاڕی شاری کۆیە گوللە باران کراوە.

(٢٢٧) حوســێن شــەریف ئیبراهــیم، لە گونــدی مزگەوتــۆرەی دەشــتی کــۆیە لەدایکبــووە، ژیــانی هاوبەشــی پێــك نەهێنــاوە، ســاڵی ١٩٦٣ لە لایەن بەعســییەکانەوە لە نــاو بــازاڕی شاری کۆیە گوللە باران کراوە.

(٢٢٨) عــومەر شــەریف ئیبراهــیم، لە گونــدی مزگەوتــۆرەی دەشــتی کــۆیە لەدایکبــووە، ژیــانی هاوبەشــی پێــك نەهێنــاوە، ســاڵی ١٩٦٣ لە لایەن بەعســییەکانەوە لە نــاو بــازاڕی شاری کۆیە گوللە باران کراوە.

(٢٢٩) چــاوپێکەوتن لەگەڵ حەوێــز حەســەن شــەریف، کــوڕی شــەهید، کــۆیە، ڕێککەوتــی ٣١ی کــانوونی دووەمــی ســاڵی ٢٠٢٣. حەوێــز حەســەن شــەریف، ســاڵی ١٩٦٠ لە گونــدی مزگەوتــۆرە لەدایکبــووە، لە ژیانیــدا پــتر خەریکــی کشــتوکاڵ و مەڕداری بــووە، خــاوەنی پێــنج کــوڕ و ســێ کــچە، ســاڵی ٢٠٠٠ تــا ســاڵی ٢٠٢٣ کارمەنــدی ئاســایش بــووە، ئێســتا لە شاری کۆیە دادەنیشێت.

(٢٣٠) حەمەدەمــین ڕەفیــق ئەحــمەد، ســاڵی ١٩٥٣ لە گونــدی قەیســەری دەشــتی کــۆیە لەدایکبــووە، ســاڵی ١٩٧٣ ژیــانی هاوبەشــی پێــك هێنــاوە، لە کۆتاییەکــانی شۆڕشــی ئەیلــوول بــووەتە پێشــمەرگە، دواتــریش بەردەوام بــووە، خــاوەنی چــوار کــوڕ و چــوار کــچە، ئێســتا لە کــۆیە دادەنیشــێت. (چــاوپێکەوتن لەگەڵ حەمەدەمــین ڕەفیــق ئەحــمەد، کــوڕی شــەهید، سەرچاوەی پێشوو).

(٢٣١) چــاوپێکەوتن لەگەڵ حەمەدەمــین ڕەفیــق ئەحــمەد، کــوڕی شــەهید، ســەرچاوەی پێشوو.

(٢٣٢) زۆربەی سـەرچاوەکان و ئەو کەسـانەی لە ژیانـدا مـاون و ڕووداوەکانیـان لە یـادە، یـاخود لە نـزیکەوە ئاگـادار بـوون، دەڵـێن: ڕۆژی ٣٠ی تەممـووز بـۆ جـاری دووەم چەنـد کەسـێك لە دینگەکـانی نـاو بـازاڕی شـاری کـۆیە بەسـترانەوە و گـولله بـاران کـران، بەڵام ئەوەی جێـی سـەرنجە لە بەڵگەنـامەی مـردن (صـورة قیـد الوفـاة)ی ڕەفیـق ئەحـمەد ڕۆژی ٧ی تەممـووزی سـاڵی ١٩٦٣ بە ڕۆژی مردنـی نـاوبراو دانـراوە. (بـۆ دەقـی بەڵگەنـامەی مـردن (صـورة قیـد الوفـاة) بـڕوانە پاشـکۆی ژمـارە (٤). تەنـانەت لەو وێنـانەی لە نـاو بـازاڕی کـۆیە هەڵـواسراوە، هەر ڕۆژی ٧ی تەممـووز بە ڕۆژی گـولله بـاران کردنـی دانـراوە، هەروەهـا هەمـان ڕۆژ بـۆ حەسـەن و حوسـێن دانـراوە، بەڵام ڕۆژی ٣٠ی تەممـووز بـۆ عـومەر و عەبـدولڕەحیم دانـراوە، لە کاتێکـدا بە پشـت بەسـتن بە گوتەکـانی حەمەدەمـین ڕەفیـق، ئەو سـێ بـرایە و بـاوکی و عەبـدولڕەحیم بە یەك ڕۆژ گـولله بـاران کـراون. هـیچ کەس و سـەرچاوەیەکیش ئامـاژە بەوە ناکـات کە تێکـڕای ئەو کەسـانە بەیەکەوە و لە یەك ڕۆژدا گولله باران کرابن.

(٢٣٣) چـاوپێکەوتن لەگەڵ حەمەدەمـین ڕەفیـق ئەحـمەد، کـوڕی شـەهید، سـەرچاوەی پێشوو.

(٢٣٤) عەبدولمەسـیح سـلیمان سـوور، تێکۆشـانی شـیوعییەکانی کـۆیە، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ٦٤؛ جەمـال فەتحـوڵڵا تەیـب (دکتـۆر): هێرشـی حەرەس قەومـی بـۆ شـاری کـۆیە و دەوروبەری لە ساڵی ١٩٦٣دا بەشی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢- ١٤؛

(٢٣٥) چـاوپێکەوتن لەگەڵ حەمەدەمـین ڕەفیـق ئەحـمەد، کـوڕی شـەهید، سـەرچاوەی پێشـوو؛ ڕەهـبەر سـەید بـرایم، دەشـێت لە شۆڕشـی ئەیلـوول یەکەم ژنە شـەهید و یەکەم کۆرپەی شەهید و یەکەم شێرە ژنی شەڕکەر کۆیی بوو بێت، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢.

(٢٣٦) ئەمیـر حسـێن، شـاری کـۆیە و بیرەوەرییەکـانم، بەشـی دووەم، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ٢٦- ٢٧.

(٢٣٧) فازیـل شـەوڕۆ، ڕۆژێـك لە مێـژووی شـاری کـۆیە (٣)، دیسـان لە دینگەپێچـان و گوللەبارانکردن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤- ٣٥.

(٢٣٨) چـاوپێکەوتن لەگەڵ حەمەدەمـین ڕەفیـق ئەحـمەد، کـوڕی شـەهید، سـەرچاوەی پێشوو.

(٢٣٩) کەکۆن، شەهیدانی ساڵی ١٩٦٣، گۆڤاری کەکۆن، ژمارە ٦، شوباتی ٢٠١٠، ل ٧. بە هۆی ناڕوونی ڕۆژی گوللەباران کردنی ئەو کەسانە، بەشێك لە وێنەی شەهیدەکان ڕۆژی شەهید کردنیان نەنووسراوە.

(٢٤٠) عەبدولڕەحمان ئەسعەد خدر چەلەبی (ساڵحی)، ساڵی ١٩٠٣ لە گەڕەکی هەواوان (خوار قشڵەی کۆیە) لەدایکبووە، قۆناغی سەرەتایی لە کۆیە خوێندووە و دواتر وازی هێناوە، لە سەرەتای ساڵانی ١٩٤٠ دەستی کردووە بە بازرگانی زێڕ و تووتن، لە سەرەتای ساڵی پەنجاکان کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە بۆ پەرلەمانی عێراق، یەکێك بووە لە کەسایەتییە دەوڵەمەندەکانی کۆیە، لە بەغدا خاوەن موڵکێکی زۆر بووە، ناوبراو لە ڕێککەوتی ١٢ی ئابی ساڵی ١٩٦٣ بە دەستی بەعسییەکان شەهید کرا. (چاوپێکەوتن لەگەڵ سالار عەزیز عەبدولڕەحمان، نەوەی شەهید، کۆیە، ڕێککەوتی ٣١ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٢٣). سالار عەزیز عەبدولڕەحمان، ساڵی ١٩٥٧ لە کۆیە لەدایکبووە، ساڵی ١٩٨٠ تا ساڵی ١٩٨٩ پێشمەرگە بووە، ساڵی ١٩٩٤ لە کۆیە بووەتە مامۆستا، ساڵی ٢٠٠٠ تا ساڵی ٢٠٢٠ لێپرسراوی چالاکی وەرزشی بووە لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کۆیە، ساڵی ٢٠٢٠ خانەنشین بووە، ئێستا لە کۆیە دادەنیشێت.

(٢٤١) جاسم عەبدولڕەحمان ئەسعەد، ساڵی ١٩٤٥ لە کۆیە لەدایکبووە، خوێندکاری قۆناغی ناوەندی بووە، لە ١٢ی ئابی ساڵی ١٩٦٣ لەگەڵ باوکی بە دەستی بەعسییەکان شەهید دەکرێن. (چاوپێکەوتن لەگەڵ سالار عەزیز عەبدولڕەحمان، نەوەی شەهید، سەرچاوەی پێشوو).

(٢٤٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ سالار عەزیز عەبدولڕەحمان، نەوەی شەهید، سەرچاوەی پێشوو؛ ڕەهبەر سەید برایم، دەشێت لە شۆڕشی ئەیلوول یەکەم ژنە شەهید و یەکەم کۆرپەی شەهید و یەکەم شێرە ژنی شەڕکەر کۆیی بوو بێت، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢؛ جەمال فەتحوڵڵا تەیب (دکتۆر): هێرشی حەرەس قەومی بۆ شاری کۆیە و دەوروبەری لە ساڵی ١٩٦٣دا بەشی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢- ١٤.

(٢٤٣) موحسین دزەیی، وێستگەکانی ژیانم، بەشی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣- ٤٤.

(٢٤٤) عەتیە حەمەسەعید سابیرزادە، لە ڕێککەوتی ١٤ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٤٣ لە نێو بنەماڵەی ساڵحی لە شاری کۆیە لەدایکبووە، کە بنەماڵەیەکی بەناوبانگی

دەستڕۆیشتوو بوون لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و خوێندەواری. ساڵی ١٩٤٩ لە کۆیە چووەتە قوتابخانە، ساڵی ١٩٥٥ بۆ درێژەدان بە خوێندن چووەتە بەغدا، ساڵی ١٩٥٩ بە سەرکردایەتیی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان چوونەتە لای عەبدولکەریم قاسم، ساڵی ١٩٦٠ لە کۆلێژی پزیشکی وەرگیراوە، لە هەمان ساڵ بووەتە نوێنەری یەکێتیی قوتابییانی کوردستان، ساڵی ١٩٦٧ وەك دکتۆر لە نەخۆشخانەی جمهوریی بەغدا دامەزراوە، بۆ خوێندن و ئەرکی دکتۆرایەتی چەندین وڵاتی کردووە، لەوانە: بەریتانیا و سعوودیە، لە کۆنگرەی جیهانیی کۆلێژی شاهانەی بەریتانیا لە ئەمریکا بەشداری کردووە، ئێستا لە هەولێر دادەنیشێت. وەرگیراوە لە: (عەتیە حەمەسەعیدساڵحی (دکتۆرە)، بیرەوەرییەکانم (لە کۆیەوە بۆ لەندەن)، دەستنووس، بڵاونەکراوە، ٢٠٢٢).

(٢٤٥) عەتیە حەمەسەعید ساڵحی (دکتۆرە)، بیرەوەرییەکانم (لە کۆیەوە بۆ لەندەن)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧١.

(٢٤٦) ڕەسووڵ ئەحمەد تەیب حەمەسمایل، ناسراو بە مەلا ڕەسووڵ کانی کوردەیی، لە ١ی نیسانی ساڵی ١٩٣٧ لە گوندی کانی کوردە، لە دەشتی کۆیە لەدایکبووە، ساڵی ١٩٤٥ بۆ ماوەی سێ ساڵ دەرسی ئایینیی لە گوندی کانی کوردە خوێندووە، دواتر ماوەی دوو ساڵ لە گوندی دێلێژە، لە ناوچەی مەرگە خوێندوویەتی، ساڵی ١٩٦٧ لە گوندی قەسر بووەتە مەلا، ساڵی ١٩٧٦ چووەتە گوندی سوورە قەڵا، ساڵی ١٩٧٨ چووەتە گوندی ساتوقەڵا، لە ساڵی ١٩٨٠ بە دواوە چووەتە کۆیە و درێژەی بە مەلایەتی داوە. لە ساڵی ١٩٥٧ یەکەم شیعری بە ناوی (کوردە لەبەرچی بەش بەش کراوی)، خاوەنی دیوانە شیعرێکە و شیعرەکانی بە نازناوی (دیاری) بڵاوکردووەتەوە. وەرگیراوە لە: (مەلا ڕەسووڵ کانی کوردەیی، لە هەواری کانی کوردەوە (چەپکێك لە هۆنراوەکانی دیاری)، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری زانکۆی کۆیە، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٤، ل ١٢، ١٣).

(٢٤٧) مەلا ڕەسووڵ کانی کوردەیی، لە هەواری کانی کوردەوە (چەپکێك لە هۆنراوەکانی دیاری)، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨.

(٢٤٨) مەلا ڕەسووڵ کانی کوردەیی، لە هەواری کانی کوردەوە (چەپکێك لە هۆنراوەکانی دیاری)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠.

(٢٤٩) شیلان تاهیر سالح، کۆیە لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨- ١٩٧٥، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٨- ٧٩؛ ئەمیر حسێن، شاری کۆیە و بیرەوەرییەکانم، بەشی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦- ٢٧؛ جەمال فەتحوڵلا تەیب، (دکتۆر): هێرشی حەرەس قەومی بۆ شاری کۆیە و دەوروبەری لە ساڵی ١٩٦٣دا (تویژینەوەیەکی مێژووییە)، بەشی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢.

(٢٥٠) عەبدوڵلا ئەحمەد ڕەسووڵ، ناسراو بە عەبدوڵلا ئاغای پشدەری، ساڵی ١٩٢٢ لەدایکبووە، ساڵی ١٩٤٥ پەیوەندی بە ڕیزەکانی حیزبی هیوا کردووە، ساڵی ١٩٤٦ بەشداری لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان کردووە، ساڵی ١٩٦١ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردووە، ساڵی ١٩٦٥ بووە بە فەرماندەی هێزی باڵەك، لە دوای کۆتایی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٧٥ چووەتە ئێران و ساڵی ١٩٨٠ گەڕاوەتەوە، لە ١٤ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٦ کۆچی دوایی کردووە. وەرگیراوە لە: (عەبدوڵلا ڕەحمان مەلازادە، شێوەی پێکهاتەی سەربازی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن (کورتە باسێکە لە سەر پێکهاتەی عەسکەری لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان لە ساڵی ١٩٦٥ تا ساڵی ١٩٧٥)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥).

(٢٥١) مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد (شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٢.

(٢٥٢) موحسین دزەیی، وێستگەکانی ژیانم، بەشی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠.

(٢٥٣) مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد (شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٢- ١٣٣.

(٢٥٤) فارس حەمەد باوە، ساڵی ١٩٣٣ لە گوندی مەلا قەرەی سەر بە ناحیەی دیبەگە لەدایکبووە، ساڵی ١٩٥٨ پەیوەندی بە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە، لە سەرەتای دەستپێکی شەڕ پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوولەوە کردووە، ساڵی ١٩٦٤ بووەتە سەر لق، ساڵی ١٩٦٥ بووەتە ئامر بەتالیۆنی دەشتی هەولێری سەر بە هێزی سەفین، ساڵی ١٩٦٨ بووەتە ئامر هێزی دەشتی هەولێر... لە ٢١ی ئازاری ساڵی ١٩٩٤ کۆچی دوایی کردووە. وەرگیراوە لە: (پ. ی. د. هۆشمەند عەلی مەحموود، مەحموود حەمەد شێخانی (دەنگێکی ڕەسەنی ون ١٩٢٦- ١٩٩٤)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦؛ عەبدوڵلا ڕەحمان مەلازادە، شێوەی پێکهاتەی سەربازی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن (کورتە باسێکە لە سەر پێکهاتەی عەسکەری لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان لە ساڵی ١٩٦٥ تا ساڵی ١٩٧٥)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٣).

(٢٥٥) موحسین دزەیی، وێستگەکانی ژیانم، بەشی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥.
(٢٥٦) گەلاوێژ سالح فەتاح، ناسراو بە گەلاوێژ خان، ساڵی ١٩٣٠ لە مووسڵ لەدایکبووە، لە بنەڕەتدا ڕیشەی بنەماڵەکەیان دەگەڕێتەوە باکووری کوردستان (باشووری خۆرهەڵاتی تورکیا)، خێزانی ئیبراهیم ئەحمەدە، زۆربەی ژیانی لەنێو خەبات و شۆڕشی کوردیدا بەسەر بردووە. لە بواری نووسینیشدا جێ دەستی دیارە و ئەم کتێبانەی بڵاوکردووەتەوە، (بەرەو ئەشکەوتی دلێران-سێ بەشە، دایك و کوڕ، بوکی ئاتەخان، ڕێبوارێکی سەرگەردان، کارەکەر، لەسەر باڵی سیمرخ، گەشتی کوردستان، ئەفسانەی گەلی ناوگردان، سێ چیرۆك بۆ مێردمنداڵان، بیرەوەرییە هەرگیز لەبیرنەچووەکانی من، پەڕەندەی ئیداری، اوراق من السیره الذاتیه و العالم غابة)، ناوبراو ئێستا لە سلێمانی دادەنیشێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (گەلاوێژ، بیرەوەرییە هەرگیز لەبیرنەچووەکانی من، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئۆفێست، سلێمانی، ٢٠٠٨).
(٢٥٧) گەلاوێژ، بیرەوەرییە هەرگیز لەبیرنەکراوەکانی من، بەرگی دووەم، بێ شوێنی چاپ، سلێمانی ٢٠١٨، ل ٢٢٥- ٢٣٦.
(٢٥٨) محەممەد فوئاد مەعسووم، ناسراو بە فوئاد مەعسووم، لە ڕێککەوتی ٢١ی ئازاری ساڵی ١٩٣٨ لە کۆیە لەدایکبووە، ماوەیەك لە قوتابخانە لە کۆیە دەخوێنێت، دواتر لە لای باوکی درێژە بە خوێندن دەدات، ساڵی ١٩٥٨ بۆ درێژەدان بە خوێندن دەچێتە میسر و ساڵی ١٩٦٢ بەکالۆریۆسی شەریعەی لەوێ بە دەست هێناوە، ساڵی ١٩٧٤ دکتۆرای لە فەلسەفە لە زانکۆی ئەزهەر تەواو کردووە، ساڵی ١٩٦٤ پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە، ساڵانی (١٩٧٢- ١٩٧٥) نوێنەری شۆڕشی کورد بووە لە میسر، ساڵی ١٩٩٢ سەرۆکی یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق بووە، ساڵی ٢٠١٤ بووە بە سەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، لە ٢٤ی تەممووزی ساڵی ٢٠١٤ بووەتە سەرۆك کۆماری عێراق و چوار ساڵ لەو پۆستەدا ماوەتەوە. وەرگیراوە لە: (عوسمان دەشتی (دکتۆر)، مەلا مەعسومی هەورامی (مەلا و زانا و وڵاتپەروەر)، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٨- ١٣٩).

(٢٥٩) فوئـاد مەعسـووم، کـاکی کاکـان، کـاکی هەمـووان، لە کتێبـی کـاکی کاکـان لە یـادەوەری هاوەڵانیـدا، کـۆکردنەوە و ئامـادەکردن: کـاکەمەم بۆتـانی، بەرگـی سـێیەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٧، ل ٥.

(٢٦٠) ئـاراس عەبـدولخالق عەبدولمەجیـد، نـافیز جەلال حەوێـزی مەردێکـی جـوامێر و بە ئەمەك (١٩٢١- ١٩٧٢)، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ٢٩؛ سـتار محەمـمەد ئەمـین، حەمیـد ڕەشاش و تولە ڕێیەکانی کوردایەتی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٠- ١٥١.

(٢٦١) موحسین دزەیی، وێستگەکانی ژیانم، بەشی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥.

(٢٦٢) مسـعود بـارزانی، بـارزانی و بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی کـورد (شۆڕشـی ئەیلـوول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٣.

(٢٦٣) موحسین دزەیی، وێستگەکانی ژیانم، بەشی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦.

(٢٦٤)هۆشـیار محەمـمەد ئەمـین کـۆیی، کـۆیە لە سـاڵی ١٩٦٣دا، ئینسـکلۆپیدیای هەولێـر، بەرگی چوارەم (مێژووی هاوچەرخ)، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٩٦.

(٢٦٥) مسـعود بـارزانی، بـارزانی و بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی کـورد (شۆڕشـی ئەیلـوول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٣.

(٢٦٦) موحسـین دزەیـی، بیرەوەرییەکـانم لەگەڵ دەبـابە، کـاکی کاکـان لە یـادەوەری هـاوەڵانیدا، ئامـادەکردنی: کـاکەمەم بۆتـانی، بەرگـی دووەم، چـاپی یەکەم، چاپخـانەی شـەهاب، هەولێـر، ٢٠١٧، ل ٢٨؛ کەمـال محێـدین، کـاك عـومەر لە مێـژووی ڕامیـاری کوردستاندا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٣.

(٢٦٧) مسـعود بـارزانی، بـارزانی و بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی کـورد (شۆڕشـی ئەیلـوول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٣- ١٣٤.

(٢٦٨) چـاوپێکەوتن لەگەڵ کەمـال محێـدین، سـەرچاوەی پێشـوو؛ موحسـین دزەیـی، وێستگەکانی ژیانم، بەشی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧.

(٢٦٩) گونـدی سـوێرەڵە لە ڕووی کـارگێڕییەوە سـەر بە نـاحیەی ئاشـتییە، لە بـاکوورەوە لەگەڵ گونـدی دۆنـدار، لە باشـوورەوە لەگەڵ گونـدی قازبەگیـان، لە باشـووری ڕۆژئـاوا لەگەڵ گونـدی پەلکـانە، لە ڕۆژهەڵاتەوەش لەگەڵ زنجیـرە شـاخی هەیـبەت سـوڵتان هاوسـنوورە، بە هـۆی هاوسـنوور بـوونی بە زنجیـرە شـاخی هەیـبەت سـوڵتان، شـوێن و پێگەیەکـی تـایبەتی پێشـمەرگەکانی شۆڕشـی ئەیلـوول بـووە. بـۆ زانیـاری زیـاتر بـڕوانە: (زامـدار ئەحـمەد مەلا ڕەسـووڵ، نـاحیەی ئاشـتی و گونـدەکانی، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ٣٣- ٣٩).

(٢٧٠) چاوپێکەوتن لەگەڵ سەڵاح شێخ شەرەف، سەرچاوەی پێشوو.

(٢٧١) موحسین دزەیی، وێستگەکانی ژیانم، بەشی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦.

(٢٧٢) ابـراهیم فیصـل الانصـاری، ایـام لا تنسـی (مـذکرات الفریـق الاول الـرکن ابـراهیم فیصـل الانصرـی ریـس ارکـان الجـیش العراقـی الاسـبق)، الاکـادیمیون للنشرـ والتوزیـع، طبعـة الاول، ٢٠١٩، ص ٢١٥.

(٢٧٣) مەحمـوود حەمەد ڕەسـووڵ، نـاسراو بە مەحمـوود حەمەد شـێخانی و مەحمـوودی عیسـمەتێ، سـاڵی ١٩٢٦ لە گونـدی ئیلنجـاغی گەورە لەدایکبـووە، سـاڵی ١٩٥٢ ژیـانی هاوبەشـی پێـك هێنـاوە، بەشـێکی ژیـانی لە نێـو حیزبـایەتی بـووە، لە ٢٠ی ئـابی سـاڵی ١٩٩٤ کـۆچی دوایـی کـرد و لە گۆڕسـتانی شـێخ ئەحـمەد لە شـاری هەولێـر بە خـاك سـپێردرا. بـۆ زانیـاری زیـاتر بـڕوانە: (پ. ی. د. هۆشـمەند عەلـی مەحمـوود، مەحمـوود حەمەد شێخانی (دەنگێکی ڕەسەنی ون ١٩٢٦- ١٩٩٤)، سەرچاوەی پێشوو).

(٢٧٤) حەسـەن حەیـران، یەکـێکە لە حەیرانبێـژە دیـار و ناسراوەکـانی کوردسـتان بە گشـتی و دەشـتی هەولێـر بەتـایبەتی، جیـا لە گـوتنی حەیـران تـا سـاڵی ١٩٧٠ پێشـمەرگەش بـووە، کاتێـک دووژمـن هێرشـی کردبـووایە سـەر پێشـمەرگە حەسـەن حەیـران بە لاوك و حەیـران هـانی پێشـمەرگەی داوە. نـاوبراو لە ڕێککەوتـی ١٦ی تەممـووزی سـاڵی ١٩٨٤ لە گەشـتێکی نێـوان نەغەدە و ڕەزایـیەی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان بە کارەسـاتی ئۆتۆمبێـل گیـانی لە دەسـتدا، لە سـەر وەسـیەتی خـۆی لە سـاڵی ١٩٩١ تەرمەکەی گواسـترایەوە گونـدی تەلەخیمـی گەورەی زێـدی بـاوك و بـاپیری. وەرگیـراوە لە: مـاڵپەڕی ڕووداو، ٣٣ ساڵ بەسەر کۆچی دوایی حەسەن حەیران تێدەپەڕێت، ١٦ی تەممووزی ساڵی ٢٠١٧.

https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/١٦٠٧٢٠١٧

(٢٧٥) پ. ی. د. هۆشـمەند عەلـی مەحمـوود، مەحمـوود حەمەد شـێخانی (دەنگێکـی ڕەسەنی ون ١٩٢٦- ١٩٩٤)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨.

(٢٧٦) ئەحمەد دڵزار، بیرەوەریی ڕۆژانی ژیانم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٦.

(٢٧٧) سـەروەر عەبـدولڕەحمان عـومەر (دکتـۆر)، حزبـی شـیوعیی عێـراق و مەسـەلەی کـورد (١٩٣٤- ١٩٧٥) (لێکـۆڵینەوەیەکی مێژوویـی- سیاسـییە)، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ٢٥٣- ٢٥٤؛ ڕەفیـق ڕەحـمان مـام خـول، ڕۆڵـی حیزبـی شـیوعی عێـراق لە شۆڕشـی ئەیلـول ١٩٦٣- ١٩٧٠، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٠.

(٢٧٨) ستار محەممەد ئەمین، حەمید ڕەشاش و تولە ڕێیەکانی کوردایەتی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٠.

(٢٧٩) کەریم ئەحمەد، لە یادی (کاکی کاکان)دا، کاکی کاکان لە یادەوەری هاوەڵانیدا، ئامادەکردنی: کاکەمەم بۆتانی، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٧، ل ٢٣.

(٢٨٠) ئەحمەد دڵزار، بیرەوەریی ڕۆژانی ژیانم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٨- ٢٢٥.

(٢٨١) فاتیح ڕەسووڵ، ساڵی ١٩٣١ لە گەڕەکی قەڵاتی کۆیە لەدایکبووە، ساڵی ١٩٤٤ خوێندنی سەرەتایی تەواو دەکات، دواتر درێژە بە خوێندنی ناوەندی دەدات، ساڵی ١٩٤٧ بۆ ماوەی یەك ساڵ زیندانی دەکرێت، ساڵی ١٩٤٩ بە تۆمەتی تێکدەر و ئاژاوەچی لە قوتابخانە فەسڵ دەکرێت، لە ماوەی تەمەنیدا چەندین جار دەستگیر کراوە، ساڵی ١٩٦٠ بووە ئەندامی لیژنەی هەرێمی کوردستان لە حیزبی شیوعی عێراقی، ساڵی ١٩٦٣ بووەتە پێشمەرگە، ساڵی ١٩٧٣ لە کۆنگرەی چوارەمی حیزب کرایە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیوعی، ساڵی ١٩٨٦ بۆ نەخۆشی دەچێتە سووریا، ساڵی ١٩٩٠ دەچێتە سوید، ناوبراو چەندین کتێبی نووسراو و بڵاوکراوەی هەیە. دواجار لە ٢٤ی تەمموزی ساڵی ٢٠٠٨ کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی کەکۆن بە خاك سپێردرا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (ڕەهبەر سەید برایم، سایەی هەیبە سوڵتان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٩- ٨٢؛ فازیل شەوڕۆ، تێکۆشەر فاتیح ڕەسووڵ: داربەڕوویێك باڵا لە ئاگر، گۆڤاری کەکۆن، ژمارە ٢٣، ئەیلوولی ٢٠١٢، ل ١٦؛ ئاراس عەبدولخالق عەبدوڵەجید (مافپەروەر)، فاتیح ڕەسووڵ تێکۆشەرێکی دێرین و ماندوونەناس (١٩٣١- ٢٠٠٨)، گۆڤاری کەکۆن، ژمارە ٢٤، تشرینی یەکەمی ٢٠١٢، ل ٩- ١١).

(٢٨٢) کامەران جەمال بابانزادە، جەمال حەسەن ئاغای کێلەزیندان (ژیان و بیرەوەری)، چاپی یەکەم، بێ شوێنی چاپ، ٢٠٢٠، ل ٣١- ٣٢.

(٢٨٣) ڕەفیق ڕەحمان مام خول، ڕۆڵی حیزبی شیوعی عێراق لە شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦٣- ١٩٧٠، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٢.

(٢٨٤) ئەحمەد دڵزار، بیرەوەریی ڕۆژانی ژیانم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٧- ٢٢٨.

(٢٨٥) عەبدولەسیح سلیمان سوور، تێکۆشانی شیوعییەکانی کۆیە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٢- ٦٣.

(٢٨٦) شـەوڕۆ و هـاوژین سـلێوه، ئاگردانێـك بەقەد نیشـتمان (ژیاننـامەی فـارووقی عەلـی مەولوود)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٤.
(٢٨٧) لەم بـارەیەوە حەسـەن کـاکە لە بیرەوەرییەکانیـدا دەڵێـت: "لە گونـدی کەلـکە سـماق کۆبـوونەوەیەك کرابـوو، لەوێـوە بەرەو چیـای ئـاوەگرد ڕۆیشـتبوون، لەوێ بـنکە و بارەگایـان دروسـت کردبـوو، ژمارەیـان ٥٠ پێشـمەرگە بـوو، بە چەکـی کـۆن و خـراپ، دوای جێگیـر بوونیـان فـاتیح ڕەسـووڵ، کەریـم ئەحـمەد و عـومەر لە قەڵادزێـوە چـوونە وێ، لەوێ کۆبـوونەوە کرابـوو لەگەڵ هەر یەك لە: ئەحـمەد دڵـزار، ئەسـعەد خـدر، سـاڵح عەسـکەری، شـێخ تەیـب تاڵەبـانی، بەکـر فەتحـوڵڵا، حوسـێن کێکـی و محەممەدەمـین عەبـدولڕەحمان ئامێـدی و دوو کەسـی دیـکە بەشـدار بـوون، لەوێـدا ئەحـمەد دڵـزار و ئەسـعەد خـدر وەك بەرپرسـی مەکتەبـی لیـژنەکە دانـران و بارەگـای مەکتەبـی حیـزب کەوتە ئـاوەگرد. وەرگیـراوە لە: (حەسـەن کـاکە، هەورازەکـانی کـاروانی تەمەنـم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤).
(٢٨٨) ئەحمەد دڵزار، بیرەوەریی ڕۆژانی ژیانم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٢- ٢٣٣.
(٢٨٩) خەدیـجە مسـتەفا محەمـمەد ئاغـای حەوێـزی نـاسراو بە خوشـکە فریشـتە، سـاڵی ١٩٢٦ لە کـۆیە لەدایکبـووە، خوشـکی ئەحـمەد دڵـزار و کەریـم شـارەزایە، لە تەمەنێکـی بچـووکەوە دەسـت بە کـاری ڕێکخراوەیـی دەکـات، ژنێکـی چـالاکی شـاری کـۆیە بـووە، یەکێـك بـووە لە بەشـداربووانی خۆپیشـاندانەکانی شۆڕشـی ١٤ی تەممـووزی سـاڵی ١٩٥٨. بـۆ زانیـاری زیـاتر بـڕوانە: (شـیلان گەیلانـی، ژنـانی کـورد (گوڵبژێرێـك لە ئافرەتـانی ئـافرێنەر لە ئـاوێنەی مێـژوودا)، بەرگـی دووەم، ژنـانی کوردسـتانی تورکیـا و کوردسـتانی عێـراق، نشر سنندج، سنه، ٢٠٢١، ٨٧- ٩٠).
(٢٩٠) دڵـدار جەلـیزادە، خوشـکە عـیففەت تەمەنێـك بـۆ نیشـتمان، چـاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٩، ل ١٨.
(٢٩١) حەسـەن سـمایل ئیسـماعیل، نـاسراو بە حەسـەن کـاکە، سـاڵی ١٩٣٥ لە کـۆیە لەدایکبـووە، لە تەمەنـی ٤ سـاڵیدا نێـرراوەتە سـوختەخانە، دواتـر چـووەتە قوتابخـانە، بەڵام بە هـۆی سـەختی ژیـان وازی لە خوێنـدن هێنـاوە و دەسـت بە کـار کـردووە، لە تەمەنـی گەنجیـدا تـێکەڵ بە سیاسـەت بـووە و یەکێـك بـووە لە کادیرەکـانی حیزبـی شـیوعی، نـاوبراو ئێسـتا لە ژیانـدا مـاوە و لە کـۆیە دادەنیشـێت. بـۆ زانیـاری زیـاتر بـڕوانە: (حەسـەن کـاکە، هەورازەکانی کاروانی تەمەنم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١- ١٧).

(٢٩٢) حەسەن کاکە، هەورازەکانی کاروانی تەمەنم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣.

(٢٩٣) کافیە ڕەشید، لە کەرکووك لەدایکبووە، دایکی تورکمان بووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی ئیمام قاسم و ئامادەیی لە قوتابخانەی ئامادەیی کچان لە کەرکووك تەواو کردووە، ساڵی ١٩٥٥ پەیمانگای تەواو کردووە و لە هەمان ساڵدا لە حەویجە بووەتە مامۆستای سەرەتایی، لە ڕێگەی حیزبەوە لەگەڵ عەزیز محەممەد ئاشنایەتی پەیدا دەکەن، لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٠ ژیانی هاوبەشیان پێك هێناوە، بە هۆی کاری حیزبایەتی عەزیز محەممەدەوە بۆ ماوەیەك دەربەدەر و ئاوارە بووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (سیروان ڕەحیم، عەزیز محەممەد (سیاسەتڤانێکی جیاواز)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٢٠، ل ١١٥- ١١٨).

(٢٩٤) عەزیز محەممەد، لە تەممووزی ساڵی ١٩٢٤ لە گوندی بیرکۆتی سەر بە شاری هەولێر لەدایکبووە، لە شاری هەولێر دەستی بە خوێندنی ئایینی کردووە؛ ساڵی ١٩٤١ خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە، لە هەمان ساڵ بووە بە ئەندامی پارتی هیوا؛ ساڵی ١٩٤٢ بووە بە ئەندام لە کۆمەڵەی (الشعب)؛ ساڵی ١٩٤٥ پەیوەندی بە حیزبی شیوعی عێراق کردووە، ساڵی ١٩٥٣ دەستگیر کراوە، دوای ئازاد بوونی لە ئەیلوولی ١٩٥٨ بووە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیوعی عێراق، لە هەمان کاتیشدا ئەندامی لقی کوردستانی حیزبی شیوعی عێراق بووە؛ لە تەممووزی ١٩٥٩ بووە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیوعی؛ ساڵی ١٩٦٠ بووەتە بەرپرسی لقی کوردستانی حیزبی شیوعی؛ ساڵی ١٩٦٣ چووەتە پاڵ شۆڕشی ئەیلوول؛ لە نێوان ساڵانی (١٩٦٤-١٩٩٣) سکرتێری حیزبی شیوعی عێراق بووە، لە زۆربەی ڕووداوە مێژووییەکانی کوردستان و عێراق ڕۆڵ و هەڵوێستی تایبەتی هەبووە، لە ٣١ی ئایاری ساڵی ٢٠١٧ لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد. وەرگیراوە لە: ڕەفیق ڕەحمان مام خول، ڕۆڵی حیزبی شیوعی عێراق لە شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦٣- ١٩٧٠، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١..

(٢٩٥) سیروان ڕەحیم، عەزیز محەممەد (سیاسەتڤانێکی جیاواز)، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢١- ١٢٢.

(٢٩٦) ئەحمەد دڵزار، بیرەوەریی ڕۆژانی ژیانم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٥- ٢٣٧.

(٢٩٧) ئەحــــمەد دڵـــزار، بیرەوەریـــی ڕۆژانـــی ژیـــانم، ســـەرچاوەی پێشـــوو، ل ٢٤١؛ فازیـــل شـــەوڕۆ و هـــاوژین ســـڵیوە، ئاگردانێـــك بەقەد نیشـــتمان (ژیاننـــامەی فـــارووقی عەلـــی مەولوود)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٤.

(٢٩٨) بۆ دەقی نامەکە بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٥).

(٢٩٩) ڕەفیـــق ڕەحـــمان مـــام خـــول، ڕۆڵـــی حیزبـــی شـــیوعی عێـــراق لە شۆڕشـــی ئەیلـــوول ١٩٦٣- ١٩٧٠، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩١.

(٣٠٠) هاوژین صلیوە، مێژووی هەرمۆتە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٧.

(٣٠١) موحســـین دزەیـــی، وێســـتگەکانی ژیـــانم، بەشـــی دووەم، ســـەرچاوەی پێشـــوو، ل ٤١- ٤٢.

(٣٠٢) ئەحـــــمەد دڵـــــزار، بیرەوەریـــــی ڕۆژانـــــی ژیـــــانم، ســـــەرچاوەی پێشـــــوو، ل ٢٤١؛ عەبدولمەسیح سلیمان سوور، تێکۆشانی شیوعییەکانی کۆیە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٤.

(٣٠٣) هاوژین صلیوە، مێژووی هەرمۆتە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٣.

(٣٠٤) ئەحـــــمەد دڵـــــزار، بیرەوەریـــــی ڕۆژانـــــی ژیـــــانم، ســـــەرچاوەی پێشـــــوو، ل ٢٤١؛ عەبدولمەســیح ســلیمان ســوور، تێکۆشــانی شــیوعییەکانی کــۆیە، ســەرچاوەی پێشــوو، ل ٦٤؛ جەمـــال فەتحـــوڵڵا تەیـــب، مەســـیحییەکانی کـــۆیە و بارودۆخیـــان لە کـــاتی هێرشـــی حەرەس قەومـــی لە ســـاڵی ١٩٦٣دا، مجلـــة جامعـــة التنمیـــة البشریـــة، المجلـــد ٩، العـــدد ٢، ٢٠٢٣، ل ٤٢.

(٣٠٥) جەمـــال فەتحـــوڵڵا تەیـــب، مەســـیحییەکانی کـــۆیە و بارودۆخیـــان لە کـــاتی هێرشـــی حەرەس قەومی لە ساڵی ١٩٦٣دا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١.

(٣٠٦) هاوژین صلیوە، مێژووی هەرمۆتە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٣.

(٣٠٧) جەمـــال فەتحـــوڵڵا تەیـــب، مەســـیحییەکانی کـــۆیە و بارودۆخیـــان لە کـــاتی هێرشـــی حەرەس قەومی لە ساڵی ١٩٦٣دا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١.

(٣٠٨) جەمـــال فەتحـــوڵڵا تەیـــب، مەســـیحییەکانی کـــۆیە و بارودۆخیـــان لە کـــاتی هێرشـــی حەرەس قەومی لە ساڵی ١٩٦٣دا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١.

(٣٠٩) فازیل شەوڕۆ، ڕۆژێك لە مێژووی شاری کۆیە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩.

(٣١٠) هاوژین صلیوە، مێژووی هەرمۆتە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٧- ١١٩.

(٣١١) جەمـــال فەتحـــوڵڵا تەیـــب، مەســـیحییەکانی کـــۆیە و بارودۆخیـــان لە کـــاتی هێرشـــی حەرەس قەومی لە ساڵی ١٩٦٣دا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢.

(٣١٢) فازیل شەوڕۆ، ڕۆژێك لە مێژووی شاری كۆیە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩.

(٣١٣) ڕەسوووڵ محەمەمەد ڕەسوووڵ خەلیفانی (دكتۆر)، ڕەوشی زیندانیانی كورد لە عێراق لە سەردەمی حەرەس قەومی (٨-٢-١٩٦٣ تا ١٩٦٣/١١/١٨)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٥٤.

(٣١٤) جەمال فەتحوڵلا تەیب، مەسیحییەكانی كۆیە و بارودۆخیان لە كاتی هێرشی حەرەس قەومی لە ساڵی ١٩٦٣دا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١- ٤٢.

# بەشی سێیەم

## بارودۆخی کۆیە لە ١٨ی تشرینی ١٩٦٣ تا ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠

### باسی یەکەم

### ڕووداوەکانی کۆیە لە ماوەی دەسەڵاتداری عەبدولسەلام عارف

### (١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣- ١٣ی نیسانی ١٩٦٦)

### باسی دووەم

### کۆیە لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی عەبدولڕەحمان عارف

### (١٧ی نیسانی ١٩٦٦- ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨)

### باسی سێیەم

### بارودۆخی کۆیە لە کوودەتای ١٧ی تەمووزی ساڵی ١٩٦٨ تا

### ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠

**بەشی سێیەم: بارودۆخی کۆیە لە ١٨ی تشرینی ١٩٦٣ تا ١١ی ئازاری ١٩٧٠**

**باسی یەکەم: ڕووداوەکانی کۆیە لە ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ تا ١٣ی نیسانی ١٩٦٦**

**یەکەم: کوودەتای ١٨ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٣**

بە هۆی سیاسەتی نا نیشتمانی و ململانێی ناوخۆیی حیزبی بەعس، دوای ٩ مانگ و ١٠ ڕۆژ لە چارەسەر نەبوونی ململانێی سیاسیی ناوخۆیی لە سەر دەسەڵات، (عەبدولسەلام عارف[١]) لە ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣دا بە کوودەتایەکی سەربازی کۆتایی بە دەسەڵاتی بەعسییەکان هێنا، ئەویش بە هاوکاری لەگەڵ ئەفسەرە ناسرییەکان و هەندێك لە بەعسییە میانڕەوەکان و بە ڕێککەوتن لەگەڵ (تاهیر یەحیا[٢])ی سەرۆک ئەرکانی سوپا و ڕەشید موسڵیحی دادوەری سەربازیی، دوای ئەوە ئەنجوومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش لە کەسە سەربازییەکان پێکهێنرا، لە جیاتی ئەنجوومەنی پێشوو کەسانی سەربازی و مەدەنی و بەعسییەکان بوون[٣].

لەم بارەیەوە مەسعوود بارزانی دەڵێت: "دە مانگ بە سەر کوودەتای ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣دا تێنەپەڕی بوو، ناکۆکی لە نێوان سوپایی و حەرەس قەومی و بەعسی و ناسرییەکاندا پەرەی سەند، بەعسییەکان دەستیان بەسەر هەلومەرجەکەدا گرت و کۆمەڵێکی هەڵبژاردەیان لە ئەفسەرە ناسرییەکان گرت و لە گرتووخانەیان توند کردن و هەندێکیان بە بیانووی ئەوەوە کە نیازیان بووە کوودەتایەك لە دژی بەعس بکەن، لە ژێر ئازار و سزاداندا لەناوبردن، دۆخەکە هەر بەم جۆرە مایەوە تا کێشە لە نێوان دوو قۆڵەکەی بەعس خۆیدا بەرپا بوو و بە کوودەتایەکی بەعسییانەی نوێ بڕایەوە، لە کاتی بەستراني کۆنگرەی هەرێمایەتی شەشەمدا لە بەغدا ناکۆکییەکی توندوتیژ لە نێوان ئەوانەدا کە بە

بەعسی ڕاستڕەو ناسرابوون و ئەوانەی بە بەعسی چەپڕەو ناسرابوون ڕوویدا، بەعسی ڕاستڕەو بە سەرکردایەتی (ئەحمەد حەسەن بەکر[٤]) و (سالّح مەهدی عەمماش[٥]) و بەعسی چەپڕەو بە سەرکردایەتی عەلی سالّح سەعدی بوو، لە ١٨ی تشرینی دووەم شەڕێکی خوێناوی لە نێوان بەعسییەکان خۆیاندا هەڵگیرسا[٦]."

لە دوای کوودەتا، عەبدولسەلام عارف و دارودەستە نزیکەکانی کورسییە هەستیارەکانیان لە نێوان خۆیاندا دابەش کرد، لە ناو ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و دەزگای حکومییەکاندا، عەبدولسەلام عارف خۆی بۆ پلەی سەرۆکی ئەم ئەنجوومەنە بە زیادەی پلەی سەرۆك کۆمارییەکەی دانا، هەروەها حکومەتی تازە بە سەرۆکایەتی تاهیر یەحیا هەڵبژێردرا، هەروەها حکومەتی نوێ بە شێوەیەکی فەرمی کارە وەحشیگەرییەکانی حەرەس قەومی تاوانبار کرد و هەڵوەشاندنەوەی ئەو دەزگایەی ڕاگەیاند[٧].

عەبدولسەلام عارف پاش کوودەتای ١٨ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٣ بووە کەسایەتییەکی هەرە بەهێز، لەو کاتەشدا زانی کە کۆتایی هێنان بە شەڕ لە کوردستان ڕژێمەکەی بەهێز دەکات، بۆیە هەڵوێستێکی تەکتیکی بەرانبەر بە دۆزی کورد نواند، کە بە ئاشتەوایی ناسرا، بۆیە لە یەکەم کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی دوای گرتنە دەستی دەسەڵاتدا جەختی لەوە کردەوە کە حکومەتەکەی ئامادەیە بۆ بەستنی ئاشتەوایی لەگەڵ کورددا، لە کۆنگرەکەدا هاتبوو: "حکومەت بەڕاستی بە نیازە سەرجەم توانستەکانی لە خزمەتی هاووڵاتییان دابنێت، بە چاوپۆشین لە نەتەوە و ئایین و مەزهەبیان، ئێمە لەگەڵ برایانی کورد وەك برا ژیاوین و خودا بیەوێت هەروا لەگەڵیان دەژین[٨]".

هەرچەندە عەبدولسەلام عارف باوەڕی بە وەستانی شەڕ نەبوو، بەڵام ناچار بوو هەڵوێستی بەرانبەر شەڕ لە کوردستان بگۆڕێت، چونکە تێگەیشتبوو لەوەی کە سوپا ناتوانێت هێزەکانی پێشمەرگە سەرکوت بکات، نەشیدەویست دەسەڵاتەکەی بڕووخێت، بۆیە ناچار بوو وتوویژ لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی

کوردستان بکات، ئەگەرچی بارزانی باوەڕی وا بوو کە عەبدولسەلام عارف ڕاستگۆ نییە[٩]، بەڵام ڕازی بوو. لە ڕاستیدا بارودۆخی ئابووری و سیاسی لە کوردستان هۆکارێك بوو، کە بارزانی و بەشێك لە سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بڕیاری دانوستاندن بدەن، کە ماوەیەکی زۆر بوو هێزی پێشمەرگە لە جەنگدا بوو لە دژی سوپای عێراق[١٠].

لە سەر داوای عەبدولسەلام عارف و کۆبوونەوە لەگەڵ ڕێبەرانی شۆڕشی ئەیلوول، بووە هۆی ئەوەی کە لە ڕێککەوتنی ١٠ی شوباتی ساڵی ١٩٦٤ ڕێککەوتنێك لە نێوان مستەفا بارزانی و عەبدولسەلام عارف واژۆ کرا، هەر یەکە لە عارف[١١] و بارزانی[١٢] لای خۆیانەوە بەیانیان ڕاگەیاند، دەربارەی چارەسەری مەسەلەی کورد، ئێستگەی بەغداش دەقی هەردوو بەیانی خوێندەوە، لە بەیاننامەکەی حکومەتدا هاتبوو: کە سەلماندنی مافی نەتەوایەتی بۆ برا کوردەکان جێگیر دەکرێت لە چوارچێوەی عێراقدا و یەکێتی نیشتمانی هاوبەش لەگەڵ بڕیاری ئازاد کردنی بەندکراوەکاندا، هەروەها هەڵگرتنی گەمارۆی ئابووری و گێڕانەوەی بارودۆخی ناوچەکە بۆ ئاستی سروشتی خۆی لەگەڵ ئاوەدانکردنەوەی زیانلێکەوتووان، ئەم بەیانە وەڵامدانەوە نەبوو بۆ داخوازییەکانی گەلی کورد، کە ئۆتۆنۆمی بوو لە چوارچێوەی عێراقدا، بەڵکوو جۆری ئەو مافە نەتەوایەتییەش دیاری نەکرابوو، لەگەڵ چوارچێوەی ڕێبازی مومارەسەکردنیشی، بەیانەکەی حکومەت دانی بە بوونی نەتەوەی کورد دانەنابوو لە عێراقدا، بەڵکوو لەسەر ناوی برا کوردەکان هاتبوو، هەر وەکوو دانی بە کوردستانیش دانەنابوو، کە وڵاتی کوردانە، لە جێگەی ئەوە پەنجەی بۆ ناوچەکانی باکووری عێراق ڕاکێشابوو، هەر وەکوو مەسەلەی مافی کورد لە چوارچێوەی ئەو بەیانەی تێ نەپەڕاندبوو، باری بۆ مەسەلە مامناوەندییەکان نەهێشتبووەوە[١٣]، تەنیا دانپێدانان بوو بە مافێکی ئێجگار بچووك، کە لە خۆیدا موناوەرەیەکی تری پێك دەهێنا لە لایەن حکومەتەوە بۆ سوود وەرگرتن لە کات و خۆسازدان بۆ پەلامارێکی نوێ. بەڵام ئەو بەیانەی لە لایەن بارزانی ڕاگەیاندرابوو، ڕاگرتنی شەڕی ڕاگەیاندبوو، داوای لە پێشمەرگە کردبوو بگەڕێنەوە سەر ئیش و کارەکانیان[١٤].

کەمتر لە سێ مانگ لە دوای ئەو ڕێککەوتنە کاتێك دەستووری دەستووری کاتی عێراق لە ٢٩ی نیسانی ساڵی ١٩٦٤دا ڕاگەیەنرا و چەسپا، بەڵام لە دەستووردا بە وردی و بە دیاریکراوی ئاماژە بە کورد و مافەکانیان نەدرابوو[١٤]. لە ڕاستیدا ئەم دەستوورە جگە لە ئاماژەیەکی سادە لە مادەی ١٩دا[١٦] هیچ شتێکی وای تێدا نەبوو، سەرکردایەتی کورد لە پێدانی مافە نەتەوەییەکانی کورد و ئۆتۆنۆمی دڵنیا بکاتەوە[١٧].

دەکرێت بڵێین ئەو ڕێککەوتن و بەیاننامانە بۆ هەردوولا تەنیا مانۆڕێکی کاتی بوو بە مەبەستی هەڵ قۆستنەوە، چونکە مستەفا بارزانی هەستی دەکرد ئەو ڕژێمە نیازی نییە دان بە مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کورددا بنێت، بەڵام دەیویست دۆستانی گەلی کورد ڕازی بکات و بۆ هەمووو جیهانیشی بسەلمێنێت کە ئەو لەگەڵ چارەسەری ئاشتییانەی دۆزی کوردە. هەروەها دەکرێت بڵێین: ڕاگرتنی شەڕ و دەست پێ کردنی گفتوگۆ لە لایەن مستەفا بارزانی، بە هۆکاری ئەوە بوو کە کوردستان بە هۆی هێرشی بەعسەوە کەوتبووە ژێر گوشاری سەختی ئابلۆقەی ئابوورییەوە، خواردەمەنی و سووتەمەنی زۆر گران و زەحمەت دەست دەکەوتن، ڕژێمی بەعس خەلە و خەرمان و پووش و پاوانی کوردستانی سووتاند و زۆر شوێنی وێران کرد، خەڵکی کوردستان بە گشتی لە ژیانێکی سەخت و دژواردا بوون، بۆیە بارزانی دەیویست خەڵك پشوویەکی پێدا بێتەوە[١٨].

ڕێککەوتنەکە هەم سیاسی و هەم بەرژەوەندیخوازانە بوو، بۆیە چاوەڕوان دەکرا کە بۆ ماوەیەکی زۆر درێژە نەکێشێت، دواجار هەر واش بوو، چونکە ساڵێك تێپەڕی بەسەر ڕێککەوتننامەی ١٠ی شوباتی ساڵی ١٩٦٤، کەچی حکومەت زۆر سست بوو، بۆیە پارتی داوای مانگرتنی گشتی لە کوردستان کرد، لە بەرانبەردا حکومەت بەپەلە لە سەر مانگرتنی گشتی هاتە دەنگ، وەزیری ناوخۆ لە ١١ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٥دا نامەیەکی وروژاندنی ئاراستەی پارتی کرد و پێی ڕاگەیاندن کە حکومەت دوو داواکارییە سەرەکییەکەی پارتی کە حوکمی زاتی و هێشتنەوەی هێزەکانی پێشمەرگەیە ڕەت دەکاتەوە، هەروەها دەبێت مل دەسەڵات کەچ بکەن، بۆیە سەرکردایەتی کورد هەوڵیدا دۆخەکە ئارام

بکـــاتەوە، بەڵام حکـــومەت لە ســـەر سیاســـەتی خـــۆی بەردەوام بـــوو، لە ٢٧ی شـــوباتی ســاڵی ١٩٦٥دا عەبدولســەلام عــارف پێشــوازی لە شــاندێکی ســەرۆك جاشــە کوردەکــان کــرد و لە ســەر لێــدوانە ئاگرینەکــانی بەردەوام بــوو، کە بــۆنی شــەڕیان لــێ دەهــات و گوزارشـــتیان لەوە دەکـــرد کە حکـــومەت بـــاوەڕی بە چارەســـەری ئاشـــتییانەی دۆزی کــورد نیــیە، ئیــدی لە ٢ی نیســانی ســاڵی ١٩٦٥ حکــومەت هێرشــێکی گشــتگیری بــۆ سەر کوردستان دەست پێ کرد[١٩].

لای خۆشـــییەوە ســـوبحی عەبدولحەمیـــد وەزیـــری نـــاوخۆ لە ٢ی شـــوباتی ١٩٦٥ لە لێدوانێکــدا هەڕەشــەی دەســت پــێ کــردنەوەی شــەڕی کــرد و گــوتی: "لە نییەتــی عێــراقدا نیــیە ڕەزامەنــدی لەســەر ئۆتۆنــۆمی بــۆ کوردەکــان نیشــان بــدات، نە لە ئەمــڕۆ و نە لە ئایندەشــدا، هەروەهــا چەنــد فەرمــانێکی دەرکــرد بە ڕێگریکــردن لە پێشـــمەرگە کە بچـــنە شـــارەکانی کوردســـتان، فەرمانیشـــی دەرکـــرد لە حـــاڵەتی سەرپێچی کردن لەم فەرمانانەدا دەستگیر بکرێن[٢٠]".

ئیـــدی بەم شـــێوەیە کۆتـــایی بەو ڕێککەوتـــنەی نێـــوان کـــورد و حکـــومەتی عێــراق هــات و حکــومەت لە مــانگی نیســانی ســاڵی ١٩٦٥دا دەســتی کــردەوە بە هێـــرش و پەلامـــاردانی کوردســـتان، لەو کـــاتەدا هێـــزە حکومییەکـــان لە کـــاتی ئەنجامــدانی کــردەوە ســەربازییەکان نــزیکەی ٦٥٠ گونــدی کوردیــان لە بەپیتــترین ناوچەکــان وێــران کــرد، بە شــێوەیەك تەنیــا لە ناوچەکــانی ئامێــدی و زاخــۆ و ئــاکرێ، لە کۆتــایی ســاڵی ١٩٦٥دا حکــومەت نــزیکەی ١٢٩ گونــدی کــاول کــرد، لە نــاوچەی کەرکــووکیش زیــاتر لە ٤٠ هەزار خــانووی خەڵکــی کــورد بە هــۆی بلــدۆزەر و تــانکەوە ڕووخێــنران، ژمــارەیەکی گەورەی دانیشــتووانی ئەو ناوچــانە ناچــار بــوون ڕوو بــکەنە ناوچەکـــانی ژێـــر دەســـەڵاتی هێـــزە کوردییەکـــان، بەمەش کێشـــەیەکی زۆری نیشــتەجێبوون و ئــابووری ئەم ناوچــانەی گــرتەوە، کە خۆیــان لە بنەڕەتــدا بە دەســتی نالەباری ئابوورییەوە دەیانناڵاند[٢١].

## دووەم: کۆیە لە ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ تا ١٣ی نیسانی ١٩٦٦

وەك باس کرا، لە دوای کوودەتای دووەمی لە ١٨ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٣، کەسی یەکەمی کوودەتا لە هەوڵی ئاگربەست و ڕێککەوتندا بوو لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول، لە گفتوگۆکانیشدا کۆییەکان لە لیژنەکان نوێنەر بوون، بۆ نموونە لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٣ کە گفتوگۆ دەستی پێ کرد، هەر یەك لە جەلال تاڵەبانی و مەسعوود محەممەد لە پاڵ هەر یەك لە مستەفا بارزانی، شێخ ئەحمەدی بارزانی، (نووری شاوێس[٢٢]) و عەباس مامەند ئاغا بەشدار بوون، کە لە کۆتاییدا ڕێککەوتننامەکە ١٠ی شوباتی ساڵی ١٩٦٤ واژۆ کرا[٢٣].

جێی خۆیەتی بگوترێت دوابەدوای کوودەتای عەبدولسەلام عارف، کۆبوونەوەیەکی فراوانی نوێنەرانی کوردستان لە شاری کۆیە ئەنجام درا، کە کەسایەتییەکی دیار و ڕێزلێگیراوی کوردی تێدا بوو، هەروەها لە سەر ڕاسپاردەی مەلا مستەفای بارزانی، وەفدێکی زانایانی کورد بە سەرۆکایەتی مەلا مەعسووم و بە بەشداری هەر یەك لە مەلا محەممەد قەرەداخی ئیمام و خەتیبی مزگەوتی گەورەی سلێمانی، مەلا محەممەدی دەرگەڵەیی ئیمام و و خەتیبی قەڵادزێ، مەلا ئەحمەدی سکتان ئیمام و خەتیبی سەنگەسەر، بە ناوی هەموو زانایانی ئایینی کوردستان دەچنە لای عەبدولسەلام عارف لە بەغدا، داوای چەسپاندنی ئاشتی و دۆزینەوەی چارەسەرێکی یەکجاری بۆ مەسەلەی کورد و داننان بە مافەکانی گەلی کوردی لێ دەکەن، بەڵام بەر لەوەی گفتوگۆکان بە ئەنجام بگەن، مەلا مەعسووم کۆچی دوایی دەکات[٢٤].

دیارە ئەو ڕووداوانەی پێشتر لە کوردستان ڕوویاندابوو، بووبووە هۆی پەکخستنی بەشێك لە شوێنە فەرمییەکانی حکومەت، بۆ نموونە لە ساڵانی (١٩٦٣- ١٩٦٤)دا قوتابخانەی ناوەندی لە کۆیە داخرابوو، هەروەها هەموو دامودەزگاکانی میری پەکیان کەوتبوو[٢٥]. بەڵام کاتێك ئاگربەست لە نێوان

سەرکردایەتی شۆڕش و حکومەتی عێراق ڕاگەیەنرا، بارودۆخی شارەکە تا ڕادەیەك هێور بووەوە، بە شێوەیەك لە ماوەی ڕێککەوتن کەمترین چالاکی و ڕووداوی سیاسی و سەربازی لە سنووری کۆیەدا ڕووی داوە[٢٦].

مەسعوود محەممەد لە بارەی ڕێککەوتننامەکەی ساڵی ١٩٦٤ دەڵێت: "ڕۆژی ١٠ی شوباتی ساڵی ١٩٦٤ نزیك نیوەڕۆ لێك ڕازی بوون پێك هات، مەلا مستەفا گوتی: بڕۆن هەمووتان کۆ ببنەوە و بەیاننامەیەك بنووسن بە ئارەزووی خۆتان و بە پێی بەرژەوەندیکی ڕەچاوی دەکەن، من ئیمزای دەکەم. لە هۆڵێکی گەورە هەرچی برا گەورە و قسەزان و زاپتی پەنابەر هەبوون بۆ ماوەیەکی پێویست لەسەر چەند خاڵێك ڕێککەوتن، من بەیاننامەکەم نووسی، لەگەڵ مام جەلال بردمانەوە بۆ لای مەلا مستەفا و پێمان گوت: ئیمزای بکە. لەو ڕۆژەدا کە ڕۆژە ڕەش بوو، لە لایەن نەداری و بێ دەسەڵاتییەوە شتێك بوو تێکڕای خاوەن ڕایان پەسەندیان کردبوو، هیچیشی تێدا نەبوو یەك دانە پۆلکەی ڕزیو لە کیسی کورد بدات[٢٧]." کاتێکیش ڕێککەوتننامەی ١٠ی شوبات لە نێوان هەردوولا واژۆ کرا و لە ڕادیۆی بەغدا ڕێککەوتننامەکە خوێندرایەوە، خەڵکی کۆیە شەو تا بەیانی بەم بۆنەیەوە تەقەی خۆشییان کرد[٢٨].

لە دوای ڕێککەوتننامەی ١٠ی شوباتی ساڵی ١٩٦٤ تاهیر یەحیای سەرۆك وەزیران پەیوەندی بە مەسعوود محەممەد دەکات، تا یەکێك لە وەزارەتەکان وەربگرێت، مەسعوود محەممەدیش داوای کردووە کە مۆڵەتی بدەن بۆ ئەوەی ڕای سەرکردایەتی کورد وەربگرێت، لە بەغداوە گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و چاوی بە مەلا مستەفا کەوتووە و بابەتەکەی لەگەڵ باس کردووە، ئەویش ڕازی بووە، دواتر مەسعوود محەممەد لە ڕێگەی عەلی عەبدوڵڵاوە وەڵامی مەکتەبی سیاسی بۆ هاتووەتەوە کە لارییان نییە و کارەکە جێ دەهێڵن بۆ مەسعوود محەممەد و مەکتەبی سیاسی هیچ بەرپرسیارێتییەکی ئەم هەنگاوە لە ئەستۆ ناگرێت. دوای لاری نەبوونی سەرکردایەتی کورد لە ١٧ی حوزەیرانی بە پێی فەرمانی کۆماریی ژمارە (٦٥٣/أ) لە ڕێککەوتی (١٧ی حوزەیرانی ١٩٦٤) کرا بە وەزیری دەوڵەت، ئەگەرچی حەزی لە وەرگرتنی پۆستی حکومی نەبووە، بەڵام

وای دانــا ئەمە هەنگــاوێکە لە پێنــاو بەدیهێنــانی ئاشــتی و ســەقامگیری لە عێــراق و کوردســـتان، کە ســـاڵانێکی درێـــژە هەوڵـــی بـــۆ دەدەن. هەروەهـــا لە ئـــازاری ســـاڵی ١٩٦٤ مەســـعوود محەمـــمەد چـــاوی کەوتـــووە بە عەبدولســـەلام عـــارفی ســـەرۆك کۆمـــار، تێیـــدا هەنـــدێك کێشـــە و ڕێگـــری بـــۆ بـــاس کـــرد، کە بـــوونەتە هـــۆی جێبەجـــێ نەکردنـــی هەنـــدێك بەنـــدی ڕێککەوتـــنەکە، عەبدولســـەلام عـــارفیـــش پێشـــنیازی کـــرد، کە بە ئامـــادەبوونی عەبـــدولڕەزاق ســـەید مەحمـــوودی پارێزگـــاری ســـلێمانی و نـــوێنەری حکـــومەت و ڕاســـپێردرا بـــۆ بەدواداچـــوونی ڕێککەوتـــنەکە، هەروەهـــا ئەو بـــابەتە بخـــرێتە بەردەم تـــاهیر یەحیـــای ســـەرۆك وەزیـــران، مەســـعوود محەمـــمەد نـــامەیەکی بـــۆ عەبـــدولڕەزاق ســـەید محەمـــمەدی پارێزگـــاری ســـلێمانی نـــارد و تێیـــدا داوای لـــێ کـــرد بێـــتە بەغـــدا بـــۆ ڕاوێـــژ کـــردن لەگەڵ تـــاهیر یەحیـــای ســـەرۆك وەزیـــران ســـەبارەت بە کێشـــەکانی پەیوەســـت بە بـــارودۆخی کوردســـتان، کە بە هـــۆی بەردەوامـــی کـــارە ئیســـتفزازییەکان لە لایەن هەنـــدێك هێـــزی دژی بە ئاشـــتییەوە لە ئـــارادا بـــوون، لەو چـــاوپێکەوتنەدا تـــاهیر یەحیـــای ســـەرۆك وەزیـــران جەختـــی لەوە کـــردووەتەوە کە حکـــومەت ناتوانێـــت ئۆتۆنـــۆمی بە کـــورد بـــدات، بە هـــۆی نەبـــوونی پەرلەمـــانێکی هەڵبژێـــردراو لە لایەن گەلەوە، داواکارییەکـــانی کـــوردیش بـــوونەتە ڕێگر لە بەردەم بەدیهێنانی یەکێتی لەگەڵ عەرەبدا[٢٩].

ئەو دۆخە هێنـــدەی نەخایەنـــد، چـــونکە کێشـــە و نـــاکۆکی کەوتە نێـــوان مەلا مســـتەفا و بـــاڵی مەکتەبـــی سیاســـی[٣٠]، کۆبییەکـــانیش لەو نێـــوەدا بە ســـەر ئەو دوو بـــاڵە دابەش بـــوون، هەر یەك لە عـــومەر دەبـــابە، ئـــامر هێـــزی کـــاوە، عەلـــی عەســـکەری ئـــامر هێـــزی خەبـــات، جەلال تاڵەبـــانی ئـــامر هێـــزی ڕزگـــاری لادران و هەر یەك لە کـــافی نەبەوی، نـــافیز جەلال حەوێـــزی و (ڕەشـــید ســـندی[٣١]) لە شـــوێنیان دانـــران. عەلی عەبدوڵلاش هەر لە لای بارزانی مایەوە[٣٢].

لە لایەکـــی دیـــکەوە کاتێـــك مســـتەفا بـــارزانی لە ٢٠ی حـــوزەیرانی ســـاڵی ١٩٦٤ دیـــداری لەگەڵ ئێرانییەکـــان هەبـــوو، لە کـــاتی چـــوونی بـــۆ شـــوێنی دیـــدارەکە لە حـــاجی ئـــۆمەرانی ، بـــارزانی کاروبـــاری شۆڕشـــی دابـــووە دەســـتی شـــێخ لەتیـــف شـــێخ مەحمـــوود و کـــاکە زیـــاد ئاغـــای غەفـــووری، بـــۆ دەرکردنـــی هەر بڕیـــارێکی گرنـــگ، لە هەر کـــاتێکی

پێویســـتدا. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە کۆییەکـــان لە شۆڕشـــدا لە ئاســـتێکی بەرزدا بـــوون و پـــلە و پـــایەی بەرزیـــان پـــێ دراوە. کـــاکە زیـــاد یەکێـــك بـــووە لە دڵســـۆزانی شۆڕشـــی ئەیلـــوول، بـــۆیە کاتێـــك لە ٤ی تشرـــینی یەکەمـــی ســـاڵی ١٩٦٤ بڕیـــاری دروســـتکردنی ئەنجـــوومەنی ســـەرکردایەتی شـــۆڕش درا، کـــاکە زیـــادی حەمە ئاغـــا کـــرا بە یەکێك لە ئەندامانی ئەو ئەنجوومەنە[٣٢].

لای خۆشـــییەوە ئەحـــمەد دڵـــزار، ســـەبارەت بە کـــاکە زیـــاد دەڵێـــت: "لە هـــاوینی ســـاڵی ١٩٦٤ نـــاوچەی کـــار کـــردنم هەردوو قەزای ڕانـــیە و قەڵادزێ بـــوون، بـــۆیە چـــوومە ڕانـــیە، شـــەو لە بارەگـــای هەرێمـــی کوردســـتان دەنووســـتم و بە ڕۆژیـــش خەریکـــی چـــالاکییە ڕێکـــوپێکی و ڕامیـــاری و ڕۆشـــنبیرییەکانی هاوڕێکـــانی ڕانـــیە بـــووم و جارجـــارە ســـەردانی برادەرانـــی ڕێکخـــراوی قەزای قەڵادزێـــم دەکـــرد، ئەوســـا هێزێکـــی زۆر لە ڕانـــیە بـــوو، بارەگـــای کـــاکە زیـــادی جێگـــری ســـەرۆك بـــارزانی‌ش هەر لە ڕانـــیە بوو[٣٤]." دیارە کە کاکە زیاد هەر لای بارزانی ماوەتەوە.

دوای نـــاکۆکی نێـــوان مەلا مســـتەفا و بـــاڵی مەکتەبـــی سیاســـی بـــۆ مـــاوەیەك لە ســـاڵی ١٩٦٤ قشـــڵەی کـــۆیە بـــووە بـــنکە و بارەگـــای بـــاڵی مەکتەبـــی سیاســـی[٣٥]. دیـــارە لە کـــاتی ئەو نـــاکۆکی و کەرتبـــوونە خەڵکـــی کـــۆیە نـــیگەران بـــوون، باوەڕیـــان وا بـــوو شۆڕشـــی کـــورد لاواز دەبێـــت، ئەگەرچـــی خەڵکەکەشـــی نەیتـــوانی لەم نێـــوەدا بـــێلایەن بـــن. هەڵـــبەت کـــاکە زیـــادی حەمە ئاغـــا کە ڕۆڵـــی بەرچـــاوی لە شۆڕشـــی ئەیلـــوولدا هەبـــوو، هەروەهـــا لە کـــاتی ســـەرهەڵدانی کێشـــە و نـــاکۆکی و کێشـــە لە نێـــوان ئەو دوو لایەنە هەوڵـــی ئاشـــتەوایی داوە، تەنـــانەت بەر لە دەســـت پـــێ کردنـــی کـــۆنگرەی شەشـــەمی پـــارتی لە قەڵادزێ، یەکێـــك بـــووە لەو کەســـانەی کە چـــوونە مـــاوەت بـــۆ ڕازی کردنی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی تا لە کۆنگرە ئامادە بن[٣٦].

کاتێـــك ئاگربەســـتی نێـــوان ســـەرکردایەتی شـــۆڕش و حکـــومەتی عێـــراق جێبەجـــێ نەکـــرا، بـــارودۆخەکە بەرەو خراپـــی دەچـــوو، ئیـــدی لە ناوەڕاســـتی مـــانگی نیســـانی ١٩٦٥ ســـوپایەك کە پێـــك هـــاتبوون لە لیـــوای یەك و لیـــوای چـــواردە و پـــازدە و بیســـت

و نـۆ، هێزێکـی پـتر لە ١٠٠٠٠ هەزار کەسیشـی کـۆ کـردەوە، بە مەبەسـتی هێـرش و گرتنی چیای سەفین، شەڕ بۆ ماوەی ٥٠ ڕۆژ لە سەفین بەردەوام بوو[٣٧].

سـەبارەت بە دەسـت پـێ کـردنەوەی شـەڕ لە دوای کۆتـایی ئاگربەسـت، مەسـعوود محەمـەد دەڵێـت: "کە گەیشـتە ئـازاری سـاڵی ١٩٦٥ گومـان لەوەدا نەمـا چـی ئەوتـۆ نەمـاوە شـەڕ دەسـت پـێ بکـاتەوە، بە عـارف عەبـدولڕەزاقم گـوت بە تەمـام سـەفەرێکی سـەرەوە بـکەم، وەك دوایـین هەوڵ بـۆ بە لاوەنـانی شـەڕ، بەڵێـنم دەدەیتـێ هەتـا یەك هەفـتە مـۆڵەت بێـت فـڕۆکەم بۆردوومـان ناکـات؟ گـوتی دوو هەفـتە مـۆڵەت بێـت. گەڕامەوە کـۆیە، بـۆ سـبەینەکەی چـوومە قەڵادزێ و چەنـد ڕۆژێـك مـامەوە، لە هـیچ لایەکەوە بـایی کـونی دەرزی ڕووناکـایی دیـار نەبـوو. دواجـار ڕۆژی ١٥ی ئایـار چـوومە لای فەریـق تـاهیر یەحیـای سـەرۆك وەزیـران، هەر بە زمـان و بـێ هـیچ ڕەسـمیاتێك ئیسـتیقالەمدا[٣٨]." لە هەمـان کاتـدا بە پێـی فەرمـانی کۆمـــاری ژمـــارە (٣٨٩) لە (١٥ی ئایـــاری ســـاڵی ١٩٦٥) ڕەزامەنـــدی لە ســـەر دەستلەکارکێشانەوەکەی درا[٣٩].

کاتێـك شـەڕ دەسـتی پـێ کـردەوە، خەڵکـی کـۆیە لەم نێـوەدا بـێ زەرەر و زیـان نەبـوون، بـۆ نمـوونە: لە ڕێککەوتـی ١ی ئایـاری سـاڵی ١٩٦٥ دوو فـڕۆکەی جـۆری (مێکـی ڕووسـی) ڕژێمـی عەبدولسـەلام عـارف، بۆردوومـانی دەشـتی کـۆیە و بەتـایبەتی گونـدی (قازیەگیـان[٤٠])یـان بە گـوللەی شەسـتیر و ناپـاڵم دەکەن، کە دەبێـتە هـۆی گیـان لەدەسـتدانی ٥ هـاووڵاتی گونـدەکە، کە لە نێویانـدا منـداڵێك هەبـوو، بە ناوەکـانی: عاسـمە ئەحـمەد ئیسـماعیل، زیـنەت قـادر مەحمـوود، خـاوەر ڕەزا قـادر، حەمەدەمـین خـدر ئەحـمەد (منـداڵی دوو سـاڵە)، حەپسـە حەمەد نـووری، ئەمەی دوایینیـان تەمەنـی تەنیـا ١٥ سـاڵ بـووە، لە کـاتی بۆردوومـانی فڕۆکەکـان بـۆ سـەر ئاسـمانی گونـدەکە، لە ترسـان خـۆی دەخـاتە نـاو کـونە تەیـارەوە، بەڵام بە هـۆی بەهێـزی دەنگـی ناپاڵمەکـان لە کـونە تەیـارەکەوە فڕێـی دەداتە دەرەوە، دوای ٣ ڕۆژ مـانەوەی لە نەخۆشـخانەی سـلێمانی گیـان لەدەسـت دەدات. هەر لەو بۆردوومـانەدا هـاووڵاتییەکی گونـدی سـورەقەڵا[٤١] بە نـاوی: کەریـم وەسـمان، کە بە مەبەسـتی کڕینـی دار چووبـووە گونـدی قازیەگیـان گیـان لەدەسـت

دەدات[٤٢]. تۆپباران و بۆردوومانی خەڵکی مەدەنی کۆیە و سنوورەکەی لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوولەوە هەبوو و بەردەوامیشی پێ دەدرا، بەڵام بۆردوومانی خەڵکی مەدەنی گوندەکانی دەشتی کۆیە، بەتایبەتی بە ئامانج گرتنی ژن و منداڵ، دووپات کردنەوەی ئەو باوەڕەیە کە حکومەتی عێراق بە تەنیا ویستی کۆتایی شۆڕش نییە، بەڵکوو کوشتن و هێرشی هەڕەمەکی خەڵکی ناوچەکەیە، بە بێ ڕەچاو کردنی ڕەگەز و تەمەن.

هەروەها ڕۆژی ١٥ی ئایاری ساڵی ١٩٦٥ لە لایەن بەعسییەکانەوە خەڵکێکی زۆری مەدەنی کۆیە بە شێوەی ڕەشبگیر دەستگیر کران[٤٣].

لە لایەکی دیکەوە (محەمەد مەلا قادر[٤٤]) نووسیویەتی: "کاك ڕەشید سندی، کە ئامر هێزی سەفین بوو، کاغەزێکی بۆ من نارد و نووسیبووی: بەس نانی ئێوارەمان هەیە و سبەینێ نانمان نییە. منیش بروسکەیەکم بۆ کاك (خورشید شێرە[٤٥]) کرد، کە ئەو کاتە بەرپرسی ناوچەی کۆیە بوو، لە ڕووی حیزبییەوە ئەو لە ناوچەی کۆیە بەرپرس بوو، پیاوێکی سەربازی بوو، زیرەك بوو، پیاوێکی بزێو و بە تواناش بوو، لە بروسکەکەدا نووسیبووم: وەزعمان زۆر خراپە، وەزعی جەبهەی سەفین تا بڵێی خراپە، لە ڕووی فیشەك و لە ڕووی خۆراکەوە، دەبێت لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا خواردنمان بگاتێ، ئەوە بوو کەمتر لە ٢٤ کاتژمێر یەکەم وەجبەی خواردنی نارد، ئارد و نان و ئەو شتانەی کۆکردبووەوە و بە هۆی لیژنەی ناوچەی جووتیاران ناردبوو[٤٦]."

شەڕی سەفین شەڕێکی گەورە بوو، بەرەیەکی بەرفراوانی لە ناوچەی کۆیە بەرەو دەربەندی گۆمەسپان و سەفین و ناوچەی شەقڵاوە و بەرەو چیای هەورێ و زینەتیری گرتبووەوە. لە بەرانبەردا هێزەکانی کوردستان لە چیای سەفین پێک هاتبوون لە: نزیکەی ١٠٠٠ پێشمەرگەی هێزی سەفین و ٣٠٠ پێشمەرگەی هێزی دەشتی هەولێر و هێزی بێتواتە. شایانی باسە هەندێک لە یەکە سەربازییە شەڕکەرەکانی وڵاتی میسریش کە لە دەوروبەری بەغدا نیشتەجێ کرابوون هێنران

و بەشداری ئەم شەڕەیان پێکرا[٤٧]. لەو کاتەشدا پێشمەرگەکانی لقی حاجی قەڵا بەشدارییان لە شەڕی سەفین کرد[٤٨].

دیارە ڕێگای نێوان کۆیە و تەقتەق هەمیشە شوێنی چالاکی پێشمەرگە بوو، لەوێوە گورز لە سوپای عێراقی دەدرا، چەندین بۆسە لەوێوە ئەنجام دراوە و زەرەر و زیانێکی زۆریش بەر حکومەتی عێراقی کەوتووە، بۆیە حکومەتی عێراق لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٥ خۆی بۆ هێرش ئامادە کرد[٤٩].

خورشید شێرە سەبارەت بە شەڕی ٢٥ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٥ و ڕۆژانی دوایی نووسیویەتی: "بەرەبەیانی ڕۆژی ٢٥ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٥ هێرشی بەربڵاوی دوژمن بۆ سەر پێشمەرگە دەستی پێ کرد، ناوچەی دێدەوان، گۆمەشین، (ئیلنجاغی گەورە[٥٠]) و دێگەڵە، هەموو کەوتە بەر هێرشی دوژمن و زۆربەی دێهاتەکان چۆڵ بوون، لە کاتژمێر ٧ی بەیانی زیاتر لە ١٠ فڕۆکە لە ئاسمانی ناوچەکە پەیدا بوون، هێندەی پێنەچوو لە چەندین لاوە دەنگی تۆپ دەهات و حکومەت لە چەند لایەوە هێرشی دەست پێ کرد، بەم شێوەیە: بەرەی شەقامی کۆیە- هەولێر. بەرەی تاڵەبانی بچووک، بەرەو گوندی ئیلنجاغ. بەرەی تەقتەق، بەرەو گوندی گەرمك- سێگردکان. بەرەی دێدەوان، لە قەشقە و خورخور. بەرەی بێستانە. بەرەی ڕەسووڵ بچکۆڵ. بەرەی کۆیە بەرەو دێگەڵە، لە سەر شەقامی سەرەکی. بەرەی دێگەڵە. بەرەی گوندی باخچە.

بەم شێوەیە لە هەموو لایەکەوە هێرش دەستی پێ کرد و ئێمە وەکوو لیژنەی ناوچە، یەکسەر بەرەو دەشتی کۆیە بەڕێ کەوتین و لە ڕێگا ئاگاداری بەرپرسی هەموو گوندەکانمان کرد کە پەیوەندیمان لەگەڵدا بکەن، بۆ ئەوەی پشتیوانی تەواوی بەرەکانی شەڕ بکەین، هێرشەکەش کات لە دوای کات توندتر دەبوو و بەرگری پێشمەرگەش زۆر بە سەختی بەردەوام بوو[٥١]."

لای خۆشیەوە (مەلا محەممەد بەحرکەیی[٥٢])، کە ئەو سەردەمە لە کۆیە بووە، لەم بارەیەوە دەڵێت: بۆ ئەوەی مەترسی لە سەر ئەو ناوچانە نەمێنێت، حکومەتی عێراق بڕیاریدا هێرشێکی بەربڵاو لە شەش قۆڵەوە دەست پێ بکات،

ئێمە ناومان لێ نابوو هێرشی شەش قۆڵی، ئەو دەنگوباس و زانیارییانەی ڕۆژانە پێمان دەگەیشت، پەیتا پەیتا بارەگای بارزانی و مەکتەبی سیاسی و لقی دوو و لەشکرمان لێ ئاگادار دەکردەوە، بۆ ئەو مەبەستە پێشمەرگە خرایە حاڵەتی ئامادەباشییەوە، بەرەکانی شەڕ دابەش کران، هەرچی شتی قورس هەبوو گوازرانەوە قووڵایی ناوچەکە، هەروەها بۆ هەمان مەبەست کۆبوونەوەیەکی فراوان لە نێوان بەتالیۆنی دەشتی هەولێر و نوێنەری لقی دوو، لیژنەی ناوچەی جووتیارانی هەولێر و کۆیە و سەرجەم سەر لق و لێپرسراوە سەربازییەکان بەشداری کۆبوونەوەکە کرا، لە کۆبوونەوەکە هەموو ئەگەرەکان باس کرا، شێوەی بەرگری کردن و پاشەکشە کردن و دابینکردنی خواردن بۆ بەرەکانی شەڕ... بڕیار درا لیژنەی جووتیارانی کۆیە بکرێتە دوو بەش، بەشێکیان بە سەرپەرشتی خورشید شێرە لەگەڵ لێپرسراوی کەرتی ڕێکخستن و سەردەم کادیرەکانی سنووری کەرتی ڕێکخستن بچنە گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کۆیە، نان و پێداویستییەکان کۆبکەنەوە و بیگەیەننە شوێنی دیاری کراو، مەلا محەممەد بەحرکەیی و هەندێك لە ئەندامانی ناوچە و کادیرەکانی سنووری ڕۆژئاوای کۆیە لەگەڵ بەتالیۆنی دەشتی بمێننەوە و پەیوەندی بەردەوامامان لەگەڵ فارس باوە هەبێت، ئەگەر گوندەکان چۆڵ نەبن، تا بۆمان بکرێت خواردن کۆبکەینەوە، چونکە شەڕەکە دەکەوێتە سنووری گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کۆیە، لە ترسی فڕۆکەکانی حکومەتی عێراق گوندەکان بە ڕۆژ چۆڵ دەبوون، بۆیە گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کۆیە زیاتر مسۆگەر بوون بۆ کۆکردنەوەی نان و پێداویستی، هاوکات ئەو لیژنەیەی کە دەچێتە ڕۆژهەڵاتی کۆیە پێویستە لە پێشوازی برینداراکاندا بێت.
هەروەها حکومەتی عێراق لە شەش لاوە بە پاڵپشتی چەندین فڕۆکەی جەنگی و تانك و زرێپۆشێکی زۆر لەگەڵ جاش و بەکرێگیراو دەستیان بە پەلاماردان کرد، بەم شێوەیە: لە پردێ بەرەو کەلی قەشقە. لە قوشتەپە بەرەو گوندی بێستانە و بەرزاییەکانی دێدەوان، گیرەی ڕەش، کە دەڕوانێتە سەر بەشێکی گوندەکانی کۆیە. لە هەولێر بەرەو گوندی چەمرگە و کورداوە، بەرەو بەرزاییەکانی گیرەی ڕەش. لە تەقتەق بەرەو گوندەکانی گەرمك و کانی لەلە بۆ بەرزاییەکانی گۆڕقەرەج. لە کۆیە بەرەو گوندەکانی شێخەروان و تەکەوڵ و گۆپتەپە و

گۆمەشین و شاخەپیسکە و بانیماران و چەندین گوندی دیکە. لە دەربەندی گۆمەسپان بەرەو گوندەکانی (سماق شیرن[٥٣]) و کانی دەربەند و شاخەپیسکە و بایز ئاغا.

شەڕ لە هەموو لایەکەوە زۆر بە سەختی دەستی پێ کرد، فڕۆکە جەنگییەکان زۆربەی کات بە ئاسمان دەسووڕانەوە و دەنگی تۆپخانەکانی حکومەتی عێراق لە هەموو لایەکەوە دەهات، دووکەڵی ئاگر لە زۆربەی گوندەکان بەرز دەبووەوە، زۆربەی خەڵکی گوندەکان ئاوارە و دەربەدەر بوون، حکومەت لەو هێرشە بەربڵاوە بەردەوام لە پێشڕەوی دابوو، بەرزاییەکانی دێدەوان و گیرەی ڕەش و کەلی قەشقە و گۆڕقەرەجی کۆنترۆڵ کرد و دەستی بە تۆپبارانی گوندەکان کرد. هەروەها هێزی سەربازی عێراق بە دوو تانکەوە هێرشی کردە سەر گوندەکانی شاخەپیسکە و بانیماران و گوندەکانیان سووتاند.

لە قۆڵێکی دیکەوە حکومەت بەرەو گوندی داربەسەر جووڵەی کرد، هیچ هێزێکی پێشمەرگە لە پێشیان نەبوو، بە بێ هیچ بەرگرییەك گەیشتنە گوندەکە و سووتاندیان، ئەو هێزەی بەرەو سماقەش هاتن لە گوندی ئیلنجاغی گەورە دەرچوون، هێزێکی باشی پێشمەرگەیان لە پێش بوو، شەڕ زۆر بە توندی دەستی پێ کرد، لەبەر ئەوەی دوژمن هێزێکی پیادە بوو، نەیتوانی پێشڕەوی بکەن. لەو شەڕانەدا پێشمەرگە شەهیدێك و دوو بریندار هەبوو، هێزەکانی حکومەتیش کوژرا و برینداریان هەبوو، هەروەها لە گوندی ئیلنجاغی ١٤ ڕەشەوڵاغیان کوشت[٥٤].

خورشید شێرە لە بارەی ڕووداوەکانی کۆیە لەو کاتەدا دەڵێت: ڕۆژی ٤ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٦٦ لە بەرەی گوندی تاڵەبانی بچووك، هێزێکی دوژمن بەرەو گوندی ئیلنجاغ بەڕێ کەوتن، بەڵام بۆ ڕۆژی دواتر لە پڕ حکومەت لە هەموو بەرەکانی شەڕ کشانەوە و هەموو ناوچەکەیان چۆڵ کرد. لە ئەنجامی هێرشەکەی حکومەت بۆ سەر دەشتی کۆیە و تەقتەق ٦ پێشمەرگە شەهید و ١٤ی دیکەش بریندار بوون، هەروەها ٢٠ گوندیش سووتێندران، لە لایەکی

دیکەوە ٥٠ هاووڵاتییش لە ژن و منداڵ بە بۆردوومانی فڕۆکە و تۆپخانەی حکومەت شەهید و بریندار بوون[٥٤].

مەولوود ژاکاو، ئەو کاتە لە گوندی گۆمەشینی شێخان مامۆستا بووە، سەبارەت بە چالاکییەکانی پێشمەرگە لەو سنوورە دەڵێت: "ئەگەرچی بە درێژایی ڕێگای نێوان کۆیە- هەولێر سەربازگە بوو، بەڵام سەربازگەیەك لە لای گوندی پیرەر هەبوو، جاروبار پێشمەرگە شەوانە بە سەر سەربازگەکەیاندا دەدا و تەقەیان لێ دەکردن، لە بەرانبەریشدا هێزی حکومەت بە ڕۆژ دەهاتە گوندەکە و بەدواداچوونی دەکرد[٥٦]." لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵانەی حکومەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پێشمەرگە دەیدا، بەڵام نەیدەتوانی سەرکەوتوو بێت و کۆتایی بە شۆڕشەکە بهێنێت.

**باسی دووەم: کۆیە لە ١٧ی نیسانی ١٩٦٦ تا ١٧ی تەممووزی ١٩٦٨**

**یەکەم: وەرگرتنی دەسەڵات لە لایەن عەبدولڕەحمان عارف**[٥٧]

وەك بـــاس کـــرا، لە دوای وەرگرتنـــی دەســـەڵات لە لایەن عەبدولســـەلام عـــارف، لە ڕێککەوتـــی ١٠ی شـــوباتی ١٩٦٤ ئاگربەســـت لە نێـــوان حکـــومەتی عێـــراق و ســـەرکردایەتی شـــۆڕش ڕاگەیەنـــرا، بەڵام بە هـــۆی جێبەجـــێ نەکردنـــی بـــڕگە و مادەکـــانی نێـــو بەیاننـــامەکە، لە دوای ســـاڵێك کۆتـــایی هـــات و ســـەر لە نـــوێ شـــەڕ دەستی پێ کردەوە و بەردەوام بوو.

بە شـــێوەیەکی گشـــتی لە مـــاوەی حـــوکمڕانی عەبدولســـەلام عـــارف پێـــنج کـــابینەی حـــوکمی پێکهێـــنران، لەو ماوەیەشـــدا بـــزووتنەوەی ڕزگـــاریخوازی کـــورد چەنـــدین هەوڵـــی ئاشـــتەواییدا، بەڵام بە ئەنجـــامێکی یەکلایـــی کەرەوە نەگەیشـــتن، تـــا ڕۆژی ١٣ی نیســـــانی ســـــاڵی ١٩٦٦ کە عەبدولســـــەلام عـــــارف لە ڕووداوی کەوتـــــنە خـــوارەوەی فـــڕۆکە گیـــانی لەدەســـتدا، دوای تێپەڕبـــوونی چـــوار ڕۆژ بە ســـەر ئەو ڕووداوە عەبـــدولڕەحمان عـــارفـی بـــرای لە کۆبـــوونەوەیەکی نێـــوان ئەنجـــوومەنی نـــوێنەران و ئەنجـــوومەنی بەرگـــری نیشـــتمانیدا بە ســـەرۆك کۆمـــاری عێـــراق دیـــاری کـــرا، بەمەش ســـەردەمێکی نـــوێی حـــوکمڕانی لە عێـــراق دەســـتی پـــێ کـــرد، کە بە ســـەردەمی عارفـی دووەم ناوزەند دەکرێت[٥٨].

ڕۆژێـــــك دواتـــــر (عەبـــــدولڕەحمان بەزاز[٥٩]) داوای دەستلەکارکێشـــــانەوەی پێشـــکەش بە ســـەرۆك کۆمـــاری نـــوێ کـــرد، هەر لەو ڕۆژەشـــدا عەبـــدولڕەحمان عـــارف، عەبـــدولڕەحمان بەزازی بـــۆ پێکهێنـــانەوەی حکـــومەت ڕاســـپارد و لە کـــۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووســـیدا داوای لە کـــورد کـــرد کە پارێزگـــاری لە یەکپـــارچەیی وڵات بـــکەن و هاوکـــاری بـــرا عەرەبەکانیـــان بـــن لە دابـــین کردنـــی ســـەلامەتی نیشـــتمان و بەرز

کــردنەوەی ئاســتی هەمــوو توێژەکــانی گەل، هەروەهــا هەر یەك لە ســەرۆك کۆمــار و ســەرۆك وەزیــران بەیاننامەیــان ئاراســتەی گەلــی عێــراق کــرد و لە ٢٠ی نیســانی ســاڵی ١٩٦٦دا بەیاننــامەکەی ســەرۆك کۆمــار لە ئێــزگە ڕاگەیەنــرا و تێیــدا دەری بــڕی کە بــڕوای بەو پرەنســیپانە هەیە کە پێشــتر عەبدولســەلام عــارفی بــرای بانگەشــەی بــۆ دەکــرد، بەتــایبەتی ســەروەری یاســا و یەکێتــی نــاوخۆیی و خۆشــگوزەرانی کــۆمەڵایەتی، هەروەهــا ســەرۆك وەزیــرانیش لە کــۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووســیدا لە ڕێککەوتــی ٢٣ی نیســانی ســاڵی ١٩٦٦دا جەختــی لە ســەر گوتەکــانی ســەرۆك کۆمــار لە بــارەی پێویســتی هاوکــاری کــردن و پارێزگــاری کردنــی لە یەکێتــی ڕیزەکــانی گەل کــردەوە و ڕای گەیانــد کە هەمــوو داخوازییەکــانی کــورد، تەنیــا جیــابوونەوەی لــێ دەربچێــت، دێــنە دی[٦٠]، هەروەهــا ڕایانگەیانــد کە ئامــادەن کێشــەی کــورد چارەســەر بکەن و لەو کابینەیە پلانی چارەسەر دانراوە[٦١].

لە بەرانبەریشــدا ســەرکردایەتی شۆڕشــی ئەیلــوول بــۆ بەدەســتهێنانی ڕای گشــتی، لە ١٧ی نیســانی ١٩٦٦ بــۆ مــاوەی مانگێــك ئاگربەســتی ڕاگەیانــد، ئەمەش وەك نیشــاندانی نیازپــاکی بەرانــبەر بە حکــومەتی نــوێ، تــا چــاو بە داواکارییەکــانی کورددا بخشێننەوە[٦٢].

لە ٢٨ی نیســانی ســاڵی ١٩٦٦ ســەرۆك کۆمــار لە ڕێــگەی (زەیــد ئەحــمەد عوســمان[٦٣])ەوە داوای لە بــارزانی کــرد کە وتــووێژ ئەنجــام بــدەن، لە بەرانــبەردا بــارزانی داواکەی لەلا پەســەند بــوو، بەڵام دواتــر عەبــدولڕەحمان عــارف لە ژێــر فشــاری بــاڵی توندڕەوی نــاو دامەزراوەی ســەربازیدا وتــووێژی ڕەت کــردەوە و پلانــی ســەربازی ئامــادەکراوی بــۆ داگیرکردنــی کوردســتان پەســەند کــرد، پاشــان بە کــردەوە پرۆســەکانی لە ژێــر نــاوی (توکلــت علــی الله/ پشــتم بە خــودا بەســت) ئەنجامــدا، کە تــا ڕاگەیانــدنی بەیاننــامەی ٢٩ی حــوزەیرانی ١٩٦٦ درێــژەی هەبــوو[٦٤]، داڕێــژەری پــلانەکەش وەزیــری بەرگــری لیــوا ڕوکــن (عەبــدولعەزیز عــوقەیلی[٦٥]) بــوو، کە کەسێکی توندڕەو و دەمارگیر و تا سەر ئێسقان دژی کورد بوو[٦٦].

بەم شێوەیە حکومەتی نوێ هیچ دەستکەوتێکی ئەوتۆی بۆ کورد نەهێنایە دی، هەروەها حکومەت لە سەرەتاوە باوەڕی وا بوو کە ئێران سنووری بە ڕووی شۆڕشدا کردووەتەوە و یارمەتی سەربازی و خواردەمەنی بۆ کورد دەنێرێت، بۆیە عارف هەوڵیدا پاڵپشتی ئێران لە دژی کورد بە دەست بهێنێت، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، بەم جۆرە و دوای چەندین هەوڵی دیپلۆماسی دەسەڵاتدارانی عێراق لە سەرەتای مانگی ئایاری ساڵی ١٩٦٦ پەنایان بردە بە هێرشی سەربازی و هێرشێکی بەربڵاویان بۆ سەر کوردستان دەست پێ کرد[٦٧].

شەوی ٢ لە سەر ٣ی ئایاری ساڵی ١٩٦٦ هێرش بۆ سەر کوردستان بەم شێوەیە دەستی پێ کرد، لیوای چوار پێشکەوت بۆ دەست گرتن بە سەر چیای هەندرێن و لیوای یەك بەکشان بۆ سەر بنەکاول و دۆڵی ئاکۆیان یارمەتی دەدا، لیوای سێ بە یارمەتی لیوای چواردە بەرەو زۆزگ پێش کەوت، کە بەشی زۆری جاشەکان لە هەڵمەتدا بۆ سەر زۆزگ بەشدار بوون[٦٨].

لە شەڕ و پێکدادانەکان هێزەکانی پێشمەرگە سەرکەوتوو بوون و هێزەکانی حکومەتیان ناچار کرد بە گەڕانەوە و پاشەکشە، هێزەکانی پێشمەرگە دەستکەوتی زۆریان بە دەست هێنا و حکومەت عێراقیش زەرەر و زیانێکی زۆری بەرکەوت و سەربازێکی زۆریش کوژرا[٦٩].

دوای ئەوەی حکومەتی عێراق لەوە دڵنیا بوو کە نەك هەر ئامانجەکانی لە پرۆسە سەربازییەکان نەپێکاوە، بەڵکوو لە هەندێك بەرەشدا شکستی گەورەی هێناوە، وەك (شەڕەکانی چیای هەندرێن[٧٠])، بۆیە پەنای بردە بەر ڕێوشوێنە ئاشتییەکان، بە مەبەستی خاوکردنەوەی گرژی و ئاڵۆزی بارودۆخەکە، ئیدی لە ٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٦دا جەلال تاڵەبانی لەگەڵ عەبدولڕەحمان عارف کۆبووەوە و سەرۆك کۆمار بەڵێنیدا کە یاسایەك دەربکات کە مافەکانی کورد لە خۆبگرێت، هەروەها حکومەت لە ١٥ی حوزەیران دەستەیەکی لە چەند کەسایەتییەکی کوردی لە بەغداوە نارده لای بارزانی، دوای چەندین دانیشتن و هاتووچۆی وەفد لە نێوان هەردوولا، لە ٢٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٦دا بەیاننامەی ڕێککەوتن واژۆ کرا و ئاگربەستی لەگەڵ سوپادا لێکەوتەوە[٧١].

بەیاننـــــامەکە لە ڕادیـــــۆ و تەلەڤزیـــــۆنی عێـــــراق لە بەغـــــدا لە لایەن عەبـــدولڕەحمان بەزاز و حەبیـــب محەمـــمەد کەریـــم ڕاگەیەنـــرا، حەبیـــب محەمـــمەد کەریـــم بە زمـــانی کـــوردی بەیاننـــامەکەی خوێنـــدەوە، کە بنەماکـــانی یەکێتـــی نیشـــتمانی و چارەســـەری کردنـــی کێشـــەی کـــوردی لە ١٢ مـــادە[٧٢] دیـــاری کردبـــوو، ســـێ مـــادە لەو ١٢ مـــادەیە بە هـــۆی نهێنـــی بـــوونی لە ڕێککەوتننـــامەکەدا بڵاونەکـــراوەتەوە، دوای ئەمە مەلا مســـتەفا بروســـکەی بـــۆ عەبـــدولڕەحمان عـــارف و عەبـــدولڕەحمان بەزاز نـــارد و پشـــتیوانی خـــۆی بـــۆ بەیاننـــامەکە دەربـــڕی و ئەوەی ڕاگەیانـــد کە لای خـــۆیەوە کار بۆ هەموو ئەو شتانە دەکات کە لە ڕێککەوتننامەکەدا هاتووە[٧٣].

ئەگەرچـــی لە بـــڕگەی یەکەمـــی دەقـــی بەیاننـــامەکەدا جەخـــت لەوە کـــراوەتەوە کە دەبێـــت لە دەســـتووری هەمیشـــەیی، دان بە نەتەوەی کـــورددا بنرێـــت، بەڵام ئەوە لە دەستووری کاتی ڕەنگی نەداوەتەوە.

لەگەڵ ئەمەشـــدا نـــاوەرۆکی بەیاننـــامەی ٢٩ی حـــوزەیرانی ١٩٦٦ یاســـا و بڕیارەکـــانی ڕژێمەکـــانی پێشـــووی حکـــومەتی عێـــراق لە بـــارەی مـــافە نەتەوەیـــی و سیاســـییەکانی کـــوردی تـــێ نەپەڕانـــد بـــوو، بـــۆیە دەکرێـــت بگوترێـــت تەنیـــا ئاگربەســـتێك بـــوو بـــۆ ســـوودوەرگرتن لە کـــات و ئامادەکـــاریی بـــۆ قۆنـــاغێکی نـــوێی شـــەڕ، چـــونکە ڕێککەوتـــنەکە چـــۆنیەتی جێبەجێکردنـــی مافەکـــانی کـــوردی ڕوون نەکردبـــووەوە و سنووری جوگرافیای کوردستانیشی دیاری نەکرد بوو[٧٤].

ئەگەرچـــی عەبـــدولڕەحمان عـــارف ناسیۆنالیســـتێکی عەرەبـــی کۆنەپـــارێز بـــوو، بەڵام وەك دەستپێشـــخەرییەك زۆربەی گیـــراوە سیاســـییەکانی ئـــازاد کـــرد و تـــا ڕادەیەك فەزای ئازادی ڕادەربڕین و چالاکی سیاسی ئاوەڵاتر کرد[٧٥].

لە ڕاســـــتیدا عەبـــــدولڕەحمان عـــــارف لە ڕووی بەڕێـــــوەبردن و ڕووبەڕووبـــوونەوەی کێشـــە و ئاریشـــەکان لاواز بـــوو، بە تـــایبەت لە بڕیـــاردان لە بـــارەی بـــابەتە هەســـتیارەکان، چ لە نـــاوخۆ، چ لە دەرەوە، لە نـــاوخۆ هەژمـــوونی ســـوپا و عەرەبە نەتەوەییەکان زیاتر بوو[٧٦].

هەروەها ٣٠ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٦ لە لایەن (عارف عەبدولڕەزاق[٧٧]) و ژمارەیەك لە ئەفسەرە دیارەکان هەوڵی کوودەتایان بە سەر دەسەلاتەکەی عەبدولڕەحمان عارفدا، کە لە سەرەتادا توانییان هەندێك سەرکەوتن بە دەست بهێنن، بەڵام دواجار عەبدولڕەحمان عارف بەسەریاندا سەرکەوت و کوودەتاکە کۆتایی پێ هات، ئەمە بووە هۆکارێك بۆ ئەوەی دەسەلاتەکەی بەهێز بکات[٧٨].

لە ٧ی ئابی ساڵی ١٩٦٦دا عەبدولڕەحمان بەزاز دەستی لە کار کێشایەوە و ئەرکی پێکهێنانی کابینەی نوێ بە (ناجی تالیب[٧٩]) سپێردرا، ئەویش بەڵێنیدا کە ناوەڕۆکی ڕێککەوتننامەی ٢٩ی حوزەیران جێبەجێ دەکات، کەچی ماوەیەك لە دوای وەرگرتنی دەسەلات هیچ بەندێکی جێبەجێ نەکرد، ئەگەرچی لە پەیوەندییەکانی نێوان سەرکردایەتی شۆڕش و حکومەتی عێراق، هەمیشە کاربەدەستانی عێراق و عەبدولڕەحمان عارف لە سەرووی هەموویانەوە پێداگیری لە سەر جێبەجێ کردنی بەندەکانی ڕێککەوتننامەکەی کردووە، بەڵام ئەمە تەنیا بە قسە بوو و بە کردەوە هیچ نەکرا، بەو مانایەی ئەو هەوڵانەی حکومەت تەنیا بۆ ساردکردنەوەی شۆڕش بوو[٨٠].

دوای ڕێککەوتنی ٢٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٦ی نێوان حکومەت و سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول تا ڕادەیەك سەقامگیری و بارودۆخێکی نوێ لە کوردستان هاتە کایەوە، بۆیە پارتی دیموکراتی کوردستان بە بەشداری ٢٤٥ ئەندام کۆنگرەی حەوتەمی خۆی لە ماوەی نێوان ١٥- ٢٠ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٦ بە ئامادەبوونی بارزانی لە گەلاڵە گرێدرا، لە کۆنگرەدا کە بارزانی وەك سەرۆکی پارتی هەڵبژێردرایەوە و حەبیب محەممەد کەریم وەك سکرتێری حیزب و هەر یەك لە: (مەحموود عوسمان[٨١])، ساڵح یووسفی، نووری شاوەیس، عەلی عەبدوڵڵا، (سامی عەبدولڕەحمان[٨٢])، (عەزیز عەقراوی[٨٣])، وەك ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردران[٨٤].

کات تێدەپەڕی و بڕگەکانی بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٦ جێبەجێ نەدەکران، بۆیە نیوەی یەکەمی ساڵی ١٩٦٨ بووە هۆی نەمانی متمانە

لە نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و حکومەت، بە شێوەیەك پارتی دیموکراتی کوردستان لە ٥ی ئازاری ساڵی ١٩٦٨ بەیاننامەیەکی دەرکرد و تێیدا هێرشی کردە سەر هەڵسوکەوتی حکومەت و جاشەکان دەرهەق بە بزووتنەوەی کورد[٨٤].

**دووەم: کۆیە لە ١٧ی نیسانی ١٩٦٦ تا ١٧ی تەمموزی ١٩٦٨**

ئاماژەمـــان بە بـــارودۆخی گشـــتی کوردســـتان کـــرد، کە لەگەڵ وەرگرتنـــی دەســـەڵات لە لایەن عەبـــدولڕەحمان عـــارف پەیوەنـــدییەکان بە چ ئاراســـتەیەکدا دەڕۆیشـتن، بە شـێوەیە لە مـانگی ئایـاری سـاڵی ١٩٦٦ شـەڕی هەنـدرێن ڕوویـدا، لەو شـەڕەدا (بەکـر عەبـدولکەریم حەوێـزی[٨٦])، وەك کەسـایەتییەکی کـۆیە بەشـداری لە شـەڕی بەری ڕوانـدز کـردووە، لەم بـارەیەوە مەسـعوود بـارزانی دەڵێـت: "ئاگـادار بـووین لەوەی کە حکـومەت هێـرش دەکـات، بـۆیە خۆمـان ئامـادە کـرد، رەئـیس بەکـر (بەکـر عەبـدولکەریم حەوێـزی)، مـلازم خـدر، عـومەر ئاغـای دۆڵەمەری، خـدر دەبـاغ، نەوزاد خۆشـناو و خالیـد شەمسـەدین بـوون، بە سـەرکردایەتی گشـتی عەبـدوڵڵا ئاغـای پشـدەری فەرمانـدەری هێـزی بـاڵەك و یارمەتیـدەری کەمـال نـوعمان سابیت[٨٧]."

هەروەهـا لە سـاڵی ١٩٦٦ شـەڕێك لە حـاجی قەڵا لە نێـوان حکـومەتی عێراقـی و پێشـمەرگە ڕوویـدا. دیـارە بەتـالیۆنی دووی حـاجی قەڵا، هەر یەك لە مـلازم خـدر دەبباغ، ئەحـمەد حەمەدەمـین دزەیـی، ڕەیـس بەکـر عەبـدولکەریم حەوێـزی، دکتـۆر خالیـد سـەعید، فەرهـاد ئیبراهـیم ئەفەنـدی، عیـزەددین قەرە محەمـمەد و عەریـف عەلـی مەولـوود بـۆ مـاوەیەك ئـامر بەتـالیۆن بـوون. هەر یەك لە: بورهـان ئاغـا، عوسـمان کـۆرەکی، شـێخ حەسیب، گوڵەبـاخ کـۆیی (پـورزا)، مەغدیـد ئیسـماعیل و حەسـەن سـۆفی بـۆ مـاوەیەك سـەر لـق بـوون. هەڵـبەت مـاوەیەك گوڵەبـاخ ئـامر بەتـالیۆنی دۆڵـی خەلەکـان بـوو. هەروەهـا هێـزی سـەفین سـنووری چـالاکی لە هیـزۆپ، هەیـبەت سـوڵتان، حـاجی قەڵا، دۆڵـی سـماقووڵی، بـاواجی، دەربەنـدی گۆمەسـپان و بەسـتۆڕە، تـاکوو زێـی گەورە و نـاوچەی زرارەتـی و دەشـتی هەریـر و میـراوە و کلاوقاسـم و دۆڵـی هیـران، بە درێژایـی تـاوەکوو جەلـی و سـکتان، سنووری قەزای شەقڵاوە و قەزای کۆیە دەگرتەوە[٨٨].

جێــی خــۆیەتی بگوترێــت کە دەشــتی کــۆیە ســەر بە لەشــکری دوو بــوو، کە ســنووری لە نێــوان زێــی گەورە و زێــی بچــووك و هەمــوو پارێزگــای هەولێــر و دۆڵــی خەلەکــان و بیتــوێن و پشــدەری دەگــرتەوە، لە ســاڵی ١٩٦٥ بە دواوە ئەو لەشــکرە لە حەوت بەتــالیۆن پێــك هــاتبوو، بەم شــێوەیە: بەتــالیۆنی یەکــی دەشــتی هەولێــر، بەتــالیۆنی دووی حــاجی قەڵا، بەتــالیۆنی ســێی ســەفین، بەتــالیۆنی چــواری پشــدەر، بەتالیۆنی پێنجی باڵەك، بەتالیۆنی شەشی بێتواتە، بەتالیۆنی حەوتی ئاکۆ[٨٩]

دوای ئەوەی لە ڕێــگەی شــەڕەوە حکــومەتی عێــراق نەیتــوانی کۆتــایی بە بــزووتنەوەی ڕزگــاریخوازی کــورد بهێنێــت، جــارێکی دیــکە پەنــای بــردە بە گفتوگــۆ، بــۆ ئەم مەبەســتەش ســەرکردایەتی شۆڕشــی کــورد لیژنەیەکــی لە ئاســتێکی هەرە بەرز پێــك هێنــا، کە لە ئەنجامــدا ڕێککەوتنــامەی ٢٩ی حــوزەیرانی ســاڵی ١٩٦٦ی لــێ بەرهەم هــات، لە کــاتی هەوڵ و دانوســتانەکان بــۆ ڕێککەوتــن لەگەڵ حکــومەتی عێــراق، کۆییەکــان ڕۆڵــی بەرچاویــان هەبــوو، هەر یەك لە حەبیــب محەمــەد کەریــم، عەلــی عەبــدوڵڵا، نــافیز جەلال، کە خەڵکــی کــۆیە بــوون، لەگەڵ ســالح یووســفی، موحســین دزەیــی ئەنــدامی لیــژنەی دانوســتان بــوون، هاوکــات هەر یەك لە نــافیز جەلال و موحســین دزەیــی لە لیــژنەی تەنســیق دانرابــوون، لە کۆتاییشــدا ڕێککەوتنــامەی ٢٩ی حــوزەیرانی ســاڵی ١٩٦٦ لە نێــوان ســەرکردایەتی شــۆڕش و حکومەتی عێراق واژۆ کرا و حکومەت دانی بە مافەکانی کورد دانا[٩٠].

لە دوای دەرکردنــی بەیاننــامەی ٢٩ی حــوزەیرانی ســاڵی ١٩٦٦ و وەك نیشــاندانی بــاش بــوونی پەیوەنــدییەکانی نێــوان هەردولا، مەســعوود محەمــەد لە کــانوونی یەکەمــی ســاڵی ١٩٦٦ بە پێــی فەرمــانی کۆمــاری ژمــارە (١٣٠٦) لە ڕێککەوتــی ٢٢ی کــانوونی یەکەمــی ســاڵی ١٩٦٦ کــرا بە ئەنــدامی ئەنجــوومەنی ڕاژە[٩١].

لە دوای ڕێککەوتنــامەی ٢٩ی حــوزەیران تــا ڕادەیەك بــارودۆخەکە بەرەو باشــی دەچــوو، بــۆیە پــارتی دیمــوکراتی کوردســتان لە ١٥ی تشرــینی دووەمــی ســاڵی ١٩٦٦ لە گەڵاڵە کــۆنگرەی حەوتەمــی گرێــدا، لەو کــۆنگرەیەدا دەســتوورێك بــۆ

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دانرا و ئەرك و پێویستی کارەکانیشی دابەش کرد و چەند ئەندامێك بۆ کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران، لەو نێوەدا هەر یەك لە: عەلی عەبدوڵلا بۆ کاروباری دارایی و نافیز جەلال بۆ لیژنەی باڵای ئاشتی دیاری کران[٩٢].

ئەگەرچی ڕێککەوتننامەی ٢٩ی حوزەیران واژۆ کرا، بەڵام بە هۆی ئەوەی جێبەجێ نەدەکرا، جاروبار شەڕ لە ناوچە کوردییەکان ڕووی دەدا، بۆ نموونە لە ئێوارەی جەژنی ڕەمەزانی ساڵی ١٩٦٧ هێزێکی پێشمەرگە بە فەرماندەیی دکتۆر خالید لە کاتی فتار کردنەوە هێرشیان کردە سەر قشڵەی کۆیە و دوای شەڕ و پێکدادان ژمارەیەك سەرباز و چەکدار کوژران و دەست بە سەر قشڵە گیرا، لە بەرانبەردا هەر ئەو شەوە تانکێکی سەربازی لە بەر دەرگای سەراوە کەوتە مووشەك باران کردنی قشڵە و دەرگاکەی تێك شکاند، لەو کاتەشدا دوو پێشمەرگە شەهید بوون، کە یەکێکیان سەر لق بوو بە ناوی حەمەدەمین ئازاد[٩٣].

لە لایەکی دیکەوە لە نیسانی ساڵی ١٩٦٧ تاهیر یەحیا سەرۆکایەتی کوتلەیەکی سیاسی کرد بۆ ڕووخانی حکومەتەکەی ناجی تالیب، بۆ ئەو مەبەستەش داوای لە مەسعوود محەممەد کرد هاوکاری بکات، بەڵام مەسعوود محەممەد داواکەی ڕەت کردەوەوە و ئامادە نەبوو هاوکاری بکات[٩٤].

لە دواتردا، کاتێك ناجی تالیب لە یەکی ئابی ساڵی ١٩٦٧ دەستی لەکارکێشایەوە و تاهیر یەحیا دیاری کرا تا کابینەی نوێی وەزارەت پێك بهێنێت، بە مەبەستی جێبەجێ کردنی بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٦ لیژنەیەك پێك هێنرا، کە نافیز جەلال ئەندامی ئەو لیژنەیە بوو[٩٥].

یەکێك لە چالاکییەکانی دیکەی ئەو ماوەیەی کۆیە، بەستنی کۆنفرانسی سێیەمی حیزبی شیوعی بوو، دیارە ئەو کۆنفرانسە لە کۆتایی مانگی تشرینی دووەم و سەرەتای مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٧، لە ماڵی عەلی مەولوود لە گوندی داربەسەری نزیك کۆیە بەسترا، کۆنفرانسەکە ١٠ ڕۆژی خایاند، لەو

کۆنفرانسەدا ٥٥ نوێنەر و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەرانی دەستە تایبەتییەکان ئامادە بوون، کە باس لەم خاڵانە کران:

١- هەڵسەنگاندنی سیاسەتی حیزب لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٥٦ بۆ ١٩٦٧.
٢- پرۆژەی بەرنامەی پەیڕەوی ناوخۆی حیزب.
٣- تەکتیکی حیزب و شێوەی خەباتی داهاتوو.
٤- پاراستنی یەکێتیی ڕیزەکانی حیزبی دژی کەرتکاران.
٥- پرۆژە و بڕیارەکان.

ئەندامانی کۆنفرانسەکە لە ڕووی نەتەوەیی و چینایەتییەوە بەم جۆرە پێك هاتبوون: سێیەکیان ئەندامان کرێکار بوون، ٦٥%یان عەرەب بوون، ٣١%یان کورد بوون، ڕێژەکەی دیکەش کەمایەتی بوون. کۆنفرانسەکە سێزدە ئەندامی بۆ کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژارد، لەگەڵ ٢ ئەندامی یەدەگ، هەروەها لەو کۆنفرانسەی کۆیەدا بڕیار درا ناوی لقی کوردی بکرێتە لیژنەی هەرێمی کوردستانی حیزبی شیوعی عێراق و مافی ئەوەشی پێدرا کۆنگرەی خۆی ببەستێت، بەو مەرجەی لیژنەی ناوەندیی حیزبی شیوعی پەسەندی بکات[٩٦].

زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی کە لەم کۆنفرانسە بەشدار بووە، لەم بارەیەوە دەڵێت: "لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٧ کۆنفرانسی سێی حیزب لە ناوچەی کۆیە لە گوندی داریەسەر بەستر، نوێنەرانی ڕواندز و باڵەکایەتی ئەمانە بوون: ئەکرەم ئاکرەیی، مەلا غەفوور ڕایەتی، زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی، نەجمەدین مامۆ هەریری، لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی چەکدار، شەوێك لە لای ئەحمەد دڵزار ماینەوە[٩٧]."

وەك باس کرا نیوەی یەکەمی ساڵی ١٩٦٨ کە ماوەی نەبوونی متمانە بوو لە نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و حکومەتی عێراق، ئەوە بوو پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەیاننامەی ٥ی ئازاری ساڵی ١٩٦٨ هێرشی کردە سەر هەڵسوکەوتی حکومەت و جاشەکان دەرهەق بە بزووتنەوەی کورد، لە ئەنجامی ئەو بەیاننامەیە و لە ٥ی ئازاری ساڵی ١٩٦٨ پێشمەرگە بە سەرکردایەتی عەریف

عوسـمان یووسـف و دکتـۆر خالیـد سـەعید بۆسـەیەکیان لە نزیـك كـۆیە بـۆ سـەرۆك جاشـێکی کـورد بە نـاوی حەوێـز مـام یەحیـا دانـا، لەو بۆسـەیەدا حەوێـز مـام یەحیـا پێوە بوو و کوژرا[٩٨].

**باسـی سـێیەم: بـارودۆخی کـوێیە لە کوودەتـای ١٧ی تەممـووزی سـاڵی ١٩٦٨ تـا ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠**

**یەکەم: وەرگرتنەوەی دەسەڵات لە لایەن بەعسییەکانەوە**

عەبـدولڕەحمان عـارف یش هاوشـێوەی عەبدولسـەلام عـارف و حکـومەت و دەسـەڵاتدارە جیاوازەکـانی پێشـتر نەیتـوانی کێشـەی کـورد چارەسـەر بکـات، بەڵکـوو لە هەوڵـی ئەوەدابـوون بە هـۆی بەیاننـامە و ڕێککەوتنەکـانەوە کـات بەڕێ بـکەن، تـاکوو دەسـەڵاتی خۆیـان بەهێـز دەکەن، بەو مانـایەی ویسـتی جێبەجـێ کردنـی داواکارییەکـان کـورد و خاڵەکـانی نێـو بەیاننـامەی ٢٩ی حـوزەیرانی سـاڵی ١٩٦٦ی نەبـوو، تـا لە ئەنجامـدا کوودەتـای بەسـەردا کـرا و کۆتـایی بە دەسـەڵاتی عەبدولڕەحمان عارفیش هات.

لە ١٧ تەممـووزی سـاڵی ١٩٦٨ دوای دەستبەسـەرداگرتنی ناوەنـدەکانی ڕاگەیانـدن و وەزارەتـی بەرگـری و بارەگـای سـەرەکی گـاردی کۆمـاری بەعسـییەکان کوودەتـای دووەمـی لە قۆنـاغی عەبـدولڕەحمان عـارف ئەنجامـدا، پـاش دەسـتگیرکردنی ژمـارەیەکی زۆر لە گەورە کاربەدەسـتانی دەوڵەت، عەبـدولڕەحمان عارف ڕەوانەی دەرەوەی وڵات کرا[٩٩].

لە ١٧ی تەممـووزی سـاڵی ١٩٦٨ بـۆ جـاری دووەم حیزبـی بەعـس بە کوودەتـایەکی سـەربازی جـڵەوی حـوکمی عێـراقی گـرتەوە دەسـت[١٠٠]، کۆتـایی هێنـان بە شـەڕ یەکێـك بـوو لە ئەجێنـدا هەنووکەییەکـانی لە دوای وەرگـرتنەوەی دەسـەڵات[١٠١]، چـونکە بەعسـییەکان پەنـدیان لە یەکەم تـاقیکردنەوەی حـوکمڕانی خۆیـان وەرگـرت، ئەم جارەیـان بە ئەزمـوونەوە دەسـەڵاتیان گـرتە دەسـت، بە

بەرگێکی نوێوە هاتنە سەر شانۆی دەسەڵات، چونکە دەیانزانی شۆڕشی کورد هۆکارێکی گرنگی ڕووخان و شکستهێنانی حکومەتەکانی ڕابردوو بووە، هەر بۆیە لە بەیاننامەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق، کە کوودەتاچییەکان پێکیان هێنابوو، ئاماژەیان بە کێشەی کورددا و گلەییان لە ڕژێمەکانی پێشوو کرد، کە هیچ هەنگاوێکی ئەرێنییانەیان بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە نەگرتووەتەبەر، هەروەها ڕایانگەیاند کە لە بەرنامەی سیاسی ناوخۆییاندا مەبەستیانە کۆتایی بە کێشەی باکوور بهێنن[١٠٢].

سەرکردایەتی نوێی بەعسییەکان بە سەرۆکایەتی ئەحمەد حەسەن بەکر و ئەفسەرە سەربازییەکانیش بە سەرۆکایەتی (عەبدولرەزاق نایف بە پایەی جێگری سەرۆکی هەواڵگری سەربازی، هەروەها هەر لە لایەن کوودەتاچییەکان یەکەمیان بە سەرۆك کۆمار هەڵبژێردرا، ئەویش داوای لە عەبدولرەزاق نایف کرد وەزارەتێکی نوێ پێك بهێنێت[١٠٣].

عەبدولڕەزاق نایفی سەرۆك وەزیران بەڵێنیدا، بە گوێرەی ناوەرۆکی بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ پرسی کورد چارەسەر بکات، هەروەها ڕای گەیاند: "چارەسەرکردنی پرسی کورد بە شێوەیەکی ئاشتییانە دەبێتە مایەی زامنکردنی بەرژەوەندی کۆماری عێراق و پاراستنی یەکێتیی خاك و داخوازییەکانی هاووڵاتییان بە عەرەب و کوردەوە، بۆ ئەوەی لە سایەی ئازادی ڕادەربڕین و کاری سیاسییدا بگەڕێنەوە بۆ ژیانی دیموکراتی تەندروست و خولقاندنی عێراقێکی بەهێز و توندوتۆڵ[١٠٤]".

حکومەتی بەعس هەوڵیدا باوەڕ بە هەندێك کەسایەتی کورد بهێنێت بە مەبەستی بەشداریکردنیان لە پێکهێنانی وەزارەتی تازە، لە ٢٠ی تەمموزدا سەرۆك وەزیرانی نوێ عەبدولڕەزاق نایف نامەیەکی[١٠٥] لە ڕێگای ساڵح یووسفی بۆ بارزانی نارد و داوای هاوکاری و هەماهەنگی لێ کرد، بە ئومێدی چارەسەری پرسی کورد، لە پێناوی وەدیهێنانی یەکێتیی نیشتمانیی و خۆشگوزەرانی بۆ گەلی عێراق بە کورد و عەرەبەوە، بۆ ئەو مەبەستەش داوای لە بارزانی کرد ناوی ٢

وەزیــر دیــاری بكــات بە مەبەســتی بەشــداریكردنیان لە حكومەتەكەیــدا، ئەویــش موحسین دزەیی و ئیحسان شێرزادی دەستنیشان كرد[١٠٦].

ڕازی بــوونی بــارزانی بە مەرجــی ئەوەی ســەركردایەتی حكــومەتی نــوێ بەدەر بێـــت لەو كەســـایەتیانەی لە ١٩٦٣دا بەشـــداریان كـــردووە، بەڵام دوای ئەوەی بەعسـییەكان پابەنـدی بەڵێـنەكەی خۆیـان نەبـوون و (تەهـا محێـدین مەعـروف، كە لە ١٩٦٣ بەشـداری حكـومەتی كردبـوو، لە حكـومەتی نـوێ بەشـداریان پـێ كـرد، پـارتی بڕیاری كشانەوەی نوێنەرەكانی لە وەزارەت دەكرد[١٠٧].

لە دوای ئەو كوودەتـــایە و لە ڕۆژی ٣٠ی تەممـــــووزی ســـــاڵی ١٩٦٨ لە كوودەتــایەكی دیــكەی بەعســییەكان عەبــدولڕەزاق نــایف لە دەســەڵات لادرا و ئەحــمەد حەســەن بەكــر هەمــوو دەســەڵاتێكی گــرتە دەســت و حكــومەتێكی نــوێ دامەزرا، ئەوانــیش ڕایانگەیانــد كە ڕژێمێكــی دیمــوكراتی شۆڕشــگێڕی یەكگرتــوو بنیــات دەنــێن و چارەســەری دۆزی كــورد بە شــێوەیەكی ئاشــتی و دادوەرانە دەبێــت و ئــاواتە نەتەوەییەكــانی بــرا كوردەكانمــان بهێنێــتە دی و یەكێتــی نیشــتمانی مسۆگەر بكات[١٠٨].

لە هەمــان ڕۆژیشــدا ئەحــمەد حەســەن بەكــر بەیاننــامەی ژمــارە ٢٧ی دەركــرد، كە تێیــدا هــاتبوو: "ئەنجــوومەنی ســەركردایەتی شــۆڕش پەیــمان بە خــودا و گەل دەدات كە ڕژێمێكــی دیمــوكراتی یەكگرتــووی شۆڕشــگێر بنیــات بنێــت، پرســی كــوردیش بە ئاشــتییانە و دادپەروەرانە چارەســەر بكــات كە خواســتە نەتەوەییەكــانی كورد بەدی بهێنێت و یەكێتیی عێراقیش مسۆگەر بكات[١٠٩]."

هەروەهــا لە ٣ی ئــابی ســاڵی ١٩٦٨دا بەعسـییەكان بەیاننــامەی ژمــارە ٣٥یــان دەركــرد، بڕیاریانــدا كە بە بەیاننــامەی ٢٩ی حــوزەیرانی ســاڵی ١٩٦٦ پەیوەســتن، ڕۆژێــك دواتــریش وەك هەنگاوێــك بــۆ جێبەجــێ كردنــی ئەم بڕیارەیــان لە بەیاننــامەیەكی دیـكەدا یاسـای لێبـوردنی گشـتییان بـۆ پێشـمەرگەی كـورد ڕاگەیانـد و بڕیاریانـــدا بە نـــاردە دەرەوەی خوێنـــدكارانی كـــورد بـــۆ دەرەوەی وڵات و دامەزراندنی كۆڕی زانیاری كورد و دامەزراندنی زانكۆیەك لە سلێمانی[١١٠].

هەروەهــا ئەنجــوومەنی ســەرکردایەتی شۆڕشــی عێــراق لە مــاددەی ١[١١١]ی دەســتووری کاتیــدا کە لە ٢١ی ئەیلــوولی ١٩٦٨[١١٢] بــڵاوی کــردەوە، گەلــی عێــراقی بە بەشــێك لە نەتەوەی عەرەب لە قەڵەمــدا، هەروەهــا لە کــۆی ٩٥ مــاددەی ئەو دەســتوورەدا، تەنیــا ١ جــار و لە مــاددەی ٢١[١١٣]دا نــاوی کــورد هــاتبوو، کە لە مــاف و ئەرکدا، عەرەب و کورد لە بەرانبەر یاسا بە یەکسانی لە قەڵەم دابوو[١١٤].

لەگەڵ ئەمەدا هــیچ بەرەوپێشــچوونێك بــۆ دۆزی کــورد نەگیــرایە بەر، بــۆیە لە ســەرەتای مــانگی کــانوونی یەکەمــی ســاڵی ١٩٦٨ بڕیــاری هێــرش کــردنە ســەر دامودەزگــا نەوتییەکــانی کۆمپانیــای نەوتــی عێــراق دەدرێــت، ســامی عەبــدولڕەحمان دەکــرێتە فەرمانــدەی ئەم چــالاکییە، ئەویــش لە ٢٣ی شــوباتی ســاڵی ١٩٦٩دا هێزێکــی ٢٠٠ کەســی دەبــاتە شــوێنی چــالاکییەکە، لە کــاتژمێر ٨:٤٧ خــولەکی شــەوی یەکــی مــانگی ئــازار یەکەم گــولله هــاوەن دەگــرنە دەزگاکــانی کۆمپانیــای نەوتــی عێــراق لە بــاکووری ڕۆژئــاوای کەرکــووك، دوای هاویشــتنی کەمــتر لە ســەد گــولله هاوەن هێزەکە دەگەڕێنەوە بۆ باکوور[١١٥].

لە ڕاســتیدا هێرشــی هێــزی پێشــمەرگە بــۆ ســەر بیــرە نەوتییەکــانی کەرکــووك لە ســاڵی ١٩٦٩دا گرفتێکــی زۆری بــۆ دەســەڵاتدارانی بەعــس خوڵقانــد، ســەرەڕای پــتر لە ١٠ ملیــۆن دۆلار زیــانی تێکــڕای حکــومەتی عێــراق لەو هێرشــانەدا کە مــاوەی پــتر لە ١٠ ڕۆژ بــوو، هەروەهــا ڕێــژەی ٧٠%ی هەنــاردەی نەوتــی کەم کــردەوە، کە ئەو کات ٧٠%ی هەناردەی نەوتی عێراق پشتی بە نەوتی کەرکووك بەستبوو[١١٦].

چەنــد هەفــتەیەك لە دوای هێرشــکردنە ســەر کۆمپانیــا نەوتیــیەکە لە کەرکــووك، حکــومەتی عێــراق چــوار لەشــکری گەورەی نــاردە کوردســتان و چەنــد مانگێــك شــەڕ بەردەوام بــوو[١١٧] و جــارێکی دیــکە کــردارە ســەربازییەکانی حکــومەت لە دژی پێشــمەرگە دەســتی پــێ کــردەوە و هێــزی ئاســمانی کەوتە لێــدان و بۆردوومــان کردنــی نــاوچە کوردییەکــان، لەو مــاوەیەدا کوشــتار و شــەڕێکی خوێنــاوی لێ کەوتەوە[١١٨].

به هــۆی پێکــدادانی نێــوان هێزەکــانی حکــومەتی عێــراق و پێشــمەرگەی کوردســـتان، کە لە زۆربەی بەرەکـــانی شـــەڕیدا هێزەکـــانی حکـــومەت دووچـــاری شکســنی گەورە دەهــاتن، هەنــدێك جــار لە تــۆڵەی ئەو شکســتانەیان پەنایــان دەبــردە بەر کــاولکردنی گونــدەکانی کوردســتان و کوشــتنی خەڵکــی بــێ لایەن بە پیــاو و ژن و منــداڵەوە، کە لە ١٦ی ئەیلــوولی ١٩٦٩دا لە گونــدی صــوریا لە نــاوچەی زاخــۆ ٣٩ کەســی بێتــاوانی خەڵکــی گونــدیان لە مووســڵمان و مەســیحییەکان کوشــت، لە نێویاندا ٢٠ ئافرەت و خەڵکی بە تەمەن و منداڵ هەبوون[١١٩].

لە ســاڵی ١٩٦٩دا حکــومەت نەیتــوانی لە ڕێــگەی ســەربازییەوە شۆڕشــی کــورد لەنــاو ببــات، کاتێــك لەمە دڵنیــا بــووەوە بیــری لە ئەنجامــدانی گفتوگــۆی جــددی لەگەڵ ســـەرکردایەتی شـــۆڕش و هەنـــدێك لە ئەنـــدامانی مەکتەبـــی تەنفیـــزی ئەنجــوومەنی ســەرکردایەتی شــۆڕش ڕۆڵــی نێوانگیرییــان بینــی، هەروەهــا لە ٢٤ی تشرــینی یەکەمــی ســاڵی ١٩٦٩ حکــومەت بە مەبەســتی بینینــی مســتەفا بــارزانی (عەزیز شەریف[١٢٠])ی ناردە لای بارزانی بە مەبەستی ڕێککەوتن[١٢١].

بەم شــێوەیە بــارودۆخەکە بەرەو ســەقامگیری و ئــارامی دەچــوو، تەنــانەت لە دوای لە ٢٤ی تشرـــینی یەکەمـــی ســـاڵی ١٩٦٩ بەعســـییەکان لە بـــواری کـــورددا هەنـــدێك هەنگـــاوی نـــا، وەك کردنـــی نەورۆز بە جەژنێکـــی فەرمـــی لە عێـــراقدا و کردنـــی خوێنـــدن بە کـــوردی لە قوتابخـــانە ســـەرەتاییەکاندا دەرکردنـــی چەنـــد گۆڤارێــك بە کــوردی[١٢٢] لە لایەن حکــومەت خــۆیەوە و دامەزرانــدنی زانکــۆیەك لە ســلێمانی، بە ئامــانجی ئەوەی گەلــی کــورد بە لای خۆیانــدا ڕاکێشــن، بەڵام کە لەمەدا ســـەرکەوتوو نەبـــوون هێرشـــیان کـــردە ســـەر کوردســـتان[١٢٣]. کە دواجـــار ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ی لێکەوتەوە.

**دووەم: کـــۆیە لە مـــاوەی دەســـەڵاتی دووەمـــی بەعســـییەکان (١٧ی تەممـــووزی ساڵی ١٩٦٨ تا ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠)**

لە دوای کۆتـــایی فەرمـــانڕەوایەتی عەبـــدولڕەحمان عـــارف و هـــاتنەوە ســـەر دەســـەڵاتی بەعسـییەکان، لە لای خەڵکـی کـۆیە ترسـێك پەیـدا بـوو، چـونکە لە مـانگی حـــوزەیران و تەممـــووزی ســـاڵی ١٩٦٣ بە دەیـــان کەســـیان بە دەســـتی بەعســـییەکان کـــوژرا و بەشـــێکی خـــانووی کـــۆیە و گونـــدەکانی دەوروبەری کـــۆیە ســـووتێنران، هەروەهـــا باوەڕیـــان بەو کەســـانە نەبـــوو کە بەو کوودەتـــایە هەســـتاون، تـــا مافەکـــانی گەلی کورد بدەن[١٢٤].

لەو ســـەروبەندە جـــارێکی دیـــکە پـــارتی دیمـــوکراتی کوردســـتان دەیویســـت کۆنفرانســـی محەلـــی لە کـــۆیە ببەســـتێ، لەم بـــارەیەوە زرار ســـلێمان دەرگەڵەیـــی دەڵێــت: لە ســەرەتای بەهــاری ســاڵی ١٩٦٨ بڕیــار بــوو کۆنفرانســی محەلــی لە گونــدی داربەســـــەری نزیـــــك کـــــۆیە ببەســـــترێت، لە دەرگەڵەوە بەڕێکەوتـــــین، ئێـــــوارە بە درەنـــگەوە گەیشـــتینە گونـــدی کـــرۆژی نزیـــك گونـــدی ســـماقوولی، شـــەو لەو گونـــدە مـــاینەوە کە ســـوتێنرا بـــوو، بەیـــانی لە گونـــدی کـــرۆژەوە چـــووینە گونـــدی داربەســـەر کۆنفرانســـــەکە ٣ ڕۆژی خایانـــــد، دوای ئەو ٣ ڕۆژە و لە کـــــاتی گەڕانەوەمـــــان لە لای گوندی هیزۆپ ئاگادار کراینەوە کە حکومەت بە نیازە هێرش بهێنێت[١٢٥].

ئەگەرچـــی ســـەرانی بەعـــس بەڵێنیانـــدا ڕێککەوتننـــامەی ٢٩ی حـــوزەیرانی ســـاڵی ١٩٦٦ جێبەجـــێ بـــکەن، بەڵام لە ڕاســـتیدا هـــیچ هەوڵێـــك بـــۆ ئەو مەبەســـتە نەدرا، بـــۆیە کاتێـــك لە کۆتاییەکـــانی ســـاڵی ١٩٦٨ شـــەڕ لە نێـــوان هەردولا دەســـتی پـــێ کـــردەوە و حکـــومەتی عێـــراق دیســـان ڕێگـــای هێرشـــی گـــرتە بەر، لەو نێـــوەدا کۆیەشـــی گـــرتەوە و ســـەرکردایەتی ســـوپای عێـــراق پلانـــی داگیرکردنـــی شـــاری کـــۆیەی بەم شـــێوەیە داڕشـــت: کـــردنەوەی ڕێگـــای نێـــوان نـــاحیەی شـــوان و تەقتەق و دانـــانی بنکەیەکـــی ئەمنـــی لە خاڵخـــالان. کـــردنەوەی ڕێگـــای نێـــوان تەقتەق و کـــۆیە و دامەزرانـــدنی بـــنکەی ئەمنـــی لە ســـەر پـــردی کـــۆیە (واتە پـــردی تەقتەق). کـــردنەوەی

ڕێگای نێوان کۆیە و چوارقوڕنە و دانانی بنکەیەکی ئەمنی لە قەسرۆك. کردنەوەی ڕێگای نێوان سەنگەسەر و قەڵادزێ.

هێزی سوپای عێراق لە ١٧ی نیسانی ساڵی ١٩٦٩دا گەیشتە ناوچەکانی باکووری تەقتەق، ئەو هێزە لە پێشڕەوی کردن بەردەوام بوو، تا گەیشتە بەرزاییەکانی دەورووپشتی گوندی (تاڵەبانی گەورە[١٢٦])، لەوێدا هێزی سوپا ڕووبەڕووی بەرگرییەکی سەختی پێشمەرگە بوونەوە و لە شەڕێکی دژواردا سوپای عێراق بە یارمەتی چەکی قورس و تۆپ و فڕۆکە دەستیان بەسەر ئەو گوندەشدا گرت. لە میانەی ئەو هێرش و پەلاماردانانەی سوپا، دەست بە سەر پردی تەقتەقدا گیرا و بنکەی ئەمنی لێ دانرا، دواتر فەرمانی پێشڕەوی کردنی هێزەکان بەرەو شاری کۆیە درا، بەر لە گەیشتنی هێزەکانی حکومەتی عێراق، هێزی پێشمەرگە لە نزیك گوندی تۆپزاوا بۆسەیەکیان بۆ هێزی سوپای عێراق دانا، لە ئەنجامدا زەرەر و زیانێکی زۆر لەو هێزە کەوت، بەڵام هێزی عێراق پاشەکشەی نەکرد، بگرە لە پێشڕەوی کردن بۆ شاری کۆیە بەردەوام بوو، تەنانەت لە گوندی تۆپزاوا بنکەی ئەمنییان دانا، ئەوجا توانییان شاری کۆیە داگیر بکەن[١٢٧].

لە دوای گەیشتنی سوپای عێراقی بۆ ناو کۆیە، بارودۆخەکە شێوا، خەڵك ترسی هەبوو، هەروەها بە بەردەوامی شەوانە لە کاتژمێر پێنجی ئێوارەوە تاکوو حەوتی بەیانی قەدەغەی هاتووچۆ ڕادەگەیەنرا، کارەبایان دەکوژاندەوە، بۆ ئەوەی ڕێ لە هەموو جموجۆڵێکی پێشمەرگە لەو شارەدا بگرن. لە لایەکی دیکەوە ڕۆژانە خەڵك دەکوژرا، ڕێگاکانی نێوان کۆیە و شارەکان دژوار و ناخۆش بووبوون، بۆ نموونە بۆ ئەوەی لە کۆیە بچیتە هەولێر، یا بە پێچەوانەوە دەبووایە بە ڕێگەی کەرکووك و شوان هاتوچۆت کردبا[١٢٨]. ئەم بارودۆخەی لە کۆیە دروست بووبوو، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە چالاکی کۆییەکان لە شۆڕشی ئەیلوولدا هەبوو، هاوکاری و هەماهەنگی کردنی شۆڕش وای لە حکومەتی عێراق دەکرد هێرش بکاتە سەر شارەکە و تییدا ڕەشبگیری ئەنجام بدەن و خەڵك بچەوسێننەوە و ترس و دڵەڕاوکێ لە نێو خەڵکدا بڵاوبکەنەوە.

لەم بـارەیەوە دکتـۆرە عەتـیە، کە لەو سـەروبەندەدا لە کـۆیە دکتـۆر بـووە، دەڵێـت: قشـڵەی کـۆیە بارەگـای هێـزی عێـراق بـوو، بە سـەر مـاڵی ئـێمەی دەڕوانـی، بە شـێوەیەك نەمانـدەتوانی جـووڵەیەك بکەیـن بە مەبەسـتی خزمەتکردنـی پێشـمەرگە، ئەگەر یەکێـك هـاتبووایە مـاڵمان ڕاسـتەوخۆ هێـزی عێـراقی تەلەفـۆنی بـۆ مـاڵمان دەکـرد و لێپرسـینەوەی لەگەڵ دەکـردین، ئەم کەسـە کێـیە و چیـی دەوێـت؟ چەنـدان جـار مـاڵی ئێمەیـان پشـکنیوە. بەڵام زۆر جـاران ئەگەر شـەوان کاریـان بە دکتـۆر بووایـە، بە دوای منیـان دەنـارد، چـوونە دەرەوەی پیـاوانیش بە شـەوان بە هەمـوو شـێوەیەك قەدەغە بـوو، بـۆیە دەبـووایە یەك دوو ژن لە مـاڵەوە بەم شـەوە بە فـانۆس بـۆ نەخۆشـخانە لەگەڵـم هاتبـان. هەروەهـا لەو کـاتەی بـارودۆخەکە خـراپ بـوو، شـەوێـك کـاتژمێر دوو زەنگـی مـاڵەوە لێیـدا، باوکمیـان ئاگـادار کردبـووەوە و کە زۆر پێویسـتیان بە دکتـۆرە عەتـیە هەیە، باوکیشـم زۆر بە ئەسـپایی هـات بە خەبەری هێنـام، گـوتی کچـم هەسـتە ئەو مـاڵە تۆیـان دەوێـت و لێیـان قەومـاوە، گـوتم: نەخۆشـەکە بهێننـە نەخۆشـخانە ئەمنـیش دەچـم، تەلەفـۆنم لـۆ نەخۆشـخانە کـرد ئۆتـۆمبێلی ئیسـعاف بنێـرن، گوتیـان قەدەغەیە دەرچـوون. ناچـار خـۆم ئامـادە کـرد، پـێش ئەوەی بە ڕێ بکەویـن بـاوکم تەلەفـۆنی بـۆ قشـڵەی کـرد و پێـی ڕاگەیانـدن کە عەتـیەی کچـم دەچێـتە گەڕەکـی بایزاغـا لە ئەوسـەری شـار، چـونکە نەخۆشـێکی خەتەر هەیە، تەقە مەکەن. بە پێیـان و بە فـانۆس چـووینە لای نەخـۆش، حـاڵی بـاش نەبـوو، دەبـوو بیبەیـنە نەخۆشـخانە، بە ناچـاری لە نێـو بەتانییەکمان پێچا و بە چوار ژنان ڕامانکێشا تا گەیشتینە نەخۆشخانە[١٢٩].

لە لایەکـی دیـکەوە سـاڵی ١٩٦٨ بە سـەرکردایەتی دکتـۆر خالیـد پێشـمەرگە هێرشـی کـردە سـەر قشـڵەی کـۆیە و چەك تەقەمەنـی قشـڵەیان بـرد، هەروەهـا چـوونە نـاو نەخۆشـخانە و لە کۆگـای دەرمـان پێداویسـتی و دەرمانیـان بـۆ پێشـمەرگە بردبوو[١٢٠].

هەروەهـا لە ٧ی نیسـانی ١٩٦٩دا، چەنـد شـەڕێك لە نێـوان هێزەکـانی سـوپای عێـراق و پێشـمەرگەی کوردسـتان لە دەوروبەری کـۆیە ڕوویـدا، هەرچەنـدە لە ٦ی نیسانیشـدا بـارزانی بە نـاوی پـارتی و ئەنجـوومەنی سـەرکردایەتی شۆڕشـی کوردسـتان پەیـامێکی ئاراسـتەی پـارت و کەسـایەتیە نیشـتمانییەکان و هێـزە

چەکدارەکانی عێراق کرد، کە سیاسەتی ڕژێمی بەعسی لە بەکارهێنانی هێز لە دژی شۆڕشی کورد ڕەتکردەوە و ڕای گەیاند ئەم شەڕە پاڵ بە کوردەوە دەنێت تاکوو لەگەڵ براکانی بخرێتە ناو شەڕێکەوە[١٢١].

# پەراوێزەکانی بەشی سێیەم

(١) عەبدولسەلام محەمەد عارف، ساڵی ١٩١٢ لە بەغدا لەدایکبووە، ساڵی ١٩٣١ لە کۆلێژی سەربازی دەرچووە، پاشان کۆلێژی ئەرکانی لە ساڵی ١٩٥١ تەواو کردووە، ساڵی ١٩٤٦ بەشداری لە جەنگی عێراقی بەریتانیدا کردووە، ساڵی ١٩٤٨ لە جەنگی فەلەستین بەشدار بووە، ساڵی ١٩٥٦ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی ئەفسەرانی ئازادیخواز کردووە، هەروەها لە شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ بەشدار بووە و بووەتە جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری ناوخۆ، بەڵام بە هۆی ناکۆکی لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم نێوانیان تێکچووە، بۆیە عەبدولسەلام عارف دوور خراوەتەوە، دواتر لە هەوڵێکدا بۆ لابردنی عەبدولکەریم قاسم دەستگیر کرا و لە دادگا فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو، بەڵام جێبەجێ نەکرا، دوای دوو ساڵ و نیو عەبدولکەریم قاسم لێی خۆش بوو، لە کوودەتای ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ کرایە سەرۆك کۆمار و پلەی سەربازی (مشیری) پێدرا، ساڵی ١٩٦٦ لە فڕۆکەیەکی سەربازی کەوتە خوارەوە و کۆچی دوایی کرد. وەرگیراوە لە: (سۆزان کەریم مستەفا، بەعسیزم و کورد ١٩٤٧-١٩٧٥ (توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە)، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٦- ١٢٧).

(٢) تاهیر محەمەد یەحیا، ساڵی ١٩١٦ لە شاری تکریت لەدایکبووە، ساڵی ١٩٣٥ کۆلێژی سەربازی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٤٨ بەشداری لە جەنگی فەلەستین کردووە و میدالیای ئازایەتی وەرگرتووە، ساڵی ١٩٥٥ بووەتە ئامر کەتیبەی تانك ساڵانی (١٩٥٦- ١٩٥٨) بووەتە ئەندامی لیژنەی باڵای ئەفسەرانی ئازاد، دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ کراوەتە بەڕێوەبەری گشتی پۆلیس، هەروەها لە ڕاپەڕینی شەواف بۆ لادانی عەبدولکەریم قاسم بەشدار بووە، دواتر بەشداری کردووە لە کوودەتای ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ و سەرکردایەتی ئەو دەبابانەی کردووە کە سەربازگەی ڕەشیدیان گرتووە، ئەوجا بووەتە سەرۆکی ئەرکانی سوپا، لە ماوەی ساڵانی (١٩٦٣- ١٩٦٨) چەندی جارێك بەرپرسیاریەتی سەرۆکایەتی وەزیرانی پێ سپێردراوە، دوای کوودەتای ١٧ی تەمموزی ساڵی ١٩٦٨ بۆ ماوەی دوو ساڵ

دەستگیر کراوە. لە ڕێککەوتی ١٩ی ئاباری ساڵی ١٩٨٦ کۆچی دوایی کردووە. وەرگیراوە لە: (سۆزان کەریم مستەفا، بەعسیزم و کورد ١٩٤٧- ١٩٧٥ (توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە)، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٦؛ ئیسماعیل محەممەد حەساف و شوان محەممەد ئەمین تەها خۆشناو، هەڵوێستی لیوای هەولێر بەرانبەر کوودەتای یەکەمی بەعس (٨ی شوباتی ١٩٦٣)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨٨؛ شیرزاد زکریا محمد (دکتۆر)، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕەشی ئەیلوول لە کوردستان- عێراق (توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسی گشتی ١٩٦٤- ١٩٧٠)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٦- ٨٧).

(٣) شیرزاد زکریا محمد (دکتۆر)، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕەشی ئەیلوول لە کوردستان- عێراق (توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسی گشتی ١٩٦٤- ١٩٧٠)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١؛ ڕەفیق ڕەحمان مام خول، ڕۆڵی حیزبی شیوعی عێراق لە شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦٣- ١٩٧٠، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٩.

(٤) ئەحمەد حەسەن بەکر، ساڵی ١٩١٤ لەدایکبووە، بەر لەوەی ببێتە ئەفسەر مامۆستا بووە، ساڵی ١٩٣٨ چووەتە ئەکادیمیای سەربازی، لە شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ بەشدار بووە،یەکێك بووە لە ئەندامەکانی ڕێکخراوی ئەفسەرە ئازادەکان. ساڵی ١٩٦٠ پەیوەندی بە حیزبی بەعس کردووە، لە کوودەتا ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ و لە کوودەتای ١٧ی تەمموزی ساڵی ١٩٦٨ ڕۆڵی هەبووە، چوارەمین سەرۆك کۆماری عێراق بووە لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٦٨- ١٩٧٩)، ساڵی ١٩٨٣ کۆچی دوایی کردووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (شامل عبدالقادر، أحمد حسن البكر (السيرة السياسية ودوره في تاريخ العراق السياسي الحديث ١٩١٤م- ١٩٨٣م)، طبعة اول، مكتبة المجلة، بغداد، ٢٠١٦).

(٥) ساڵح مەهدی عەمماش النداوی، ساڵی ١٩٢٤ لە شاری بەغدا لەدایکبووە، کۆلێژی سەربازی تەواو کردووە، ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی قەتەریەی حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی و وەزیری بەرگری بووە، دوای شۆڕشی ١٧ی تەمموزی ساڵی ١٩٦٨ پۆستی وەزیری ناوخۆی وەرگرتووە، دواتر لە پۆستەکەی بەخشراوە و کراوە بە باڵیۆز لە دەوڵەتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا، ساڵی ١٩٨٥ کۆچی دوایی کردووە، وەرگیراوە لە: (ڕاهی مەزهەر ئەلعامری (دکتۆر)، ڕۆڵی سیاسی مەسعوود محەممەد لە عێراقدا (١٩١٩- ١٩٦٨)، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٠).

(٦) مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد (شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٣.

(٧) شـێرکۆ فەتحـولَلا عـومەر، (دکتـۆر)، پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان و بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی نەتەوەی کـورد لە عێـراق (١٩٤٦- ١٩٧٥)، وەرگێرانـی: سـوارە قەڵادزێـی، چـاپی یەکەم، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکووك، ٢٠١٣، ل ٢١٠- ٢١١.

(٨) عەبـدولخالق ناسـر ئەلعـامری (دکتـۆر)، بـارزانی مسـتەفا و دۆزی کـورد لە عێـراق (١٩٣١- ١٩٧٥)، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٧- ١٩٨.

(٩) عەبدولسـەلام عـارف بەوە نـاسرا بـوو، کە دژایەتـی کـورد و بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی نەتەوەیـی کـورد دەکـات، زۆریشـی ڕقـی لە کـورد بـوو، تەنـانەت پـێش شۆڕشـی ١٤ی تەممـووزی سـاڵی ١٩٥٨ نەیهێشـت ئەفسـەرە کوردەکـان بچـنە ڕیـزی ئەفسـەرانی ئـازادەوە، تەنـانەت ڕێـگەی نەدەدا منـداڵەکانی لەگەڵ منـداڵانی ئەفسـەرە کوردەکـان یـاری بـکەن. وەرگیـراوە لە: (عەبـدولخالق ناسـر ئەلعـامری (دکتـۆر)، بـارزانی مسـتەفا و دۆزی کـورد لە عێـراق (١٩٣١- ١٩٧٥)، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٦- ١٩٧).

(١٠) ڕەفیـق ڕەحـمان مـام خـول، مسـتەفا بـارزانی (ڕۆڵ و هەڵوێسـتی لە پێشـهاتە سیاسـییەکاندا ١٩٥٨- ١٩٧٠)، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤١- ١٤٢.

(١١) دەقی بەیاننامەکەی حکومەتی عێراق:

بە ناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بە پێـی ئەوەی کە بەرژەوەنـدی گشـتی پێویسـتی دەکـات و بـۆ بە دەنـگەوە چـوونی بـرا کوردەکانمـان کە لە بـانگەوازەکەی مەلا مسـتەفای بارزانـدا هـاتووە و لەبەر ئەوەی کە ئـێمەش ئارەزوومـان لە گێـڕانەوەی ژیـانی ئاسـاییە بـۆ بەشـی بـاکووری نیشـتمانی خۆشەویسـتمان و لە دانـانی ڕادەیەك بـۆ هەوڵ و تەقەلای ئیمپریـالیزم و کلکەکـانی و لە دوا بڕینـی چەوسـێنەرەوان و لە هەڵـگەڕاوان و بە نیـازی ڕاگرتنـی ڕژانـی خـوێنی بـێ گونـاح و بە پێـی ئەوەی کە بەرژەوەندی بەرز لە سەرمانی پێویست دەکات، بڕیاری ئەم خاڵانەی خوارەوەماندا:

یەکەم: داننـان بە مـافە نەتەوەییەکـانی کـورددا، لە چوارچێـوەی یەکێتییەکـی نیشـتمانی و برایانەدا لەگەڵ جێگیر کردنی ئەمەش لە دەستووری کاتیدا

دووەم: ئـازادکردنی گیـراو و زینـدانیان، کە بە هـۆی ڕووداوەکـان بـاکوورەوە گیـراون، هەروەهـا دەرکردنـی لێبـوردنی گشـتی و گەڕانەوەی زینـدەماڵ و مردەماڵەکـانی خەڵـك کە زەوت کرابوون.

سێیەم: گێڕانەوەی بەڕێوەبەرێتییە ناوخۆییەکان بۆ ناوچەکانی باکوور.

چوارەم: گێڕانەوەی کاربەدەستان و مووچەخۆران.

پێـنجەم: هەڵگرتنـی ئەو ڕاگیـرانەی لە سـەر نـاردنە بـازاڕی هەر جـۆرە مـایەیەکی خـواردەمەنی دانراوە.

شەشـــەم: دەســـتکردن بە نـــۆژەنکردنەوەی ناوچەکـــانی بـــاکوور و هەر لە ئێســـتاوە پێکهێنـــانی جۆرەهـــا لیـــژنەی بـــۆ ئاســـان کردنـــی ئەو زەحـــمەت و قورســـاییانەی دێـــنە رێیـــان لە بـــارەی خـــۆگیرکردن بە کـــاری رۆتینیـــیەوە لەگەڵ ســـەرنجدانی بژاردنـــی زیـــانی ئەوانەی زیانیـــان تـــووش هاتووە.

حەوتەم: بـــۆ بـــژاردنەوەی زەوی و زاری ئەو خـــاوەن زەوی و زارانەی بە هـــۆی دروســـتکردنی ئەســـتێڵی دووکـــان و دەربەنـــدیخانەوە زەوی و زارەکانیـــان کەوتـــووەتە ژێـــر ئـــاو بە بـــۆ بژاردنەوەیەکی دادپەروەرانە.

هەشتەم: کردنـی ئەوەی پێویسـت بێـت بـۆ گێـڕانەوەی هێمنـی و ئـارامیی ئـاوچەی بـاکوور، ئـێمە داوا لە بـرا کوردەکانمـان دەکەیـن بگەڕێـنەوە بـۆ سـەر ژیـانی ئاسـایی خۆیـان بـۆ ئەوەی لە خێـر و بێـــری ئەم وڵاتە بەهرەمەنـــد بـــبن و ریزەکـــانی خۆیـــان لە ڕووی پیلانەکـــانی ئیمپریـــالیزم و کلکەکانیـدا یەك بـخەن، بـا بـرا کوردەکانمـان بـزانن کە وا ئـێمە کـار دەکەیـن بـۆ هەرچـی شـتێك کە مـــافە بەجێکانیـــان وەك هاونیشـــتمانانی تـــری کۆمـــاری عێـــراق دابـــین بکـــات، خـــوداش لەو لای مەبەستمانەوەیە.

نـــۆیەم: لە ســـەر هەمـــوو وەزارەتە پەیوەندیـــدارەکان پێویســـتە هەر مەرســـووم و فەرمـــان و رێنوێنییەك پێویست بێت بۆ جێبەجێ کردنی ئەوەی لەم بەیانەدا وتراوە، دەر بکەن.

ئیمزا عەبدولسەلام محەممەد عارف

سەرۆك کۆمار.

وەرگیـراوە لە: (مسـعود بـارزانی، بـارزانی و بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی کـورد (شۆڕشـی ئەیلـوول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٠).

(١٢) بەیاننامە وەڵامییەکەی مستەفا بارزانی:

بە مەبەســـتی بە دەنـــگەوە هـــاتنی حەزی بەڕێـــز ســـەرۆك کۆمـــار مشـــیر ڕوکـــن عەبدولســـەلام محەمـمەد عـارف لە پاراسـتنی یەکێتـی ڕیـزی نیشـتمانی و نەهێشـتنی ڕژانـی خـوێنی بـێ گوناهـان و دوایـــی پێهێنـــانی شـــەڕی براکـــوژی و لەبەر دەرکەوتنـــی نیازپـــاکیی دەســـەڵاتی حـــوکمڕان، بڕیارمانـدا دەستپێشـخەری بکەیـن بـۆ وەسـتاندنی شـەڕ و داوا لە براکـانم بکەیـن بگەڕێـنەوە بـۆ شـــوێنی دانیشـــتنی خۆیـــان و بگەڕێـــنەوە بـــۆ ســـەر نیشـــوکاری ئـــازاد و مەردانەی خۆیـــان، بەمە دەرفەتـــی دەســـەڵاتی نیشـــتمانی دەدەن کە وا دەستپێشـــخەری بکـــات بـــۆ هەنگاونـــانی وا کە گێڕانەوەی ژیـانی ئاسـایی و ئاسـایش و ئـارامیی بـۆ ئـاوچەکە پـێ دابـین ببێـت و هەلـی جێبەجـێ کردنـــی مـــافە نەتەوەییەکـــانی هاونیشـــتمانە کوردەکـــانیش لە چوارچێـــوەی گەلـــی عێـــراق و لە یەکێتـــی نیشـــتمانیدا برەخســـێت و برایەتـــی عەرەب و کـــورد لە ســـەر پتەوترین بنەمـــا داڕێـــژرێ بە جۆرێـــك کە لە وەی بپارێزرێـــت لاوازیـــی تـــووش ببێـــت و لە ڕووی فرۆفێـــڵ و پیلانـــی

ئیمپریالیستییەکان و هەلپەرستان و چاوچنۆکانـدا قـایم و پـتەوی بکـات و بـا هەمـوو کەسـیش بزانێـت سـەروەری یاسـا و دابینکردنـی هێمنـی و ڕێکـوپێکی لە نـاوچەکەدا هەمـوو گیروگرفتێکمان بۆ چارە دەکات هەرچەندە قورس و گرانیش بێت.
خـودا هەنگـاوی دڵسـۆزان پـتەو بکـات و ڕەنـج و تەقەلایـان بـۆ ئەو یەکێتـی و شـان و شـکۆ و گەشەکردنەی بۆ گەل و نیشتمانمان دەوێت سەربخات، خودا لەو لای مەبەستمەوەیە.
ئیمزا: بارزانی مستەفا
وەرگیـراوە لە: (مسـعود بـارزانی، بـارزانی و بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی کـورد (شۆڕشـی ئەیلـوول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٠- ١٦١).
(١٣) لەم بـارەیەوە جەلال تاڵەبـانی دەڵێـت: ڕێککەوتـنەکەی مەلا مسـتەفا لەگەڵ حکـومەتی عەبدولسـەلام عـارف لە ١٠ی شـوباتی سـاڵی ١٩٦٤ هـیچ مـافێکی سـەرەکی کـوردی تێـدا نەسـەلمێنرابوو، هەتـا لە بەیاننـامەکەدا پاشەکشـەی تێـدا بـوو، لە کـاتی خۆیـدا مەجلیسـی قـادەی سـەورە کە عەبدولسـەلام خـۆی سـەرۆکی بـوو، خۆشـی ڕێککەوتنـامەکەی دەرکردبـوو، بـۆ نموونە: نـاوی کـورد بە (الشـعب الکـردی) هـاتبوو، بەڵام لە بەیاننـامە تـازەکەدا نـاوی گەلـی کـورد بە (اخواننـا الاکـرد) هـاتبوو، لە پاشـاندا بـارزانی بەڵێنـی بە حکـومەتی دابـوو، باسـی حـوکمی زاتـی نەکرێـت و پـارتیش هەڵبوەشـێنرێتەوە، لە ڕوانـگەی حکـومەتەوە کـار بـۆ پـرۆژەی (العمـل القـومی المشـترك) بکرێـت و هەمـوو حیزبەکـان لە نـاو ئەو پـرۆژەیەدا بتـوێنەوە، واتـا پـارتیش هەڵوەشـێتەوە و نەمێنێـت. هەروەهـا لە بەیانێکیشـدا کە مەلا مسـتەفا بە زمـانی عەرەبـی و کـوردی بـڵاوی کـردەوە و مـوئمینە (والمؤمنـون مؤتمنـون) و بـڕوای میللەتـی کـوردی پـێ دەسـپێردرێت، لەبەر ئەوەی داوا لە خەڵـك دەکـات بچـنەوە سـەر کاروبـاری ئاسـایی خۆیـان.
وەرگیـراوە لە: (سـەڵاح ڕەشـید، مـام جەلال- دیـداری تەمەن- لە لاوێتیـیەوە بـۆ کۆشـکی کۆمـاری، بەشی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٥).
(١٤) شـێرکۆ فەتحـوڵلا عـومەر، (دکتـۆر)، پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان و بـزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە عێراق (١٩٤٦- ١٩٧٥)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١١- ٢١٢.
(١٥) لە پێشـەکی دەسـتووری کـاتی ٢٩ی نیسـانی سـاڵی ١٩٦٤دا هـاتووە: "وەك وەڵامـدانەوەیەك بـۆ ئـارەزووی گەل و هێـزە چەکـدارەکان کە پێشـەنگەکانی لە ١٨ی تشرـینی دووەمـی سـاڵی ١٩٦٣ چـوونە پێشـەوە بـۆ ڕزگـارکردنی وڵات لە خراپەکـاری و لادان و دەسـەڵاتی حیزبـی و بـۆ بەدیهێنـانی گیـانی شۆڕشـی ئەو ڕۆژە پیـرۆزە کە ئامـانجی دابـین کردنـی ئـارامی و دڵنیـاییە و ئامـادەکردنی دەرفەتـی تەواو بـۆ ڕۆڵەکـانی گەل بە هەمـوو جۆرەکـانییەوە بە بـێ جیاکـاری بە هۆکـاری ڕەگەز، یـاخود بـنەچە، یـاخود ئـایین، بـۆ هەنگاونـان بـۆ کـارکردنی بەرهەمهـێن و ڕاسـتکردنەوەی بـارودۆخە کۆمەڵایەتییەکـان و دروسـتکردنی کـۆمەڵگەیەکی

چاکە کار کە خۆشگوزەرانی و ڕۆشنبیری و زانست و تەندروستی تێدا بێت و کار بکات بۆ دروستکردنی نەوەکانی داهاتوو لە سەر گیانی عەرەبی و ئیسلامی و خۆشەویستی وڵات و یەکێتی گشتگیری.

چاری ئەم دەستوورە کاتییە دەدەین، کە بنەماکانی دەسەڵاتی تێدا جێگیر کراوە و پەیوەندی دەوڵەت بە تاك و کۆمەڵگەوە ڕێك دەخات بۆ ئەوەی کاری پێ بکرێت لە ماوەی گواستنەوە، ئومێد دەکەین ماوەکەی درێژە نەکێشێت، بە شێوەیەك دەستووری هەمیشەیی وڵات دابنرێت، کە گوتەی کۆتایی تێدا بۆ گەل بێت لە پەسەند کردنی سیستەمی دەسەڵاتی کۆماری و جۆرەکەی، هەموومان پشت و پەنامان بە خودای گەورەی میهرەبانە، کە خۆمان لە فەرمایشتی ئەودا دەبینینەوە. (دەستووری کاتی عێراق، ١٩٦٤).

(١٦) لە دەروازەی سێیەم/ ئەرك و مافە گشتییەکان، مادەی ١٩ی دەستووری ٢٩ی نیسانی ساڵی ١٩٦٤دا هاتووە: "عێراقییەکان لە ماف و ئەرکە گشتییەکان یەکسانن بە بێ جیاکاری، بە هۆی ڕەگەز، یاخود بنەچە، یاخود ئایین، یاخود هەر هۆیەکی دی، ئەم دەستوورە دان دەنێت بە مافە نەتەوەییەکان بۆ کورد لە چوارچێوەی گەلی عێراق لە یەکێتی نیشتمانی برایەتیدا" (دەستووری کاتی عێراق، ١٩٦٤).

(١٧) ڕاهی مەزهەر ئەلعامری (دکتۆر)، ڕۆڵی سیاسی مەسعوود محەممەد لە عێراقدا (١٩١٩- ١٩٦٨)، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٩، ٢٠٠.

(١٨) ڕەفیق ڕەحمان مام خول، ڕۆڵی حیزبی شیوعی عێراق لە شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦٣- ١٩٧٠، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٧.

(١٩) عەبدولخالق ناسر ئەلعامری (دکتۆر)، بارزانی مستەفا و دۆزی کورد لە عێراق (١٩٣١- ١٩٧٥)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٠- ٢١١.

(٢٠) ڕەفیق ڕەحمان مام خول، ڕۆڵی حیزبی شیوعی عێراق لە شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦٣- ١٩٧٠، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٧.

(٢١) شیرزاد زکریا محمد (دکتۆر)، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕەشی ئەیلوول لە کوردستان- عێراق (توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسی گشتی ١٩٦٤- ١٩٧٠)، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٠.

(٢٢) نووری سدیق عەلی ڕەسووڵ ئەحمەد ئاغا، ناسراو بە نووری شاوێس، ساڵی ١٩٢٢ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە سلێمانی و دواناوەندی لە کەرکووك تەواو کردووە، ساڵی ١٩٤٥ کۆلێژی ئەندازیاری لە بەغدا تەواو کردووە و دەبێتە ئەندازیار، بۆ کارکردن زۆر شوێنی کردووە. هەروەها لە ماوەی ژیانیدا لە زۆر کۆمەڵە و ڕێکخراوی سیاسی کاری کردووە، لەوانە: کۆمەڵەی دارکەر، پارتی هیوا، پارتی شۆڕش، پارتی

ڕزگـــاری و پـــارتی دیمـــوکراتی کوردســـتان، ســـاڵی ١٩٥٣ بـــووەتە ئەنـــدامی کـــۆمیتەی پـــارتی دیمـــوکراتی کوردســـتان، لە دوای شۆڕشـــی ١٤ی تەممـــووزی ســـاڵی ١٩٥٨ لە ســـەر پشـــکی کـــورد بـــووەتە جێگـــری ســـەندیکای ئەنـــدازیارانی عێـــراق، ســـاڵی (١٩٦١- ١٩٧٠) لە شـــاخ بـــووە و لە خەبـاتی چەکـداری بەشـدار بـووە. لە دوای ١١ی ئـازاری سـاڵی ١٩٧٠ بـووەتە وەزیـری ئـاوەدان کـردنەوە، بەڵام لەگەڵ دەسـت پـێ کـردنەوەی شـەڕ لە سـاڵی ١٩٧٤ دەچێـتە شـاخ... نـاوبراو لە ١٥ی تشرینی دووەمـی سـاڵی ١٩٨٣ کـۆچی دوایـی کـردووە و لە سـلێمانی بە خـاك سـپێردراوە. وەرگیـــراوە لە: (ئەحـــمەد حەمەدئەمـــین ئـــۆمەر، بیرەوەرییەکـــانی ئـــووری شـــاوەیس (هەڵســـەنگاندن و ڕاســـتکردنەوە)، گۆڤـــاری زانکـــۆی دهـــۆك، پەربەنـــدا ٢٣، ژمـــارە ٢، ٢٠٢٠، ل ٤١٠- ٤١١).

(٢٣) شیلان تاهیر ساڵح، کۆیە لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨- ١٩٧٥، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٥

(٢٤) عوســـمان دەشـــتی (دکتـــۆر)، مەلا مەعســـومی هەورامـــی (مەلا و زانـــا و وڵاتـــپەروەر)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥١- ٥٢.

(٢٥) عەبدوڵمەسیح سلیمان سوور، تێکۆشانی شیوعییەکانی کۆیە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٧.

(٢٦) شیلان تاهیر ساڵح، کۆیە لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨- ١٩٧٥، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٦.

(٢٧) مەسعوود محەممەد، گەشتی ژیانم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩٦.

(٢٨) فازیـــل شـــەوڕۆ، کرۆنۆلۆژیـــای کـــۆیە یـــان مێـــژووی ڕووداوەکـــان لە ١٩٦٣/٠٦/٠٣ تـــا ٢٠٠٨/٧/٢٤، بەشی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨.

(٢٩) ڕاهـــی مەزهەر ئەلعـــامری (دکتـــۆر)، ڕۆڵـــی سیاســـی مەســـعوود محەمـــمەد لە عێـــراقدا (١٩١٩- ١٩٦٨)، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٥- ١٩٧.

(٣٠) ئەو کـــاتە ئیبراهـــیم ئەحـــمەد ســـکرتێری پـــارتی، جەلال تاڵەبـــانی، عـــومەر مســـتەفا، عەلـــی عەســـکەری و کەمـــال مـــوفتی ئەنـــدامانی مەکتەبـــی سیاســـی و ســـەرکردایەتی پـــارتی، ڕەخـــنەی ئەوەیـــان لە مســـتەفا بـــارزانی گـــرت، کە گـــوایە بەبـــێ گەڕانەوە بـــۆ مەکتەبـــی سیاســـی بڕیـــاری ئەو ئاگربەســـتەی داوە، وەك کـــاردانەوەیەکیش بـــۆ ئەو بڕیـــارەی بـــارزانی و ســـەبارەت بە ئاشـــتی لەگەڵ عەبدولســـەلام عـــارف، زۆربەی ئەنـــدامانی مەکتەبـــی سیاســـی پـــارتی دیمـــوکراتی کوردســـتان بە سەرپەرشـــتی ئیبراهـــیم ئەحـــمەد لە ٤ی نیســـانی ١٩٦٤دا، کۆنفرانســـێکیان لە مـــاوەت بەســـت، کە ٥ ڕۆژی خایانـــد، کۆنفرانســـەکەش بڕیـــاری هەڵپەســـاردن و ســـنووردار کردنـــی دەســـەڵاتەکانی مســـتەفا بـــارزانی‌دا. وەرگیـــراوە لە: (ڕەفیـــق ڕەحـــمان مـــام خـــول، ڕۆڵـــی حیزبـــی شـــیوعی عێـــراق لە شۆڕشـــی ئەیلـــول ١٩٦٣- ١٩٧٠، ســـەرچاوەی پێشـــوو، ل ١١٩- ١٢٠). هەروەهـــا بـــۆ زانیـــاری زیـــاتر لەم بـــارەیە بـــڕوانە: (کـــاوە ئەیـــب جەلال، کەرتبـــوون لەنێـــو پـــارتە سیاســـییەکان لە باشـــووری کوردستان، بڵاوکراوەی دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٧).

(٣١) ڕەشید حاجی بەدری سندی، ساڵی ١٩٣١ لە زاخۆ لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە مووسڵ تەواو کردووە، ساڵی ١٩٥٥ پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە، ساڵی ١٩٦٣ چووەتە نێو ڕیزەکانی شۆڕشی کورد، لە ناو شۆڕشدا چەندین پێگەی سەربازی وەرگرتووە، ساڵی ١٩٦٤ بووەتە ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد، لە کۆنگرەی هەشتی پارتی دیموکراتی کوردستان وەك ئەندامی لیژنەی ناوەندی هەڵبژێردراوە، دوای بەیاننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ بووەتە بەرپرسی مەکتەبی سەربازی پارتی، لە کۆنگرەی ١١ی پارتی وەك ئەندامی لیژنەی چاودێری و پشکنینی ناوەندی حیزب دەستنیشان کراوە، ساڵی ١٩٩٠ خانەنشین کراوە. وەرگیراوە لە: (شێرزاد زکریا محمد (دکتۆر)، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕەشی ئەیلوول لە کوردستان- عێراق (توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسی گشتی ١٩٦٤- ١٩٧٠)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٨؛ عەبدوڵڵا ڕەحمان مەلازادە، شێوەی پێکهاتەی سەربازی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن (کورتە باسێکە لە سەر پێکهاتەی عەسکەری لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان لە ساڵی ١٩٦٥ تا ساڵی ١٩٧٥)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣).

(٣٢) شیلان تاهیر ساڵح، کۆیە لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨- ١٩٧٥، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٦.

(٣٣) مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد (شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٨ و ١٨٦.

(٣٤) ئەحمەد دڵزار، بیرەوەریی ڕۆژانی ژیانم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٩.

(٣٥) جەمال فەتحوڵڵا (دکتۆر)، قشڵەی کۆیە وا دەگێڕێتەوە، گۆڤاری شارەوان (سەرۆکایەتی شارەوانی کۆیە دەری دەکات)، ژمارە ٣، شوباتی ٢٠١٤، ل ٦.

(٣٦) شیلان تاهیر ساڵح، کۆیە لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨- ١٩٧٥، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٧

(٣٧) مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد (شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٤- ١٩٥.

(٣٨) مەسعوود محەممەد، گەشتی ژیانم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢٢- ٤٢٣.

(٣٩) ڕاهی مەزهەر ئەلعامری (دکتۆر)، ڕۆڵی سیاسی مەسعوود محەممەد لە عێراقدا (١٩١٩- ١٩٦٨)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٩.

(٤٠) گوندی قازبەگیان لە ڕووی کارگێڕییەوە سەر بە ناحیەی ئاشتییە، بە دووری ٢٠ کیلۆمەتر دەکەوێتە بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری کۆیە، لە بناری شاخی هەیبەت سوڵتان هەڵکەوتووە، هەروەها لە ناوەڕاستی گوندەکانی بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری کۆیەیە لە سەر ڕێگای گشتی کۆیە- دووکان. وەرگیراوە لە: (شێخ ئازاد قازبەگیانی، قازبەگیان

(ناسـاندنێکی جـوگرافی، مێژوویـی، کولتـووریـیە)، چـاپی یەکەم، چاپخـانەی پیرەمێـرد، سـلێمانی، ٢٠٢١، ل ٢٦- ٤٢).

(٤١) گونـدی سـورەقەڵا، لە ڕووی کـارگێڕییەوە سـەر بە نـاحیەی ئاشـتیـیە، لەگەڵ هەر یەك لە گونـدەکانی قوڵقـوڵە لە ڕۆژهەڵات، کـانی هەنجیـر لە باشـووری ڕۆژهەڵات، شـیوەجان لە باشـووری ڕۆژئـاوا، بـانەگوڵان لە ڕۆژئـاوا، پێبـازۆك لە بـاکوور، دۆنـدار و شیوەشـان لە بـاکووری ڕۆژهەڵات هاوسـنوورە، کەوتـووەتە نزیـك ڕێگـای سـەرەکی کـۆیە- دووکـان. بـۆ زانیـاری زیـاتر بـڕوانە: (زامـدار ئەحـمەد مەلا ڕەسـووڵ، نـاحیەی ئاشـتی و گونـدەکانی، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ١٥٦).

(٤٢) شـێخ ئـازاد قازبەگیـانی، قازبەگیـان (ناسـاندنێکی جـوگرافی، مێژوویـی، کولتـووریـیە)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩١- ٩٢.

(٤٣) فازیـل شـەوڕۆ، کرۆنۆلۆژیـای کـۆیە یـان مێـژووی ڕووداوەکـان لە ١٩٦٣/٠٦/٠٣ تـا ٢٠٠٨/٧/٢٤، بەشی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨.

(٤٤) محەمـمەد مەلا قـادر، لە ١٢ی شـوباتی سـاڵی ١٩٦٤ لە گونـدی پیـرە کەپـران لە سـنووری هەولێـر لەدایکبـووە، لە تەمەنـی گەنجیـیەوە پەیوەنـدی بە ڕیزەکـانی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان کـردووە، لە شۆڕشـی ئەیلـوول و شۆڕشـی گـوڵان بەشـدار بـووە، لە نێـو حیزبەکەیـدا چەنـدین پـلە و پۆسـتی جیـاوازی هەبـووە و یەکێـك بـووە لە کـادیرە دیارەکـانی پـارتی. بـۆ زانیـاری زیـاتر بـڕوانە: (محەمـمەد مەلا قـادر، سـەربردە (کـورتەیەك لە بیرەوەرییەکـان)، چـاپی یەکەم، دەزگـای چـاپ و بڵاوکـردنەوەی ئـاراس، هەولێـر، ٢٠٠٩، ل ٨- ١٤). نـاوبراو لە ڕێککەوتـی ١٥ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٩ کۆچی دوایی کرد.

(٤٥) خورشـید شـێرە سـەلیم، سـاڵی ١٩٣٨ لە دیـبەگە لەدایکبـووە، قۆنـاغی سـەرەتایی سـاڵی ١٩٤٩ لە هەولێـر تەواو کـردووە، بە هـۆی بـارودۆخی سیاسـی وازی لە خوێنـدن هێنـاوە، سـاڵێك دوای دەسـت پـێ کردنـی شۆڕشـی ئەیلـوول پەیوەنـدی بە شۆڕشـەوە کـردووە، بە یەکێـک لە سـەرکردە دیارەکـانی سـەربازی شۆڕشـی ئەیلـوول دادەنرێـت، لە دوای کوودەتـای ٨ی شـوباتی سـاڵی ١٩٦٣ بـۆ مـاوەی نـزیکەی حەوت سـاڵ لە کـۆیە بـووە و بەشـداری لە ڕووداوەکـانی ئەو سـنوورە کـردووە، یـا لە نـزیکەوە ئاگـادار بـووە، نـاوبراو ئێسـتا لە هەولێـر دادەنیشـێت. (چـاوپێکەوتن لەگەڵ خورشـید شـێرە، هەولێـر، ڕێککەوتـی ٢٨ی کـانوونی دووەمـی سـاڵی ٢٠٢٣).

(٤٦) محەمـمەد مەلا قـادر، سـەربردە (کـورتەیەك لە بیرەوەرییەکـان)، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ٤٠.

(٤٧) وتـــاری داســـتانی چیـــای ســـەفین "نیســـانی ١٩٦٥"، ئینســـکلۆپیدیای پـــارتی دیمـــوکراتی کوردستان، ٢٠٢٢.

https://t.ly/VtBMG

(٤٨) محەمـــەد مەلا قـــادر، ســـەربردە (کـــورتەیەك لە بیرەوەرییەکـــان)، ســـەرچاوەی پێشـــوو، ل ٣٧.

(٤٩) مەلا محەمـــەد بەحرکەیـــی، کـــوردایەتی و کـــۆڵنەدان (ژیانـــامە و بەشـــێك لە بیـــرەوەری و ڕووداوە سیاسییەکانی ژیانم)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئیشراق، تێران، ٢٠٢٢، ل ١٢٥- ١٢٦.

(٥٠) گونـــدی ئیلنجـــاغی گەورە ســـەر بەنـــاحیەی تەقتەقە، دەکەوێـــتە خـــوارووی ڕۆژئـــاوای کـــۆیە و ســـەرووی خۆرئـــاوای تەقتەق، لە ڕۆژئـــاوای ڕێگـــای ســـەرەکی کـــۆیە- تەقتەق هەڵکەوتـــووە و نـــزیکەی ٦ بـــۆ ٧ کیلـــۆمەتر لە ڕێگـــا ســـەرەکییەکەوە دوورە، زۆربەی زۆری دانیشـــتوانەکەی لە هـــۆزی شـــێخانی‌ن و هەنـــدێک هـــۆزی دیـــکەی وەک پـــاڵانی، شـــوان و خۆشـــناو تێـــدایە. وەرگیـــراوە لە: (پ. ی. د. هۆشـــمەند عەلـــی مەحمـــوود، مەحمـــوود حەمەد شـــێخانی (دەنگێکـــی ڕەســـەنی ون ١٩٢٦- ١٩٩٤)، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥).

(٥١) خورشـید شـێرە، خـەبات و خـوێن (بیرەوەریـیـەکانی سـاڵانی خـەباتی پێشـمەرگایەتی)، چـاپی سێیەم، هەولێر، ٢٠١٥، ل ١٤٧- ١٥٣.

(٥٢) محەمـــەد حەســـەن پیـــرداود ڕەســـووڵ، نـــاسراو بە مەلا محەمـــەد بەحرکەیـــی، لە ٤ی نیســـــانی ســـــاڵی ١٩٣٩ لە بەحـــــرکە لەدایکبـــــووە، هەم لە حـــــوجرە و هەم لە قوتابخـــــانە خوێنـدوویەتی، بـۆ خوێنـدنی حـوجرە زۆر شـوێنی کوردسـتانی کـردووە، سـاڵی ١٩٥٧ دەسـتی بە خەبـاتی سیاسـی کـردووە، دواتـریش بەشـداری لە بـزووتنەوە ڕزگاریخوازەکـانی کـورد کـردووە، مـــاوەیەك لە شـــاری کـــۆیە بـــووە. بـــۆ زانیـــاری زیـــاتر بـــڕوانە: (مەلا محەمـــەد بەحرکەیـــی، کـــوردایەتی و کـــۆڵنەدان (ژیانـــامە و بەشـــێك لە بیـــرەوەری و ڕووداوە سیاســـییەکانی ژیـــانم)، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٢٢). ناوبراو لە ١٥ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٢٠ کۆچی دوایی کردووە.

(٥٣) دوو گونـــد بە نـــاوی ســـماق شـــیرن هەیە، کە دانیشـــتووانی هەردوو گونـــدەکە ســـەیدن و خزمـی یەکـدین، زۆریـش لـێکەوە نـزیکن، ئەو ڕووبـارە نـاوەی لە سـەرووی دێـگەڵەوە دێـت و بە نـــاوی دادەڕوات، بە نێـــوان هەردوو گونـــددا تـــێ دەپەڕێـــت، ســـماق شـــیرنی گەورە نـــزیکە لە ڕێگـــای ســـەرەکی کـــۆیە- هەولێـــر و نـــزیکەی ٣ کیلـــۆمەتر لە دێـــگەڵەوە دوورە. ســـماق شـــیرنی بچـــووک دەکەوێـــتە ســـەر ڕێگـــای دێـــگەڵە- بێســـتانە و نـــزیکەی ٥ کیلـــۆمەتر لە دێـــگەڵەوە دوورە. وەرگیـــراوە لە: (پ. ی. د. هۆشـــمەند عەلـــی مەحمـــوود، مەحمـــوود حەمەد شـــێخانی (دەنگێکـــی ڕەسەنی ون ١٩٢٦- ١٩٩٤)، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٨).

(٥٤) مەلا محەمــمەد بەحرکەیــی، کــوردایەتی و کــۆڵنەدان (ژیانـــامە و بەشـێك لە بیـــرەوەری و ڕووداوە سیاسییەکانی ژیانم)، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٥- ١٣٢.

(٥٥) خورشــید شــێرە، خــەبات و خــوێن (بیرەوەرییــەکانی ســاڵانی خــەباتی پێشــمەرگایەتی)، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٥.

(٥٦) چاوپێکەوتن لەگەڵ مەولوود ژاکاو، سەرچاوەی پێشوو.

(٥٧) عەبــدولڕەحمان محەمــمەد عــارف، ســاڵی ١٩١٦ لە گەڕەکــی کەرخی شــاری بەغــدا لەدایکبــووە و خوێنــدنی ئامــادەیی تەواو کــردووە، لە ١٢ی تشرــینی دووەمــی ســاڵی ١٩٣٦ لە کــۆلێژی ســەربازی وەرگیــراوە، لە ٤ی ئەمــووزی ســاڵی ١٩٣٧ بە پــلەی نەفســەری دوو دەرچــووە، چەنــدان پــلەی ســەربازی هەبــووە و تــا پــلەی سوپاســالار بە وەکــالەت ڕۆیشــتووە، دوای دەســتگیرکردنی عەبدولســەلامی بــرای لە ســەردەمی عەبــدولکەریم قاســم خانەنشــین کــراوە، لە دوای کوودەتــای ٨ی شــوباتی ســاڵی ١٩٦٣ گەڕاوەتەوە خزمەتــی ســەربازی، لە دوای مردنــی عەبدولســەلامی بــرای بــووەتە ســەرۆك کۆمــار و تــا ١٨ی ئەمــووزی ســاڵی ١٩٦٨ بەردەوام بــووە، ئەوجــا ڕووی کــردووەتە تورکیــا، هەروەهــا لە ســەرەتای ســاڵانی هەشــتاکان دوای ئەوەی ســەددام حوســێن ڕێــگەی پێــدا گەڕاوەتەوە عێــراق، لە ڕێککەوتــی ٢٤ی ئــابی ٢٠٠٧ لە ئــوردن کــۆچی دوایــی کــردووە. وەرگیــراوە لە: (ســۆزان کەریــم مســتەفا، بەعســیزم و کــورد ١٩٤٧- ١٩٧٥ (تــوێژینەوەیەکی مێژوویــی سیاســییە)، ســەرچاوەی پێشــوو، ل ١٩٠- ١٩١؛ ســەروەر عەبــدولڕەحمان عــومەر (دکتــۆر)، حزبــی شــیوعیی عێــراق و مەســەلەی کــورد (١٩٣٤- ١٩٧٥) ســەرچاوەی پێشــوو، ل ٢٧٠؛ ڕێبــاز دلاوەر عــومەر، پــێگەی باڵەکــایەتی لە شۆڕشــی ئەیلــوولدا (١٩٦١- ١٩٧٥)، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٦).

(٥٨) فــاخر عــالی عبــابکر، ڕێککەوتنــامەی نێــوان حکــومەتی عێــراق و بــزووتنەوەی ڕزگــاریخوازی کــورد لە ســەردەمی وەزارەتــی (عەبــدولڕەحمان بەزاز)دا (٢٩ی حــوزەیرانی ١٩٦٦)، گۆڤــاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی سێیەم، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ٢٠١٦، ل ٤٧٠).

(٥٩) عەبــدولڕەحمان بەزاز، ســاڵی ١٩١٣ لە گەڕەکــی ئەلتکــارتەی کەرخی شــاری بەغــدا لەدایکبــووە، چــونکە بــاوکی قومــاش فــرۆش بــووە، بە بەزاز نــاسراوە، ســاڵی ١٩٣٥ کــۆلێژی یاســای تەواو کــردووە، ســاڵی ١٩٣٨ بڕوانــامەی دکتــۆرای لە لەنــدەن وەرگرتــووە، یەکێــك بــووە لە کەســایەتییە سیاســی و یاســاییەکان و مامۆســتای زانکــۆ بــووە، یەکەمــین ســەرۆك وەزیرانــی مەدەنیــیە لە ســەردەمی کۆمــاری، لە دوای مردنــی عەبدولســەلام عــارف بــۆ مــاوەی ســێ ڕۆژ بــووەتە ســەرۆك کۆمــار، دواتــر دوورخــراوەتەوە. ســاڵی ١٩٧٣ کــۆچی دوایــی کــردووە. وەرگیــراوە لە: (ئەحــمەد حەمەدئەمــین، چەنــد لاپەڕەیەك لە مێــژووی نــوێ و هــاوچەرخی عێــراق، بڵاوکــراوەی دەزگــای موکریــانی، چــاپی یەکەم، چاپخــانەی ڕۆژهەڵات، هەولێــر، ٢٠١٠، ل ١٩١؛

فاخر عالی عبابکر، ڕێککەوتننامەی نێوان حکومەتی عێراق و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە سەردەمی وەزارەتی (عەبدولڕەحمان بەزاز)دا (٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧١).

(٦٠) واحید عومەر محێدین، دانوستانەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد و حکومەتەکانی عێراق (١٩٢١- ١٩٦٨) لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٧- ٢٧٨؛ فاخر عالی عبابکر، ڕێککەوتننامەی نێوان حکومەتی عێراق و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە سەردەمی وەزارەتی (عەبدولڕەحمان بەزاز)دا (٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧١.

(٦١) هەرێم حەسەن ئەحمەد بابان و محەممەد عەبدوڵلا کاکەسوور (دکتۆر)، سیاسەتە ئەمریکا بەرانبەر بە عێراق (٨ی شوباتی ١٩٦٣- ١٧ی تەمموزی ١٩٦٨)، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، بەرگی ٧، ژمارە ٢، نیسانی ٢٠٢٠، ل ٤٠٠.

(٦٢) ڕەفیق ڕەحمان مام خول، ڕۆڵی حیزبی شیوعی عێراق لە شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦٣-١٩٧٠، سەرچاوەی پێشوو، ١٧٠.

(٦٣) زەید ئەحمەد عوسمان، ساڵی ١٩٢٤ لە شاری هەولێر لەدایکبووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی لە هەولێر و بۆ تەواوکردنی خوێندن ڕووی کردووەتە قاهیرە تا لە کۆلێژی ماف لە زانکۆی مەلیك فوئاد بخوێنێت، دواتر گەڕاوەتەوە عێراق و کۆلێژی مافی لە بەغدا تەواو کردووە، ئەندامی کۆمەڵەی دارکەر و بەرپرسی حیزبی هیوا بووە لە میسر ساڵی ١٩٤٦ کتێبی (نضال الاکراد)ی بە ناوی خوازراوی (محەممەد شێرزاد) لە قاهیرە چاپ کردووە، دوای ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ بووەتە بەرهەڵستکار، بەڵام دوای کودەتای یەکەمی بەعسییەکان وەکوو کەسایەتییەکی نیشتمانیی لە زۆربەی دانوستانەکانی شۆڕشی کورد و حکومەت ڕۆڵی ئەرێنی گێڕاوە، هەرچەندە لە سەردەمی عەبدولسەلام عارف لەگەڵ ژمارەیەك کەسایەتی کوردی ناسراو ئازاد دەکرێت، دوای کودەتای ساڵی ١٩٦٨ لە ژێر فشار و هەڕەشەی بەعس و بیروباوەڕی خۆی چووەتە پاڵ شۆڕشی ئەیلوول، لە ١٧ی ئەیلوولی ١٩٧٨ کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی خانەوادەکەی لە بادادە نێژراوە. وەرگیراوە لە: (ڕەفیق ڕەحمان مام خول، ڕۆڵی حیزبی شیوعی عێراق لە شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦٣- ١٩٧٠، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٧).

(٦٤) واحید عومەر محێدین، دانوستانەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد و حکومەتەکانی عێراق (١٩٢١- ١٩٦٨) لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٨- ٢٧٩.

(٦٥) عەبـــدولعەزیز عـــوقەیلی، ســـاڵی ١٩٢٠ لە مووســـڵ لەدایکبـــووە، خوێنـــدنی بنەڕەتـــی و ئامـــادەیی هەر لەو شـــارە تەواو کـــردووە، دواتـــر پەیوەنـــدی بە کـــۆلێژی ســـەربازی لە بەغـــدا کـــردووە، ســـاڵی ١٩٣٨ بە پـــلەی ئەفســـەری پـــلە دوو دەرچـــووە، ســـاڵی ١٩٥٤ کـــۆلێژی ئەرکـــانی تەواو کـــردووە، لە بـــواری ســـەربازی چەنـــدان پـــلەی بڕیـــوە، یەکێـــك بـــووە لە گرووپـــی ئەفســـەرانی ئـــازاد، کە شۆڕشـــی ١٤ی تەممووزیـــان بەرپـــا کـــرد، پلەکـــانی سوپاســـالاری و وەزیـــری بەرگـــری بینیـــوە، ناوبـــانگی بەوە دەرکردبـــوو کە دژی بـــزووتنەوەی ڕزگـــاریخوازی کـــوردە، ســـاڵی ١٩٨١ کـــۆچی دوایـــی کـــردووە. وەرگیـــراوە لە: (ڕێبـــاز دلاوەر عـــومەر، پـــێگەی باڵەکـــایەتی لە شۆڕشـــی ئەیلوولدا (١٩٦١- ١٩٧٥)، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٦).

(٦٦) ڕەفیـــق ڕەحـــمان مـــام خـــول، ڕۆڵـــی حیزبـــی شـــیوعی عێـــراق لە شۆڕشـــی ئەیلـــوول ١٩٦٣-١٩٧٠، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٥.

(٦٧) فـــاخر عـــالی عبـــابکر، ڕێککەوتننـــامەی نێـــوان حکـــومەتی عێـــراق و بـــزووتنەوەی ڕزگـــاریخوازی کـــورد لە ســـەردەمی وەزارەتـــی (عەبـــدولڕەحمان بەزاز)دا (٢٩ی حـــوزەیرانی ١٩٦٦)، ســـەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧٢.

(٦٨) مســـعود بـــارزانی، بـــارزانی و بـــزووتنەوەی ڕزگـــاریخوازی کـــورد (شۆڕشـــی ئەیلـــوول ١٩٦١-١٩٧٥)، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٦.

(٦٩) شـــێرکۆ فەتحـــوڵڵا عـــومەر، (دکتـــۆر)، پـــارتی دیمـــوکراتی کوردســـتان و بـــزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە عێراق (١٩٤٦- ١٩٧٥)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٤.

(٧٠) بـــۆ زانیـــاری لە بـــارەی شـــەڕی هەنـــدرێن بـــڕوانە: (مســـعود بـــارزانی، بـــارزانی و بـــزووتنەوەی ڕزگـــاریخوازی کـــورد (شۆڕشـــی ئەیلـــوول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەرگـــی ســـێیەم، بەشـــی یەکەم، ســـەرچاوەی پێشـــوو، ل ٢١٥- ٢٢٣؛ ڕەفیـــق ڕەحـــمان مـــام خـــول، ڕۆڵـــی حیزبـــی شـــیوعی عێـــراق لە شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦٣- ١٩٧٠، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٠- ١٨٦).

(٧١) واحێـــد عـــومەر محێـــدین، دانوســـتانەکانی بـــزووتنەوەی ڕزگـــاریخوازی نەتەوەیـــی کـــورد و حکومەتەکـــانی عێـــراق (١٩٢١- ١٩٦٨) لێکـــۆڵینەوەیەکی مێژوویـــی سیاســـییە، ســـەرچاوەی پێشـــوو، ل ٢٨٠- ٢٨١.

(٧٢) ڕێککەوتننامەکە لەم ١٢ خاڵە پێك هاتبوو لەگەڵ ٣ خاڵی دیکەی نهێنی.

١- حکـــومەت بە دڵنیـــایی بـــێ ســـێ و دوو دان بە نەتەوەی کـــورددا دەنێـــت لە دەســـتووری کـــاتی هەمـــوارکراودا و ئامادەشـــە بـــۆ جەختکـــردن لە ســـەر ئەو دانپێـــدانانە و ڕوونکـــردنەوەی لە دەســـتووری هەمیشـــەییدا، بە جۆرێـــك ببێـــتە نەتەوەی کـــورد و مـــافە نەتەوەییەکـــانی کـــورد لە یەك نیشـــتمانی عێـــراقدا کە دوو نەتەوەی ســـەرەکی دەگـــرێتە خـــۆ (عەرەب و کـــورد) عەرەب و کوردیش لە ماف و ئەرکدا یەکسان دەبن.

---

٢- حکومەت ئامادەیە لە یاسای پارێزگاکان کە لە سەر بنچینەی لامەرکەزی جار دەدرێت بوونی ڕاستەقینە بەم ڕاستییە حاشا هەڵنەگرە ببەخشێت و هەموو پارێزگا و قەزا و ناحیەیەك کەسییەتی بەشداری خۆیان هەیە کە دانیان پێدا دەنرێت، هەروەها هەر یەکەیەکی کارگێڕی، لەوەش زیاتر ئەنجوومەنی هەڵبژێردراوی خۆی دەبێت کە دەسەڵاتی بەرفراوانی لە بواری فێرکردن و تەندروستی و گەلێکی تر لە کاروباری ناوخۆیی و شارەوانیدا دەبێت، هەر وەك یاسای ئاماژە بۆ کراو بە دوور و درێژی لێی دەدوێت و یاساکەش دەسەڵاتی هێنانە کایەی هەموارکردن دەدات بە خۆی لە نێو چوارچێوەی یەکە کارگێڕییەکاندا، هەروەها دەسەڵاتی پێکهێنانی یەکەی کارگێڕی تازەی پێ دەدرێت، ئەوە ئەگەر بەرژەوەندی گشتی پێویستی بەوە کرد.

٣- پێویست بەوە ناکات بڵێین حکومەت دان بە زمانی کوردیدا دەنێت، وەك زمانێکی ڕەسمی شان بە شانی زمانی عەرەبی لەو ناوچانەی زۆرینەی کوردییان تێدا دادەنیشێت و خوێندنیش بە هەردوو زمان دەبێت بە پێی ئەوەی یاسای ئەنجوومەنە شارەوانییەکان دیاری دەکەن.

٤- ئەم حکومەتە نیازی وایە هەڵبژاردنی پەرلەمانی لەو ماوەیەدا بکات کە دەستووری کاتی و بەیاننامەی وەزاری دیارییان کردووە و کوردیش بە ڕێژەی ژمارەی دانیشتووانی لە ئەنجوومەنی نیشتمانیدا نوێنەری دەبێت بە پێی ئەو ڕێبازەی لە یاسای هەڵبژاردندا باسی لێوە کراوە.

٥- پێویست بەوە ناکات بڵێین کوردیش لە هەموو پلە و پایە گشتییەکاندا بە پێی ژمارەی دانیشتووانیان بەشداری برا عەرەبەکانیان دەکەن، لەوانەش وەزارەتەکان و فەرمانگە گشتییەکان و پایەی قەزایی (دادوەری و دیپلۆماسی و سەربازی لەگەڵ ڕەچاوکردنی بنەمای لێهاتوویی و لێوەشاوەیی.

٦- ژمارەیەك مینجەی خوێندن و قوتابی ناردنە دەرەوە بۆ وەرگرتنی تایبەتمەندیەتی لە بواری لێهاتوویی کەسایەتیی پێویست بۆ وڵات، دەدرێت بە کورد و زانکۆی بەغداش بایەخێکی تایبەتی بە خوێندنی زمان و ئەدەب و ئەریت و باوەڕ و مێژووی کورد دەدات، لە هەمان کاتیشدا زانکۆی بەغدا پرۆژەیەکی خۆی لە باکوور دەکاتەوە، ئەگەر پارەی پێویست بۆ ئەو مەبەستە هەبوو.

٧- پێویست ناکات بڵێین کە فەرمانبەرەکانی حکومەت لە پارێزگا و قەزا و ناحیە کوردییەکان کورد دەبن، هەر کاتێك ژمارەی پێویست بۆ ئەمە هەبوو و ئەو جۆرە فەرمانانە بە کەسی تر نادرێن، تەنیا مەگەر لە بەرژەوەندی ناوچەکەدا بێت.

٨- ژیـــانی پەرلەمـــانی وا پێویســـت دەکـــات ڕێکخـــراوی سیاســـی دیـــاریکراو هەبێـــت و ڕۆژنـــامەوانیش مـــافی ئەوەی هەیە خواســـت و ئـــارەزووی گەل دەربڕێـــت و کـــوردیش بەشـــداری لەو مـــافەدا دەکەن، لە چوارچێـــوەی ســـنووری یاســـادا، ڕۆژنـــامەی سیاســـی و ئەدەبـــی لە نـــاوچە کوردییەکانـــدا بە زمـــانی کـــوردی، یـــان زمـــانی عەرەبـــی دەبێـــت، بە پێـــی داواکـــاری کەســـانی پەیوەندیدار.

٩-

أ- هەر کاتێـــك کـــاری توونـــدوتیژی بوەســـتێت، ئەوا لێبـــوردنێکی گشـــتی بـــۆ هەمـــوو ئەوانە دەردەچێـــت کە لە بـــاکووردا بەشـــدارییان لەو کـــارانە کـــردووە و پەیوەنـــدییان پێیـــانەوە هەبـــووە، هەروەهـــا بـــۆ هەمـــوو ئەوانەش کە حـــوکم دراون لەبەر بەشـــداربوونیان لە کـــاری توندوتیژیـــدا، یـــان پەیوەنـــدییان پێیـــانەوە هەبـــووە، لە هەمـــان کاتیشـــدا هەمـــوو ئەوانەی کە ئازادییـــان کـــۆت کراوە.

ب- هەمـــوو بەرپـــرس و فەرمـــانبەرە کوردەکـــان دەگەڕێـــنەوە بـــۆ فەرمانەکـــانی پێشـــوویان و دامەزراندنیش بە شێوەیەکی دادپەروەرانە دەچێت بەڕێوە.

ج- حکـومەت هەرچییەکـی لە توانایـدا هەبێـت بـۆ گەڕانـدنەوەی گشـت کرێکـارە کوردەکـان بـۆ سەر کارەکانیان دەیکات.

١٠- هەمـــوو هەڵاتووەکـــانی هێـــزە چەکـــدارەکان لە چوارچێـــوەی ئەو مەرجـــانەی لە خـــوارەوە نـــووسراون دەســـتبەجێ بە دەرچـــوواني ئەم بەیانـــامەیە دەگەڕێـــنەوە بـــۆ یەکەکـــانی خۆیـــان، بە مەرجێـــك ئەم کـــارە لە مـــاوەی دوو مانگـــدا جێبەجـــێ بکرێـــت و ئەو گەڕاوانەش بە ســـۆزەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت و لێبوردنێکی تایبەتیان بۆ دەردەچێت، مەرجەکانیش ئەمانەن:

أ- هەموو ئەوانەی لە سوپادا بوون دەبێت بە خۆیان و بە چەکەکانیانەوە بگەڕێنەوە.

ب- هەمـوو ئەوانەشـی کە پـۆلیس بـوون، دەبێـت بە خۆیـان و بە چەکەکانیـانەوە بگەڕێـنەوە بـۆ هێزی پۆلیس.

ج- گشـت ئەو مەدەنییـانەی لە مـاوەی توندوتیژیـدا چەکیـان هەڵگرتـووە بە ڕێکخراوێکـی سـەر بە دەوڵەت دادەنـــرێن و حکـــومەت یارمەتییـــان دەدات بـــۆ دەســـت پـــێ کـــردنەوەی کـــارە ئاســـاییەکانیان و تـــا ئەمەش جێبەجـــێ دەبێـــت، ئەوا حکـــومەت لێیـــان بەرپـــرس دەبێـــت و پێویســـتە لە ســـەر هەمـــوو ئەوانەی دەســـت بە کـــارە ئاســـاییەکانی خۆیـــان دەکەنەوە گشـــت چەك و فیشـــەك و شـــتی تـــری لەم بابەتەیـــان بـــدەنەوە حکـــومەت بە پێـــی پلانێـــك کە بـــۆ ئەم مەبەســـتە ئامادە دەکرێت.

د- هێـزی سـوارە (الفرسـان) لە کـاتی دابـین بـوونی ئاشـتییدا دەگەڕێـتەوە مەڵبەنـدەکانی خۆیـان و چەکەکانیشیان بە پێی پلانێك کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادە دەکرێت لێ دەسەنرێتەوە.

١١- پێویست به گوتن ناکات که ئەو پاره و پووڵەی بۆ لەناوبردنی کاری توندوتیژی، بێ ئەوەی پێویست بەوە بکات خەرج دەکرێت بۆ ئاوەدانکردنەوەی باکوور تەرخان دەکرێت و دەستەیەکی تایبەتیش بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچە کوردییەکان پێک دەهێنرێت و پارەی پێویستیش بۆ ئەو دەستەیە تەرخان دەکرێت بۆ وەدیهێنانی کار تەواو کردن لەو پارەیەی کە دانراوە بۆ جێبەجێ کردنی پلانی گەشەکاری بۆ تووتن چاندن و لە هەمان کاتیشدا سەرپەرشتی کاروباری ئەو یەکە کارگێڕییانە دەکات کە کورد زۆرینەی دانیشتووانیان تێدا پێک دەهێنن و ئەو کاروبارانەش لە خانی گیروگرفتی کوردەوە، وەك ڕۆشنبیری و زمانی کوردی، حکومەت ئەوەی لە توانایدا بێت دەیکات بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو کەسانەی بە هۆی کاری توندوتیژییەوە زیانیان لێ کەوتووە تا بتوانن کاره ئاساییەکانی خۆیان لە سایەی ئاشتی و ئاسایشدا بکەن لە پێناو وەدیهێنانی خۆشگوزەرانی و گەشەکردن، هەروەها حکومەت لە ڕووی نیشتمانی و مرۆڤایەتییەوە ژیانی هەتیو و بێوەژنەکان و هەموو ئەوانەی لە ئەنجامی ئەو توندوتیژکارییانەوە لە بەشی باکووری نیشتمان تووشی پەککەوتەیی و کەم ئەندامی بوون دەگرێتە ئەستۆ، لە هەمان کاتیشدا حکومەت بە زووترین کات پەناگە و پەیمانگای پیشەیی دەکاتەوە.

١٢- حکومەت هەوڵ دەدات بۆ نیشتەجێ کردنەوەی هەموو ئەو کەس و کۆمەڵانەی کە ناوچەکانی خۆیان جێ هێشتووە، یان لێیان هەتره کراون و دوورخراونەتەوە، بۆ ڕەخساندنی بارودۆخێکی ئاسایی، خۆ ئەگەر حکومەت بینی لە دواڕۆژدا وا پێویست دەکات بە کڕین دەست بە سەر هەندێك کەلوپەلدا بگرێت، دەبێت ئەم کاره بە قەرەبووکردنەوەیەکی خێرا و عادیلانە بێت. (مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد (شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨٨- ٣٩٠؛ شێرکۆ فەتحوڵلا عومەر، (دکتۆر)، پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە عێراق (١٩٤٦- ١٩٧٥)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٦؛ فاخر عالی عبابکر، ڕێککەوتننامەی نێوان حکومەتی عێراق و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە سەردەمی وەزارەتی (عەبدولڕەحمان بەزاز)دا (٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧٥).

(٧٣) فاخر عالی عبابکر، ڕێککەوتننامەی نێوان حکومەتی عێراق و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە سەردەمی وەزارەتی (عەبدولڕەحمان بەزاز)دا (٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧٤.

(٧٤) ڕەفیق ڕەحمان مام خول، مستەفا بارزانی (ڕۆڵ و هەڵوێستی لە پێشهاتە سیاسییەکاندا ١٩٥٨- ١٩٧٠)، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٥.

(٧٥) شێركۆ كرمانج، شوناسی عێراق (ململانێ نەتەوەیی و مەزهەبییەكان)، چاپی یەكەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٧، ل ٢٧٤.

(٧٦) هەرێم حەسەن ئەحمەد بابان و محەممەد عەبدوڵڵا كاكەسوور (دكتۆر)، سیاسەتە ئەمریكا بەرانبەر بە عێراق (٨ی شوباتی ١٩٦٣- ١٧ی تەممووزی ١٩٦٨)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠٠.

(٧٧) عارف عەبدولڕەزاق، یەكێكە لە ئەفسەرە دیارەكانی بواری ئاسمانی و لە عێراق، زۆر بە جەمال عەبدولناسر كاریگەر بوو، یەكێك بوو لەو كەسانەی كە ڕۆڵی كاری هەبوو لە كوودەتای ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣، دوای ئەم هەوڵی كوودەتایە دەستبەسەر كرا، دواتر بۆ دەرەوەی وڵات دوورخرایەوە، ساڵی ٢٠٠٥ لە قاهیر كۆچی دوایی كرد. وەرگیراوە لە: (ئەحمەد حەمەدئەمین، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٠- ١٩١).

(٧٨) ئەحمەد حەمەدئەمین، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٠- ١٩١.

(٧٩) ناجی تالیب، ساڵی ١٩١٧ لە ناسریە لەدایكبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لەوێ تەواو كردووە، قۆناغی ئامادەیی لە بەغدا خوێندووە، ساڵی ١٩٣٧ چووەتە كۆلێژی سەربازی، ساڵی ١٩٤١ بەشداری لە ڕاپەڕینی مایسی ساڵی ١٩٤١ كردووە، ئەندامی لیژنەی ئەفسەرە ئازادەكان بووە، دوای شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ساڵی ١٩٥٨ لە حكومەتەكەی عەبدولكەریم قاسم پۆستی وەزیری كاروباری كۆمەڵایەتی پێ دراوە، لە شوباتی ساڵی ١٩٥٩ دەستی لەو پۆستە كێشاوەتەوە، لە سەردەمی عەبدولسەلام عارف و عەبدولڕەحمان عارفی جووت برا، زۆر پۆستی وەزاری وەرگرتووە، هەر وەك جێگری سەرۆك وەزیران و سەرۆك وەزیران بووە. وەرگیراوە لە: (ئەحمەد حەمەدئەمین، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٦؛ ڕاهی مەزهەر ئەلعامری (دكتۆر)، ڕۆڵی سیاسی مەسعوود محەممەد لە عێراقدا (١٩١٩- ١٩٦٨)، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٨).

(٨٠) فاخر عالی عبابكر، ڕێككەوتننامەی نێوان حكومەتی عێراق و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد لە سەردەمی وەزارەتی (عەبدولڕەحمان بەزاز)دا (٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧٧- ٤٧٩.

(٨١) مەحموود عوسمان، ساڵی ١٩٣٨ لە پێنجوێن لەدایكبووە، ساڵی ١٩٥٤ پەیوەندی بە پارتی دیموكراتی كوردستانەوە كردووە؛ لە ساڵی ١٩٥٨ بووە بە ئەندامی یەدەگی لیژنەی ناوەندی پارتی، ساڵی ١٩٦١ كۆلێژی پزیشكی لە زانكۆی بەغدا تەواو كردووە، ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوول كردووە؛ ساڵی ١٩٦٤ لە كۆنگرەی شەشەمی پارتی بە ئەندامی

---

مەکتەبی سیاسی پارتەکە هەڵبژێردراوە؛ ساڵی ١٩٧٦ (اللجنة التحضيرية للحزب الديموقراطي الكردستاني) لە وڵاتی سووریا دامەزراندووە؛ ساڵی ١٩٧٩ لە ئەنجامی یەکگرتنی لیژنەی تەحزیری پارتی و بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان؛ ساڵی ١٩٨٨ لە دامەزراندنی بەرەی کوردستانی بەشدار بووە؛ ساڵی ٢٠٠٣ بووە بە ئەندامی ئەنجوومەنی حوکمڕانی لە عێراق؛ ساڵی ٢٠٠٥ لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستانی بووە بە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، ئێستا لە شاری هەولێر نیشتەجێیە. وەرگیراوە لە: ڕەفیق ڕەحمان مام خول، مستەفا بارزانی (ڕۆڵ و هەڵوێستی لە پێشهاتە سیاسییەکاندا ١٩٥٨- ١٩٧٠)، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٣).

(٨٢) سامی عەبدولڕەحمان ناوی محەمەد مەحمەد عەبدولڕەحمانە، ساڵی ١٩٣٣ لە شەنگال لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لە زایەنگەی خۆی و ناوەندی و ئامادەیی لە مووسڵ تەواو کردووە، دواتر چووەتە بەریتانیا و کۆلێژی ئەندازیاری بەشی کارەبای تەواو کردووە، ساڵی ١٩٥٩ سکرتێری سەندیکای ئەندازیارانی عێراق بووە، لە دوای ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوولەوە کردووە، ساڵی ١٩٦٧ بە کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردراوە، لە دوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ بەشداری لە وەزارەتی ئەحمەد حەسەن بەکر کردووە، ساڵی ١٩٨٠ لەگەڵ چەند کەسێک پارتی گەلی دیموکراتی کوردستانیان دامەزراندووە، لە کۆنگرەی ١١ی پارتی دیموکراتی کوردستان- یەکگرتوودا بووەتە ئەندامی لیژنەی ناوەندیی و مەکتەبی سیاسی، لە ڕۆژی ٢٠ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٩٩ بووە بە جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، لە ١ی شوباتی ساڵی ٢٠٠٤ لە ئەنجامی تەقینەوەیەکی خۆکوژی کوژرا. وەرگیراوە لە: (کەریم شارەزا، سیاسەتمەداری کورد شەهید سامی عەبدولڕەحمان (١٩٣٣- ٢٠٠٤)، قامووسی ناوە ئەمرەکان، ئامادەکردن و سەرپەرشتی مومتاز حەیدەری، هێرش سنجاوی، کاروان قاسم، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٤، ل ٤٠٩- ٤١٠).

(٨٣) عەزیز ڕەشید عەقراوی (ئاکرەیی)، ساڵی ١٩٢٤ لە ئاکرێ لەدایکبووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە ئاکرێ تەواو کردووە، ساڵی ١٩٤٣ پەیوەندی بە کۆلێژی سەربازی کردووە، دواتر چووەتە کۆلێژی ئەرکان و بڕوانامەی ماستەری لە زانستە سەربازییەکان بە دەست هێناوە و بە پلەی ڕائید ڕوکن دەرچووە، بەشداری لە چەندین خولی سەربازی لە دەرەوە کردووە، لەوانە: بەریتانیا و یەکێتی سۆڤیەت، چەندین پۆست و پایەی لە ڕیزەکانی سوپای عێراقی وەرگرتووە، لەوانە: ئەفسەری هەواڵگری لە فیرقەی سێ لە ساڵی ١٩٥٩، ئەفسەر لە بەڕێوەبەرایەتی تۆپهاوێژی فیرقەی سێ لە ساڵی ١٩٦١، لە

حـــوزەیرانی ســـاڵی ١٩٦٢ لەگەڵ ژمـــارەیەك نەفســـەری کـــورد پەیوەنـــدییان بە شۆڕشـــی ئەیلـــوولەوە کـــردووە، کە لەو کـــاتەدا پـــلەی مـــوقەدەم ڕوکـــن بـــووە، هەروەهـــا لە نێـــو شۆڕشـــدا چەنـــدین پۆســـتی وەرگرتـــووە، لەوانە: فەرمانـــدەی هەرێمـــی ڕوانـــدز، بـــاڵەك، ســـیدەکان، فەرمانـــدەی لیـــوای ســـەفین، لە کـــۆنگرەی حەوتەمـــدا بـــووەتە ئەنـــدامی مەکتەبـــی سیاســـی پـــارتی دیمـــوکراتی کوردســـتان، ســـاڵی ١٩٧٣ ڕیزەکـــانی شۆڕشـــی ئەیلـــوولی جـــێ هێشـــت و پەیوەنـــدی بە حکـــومەتەوە کـــرد و تـــا ســـاڵی ١٩٨٠ لە بەغـــدا مـــایەوە، لەو ماوەیەشـــدا چەنـــدین پۆســـتی لە حکـــومەت وەرگرتـــووە، لەوانە: وەزیـــری دەوڵەتـــی لە ســـاڵی ١٩٧٤ و وەزیـــری گواســـتنەوە لە ســـاڵی ١٩٧٧ و وەزیـــری دەوڵەت لە ســـاڵی ١٩٧٨، دواتـــر عێـــراقی جـــێ هێشـــتووە و چـــووەتە دەرەوە، لە ٢٤ی کـــانوونی یەکەمـــی ســـاڵی ١٩٩٨ لە ئەڵمانیـــا کـــۆچی دوایـــی کـــردووە. وەرگیـــراوە لە: (عەبـــدوڵڵا ڕەحـــمان مەلازادە، شـــێوەی پێکهـــاتەی ســـەربازی شۆڕشـــی ئەیلـــوولی مەزن (کـــورتە باســـێکە لە ســـەر پێکهـــاتەی عەســـکەری لەشـــکری شۆڕشـــگێڕی کوردســـتان لە ســـاڵی ١٩٦٥ تـــا ســـاڵی ١٩٧٥)، ســـەرچاوەی پێشـــوو، ل ٣٣؛ بورهـــان حـــاتەم گۆمەتـــاڵی (دکتـــۆر)، مســـتەفا بـــارزانی لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی عێراقدا (١٩٤٧- ١٩٧٠)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥١).

(٨٤) بورهـــان حـــاتەم گۆمەتـــاڵی (دکتـــۆر)، مســـتەفا بـــارزانی لە بەڵگەنـــامە نهێنییەکـــانی حکـــومەتی عێراقدا (١٩٤٧- ١٩٧٠)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٩- ٥٠.

(٨٥) عەبـــدولخالق ناســـر ئەلعـــامری (دکتـــۆر)، بـــارزانی مســـتەفا و دۆزی کـــورد لە عێـــراق (١٩٣١- ١٩٧٥)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٤.

(٨٦) بەکـــر عەبـــدولکەریم عەبدولواحێـــد ئاغـــای حەوێـــزی، ســـاڵی ١٩١٤ لە گەڕەکـــی بەفـــری قەنـــدی شـــاری کـــۆیە لەدایکبـــووە، خوێنـــدنی ســـەرەتایی لە کـــۆیە و ناوەنـــدی و ئامـــادەیی لە ســـاڵی ١٩٣٢ لە بەغـــدا تەواو کـــردووە، ســـاڵی ١٩٣٥ چـــووەتە کـــۆلێژی ســـەربازی و ســـاڵی ١٩٣٦ بە پـــلەی ملازمـــی دووەم دەرچـــووە، ســـاڵی ١٩٣٩ بـــۆ مـــاوەی شـــەش مانـــگ لە ســـەربازگەی ڕەشـــیدییە لە دەورەی لاســـکلی (مخـــابرە) بـــووە، لە کۆمـــاری مەهابـــاد و شۆڕشـــی ئەیلـــوول بەشـــدار بـــووە... بـــۆ زانیـــاری زیـــاتر بـــڕوانە: (عەقیـــد بەکـــر عەبـــدولکەریم حەوێـــزی، گەشـــتێك بە کۆمـــاری مەهابـــاددا (بیرەوەرییەکـــانم لە ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتاندا ١٩٤٤- ١٩٤٧)، چـــاپی دووەم، دەزگـــای چـــاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە هەولێر، ٢٠٠١).

(٨٧)مســـعود بـــارزانی، بـــارزانی و بـــزووتنەوەی ڕزگـــاریخوازی کـــورد (شۆڕشـــی ئەیلـــوول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٩.

هەروەها مەسعوود بارزانی دەڵێت: پلانی ڕووبەڕووبوونەوە بەم شێوەیە دانرا:

یەکەم: تۆپبـاران کردنـی هەمـوو مۆڵگەکـانی سـوپا لە نـاوچەکەدا لە خەلیفـان و ملتـۆکر و پـارێز (حـامیە)ی ڕوانـدز و دیانـا لە یەك کاتـدا، بـۆ هەر مـۆڵگەیەك تـۆپێکی هـاوەنی ئەنـدازە ١٢٠ ملـم و ٢٠٠ گوللە بۆ هەر تۆپێك تەرخان کرا.

دووەم: بردنـی هێرشـێکی گشـتی بـۆ سـەر چیـای کـۆڕەك بە مەبەسـتی دەسـتگرتن بە سـەر گەلـی عەلـی بەگـدا و تونـدکردنی گەمـارۆی پـارێزی ڕوانـدز، ئەم هێرشـە بە بەتـالیۆنی ئاکۆیـان سـپێردرا بە سـەرکردایەتیی مەلا ئەمـین و حەمە زیـاد و بە بەتـالیۆنێکی حیزبـی شـیوعی‌یش بە سـەرکردایەتی مـلازم ڕیـاز بەدرخـان و سـەرکردەی گشـتی بەرەی فـاخیر محەمـەد مێرگەسـۆری بوو.

سـێیەم: لە هەمـان کاتـدا هێـرش بـۆ سـەر مـۆڵگەی خەلیفـان، ئەم ئەرکە بە بەتـالیۆنی بێتـواتە سپێردرا بوو بە سەرکردایەتی حالی دۆمەڵەمەری و قانجۆ یوونس.

چـوارەم: هێـرش بـۆ سـەر مـۆڵگەی ملتـۆکر بە بەتـالیۆنێکی هێـزی بـاڵەك سـپێردرا بـوو بە سەرکردایەتی عیزەت سلێمان بەگی دەرگەڵە و مام سدیق.

پێـنجەم: هێـرش بـۆ سـەر مـۆڵگەی دیانـا بە دوو بەتـالیۆنی هێـزی بـاڵەك سـپێدرا بـوو، بە سەرکردایەتی حاجی بێرۆخی و حادی حسکۆ.

شەشـەم: سـەرکردەی گشـتی بەرە عەبـدوڵڵا ئاغـا پشـدەری فەرمانـدەری هێـزی بـاڵەك و بارمەتیدەریشـی کەمـال نـوعمان سـابیت و سەرپەرشـتیکەری گشـتی تۆپخـانەش ڕەئـیس (نەقیـب) بەکـر و مـلازم عـومەر ئاغـای دۆڵەمەری و خـدر دەبـاغ و نەوزاد خۆشـناو و خالیـد شەمسـەدین بـوو. وەرگیـراوە لە: (مسـعود بـارزانی، بـارزانی و بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی کـورد (شۆڕشـی ئەیلـوول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەرگـی سـێیەم، بەشـی یەکەم، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ١٩٩- ٢٠٠).

(٨٨) عەبـدوڵڵا ڕەحـمان مەلازادە، شـێوەی پێکهـاتەی سـەربازی شۆڕشـی ئەیلـوولی مەزن (کـورتە باسـێکە لە سـەر پێکهـاتەی عەسـکەری لەشـکری شۆڕشـگێڕی کوردسـتان لە سـاڵی ١٩٦٥ تـا سـاڵی ١٩٧٥)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٣- ٧٢.

(٨٩) عەبـدوڵڵا ڕەحـمان مەلازادە، شـێوەی پێکهـاتەی سـەربازی شۆڕشـی ئەیلـوولی مەزن (کـورتە باسـێکە لە سـەر پێکهـاتەی عەسـکەری لەشـکری شۆڕشـگێڕی کوردسـتان لە سـاڵی ١٩٦٥ تـا سـاڵی ١٩٧٥)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣- ٣٤.

(٩٠) مسـعود بـارزانی، بـارزانی و بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی کـورد (شۆڕشـی ئەیلـوول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەرگـی سـێیەم، بەشـی یەکەم، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ٢٢٨؛ ئـاراس عەبـدولخالق عەبدوڵمەجیـد، ئـافیز جەلال حەوێـزی مەردێکـی جـوامێر و بە ئەمەك (١٩٢١- ١٩٧٢)، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ٢٩؛ عەبـدولخالق عەلائەدیـن، کـۆیە... ئـاوداراني، سـەرچاوەی پێشـوو، ل

١٠٥- ١٠٦؛ فــاخر عــالی عبــابکر، ڕێککەوتنــامەی نێــوان حکــومەتی عێــراق و بــزووتنەوەی ڕزگــاریخوازی کــورد لە ســەردەمی وەزارەتــی (عەبــدولڕەحمان بەزاز)دا (٢٩ی حــوزەیرانی ١٩٦٦)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧٤.

(٩١) ڕاهــی مەزهەر ئەلعــامری (دکتــۆر)، ڕۆڵــی سیاســی مەســعوود محەمــمەد لە عێــراقدا (١٩١٩- ١٩٦٨)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٤.

(٩٢) مســعود بــارزانی، بــارزانی و بــزووتنەوەی ڕزگــاریخوازی کــورد (شۆڕشــی ئەیلــوول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٣.

(٩٣) جەمال فەتحوڵلا (دکتۆر)، قشڵەی کۆیە وا دەگێڕێتەوە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦.

(٩٤) ڕاهــی مەزهەر ئەلعــامری (دکتــۆر)، ڕۆڵــی سیاســی مەســعوود محەمــمەد لە عێــراقدا (١٩١٩- ١٩٦٨)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٤.

(٩٥) مســعود بــارزانی، بــارزانی و بــزووتنەوەی ڕزگــاریخوازی کــورد (شۆڕشــی ئەیلــوول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٢.

(٩٦) ڕەفیــق ڕەحــمان مــام خــول، ڕۆڵــی حیزبــی شــیوعی عێــراق لە شۆڕشــی ئەیلــوول ١٩٦٣- ١٩٧٠، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٥- ٢١٦

(٩٧) زرار ســلێمان بەگ دەرگەڵەیــی، بیرەوەرییەکــانم (لە ســاڵانی ١٩٤٣- ١٩٧٧)دا، بــێ شــوێنی چاپ، سلێمانی، بێ ساڵ، ل ٣٦٣.

(٩٨) مســعود بــارزانی، بــارزانی و بــزووتنەوەی ڕزگــاریخوازی کــورد (شۆڕشــی ئەیلــوول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەرگــی ســێیەم، بەشــی یەکەم، ســەرچاوەی پێشــوو، ل ٢٤٩؛ چــاوپێکەوتن لەگەڵ خورشید شێرە، سەرچاوەی پێشوو.

(٩٩) هــاوار کەمــال میــرزا عەبــدوڵلا (دکتــۆر) و گــۆران ئیبراهــیم ســالح (دکتــۆر)، هەڵوێســتی ئەمریکــا بەرامــبەر هەژمــوونی ســۆڤیەت لە عێــراق (١٩٦٩- ١٩٧٥)، مجلــة الدراســات السیاســة و الامنیة، المجلد الثالث، العدد السادس، کانون اول ٢٠٢٠، ل ١٥٨.

(١٠٠) نۆرخــانی غالــب، شۆڕشــی ئەیلــوول و ڕۆژگــاری دوای هەرەس (چەنــد ســەرنجێکی ســەرەتاییە)، چــاپی دووەم، چاپخــانەی چیــا، لەنــدەن، ٢٠٠٣، ل ١٩؛ بەهــادین نــووری، پرســی کــورد و ئەزمــوونی کوردســتانی عێــراق (لە چلەکــانی ســەدەی بیســتەمەوە هەتــا ئەمــڕۆ تــایبەت بە کوردستانی عێراق)، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانا، سلێمانی، ٢٠١٨، ل ٢٧.

(١٠١) شــۆڕش حــاجی (دکتــۆر)، ناســیۆنالیزمی کــوردی و پەرچەکــردار (ناســیۆنالیزمی کــوردی و حیزبــی بەعــس) ڕووداوەکــان ١٩٦٣- ٢٠٠٣، چــاپی یەکەم، چــاپ و پەخشــی مــاد، تــاران، ٢٠١٨، ل ١٧٧.

(١٠٢) سنوور سەباح سدیق و محەمەد عەبدوڵڵا کاکەسوور (دکتۆر)، کاریگەری بارودۆخی سیاسی لە سەر پرۆسەی خوێندن لە شاری هەولێر (١٩٦٨- ١٩٧٥)، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی پێنجەم، ژمارە ١٥، کانوونی یەکەمی ٢٠١٨، ل ٩٤٣؛ تۆفیق نووری بەگ، بیرەوەری مێژوویی لە تێڕوانینی کوردێکی نەتەوەیی بەرانبەر بە شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، ٢٠٢٠، ل ١٢٣.

(١٠٣) فەرەیدوون عەبدولڕەحیم عەبدوڵڵا، بارودۆخی سیاسی کوردستان- عێراق (١١ی مارتی ١٩٧٠- ١١ی مارتی ١٩٧٤)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١؛ ئاراس عەبدولڕەحمان مستەفا (دکتۆر)، خۆپیشاندانەکانی خەڵکی کۆیە لە دژی سیاسەتی دەسەڵاتە یەك لە دوای یەکەکانی حکومەتی عێراق (١٩٢٠- ١٩٧٦)، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، بەرگی یەکەم، ژمارە ٤١، ٢٠١٧، ل ١٦٦.

(١٠٤) ڕەفیق ڕەحمان مام خول، ڕۆڵی حیزبی شیوعی عێراق لە شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦٣- ١٩٧٠، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٠.

(١٠٥) دەقی نامەکە:

بەغدا، ٢٠ی تەممووزی ١٩٦٨

برام مەلا مستەفا بارزانیی بەڕێز

سڵاوم هەیە و هیوای تەندروستی و بەختیاریتان بۆ دەخوازم

کورتەیەکم بە سالح یووسفی برامان ڕاگەیاندووە لە بارەی ئەو ڕێگە تازانەی پەیڕەویان دەکەین بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی لەبار بۆ ئەو کێشەیەی ئەوە چەند چەند ساڵێکە هەر بە چارەسەرنەکراوی (هەڵواسراوی) ماوەتەوە، بۆیە دڵسۆزانە هیوام وایە گوێ لە دید و بۆچوون بگرن و هاوکاریمان بکەن لە پێناوی وەدیهێنانی یەکێتی نیشتمانی و ئەوەی کە خێر و خۆشگوزەرانیی بۆ گەلی عێراق تێدایە بە عەرەب و کوردەوە. لەگەڵ جوانترین سوپاس و ڕێز و سڵاوم بۆ ئێوە و هەموو برایان، بەتایبەتیش کاك ئیدریس و مەسعوود و سوپاستان دەکەم.

دڵسۆز: عەبدولڕەزاق نایف.

وەرگیراوە لە: (مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد (شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٢).

(١٠٦) مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد (شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٢؛ ڕەفیق ڕەحمان مام خول، ڕۆڵی حیزبی شیوعی عێراق لە شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦٣- ١٩٧٠، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢١.

(١٠٧) مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد (شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١-١٩٧٥)، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٣؛ هیوا عەزیز سەعید (دکتۆر)، مێژووی بەعسیزم لە عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٠.

(١٠٨) سنوور سەباح سدیق و محەممەد عەبدوڵلا کاکەسوور (دکتۆر)، کاریگەری بارودۆخی سیاسی لە سەر پرۆسەی خوێندن لە شاری هەولێر (١٩٦٨- ١٩٧٥)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٤٤.

(١٠٩) رەفیق رەحمان مام خول، رۆڵی حیزبی شیوعی عێراق لە شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦٣-١٩٧٠، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٣- ٢٢٤.

(١١٠) رەفیق رەحمان مام خول، مستەفا بارزانی (رۆڵ و هەڵوێستی لە پێشهاتە سیاسییەکاندا ١٩٥٨- ١٩٧٠)، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٦.

(١١١) لە دەروازەی یەکەم/ دەوڵەت/ مادەی یەکەمی ئەو دەستوورەدا هاتووە: "کۆماری عێراق دەوڵەتێکی دیموکراسی میللییە، بنەمای دیموکراسی و میلییەکەی لە گەلەپوور و گیانی ئیسلامییەوە وەردەگرێت. گەلی عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەبی و ئامانجی یەکێتی عەرەبی گشتگیرە و حکومەت پابەند دەبێت بە کارکردن لە سەر بەدیهێنانی." (دەستووری کاتی عێراق، ١٩٦٨).

(١١٢) لە پێشەکی دەستووری کاتی ٢١ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦٨دا هاتووە: "لە باوەڕ بوون بە مافی ئەم گەلە لە ژیانێکی ئازاد و شکۆدار و باوەڕ بوونی بە تواناکانی لە سەر رووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکان و ئەو سیستەمەی هەیەتی کە هەرگیز ناڕووخێت، لە دوای پشتیوانی بە خودای گەورە و بە دڵسۆزان لە رۆڵەکانی گەل و هێزە چەکدارەکان چینێکی ئازار لە رۆڵەکانی گەل باوەڕیان بە خودای خۆیان و بە ئامانجەکانی نەتەوەی عەرەبی هەیە، هەستان بە هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٧ی تەمموزی ساڵی ١٩٦٨ و کۆتایی هێنان بەو بارودۆخە نامۆیەی هەبوو و گرتنە دەستی بنەماکانی کاروبارەکان بە مەبەستی دابین کردنی سەروەری یاسا و دۆزینەوەی دەرفەتی هاوتاست بۆ هاووڵاتییان و کارکردن لە سەر بەدیهێنانی یەکێتی نیشتمانی و لە ناوبردنی هۆکارەکانی دابڕانە ناوخۆییەکان و ئازادکردنی هاووڵاتی لە بەد بەکارهێنان و ترس و نەزانین و بانگەشەی تایفەگەری و رەگەزی و خێڵەکی و سەرجەم دیاردەکانی دوورخستنەوە و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەك کە برایەتی خۆشەویستی و دۆستایەتی و هەست کردن بە بەرپرسیاریەتی لەخۆبگرێت، لە بەرانبەر رووداوە چارەنووسسازەکان، ئەوەش لە رێگای فەراهەم کردنی ژیانی دیموکراسی بۆ هاووڵاتییان لە چوارچێوەی رێکخستنە میللییەکان بۆ گەیشتن بە ئەنجوومەنی نیشتمانی کە نوێنەرایەتی سەرجەم کەرتەکانی نیشتمانی دەکات، ئەم دەستوورە کاتییە رادەگەیەنین، کە

بنەماکـانی دەسـەڵاتی تێـدا جێگیـر کـراوە و پەیوەنـدی دەوڵەتـی بە تـاك و کـۆمەڵگەوە ڕێـك خستووە و بـۆ ئەوەی کـاری پـێ بکرێـت، تـاکوو دەسـتووری هەمیشـەیی بـۆ دەوڵەت دادەنرێـت کە قسـەی دوایـی تێـدا بـۆ گەل دەبێـت، کە هەموومـان پشـت بە خـودای گەورەی میهرەبـان دەبەستین." (دەستووری کاتی عێراق، ١٩٦٨).

(١١٣) لە دەروازەی سـێیەم/ مـاف و ئەرکە گشـتییەکان/ مـادەی ٢١ی دەسـتووری کـاتی ٢١ی ئەیلـوولی سـاڵی ١٩٦٨دا هـاتووە: "عێراقییەکـان یەکسـانن لە مـاف و ئەرکەکانیـان لە بەرانـبەر یاسـا و جیاکـاری لە نێوانیانـدا نیـیە بە هۆکـاری ڕەگەز یـاخود بـنەچە، یـاخود نـایین و هاوکـاری یەکـتر دەکەن لە پاراسـتنی قەوارەی نیشـتمان، لەوانەش: عەرەب و کـورد، ئەم دەسـتوورە دانـدەنێت بە مـافە نەتەوەییەکانیـان لە چوارچێـوەی یەکێتـی عێـراقدا." (دەسـتووری کـاتی عێراق، ١٩٦٨).

(١١٤) ڕەفیـق ڕەحـمان مـام خـول، ڕۆڵـی حیزبـی شـیوعی عێـراق لە شۆڕشـی ئەیلـوول ١٩٦٣- ١٩٧٠، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٥- ٢٢٦.

(١١٥) کـرێس کـۆچێرا، کـورد لە سـەدەی نـۆزدە و بیسـتەم، وەرگێڕانـی: حەمەکەریـم عـارف، بڵاوکـراوەی کتێبفرۆشـی سـۆران- هەولێـر، چـاپی دووەم، چاپخـانەی شـڤان، سـلێمانی، ٢٠٠٤، ل ٣٤٧- ٣٤٨؛ فەرەیـدوون نـووری (دکتـۆر)، بزاڤـی بـارزانی، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ٣٤٦؛ چـارلز تریـب، چەنـد لاپەڕەیەك لە مێـژووی عێـراق، وەرگێڕانـی: محەمـمەد حوسـێن ئەحـمەد و عەبدولقادر کەلهوڕ، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١، ل ٢٦٠.

(١١٦) پشـکۆ حەمەتـاهیر عەبـدولڕەحمان، ڕۆڵـی نەوتـی کەرکـووك لە دابەشـکردنەوەی خـاکی کوردسـتان لە مێـژووی هاوچەرخـدا (١٩١٤- ١٩٧٢)، مجلـة الدراسـات السیاسـة و الامنیـة، المجلـد الثانی، العدد رابع، کانون اول ٢٠١٩، ل ١٩٧.

(١١٧) کرێس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤٨.

(١١٨) هیوا عەزیز سەعید (دکتۆر)، مێژووی بەعسیزم لە عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١١.

(١١٩) فەرەیـدوون عەبـدولڕەحیم عەبـدوڵڵا، بـارودۆخی سیاسـی کوردسـتان- عێـراق (١١ی مـارتی ١٩٧٠- ١١ی مـارتی ١٩٧٤)، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ٣٥- ٣٦؛ سـنوور سـەباح سـدیق و محەمـمەد عەبـدوڵڵا کاکەسـوور (دکتـۆر)، کـاریگەری بـارودۆخی سیاسـی لە سـەر پرۆسـەی خوێنـدن لە شـاری هەولێـر (١٩٦٨- ١٩٧٥)، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ٩٤٧؛ ڕەفیـق ڕەحـمان مـام خـول، ڕۆڵـی حیزبـی شـیوعی عێـراق لە شۆڕشـی ئەیلـوول ١٩٦٣- ١٩٧٠، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ٢٤٦.

(١٢٠) عەزیـز شـەریف، سـاڵی ١٩٠٩ لە شـارۆچکەی عـانەی سـەر بە پارێزگـای ڕومـادی لەدایکبـووە، سـاڵی ١٩٣٦ بـووەتە ئەنـدامی پەرلەمـانی عێـراق، لە کەسـایەتییە یەکەمەکـان بـووە

کە پەیوەنـدی بە حیزبـی شـیوعی عێـراق و ڕێکخـراوی ئیسـڵاح کـردووە، لە سییەکانیشـدا کـۆلێژی مـافی تەواو کـردووە و بـووە بە حـاکمی بەسـرە و دواتـریش بـووە بە ئەنـدامی دادگـای تێهەڵچـوونەوە، سـاڵی ١٩٤٦ پـارتێکی بە نـاوی (حـزب الشـعب) دامەزرانـدووە، سـاڵی ١٩٦٠ خەڵاتـی لینینـی لە پـای تێکۆشـانی بـۆ بەرقەرارکردنـی ئاشـتی پێـدراوە، لە سـاڵی (١٩٦٣- ١٩٧٠) لە نێـو ڕیزەکـانی پێشـمەرگەی کوردسـتان بـۆ چەنـد مـاوەیەکی درێـژ مـاوەتەوە، لە کۆتاییەکـانی سـاڵی ١٩٦٩ بـووەتە وەزیـری داد، یەکێـك لەو کەسـایەتییانە بـووە کە هەوڵـی هێنـانە نـارای بەیاننـامەی ١١ی ئـازاری سـاڵی ١٩٧٠ی داوە، سـاڵی ١٩٩٠ کـۆچی دوایـی کـردووە. وەرگیـراوە لە: (فەرەیـدوون عەبـدولڕەحیم عەبـدوڵڵا، بـارودۆخی سیاسـی کوردسـتان- عێـراق (١١ی مـارتی ١٩٧٠- ١١ی مارتی ١٩٧٤)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠).

(١٢١) شـیرزاد زکریـا محمـد (دکتـۆر)، ئەنجـوومەنی سـەرکردایەتی شۆڕەشـی ئەیلـوول لە کوردسـتان- عێـراق (تـوێژینەوەیەکی مێژوویـی سیاسـی گشـتی ١٩٦٤- ١٩٧٠)، سـەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٤.

(١٢٢) بـۆ زانیـاری لە بـارەی کـاریگەری شۆڕشـی ئەیلـوول لە سـەر ڕۆژنـامەگەری کـوردی بـڕوانە: (ئـازاد عوبێـد سـاڵح، کـاریگەری شۆڕشـی ئەیلـوول لە سـەر ڕۆژنـامەوانیی کـوردی (١٩٦١- ١٩٧٥)، بڵاوکـراوەی بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی چـاپ و بڵاوکـردنەوە، چـاپی یەکەم، چاپخـانەی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری/ هەولێر، ٢٠٠٧).

(١٢٣) سـۆزان کەریـم مسـتەفا، بەعسـیزم و کـورد ١٩٤٧- ١٩٧٥ (تـوێژینەوەیەکی مێژوویـی سیاسییە)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٢.

(١٢٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ سەلاح شێخ شەرەف، سەرچاوەی پێشوو.

(١٢٥) زرار سـلێمان بەگ دەرگەڵەیـی، بیرەوەرییەکـانم (لە سـاڵانی ١٩٤٣- ١٩٧٧)دا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦٤- ٣٦٥.

(١٢٦) گونـدی ئاڵەبـانی گەورە سـەر بە نـاحیەی تەقتەقە و دەکەوێـتە سـەرووی ڕۆژئـاوایی و خـوارووی شـاری کـۆیە، لە ڕۆژئـاوای ڕێگـای سـەرەکی کـۆیە- تەقتەقە بە دووری ٢ کیلـۆمەتر، دانیشـتووانەکەی پێـک هـاتووە لە هۆزەکـانی: خۆشـناو، پـاڵانی، سـەید، بـاجەلان و ...هتـد. وەرگیـراوە لە: (پ. ی. د. هۆشـمەند عەلـی مەحمـوود، مەحمـوود حەمەد شـێخانی (دەنگێکـی ڕەسەنی ون ١٩٢٦- ١٩٩٤)، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦).

(١٢٧) شـیلان تـاهیر سـاڵح، کـۆیە لە نێـوان سـاڵانی ١٩٥٨- ١٩٧٥، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ٩٦- ٩٧.

(١٢٨) چـاوپێکەوتن لەگەڵ دکتـۆرە عەتـیە حەمەسـەعید سـاڵحی، هەولێـر، ڕێککەوتـی ٢٨ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٢٣.

(١٢٩) عەتیـه حەمەسـەعید سـاڵحی (دكتـۆره)، بیرەوەرییەكـانم (له كـۆیەوه بـۆ لەنـدەن)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٤- ٨٦.

(١٣٠) عەتیـه حەمەسـەعید سـاڵحی (دكتـۆره)، بیرەوەرییەكـانم (له كـۆیەوه بـۆ لەنـدەن)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٦.

(١٣١) ڕەفیـق ڕەحـمان مـام خـول، ڕۆڵـی حیزبـی شـیوعی عێـراق له شۆڕشـی ئەیلـوول ١٩٦٣-١٩٧٠، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٠.

# بەشی چوارەم

## بارودۆخی کۆیە لە ١١ی ئازاری ١٩٧٠ تا ڕێککەوتننامەی جەزائیر

### باسی یەکەم

### بارودۆخی کۆیە لە کاتی ئاشتی و سەقامگیریدا

### (١١ی ئازاری ١٩٧٠- ١١ی ئازاری ١٩٧٤)

### باسی دووەم

### ڕۆڵی کۆیە لە دەست پێ کردنەوەی شۆڕش

### (١١ی ئازاری ١٩٧٤ تا ڕێککەوتننامەی جەزائیر)

**بەشی چوارەم: بارودۆخی کۆیە لە ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ تا ڕێککەوتننامەی جەزائیر**

**باسی یەکەم: بارودۆخی کۆیە لە کاتی ئاشتی و سەقامگیریدا (١١ی ئازاری ١٩٧٠- ١١ی ئازاری ١٩٧٤)**

**یەکەم: ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠**

لە دوای ٢٤ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٩ و هەوڵەکانی بەعسییەکان لە بوارە جیاوازەکان بۆ کورد، بارودۆخەکە بە شێوەیەك گۆڕا و بە ئاراستەی ئاسایی بوونەوەی دۆخەکە و ڕێککەوتن دەچوو، لەم نێوەدا چەندین جار شاند لە نێوان کورد و حکومەتی عێراق سەردانی یەکتریان کرد، تا لە ئەنجامدا هەردوولا ڕێککەوتن، کە بە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازار ناسرا.

گفتوگۆکانی نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول و حکومەتی عێراق بەردەوام بوو، ئەنجامەکەی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ بوو، کە هەردوولا گەیشتن بەوەی لە ماوەی ٤ ساڵدا لە ڕێی هەمووارکردنەوەی دەستوور و یاسایەکەوە ئۆتۆنۆمی بە کورد بدرێت، بەیاننامەی ڕێککەوتننامەکە لە لایەن عەزیز شەریفەوە داڕێژرابوو، کە ڕۆڵێکی دیاری لە ڕێککەوتنی هەردوولادا بینی بۆ ئەو دەستکەوتە مێژووییە، ئەمەش سەرکەوتنی پرۆسەکە و دەستکەوتێکی سیاسی بوو بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی کوردستان[١].

وەفدی عێراق بە سەرۆکایەتی (سەددام حوسێن[٢])، کە ئەو کاتە جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی عێراق بوو، لەگەڵ مستەفا بارزانی لە ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ لە قوتابخانەی ناوپردان واژۆ کرا و ڕاگەیەنرا[٣].

کاتژمێر هەشتی ئێوارەی ١١ی ئازار سەرۆك کۆمار دەقی ڕێککەوتننامەکەی لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆی بەغدا خوێندەوە، هەروەها سەرۆکی وەفدی کوردیش دکتۆر مەحموود عوسمان بروسکەی بارزانی خوێندەوە[٤].

دواتــر و له ڕۆژی ٢٥ی ئــازار کــۆمیتەیەك دانــرا بــۆ جێبەجــێ کردنــی خاڵەکــانی ڕێککەوتــنەکە، له هەمــان کاتیشــدا ڕادیــۆی دەنگــی کوردســتانی عێــراق بەرنامەکــانی خــۆی ڕاگــرت و ســەرکردایەتی شــۆڕش به هەمــوو شــێوەیەك هەوڵیــدا ئــارامی و ئاسایش بگەڕێنێتەوە بۆ کوردستان و یاسا سەروەر بێت[٥].

ئەو ڕێککەوتنــامەیە وەچەرخــانێکی زۆر گرنــگ بــوو له مێــژووی کــورد و کوردســتان، فەزایەکــی سیاســی دیــکە هــاتە کــایەوە، حکــومەتی عێــراق به فەرمــی دانــی به خودموختــاری بــۆ کوردســتان نــا[٦]، ئەم هەنگــاوە مێژوویــی گــرنگە بــووە هــۆی ئەوەی کە ناکۆکییەکــانی نێــوان پــارتی و بــاڵی مەکتەبــی سیاســی به کۆتــا بێــت و بگەڕێــنەوە نــاو پــارتی، له کاتێکــدا له ســاڵی ١٩٦٤ەوە نــاکۆکی له نێوانیانــدا هەبــوو. ڕێککەوتنــامەکە تەنیــا بــۆ کــوردانی عێــراق گرنــگ نەبــوو، بەڵکــوو بــۆ کــوردانی ئێــران، تورکیــا و ســووریا گرنــگ بــوو، چــونکە یەکەم جــار بــوو دانــرا به ئۆتۆنۆمی بۆ کورد.[٧].

ڕێککەوتنــامەی ١١ی ئــازاری ١٩٧٠ یەکــێکە له دەســتکەوتە نەتەوەییــیە گەورەکــانی کــورد له کوردســتانی عێــراق پــێش ڕژێمــی ســەددام حوســێن له ســاڵی ٢٠٠٣، گرنگــی ئەو ڕێککەوتــنە لەوەدایە کە بــۆ یەکەم جــار له مێــژووی عێــراق دەوڵەتــی عێــراق به فەرمــی دانــی به بەشــێك له مــافە نەتەوەیییەکــانی کــورد دانــا، ئەو دەســتکەوتە بەرهەمــی خەبــاتی دەیــان ســاڵی ناســیۆنالیزمی کــوردی بــوو، کە تێیــدا چەنــدین خەبــات له لایەن کــوردەوە پیــادە کرابــوو، به خەبــاتی چەکداریشــەوە. ئەم ڕێککەوتنــامەیە هــیچ بۆشــایی و کەموکــوڕییەکی تێــدا نەبــوو، بەڵام له قۆنــاخی جێبەجێکردنــی شکســتی هێنــا، کە حکــومەتی عێــراق بەرپرســیاریەتی زیــاتر ئەو شکستەی له ئەستۆیە[٨].

ڕێککەوتــنەکەی ١١ی ئــازار له پــازدە[٩] خــاڵ پێــك هــاتبوو، کە گرنگترینیــان زمــانی کــوردی شانبەشــانی زمــانی عەرەبــی دەبێــتە زمــانی ڕەســمی لەو ناوچــانەی زۆربەی دانیشــتووانی کــوردن، هەروەهــا کــورد بەشــداری له هەمــوو ئاســتەکانی دەســەڵات به وەزارەت و پــلە بەرزەکــانی سوپاشــەوە، یەکێــك له جێگرەکــانی ســەرۆك کۆمــار کــورد

دەبێت، فەرمانبەرانی ناوچە کوردییەکان کورد دەبن، یا ئەو کەسانەی کە زمانی کوردی باش دەزانن، گەلی کورد مافی دامەزراندنی ڕێکخراوە دیموکراسی و پیشەییەکانی تایبەت بە خۆی دەبێت، وەك قوتابییان و لاوان و ئافرەتان... هەروەها نەهێشتنی دواکەوتوویی و پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت بە ئاوەدانکردنەوە و گەشەکردنی ناوچە کوردییەکان، لە هەمان کاتدا لە دەستوور[١٠] ئاماژە بە دوو هەر دوو نەتەوەی کورد و عەرەب بکرێت[١١].

بە پێی ڕێککەوتننامەکە دەبووایە یەکێك لە جێگرەکانی سەرۆك کۆمار کورد بێت، بەڵام حکومەتی عێراق ڕازی نەبوو حەبیب محەممەد کەریمی پاڵێوراوی پارتی ببێتە جێگری سەرۆك کۆمار، بە بیانووی ئەوەی ئێرانییە[١٢].

هەر بە پێی ڕێککەوتنی ١١ی ئازار پێنج وەزیر لە حکومەتی نوێ بە کورد درا، سێ پارێزگاری کورد بۆ پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆك دانران، ژمارەیەکی دیکە لە گەورە فەرمانبەرانی کورد کەوتنە کار لە دەزگا کارگێڕییەکانی دەوڵەتدا، هەروەها ١٢ فەوجی پاسەوانی سنوور لە پێشمەرگەی کوردستان پێك هێنرا، ژمارەیەکی زۆریش لە نیشتمانپەروەران لە زیندانەکان ئازاد کران و ئەوانەشی لە کار لابرابوون گەڕانەوە[١٣].

لە ڕاستیدا ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازار لە کوردستان جوودا لە بوارە جیاجیاکاندا، کاریگەری گەورەی لە بواری ڕۆشنبیری هەبوو، پێشکەوتنێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی، بە تایبەتی لە ماوەی ئازاری ١٩٧٠ تاکوو ١٩٧٢، چونکە بە دەیان ڕۆژنامە و گۆڤار بڵاوکرانەوە، کە ئەم ماوەیە بۆ ڕۆژنامەگەری کوردی بە سەردەمی زێڕین دادەنرێت، هەروەها بووە هۆی دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەت بە خوێندنی کوردی، کە کاری گەورەی لە وەرگێڕان و دانانی کتێبی قوتابخانە کرد[١٤].

گەورەترین کێشەی نێوان کورد و حکومەتی عێراق دوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازار نەبوونی متمانە بوو بە یەکتر، نزیکەی ١٠ ساڵ شەڕی خوێناوی و چەندین گفتوگۆی بێ ئەنجام هۆکاری ئەو بێ متمانەیەی نێوان کورد و

حکـــومەتی عێـــراق بـــوو، حیزبـــی بەعـــس ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەگەڵ بەهێزبـــوونی پـــێگەی خـــۆی لە جومگەکـــانی دەســـەڵات خـــۆی لە جێبەجێکردنـــی نـــاوەڕۆکی ڕێککەوتنی ئازار دەدزیەوە[15].

لە مـاوەی چـوار سـاڵی ڕێککەوتننـامەکە هەنـدێك کـار دژ بە بەرژەوەنـدییەکانی کـورد لە لایەن بەعسـییەکانەوە ئەنجـام دەدران، بـۆ نمـوونە: لە سـاڵی ۱۹۷۳ هەزاران کەس لە ناوچەکـــانی کەرکـــووك و خـــانەقین و شـــێخان و ئـــاکرێ، لە ئەنجـــامی سیاسـەتی بە عەرەب کـردن ئـاوارەی ناوچەکـانی دیـکەی کوردسـتان بـوون، هەروەهـا پرۆسـەی بە عەرەب کـردن لە کۆمپانیـا و کـارگە دەوڵەتیەکانیشـدا بەردەوام بـوو، بـۆ وێـنە لەو مـاوەیەدا ژمـارەیەکی زۆری کرێکـارانی کۆمپانیـای نەوتـی کەرکـووك لە کارەکانیـان دەرکـران و بە سـەدان کەسـی عەرەبـی بەعسـی لە دەرەوەی کەرکـووك هێنران و لەو کۆمپانیایە دامەزرێنران[16].

وەفـدی شـۆڕش لە ۳ی ئـازاری سـاڵی ۱۹۷٤ جـارێکی دیـکە چـوونەوە بەغـدا، بەڵام لە لایەن بەعسـەوە پێشـوازییان لـێ نەکـرا، هەر لە هەمـان ڕۆژدا قسـەکەرێك بە نـاوی بەرەی نیشـتمانی نەتەوەیـی پێشـکەوتووخواز ڕای گەیانـد کە حکـومەتی عێـراقی یاسـای ئۆتۆنـۆمی یەك لایەنە بە بـێ وەرگرتنـی بۆچـوونی پـارتی دەردەکـات، ئەمەش مانـای ئەوە بـوو کە ڕێککەوتننـامەی ۱۱ی ئـازاری سـاڵی ۱۹۷۰ هەڵوەشاوەتەوە[17].

بەشـێك لەو بـڕگە و مـادانەی لە ڕێککەوتننـامەی ۱۱ی ئـازاری سـاڵی ۱۹۷۰ لەسـەری ڕێککەوتبـوون جێبەجـێ نەکرابـوون، بـۆیە سـەرکردایەتی کـورد بەردەوام لە هەوڵ دابـوون و سـەردانی بەغـدایان دەکـرد، بەڵام ئەنجـامێکی وای نەبـوو. مسـتەفا بـارزانی لە ۲۰ی کـانوونی دووەمـی سـاڵی ۱۹۷٤ نـامەیەکی بـۆ سـەددام حوسـێن نـارد، بە مەبەسـتی دەسـت پـێ کـردنەوەی گفتوگـۆی نێوانیـان سـەبارەت بە جێبەجـێ کردنـی بەیاننـامەی ۱۱ی ئـازاری سـاڵی ۱۹۷۰ و چەسـپاندنی ئۆتۆنـۆمی کوردسـتان لە کـاتی دیـاریکراوی خۆیـدا، گەشبینی نیشـاندا و ئـاواتی بـۆ سـەرکەوتنی گفتوگۆکـان خواسـت، سـەددام حوسـێنیش نـاوەرۆکی نـامەکە و چەنـد بـابەتێکی دیـکەی لەگەڵ

شاندی کوردی تاوتوێ کرد، پاشانیش چەند کۆبوونەوەیەك لە نێوان سەرکردایەتی کورد و ڕژێمی بەعس ئەنجام درا، بەڵام تا ١٠ی ئازاری ساڵی ١٩٧٤ کە پەیوەندی نێوان هەردوولا پچڕا، گفتوگۆکان لە بازنەیەکی بۆشدا دەخولانەوە و هیچ لایەکیان بە داوا و پێشنیازی لایەکەی دیکە ڕازی نەبوو، بەتایبەتی لە سەر پرسی کەرکووك، چونکە بەعس نەیدەویست کەرکووك و شەنگال و خانەقین بخاتە نێو سنووری هەرێمی ئۆتۆنۆمی و ڕازیش نەبوو ماوەی گفتوگۆ کردن لە سەر پرۆژەی ئۆتۆنۆمی درێژ بکاتەوە، سەرکردایەتی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانیش بە هیچ شێوەیەك ئامادە نەبوو لە سەر ئەو پرسە سازش بکات[١٨].

دۆخەکە بەرەو ئاڵۆزی و پەشۆکاوی دەچوو، سەرکردایەتی کورد هەموو هەوڵێکیاندا کە بە ڕێگای ئاشتییانە چارەسەری کێشەکان بکرێت، بۆ ئەو مەبەستە لە ١٧ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٧٤ نوێنەری خۆی نارده بەغدا بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە یاسای ئۆتۆنۆمی، بەڵام لێکۆڵینەوەکان هیچ ئاکامێکیان نەبوو بە هۆی کێشەی کەرکووك و دیاری کردنی سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی[١٩].

لە کۆتایی ساڵی چوارەمی گفتوگۆی نێوان کورد و حیزبی بەعس ڕوون بووەوە کە ئەو دوو لایەنە ناتوانن بگەنە ئەو ئەنجامانەی کە لە ساڵی ١٩٧٠ ڕێککەوتنی ئازاری لە پێناودا کرابوو، دیاری کردنی سنووری کوردستان خاڵی هەرە گەورەی ناکۆکی نێوانیان بوو، حیزبی بەعس لە عێراق بە هیچ شێوەیەك ڕێگەی نەدەدا کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووك بخرێتە سەر سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان، دیدی حیزبی بەعس سەبارەت بە هاوبەشی لە دەسەڵات زۆر جیاواز بوو لەوەی کورد خەوی پێوە دەدیت، حیزبی بەعس هەرگیز بڕوای بە هاوبەشی لە دەسەڵات و پێدانی مافی لامەرکەزی نەبووە، تاکوو ئەو مافە بۆ کورد دەستەبەر بکات، ئەوان تەنیا ڕێگەیان بەوە دەدا کە هێز و خەڵکی دیکە هەندێك پۆستی لاوەکی وەرگرن لە سیستەمێکی ناوەندیدا، کە لە ڕێگەی ئەو سیستەمە ناوەندییەوە هەمووان هاوشوناس بکەن و ناسنامەی عەرەبی بەسەر هەموو عێراقدا بسەپێنن، بارزانی لە بەرانبەر ئەو عینادییەی بەعسییەکان ئامادەی هیچ جۆرە سازشێك لەسەر کەرکووك نەبوو[٢٠].

سەرەنجام ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق لە ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٤ یەکلایەنە یاسای ژمارە ٣٣ی ئۆتۆنۆمی لە کوردستان دەرکرد، لە هەمان ڕۆژیشدا بەعس ماوەی ١٥ ڕۆژی بۆ مستەفا بارزانی دانا تا ئەو یاسایە پەسەند بکات، بەڵام ئێزگەی دەنگی کوردستانی زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان بە توندی بەرپەرچی ئەو هەڕەشەیەی بڵاوکردەوە و ڕای گەیاند کە گەلی کورد تا بەدیهێنانی ئامانجەکانی خەبات دەکات[٢١]. ئەمەش دەروازە و سەرەتای دەست پێ کردنەوەی شەڕ بوو لە کوردستان.

**دووەم: کۆیە لە ماوەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ تا ١١ی ئازاری ١٩٧٤**

کاتێـك حکـومەتی بەعـس نەیتـوانی بە ڕێـگەی سـەربازی پرسـی کـورد چارەسـەر بکـات، بە ناچـاری بیـری لە ڕێـگە چـارەی ئاشـتییانە کـردەوە و پەنـای بـردە بەر دانوسـتان، پـاش دەسـت پـێ کردنـی دانوسـتان و هـاتووچۆی وەفـد لە نێـوان حکـومەتی عێـراق و سـەرکردایەتی شۆڕشـی کـورد، دواجـار لە شـەوی ١٠ لە سـەر ١١ی ئـازاری سـاڵی ١٩٧٠دا بەنـدەکانی بەیاننـامە نـووسرا و بە بەیاننـامەی ١١ی ئازار ناسرا[٢٢].

دوای ڕێککەوتنـی ١١ی ئـازار خەڵکـی شـاری کـۆیە خۆشـی و شـادی خۆیـان دەربـڕی، هەروەهـا خۆیـان ئامـادە کـرد و دەسـتیان کـرد بە نووسـینی دروشـم تـایبەت بەو بـۆنەیەوە، ڕۆژی دواتـریش خەڵکـی کـۆیە خۆپیشـاندانێکی جەمـاوەری فراوانیـان ئەنجامـدا، کە تێیـدا بەشـی زۆری خەڵکـی کـۆیە بەشـداربوون، کە لە نزیـك قوتابخـانەی دواناوەنـدی کـۆیەوە بەرەو قایمقـامیەتی شـارەکە چـوون، لەوێـش چەنـدین وتـار و بروسـکە پیرۆزبـایی خوێنـدرایەوە، باوەڕیـان وا بـوو ئەمە کۆتـایی شـەڕ و مەینەتییەکـانی گەلـی کـوردە و هەنگـاوێکە بـۆ ڕێکخسـتنەوەی مـاڵی کـورد و کۆتـایی هێنـانە بە دووبەرەکـی، هەر لە میـانەی پێشـوازی کردنـی شـاری کـۆیە لە ڕێککەوتننـامەی ١١ی ئـازار، گەورەتـرین نەورۆز لە کـۆیە سـاز درا، هەروەهـا بە هۆی ئەم ڕێککەوتننامەیەوە کۆیە بووژایەوە لە ڕووی ئیش و کارەکانیان[٢٣].

لە دوای ئەو ڕێککەوتـنە بڕیـار درا پێـنج کورسـی وەزارەت بـدرێت بە کـورد، لە نێویانـدا نـافیز جەلال کـرا بە وەزیـری کشـتوکاڵ[٢٤]. هەروەهـا کاتێـك پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان لە نـاوپردان بە ئامـادەبوونی ٤٧٧ نـوێنەر کـۆنگرەی هەشـتەمی گرێـدا، عەلـی عەبـدوڵلا کـرا بە ئەنـدامی کـۆمیتەی ناوەنـدی پـارتی دیموکراتی کوردستان[٢٥].

له دوای ڕێککەوتننـامەکە چەنـدین پـرۆژەی ئـاوەدانی لە کـۆیە ئەنجـام درا، وەك دابەشــــکردنی خانووەکـــانی گەڕەکـــی ئیســـکان، دابەشـــکردنی زەوی بەســـەر فەرمـــانبەران، هەروەهـــا لە ڕووی ئـــابووری، کـــردنەوەی بـــانکی کـــۆیە، لە ڕووی ڕۆشـــنبیرییەوە بـــووە هـــۆی دامەزرانـــدنی کـــۆمەڵەی ڕۆشـــنبیری کـــۆیە[٢٦]. ئەم هەوڵانەی بـــۆ ئـــاوەدان کـــردنەوە و بەرەوپـــێش بردنـــی شـــارەکە درا، ڕاســـتەوخۆ بەرهەمی شۆڕشی ئەیلوول بوو.

لە لایەکـی دیـکەوە سـاڵی ١٩٧٠ ڕێگـای نێـوان کـۆیە- هەولێـر دروسـت کـرا، کە درێــژییەکەی ٧٥ کیلـۆمەترە، هەروەهـا سـاڵی ١٩٧١ ڕێگـای نێـوان کـۆیە- بێسـتانە- سلێمانی دروست کرا، کە درێژییەکەی ١١٩ کیلۆمەترە[٢٧].

بە هــۆی ڕێککەوتنــی ١١ی ئــازار بــارودۆخی کوردســـتان بە گشـــتی بەرەو باشـــی دەچـــوو، شـــەڕ بە شـــێوەیەکی گشـــتی کەم بـــووەوە و نەمـــا، لە لایەکـــی دیـــکەوە حکـــومەت چەنـــد کـــارێکی لە نـــاوچە کوردنشـــینەکان ئەنجامـــدا، بـــۆ نموونە لە تەممـــووزی ســـاڵی ١٩٧٠ بڕیاریـــدا ژمـــارەیەك مەڵبەنـــد بـــۆ پیشەســـازی مـــافووری دەســـتی لە بەغـــدا و هەولێـــر و مووســـڵ بکـــاتەوە، دواتـــریش وەزارەتـــی پیشەســـازی بڕیـــاری دامەزرانـــدنی چەنـــد مەڵبەنـــدێکی دیـــکەی لە هەر یەك لە: کـــۆیە، ڕوانـــدز، ئامێـــدی، دهـــۆك، مەنـــدەلی و ســـەماوە دەرکـــرد، ئەم کـــارگەیە لە ســـاڵی ١٩٧١ (١٢٣)[٢٨] قوتـــابی کـــچ کە تەمەنیـــان لە نێـــوان ٩ بـــۆ ١٠ ســـاڵان بـــووە بە شـــێوەی گرێبەســـت کاریـــان کـــردووە و کرێـــی ڕۆژانەیـــان ١٠٠ بـــۆ ١٥٠ فلـــس بـــووە. بەرهەمـــی مانگـــانەی کـــارگەکە لە ســـاڵی ١٩٧٢ نـــزیکەی ١٢٠ مەتـــر چوارگۆشـــە مـــافووری قەبـــارە ٣ بە ٤ بووە، بەرهەمەکەشی بۆ شاری هەولێر ڕەوانە کراوە[٢٩].

دوای بەیاننـــامەی ١١ی ئـــازار بـــۆ مـــاوەیەك کوردەکـــان خۆیـــان حـــوکمڕانی خۆیـــان دەکـــرد، پـــارتی دیمـــوکراتی کوردســـتان ڕاســـتەوخۆ حـــوکمڕانی شـــارە کوردییەکـــانی دەکـــرد، کـــۆیەش لەو نێـــوەدا بـــوو، بە شـــێوەیەکی گشـــتی هەمـــوو کاربەدەســـتانی ئەو ناوچـــانەی لە ژێـــر دەســـەڵاتی پـــارتی دیمـــوکراتی کوردســـتان بـــوون، بەتـــایبەتی ســـەرۆك فەرمانگەکـــان و جێگرەکـــان و هەمـــوو شـــوێنە بایەخـــدارەکان تەرخـــان کرابـــوو بـــۆ

دۆست و ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان، هەتا بەڕێوەبەری قوتابخانەکان و ڕێکخراوە دیموکراتییەکان و زۆر شوێنی لەو جۆرە[٣٠].

هەروەها دوای ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ ئەدیب و هونەرمەند و ڕۆشنبیران و چالاکانی بواری مەدەنی کەوتنەوە ئەنجامدانی چالاکییەکانی خۆیان، کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کورد پێك هات، ئەو کۆمەڵەیە بووە کۆکەرەوەی ڕۆشنبیر و هونەرمەند و ئەدیبان، کە لەمانە پێك هاتبوون: (مەجید ئاسنگەر[٣١])، سەلاح شێخ شەرەف، عوسمان عەونی، فازیل شەورۆ، (جەواد حەمەد بەگ[٣٢])، سەیفەدین مەلا مەجید، تاهیر حەوێزی، سامی عەوداڵ، ئیبراهیم سەید سەعید بەرزنجی، شەفیق بەیاد، (عاسی[٣٣]) و مەلا عەلی حاجی تۆفیق، بوونی ئەمانە و چەند کەسایەتییەکی دیکە هاوکار و ڕێگەخۆشکەر بوون بۆ بەرەوپێشچوون لە هەموو بوارەکانی دیکەی هونەر لە کۆیە[٣٤].

هەروەها (تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە[٣٥]) لەو سەردەمە بووژانەوەیەکی بەرچاو بە خۆیەوە بینی، لەم بارەیەوە (باکووری[٣٦]) دەڵێت: لە نێوان ساڵانی ١٩٦١- ١٩٧٠ تیپی مۆسیقای باواجی لەبەر باری ناهەمواری سیاسی و شۆڕشی ئەیلوول، سستی پێوە دیار بوو و چالاکی زۆر دیار و بەرچاوی پێ نەدەکرا، بەڵام دوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازار (زاهیر محەممەد[٣٧]) کۆڵی نەدا، خۆی و چەند هاوڕێیەکی هونەرمەند لە ٣٠ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٠ داوایان پێشکەشی وەزارەتی ڕاگەیاندن کرد و ڕەزامەندی وەزارەتەکەیان وەرگرت و سەر لە نوێ تیپی مۆسیقای باواجی گەشەی سەندەوە، تیپەکە گەلێك پێشکەوتنی بە دەست هێنا و پێوەی دیار بوو، بە هەوڵ و کۆششی هەموو ئەندامانییەوە کە دڵسۆزانە بۆ گەشەکردن و پێشخستنی هونەر و میوزیکی کوردی بە گشتی و ئاواز و مەقام و بەستە تایبەت بە ناوچەی کۆیە و دەوروبەری بەتایبەتی، یەکێك لەو چالاکییە دیارەکانی تیپی مۆسیقای باواجی میهرەجانی حاجی قادری کۆیی بوو، کە لە ساڵی ١٩٧١ ساز درا[٣٨]، بەڵام کاتێك کۆتایی بە ڕێککەوتننامەی نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و حکومەتی عێراق هات، تیپی مۆسیقای باواجی لە ساڵی ١٩٧٤ لە لایەن حکومەتەوە داخرا[٣٩].

وێڕای ئەمانە کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کۆیە دامەزرا، کە دەیان کۆڕ و سیمیناری ئەدەبیان دەبەست، هەروەها لە ٢٩ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٣ و بە مەبەستی ڕێزلێنان لە شاعیر گەورەی کورد حاجی قادری کۆیی، پەیکەرێکی تایبەتییان بۆ دانا[٤٠]، لە کاتی لادانی پەردە لە سەر پەیکەری حاجی قادری کۆیی هێمن موکریانی شیعری دەسکەوتی خەبات دەخوێنێتەوە[٤١]، دیارە هێمن سێ ڕۆژ پێشتر ئەو شیعرەی بەم بۆنەیەوە نووسیوە، کە دەڵێت:

ئەوە کۆتەڵ نییە ڕەمزی نەجاتە
ئەوە دەسکەوتی چەند ساڵەی خەباتە
ئەوە ڕووگەی هەموو کوردێکی پاکە
ئەوە جێگای نیازە، پیرە، چاکە
بوتی ساحیب دڵانی دڵ بەسۆیە
کە ئەوڕۆ پێی دەنازێ شاری کۆیە
سڵاو ئەی حاجی ئەی ڕۆڵەی زەمانە!
لە سایەی تۆوە هەرچێکی هەمانە
هەموو ژینت لە ڕێی گەلدا بەخت کرد
هەتا ڕێگای خەباتت بۆ تەخت کرد
گەلێکت دی غەریبی و تاڵ و سوێری
نەبوو ساتێ لە خزمەت خۆ ببوێری
بەگژ بێگانە و خۆمانەدا چووی
لەگژ دێوەزمە و دێوانەڕا چووی
نەترسای و نەخەجڵای و نەلەرزی
چ مەشهووری، چ ڕووسووری، چ بەرزی
هەموو شاگردی تۆن شیرن کەلامان
لە تۆ فێر بوون خەبات قازی و مەلامان
بەدەنگی تۆ خەواڵوو ڕاپەڕیون
لە ترسی تۆیە دوژمن داپەڕیون

گەرای ئەفکــــاری تـــۆیە بــــاڵی گــــرتن
کە وا ڕۆڵەی گەلــــت ســـــەریاڵی گــــرتن
بەئــــــــــازایی، بەزانــــــــایی، بەوردی
چەکـــت دا دەســـتی شۆڕشـــگێڕی کـــوردی
پەڕی دیــــوانەکەت گەنـــجە و خەزێـــــنە
وشـــەی شـــیرینی تـــۆ دوژمـــن تەزێـــنە
هەمـــوو پەنـــدن قســـەی ســـووک و دزێـــوت
وەکـــــوو بـــــاڵی پەری پـــاکە جنێـــــوت
بەنــــــرخە، تــــــازەیە، بەرزە، بەهێـــــزە
ئەوەی فەرمـــووت لە بـــارەی پیـــاوی دێـــزە
«ئەگەر کوردێـــک قســـەی بـــابی نەزانـــی
مـــوحەقەق دایکـــی حیـــزە و بـــابی زانـــی»
کە شـــێعری تـــۆ بزاوتـــی هەســـتی هەســـتان
هەمـــوو سەوداســـەری سەربەســـتی هەســـتان
لە کوردســـتان گەلێـــک شـــۆڕش بەرپـــا بـــوون
کـــوڕی کـــوردی بەگـــژ بێگـــانەدا چـــوون
لەمێژســـــاڵە دەڕێـــژن ئـــارەق و خـــوێن
بەڵام داخـــی گـــرانم هێشـــتە لە کـــوێن؟
ئەوێســـــتاش دەردەکـــورد نەکـــرا عیلاجـــی
ئەوێســـتاش کـــوردی کـــۆیلە مـــاوە حـــاجی
گەلـــی کـــوردت نەبـــوو هێشـــتا نەجـــاتی
بەخـــــوێنی لاوەکـــــان ســــــووره وڵاتــــــی
ئەوێســــــتاش دوژمنــــــی لاســـــار و بەدفەڕ
دەکـــووژێ کـــوردی بـــێ تـــاوان و لاشـــەڕ
ئەوێســــــتاش هەر دەمـــــانکەن تیرەبـــــاران
دەنەخشـــێنن بەخـــوێن کـــۆڵانی شـــاران

ئەوێســـــتاش پڕپـــــڕن زینـــــدان لە لاوان
بەغەیـــری وەی کە کـــوردن نیـــانە تـــاوان
ئەوێســتاش گـــۆڕ غەریـــب زۆرن وەکـــوو تـــۆ
ئەوێســـتاش بـــێ نەســـیب زۆرن وەکـــوو تـــۆ
ئەوێســــتاش بـــێ کەس و دوورە وەتەن هەن
ئەوێســـــتاش شـــــاعیری پیـــــر و ڕەبەن هەن
ئەوێســـــتاش شـــێعری وردی کـــوردی دەدڕن
زمـــــانی شـــــاعیرانی چـــــاکی دەبـــــڕن[٤٢]

هەر لە دوای ١١ی ئـــازاری ســـاڵی ١٩٧٠ شـــانۆ لە شـــاری کـــۆیە گەشـــایەوە، زیـــاتر گەشـــەی بەو بـــوارە درا، تەنـــانەت ئافرەتـــانیش بەشـــدارییان لە شـــانۆ کـــرد، چـــوار ســـاڵی ســـەقامگیری چەنـــدین شـــانۆ[٤٣] ئەنجامـــدراوە و پێشـــکەوتنی بەرچـــاوی بە خـــۆیەوە بینـــی[٤٤]. دەتـــوانین بڵێـــین کـــۆیە لە دوای ڕێککەوتنـــی ١١ی ئـــازار، لە ســـەرجەم لایەنە جیاوازەکـــانەوە گۆڕانکـــاری بەســـــەردا هـــــات و گەشـــــایەوە، هەم لە ڕووی ئەدەبـــی، فەرهەنگـــی، ڕوونـــاکبیری، ڕۆشـــنبیری، شـــانۆیی و هـــونەری، لەو ماوەیەشـــدا دەیـــان چالاکی جیاواز و جۆراوجۆر لەم بوارانە لە شارەکەدا ئەنجام دران.

هەر لەو مـــاوەیەی کە ئاشـــتی و ســـەقامگیری لە کوردســـتان هەبـــوو، حیزبـــی دیمـــوکراتی کوردســـتان لە ٢١ی حـــوزەیرانی ســـاڵی ١٩٧١دا کۆنفرانســـی ســـێیەمی خۆی بە بەشداری ٣٢ ئەندامی کادیری حیزبی لە شاری کۆیە بەست[٤٥].

لە ڕاســتیدا ئەو چــوار ســاڵە بــووە هــۆی بــووژانەوەی کــۆیە لە هەمــوو بــوارێکەوە، جیـــاوازی بەرچـــاو بەدی دەکـــرا، بەڵام بە هـــۆی ئەوەی ڕێککەوتننـــامەی ١١ی ئـــازاری ســـاڵی ١٩٧٤ جێبەجـــێ نەکـــرا و دووبـــارە شـــەڕ دەســـتی پـــێ کـــردەوە، زۆربەی ئەو چالاکییانە ڕاگیران و کۆتایی بەو بارودۆخە باشە هات[٤٦].

**باسی دووەم: ڕۆڵی کۆیە لە دەست پێ کردنەوەی شۆڕش (١١ی ئازاری ١٩٧٤ تا ڕێککەوتننامەی جەزائیر)**

**یەکەم: کۆتایی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازار و دەست پێ کردنەوەی شەڕ**

لە کۆتایی ساڵی چوارەمی گفتوگۆی نێوان کورد و حیزبی بەعسدا ڕوون بووەوە کە ئەو دوو لایەنە ناتوانن بگەنە ئەو ئەنجامانەی کە لە ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ لەسەری ڕێککەوتبوون، دیاری کردنی سنووری کوردستان خاڵی هەرە سەرەکی ناکۆکی نێوانیان بوو، حیزبی بەعس لە عێراق بە هیچ شێوەیەك ڕێگەی نەدەدا کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووك بخرێنە سەر سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان، دیدی حیزبی بەعس سەبارەت بە هاوبەشی لە دەسەڵات زۆر جیاواز بوو لەوەی کورد خەوی پێوە دەدیت، حیزبی بەعس هەرگیز بڕوای بە هاوبەشی لە دەسەڵات و پێدانی مافی لامەرکەزی نەبووە، تاکوو ئەو مافە بۆ کورد دەستەبەر بکات، ئەوان تەنیا ڕێگەیان بەوە دەدا کە هێز و خەڵکی دی هەندێك پۆستی لاوەکی وەربگرن لە سیستەمێکی ناوەندیدا کە لە ڕێگەی ئەو سیستەمە ناوەندییەوە هەمووان هاوشوناس بکەن و ناسنامەی عەرەبی بە سەر هەموو عێراق بسەپێنن، بارزانیش لە بەرانبەر ئەو عینادییەی بەعسییەکان ئامادەی هیچ جۆرە سازشێك نەبوو لە سەر کەرکووك[٤٧].

حکومەتی بەعس لە زۆربەی ئەو بەڵێنانەی کە لە بەیاننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ دابووی بە سەرکردایەتی کورد پاشگەز بووەوە، دوای ئەوەی بە گفتوگۆ و دانوستان نەگەیشتنە هیچ ڕێگە چارەیەکی ئاشتیانە، حکومەتی بەعس لە بەهاری ساڵی ١٩٧٤دا هێرشێکی ئاسمانی و وشکانی فراوانی بۆ سەر ناوچەکانی ژێر دەستی شۆڕش دەست پێ کرد، لە بەرانبەریشدا هێزی پێشمەرگە بەرگرییان کرد[٤٨].

له دوای ڕاگەیاندنەکەی حکومەتی عێراق لە ئازاری ساڵی ١٩٧٤ شەڕێکی خوێناوی لە نێوان کورد و سوپای عێراق هەڵگیرسایەوە، عێراق دەیان هەزار سەرباز و دەیان یەکەی تۆپ و تانك و هەموو هێزی ئاسمانی خۆی لەو شەڕەدا بەکارهێنا، سوپای عێراق پەلاماری ئەو شوێنانەیدا کە لە ژێر کۆنترۆڵی هێزی پێشمەرگەدا بوون، ئەگەرچی چەك و جبەخانە و توانای سەربازی زۆر لە هی پێشمەرگە زیاتر و بەهێزتر بوو، بەڵام هێزی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان بەرگرییەکی قارەمانانەیان کرد، سوپای عێراق نەیتوانی هیچ شوێنێك بە ئاسانی و بێ زیان داگیر بکات، عێراق سیاسەتی بە سوتماك کردنی خاکی کوردستانی پەیڕەو کرد و هەموو جۆرە چەکێك کە لە جبەخانەی سوپادا بوو لە دژی خەڵکی کوردستان و هێزی پێشمەرگە بە کاری هێنا، هەر لە ئەنجامی ئەو شەڕ و پەلامارانەدا هەزاران کورد کوژران و هەزارانی دیکەش بریندار و کەم ئەندام بوون، ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش شەڕەکان قورستر و زیانی حکومەتی عێراق زۆرتر دەبوو[٤٩].

کاتێك شەڕ دەستی پێ کردەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان توانی زۆربەی گەلی کورد بۆ خەباتی چەکداری و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕژێمی عێراق ساز بکات، لە دوای خوێندنەوەی بەیاننامەی ڕێککەوتنی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٤ لە لایەن ئەحمەد حەسەن بەکری سەرۆك کۆمار و دەیان هەزار کەس لە خەڵکی شار و شارۆچکە و گوندەکان پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کرد، لە ناویاندا هەزاران مامۆستا، سەدان پارێزەر، ئەندازیار، پزیشك و هەزاران فەرمانبەر هەبوون، پارتی دیموکراتی کوردستان توانی دەیان هەزار کەس لە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگە ڕێك بخات، لە هەمان کاتدا دەیان هەزاری دیکە لە جووتیار و خوێندکار و کاسبکاری ناو شارەکان لە گوندەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە وەك هێزی بەرگری ڕێکخران و بوون بە پاڵپشتی هێزی پێشمەرگە، ژمارەی هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی دیکەی بەرگری سەد هەزاری تێ پەڕاند، ئەمەش گەورەترین کۆکردنەوە و ڕێکخستنی هێزی مرۆیی کورد بوو لە لایەن سەرکردایەتی پارتی، کە لە هیچ سەردەمێك و لە لایەن هیچ حیزبێکی دی کوردییەوە پێشتر نەکرابوو[٥٠].

له کۆتاییەکـانی ئـازاری سـاڵی ١٩٧٤دا شـەڕەکان بە شـێوەیەکی تونـد دەسـتیان پـێ کـردەوە، گەمـارۆی ئـابووری خـرایە سـەر نـاوچە کوردییەکـان و بۆردوومـانی ئاسـمانی بە شـەو و ڕۆژ بەردەوام بـوو، هەروەهـا هێرشـکردنە سـەر بیـرە نەوتەکـان و ئـاوارەبوون و کـوژرانی هەزاران کەسـی لـێکەوتەوە و ژمـارەی هەڵاتـوان بـۆ ئێـران گەیشتە ئاستێکی زۆر و دەگوترا ژمارەیان گەیشتووەتە نیو ملیۆن کەس[٥١].

ڕۆژی ٢٦ی ئـازاری سـاڵی ١٩٧٤ حکـومەت لە مووسـڵەوە هێرشـی کـردە سـەر زاخـۆ، هەروەهـا ڕۆژی ٢٤ی نیسـانی هەمـان سـاڵ بۆردوومـانی قەڵادزێـی کـرد، دوای سـێ ڕۆژیـش بۆردوومـانی هەڵەبـجە و گونـدەکانی دەوروبەری کـرا، لە ٢٦ی نیسـان بە تـۆپ و فـڕۆکە بۆردوومـانی گەلاڵە و ڕوانـدز و حـاجی ئـۆمەران دەسـتی پـێ کرد[٥٢].

هـاوینی سـاڵی ١٩٧٤ شـەڕی گەورەی تێـدا کـرا، بەشـی هەرە زۆری شـەڕەکان لە ڕوانـدز بـوو، بە نیـازی گرتنـی نـاوچەی بـاڵەك، کە شـادەماری شـۆڕش بـوو، چـونکە سـەرکردایەتی پـارتی و شـۆڕش و گشـت ناوەنـدەکانی دەزگاکـان لەو نـاوچەیە بـوون، هەروەهـا ڕۆژی ٨ی ئەیلـوولی سـاڵی ١٩٧٤ ڕژێـم هێرشـێکی بەربـڵاوی لە دوو بەرەوە بـۆ سـەر دۆڵـی ڕوانـدز، یەکێکیـان لە بەری چیـای گـۆڕەز بەرەو نـاوچەی بـاڵەك و ئەوی دیکەیـان لە کـۆڕەکەوە بـۆ بێخـاڵ دەسـتی پـێ کـرد، بەڵام هەردوو هێرشـەکە بەربەسـت کـران و هێزەکـانی حکـومەت تووشـی شکسـت هـاتن و گەڕانەوە دواوە و پـتر لە ٤٠٠ لاشـەیان لە مەیـدانی کوشـتاردا لە پـاش خۆیـان بەجـێ هێشت، پێشمەرگەش شەهیدیدا[٥٣].

دوای ئەوەی عێـراق نەیتـوانی بە شـەڕ کۆتـایی بە بـزووتنەوەی کـوردی بهێنێـت، پەنـای بـردە بەر سازشـکردن بـۆ ئێـران و پێکهـاتن لە سـەر بنەمـای ڕاگرتنـی یـارمەتی ئێـران بـۆ شۆڕشـی کـورد، لە بەرانـبەردا عێـراق دانـی نـا بە سـەرەوەری ئێـران بە سـەر نیـوەی شـەتولعەرەب، ئەویـش بە واژۆ کردنـی (ڕێککەوتننـامەی جەزائیـر[٥٤]) لە ٦ی ئـازاری سـاڵی ١٩٧٥ لە نێـوان سـەددام حوسـێن و محەمـمەد ڕەزا شـای ئێـران بـوو، کە بووە هۆی کۆتایی هاتنی شۆڕشی ئەیلوول لە دوای ١٤ ساڵ[٥٥].

**دووەم: چالاکییەکانی کۆیە لە کاتی دەست پێ کردنەوەی شەڕ**

کاتێك ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ جێبەجێ نەکرا، سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری دەستی پێ کردنەوەی شەڕیدا، کاتێك شەڕ لە ساڵی ١٩٧٤ دەستی پێ کردەوە، "کوێخا مەمەند، حاجی بایز حەمکول، حاجی سمکۆ فەرەج، حاجی ڕەفیق فەرەج، حوسێنی مام تەها، کەریم خدر و چەند پێشمەرگەی دیکەی کۆیە لە فلکەی گردی کۆبووبوونەوە، چونکە دەنگوباسی هاتنی هێزی حکومەت لە لای تەقتەقەوە هەبوو، دیارە ئەو کاتە لقێکیان بۆ کوێخا مەمەند کردووەتەوە[٥٦]."

حکومەتی عێراقی لە تەقتەق و دەوروبەری هێزی کۆکردبووەوە، چونکە ماوەیەك بوو لە ژێر کۆنترۆڵی هێزی پێشمەرگەدا بوو، لە لایەکی دیکەوە ئەو هێزە سەربازییەی ڕژێم لە شاری کۆیە بوو، ئازووقە و پێداویستی بە زەحمەت پێدەگەیشتن، بۆیە ڕژێمی بەعس بە نیازی هێرشێکی بەربلاو و گەورە بوو، لە هەوڵی ئەوەدابوو ئەو ڕێگایە بە تەواوی بکاتەوە، پێشمەرگەش بە درێژایی ڕێگایە لە ڕۆژئاوای ڕووباری کۆیە دابەش بووبوون و سەنگەرەکانیان توند کردبوو، هەروەها هێزێك لە بەری ڕۆژهەلاتی کۆیە، واتە دەشتی کۆیە بوو[٥٧].

هێزەکەی دەشتی کۆیەش لە (شیوەشان[٥٨]) و بەتایبەتی حاجی قەڵا، دیارە ئەو دوو لەو شوێنانەن کە لە دەشتی کۆیە زۆر باسی دەکەن، چونکە لە سەرووی گوندی حاجی قەڵا، لە چیاکە ئەشکەوتی گەورەی لێیە، بە درێژایی شۆڕش بارەگای پێشمەرگە بووە، عومەر دەبابە و دکتۆر خالید و بەرپرسە گەورەکان بارەگایان لەو دوو شوێنە بووە، دواتریش بارەگای هێز و بەتالیۆنەکان بووە، هەروەها لەوێ خەڵك دادگایی کراوە و زیندانی دەکران[٥٩].

سەبارەت بە هێرشی حکومەت لە ڕێی تەقتەقەوە مەلا محەممەد بەحرکەیی نووسیویەتی: "بەیانییەك ڕژێم لە تەقتەقەوە دەستی بە تۆپبارانێکی

خەســت کــرد و ســەنگەرەکانی پێشــمەرگەی بە توونــدی دەکوتــا، بەڵام چــونکە شــوێنەکانیان بــاش بــوو، زیــانی ماددیــان بەرنەکەوت، ئەوجــا زرێپۆشــەکان دەســتیان بە هێــرش کــرد و بەرەو ســەنگەرەکانی پێشــمەرگە لە پێشــڕەویدا بــوون، هێــزی پیــادەش بەدوایانــدا دەڕۆیشــت، لە ئەنجامــدا پێشــمەرگە بەرەو گونــدی شیواشــۆك پاشەکشــەیان کــرد. ئەو هێــزەی ڕژێــم کە لە تەقتەق بــوو هەمــووی بــردە شــاری کــۆیە، بەر بەردەوامــیش جــاش و ســەربازی دەهێنــا بــۆ شــارەکە، هەروەهــا حکــومەت دەیویســت لە چــوار قــۆڵەوە پەلامــاری ڕێگــای کــۆیە- دێــگەڵە بــدات، ئەو شــوێنانەش هەنــدێك پێشــمەرگەی لــێ بــوو، بەڵام وەك پێویســت نەبــوو، بــۆیە بڕیــاردرا کە هەمــوو هێــزی دەشــتی هەولێــر جــووڵە بکــات بــۆ شــاخی بــاواجی تــا دێــگەڵە و بە چــاکی قــایم بکرێــت، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕۆژانە فــڕۆکە بە ئاســمانەوە بــوو، بە شــەو ئەو کــارە دەکــرا، کاتێــك پێشــمەرگە لە بــاواجی بــوون، کۆبــوونەوە کــرا، کە تێیــدا وتــرا بە شــێوەیەکی کــاتی کۆیەمــان جێهێشــتووە، بــۆیە پێویســتە بەرگــری لەو شــاخە بکەین[٦٠]."

هاوکــات حکــومەتی عێراقــی لە دەشــتی کــۆیەوە دەیویســت هێرشــی بکــاتە ســەر کــۆیە، لە کاتێکــدا بــنکەی پێشــمەرگە لەو نــاوچەیە هەبــوو، کە نــزیکەی ٢٠٠ پێشــمەرگە دەبــوون، بــۆیە پێشــمەرگە هێزەکــانی خۆیــان بە ســەر دوو بەرە دابەش دەکەن، بەشــێکی هێــزەکە لە لای گونــدی تــیمارۆك و بەشــەکەی دیــکە لە لای گونــدی سێوەســەن خۆیــان جێگیــر دەکەن[٦١]، کاتێــك هێــزی حکــومەت دەگــاتە ئەو نــاوچەیە شــەڕ لە نێــوان هێزەکــانی حکــومەت و پێشــمەرگە ڕوو دەدات، بەڵام دواتــر لە لایەن بەتــالیۆنی چــوارەوە فەرمــانی پاشەکشــە بە هێزەکــانی پێشــمەرگە دەکرێــت، پێشــمەرگەکانیش لە شــاخی پشــت گونــدی حــاجی قەڵا ڕووەو گونــدی کــانی مــازوو و لەوێوە بۆ بەری مەرگە دەچن[٦٢].

هەروەهــا مەلا محەمــەد بەحرکەیــی ســەبارەت بە بــارودۆخی کــۆیە لەو کــاتەدا دەڵێــت: ئێــوارەیەك فــارس بــاوە بەدوای نــاردین بــۆ گونــدی قــورتەلاس بــۆ کۆبــوونەوە، کە دەکەوێــتە شــەو، هەنــدێك دەنگویــاس لە ســەرچاوەی بــاوەڕپێکراو گەیشــتبوو کە ڕژێــم لە چەنــد قــۆڵێکەوە بە نیــازی هێرشــێکی بەربــڵاوە بــۆ دەرپەڕانــدنی پێشــمەرگە

له شاخی باواجی و سەرجەم بەرزاییەکانی شاخی دیگەڵە، هێرش بەم شێوەیە دەبێت: لە دەربەندی گۆمەسپانەوە بەرەو دێگەڵە. لە دەربەندی گۆمەسپانەوە بەرەو شاخی (بنەباوێ[٦٣]). لە کۆیەوە جادە و جادە بەرەو دێگەڵە. لە کۆیە بەرەو شاخی باواجی و بەرزاییەکانی گوندی میرسەید. لە شاخی هەیبەت سوڵتان جادە و جادە بەرەو گوندی هیزۆپ.

ماوەی هەفتەیەك دوژمن بەشێك لە نەخشە و پیلانی داڕێژراوی خۆی جێبەجێ کرد، لە قۆناغی یەکەم هەندێك تانك و زرێپۆش بەرەو گوندی هیزۆپ پێشڕەوییان کرد، بۆ هەمان ڕۆژ ئەو هێزە پەلاماری گوندی سکتانی دابوو، بۆ ئەوەی پێش لە پێشمەرگە بگرێت. لە لایەکی دیکەوە حکومەتی عێراقی هێرشێکی دیکەی بەربڵاوی دەست پێ کرد و لە هەموو قۆڵەکانەوە لە پێشڕەوی دابوون، سەرەنجام حکومەتی عێراقی لە کاتژمێر دوازدە و نیو بەشێکی زۆری سەنگەرەکانی پێشمەرگەی لە چیای باواجی داگیر کرا، پێشمەرگەش کشانەوە، لە کۆتاییدا شاخەکە بە تەواوی لە لایەن حکومەتەوە کۆنترۆڵ کرا[٦٤].

هەڵبەت لە ١٥ی نیسانی ساڵی ١٩٧٤ نزیکەی ١٥٠ پێشمەرگەی کۆیە، بە نووسراوێك بەرەو چۆمان و مەکتەبی سەربازی لە ناوپردان بەڕێ کران، کە زۆربەیان خەڵکی هەولێر و کۆیە بوون[٦٥].

جێی ئاماژە بگوترێت کاتێك شەڕ لە نێوان پێشمەرگە و حکومەتی عێراقی دروست بوو، حکومەت تۆپبارانی شاری کۆیەی کردووە، یەکێك لە تۆپەکان لە ڕێککەوتی ١٣ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٧٤ بەر ماڵی ئیبراهیم گورگیس مووسا دەکەوێت، بە هۆیەوە ئامینە کەریم ئیسحاقی دایکی و سێ منداڵی بە ناوەکانی: خێرییە، ڕووناك و شامل شەهید دەبن[٦٦].

(ئەحمەد کوردە[٦٧])، لە بیرەوەرییەکانی نووسیویەتی: "لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٧٥ بووینە هێزی گەڕۆك، هاتینە خواری بۆ دەشتی هەولێر و دەوروبەری کۆیە، مانگێك لەو ناوە ماینەوە، دەستی باشمان لە دوژمن وەشاند، هێرشێکمان کردە سەر بازگەی ڕووباری کۆیە، دوو ئیڤامان سووتاند و ١٢

سەربازمان کوشت، هەر لەو مانگەدا لوغمێکی تانکمان لە نێوان ڕەبیەی گردچادر و ئامریەی کۆیە دانا، کە دواتر لە بن ئیڤایەك تەقییەوە، ئیڤایەکە تێکشکا و ئەوانەی لە ناویشدا بوون کوژران، هاوکات لە لای شیوی سامال ڕێگای کۆیە- هەولێر، بۆسەیەکمان دانا، لەوێش ئیڤایەك سووتا، حکومەتی عێراق لە بەرانبەر ئەو زنجیرە چالاکییە کەوتە پەلەقاژە و پەلاماری گوندەکانی دەدا، لەو کاتەدا دوو پێشمەرگەی خەڵکی کۆیە بە ناوەکانی: مەلا عەلی و نیهاد، ئیجازەی چەند ڕۆژێکیان وەرگرت بۆ ئەوەی بچنەوە کەسوکاریان ببینن، کاتێك دەگەنە گوندی عەودالان ئیخباری دەکرێن و هەمان شەو دەستگیر دەکرێن، دواي ماوەیەك لە زیندانی مووسڵ هەردووکیان لەسێدارە دران[٦٨]."

هەروەها لە کۆتاییەکانی شۆڕشی ئەیلوول، شەوێك هەر یەك لە کوێخا مەمەند، بایز حەمکول، حوسێنی مام تەها، حاجی مکایل و دەرویش عومەر، هێرش دەکەنە سەر ڕەبایەی حکومەتی عێراق لە گەڕەکی ئازادي و تەقە لە ڕەبییەکە دەکەن، دواتر گەڕانەوە دەشتی کۆیە[٦٩].

یەکێك لە هۆکارەکانی پاشەکشەی پێشمەرگە لە ناوچە جیاوازەکانی کۆیە، نەبوونی چەك بووە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی نەتوانن ڕووبەڕووی هێزەکانی حکومەت ببنەوە، ئەگەر نا ژمارەی پێشمەرگە زۆر بوو، بەڵام پێشمەرگەی چەکدار کەم بوو، بە مەبەستی پەیدا کردنی چەك ژمارەیەك پێشمەرگەی کۆیە ڕووەو چۆمان و حاجی ئۆمەران دەچن، تاکوو چەك پەیدا بکەن، لە دوای وەرگرتنی چەك ویستوویانە بگەڕێنەوە کۆیە، بەڵام لەو کاتەدا دەڵێن شۆڕشی کۆتایی هاتووە[٧٠].

دیارە لە ساڵی ١٩٧٥ شەڕی حکومەتی عێراقی و کورد سەختتر و خوێناویتر بوو، بە شێوەیەك تەنیا لە چوار مانگی یەکەمی ١٩٧٥ حکومەتی عێراق نزیکەی ١٥٤٢ شار و گوندی کوردستانی بۆمبباران کرد و ٤٢٣ شار و گوندی خاپوور کرد[٧١].

له دوای ئەوەی سـەرکردایەتی شۆڕشـی ئەیلـوول بڕیـاری کۆتـایی شۆڕشـیان ڕاگەیانـد، پێشـمەرگەکان گەڕانەوە کـۆیە و بە تفەنـگەوە خۆیـان تەسـلیمی حکـومەتی عێراقـی کـرد، حکـومەتیش لە پـای پێـدانی هەر چەکێـك بـڕە پـارەیەکی بە خـاوەن چەکەکـان دەدا، بـۆ نمـوونە لە بەرانـبەر ڕەشـاش ١٠٠ دینـار و لە بەرانـبەر کلاشـینکۆف ١٠٠ دینـار و لە بەرانـبەر ئـارپێچی ١٠٠ دینـار و لە بەرانـبەر بـڕنەو ٥٠ دیناری دەدا[٧٢].

## پەراوێزەکانی بەشی چوارەم

---

(١) ڕەفیق ڕەحمان مام خول، ڕۆڵی حیزبی شیوعی عێراق لە شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦٣-١٩٧٠، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٩- ٢٦٠.

(٢) سەددام حوسێن: لە ٢٨ی نیسانی ساڵی ١٩٣٧ لە عوجە لەدایکبووە، لە تەمەنی دە ساڵیدا چووەتە بەغدا و پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی حیزبی بەعس کردووە، ساڵی ١٩٥٩ هەوڵی تیرۆر کردنی عەبدولکەریم قاسمی سەرۆک کۆماری عێراقی داوە، بەڵام بە هۆی سەرنەکەوتن و بریندار بوونی هەڵاتووەتە سووریا و پاشان میسر، ساڵی ١٩٦٨ گەڕاوەتەوە عێراق بووەتە کەسی دووەمی لە دەسەڵاتدا، لە ١٦ی تەمموزی ساڵی ١٩٧٩ بووەتە سەرۆک کۆمار و تا ٩ی نیسانی ساڵی ٢٠٠٣ بەردەوام بووە، دواجار لە ڕێککەوتی ٣٠ی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٦ لەسێدارە درا. وەرگیراوە لە: (ئەحمەد حەمەدئەمین، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٣).

(٣) کەوسەر عەزیز گەلاڵی، باشووری کوردستان لە ساڵی (١٩٥٨)ەوە تا ئەمڕۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١- ٤٢.

(٤) مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد (شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤، ل ٤٥.

(٥) کەوسەر عەزیز گەلاڵی، باشووری کوردستان لە ساڵی (١٩٥٨)ەوە تا ئەمڕۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦.

(٦) ئەحــــمەد شـــەریف لەك (دكتـــۆر)، شرۆڤەی ڕووداوە مێژووییەكـــان (چەنـــد لاپەڕەیەك لە مێژوویی نەتەوەیەك)، بەرگی یەكەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٤.
(٧) كەوســـەر عەزیـــز گەلالـــی، باشـــووری كوردســـتان لە ســـاڵی (١٩٥٨)ەوە تـــا ئەمـــڕۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥.
(٨) شـــۆڕش حـــاجی (دكتـــۆر)، ناســـیۆنالیزمی كـــوردی و پەرچەكـــردار (ناســـیۆنالیزمی كـــوردی و حیزبی بەعس) ڕووداوەكان ١٩٦٣- ٢٠٠٣، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٣- ١٩٤.
(٩) گـــرنگترین خاڵەكـــانی نـــاوەڕۆكی ڕێككەوتننـــامەی ١١ی ئـــازاری ســـاڵی ١٩٧٠ ئەمـــانەن بوون:
- بڕوا هێنان بە بوونی كورد، لە دەستووری كاتی و هەمیشەییدا.
- دامەزرانـــدنی زانكـــۆی ســـلێمانی و كـــۆڕی زانیـــاری كـــورد و بڕیـــاری هەمـــوو مـــافێكی ڕۆشـــنبیری و زانیـــاری زمـــانی كـــوردی لە هەمـــوو پلەكـــانی خوێندنـــدا، لە قوتابخانەكـــان تـــا دەگـــاتە پەیمانگـــا و زانكـــۆ و خـــانەی مامۆســـتایان و زانكـــۆی ســـەربازی و پـــۆلیس، ڕێـــگەدان بەو پەڕاو و نووســـــین و نـــــووسراوە سیاســـــی و ئەدەبـــــی و ئەو زانیارییـــــانەی خزمەتـــــی بەرژەوەنـــدی نیشـــتمانی و نەتەوەیـــی كـــورد دەكەن، دروســـتكردنی یەكێتـــی ئەدیبـــان و دەزگـــای تـــایبەتی بـــۆ چـــاپكردن بە كـــوردی، هەروەهـــا دامەزرانـــدنی بەڕێـــوەبەرایەتی گشـــتی و ڕۆشـــنبیری كـــوردی و دەركردنـــی ڕۆژنـــامە و گۆڤـــار بە زمـــانی كـــوردی، زیـــاد كردنـــی بەرنامەی كوردی لە تەلەڤزیۆن و ئێستگەی كوردی.
- بڕواهێنـــان بە مـــافی كـــورد لە زینـــدووكردنەوەی كەلەپـــووری و جەژنە نەتەوەییەكـــانی وەكـــوو نەورۆز، دەركردنـــی لێخۆشـــبوونی گشـــتی و دامەزرانـــدنی كوردەكـــان لە هەمـــوو پـــلە و پـــایە گرنگەكـــانی ســـەربازی و دەزگاكـــانی ڕژێمـــدا، گەڕانەوەی قوتـــابییە دەركراوەكـــان بـــۆ خوێنـــدنیان و كـــردنەوەی قوتابخـــانە و زانكـــۆ و كـــۆلێژی ســـەربازی و نـــاردنی قوتابییـــانی كـــورد بە زەمـــالە (خوێنـــدنی خـــۆڕایی) بـــۆ خوێنـــدن لە دەرەوەی وڵات... وەرگیـــراوە لە: (تۆفیـــق نـــووری بەگ، بیـــرەوەری مێژوویـــی لە تێڕوانینـــی كـــوردێكی نەتەوەیـــی بەرانـــبەر بە شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٥- ١٢٦).
(١٠) جـــارێكی دیـــكە دەســـتووری كـــاتی لە ١٦ی تەممـــووزی ســـاڵی ١٩٧٠ دەرچـــوو، بە بڕیـــاری ژمـــارە (٧٩٢) ئەنجـــوومەنی نیشـــتمانی ســـەركردایەتی شـــۆڕش لە دانیشـــتنی خۆیـــدا و لە ڕێككەوتـــی ١٦ی تەممـــووزی ســـاڵی ١٩٧٠ دەســـتووری كـــاتی نـــوێی بڵاوكـــردەوە، كە لە ٧٠ مادە پێك هاتبوو، لە دەروازەی یەكەم/ كۆماری عێراق/ مادەی پێنجەمدا هاتووە:

أ- گەلی عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەبی.
ب- گەلـــی عێـــراق لە دوو نەتەوەی ســـەرەکی پێـــك دێـــت، نەتەوەی عەرەب و نەتەوەی کـورد، ئەم دەســتووورە دانـدەنێت بە مافەکـانی گەلـی کـورد لە ڕووی نەتەوەیـیەوە و مـافە ڕەواکانی سەرجەم کەمە نەتەوایەتییەکان لە چوارچێوەی عێراقدا.
هەروەها لە دەروازەی یەکەم/ کۆماری عێراق/ مادەی حەوتەمدا هاتووە:
أ- زمانی فەرمی بریتییە لە زمانی عەرەبی.
ب- زمانی کوردی، زمانی فەرمی دەبێت لەگەڵ زمانی عەرەبی لە ناوچە کوردییەکان.
لە هەمان کاتدا لە دەروازەی یەکەم/ کۆماری عێراق/ مادەی هەشتەمدا هاتووە:
أ- بەغدا پایتەختی کۆماری عێراقە و دەکرێت بە یاسا بگوازرێتەوە.
ب- کۆمـــاری عێـــراق دابەش دەکرێـــت بـــۆ یەکەی کـــارگێڕی و ڕێـــك دەخرێـــت لە ســـەر بنەمای بەڕێوەبەری نا مەڵبەندی.
ج- ئەو ناوچـــانەی زۆریـــنەی دانیشـــتووانی کـــوردە بەهرەمەنـــد دەبـــن لە ئۆتۆنـــۆمی بە گوێرەی ئەوەی یاسا ڕێکی دەخات. (دەستووری کاتی عێراق، ١٩٧٠).
(١١) کەوســـەر عەزیـــز گەلاڵـــی، باشـــووری کوردســـتان لە ســـاڵی (١٩٥٨)ەوە تـــا ئەمـــڕۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤.
(١٢) فەرەیـــدوون عەبـــدولڕەحیم عەبـــدوڵڵا، بـــارودۆخی سیاســـی کوردســـتان- عێـــراق (١١ی مـــارتی ١٩٧٠- ١١ی مـــارتی ١٩٧٤)، ســـەرچاوەی پێشـــوو، ل ٢١٣؛ کەوســـەر عەزیـــز گەلاڵـــی، باشووری کوردستان لە ساڵی (١٩٥٨)ەوە تا ئەمڕۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٨.
(١٣) کەوســـەر عەزیـــز گەلاڵـــی، باشـــووری کوردســـتان لە ســـاڵی (١٩٥٨)ەوە تـــا ئەمـــڕۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦.
(١٤) تـــاڤگە حەمکـــۆ عەبـــدوڵڵا، بـــارزانی و بارزانییەکـــان (کاریگەرییـــان لە پێشـــهاتە سیاسییەکانی کوردستان و عێراق)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٦- ٢٤٧.
(١٥) شـــۆڕش حـــاجی (دکتـــۆر)، ناســـیۆنالیزمی کـــوردی و پەرچەکـــردار (ناســـیۆنالیزمی کـــوردی و حیزبی بەعس) ڕووداوەکان ١٩٦٣- ٢٠٠٣، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠١.
(١٦) فەرەیـــدوون عەبـــدولڕەحیم عەبـــدوڵڵا، بـــارودۆخی سیاســـی کوردســـتان- عێـــراق (١١ی مارتی ١٩٧٠- ١١ی مارتی ١٩٧٤)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٠.
(١٧) تـــاڤگە حەمکـــۆ عەبـــدوڵڵا، بـــارزانی و بارزانییەکـــان (کاریگەرییـــان لە پێشـــهاتە سیاسییەکانی کوردستان و عێراق)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥.

(١٨) فەرەیدوون عەبدولڕەحیم عەبدوڵڵا، بارودۆخی سیاسی کوردستان- عێراق (١١ی مارتی ١٩٧٠- ١١ی مارتی ١٩٧٤)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٩- ٢٥٠.

(١٩) تاڤگە حەمکۆ عەبدوڵڵا، بارزانی و بارزانییەکان (کاریگەرییان لە پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستان و عێراق)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٠.

(٢٠) شۆڕش حاجی (دکتۆر)، ناسیۆنالیزمی کوردی و پەرچەکردار (ناسیۆنالیزمی کوردی و حیزبی بەعس) ڕووداوەکان ١٩٦٣- ٢٠٠٣، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٧.

(٢١) فەرەیدوون عەبدولڕەحیم عەبدوڵڵا، بارودۆخی سیاسی کوردستان- عێراق (١١ی مارتی ١٩٧٠- ١١ی مارتی ١٩٧٤)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٠.

(٢٢) ماجید خەلیل فەتاح و فارووق محەممەد حەمەئەمین، پێوەندی ئیسرائیل و کورد لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا (١٩٦١- ١٩٧٥)، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی سێیەم، ژمارە ٩، کانوونی یەکەمی ٢٠١٦، ل ٤٤٠- ٤٤١.

(٢٣) شیلان تاهیر ساڵح، کۆیە لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨- ١٩٧٥، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٠- ١٠٢.

(٢٤) کەریم شارەزا، مێژووی کۆن و نوێی کۆیە، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی چوارەم (مێژووی هاوچەرخ)، ٢٠٠٩، ل ١٩١١؛ ئاراس عەبدولخالق عەبدوملەجید، نافیز جەلال حەویزی مەردێکی جوامێر و بە ئەمەك (١٩٢١- ١٩٧٢)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩؛ عەبدوملوسەور بارزانی، دەفتەری بیرەوەرییەکانم، چاپخانەی دەنهاخ، هۆڵەندا، ٢٠١٨، ل ٨

(٢٥) مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد (شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٧.

(٢٦) شیلان تاهیر ساڵح، کۆیە لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨- ١٩٧٥، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٣.

(٢٧) ئالان غەفووری، بونیادی کۆمەڵایەتی کۆیە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣.

(٢٨) ئالان غەفووری لە کتێبی بونیادی کۆمەڵایەتی کۆیە لەم بارەیەوە دەڵێت: " ساڵی ١٩٧٠ کارگەی دروستکردنی مافوور لە شاری کۆیە دامەزراوە، کە ٨ فەرمانبەر و ٢٨ کرێکار، کە هەموویان ئافرەت بوون، کاریان دەکرد." بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (ئالان غەفووری، بونیادی کۆمەڵایەتی کۆیە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٩).

(٢٩) خەلیل عەلی موراد و بورهان حاتەم عوسمان، پیشەسازی لە شاری هەولێر ١٩٥٨- ١٩٧٥ (لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە)، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ٤١، ٢٠١٨، ل ١١٣- ١١٧).

(٣٠) شیلان تاهیر سالح، کۆیە لە نێوان سالانی ١٩٥٨- ١٩٧٥، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠١- ١٠٢.

(٣١) مەجید ئەحمەد ئاسنگەر، ساڵی ١٩٣٢ لە کۆیە لەدایکبووە، بەشی زمانی ئینگلیزی لە خانەی مامۆستایانی بەغدا تەواو کردووە و بووەتە مامۆستا، بەڵام بە هۆی ئەوەی لە سەردەمی گەنجیدا لەگەڵ خانەوادەکەی کاری کردووە نازناوی ئاسنگەری بۆ دانراوە، ساڵی ١٩٥١ پەیوەندی بە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە، ساڵی ١٩٦٠ لە بەغدا زیندانی کراوە، یەکێك بووە لە پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلوول، لە ٩ی نیسانی ساڵی ٢٠١٢ کۆچی دوایی کرد. وەرگیراوە لە: (ستار محەمەد ئەمین، بۆ ئەوەی ڕاستییەکان ون نەبن لە زاری کەمال محیەدین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٠- ٢٨٣).

(٣٢) جەواد حەمەد سالح، ساڵی ١٩٤٦ لە کۆیە لەدایکبووە، ساڵی ١٩٥٣ چووەتە بە خوێندن، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە کۆیە تەواو کردووە، ساڵی ١٩٦٩ خانەی مامۆستایانی هەولێری تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٠ لە گوندی خرابەی دەشتی کۆیە بووەتە مامۆستا، ماوەی ٣٩ ساڵ وەك مامۆستا بەردەوام بووە و ساڵی ٢٠٠٩ خانەنشین بووە، لە بواری نووسین جێی دەستی دیارە و بە فەرهەنگی کۆیە ناسراوە، پتر لە ٢٠٠ بابەتی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاوکردووەتەوە و خاوەنی ٣ کتێبی چاپ کراوە، هەروەها ١٠ بەرهەمی دەستنووسی لە دوا بەجێماوە، شەوی ٢٦- ٢٧ی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٥ کۆچی دوایی کرد. وەرگیراوە لە: (مەراسیمی بەرز ڕاگرتنی فەرهەنگی کۆیە (مامۆستا جەواد حەمەد بەگ) لە ساڵیادی مەرگیدا، یوتیوب).

https://www.youtube.com/watch?v=_xqC٢RPGoyg

(٣٣) مستەفا مەلا ڕەسووڵ مەلا ئەبوبەکر مەلا حەمەدەمین، ناسراو بە عاسی، ساڵی ١٨٨٥ لە گوندی خرابەی دەشتی کۆیە لەدایکبووە، سەرەتا لای باوکی خوێندوویەتی، دواتر بۆ ماوەیەك لای مەلای گەورە خوێندوویەتی، ئەوجا چووەتە سەرگەڵوو. لە گوندەکانی: خرابە، کانی کوردە، کانی بی، بانەگوڵان، بۆگد و شیواشۆك مەلایەتی کردووە، لە ٢٤ی ئەیلوولی ١٩٧٥ کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی شەهیدان بە

خـــاك ســـپێردراوە. بـــۆ زانیـــاری زیـــاتر بـــڕوانە: (عاســـی، دیـــوانی عاســـی (١٨٨٥- ١٩٧٥)، ئامـادەکردن و پێشـەکی و فەرهەنگـۆکی: عەزیــز گەردی، نووسـینگەی تەفسـیر، هەولێـر، ٢٠٠٨، ل ٧- ١٠).

(٣٤) چـاوپێکەوتن لەگەڵ سـەلاح شـێخ شـەرەف، سـەرچاوەی پێشـوو؛ کەیفـی ئەحـمەد عەبـدولقادر، مێـژووی هـونەری شـانۆی کـۆیە لە دەسـتپێکەوە تـا ١٩٨٠، سـەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٨.

(٣٥) تیپـی مۆسـیقای بـاواجی تیپـی مۆسـیقای بـاواجی کـۆیە، سـاڵی ١٩٥٧ لە شـاری کـۆیە دامەزراوە، کە لە بـواری هـونەری و ئەدەبـی خزمەتێکـی زۆر باشـی هـونەری شـارەکەیان کـردووە، ئەو تیـپە بە مـۆڵگەیەکی ئەدەبـی و هـونەری بـۆ کۆبـوونەوەی گشـت چـین و توێژەکـانی ئەدیبـان و ڕۆشـنفکرانی شـارەکە دادەنرێـت، خزمەتێکـی بـاش و بـێ وچـانی بە هـونەری کـوردی بە گشـتی و نـاوچەی کـۆیەی بەتـایبەتی کـردووە، لە دەیـان فێسـتیڤاڵ و بـۆنە نەتەوەییەکـان بە بەرهەمـی زۆر بـاش و پـڕ بە پێـز بەشـدار بـوونە، بـۆ نمـوونە لە شـوباتی سـاڵی ١٩٧٤ کاتێـک یەکەم فێسـتیڤاڵی هـونەری لە بەغـداد سـاز دەکرێـت، تیپـی مۆسـیقای بـاواجی ئامـادە دەبێـت و لە نـاو سـەرجەم تیـپە مـوزیکە کوردسـتانییەکان پـلەی یەکەم بە دەسـت دەهێنێـت. بـۆ زانیـاری زیـاتر بـڕوانە: (بـاکوری، تەمەنێـک (گـۆرانی، ئـاواز، مۆسـیقا و خۆشـخوانی)، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ٢٥؛ مـام هەژار، چەنـد لاپەڕەیەک لە مێـژووی کـۆیە، بڵاوکـراوەی سـەنتەری لێکـۆڵینەوە و پەخشـی کـۆیە، چـاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١١، ل ٢٠٧- ٢٠٨).

(٣٦) ئەنـدریۆس ئیسرـایل، نـاسراو بە بـاکووری، سـاڵی ١٩٢٨ لە نێـو مەسـیحییەکانی کـۆیە لەدایکبـووە، خوێنـدنی سـەرەتایی و ناوەنـدی لە کـۆیە دەخوێنێـت، سـاڵی ١٩٥٧ بەشـی زمـانی ئینگلیـزی لە بەغـدا تەواو کـردووە، هاوکـات لە بـواری هونەریـدا کـاری کـردووە و بە پـلەی یەکەم ڕۆڵـی هەبـووە لە دامەزرانـدنی تیپـی مۆسـیقای بـاواجی کـۆیە، یەکـێکە لە کەسـایەتییە هونەرییەکـانی شـاری کـۆیە و خـاوەنی دەیـان گـۆرانییە. بـۆ زانیـاری زیـاتر بـڕوانە: (بـاکوری، تەمەنێـک (گـۆرانی، ئـاواز، مۆسـیقا و خۆشـخوانی)، چـاپی یەکەم، دەزگـای چـاپ و بڵاوکـردنەوەی ئـاراس، هەولێـر، ٢٠٠٦). نـاوبراو لە ٢ی تشرـینی دووەمـی ساڵی ٢٠٢٢ کۆچی دوایی کرد.

(٣٧) زاهیـر محەمـمەد ئیبراهـیم، سـاڵی ١٩٣٩ لە شـاری کـۆیە لەدایکبـووە، خوێنـدنی سـەرەتایی و ناوەنـدی لە کـۆیە تەواو کـردووە، سـاڵی ١٩٦٢ پەیمانگـای هـونەر جوانەکـانی

لە بەغدا تەواو کردووە، هەمان ساڵ لە کوت بووە بە مامۆستا، یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی تیپی مۆسیقای باواجی و ڕۆڵی بەرچاوی لە گەشەکردن و چالاکی هونەری سروود و مۆسیقا و گۆرانی ڕەسەنی تایبەت بە کۆیە و کوردستان هەبووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (عەبدولخالق عەلائەدین، کۆیە... ناودارانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦٨- ٣٦٩).

(٣٨) باکووری، بە بۆنەی یۆبیلی زێرینی تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە لە ١٩٥٧- ٢٠٠٨، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٣- ٢٣٤.

(٣٩) عەبدولمەسیح سلیمان سوور، تێکۆشانی شیوعییەکانی کۆیە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٩.

(٤٠) شیلان تاهیر ساڵح، کۆیە لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨- ١٩٧٥، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٣.

(٤١) چاوپێکەوتن لەگەڵ سەلاح شێخ شەرەف، سەرچاوەی پێشوو.

(٤٢) هێمن موکریانی، سەرجەم نووسینەکانی مامۆستا هێمن (لەکوێوە بۆ کوێ)، هەولێر، چاپخانەی هەولێر، ٢٠١٤، ل ٢٢٢- ٢٢٤).

(٤٣) لە لایەن تیپی شانۆی کۆیە چەندین شانۆ نمایش کراوە، بۆ نموونە: شانۆیی دواڕۆژی ئەژدەهاك، دەرهێنانی عیزەت جەمال، ساڵی ١٩٧٠. شانۆیی سەرتاشی بێگانە، دەرهێنانی تەها ئەحمەد تەها، ساڵی ١٩٧٠. شانۆیی کرێکارێکی ماندوو، دەرهێنانی حاجی ڕەسووڵ خەبات، ساڵی ١٩٧١. شانۆیی یادی شۆڕش، دەرهێنانی تەها ئەحمەد تەها، ساڵی ١٩٧١. شانۆیی کاوەی ئاسنگەر، دەرهێنانی تەها ئەحمەد تەها و هاوکارانی، ساڵی ١٩٧٠، ١٩٧١ و ١٩٧٣. شانۆیی لە چاپخانەی شارەکەمدا، دەرهێنانی تەها ئەحمەد تەها، ساڵی ١٩٧٣، شانۆیی عفریتی عەیار، دەرهێنانی تەها ئەحمەد تەها و حاجی ڕەسووڵ خەیات، ساڵی ١٩٧٣، شانۆیی بازرگانی ڤینیسیا، دەرهێنانی تەها ئەحمەد تەها، ساڵی ١٩٧٣. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (کەیفی ئەحمەد عەبدولقادر، مێژووی هونەری شانۆی کۆیە لە دەستپێکەوە تا ١٩٨٠، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٩).

(٤٤) کەیفی ئەحمەد عەبدولقادر، مێژووی هونەری شانۆی کۆیە لە دەستپێکەوە تا ١٩٨٠، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٨.

(٤٥) شـيلان تـاهير سـالح، كـۆیە لە نێـوان سـاڵانی ١٩٥٨- ١٩٧٥، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ١٠٤.

(٤٦) چـاوپێکەوتن لەگەڵ محەمـەد فەتحـوڵلا سـەعید (محەمـەد داریـاس)، کـۆیە، ڕێککەوتـی ٣٠ی کـانوونی دووەمـی سـاڵی ٢٠٢٣. محەمـەد فەتحـوڵلا سـەعید، نـاسراو بە مامۆسـتا محەمـەد داریـاس، سـاڵی ١٩٥٢ لە شـاری کـۆیە لەدایکبـووە، خوێنـدنی سـەرەتایی و ناوەنـدی و دواناوەنـدی لە کـۆیە تەواو کـردووە، سـاڵی ١٩٧٤ پەیمانگـای مامۆسـتایانی هەولێـری تەواو کـردووە و بـووە بە مامۆسـتا، بەشـێکی زۆری تەمەنـی بە مامۆسـتایەتی بەسـەر بـردووە و سـاڵی ٢٠١٥ خانەنشـین بـووە، هەروەهـا لە نووسـینی شـیعردا جـێ دەسـتی لە مێـژووی ئەدەبـی شـارەکەدا هەیە، نـاوبراو ئەنـدامی یەکێتـی نووسـەرانی کـورد، بـنکەی ئەدەبـی ڕوونـاکبیری گەلاوێـژە و لە زۆربەی گۆڤـار و ڕۆژنـامە کوردییەکان بابەت و گوتاری بڵاوکردووەتەوە.

(٤٧) شـۆڕش حـاجی (دکتـۆر)، ناسـیۆنالیزمی کـوردی و پەرچەکـردار (ناسـیۆنالیزمی کـوردی و حیزبی بەعس) ڕووداوەکان ١٩٦٣- ٢٠٠٣، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٧.

(٤٨) جەمـال فوتحـوڵلا تەیـب (دکتـۆر)، بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی کـورد لە باشـووری کوردسـتان (١٩٧٥/٣/٢١- ١٩٨٠/١١/٢٨) لێکـۆڵینەوەیەکی مێژوویـی سیاسـییە، بڵاوکراوەی زانکۆی کۆیە، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٢، ل ٢٣.

(٤٩) گـۆران ئیبراهـیم سـالح، دۆزی کـورد لە بـازنەی پەیوەنـدییەکانی ئەمریکـا و عێـراقدا (٦ی ئـازاری ١٩٧٥- ٢ی ئـابی ١٩٩٠)، بڵاوکـراوەی ناوەنـدی ڕۆشـنبیری و هـونەری ئەندێشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٢، ل ٩٩.

